## ناوی کتێب: مێژوویی سیاسی وجوغرافیایی نەتەوەیی کورد


ناوی کتێب: مێژوویی سیاسی وجوغرافیایی نەتەوەیی کورد 1
پێشەکی وەرگێڕی کوردی: 2
نوسەر غولامڕەزا ئینساف پوور:"غلامرضاانصاف پور" 3
وەرگێڕی کوردی: حامیدڕەشیدی زەرزا 3
ئەمەگناسی و پێزانن 3
پێشەکی بڵاوکەرەوە: 3
ناوەرۆک 4
سەبارەت بەم تۆژینەوەیە. 6
بەشی هەوەڵ: 9
بەشی دووەم: 24
ناوەکانی هاوڕیشەلەگەڵ پەیڤی کورد 24
بەشی سێهەم: 44
(خطاب بەآقای غلامرضاانصاف پور 49
بەشی چوارەم: 70
پاژی پێنجەم 101
پاژی شەشم: 126
بەشی حەوتوم 143
خوونکاران و حوکمڕانانی کورد لەدوایی ئیسلام. 158
بەشی هەشتەم 184
تاڵخ وانان،هاوپەیکاران،بەرگریکەران. 184
سەردەمی سەفەویەکانی ڕەچەڵەکورد:
(مەسەلەی شاە سمایل سەفەوی) 204
بەشی نۆهەم: "همەجای ایران سرای من است" 217
بەشی دەهەم: 233
کوردستان 233
(جوغرافیایی ئینسانی) 233
بەشی یازدەهەم 250
تەواوبوو ڕیکەوت 2008/9/4ی زایینی شاری سیدنی ئوستەڕالیا. حامیدڕەشیدی زەرزا. 272

## پێشەکی وەرگێڕی کوردی:

لە راستیدائەم کتیبەی (مێژوویی سیاسی و جوغرافیایی میللەتی کورد)،لەزوربارەوە گەلێک بەنرخە کە نووسەرزەحمەتێکی زوری کیشاوەو لە(سەت کتێبی) سەرچاوە وەرگرتوە،بەلام بەداخەوە هیندیک سەرچاوی نەریتی زۆر قەبەکردۆتەوە کە هەرکەلکی سەرچاوەیان نییە، مەگین هەڵخەڵاتاندنی مرۆڤی ساویلکە! مەسەلەن قسەی کەچە پاسداریکی خوینڕیژی وەک (جەلالی پۆر) کە سەردەمێک لە ناوچەی ئازەربایجان وهەتا لە مەهابادیش لە فەرماندارى بووە بە سەرچاوەهێناوەتەوە کە دەلێ: ( حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ئەوکەڕەتە، کە مەبەستی دوایی سەرکەوتنی ئینقلابی گەلانی ئێران لە1357هەتاویە،(250) ئەندام بووە. ئیدی نالێ کە ئاغای خومەینی فتوای جەهادی بۆ250کەس دابووو! ئەدێ ئەو هەموو پاسدارە ئەو هەموو لەشکرانەی ئەرتەش و سوپاو ژاندارمەری لە سەرانسەری کوردستان لە چوارپارێزگای کوردنشین کوردستانی ڕۆژهەلات کە زێدەلە25هەزارکوردی تیداکوژرا و هەزاران پاسداری تیداسلاربۆوە و دەولەتی لەژیروفشارنابووهەتادەیان دانشیتن لە گەل بازرگان و لیژنەی دەوولەتی کاتی کرا، بۆ(250) کەس بوو هەتا ئیمام لەکەری شەئیتان پیادەبوو فەرمانی بانگیشتنی دەرکرد. بۆیە ئەوکتێبانەی کە فارس و تورک دەینوسن دەبێ بەئیحتیاتەوە بخویندرێنەوە چونکەجیگای متمانە نین،دەجا لەوکتێبەش تەنیا دەکرێ بە سەرچاوەی کتێبەکانی نووسەرانی دەرەکی زورتر پشت ببەسترێ و بەلگەو دیکۆمەندەکانی ئەوان،وسەرچاوەکانی مێژوونووسەکانی بەکەڕامەتی کورد. دیارە کتێبیک لە ئیران چاپ بکرێ ناکرێ گومانی تیدانییە کە دەیان جار لە لایان ئیستخبارات سەنگ وسوژن کراوە لەوانەیە نووسەر ئەو چەندسەر چاوە کزانەی وەک ماست و دۆشاولەگەڵ لێک دابن هەتاکتێبەکەی بۆچاپ بکرێت. بەلام هەرنەبێ ئەو کۆکرنەوەکاری خوینەری بۆ مێژووی سیاسی کورد لەبارکردوە هەرچەند نووسەری بەریزلەهیندیک شوینیش بیروبۆچوونی خۆی تیکەڵ کردەوە کە هەموویان دەمارگرژیان پیوەدیارە بۆنموونە باسی شورشی ئیحسان نووری پاش دەکات و دەلیت دوایی شکانی بەدستی تورکیە پانابەری ئیران بوو،نالێت شورەشەکەی ئیحسان نووری پاشا، بەپیلانی ڕەزاشا تیکشا، ئەوە ڕەزاشابوو بەگورینەوەی بەشیک لە ترۆپەکانی ئاگری ئیجازەی بە تەرتەشی تورکیەدا واردی خاکی ئیران بن و پشت لەشورشگیران بگرن وگەمارۆیان بدەن، یان هەرس هینانی شورشی ئەیلول نالیت ئەوە خەیانەتی محمەممەدڕەزاشابوو کەپەیمانی ئەلجەزایەری 1375ی لەسەرفرۆشتنی کوردەکان واژۆکرد. دەجا لێکدانەوەکانی نووسەرهەموویان بێ کەلکن وهەتا بۆ چاو پێداخشاندنیش نابن،هەروا دووسەر چاوەی دیکەشی لە فاروق کەیخوسرەوی و جەلال ملکشا، هیناوەتەوە کە ئەوانیش فەلسفەی توودەن خەڵک دەیانناسێ. بەڵام لە سەریەکتر نووسەری ئازیز زەحمەتی کیشاوە دەستی نەڕزێ. حامیدڕەشیدی زەرزا،ڕیکەوت 4/9/ 2008ی زاییني، شاری سیدنی ئەستەڕالیا.

نوسەر غولامڕەزا ئینساف پوور:"غلامرضاانصاف پور"

وەرگێڕی کوردی:  حامیدڕەشیدی زەرزا

ئەم کتێبە بەسیروسی ئەیزەدی دۆستی نەدیتووگەیشتووبەهەق، کە نازانم ئێستالەکام قولینچکی دونیا دایە بە عافرینەوە پێشکێش دەکەم. غولامڕەزا ئینساف پوور.

## ئەمەگناسی و پێزانن

سەرەتاپێویستە لە جەنابی ئاغای موحسین بەهگۆنیا سەرپەرشتی ئینتشاراتی(ئەرمغان) کە لە چاپ وبڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە پێشوازی کرد،پێزانینی خۆم دەربڕم. هەروالە تاک تاکی کارگێڕانی کتێبخانەی مەجلیس و کتێبخانەی مللی و کتێبخانەی زانیستگاە کە کتێب وشوێنی ڕووتێکردن وسەرچاوی بەڵگەو پێ ئاتاج بوونی ئەم نووسینەی لەبەردەست دانام پێزانینی خۆم دەربڕم و تەشەکوری لێبکەم. لە کارگێرانی چاپەمەنی "فرشیوە کارگێرانی دەپسپۆرو لێزان و زاناوخیبرەی پێتچینی ئەسری ولێتوگرافی کە ئێشی ئەم کتێبەیان لە هەربارەوە بەباشترین شێوە بەئاکام گاند بەم وەسیلەوە بەمحیبەت و ئافەرین بنێرم و پێزانی خۆم لە کۆکای دڵم دەردەبڕم. نووسەر.

## پێشەکی بڵاوکەرەوە:

لەو جێگایەوە کە ئامانجی ئینتشاراتی "ئەرمغان" لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەوکتێبانەن کە بۆناسینی زێدەتر لە پێشووی مێژوو فەرهەنگ و بایەخەکانی دەروونی وگوزارەیی میللەتی ئێمەیە،بەم هۆیەوە بەرپرسی ئەم بڵاکراوەیە لە تۆژەری بەریز کاک "غولامڕەزای ئینساف پووری" داواکرد کە ئیجازەی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، بەناوی "مێژووی سیاسی وجوغرافیایی میللەتی کورد" بەم چاپەمەنییە بسپێرێت.

بە هۆی بەدواداگەڕان و پشکنینەوەی کۆنی سەدەکانی ڕابردوو، کوردەکان لە ڕەچەڵە و تۆرەمەی مادەکانن و یەکێک لە سێ ڕەگەزی مەزنی ئێرانی کە دووەکانی دیکە"پارس وپارتن" دیسان بە تۆژینەوەی ڕەگەزە ناسانی ئەم سەدەیە میللەتی ئێمە بریتی لە سێ بەرەبابی کورد،تاجیک و بلوج

ناسراون. له بەر ئەمە نەتەوەی کورد یەکێک لە مەزنترین نەتەوەکانی ئیرانین کە دەبێ سەبارەت بەوان زێدەتر لە ڕابردوو لێکۆڵینەوە بکرێت وکتیب بنوسرێ وبڵاوبکرێتەوە.

بە ئاماژە بەمە کە نەتەوەی کورد لەم سەدە و هەتا بەرلەوی لەسەرزەمینی باب وباپیرانی خۆی لە ژێر دەسەڵاتی بیانی تووشی چەرمەسەرو تەنگەژەی نیژادی قەومی بووە هەنۆکەش لەم سەردەمەدا هەروا بۆ ئازادی خۆی دەجەنگێ، دەجابڵاوکردنەوەی کتێبێکی ئەها کە ڕوونکردنەوەی مەسەلەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەوان( لە ڕۆژ هەلاترین هەتا ڕۆژئاوا ترینە) بۆ نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئیران لە داشگیرو بێژینگ دەدا و تەتەڵە دەکات بایەخێ بوون و هەرمانی هەیە. بەم بۆنەوە ئینتشاراتی مغان،چاپ وبڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی بەپەلە لە سەرۆی بەرنامەی کاری خۆی داناوئەوی بە گوێرەی هیزوتوانای خۆی بە چاپ گەیاندوە. هیوادارین ئەم کتێبە پڕبایەخە ڕێگاە کەرەوەوپەنجەرەی بڵاوکردنەوەی لەمجۆرە وشوینی مێژوویی و فەرهەنگی دیکە لەراستایی ئامانج بڵاوکرەوەکانی ئەرمغان بێت. بەرپرسی چاپەمەنی وبڵاوکراوەکانی ئەرمغان:
(بهگونیا.)

## ناوەرۆک


عینوان
بەشی یەکەم:
ڕەچەڵەناسی
بەشی دووەم
ناوەکانی هاوڕیشە لەگەڵ پیڤ ولەبزی کورد(جۆراوجۆری ناوی کورد لەزوانەکانی نەتەوەکانی کۆن)
بەشی سیهەم:
مادەکانی باب وباپیر
بەشی چوارم:
زوان ناسی
بەشی پێنجەم:

دین ناسی بێ سنووری مینوی(ڕێزگرتن لەئاقیدەی دینی ومەسلەکی خەڵکانی تر لەعرفانی ئیسلام ئیران)
بەشی شەشەم:
چێرۆکەکان وئەفسانەکانی تەنیای هاوبەش
بەشی حەوتم:
دەنگینان وناودارانی کورد(ئایین سالاران،خواناسان زانایان،مێژوونووسان،فرەزانایان،هەستیاران،زنجیرەی پاشایان،سەرداران)
بەشی هەشتم:
سنوورپارێزان،هاوڕەزمان،بەرگریکەران
بەشی نوهەم:
ئیران کوردستان(پرش وبڵاوی کوردان لەڕۆژهەڵاترین هەتارۆژئاواترین)
بەشی دەهەم:
کوردستان جوغرافیای ئینسانی)
بەشی یازدەهەم:
کوردەکان لەنەزەری تورکەکان وعاڕەکان(شەری کوردەکان بۆ ئازادی لەژێرزنجیری کویلەتی داگیرکەران)

**سەبارەت بەم تۆژینەوەیە.**

نوسینی ئەم کتێبە تەنیا تۆژێنەوەو پشکنین و بەشویناگەڕان وبەسەرداچوونەوەیەکە. تۆژینەوە و پێداچوونەوە لە بابەتەکانی مێژووی سیاسی وجوغرافیایی خەلکی کورد کە سروشتییە بابەتەکانی کۆمەڵ ناسی و فەرهەنگی و تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەوان لەباوش دەگرێت. هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە،کە دۆستی زاناوبلیمەت ئاغای عەلی بەگ وردی،لەدوایی خویندنەوەی ئاخرین کتێب ئەم نووسەرە(مێژووی بنەچەکەوڕەگەزوو تۆرەمەو زوانی خەلکی ئازەربایجان)پێشنیاریان کردکتێبێکی ئەوهاش بۆ میللەتی کوردبنووسم.

پێوست ولازم بوونی کتێبێکی ئەوها لەگەڵ ئەوهەمووگرینگایەتیەی خۆی وەکوو ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار لە زەین و هۆشم دا ڕاخۆشی وتروسکەیدا. دستبەجێ دەست بەکاربووم. گەلێک کتێبم بینی -زێدەترلەسەد کتێب-سەبارەت بەنەتەوەی کورد،کەئێرانی ودەرەکی نووسیبوویانە کە هەریەک لەوان بەشێوەی جۆراوجۆری خۆی نیشاندەری بەشێک لە مێژووی بەبەڵگەی کوردە.

بەفکروهزرم داهات واباشە کاکڵی هەریەک لەوکتێبانە-- یەک لەوان زانیاریەکانی بنەڕەتی وسەرچاوەگەل وبابەتەکانی هەڵبژێردراو هەڵاواردە وتایبەتی و ویکنەچوو _دەربێنم وروونوسیان لێهەڵگرمەوە،ئەوهەمووەی یەکجێ،بکەمە کتێبێک. لەم بارەوە لەدوای بەڕێوەبردنی ئەم کارە، خەرێکی لێکۆلینەوە ومتالاوو پێڕاگەین ولێپێچانەوەو بە دەستهانراوەکانی جۆراوجۆر لە ناوەرۆکی ئەو کتێبانە بووم،پاشان لە سەرجەم و کۆگای بابەتەکانی ئەوان،لەگەڵ شێکردنەوەو ئازانتی خۆم لە هەرشوێن و لە هەربابەت دورستکردنی ئەم کتێبەم لێ پێکهێنا.

لە شێوەی تۆژینەوەی ئەم کتێبە،بابەتی دەجۆراوجۆری ناوە رۆک، بەدوازدەبەش نەهەمبەندی کراوە. هەر بەشێک لە گەڵ پێشەکی شێکردەنەوەی نوسەر دەست پێدەکات، کە بابەتەکانی ئەوبەشی دەویدا،بە لێکدانەوەو ئازانتی و کۆبەندی ئاکام و بەهرە لێوردەگرێ.

چونکەخم وبنچینەوبنەڕەتی بابەتەکانی ئەم کتێبە لە سەربەڵگەودەلیلە، لە دوایی پێشەکی نووسەرلە پێش بابەتەکانی هەربەشێک، نوسینەکانی کتێبەکان سەبارەت بە کوردەکان با بەبەتێکانی پەیوەندار بە هەرباسێک ولێدوانێکی بەدواییەکداوبەردەوام لە پەسندکردنی یەکدی هێناوەتەوە،پاشان ناوی نووسەری هەریەک لەکتێبەکانی لەسەرەتای مەتلەبەکان هێناوە. بۆنموونە دوو نووسین لە پێشەکی کتێبی

دووتۆژەرەوەو توێژکاری کورد کە قسەوئاخافتنەکانی ئەوان لە دڵ و زوانی نووسەرئەم کتێبەش هەیە، لە ژێرەوە دەیخوینەوە:

حەزرەتی ئایەتوولله محەمەدمردۆخ کوردستانی لەپیشەکی کتێبی "مێژووی مردۆخ"خۆی دەنووسێ: چونکە بنەڕەتی بیروبۆچوونی من لە سەر ڕوونکردنەوەو دۆزینەوەی ڕاستیەکان و بارودۆخ و وەزعیەتی کوردە ئەگەر خوێنەران بریتی لە کوردو ناکوردتووشی بابەتێکی ببن کە بە دڵیان نەبیت پێویستە دلیان نەئێشێ،چونکە ئەمن دەمەوێ مێژووبنووسم،نەک کەس و کەسینی بلاوێنمەوە. مێژووکاتێک لە سەربنەمای یک لایانە بنوسری بۆ خوێندنەوە نابێت و جێگای ترس و هیوا نابێت.

بەدەستەواژەیەکی ئاخری،کۆڵەکەی مێژوو دەبێت بە ڕادەیەک قایم و موحکەم و لە سەرڕاستی و دورستی خمی دارڕژابێت کە کارگێڕانی هەر ڕەگەزەو تۆرەمە لە وی بترسن وبەوی هیواداربن و پشت ببەستن هەتا لە ترسی مێژووخۆیان لە قەرەی کاری ناحەزو چەوت نەدەن بەهیوای مێژوو بۆ مانەوەی ناوی چاکە لە بەخشینی هیچ جۆرەخۆبەخت کردن و فیداکاری خۆیان نەپارێزن(1)

ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشای کورد کەلەساڵی 1930بۆ ئازادی وسەربەستی کورد لە ژێر زنجیری کۆیلەتی لە کوردستانی بن دەستی تورکیە ڕاپەڕی و ماوەی شەش ساڵ لەگەل ئەرتەشی تورکیەیی مستەفا کەماڵی شەڕی کرد،لە ئاکامدا کە شۆرشەکەی هەرسی هێنالە ئێران ماوە،لە پێشەکی کتێبەکەی خۆی (مێژوو ڕیشەکانی ڕەچەڵەی کورد)دەنوسێ: "خەڵکانێک یان بڵێن نەتەوەیەک کە بایەخەکانی ئینسانی و سەربەرزی ژیانی ڕابردووی مللی خۆیان (لەمێژووی خۆیان) نائاگادابن ئامانجیان نییە کە بۆ سەرکەوتنی مللەتی خۆیان لە مێشک و هزرریاندا پەروریش بکەن.

لەوجێگایە کە ئەمن بوشێک لە باری مسیبەت ئەم میللەی زوڵم لێکراوەو چەواساوەم لە سەرشانە،مەبەستم ئەمە نییە کەمێژووی کورد وکوردستان بنووسم،بەڵکوئامانجم خزمەت بە نەتەوەیەکی ئیرانی و ئیرانی نیژادە کە کەسایەتی ڕەچەلەی وی لە دەستی رەچەڵەکانی دیکە(بیانی)لەسەرڕێگای لەناوچوون قەراری گرتووە. تەنیا لەبەردام بەنوسینی ئەمە کتێبە،ئەم میللەتەی سەربەرزوبەغیرەت وبەشەهامەت وبن

دەست وکویرەوەری بینیو لەناو بزر بوون بێنمەدەر و بەرگری لەمە بکەم کە کوردلە شەڕافەت تورەمەی ئیرانی بێ بەش ببێت. نەتەوەی کورد لە بەردی بناخەی دورستبوونی لەگەڵ گەورەیی ئیرانی سەرەتایی بەخوێنی ممبارک وپیرۆزی خۆی خم داڕشتووە لەئینساف بەدوورە کەلەو سەر ئەفرازییەی نەتەوەیی ومیللی خۆی بێ بەش ووەک نەتەوەیەکی بی ناونێشان بناسرێت.

1-حەزرەتی ئایەتوللە محەمەدمردۆخ کوردستانی. کتاب مردوخ. پێشەکی ص 3.

2-ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا. پێشەکی مێژووی ڕیشەی ڕەگەزەی کورد.ص 3.

نووسەری ئەم کتێبە بەدوای نەقلی پێشەکی کتێبەکانی ئەو دوو کەسایەتیەی پایە بەرزی کورد،لێێ زێدەکات کە،لەم رووەوە کاکڵی ناوەرۆکی نزیکەی سەت کتێب سەبارەت نەتەوەو میللەتی کوردی لە کتێبێک کۆ کردۆتەوە هەتا هەرکەس بتوانێ وبشێت زانیارەکانی خمریێژی بناخەی سەبارەت بە کوردەکان بزانیت و ئاگاداریەکی تەواو کەماڵ زورایەتی سەرچاوەکانی مێژوو، میژووی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ڕۆشنبیری،سیاسی، جوغرافیایی، تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی و هەل و مەرج و بارودۆخی ژیان ومەسەلەکانی ئەمڕۆی کوردان وەدەست بێنێت،کەسینەیەکان و کەسایەتییەکانی مێژوویی،عیلمی،ئەدەبی و ڕۆشنبیری،کورتەی ناودارانی کوردی لە هەریلەو پایەکدابن بناسن،لەرۆڵ ودەوری خەڵکی کورد لە مێژووی ئیران ئاگاداربێت.

بەداوای لێبوردن بەبۆچوونی خۆم،لەوانەیە ئەم کتێبەبەپێچەوانەی بیروبۆچوونی وئاقیدەی بەشێک بۆتەبازنییێکی کچکەی ناساندن(دایرەالمعارف)لەهەڵبژاردن ودەستکەنەکردنی بابەتەکانی باشقەوبژادەوبەرچاو کەهەر تۆژینەرو نوسەرێک سەبارەت بە کوردەکان وکوردستان نوسیویەتی.

ئەم نووسەرش بەنۆرەی خۆی بەلەبەرچاوگرتنی خۆپاریزی عیلمی کەهەرتۆژەرێک وهەرنووسەرێک دەبێ وپیویستەرەچاوی بکات،خۆپارێزییەک کەپێوستی دۆزینەوەی ڕاستیکانە،کاتی نووسینی ئەم کتێبەجیالەهەق رووتێکری نەبووە. لەو جێگایە کە مللەتێک بنەماڵەیەکە،نووسەرەکیش بۆ نەتەوەوو میللەتی خۆی وەکوو باوک،باوکی دەرونی گوزەراییە،بەم ڕادەی گەورەیی بنەماڵەی میللەت،بەرپرسایەتی باوکانەی نووسەرکیش مەزنترە. بەرپەرسایەتی بە گەورەیی ئەوین،ئەوینێک کە"ئارش"بەهێزی وی گیانی خۆی لە ماڵی کەوانی ئامانجێک ناو ژێیەکەی کێشاوو، تیری وی بۆ بستووی سنوورو سەرزەمین و خاکی ئاهورایی نەتەوەو میللەتی خۆی بەرێ کردو ناردی. نووسەر.

**بەشی هەوەڵ:**

مرۆڤ باڵادەست و بڵیندتر لە ڕەچەڵەو تۆرەمە)
ڕەچڵە،ئەو مەسەلەیە،کە بۆ وڵاتانی بە تواناو چەوساوە خواز بۆتە دەستگیرەیەکی سیاسی کە توانیویانە بە دەستەوداوین بە وی ،هەر بەمجۆرە کە لە زوان،یان بەم شیوەیە کە لە دین کەلکی نابەجێ وەردەگرن، لە ویش لە ناوخەڵکان مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی دورست بکەن و سازدەن و تۆوەی تەفەرقە و لێک ترازان و ناکۆکی و شڵەژان بچێنن، هەتا بەم هۆکارە کزو لاوازیان بکەن ودەرەتانیان لێببڕن و ورەیان تیک بشکێنن و لە سەریان حوکمات و فەرمانڕەوایی بکەن.
ئاشکرایە بێگومان،هزروبۆچوونی ئەو خۆی پێ زۆرو دەمارگرژانەی تواناخواز لە ڕۆژئاوا کە داوایان دەکرد لە نیژادی سەرووترن و دەبێت لە دونیا خاوەن دەسەڵات و پایە بەرزیان هەبێت، لە شەڕێ دونیاگری دووهەم لە بەرامبەر بیروڕای گشتی تێشکان و مەحکووم بەنەمان بوون. ئەم دەمارگرژو شەمشەمەکوێرانە لەم سەردەمی بە هۆی ڕادەبەدەری لە خۆڕاز یبوون فیزو هەوا جگە لەمە کەچاوی خۆیان لە مێژووی پێشکەوتووی چەندهەزارساڵەی چین و میسر وهیند و ئیران قوچاندبوو هەتا لە بەرەیی خۆیان "ژاپون" لە(ڕەچەڵەی دیکەبوو) نەدەبینی. کە لە دانیش و زانین و عیلم و پێشەوەری کەمتر لەوان نییە و لە دەرەوەی پاپۆکە بەستنی دەسڵاتدارەتی ئەوان بە یەکێک لە خاوەن قودرەت و دەسەڵاتداری دونیاگوڕاوە.
هەرچەند ئەم ڕاستییە ئەمڕۆکە،ئاشکرابووە کە ئیدی ئەو سەردەم تێپەڕێوەو بەسەر چووە کە وڵاتانێک بە هۆکاری هەبوونی هێزەی گەورەو زەبەڵاح بە خۆیان ئیجازەبدەن بۆ دەسەلات داسپاندن و سالاری و سەروەری دین و زوان بکەنە وەسیلەی ناکۆکی و چەند بەرەکی و دڕدۆنگی، بەڵام ئیستاش دەکرێ ببینین ئەو وڵاتانەی خۆداسپاو بە شیوەیەکی دیکە بە ڕەواڵەت خۆیان بە سیاسەتەکانی ڕابردووی خۆیان لە دەڤەرەکان بەردەوام دەکەن و حەول و تەقەلادەدەن تەنگەژەو موشکیلاکانی کە لە سەدەکانی پێشوو بۆخەڵکانی وڵاتانی بێ پیز بۆ قازانجی خۆیان وەدیهێنابوو بە هەربەوشکل و شمائیلە ڕابگرن.
بێ قاعیدو نامناسبت و نالەبارتر،وڵاتانی گچکەی چەوساوەخوازهەن کە بەکەلک وەرگرتن لە شێوەو ڕەوشتی زلهێزانی دونیاخۆر هاوهەنگاو بە پاڵپشت بە دەسەڵاتی ئەوان، لەومەملەکەتەی سیاسی داگیرکەر دیاری کردوی خۆی،نەتەوەو خەلکانیک بەمە

كە: ئەوانەی لە میللەتی دیکەو لە تۆرەمەی دیکە دەناسن و بەبێگانەیان دەژمێرن،دیسان لەوسنوورانەی دەستکردوبەدرۆی خۆیان لە ژێر سیبەری داسپاویان ڕایانگرتوون. (ئێران وتورکیەوسورییە هەنۆکەلەوانن کەکوردستانیان داگیرکردوەلەخەڵکی کوردستان بەچاوی دەرجە دوو سێ دەڕوانن،وەرگێڕی کوردی)

گەلالەی مەسەلەی ڕەچەڵەو تۆڕەمە- لەسەرەتای ئەم باسەدا- بەپێچەوانەی وی کەلک وەرگرتنی نابەجێ لەم واژەو وتە،نەک بۆ باشتری وچاکترنوێنی ونەک بۆ حاشالێکردنی نەتەوەکان یان قەومەکانی دیکە،بەڵکووبەناوی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی لەخەڵک لە نەتەوەیەکی مەزن ومەزلووم گەلالەکراوە. نەتەوەیەک کە هەزاران سالە لە ولاتی خۆی لە سەرخاک و ئاوی باوب وباوێرانی خۆی دەژین،و بنەچەکە و زوان و فەرهەنگ و ئایینەکانیەکان و سونەتەکانیان و تایبتمەندییەکانی مێژوویی خۆیان هەیە بەلام بە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی ناحەزو چەوتی ڕۆژگارو کزیوو هەڵەکانی دەوڵەتانی ڕابردوو پێشینی ئیران لە سنووروتخوبەکان و دەڤەرەکانی ڕۆژئاوای خۆی، و هەرواخۆتێهەقوتانی بیانی و سیاسەتەکانی دەرەکی لە چەند سەدەی پێشو،بەشەکانی هەراوو پان و بەرین لە خاکی ئەم نەتەوە لە عەسلی باب وباپیرانی خۆی جیاکراوەتەوە بە سنووری دەستکرد بە بەشەکانی جیاکراوەتەوە کە هیچ پەیوەندی ڕەگەزەیی و زبانی و فەرهەنگی و ئایینەکانی نەتەوەومیللەتی و تایبەتمەندییەکانی مێژووی لەگەڵ حاکمان ئەومەملەکەتانەی بەدروو نیینە. چونکە ئەوحاکمانە یەک خۆی بە"ئالتایی" وئەویدی خۆی بە"سامی" دەزانێت،کە ئەو نەتەوەی زولم لێکراوی بە بیانی لە قەلەم داوەوچونکە بە ڕەخنەگردن بۆ ئازادی لە ژیرزنجیری کویلەتی خەبات دەکات، هەرکات یان بەردەوام سەرکوتیان کردوون و لە گەڵیان لەشەڕوجەنگدان.

تێبینی: بەڵی ئەوئاگرە بۆهەولکەرەت دەستی شائیسمایل سەفەوی هەلایسا،ئەولەشەڕی چالدران لەگەڵ عوسمانیەکانی گلاوڕیکەوتن وولاتی کوردستان لە1514ی زایینی بەکردەوە لەنێوان دووئامپەڕاتووری ئەوکاتی یانی ئیران وتورکیەدابەشکرا،پاشانیش لەشەڕی دووەمی دونیاگربەشێک لەوکوردستانەی لکاوبەتەرکیە کەوتەسەرئیراقی تازەسازدراوی بریتانیا وسوورییەی تازەسازدراویی فرانسە،ئەوتخوب وسنوورەدەستکردانە بۆناوی مەرزی نیودەولەتی لێکێشرا،کە ڕێکەوتی بۆ ئەوسەردەم یانی بۆپێنج سەدەپێشتردەگەڕێتەوە. وبەدرێژایی مێژووپاشاکانی ئیران یەک بەدوای یکدادوژمنی قەستەسەری نەتەوەی کوردبوونە بۆ تۆانەوەلەناوچوونی

میللەتی کوردئاگرخۆشکرسێ کوچکی سی داگیرکەری دیکەن قەت کوردیان بەنەتەوەی ئاریی بەحیساب نەهیناوە ودەکرای بڵین هەموو شورشەکانەی کورد بەدەستی وان هەرسیان پێهاتووە ڕیبەرەکانیان بەدەستی ئیران شەهیدبوونە نموومەی هەرس هێنانی کۆماری مەهاباد لە1947ولەسیدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد لەمهاباد وسمایل ئاغاسمکو لە1930لەشاری شنۆ وئیحسان پاشا لەتاران بەلێدانی مۆتپۆڕ! هەرواشەهیدکردنی نەمرددکتورقاسملو لەوییەن پایتەختی ئۆتریش لە1988و دکتورشەرفکەندی لە برلین ئاڵمان،لە 199 ،هەروائاشبەتاڵی شورش ئیلول لە1975میلادی بەدەستی محەمەدڕەزاشای خائین. هەتامێژوونوسانی فارس وتورکی دەمارگرژ(وەرگێری کوردی).
بریتی لە............
لەحاڵیکداکەبەپیی شەریعەتی ئیسلام ودینەکانی دیکەی خوداوبەرامبەری پەسەندکردنی مافی بەشەرودەستوورەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەرامبەری عادەت وفەرهەنگی ئیرانی وڕاگەیاندراوەوداخۆیانی ئازادی حقووقی بەشەر کەکورشی مەزەن بۆ یەکەمین کەڕەت لەمێژوودەری چواند، و هەتا ئەمڕۆ کە وڵاتی ئیمە وتوویژی تەمەندەکانی بۆ خەڵکانی دونیاهیاوەتەگۆڕ،لە دونیای هەنۆکەدا ئیدی هیچ وڵاتێک نەتەوەیی وخەڵکی نەک تەنیابە ڕەگەز بەڵکوو بە هیچ شیوەیەک نەتەوەیەک لە سەرنەتەوەیەکی تر بەگەورەوڕەسنترنازانێ، هەمووبەرامبەرومساوی وک یەکن وەبێ لەژێرنیری کویلەتی وچەوسایی هەرداگیرکەروپاوانخوازویک ئازادبن.
تێبینی: بەڵی بەڵام ئەم نوسینە پەیوەندی بۆ دونیای پێکەوتووهەیە نەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەئیران یەکێک لەوحکوومەتانەیەکەنازانی مافی بەشەرچیە،ئەگەرزانیبوایە کورد کەلەئیران نزیکەی 12میلیومە جیالە2میلیون کوردی گویزراوەبۆخوراسان ویەک میلیونی دیکەلەهەمدان وشیرازو وتاران وشارەکانی دیکە لەئەلفبێتکەی زوانی خۆی بێ بەش نەدەکردن، وئەما چێرۆکی وتوویژی تەمەدنەکانی گەورە لەلایان ئاغای خاتەمی هاودەستی کاسەلێسانی کۆماری ئیسلامی شیرە هەڵسوتن لەسەری خەڵک بوو کۆماری گەندەڵی ئیسلامی ئیران  کە ڕێز بۆ هیچ نەتەوەیەک دانانێ لە ئیعدامی هاووڵاتیان گۆی لە هێتلیرو سەدامیش فراندوە قانوونی سەدەکانی وحشی گەری وەک بەردباران بەڕیوە دەبات ولاوەنی نابالغ ئیعدام دەکات،چلۆن دەتوانی لەماقی بەشەردەمبدا،هەرجۆرەتاریف کوردن بەناوی وتوویژی تەمەندونەکان جگە لە ئابروچون چیتری تیدانییە ئەوانەهەموویان قیلەشەرعی بەرهەڵانەکردنی کورسی دەسەڵاتن لەکۆماری ئیسلامی ئیران! هەرنووسەریک قسەی ئەمجورەمرۆڤ کوژانەوەکووبەڵگەبۆ چاکسازی بێنێتەوە یان لە هیچ شت حالێ نییە

یان لەگەڵ پیاوکوژان هاوبیرەو دەستی لە قاپ دایە. ئەوریژمە سەرەڕۆیی ئیسلامی لە هەموو ڕێژیمەکانی بەر لە خۆی خوینڕیژترن و دایم ودەرهەم لەفکری ڕەشکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەکانی ئیران بەتایبە خەلکی ناشێعە، وکوردکانن و مەگین بەڕوخانی ئەم ریژیمەگلاوو بەفیدرال کردنی ئیران نەتەوەکان ببن بەخاوەنی خاک و ئاوی خۆیان دناهەموو لە زاری یەکیان تفیوە گەورەوگچکە لە سەرفەوتانی نەتەوەکانی ناوئیران سورو پێداگرن وجگە لە شیعەی دوازدەئیمامی ئیویش نەک ئەوهەی ڕەچڵەی کوردبێت، کەبێگومان ئەویش بەبەشەرحیساب ناکەن لەڕاستیدا سەرۆترودەمارگرژترلە هێتلیری ئاڵمانین.(وەرگێری کوردی).

لەوجیگایە کەلە دونیای ئەمرۆ ولاتەکان و نەتەوەکان دەرۆن کە لە بازنەی سیستەمێک کۆبنەوە،و زانیاری و عیلم بە هۆی پێوەندییەکانی ئینترنێتی ولاتانی دونیای ئەوها پەیوەندار بە یەک کردوە،و هەریەک بە مامەلەو بازرگانی لە ناوەرۆکی خۆی لەگەڵ یەکدی بەشیوەیەکی مساوی وبەرابەر بوونکردوە و بەوێنەی کۆمەڵگایەکی دونیالە هاتندان و ئەم کورەی خاکی ئێمە لە گەل تەواوی قاڕڕەکان وولاتانی دابشبووکراو، وەک گوندەکی گچە ڕاگەیاندراوە،ولەوجێگایە کەهەرخەڵک ونەتەوەو میللەتیک لە هەرقولینچکەکی دونیا لە خەوراپەڕیوەو هوشیار بۆتەوە بەقەول دانان لە هەڵ و مەرجێکی باش ولەبارلەناوکێبەرکیی،ولاتانی زلهێز هەڵکەوتێکی لەبارومناسب بۆ بەرەوپێشچونیان پەیداکردوە ولەوجێگایەی کەبەربەستەکان وبەرپەرچەکان وپیلانی پاوانخوازانی جیهانی لەڕیگای بەرەوپێشچوونی دەولەتان وخەڵکی هەر ولاتێک پەیتاپەیتا لە حالی خاوکردنەوەو بێبەرهەم و بێکەلک کردنەـلە بەرئەمە بەپێکهێنانی هاتنی ئەم هەل و مەرجە،بە زەبروزەنگ وزیپک و برشتەوە دەکرێ متمانەبکرێ کە خێرا دەولەتان وکۆمەڵگای خەڵکی دونیا،ئیدی لە زنجیری قودرەتەکانی پاوانخواز حیلەگەرو فیڵباز ناکۆکی هەلایسەری ئەوان ئازادبووەو بەحاکم بوونی ئاقلی جیهانی بە نەجات و ڕزگاری و توحید دەگەن.

چونکە ئەم باس وخواسە سەبارەت بەرەچەڵەوتۆرەمەو ڕەگەزە،لێکدانەوەباسێکی کورت لەم وتەوقەوواژە پێویست دەکات-ڕەچەڵە Raceلەماناداا بەکەموکەیەک تەوفیر لە فارسی بێبرانەوە بێپسانەویەکی بەدوایەکدای هەیە. وەکوو بنەچەکە،ڕەگەز،بنچینە،بنەڕەت،ئەساس،بناخە،خم،بنیات،گەوهەر،ریشە،عەسل،تۆرەمە،باسی چاکەکردن وپەسندکردن وپێهەلاگوتنی وی ئەوهایە:(تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەکانیش وەکووگیانداروحەیوانات هەبووی بەردەوامی میراتگری وهەروا ڕەچەلەکییە، کە ئاساییە تەوفیری لەشی هاو بەشیان هەیە وەکوو وێکچوونەکانی لەشی جۆراوجۆر هەروا بەژن وبالا،شکل شەمائل و قەلافەت،بارستایی

قاپێلکەسەر،ڕەنگی پێست و ڕەنگی موو کە هەر یەک پەروەردەی هەل و مەرجی جۆراوجۆری سروشتی جوغرافیایی خۆیان بوونە و بەناوەکانی ئالتایی، سامی، دراویدی، ئاریایی،بربر،وهتد...دابەشکراون. لە سەرئەمەش رائاخرین و دوایین لێکۆڵینەوەو توژینەوەیی و ڕووەک ناسی(زیست شناسی) سەلماندویەتی هیچ کام لە ڕەچەڵەکان لە مەڕهۆش ئاوزان و توانایی فەرهەنگی بە سەرئەویدیکدا بالادەستی ژێهاتی بوون و رەجحان نییە. چونکە پایگای حەسلی بریتی لە میراتگرتن ومیراتبردنی هەموو ڕەچەڵەو تۆرەمەو ڕەگەزەو بنچینەکان کە ئاخیزگەی تاقانەیان وەک یەکە،جودایەزی ڕەواڵەتی لە ئولکەکانی جوغڕافیایی مەلبەنەکانی ئینسانەکان پێکەوە گرێدەدات.

بە لێکۆڵینەوە تویژینەوە و بەسەرداچوونەوەی فرەزانایان کۆنینە ناس زانراوە، نزیکەی دوو میلیون ساڵ پێش، ئینسانەکان لە ئافریقا پەیدا بوونە لە"کینا" لە"تانزانیا" لە"حەبەشە". بەمزوانەش پاشماوەی زیندەوەرانی کۆنینە،کە بوون بەبەرد،کە شەباهەتیان بە مرۆڤ دەچوو، لە ئافریقا دۆزراوەتەوە کە پەیوەنداری بە سێ میلیون سال ڕابردووە هەبووە کە باوک و باپیرانی ئەو مرۆڤانەی دوو میلیون ساڵ پێشتربوونە. خولاسە ئەو ئینسانانە لە ئافریقاوە بە سەرهەرد پرش و بڵاوبوونەتەوە. لە"چین"مرۆڤ یەک میلیون ساڵ پێشتر پەیدابووە کە بە ئینسانی"چینی"دەنگینن هەتا دەگات بە مرڤەکانی "کرومانیون لە فرانسە" و ئینسانەکانی "نئاندرتال"کە لە ئاڵمان پەیدابووە، کە هی هەوڵیەکە، بە10هەتا60هەزارسال پێش و هی دووهەمی پەیوەندی بە60هەتا 150هەزار ساڵ پیشترە. بەڵام ئینسانەکانی باسلێکراوی ئێمە نەتەوەکن کە لە ماوەی چوار هەتا شەش هەزارساڵ پێش لە سەرەوەی ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئوڕوپا بۆ ئیران هاتوون و کوردەکانیش یەکێک لەوانن بریتی لە نەتەوەکانی مادی هاوسەفەری پارسەکان و پارث کان و باکتریان(بلخیان)کە هاتوون وواردی ئیران بوون.

ئەوەی دەبێ بزانرێ وشیاوی زانینە،نووسەری ئەوکتێبانەی کەلەوان لەم نوسینەدانقل قەول کراون ،ئەو بەڵگانەی وەرگیراوەن، زوربەیان کوردن. هەروا وەرگێڕانی کتێبەکانی دەرەکیش کە سەبارەت بە کوردەکان، کتێبیان نووسیون و لە وەرگێڕاوەکانی ئەوان لەم کتێبەکەلک وەرگیراوەو لە سەریەک هەموویان کوردن، هەڵبەتە بل لەوانەش نەقلی خەبەر کراوەو بەڵگە وەرگیراوە. هۆکاری تایبەتی کاری ڤەگێڕانی بابەتەکان لە نووسەران و وەرگێڕانی کورد لەو بارەوەیە هەتا لەم کتێبە لە ڕێگای هەوەڵین قسە سەبارەت بەکوردان لە زوان و قەڵەمی خۆدی کوردەکان بێت.

ئەم شیوەیەم لەم ڕووەوە گرتەبەر هەتا خەبەرەکان و ڕاپۆرتەکان و بابەتەکان و بیرو بۆچوونەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەلیل و بەڵگەو بورهان و سەند بێت سەبارەت بە ڕەگەز،دین و فرهەنگ، و تایبەتمەندییەکانی مێژوویی و پێناسی نەتەوەیی کوردان بە ئیعتباری قەولی کوردان یان بەڵێنی تۆژەرانی هاوولاتی و هاونیشتمان ودەرەکی سەبارەت بە کوردان،نە تەنیا پشت بەستن بە شیکردنەوەو ئاقیدەو پێهەلاگوتنی ئەم نوسەرە، چونکە لەم کتێبەدابە قەولی مەولەوی:

(خوشترآن باشد کە سر دلبران-----گفتەآید درحدیث دیگران)

لە بەرئەمە لەم بەشە هەتا کتایی ئەم کتێبە، لە مەڕ دەستەواژەو ڕستەو هەر بابەتیک و مەوزوع لە زوانی ئیدیکە،(یانی ئەوانەی کە سەبارەت بە کوردان نووسیویانە) سروشتییەناوی نوسەرەکەی بەوادا دێت.

سەرلەشکرمزەفەرزەنگەنە لەکتێبی بنەچەکەی ئاریایی(کوردوکوردستان)دەنوسێ: "ڕەچەڵەوتۆرەمەی ئاریایی کەلە ئیلاتی ژێرەوپیکهاتبوو لەدوایی کۆچەکانی پەیتاپەیتا لەسەرزەمینەکانی ئیران هەرکام لەپارێزگایەک نشتەجێ بووناوی خۆی بەم پارێزگایەدا یان بەناوی ئەم پاریزگابیە ناودیرکراون.

1-هندوئاریایی- لەباکۆری ڕۆژهەلاتی لەبانو،بورگەی ئیران لەگەڵی سند-پنجاب وکشمیر.

2-پارتەکان لەباشووری ڕۆژهەلاتی فەلاتی ئیران

3-مادەکان(کوردەکان)لەباشووری ڕۆژئاوای بورگە(فلات)ی ئیران.

4-پاسەکان لەباکوری بانوودەشتەکانی ئیران.

-سرلشکرزەنگەنە.بنەچەکەی ئاریایی(کوردوکوردستان).ص13

ئایەتوولله شێخ محەمەد مردۆخ دەنوسێ: "آری" کلیمەیەکە لە(آر)و(ی)نیسبەت.(آر) لە زبانی کوردی کە بەفارسی کۆن لە سەرچاوەیەک سەریان هێناوەتەدەر و نزیک بەیەکن بەمانای ئاگرە.

کەوایە(آری) کەبە(ی) (یا)ی نیسبەت پێکەوەلکاوە یانی ئاگرپەرست و کۆی وی دەبێتە ئاریان،یانی ئاگرپەرستان. لە سەردەمی کۆن بە ئەفغانستانیشیان گوتووە(آریان) چونکە ئەوانیش ئاگرپەرست بوونە.

میللەتی ئاریان کەئەمڕۆ میللەتێکی مەزنی دونیادێتەحیساب..بەشێک بۆلای "پنجاب" کەڕەچەڵەی هیندوەکان لەودەستەن وبەشێکی دیکەبۆلای "یۆنان" و"ڕۆم" و"مەقدونیە"

وبەشێکی دیکە بەلای ڕۆژئاوا "بەلخ"-ڕۆژئاوای ئاسیای ناوەندی کەنیسبەت – بەئیرانی ڕۆژهەڵاتە-ودەستەیەک لەخەتی"مرو"و"خوراسان"بۆلای "مازەندەران" ولێوارەکانی دەریای "خزر" ودەڤەری"ئازەربایجان" و"لڕستان" و"ئەرمنستان" وشوینەکانی کوردستانی ئەوڕۆ هەتا...لێوارەکانی دەریای"مەدیتڕانە" بڵاوبوونە. ودەستەیەکی دیکەبۆ"ئەفغانستان" وگورجستان" وشارەکانی پارسی چوونە.

سەرچاوەکان: 2-ئاتوللەمحەمەدمردۆخ،کتاب مێژووی مردۆخ.لاپەرەی 13هەتا 16.

3-هەرئەوکتێب. لاپەڕەکانی 20-21-22.

Encylopaedia of Islam vol.5p.449.new edition.Bril. 1986.-4

مادایان(مادەکان)ئەوتایفانەن کەتایفەکانی کوردەکانوو الوار(کوردەکان ولوڕەکان) لە وانن. هرودوت دەبێژێ: کە مادەکان لە ڕەچەڵەو تۆرەمەی (ئار)ین، دواییەکانی خۆیان بە ماد ناو دیرکردوە. مشیرودولە پیرنیاش لە مێژووی ئیرانی کۆن. لاپەڕەی 49 دەنوسێ: (مادەکان پێشینان و ڕابوردوانی پارسەکانن)

ئاتووللە شێخ محەمەد مردوخ لەبەردەوامی قسەکانی دەنوسێ: "گروپەکانی کورد خەڵکانێکن(ئاری) آریا)ڕەچەڵە لە جنسی(هندوئوروپایی" هەروا پڕفسۆرمینورسکی دەنوسێ: "زۆر وێدەچێ گروپی"کورد"لە لایان ڕۆژهەڵات(یانی رۆژهەڵاتی ئیرانی ئەمڕۆ-ویل دورانتیش ئەو ئاقیدەیەی هەیە"بۆلای ڕۆژئاوا یانی(کوردستانی هەنۆکە)هاتووە نشتەجێ بووبن. لەگەڵ ئەمەش هاتنی ئەم گروپە کوردە پێشگیری لەمە ناکات کە لە چاخی هاتنی ئەوان گروپێکی دیکەی(کورد)یش یان چەند فرقەی دیکەی ئاویتە وێکڕاو لە گەڵ یەکدی بە ناوی(کاردو)بەر لەمە کۆچیان کردبێ و بۆکوردستانی ناوندی هاتبن و ژیانیان کردبێت و دوایی لە گەڵ(کوردەکانی) تازەهاتووە تێکەڵاو ببن)

زوربەی مێژوو نووسانی کورد،(کوردکانی) بەشی هەوەڵ بە(کوردانی ڕۆژئاوا) یان (کوردانی ئارارانی) و کوردەکانی بەشی دووهەم بە(کوردەکانی ڕۆژهەلات) یان (مادایان)=مادکان) پێ گوتبن، کە ئێمەش لەم کتێبەدا پاڵپشتی قسەی وان دەکەین. کەوایە ناکۆکیەک نامێنێتەوە، و هەردوو دورستن،وپرفسۆرمینورسکیش ئەم بۆچوون وئاقیدەیە پەسند دەکات،بەڵام کامیان زووترهاتوون هێشتابەڵگەیەکی باوەڕپێکراو لە دەست دانییە.

لە دایرەالمعارف ئیسلامی جلدپێنجەم هاتووە:(کوردستانی مەڵبەنێکی کۆن ودێرین ...شوێنی خەڵکانی کۆڵنەدەرو ماندوونەناس ئۆقرەنەگرە کە لە بەرە بەیانی گزنگی مێژوو لە گەڵ شەپۆلی کۆچەری نەتەوەکانی هندو ئیرانی لە چیای زاگروس دامەزراو نیشتەجێ بوونە لەگەڵ خەڵکی ناوچە تیکەڵ بوونەو ماوەتنەوە.

هینری فیلد (لاپەڕەی 727) لەکتێبی مرۆڤ ناسی ئیرانی دەنوسێ:(کوردەکان لەمەڕزوان وقەڵافەت وقەوارەوهەیکەل ئێرانین). ریپلی(لاپەڕەی 422و452)ش ئەم بۆچوون وئاقیدەی هەیە. هینری فیلد هەروالەقەولی پریچارد (لاپەڕەی 171)دەنوسێ: (کوردەکان لەڕەچەڵەورەگەزی ئاریایین ولە نەتەوەکانی ئێرانین). راولینسون(ج 2.لاپەڕەی 307)دەنووسێ: (کوردو لوڕ لەمەڕهیکەل وقەوارەوشکل وشمائل وەمادەکانی دێرین دەچن). دانیلو دەنوسێ: (هەمووکوردەکان لەزبان وشکلی قاپیلکەرسەر وەیکدەچن. کوردەکانی تورکییەش لەمەڕزوان وقەڵافات وهەیکەل لەش ئیرانین). لردکرزن(لاپەڕەی 399-وەرگیراو لەکتێبی مێژووی بەختیاری لەسەردار ئەسعەد): زوانی کوردەکان ولڕەکان و بەختیاریەکان کە وەکوو زوانی فارسی دەچێت هیندە تەوفیریای پێکەوە نییە(وەکوو لەبزەکانی ناوچەی دیکەی ئیران). مێژوونوسان دەڵنیان کە هەموو ئەو نەتەوانە پاشماوەی بە ڕاستی ئارینەکانن.(ئاریایی).(5)
هنری فیلد،مرۆڤ ناسی دەنگین وبەناوبانگ لەشوێنێکی دیکەدەنوسێ: (کوردەکان بەشێک لەتۆرەمەی ئێرانین کەلە مەڕزبان،ئیخلاق،خووخدەو عادەت وشێوەی ژیان ومەزەب لەگەڵ ئیرانیەکان لەهەربارەوە هاوبەشن. بەڵام مەڵبەندی ژیان وچەنبەرو ئاقاری جەغرافیایی ڕووداوەکانی میژوویی، تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی و ڕەچەلەیی ئەوان کارتێکەریکی زۆری لەسەرداناون ولەئاکامدا ناکۆکیەکانی لەلەبزو مەزەب وخووخدە ئەوان پەیدابووە.درک کنان،لەکتێبی کوردوکوردستان،کوردەکان لەتۆرەمەوبنەچەکەی ئێرانیان ولەڕەگەزی هندوئوروپایی دەناسێت.(7)
ویلیام.او. داگلاس،سەبارەت بەڕەچەڵەورێشەی ڕەگەزی کوردەکان دەنوسێ: (کوردەکان بۆخۆیان لەسەرئەم باوەڕەن کە حەسل ونەسەبی وان لەتۆرەمەی مادە،کە لە ڕەگەزی حەسلی ئاریایین. زوانی کوردی لەگەڵ فارسی ڕیشەیەکی هاوبەشیان هەیە. بەم تەوفیرەکە هێندیک وشە لەزوانی عەڕەبی وتورکیش واردی وی بووە.(8)

سمایل فەتاحی قازی لە پێشەکی کتێبی کورد لە دایرةالمعارفی ئیسلامی دەنوسێ: (کوردەکان ئێرانی ڕەچەڵەن و لە خورهەلاتی نزیک نشتەجێن). - یانی بەشێک لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست(مەدیتەڕانە)-بریتی لە: تورکیا،سووریا،لوبنان، ئیسرائیل،ئۆردن و جارجارە میسریشی ڕەگەڵ دەخەن. وەرگێڕی کوردی- ئەوان لە بەشێکی لە وڵات زۆروکەم لائیکی تورکیە و هەروا ئیران و ئیراقی عەرب وسووریە وقەفقاز دەژین کە نزیکەی حەوت هەتا هەشت میلیونن.(9) هەنۆکە کوردەکان زێدە لە چل میلیونن، وەرگێڕی کوردی).
سەرچاوەکان:

5-غلامرەزا ئینساف پور. کتێبی ئێران وئێرانی. لاپەڕەکانی 389-390
6-هنری فیلد،مرۆڤ ناسی ئێران. وەرگێڕاوەی دکتورعەبدوللە فریار.ل 67
7. The Kurds and Kurdistan p.21،
8-ویلیام.او.داگلاس. مەلبەنی عەجاییبات. وەرگێڕاوەی فریدون سنجری.ل99

عەلی ئەزغەری شەمیم، لەکتێبی کوردستانی خۆی دەنوسێ: (زۆربەی قەومەکان وقەبیلەکان  کە مەڵبەنی پان و بەرینی کوردستانی ئێران و دۆڵاوەی سەرووی دوو چەمی دەجلەو فەڕات و داوینەکانی ئاگریان(ئاراڕات)،کردۆتە شوێنی نیشتەجێی خۆیان وبەناوی کوردناو دەبرێن، لە مەڕئاخافتن و زبان و ئیخلاق عادەت و شێوەی بەڕیچوون و بژیو و مەزەب لە گەڵ ئێرانێیەکانی دیکە هەبووی تایبەتمەندییەکانی هاوبەشن. بەخۆشیەوە بە هۆی لێکۆڵینەوە و بەدوا داچوون و بەسەرداچوونەوەو متالاکردنی فرە زانایانی ئالْمانی و ئینگلیزی و فڕانسەوی،ڕەچەڵەی واقعی و بەڕاستی کورد ڕوون بۆتەوە و ئەم پسپۆرانە بە بەڵگەو بە کتێبی مێژوویی سەردەمی دێرین و کۆنی یونان و بەشێک لە نووسینەکانی مێژوونووسان و زانای جوغراڕفیایی ئیسلامی و متالای شێوەی ژیانی قەبیلەوهۆزەکانی کورد لە ئێران و تورکیە و ئێراق،ئێرانی بوونی کوردانی بەشێوەیەکی دوورلەشک و گومان وەڕاست گەڕاندوە.(10).

مراداورنگ دەنوسێ: (سەرچاوەکانی ڕەچەڵەیی و تۆرەمەیی کورد و پەیوەندی ڕیشەکانیان بە فارسەکان و لکەکانی دیکەی ئێرانی ڕوون و بەرچاوە. کوردەکان پاکترین کوڕاسلامانی سروشتی ئێرانی گەورەن ولەڕۆژگارانی دوورودرێژ،پارێزگاردی گەورەیی و پایەبەرزی وئابڕوو کەرامەت وفڕوشکۆی ئەم مەملەکەتەی کۆن ودێرین ئارایی وپەروەردەی ئایین وفەرهەنگ وزبانی ئێرانی بوودەاند. ڕاسپاردەی خوداماردوی فارسی زوان دێرین ئەشووزەردەشت،تەشت مینوی،لەناوئەوان سەری هەلداوەوئایین ودینی خوداپەرستی هێناوە.(11)

هەروا مراداورنگ،سەبارەت بە هۆکاری پەیدابوونی هەوەڵین کۆمەڵگای کوردان بەگێرانەوەی شانامە دەنوسێ: (باش دەزانین کەقسەکانی شانامە لەسەربناخەی نووسینەکانی پەهلەوییە کە ئەوانیش لەکتێبی ئاویستا سەرچاوەیان وەرگرتووە. لەبەرئەمە یەکێک لە بنچینەکانی قسەو ئاخافتنی ئێمە سەبارەت بە کوردناسی،هەر ئەم شانامەی فردوسی توسییە.

یەکەمین داستانێک کە لە شانامە بە ناوی کوردەکان وەبەرچاودەکەوێ، چیڕۆکی ئەژدهاکی تازییە کە مێژوو ناوی وی بە خەراپە باس لێوە دەکات.
لە چیرۆکی ئەم پاڵشایە دەخوێنێنەوە کە لە سەر هەر یەک لەلا شانەکانی وی دوو برین پەیدابوون کە وەکوو ماردەچوون، و ئەویان عەزاب دەدا و بەدەستووری دکتۆری وی،ڕۆژێ دوولاوایان دەکوشتن و مێشکی سەری ئەوگەنجانەیان لە سەر ئەو برینانەدادەنان ئوقرەی دەگرت.
ئەولاو کوژیە ساڵیانی ساڵی بەردەوام بوو هەتا دوو کەسی ئێرانی دڵ پاک بە ناوەکانی"ئەرمایل"و گەرمایل" بۆ کەمکردنەوە لەم بێوجدانی وتاوانکارییە پێش قەدەم بوون و لە ئاکام بە ناوی چێشت کەر بە سفرەداری بارەگای پاشا ڕێگایان دۆزیەوە، و بە کاری تەباغی خەریک بوون.
ئەم دوو مێرخاسە هەمووڕۆژێ یەکێک لەودوولاوانەیان کە بۆ کوشتن دەهێنا بە نهێنی ئازاددەکرد و لە جیاتی وی پەزەکیان سەر دەبڕی و مێشکی سەر کەرەکەیان لەگەڵ مێشکی سەری لاوەکە تێکەڵ دەکرد بۆ دەرمانی برینەکانی سەرشانی ئەژدهاکیان دەنارد.

بەمجۆرەهەرمانگێک سێ لاو لەکوشتن نەجاتیان دوبوو کە بۆ خۆحاشاردان بۆچیاکان دەناردران. لە ماوەی ساڵەکانی دوورودرێژ ئەو لاوانە لەوکێوانە بۆخۆیان ماڵیان دورست کردوخەریکی کاسبی و کشت وکاڵ بوون. بە گێرانەوەی ئەوچیرۆکەی فیردەوسی کوردەکان لە زارۆکی ئەوکەسانەن کە وردە وردە زێدەیانکردوە و بەم ناوە ناو دیر کراون.
فردوسی لەشێعرەکەیدائەوادەڵێت:
چنان بدکەهرشب دومردجوان
چە کهتر چە از تخمە پهلوان
خورشگر ببردی بەایوان شاە
و زو ساختی راە درمان شاە
بکشتی و مغزش برون آختی
مرآن اژدهاراخورش ساختی
دووپاکیزە ازگوهر پادشا
دو مرد گرانمایە پارسا
یکی نامش" ارمایل"پاکدین
دگرنام"گرمایل" پیش بین

چنان بدکەبودندروزی بهم
سخن رفت هرگونەازبیش وکم
زبیدادگرشاەوازلشکرش
ازآن رسم های بداندرخورش
یکی گفت مارابەخوالیگری
ببایدبر شه شد ازچاکری
مگرزین دوتن راکەریزند خون
یکی را توان آوریدن برون
برفتندوخوالیگری ساختند
خورشهابەاندازەپرداختند
ازآن دوویکی رابپرداختند
جزاین چارەای نیزنشناختند
برون کردمغزسرگوسفند
برآمیخت بامغزآن ارجمند
یکی رابەجان دادزنهاروگفت
نگرتابیاری سراندرنهفت
نگرتانباشی بەآبادوشهر
ترادرجهان کوەودشت است بهر
ازاین گونەهرماهیان سی جوان
ازایشان همی یافتندی روان
چوگردآمدندی ازایشان دویست
برآن سان کەنشناختندی کەکیست
خورشگربرایشان بزی چندومیش
بدادی وصحرانهادیش پێش
کنون کردازآن تخمەداردنژاد
کزآباد ناید بە دل برش باد

مراداورنگ،لەدوایی لێگێرانەوەی ئەم چێرۆکەی شانامە دەنوسێ: (لەم چێرۆکەی شانامەی بەباشی دەزاندرێ کە(بەهەرجۆرەوەرگرتنێک)کوردەکان لەپاشماوەی ئێرانیەکانی ڕۆژگاری پێشدادیانن. یانی ئێرانیەکانی هاوخوێن وهاوسروشتن

ولەڕێشەیەک وڕەچەڵەوتۆرەمەونیژادێکن وهەمووسەرجەم بەناوی ئاریا ناودبرێن وسەرچاوەی ڕەچەڵەکیان دەگاتەوە"کەیومەرث" پاڵشا.
ئەم لێگێڕانەوەی شانامە بەریش لە کتێبەکانی"ئەبن قتیبە"213هەتا272هیجری وکتێبی کۆچی بەناوی"المعارف" و کتێبی"مروج الذهب" و لە دوایی فیردوسیش لە کتێبی شەرەفنامەشداهاتووە)
مراداورنگ،لەکتێبی ئیحسان نووری پاشا بەناوی"مێژووی بنەچەکەی تۆرەمەی کورد"دیسان دەڵێت: "تەهموورسی دیوبەند" لەبەشێکی چیرۆکی فریدون لەشانامەی فیردەوسی بەناوی"تەهمورسی کورد"ناوی دەبردرێت. لەوجێگایە کەدایکی فریدوون لەڕیچەڵەی کوڕەکەی قسەی دێنێتەگۆڕ دەبێژێ:
توبشناس ازمرز ایران زمین
یکی مرد بد نام او آبتین
زتخم کیان بودو بیداربود
خردمندو گردو بی آزار بود
زتهمورس کرد بودش نژاد
پدربرپدر بر همیداشت یاد
زاڵ باوکی ڕۆستەمیش کوردبوو. بۆیە زاڵ لە سیفەتی گورد،بێ نیازبوو. چونکە لە شانامە کورد لەدوای پاڵەوانان کە مانای گورد،دەدات هاتووە:
بەگیتی درازپهلوانان کرد
پی زال زرکس نباید شمرد
یانی لە نێوپاڵەوانەکانی کورد(کە پاڵەوانیان ئیدی "گورد"پێ نەدەگوتن)نابی کەسێک هاوسەنگی زاڵ بژمێردرێت.
لە جلد یکەمی (مێژووی مردۆخ)یش گوتراوە: زاڵ زەڕ لە(ماد)بوو. لە بەر ئەمە پەیوەندی ئەولەگەڵ کوردەکان راستە و نوسەری کتێبی شەرفنامەش ڕۆستەمی بەرامبەرو هاوسەنگی وتەی شانامە لە بنەماڵەی کورد دەزانێ و دەڵێت: بەڵام چونکە شوێنی لە دایک بوونی سیستان بوو لەم ڕووەوە بە رۆستەمی زابلی ناو براوە. دیسان لە شەرفنامەدا هاتووە: "بارامی چوبینەسەرداریپاڵەوان و گورگینی میلادی کورد بوون و ئەو فەرهادەی کە ئاشقی شیرین بوو لە بنەماڵەی کەڵهوڕە" (12)
مراداورنگ.کوردناسی. ل 24هەتا28.

ڕەشیدیاسەمی،لەکتێبی خۆیداسەبارەت بەڕەچەڵە وڕەگەزی کوردان بەکتیبەکانی دوایی ئیسلام بریتی لە"التنبیە" و"الاشراف" و"مروج الذهب" و"تاج العروس" کەهەرسێ

هی مەسعودین،دەنوسێ: "مەسعودی لەرووی سەرچاوەکانی گرنگی ساسانی نەسەبێکی بۆکوردان هێناوە کەلەناوەرۆکی نیشانەی پەهلەوییە. ئەوکوردەکان لەبنەچەکەی کورد کوری سفەندیاذبن مەنوچێهری پێشدادی ناوبردوە. لەڕاستیدا مەسعودی لەهەرشوێنێک کەلەوەرگیراوەکانی پەهلەوی پەیروەوی کردوە کوردەکانی لەبنەچەکەی پاشاکانی ئیرانی ناوبردوە بەڵام لەبابەتیك کەئەوان لەبنەچەکەوحەسل ونەسەبی ناوبردەوە،وەرگرتنی وی سەرزارەکی ولەلێگێڕانەوەی هاوچاخی عەڕەب بووەکە وەک خەلیفە دەسەڵات و حوکمڕانیان کردوە ویستوویانەکوردەکان بەخۆیان نیسبەت بدەن.
بەڵام مەسعودی لەوجێگایانەی کە کەلەڕاستایی وتەکانی خۆی بەروپێش دەچێ دیسان لەقسەکانی بەردەوام دەبێت کە(یەکەمین کەس لەکوردان مەنووچێهربوو،و ئەو لە مناڵانی ئەیرەجە.) ودیسان هیناویتی: (بەبۆچوونی فرس(ئیرانیەکان)ئەوکوردانەن کە لە ڕەچەڵەی کوری کوری اسفەن یاذبن مەنووچێهرن وەکووعەشایری بازنجان،شوهنجان، شادنجان،مشاورە،بذیکان لوڕ،جورقان،جاوانیە،باسیان،جلالیە،مستکان، جاجارقە، جردغان، کیکان،ماجردان،هذبانیە،وجیالەوانە عەشایەری دیکەی کورد لەفارس،لەکرمان، سجستان،خوراسان،اسفەهان،وکیوەکانی(ماەالکوفە- ماەالبصرە،ماسبندان، کرج ابی ولف) وهەمەدان،شارەزوور،درآباذ،سامغان،آذربیجان،ارمنیە،اران،بیلقان وهتد...وجودیان هەیە)

لە بەرامبەرکردن ولەبەریەکدانانی ئەو خەبەرانەی کە لە سەرەوە لە مەسعودی باسی کردوون، لە گەڵ ئەمە کە لە کتێبی دێکەی وی"مروج الذهب"هاتووەو و لەگەڵ ئەوەی کەلە"تاج العرس" لە قەولی مەسعودی گێڕدراوەتەوە،مەعلووم دەبێ ئەوقەبیلانەش کە بە عەڕەب نیسبەت دراون لە گەڵ هۆزەکانی دیکەی ئیرانی یەکێکن..بەڵام چونکە هۆکاری سیاسی هەبووە ڕێگای شێکردنەوە بۆ ئەو نیسبەتە، جگە لە چێڕۆک و خەرافات ناکرێ حیسابی لەسەربکرێت.
ڕەشیدیاسمی لە دوایی هێنانی ئەم تورەمەنامەوڕەتەوە، قسەی خۆی بەم لێگێڕانەوەی فیردەوسی سەبارەت بە ڕۆژی ئازادبوونی یەکێک لەو دوو قوربانیانە درێژەپێدەدا کە بۆ مارەکانی سەرشانی زوحاکان دەهێنا و چێرۆکی ناردنی ئەوانی لە گەڵ پەزو بزن بۆ چیاو زۆزان و دەشت بە وەسیلەی ئەو دوو میرخاس و جوامێرە و لە ئاکامدا بەیتی ئاخری لێگێڕانەوەی فیردەوسی دێنێتەوە و لە شۆڕش کاوەی ئاسینگر و گرتنی زوحاک و بردنی و زیندانی و بەند کردنی وی لە چیایی "دەماوەند"یاد دەکات.

موریه Morier،لەساڵی 1812یزاییینی نووسیویە لە21ی مانگی ئەوت لە دەماوەند خەڵک جەژنێکیان گرت بەبۆنەی ڕزگاری ئیرانیان لەزوڵم وسەرەڕۆیی وزوحاک وئەم جەژنەیان بەجەژنی کوردی ناودەبرد (سەفەرنامەی دووم. لاپەڕەی 357)

ڕەشیدیاسەمی،لە بەردەوام بوونی قسەکانیدا دەنوسێ: (هێندێک پێشوونیان (کورد)ی بە کوڕی (مەرد) یان(مارد)دەزانن و بە کوردی کوڕی مەردی ناو بردووە لە حالێکدا کە مەردەکانیش وەکوو کوردەکان هۆزیکن لە فارس،و"استرابون"کێژوو نووسی یۆنانی سەردەمی هەخامنشیان لە قەولی"اراتسن"دەڵێت: لە فارس هێندیک هۆزنیشتەجێن وەکوو(مەرد) وەکوو(مجوس) وهتد. لە بەر ئەمە هێندێک مێژوو نووس پێیان وایە تایفەی(مەرد)یان (مارد)لە یارانی کورشی مەزن بووە، ئەو تایفە،یان عەشیرەیان بە بابە گەورەی کوردان و لوڕان دەزانن کە بەشێک لە فارسن نشتەجێ بوون و ئێستاش لەوێن(13)
پۆلاکی ئێرانی ناسی ئاڵمانی دەنوسێ: (کوردەکان شانازی بەمەدەکەن کە ڕەچەڵەیان دەگاتەوە ساسانیان کە(تۆرەمەیان لە کوردبوو)
توحدی(کانیمال)دەنوسێ: (دەبێ دەم پێدابێنین کە هۆزەکانی کورد باشترو زۆرتر لە نەتەوەکانی ئیرانی ڕەچەڵە،بە پاراستنی گەلێک لە ڕەوشت و عادەتی ئیرانی سەرکەوتوو بوونە و زۆر کەمتر لە هۆزەکانی دیکەی ئیرانی بونەتە گەمە و گورانکاریان بەسەرداهاتووە.(15)
درک کنان دەلێت: (کوردەکان لە هەرشوێنێک کە بن تایبەتمەندی و سروشتی ڕەچەلەی ئێرانی بوونی خۆیان نیشان دەدەن.(16)

ڕەشید کەیخوسرەوی دەنوسێ: (بە بۆچوونی کوردان،لە حەسڵدا فارس و کورد و بلوچ و ئازەری و لوڕ و گیلەکی و مازەندەرانی هەموو تیرەکانی ئێرانین و هەموویان یەکێکن و سەرجەم دەبێ بۆ بەرزبوونەوەو سەرکەوتنی ناوی ئێران حەولبدەن.

کوردەکان لە کشت و کاڵ و پێشەوەری و زانستەکان جۆراوجۆرو و پیشەو ئاوەدانی پێشڕەون. کوردەکان سەلاح ئەدینی ئەیوبیان بۆ ڕیزی خەباتی ئیسلامی شانازی پێداو هەتا ئەمڕۆڕش لە شەڕی بە سەرداسپاوو بەرگری ممبارەک لە هیچ تێکۆشانێک دەستیان نەگێڕاوەتەوە ئێشتاش و بێ لێبڕانەوەی مێژوو،بە نیشتمانەکەیان وەفادار بوونەو دەبن.(17)

مراداورنگی کورد،سەبارەت بە کوردو ڕەچەڵەی ئەو لە پێشەکی کتێبی کوردناسی خۆی دەنوسێ: (بە ودم و پاک و پیرۆز نیشتمانی ئێمە ئێران،بە تێپەڕینی ساڵانی دوورودرێژ ئیکجار لە مێژینە و دێرین ،کوڕەکانی خاوەن شەریف و ئابڕوی لە ڕادەبەدەری بە ناوی جۆراوجۆربە هۆزو تیرو تایفەو هۆبەی جۆراوجۆر لە داوێنی محیبەتی خۆی پەروەردەو گەورەکردوەو وێراگەیاندووە کە یەکیک لەو هۆزە بە ناوی (کورد) ناوی لێدەبردرێت.

کوردەکان، هەر ئەو مادانن، یان لکێکی گەورە لە مادەکانن کە لە گەڵ فارسەکان و لکەکانی دیکەی ئیرانی ئاریایی لە ڕێشە و تورەمەو ڕەچەڵەیەکن.
زۆرجێگای داخە کە هێندیک لە کوردان(لەولای سنوورەکانی کە داگیرکەر دورستی کردوە) هێشتاپێناسی خۆی نەناسیوە ولە ڕابردووی شانازی پێکراوی خوی کەلەلەژێرتیشکی گەوریی ئیران دەبێت ئاگادارنییە،
سەرچاوەکام:
13-ڕەشیدیاسمی. کوردوپەیوەندییەکانی مێژوویی او.ل 114هەتا 117
14-پۆلاک. سەفەرنامە. وەرگێراوی کەیکاوسی جهانداری.ل 24
15-توحدی(کانیمال). بزوتنەوەی مێژوویی کورد بەخوراسان.ج ا. ل 1.
16-درک کنان.کوردو کوردستان. وەرگێراوی هاتفی. ل 6
ڕەشیدکەیخوسرەوی. کوردستان وباوباپیرانی دێرینی کوردان. پێشەکی ل 17و18.

لەبەرئەمەیە کەبەشێک لەوان بەهۆی داویلکەیی وئاگاداری وبێ خەبەری تووشی دۆزو کەڵەکی بوغزلەزگ ودڵپیس وغەرەزاوی دەبن وفریوویان دەخۆن نەینۆکی دڵ وگیانی پاکی خۆی چڵکن دەکەن بەبایەخ وئابڕوی ئەم گروپەی دلێروخوێن گەرمی ئیرانی زەرروزیان دەگەیەنن...ودیسان گەلێک جیگای داخە بازێک برایانی کوردنازانن کەکوردەکانی خۆیان قەرەوڵ وپێشەنگی سەرکەوتن وپیرۆزی وشانازیەکانی ئێرانیانی دێرین وکۆن وکێژووی دوایی ئیسلام وپارێزگاردی ڕێگاوڕوش وفەرهەنگ وڕۆشنبیرو زبان وباوباپیرانی خۆیانن وبەوی فەخروشانازی دەکەن(18)

محەممەد قازی کورد،وەرگێڕی بە ناوبانگ و دەنگین و نووسەری ئازادیخواز لە وتووێژێکی تیرو تەسەل لەگەڵ هاواڵدەری ئیتلاعات،پێیان دەڵێت: (ئەمن کتێبێکی توژینەوەم سەبارەت بە کوردانم نووسیوە کە هەموو کوردەکان خرو پتوون لە

بنەڕەتەوە ئێرانین و هەموو دەبێ لە کات و چاخی پێویست بە ئیران بلکێن. ئینشاالله(19)

سەرچاوەکان:

18-مراداورنگ. کوردناسی. ل 1و3

19-محەممدقازی.ڕۆژنامەی ئیتلاعات ڕیکەوتی 30ی ئابانی 1373.

**بەشی دووەم:**

**ناوەکانی هاوڕیشەلەگەڵ پەیڤی کورد**

(جۆراوجۆرای ناوی کورد لەزبانەکانی حکوومەتەکانی دێرین)

ئەگەروادابنێین،هەرسەرهەڵدان وبدیهاتن و پەیدابوونێک لەسەرەتا بێ گۆڕانکاری بوایە، لە تەوای گشت و گوزاری مێژووش،شکلی هەوەڵی خۆی دەپاراست و هەتا دوایین هەروا بەچەقین دەماوە،ئیدی چ ناکوکیەکی بیروبۆچوون و ناکۆکی ئاقیدە سەبارەت بە وی بەوجودنەدەهات.

بۆهەمووکەس ئاشکراو ڕوونە کە هەر هاتنەدی و وەدیهێنان و مسوەگەربوون لەتێپەڕینی زەمان گۆڕانکاری بەسەردادێ وبارەوبارقەبووڵ دەکات لە شێوەی رەفتاری گۆڕین بە قۆناخێک دەگات کە بەچەتوونی لە گەڵ ئەولیەکەی بناسرێتەوە.

متالاوتۆژینەوە لەمەڕناوی جۆراوجۆری بەلام وەک یەک وهاوڕیشەی کورد،ئەم پسیارەدێنێتەپێش کەئاخۆ ناوی ئەمڕۆزژی کورد لەسەرەتاش بەن شکل دەگوترێ،ئەگەروابووە ئەدی چلۆن لەناوی کورد ئەم هەمووکلیمە بەلەبزی جۆراوجۆرگۆڕاوە. ئەگەروافکربکرێ لەهەوەڵەوە ناوەکی ئەوها نەبووە دەبی بوونی ئەم هۆزوتایفەوقەومانە لەسەرەتای مێژووی پێکهێنانیان حاشالێبکەین. بەقەولی مەولەوی:
(هیچ اسمی بی مسمادیدەای؟ یازگاف ولام گل،گوڵ گل چیدەای؟)

ڕاستییەکە ئەمەیە کە مەعلووم بوون و بەڵگەی ڕاستی ناوی کورد لە سەرەتا لەگەڵ بوونی خودی کورد بووە، هەتا دەکرێ بگوترێ بەر لە کۆچکردن لە سەرزەمینەکانی

ساردوسرِی باشووری، هەر لە وێ لە شکل و قەوارو هەیکلەکی نەتەوەی گەورەی ماد،یان(مارد=مەرد) کۆمەڵگای عەشیرەتی تەنیاو تاقانەیان هەبووە و ئەم ناوە بەو شکڵەی بە سەر زوان داهاتووە بەڵام لەو سەردەم کە خەت نەبووە چلۆن بە سەر زوان داهاتووە قسەی پێکراوە لەوانەیە ئەمڕۆ نەتوانرێ ئەوی بناسی بەڵام بووە.

لە متالاو بەرسەرچوونەوەی سەرچاوەکانی دێرینی ناسی وا دیاریدەدا کە کۆچکردن وئاوارە بوونی مادەکان،دوو هەتا سێ هەزارساڵ کێشاوە. ئەم کۆچ ودەربەدەریەی دوورودرێژ لە دوو سەردەم و لە دوو بەش بووە،یەکێکیان بە نوسینی "دیاکونف" لە سەدەی بیست و سیوەم بەرلە زایینە کە باوک و باپیرانی کورد بە ناوی "کوتی" و کورتی" و "کاردو " لە گۆڕەپانی مێژوو سەروەدەردەنێن و سومر دەست بە سەردادەگرن و دیسان دیاکونف دەنوسێ: ( وشەی کوتی تەنیا لە هەزارەی سێوەم و دووەمی بەر لە زایین ماناو مەفهومی هەبووە(ل 138)
کوردەکانی دەربەدەروهەتڵەی بەشی یەکەم یانی کوردەکانی ڕۆژئاوا،هەرئەوکوردانەی کوتی(کاردوکان)یان کوردەکانی (ئاڕاڕات ئاگرین،کەدیاکونف ناوەکانی ئەوانی لەدەڤەری نیشتەجێ بوونیان لەسەرنەخشەکانی ئیران بەرەدیف لەباشووربەخوارەوەی ئاگری،کوتی،لولوبی نووسیوە کەسەرجەمی ڕۆژئاوا وباشووری ڕۆژئاوای ئێران دەگەیێتەوە. لەسەرەتای هەزارەی ئەوەڵ بەرلەزایین هەموو"اورارتوییان" وخەڵکیماننا ومادەکانیان(کوتی)ناودەبردن کەجاروبار لەکتێبەکانی(سارگونی دووەم)ش ناوی "کوتیان" دەبینرێ.(ل 138)

دیاکونف دەنوسێ: (دەورانی سەلتەنەتی پاشایانی "کوتی" کورت بووە،چونکەکوتیەکان دایم ودەرهەم پێکەوە لەناوەخۆ خەریکی شەربوونە وهەریەک لەپاڵشاکانی ئەوان هێشتاپاشایی نەکردوو دەرۆخاندران. کوتیەکان دانیشتووی کێوەکانی "زاگروس" لەعەینی حاڵدا کەپێکەوەبێ لێبڕانەوە لەشەڕدابوون بۆ دەڤەری دەوروپشتی خۆشیان هێرش دەبرد وشارەکانی دووچۆمانیان(بین النهرینان) وێران دەکرد( ل 140و141)
ئەودیسان دەنوسێ: (تێکەڵ وئاویتەی ڕەچەڵەکی یان حەسل وڕەتەوەی نەتەوەی ماد بەڕادەی پێڕەوابوون بۆ ئێمە ڕوونە بەم بۆنەوە دەکرێ بڵێین کەم تەقلەڤ کرنە بەناویەکداچوونی ڕەچەڵەیی لە سەریەک لە هەزارەی سیوەم هەتا سەرەتای هەزارەی ئەوەڵ بێ گۆڕانکاری بووە. خەڵکی سەرانسەری ئەم دەڤەرو مەڵبەندە لە"گۆلی ورمێ" هەتا بەشی سەروی "دیالە" لە تۆرەمەی "کوتی" و "لولوبی" بوونە. لولوبیەکان

(لوڕەکان) لە خالێ ڕۆژئاواتر،و "کوتیان" و(کوردەکان) لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتتر سەقامگیربوون(ل 178و179).

کوردانی بەشی دووەم بەکوردانی ڕۆژهەلاتی،ماداهانیان نووسیون کەئەمانەش وردە وردە بەبەشی هەولی لکاون یان لەئێران لەنێوەڕاست وباکووری ولات جێگربوونە.
هرووت نوسیوە: "دیاکو"یەکەمین وهەوەلین پالشای ماد،هۆزەکانی جامینخوازو شوێن کەفتەی خۆی بریتی لە" مادەکان،بوسییەکان،پرتکینییەکان،ئاستروختەکان،ئەریەزنتیەکان(ئاریازندییەکان) بودیهاکان،مەغەکانی ژێرپەرچمێکی تەنیاکۆکردەوە)(ل 61)وەرگێڕاوەی وەحیدمازندەرانی)
چاپی فەرهەنگستان)

دیاکونف ئاویتەوتێکەلاوی ڕەچەلەی مادەکانی بەنزیکەی هەزارسالێ بەرلەزایین ئەوها نووسیوە کوتتیەکان،لولوبیەکان،مێهرانیەکان،کاسیەکان(کاسپینەکان)ئیلامیەکان،هوریا نیەکان.
هرودت مادەکان بە یەکێک لەو هۆزانەی بە حیساب هێناوە کە پەیرەوی"دیاکو"هەوەلین پالشا یانشاهەنشانی مادبوون لە حالیکدا کە مغەکانیش لە سەردەمی پادشاکانی هەخامنشی و پاشان لە بە مادەکانیان ناو لێهەلدەدان. هەلبە تەیەک یان دوو هۆزی دیکە، بودیەکان(کوتیەکان)بوسیەکان(کاسەکان)دەکرێ لە ڕووی وێکچوونی ناوبۆچوونی دیرین ناسان لە ڕەدیفی مادەکان بە حیساب بێنین بەلام ئەم ناوانی دیکە کە هردووت هێناونی لەوانەیە بە قەومەکانی دیکەی ئیرانی پەیوەندی هەبێت وکوو پارسەکان، پارتەکان (پرتوەکان)باکتران(بلخیان)کە لە سەرزەمینی پاشاکانی دیکەی ماد، یانی خوراسانی گەورەو ئەفغانستانی هەنۆکە،بلوچستان هەتاسند وئیقلیمی فارس بلاوبوونە. بەلام هۆزی ماد لە سەر زەمینەکانی باشووری ڕۆژئاوو ڕۆژئاوا،و ناوندی هەتا باکووری ئیران یانی پاریزگای فارسیش بە پڕوچڕ نیشتەجێ بوون.

ئەم پڕو چڕی کوردان یان مادەکان لە ئیقلیمی فارس زێدەتر لە سەردەمی هەخامەنشینیان و ئەشکانیان لە سەردەمی ساسانیانیش بە ڕادەیەک بووە کە چاخی سەرهەلدانی ساسانیەکانی کورد ڕەچەلە، گەلێک لە هۆزو تیرو عەشایری کوردکان لە ڕوو بەڕوو بونەوە،یان لە ڕەخ و قەراخ شەرکەرانی ئەردەشیری بابەکان دەکرێ ببینین

و ئەم چڕوپڕی و زۆری هەتا جێگایەکە،کە لە سەدەی چوارمی هیجری لە فارسنامەی "ئیبنی بلخی" ئەوها لە زورایەتی کوردان لە فارس قسەگوتراوە کە بیروبۆچوون وایە کە ئەو پارێزگایە جێگایەک جگە لە ئاخیزگەی کوردان ناتوانێ ببێت.

کۆنینەناسان و دێرینەناسان و ڕەچەڵە ناسان لە دوو- سێ سەدەی زوو ئێرانیەکانیان لە لێکۆلێنەوەتوژینەوەی خۆیان بە سێ هۆزو بەرەباب بریتی لە مادو پارس وپارث ناو بردووە. بەڵام لە تۆژینەوەکانی دوایی لەوانە لە دایرةالمعارف ی بریتانیا چاپی1892 و کتێبی قەبەی مرۆڤ ناسی هنری فیلد، و شوێنی زوربە لە ڕەچەڵە ناسانی دەنگین،
ئەم چاخە دەبینین خەڵکی ئێرانیان بە سێ نەتەوەی کوردو باجیک وبلوچ ناساندوە.

لە سەرەوە سەبارەت بە بەشی هەوەڵ کوچکردنی کورد یان کورددەکانی ڕۆژئاوا یان کوردانی ئاگری(ئارارات)هەر ئەو کوردانەی کوتی(کاردوکان) لە هەزارەی سیوەم ودووەم قسەکراوە لە بەر دەوامبوون بە کۆچکردنی بەشی دووەمی کوردان کە بەئەوان کوردانی ڕۆژهەڵات یان مادایانەکانیان گووتوە،باسی لیوەدەکرێت.

بە قەرێنەو بەڵگەو متاڵایی و بەسەرداچوونەوەی کۆنینە ناسان وا وەدەردەکەوێ کە کۆچکردن و دەربەدەری کوردەکانی دەستەی دووەم بە دوولایانی بووە دیسان لە دوو بەش،یەک بۆ لای زاگروس و نێوان رودان وئەوی دیکە بەپڕوچڕی لە سەرزەمینی نوێ بۆ لای ڕۆژهەلات و باکوور کە بۆ ئەو شوێنان چوونە و ماوەتنەوە.
هەروەک دێرینەناسان نووسیویانە گەلێک لەکۆچەرانی دەستەی دووەمی کوردان بۆ مازەندەران وخوراسانی گەورە چوونە نیشتەجێ بوونە وگەلێکیش لەماوەی هەزارسال،سەردەم بەسەردەم لەگەڵ پارسەکان تیرەتیرە کۆچیان کردوە لەباکووری ئێران سەقامگیربوونە. لەڕاستیدا بەگشتی کوردەکان هەربەمجۆرەی کەهۆزەکانی دیکەی ئێرانی، لەتیپی ئەوان لەهەمووشوینی وڵات نیشتەجێ بوون. بۆ نموونەکاتی هاتنی دوایین پاشماوەی بەشی دووەمی مادەکان بۆ باشووری ڕۆژئاوا،ئەو تیرەوهۆزانەی لەقەومی"پارسوا" کەلەنێوەڕاستی سەدەی نوهەم هەتا سەرەتای سەدەی بەرلەزایین لەدەڤەرەکانی ڕۆژئاوای زاگروس دانیشتووبوون لەبەرامبەرپڕوچڕی مادەکان،ئەوناوچەیان بەجێهێشت ولە دەشتەکانی"ماهیدەشت" و "چیاکانی بەختیاری" و"شوشتەر"دانیشتووبوون.

مژینەناسان وكۆنینەناسان نووسیویانە كۆچكردنی بەشی دووەمی مادەكانی كورد،بۆلای ڕۆژئاوای ئێران بۆ زاگروس ودەوروپشتی دەجلەوفەڕات نزیكەی هەزارودوسەت ساڵ بەرلە زایین جلی كردەوەی لەبەركردوە. مادەكانی كورد هەرچەند لەدوای دەیان سەدەنیشتەجێ بوون ومانەوە ولەوناودەڤەرانداخەڵكی هاوولاتی وێیان لەخۆیانداتواندەوە بەلاَم ناوی ئەوانیان لەخۆناو بەناوی ئەوان دەنگین بوون. ئەوهاوولاتیانەی كەئەوكات وسەردەم بە"كاردو" و"كاردوا) ناویان دەبردن وبەرلەوان ئاشوریەكان لەوانیان باسكردبوو،چاخی واردبوونی مادەكانی بەهێزودەسەلات،ئیدی سەردەمی بەتوانایی ئەونەتەوە دوایی پێهات بووكزببوون وبەتێپەڕبوونی ڕۆژگاران مادەكانی كوردیش وكاردوكانی مادی پێكەوئاویتەی نەتەوەكانی كوردی ڕۆژئاوای ئێرانیان پێكهێنا. لەحالیكدا زوربەی هۆزەكانی دیكە لەقەومكانی كوردهەروا لەسەرانسەری ئێران نیشتەجێ ببوون و مابوونەوە.

هەڵ ومەرجی تازە لە ئیقلیمەكانی دوور لە یەک، لە سەر زمینەكانی نوێ كە مادەكانی مهاجری كۆن و نوێ هەزاران ساڵ بوو لە سەرانسەری وی مابوونەوە هۆكار بوو هەتا لە هەرجێ و شوێنێک لە پەیفینی ناوی كورد گۆڕانكاری و جۆراوجۆری لێ وەدێبێت.

هۆكاری دیكە بۆ گۆڕانكاری و بارەو بارپێكردنی ناوی كوردانە كە لە ماوەی سەدەكان و هەزاران ساڵ ئەم ناوە لە سەرزوانی هۆزەكانی دیكە وەكوو سومریەكان،ئاشۆڕیەكان، ئارامیەكان، و یۆنانیەكان، لە گەڵ پەیڤینەكانی جۆراوجۆر دەگوترێ كە وێنەكانی وێكنەچووی وی لە خوارەوە دەكرێ لە كۆ كردنەوەو هەڵسەنگان و شوێنی پێنوسی تۆژینەران نیشان بدێن،ئەویش بە شێوەی لێكۆڵینەوە بە سەرداچوونەوە لەم كتێبە بە هێنانی ناوی هەر نووسەریك لە مەڕ هەر بابەتێک كە لە هەریەک لەوان بە لێگێڕدەراوە دواوین.
+

محەممەدئەمین زەكی لە(اعلام المختلفە)بارەوباری ناوی كورد كەلەلەبزی نزیک وویكچوو بەیەكدین بەزوانی نەتەوەكانی جۆراوجۆری قەدیم،لەلەكۆن ولەمێژینەوە هەتاسەرهەڵدانی ئیسلام بەم جۆرەی هێناوەتەوە:

لەلای سومریەكان{گوتی،جوتی،جودی

لەلای ئاشوریەکان{گوتی،کوتی،کورتی
لەلای وارامیەکان{ کارتی،کاردو،کارداکا
{کاردان،کارکتان،کارداک

ولەلای پارسەکان وپارثەکان{کورتیوی،سیرتی،کورد راکان
لەلای یۆنانیەکان {کاردەسوی،کاردوخوی
و ڕۆمیان {کاردوک،کردوکی
لەلای ئەرمنیەکان {کوردوئین،کورچیخ
{کورتیخ،کرخی،کورخی

لەلای عارەبەکان{کوردی،کاردوی،باکاردا
{کارتاویە،جوردی،جوی(1)
ئیحسان نووری پاشا دەنووسێ: (مستشرق رایسک لەدایرةالمعارفی ئیسلامی دەنوسێ: (خالدی،کوردی،کورتی،الکوردی لەگەڵ کوردەکان بەناوهاوبەشن".)

مستشرق "دراور"ش دەڵێت:
کاردا،کارتوخی،کورتوخی،غوردی،کارداک،سیرتی،کورتی،غوردیای، غوردوئەتی، کاردا، کارداویە،کاردایە،کارتاویە،لەگەڵ کوردیا،هەموویەکن.(2)

مینورسکی لەدایرەةالمعارفی ئیسلامی دەنوسێ: "هارتمان"،"نولدکە"و"ئەیسیاخ" بەم بیروبۆچوونەگەیون ویەک قسەن کەهۆزی "کورتی" کە مێژوو نووسانی یۆنانی قەدیم لە ریزی تایفەکانی مادو پارسیان ناو بردوە،ئەم کوردانەی هەنۆکەن.(3)

ئیحسان نووری پاشا لەجێگایەکی دیکەی کتێبی خۆی دەنووسێ: (بازیک کۆنینەناسان بیروبۆچوون وئاقیدەیان وایە کە جودی لەناوی قەومیGutiگوتی" و"ژوتی" وەرگیراوە. لەسەدەکانی دوایی /500بەرلەزایین ناوی گوتی بەکاردا،کورتی،کوسی گۆڕاوە.

دوایی هۆز هۆزو تیرەتیرەوتایفەتایفە بوو بەناوەکانی لولو،گوتی،کوسی، مانای،خالدی، کاردوی پێگوتراوە.
سەرچاوەکان:

1-خلاصەتاریخ الکردی وکردستان من اقدام العصورالتاریخیە الان. تالیف محمد امین زکی. ترجمە محمدعلی عوفی ازکردی بەعربی.ص76-75. چاپ بغداد- 1961.
2-احسان نوری پاشا تاریخ ریشەنژادی کرد،ص 121.
3-Ensyclopaedie de L Islam. P. 1197.1960،

ئەنزان نێشتمانی کوسیەکان، کاسیتەکان بوو(4)

ڕەشید یاسمی دەنوسێ: (مێژوونووسانی یۆنانی لە22ی بەرلە زایین کوردەیان کوردە Karda،و لە115ی دوایی زایین بە کردوئن Korduene و گزنفون لە401ی بەرلەزایین کوروک و ئارامنەی ئەو سەردەم (کوردۆخ)یان نووسیەوە. لە ساڵەکانی نزیک زانانی مەزەن وەکوو Harmannونوکدکە Noeldekeوواسیباخ Wessbach پێیان وایە کە نەتەوەی کورتیCyrtii کە مێژوونوسانی یۆنانی قەدیم بە بەشێک لە هۆزەکانی مادوپارسیان ناو بردووە ئەم کوردی هەنۆکەو ئێستان، و تۆژەری وەکوو ڕایسکە Reiskeش گوتوویانە: (خالدی،کوردی،کوتی، و گردیای هەموویەکن(5).

گ.پ.ئاکوپف دەنوسێ: (لە سەرچاوەکانی ئەرمەنی ناوی کورد بە لەبزی"کردۆک" و لە سەرچاوەکانی یۆنانی و ڕۆمی جاوبار"کردۆئەنا" وجار"گردوئەنا"هاتووە و ئەم ناوە لە شوێنەواری هێندیك لە نوسەران"کورتین" و لە نوشینەکانی دیکە"گورتین"هاتووە(6).

سرلەشکرحەسەن ئەرفع، دەنووسێ: (لە کتێبەکانی سومری 2000ساڵ ق م. وڵاتێک بەناوی "کارداکا" وەبیرهێنراوەتەوە کە پێوەلکا بە قەبیلەکانی"کورتی" بووە و دەوێدا نیشاندەدرێ کە پاشای ئاسۆڕی تیکلات پیلسر لە گەڵ هۆزەکانی کوردتی شەڕی کردبێت(7).

ئیحسان نووری پاشا دەنوسێ: (قڕال لاکاشە ئادادناراری" لە2400ساڵ پێش لەزایین لە عەشیرەی"کاردا" ئاخافتووە. هەروا لە2200بەر لە زایینش"کمیل سین" پاشای "ئور"وڵاتی"کوردی" بە"ئەمیروردنز" ئەسپاردوە. لە ساڵی 1370ی بەرلەزایین"شوبی لکبمە"ی پاشا شکلی تایفەیەکی بەناوی"گۆردە Gurdناوبردوە.

بەردنووسەکانی ئاشۆریش لە بانوو بورگە،"کارداکا"و تایفەی"کورتیە"و"کورتی"یان ناو بردووە و لە ئاکامدا لە ساڵی 401ی بەر لە زایین گزنفون سەردارو مێژوونووسی

یۆنانی لە خەڵکانێک کە چاخی پاشکەشی لەشکرەکەیان لە بەرامبەر سوپای ئێران،بۆ سەر ئەویان هێرش بردووە بە ناوی"کاردۆ) ناو هێناوە(8).

دیاکونوف دەنوسێ: (ئەزموون و لێکدانەوەی ناوەڕۆکی ئەوان نیشان دەدا کە وشەی"کوتی" تەنیا لە هەزارەی سیوەم و دووەمی بەر لە زایین ماناو مەفهومی خۆی هەبووە و بە گروپیک و ڕەچەڵەیەکی دیاری کراوە گوتراوە کە وێدەچێ لە ئازەربایجانی هەنۆکە و کوردستان ژیانیان کردبێت.... لە هەزارەی بەر لە زایین هەموو"اورارتوییان" و خەلکی"ماننا"و"ماد"کانیان بە "کوتی" ناودەهێنا(9).
سەرچاوەکان:

4-ئیحسان نووری پاشا. مێژووی ڕیشەی ڕەچەڵەی کورد. ل 87.
5-ڕەشیدیاسمی. کورد وپیوستگی نژادی وتاریخی او. ل 90تا 93.
6-گ.پ.آکوپف. کردان گورال. ترجمەسیروس ایزدی ص 54.
7-سرلشکرحسن ارفع. کردها.ص 8.
8-احسان نوری پاشا. تاریخ ریشەهای نژادی کرد.ص 4.

گیرشمن دەنوسێ: (گوتی Gutiیەکان تایفەیەک لەایلامیانی چیانشینی دۆڵ وگەڵیەکانی کوردستان بوون(10).

لە دایرەةالمعارفی ئامریکادا هاتووە: (کوردەکان پییان وایە لە ڕەچەڵەی"Gutiیان "Qurti"نە خەڵکانێک کە لە3600هەتا2400ی بەر لە زایین لە سنووروتخوبی هەنۆکەی ئەوان زندگییان دەکرد(11).

استریون ناوی ئەوهۆزانە کەدەوڵەتی مادیان پێکهێنا نووسیوە وگرنگترینی ئەوانی "کورتی" و"مەرد" (مارد) ناوبردوە(12).

عەلی ئەسغەری شەمیم دەنوسێ: (بەڵام ئەم حەقیقەتە مسۆگەرە وگومانی تێدانییە کە مەملەکەتی دێرینی کاردا، یان کاردۆ، کە جێ دانیشتنی قەومەکانی ئێرانی ڕەچەلەی کاردو، یان خالدی بووە،ئەمڕۆکانە لانک و بیشکەی پەروەدەی ئیلاتی کوردە خێڵات و عێلاتی کوردە و زێدەلەمە شاهدو بەلگەو دەلیلی مێژوویی یەکیەتی ڕیشەی نێوان دوو کلیمەی کوردو کاردۆ نزیکەکایەتی و خزمایەتی و پەیوەندی ڕەچەڵەیی کوردەکانی

ئەمڕۆکە، لە گەڵ کاردویەکانی قەدیم و دێرین بە شێوەیەکی کامڵ وپتوون مسۆگەرو ئاشکرادەکات(13).

شەمیم دیسان لەچێگاوشوێنەکی دیکە دەنوسێ: (ئەسترابوون لەدوو بابەت لەکتێبی خۆی بەنەتەوەکانی ئیرانی سیرەتی ئاماژە کردوە یەکێک لەکتیبی 11.پاژی 13.بەشی 3 کەلەنیوژماردنی نەتەوەکانی دانیشتووی مادی،بەدوو نەتەوەی ئیرانی"سیرتی" و"مەرد" (مارد)LesMardes ئاماژەدەکات وشوێنی جێ دانیتنی حەسلی ئەوان بە پارس دەزانێ ولەبابەتەکەی دیکە لەکتێبی 15کەتایبەتی جوغرافیای ئیران وهندە لەبەشی هەوەڵ لەپاژی سیوەم دیسان لەدووەم قومی "سیرتی" و"مەرد" ناو هێناوە وئەوانی لەتۆوونەتەوەکانی پارسی دەزانێت(14).

پڕفسۆرمینورسکی لەئەنجومەنی نێونەتەوەیی مستشرقین لە مەردەکانMardesماردەکان، قسە دێتەگۆڕ و ئەوان لە گەڵ"مانینابییەکان،(مانینایەکان)"منایەکان"بەرامبەر دەکات و دەلێت: (کوردەکان خۆیان بە کرمانج دەزانن و ئەمە لە دوو کلیمەو وشەی پێکهاتووە، هەوەڵ وی کە(ج) پاشگرێکە کە دەبێ ئەوەی جیاکەیەوە. ئەوکلیمە دووبەشی دەمێنێتەوە. یەکێک"کر" وئەویدیکە"مان" لە منایی(مننایی" ومنتیاتوی" یە.

سەرچاوەکان:

9-دیاکونف. تاریخ ماد. ترجمە کشاورز.ص 138.
10-گیرشمن. ایران ازآغاز گااسلام. ترجمەدکترمحمد معین.ص 26.
The Encyclopaedia Americanna Vol.16.p.558.1968.-11
12-استرابون. کتاب 11. فصل 13.
13-شمیم. علی اصغر.کردستان.ص 36.
14-همان کتاب ص 39، 40.

ئەگەر بێتوو"مەردە"کان بنەچەکەی " منابییەکان" بن،ڕەتەوەنامەی کوردەکان کە مەسعودی( سەدەی دەهەمی زایینی) ناو لێدەبات بە تەواوی وەڕاستگەڕانی مێژوویی پەیدادەکات بەمجۆرە (کوردی کوڕی کوردبوون و مەردبوون....بن هوازن)بەیەکجارەکی دەکرێ بگوترێت کە ڕەچەڵەی کورد پێکهاتوو لە تایفەکانی کۆن و دێرینی:مردۆی

و"کوردۆی Kyrtioiیە کە هەر دوو بە پەڤین و ئاخافتنی نزیک بەیەک بە"مادیان" قسە دەکرد(15).

(دیاکونف)یش "ماننابیە"کانی وەکوو"لولوبیە)کان و"گوتیە" کان دادەنێ و بەشێکی" یەکیەتی قەبیلەکانی ماد"ناوبردراون.(16).

عومەرفاروقی دەنوسی:( شاری سەقز بێ دوودڵی پێتەختی"مانابیە)کان بووە کە "مانا"کان یەکێک لە تایفەکانی ماد بوونە(17).

محەمەدعەباسی لە پێشەکی شەرەفنامە دەنوسێ:( لە بەردنووسێک لە"وارادنز Varad-Nannar،کە پەیوەندی بە چوارهەزارساڵ پێش هەیە ناوی"کورد"دەبینرێ. ئەمە توردانژن Thureau Danginلە گۆڤاری ئاشۆڕناسی فرانسە جلد پینجەم 1902-1898 گێڕاوەتەوە کە وەڕاستگەڕانی و دورست گوتنی وی تەقریبەن لیکۆلەرو تویژکاران پەسندیان
کردوە(18)

مراداورنگ دەنوسێ: (لەنووسینەکانی ئێرانی ویۆنانی وسومری و لەبازیک زوانەکانی دیکە تووشی زنجیرەیەک لەناوەکان دەبێن کەلەگەڵ وشەی کورد هاوڕیشە وهاوهەنگاون نیشانەی کوردەکان یان بازێک لەسەرزەمینەکانی کوردنشینن وەکوو: کاردا،کارداک، کارداکا، کاردو،کاردوک،کارتاوی،کارتاویە، کاداویە،کارتی،کاردخۆی،کاردشوی، کوردوخی، کورتی،گوتی وهێندیک لەوشەکانی دیکە.

مراداورنگ لە دوایی نەقل و قەولی سەرەوە لە"تورودانژن" ڕۆژهەلات ناسان سەبارەت بەدوو نووسین و بەردنووسینێکی ئاشۆڕی پەیوەند بە/4000ساڵ پێش لەبابەت سەرزەمینی کورد یان کارداکا کە لە گۆڤاری ئاشۆڕناسی بینیوە ودیسان دەنوسێ: ( 1116-1090) ساڵیک بەرلە زایینی مەسیح" تیگلات پیلسریەکم-Tiglat Pilleset پاشای ئاشۆڕ لەکێوەکانی "ئازو" لەگەڵ گروپیك بەناوی "کرتی" شەڕیکرد وبەتوندی تێشکا. درای ورDriverڕۆژهەڵات ناس دەلێت: "ئازو" هەرئەو"هازوی" ئێستایە کەبە "ساسون" یش ناوی دەبن.

له نووسینەکانی "استرابون" وادەردەکەوێت کە سەردەمێک بۆ کێوەکانی نێوان"دیاربەکر" و"مووش" وشەی"کردوا" لە کارکراوە و یۆنانیەکان خەڵکی ئەم مەملەکەتەیان "کاردوخوی" ناودەبردن. تیکە دووەم وشەی"کاردوخوی" یانی "خوی" لە زوانی ئەرمەنی نیشانەی زێدەبوونی بەتۆپل و بەکۆ دەگەیەنێت کە نووسەرانی یۆنانی ئەم ناوەیان لە ئەرمەنیەک بیستبێت.

سەرچاوەکان:

15-مینورسکی. نقل نیکیتین درکتاب کردوکردستان ونقل درمقدمه شرفنامەص36.

16-دیاکونف،تاریخ ماد. ترجمه کریم کشاورز.ص 16.

17-عمرفاروقی. نظری بەتاریخ وفرهنگ سقز کردستان.ص 16.

18-مقدمه محمد عباسی برکتاب شرفنامه بدلیسی. ص سیزدهم.

لە لایەکی دیکە،لە نێو ئەو دەستەیە لەو وشانەی کە باسیان لێکراوە لە گەڵ وشەی خالدی هاوهەنگاو دەبینرێ. خالیدیەکان کە لکێک لە کوردەکانن لە سەردەمی ئاشۆڕیەکان یانی چاخێک کە لە دەوروپشتی ئاگری(ئاڕاڕات)نیشتەجێ و دانیشتووبوون بە ناوی"اورارتو" یان "اوراشتوUrshtuناو دەبردران و دەناسران.

ئەم گروپە لە کوردەکان یانی" اورارتو"کان لە سەدەی نۆهەمی بەر لە زایین لە ڕەخ گۆلی وان حوکمڕانیان دەکرد و فەرمانڕەواو حوکمڕانیان هەتا سەدەی شەشمی بەر لە زایینی بەردەوام بوو. پڕۆفسۆر"مایر" هەوەڵین شوێنی لە دایک بوون، یان هەوەڵین نێشتمانی ئەوان لە قەراخ چەمی "ئەرس" دەزانێ بە ئێرۆکە"کاردشوی"یانی بنکە و پایەگای کوردەکان دەگوترا.

ڕۆژهەڵاتناس"ریسک Rieske" دەڵێت: (وشەکانی "خالد" کوردی" کورد لەگەڵ وشە وپەیڤینی "کوردیای"ناوی دەهاوئاهەنگ وهەمدڵ موافقن، سەرجەم نیشانە ونموونەی شتێکن.)

گروپێک لە زاناو پسپۆران لە سەرئەم بۆچوون ئاقیدەن کە مرۆڤی"کورتیCyrtii" کە مێژوو نووسانی یۆنان ئەوانیان لە جەرگەی هۆزەکانی"ماد" و"پارس" ناو دیرکردوە،هەرئەم کوردانەی هەنوکەن. پشتیوانی ئەم قسەو ئاخافتنانەی کوردەکانی سەردەمی ساسانیان لە فارس بەرانبەری کارنامەی ئەردشیری بابەکانە(19)".

عەلی ئەسغەرشەمیم بە ئاماژە بە بەڵگەو بە کتێب گوروپدیای گزنفون دەنووسێ: (نێوان کلیمەی"کاردو" و" کلیمەی"خالدی" (حالدی)پێکهاتنی پەیڤین و نزیکایەتی تەواوبوونی هەیە و خالدی ناوی سومری ئەوتایفانەیە، کە ئاشۆڕیەکان ئەوانیان:اوراتو"یان"اوراشتو" نووسیوە و لە عبری بە ناو(ئاڕاڕات)یانی ئاگری،و لە یۆنانی"گزاردو"گوتراوە.

هەرئەو خالیدیانە بوون کە لە سەدەی نۆهەمی بەر لە زایین بۆ ئەرمەنستان کۆچیان کردەو لە باکووری "گۆلی وان" دەوڵەتێکی سەربەخۆیان پێکهێنا و ئەم دەوڵەتە هەتا سەرەتای سەدەی شەشەمی بەر لە زایین بوونی هەبوو. لەو کاتێدابوو کە هۆزەکانی تازە پشووی ئەرمەنی بۆ مەڵبەنی"وان" هێرشیان بردوە،خالیدیەکانیان بۆ لای چیایەکان ڕاونا.

کۆتایی پێهاتنی دەوڵەتی ئارایایی نەتەوەکانی خالیدی یان کاردو بە دەستی ئارامەنیەکان ئەو شوێنانەوارەی کە ئەوان لە ماوەی سێ سەدە لە سەرزەمینی لێدانیشتووی خۆیان  بە جێهێڵا بوو لە ناو نەبرد بەڵکوو لە دوایی کۆچکردنی هۆزەکانی خالیدی بۆ بەندەن و چیاکان، ناوی ئەو شوێنەوار هەرماوە و لە سەردەمی دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات(بیزانس) بە ناوی"خیڵات" یان"ئالخات" دەگوترا(20).

ڕەشیدیاسمیش بە بەڵگەی کتێبی گزنفوون نووسیویە: (لە سەدەی نۆهەمی بەرلە زایین، لە دەڤەری"وان" دەوڵەتێک پێکهات بە ناوی" هالدیا" (خالیدی) کە ئاشۆڕیان بە وانیان"اوراتو" گوتوە. دەوڵەتی" اوراتو"ەکان هەتا سەدەی شەشەمی بەر لە زایین مابوو. لە دوایی سەرهەڵدانی ئارامنە"حالیدی)یەکان یان" اوراتوەکان" بۆ بەندەن ڕوییین و بڵاوبوون(21).

دوکتورحەشمەتوالله تەبیبی، لە پێشەکی کتێبی(توحفەی ناسری لە مێژوو جوغرافیای کوردستان) دەنوسێ: (بەر لە هاتنی هۆزەکانی کوردی ئێرانی بۆ مەڵبەنی کوردستان، قەومی ئاریایی ڕەچەڵەی دیکە بە ناوی"کاردوKardo لەم وڵاتە دانیشتوو هەبووی تەمەدن و پێکەوتویەکی تەقریبەن گرنگیان هەبووە کە لە گەڵ کۆچکردنی هاوتۆرەمەی خۆیان لە دوای هاتن پێکەو ئاویتە و تیکداتوانەوە و لە ئاکامدا کۆچەرەکانیش بە هاوناوی کادوناودێر بوون. بناخەی ئەم بۆچوونە ئاماژەیەکە،کە لە یەکێک لە تەتەڵە

بەردی ئاشۆڕی پەیوەند بە دووهەزارساڵ بە لە زایین بووە. لەم لوحەدا لەوڵاتێکی بەناوی"کاردا" یان" کارداکاKardaka"ناوبردراوە کە لە دەریاچەی "وان" بۆلای باکووری درێژبۆتەوە و دژو قەڵات وقەڵایچەی گەلێک قایم و موحکەمی لە دەڤەرەکانی بدلیسی هەنۆکە هەبووە کە شوێنەواری ئەوان هەتا سەدەی پینجەم و شەشەمی هیجریش هەرمابووە)

دوکتورحەشمەتوللە تەبیبی، لەبەردەوام بوونی قسەکانی دیسان دەنوسیٚ: (بازێک لە مێژوونووسانی نویٚ کوردیان بە"خلد" و"خالدی" هێناوەحیساب وەکوو"ڕایسکە" کەگوتوویانە: "خالدی" و"کورتی" کوردی"و"کوردیای"هەموویەکن. لەبزی:خالیدی"ناوی ئەوتایفانەی سومرییە کەئاشۆڕیەکان ئەوانیان" اوراتو"یان"اوراشتو" نووسیوە. قەومی خالیدی لەباکووری "دەریاچەی وان" دەوڵەتێکی سەربەخۆیان پێکهێنا....... جگەلەوانە ئەمانە دەلیل وبەڵگە وساهێدی مێژوویی وجوغرافیایی، یەکیەتی ڕیشەی نێوان دووکلیمەی"کورد" و"کاردو" ونزیکایەتی وپەیوەندی ڕەچەڵەی کوردەکان ئەمڕۆ لەگەڵ کاردوکان بەتەواوی دوورلەشک وگومان وەڕاست دەگەیێنیٚ.

هەروا زوربەی لێکۆڵینەوە وتۆژینەوەکانی عیلمی زانایان و پسپۆرانی ئوڕوپایی لە مەڕ ڕیشەی لەبەزی "کورد" ئاشکراکەرو پەردە لە سەرلادەری ئەم ڕاستییەیە، کە"کورد"ناوی قەومەکانی زۆربە ئێرانی وەکوو"ماد" و"پارس"ە لە چیاکانی ڕۆژئاوای ئێران ودەوروپشتی وی هەتا باشووری شامات و باکووری ئەرمەنستانی وەبەرەخۆیداوە وسەرجەمی هۆزەکانی دێرین کە لەم بەشە لە ئاسیا ژیانیان دەکرد لە خۆیداتواندۆتەوە و بەناوی دانێشتوانی سەرەتایی ئەم دەڤەرە لە فەلاتی ئێران ناوبردراوە.

بە دەستەواژەیەکی دیکە"کورد" ناوی لکێک لە ڕەچەڵەی ئێرانییە برای مادو پارس یان حەینی نەفسی شت،مادوپارس، کە لەگەڵ ناوی نویٚ بۆتە فەرمانڕەوای دەڤەری پان و بەرین و هەراوی زاگروس، و قەومەکانی بە سەرهەوی لە بەشێکی خۆی زانێوەو بەناوی کوردی ناودێرکردوە.).

لە ساڵەکانی زوو پسپۆرانی وەک"هارتمان" و"نولدکە" و" وایسباخ" بەم بۆچوون و ئاقیدەگەیون کە هۆزی"کورتی" کە مێژوو نووسانی یۆنانی دێرین ئەوانیان بە بەشێک لە تیرەکانی"ماد" و"پارس" ناوبردوە ئەم کوردانەی هەنۆکەن.  پەسندکردنی ئەم

قەولە بوونی هێندیک تایفە لە کوردان لە ئیقلیمی پارس لە سەردەمی ساسانیانە کە سەبارەت بەوان لەکتێبی کارنامەی ئەرتخشیرپاپکان وکتێبی مێژوونوسانی عارەب بە وی قسەگوتراوەو ئاخافتن کراوە(22).

سەرلەشکر حەسەن ئەرفع سەبارەت بە هۆکاری پەیدابوونی ناوی کورد دەنوسێ: (بە هۆکاری سەرزەمین و ئاخافتنەکانی ناوچەیی Korduene یا Kerducci کوردەکانی دێرین، ناوی"کاردۆخ" یا"کاردیخ" کە ناوی دانیشتوان و هاوولاتیانی وێ بوو بەوخەڵکەگوتراوە و ناوی"کوردی" هەنۆکە لە دوایی هێرشی عارەب لەم سەر زەمینەنرا (23)

سەرچاوەکان:
19-مراداورنگ. کردشناسی.ص 34هەتا 37
20-گزنفون. کوروپدیا. جلدسوم. فصل اول. نقل علی اصغرشمیم. کردستان.ص 35و36.
21-ڕەشیدیاسمی. کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او. ص 89.

واسیلی نیکیتین دەنوسێ: ( لە جوغرافیایی ئەرمەنستانیش دەتوانرێ ناوەکانی هاوتەراز Kortaia کە بتلمیوس ئاماژەی پیدەکات"کرچخ Kortchekh وکردوخ وکردیخ)یش پیوەزێدەبکەین و دەکرێ بەم ئاکامە بگەین کە"کورتیویی- کوردەکان لە بەرفرەوانی و پانی بەرینی جولانەوەو گوێزەگویزی خۆیان بە ڕێگایەکداڕویون کە لە قەراخ گۆلی ورمێ(اورمیە)بۆلای"بۆتان" دەروات و ئەو گۆڕەپانە لە سەرەتای سەدەی چوارەمی بەر لە زایین بە سەر زەمینی کوردنشینی"ماهکرد Mahkert ناسراوە).

بە کەلک وەرگرتن لە توژینەوەی مینورسکی: لە چاوگەی ڕاستیەکانی مێژوویی و جوغرافیایی، زۆر وێدەچێ کە میلەتێک بە ناوی کورد لە تیکەڵ بوونی دوو هۆز،دوو قەبیلە،وەکوو "ماردوییەکان"و"کورتیوییەکان" کە هردوو بەزوانەکانی مدی=فارسی کۆن)زۆر نزیک پێکەوە ئاخافتوون پێکهاتبێ. لە لایک ڕوون وئاشکرایە کە کوردەکان لە بلاوبوونەوە بلاوکردنەوەو بەرینکردنەوەو فراوانی قەبیلەکانی خۆیان بۆ لای ڕۆژئاوا زۆربەی خەڵکی ناوچەیی و ئەوێیان لە گەل خۆیان تیکەڵ کردوە(24).

سەرچاوەکان:
22-دکترحشمت الله طبیبی. مقدمە برکتاب تحفەناصری درتاریخ وجوغرافیای کردستان صص پینج تاهفت.

23-سرلشکرحسن ارفع. کردها.ص 1.
24- واسیلی نیکیتین. کرد وکردستان.ترجمه قاضی. صص 53-54

نیکیتین دیسان بە بەڵگە بە وتەی مینورسکی دەنوسێ: ( هێزەکانی دەهەزارکەسی گزنفوون(کە لە دوای تێشکان لە سوپای ئیران لە حاڵی پاشەکشە بۆ لای یۆنان بوون) کەوتنە بەرهێرشی گروپێکی ئێرانی. ئەمانە"کورتیویی Kyrtioiها لە قەوموکانی"ماد" ولە گەڵ ئەوان خزمایەتیان هەبوو").

نیکتیین لە ژێرنووسێک مەتڵەبی سەرەوە ئازانتی دەکات: کوردەکان ئەو سەردەم لە فەن وفێلی نیزامی پسپۆرو دەنگین بوون و ئەمن بۆخۆم لە مێژووی دەورانی دێرین لێێ بینیومە کە"پلوتارک" لە بەسکردن لە"لوکولوس" دەلێت: کەلە"آنتیوخ"لەگەڵ یەکێک لەسەرۆکانی کورد وتووێژی کردوە(25).

پلوتارک لە بەشێک"لوکولوس" کتێبی خۆی،ولاٌتی کوردانی(گوردینی" نوسیوە،ئەودەڵێت کەلوکولوس لە وێ لەگەڵ یەکێک لە سەرۆکانی ئەوان وتوویژی دەکات و کوردەکانیش هەر"گوردێنیان" ناودەبرد)پلوتارک لە چەندلاپەڕەی پێش،لەچاوپێکەوتنی لوکولوس لەگەڵ سەرکردەی،پاڵشا(شاهک)"کوردینیان Cordyeni"دەدوێ ودەلێت ناوی وی Zarbienu بووە(27).

استرابون Strabonجوغراڤی زان و مێژوو نووسی بەناوبانگی یۆنانی کۆن(چل بەرلە زایین) سەبارەت بە چلۆنایەتی ڕاهێنان و پەروردەکردنی لاوانی کورد هی ئەو دەورەی ئەوها دەنووسێ: (لاوەکانی پارسی ئەوهاڕادێنن کە لە سەرماو گەرما وباران وهەتاوهێزوپێزیان هەبێ و تواناوو وەرزیدەبن و شەوانە بتوانن و بشێن لە کش وهەوای ساردوسڕ لە میگەلە و کە تەپەزەکانیان پارێزگاری بکەن. ئەونیان(کردوک Kardakپێدەگوتن. خەڵکی کردوک لە ڕیگای تالاٌن پژێوی خۆیان وەدەست دەهینا و"کردا" بە مانای مرۆڤی دلێر و جەنگاوەرە.(28).

مراداورنگ دیسان ڕیشەی هەوەڵی مانای کورد دەنوسێ: (بەپیی بەڵگەی مێژووی ناوی"کورد"کەلە سیفەتی(گورد)بەهۆی دلێری وجەبگاوەری وپاڵەوانی قارەمانی کوردان هاتووە،وابەنەزەردەگات کەوردەورده بە"کورتی" کارتی، کاردو،کردوک، کردک وکوردو گۆڕاوە کە گزنفوون واسترابون لەکتێبەکانی خۆیان لەویان باس کردوە(29).

واسیلی نیکیتین،یش دەنوسێ: (یەکێک لەوان لەزوانی ئاکادات وئاسۆڕیش"کردۆ" بەمانای بەهێزوپاڵەوانە و"کەردۆKaradou" بەمانای قەوی بوونە.

نیکیتین هەروا لە قەولی مینورسکی بە وێکچوونی ناوەکان لە زوانەکانی ئاکادییەکان، سومرییەکان،ئاسۆڕییەکان،یۆنانیەکان و سامیەکان وهتد...کە هەریەک وشەی کوردی بە جورێک قسەپێدەکەن ئاماژەی کردوە و دەنوسێ: (ئەم وێکچوونانەی ناوەکان لەم زوانانە هۆکاردەبێ بازێک کۆنینە ناسان کوردەکان بەمزاق و چێژە،یان بەعینوان نوێ گۆیی یان لە ڕووی زەروری و پیداویستەکانی سیاسی بە یەکێک لە ئەوان(وەکوو کلدانیەکان یان سامیەکان)نیسبەت بدەن و هەنۆکە، کە زبان و مێژوو و فەرهەنگ و ڕەچەڵەی کوردەکانی"مادی" نیشان دەدا کە ئەمانە هەڵواردە لە وانەن، بەتایبەت کە جوغرافی زان و مێژوو نووسی بە ناوبانگی وەکوو گزنفوون ناوو پێناسی کوردەکانی شی دەکاتەوە(3) بە تایبەت کە سەبارەت بە زوانی کوردیش بینیمان کە ئیستا لە برەوترین بیروبۆچوون و ئاقیدە ئەمەیە کە ئەوی بەزوانی ئێرانی (فارسی) پەیوەند دەدەن(31).

سەرچاوەکان:


25-همان کتاب.ص 51.

26-پلوتارک.ج 2.لوکولوس.ترجمە سیداحمد کسروی صص 99- 100.

27- همان کتاب.همان جلد. ص 84.

28- Strabon.

29-مراداورنگ کوردناسی. صص 36و37.

30-واسیلی نیکتیین.کردوکردستان. ترجمە محەمەدقازی صص 35و36.


یەکی دیکە لە کۆنترین ئەو ئیخبارەی کە سەبارەت بەکوردان لە دەست دایە کتێبی بەناوبانگی Anabasisیان سەفەرنامەی شەڕی Xenephonسەرداری لەشکر و جوغرافیادان و مێژوونووسی یۆنانییە.

ڕاپۆرتی گزنفوون مێژوونووس وجوغرافیازان وفەرماندەری شەڕی یۆنان سەبارەت بە تێشکان و پاشەکشەی لەشکری دەهەزارکەسی ئەو لە بەرامبەر ئەردشیڕی دووەمی

هەخامنشی شاهەنشای ئیران(401-400. ق. م)و سەبارەت بەچلۆنایەتی تێهەڵچوونی شەڕی سوپاکانی یۆنان لە گەڵ قەبیلەی"کوردوک" یان کردوخ"Kordouxoi"لەنێوان چیاکان و دۆڵ و گەڵیەکانی کوردنشینە کە لەئاکامدا لەوکتێبەی "ئانابازیس" دەگێڕێتەوە: سەرداری یۆنانی بەلێکۆلینەوە وتۆژینەوە بۆ ئاگاداری لەڕیگای گەڕانەوە و پاشەکشە بۆلای کێوەکان وەڕیدەکەوتن کە بلاوبووەکانی وی کردوک بوون وئیکجاردلێرو بە غیرەت......سەردارانی یۆنانی فەرمانیان دابوو هەتا بەدیل گیراوەکان لە شوێنێکی بە جیا ڕابگرن هەتا لە تاک تاکی ئەوان ئاگاداری تەواو بەدەست بێنن و نەهێڵن ئەوان تێبگەن کە سەردارانی یۆنانی لە کام ڕێگا دەرۆن. سەردارانی یۆنانی بڕیاریان گرتبوو کە لە چیاکانی کردوک تێپەڕبن....... چونکە نەیاندەویست کردوکەکان ئاگادابن و بزانن کە ئەوان مەبەستیان ئەمەیە واردی وڵاتی ئەوان بن و بەرزایەکان بەر لەپێهەڵاچونی شەڕ لە کردوکەکان بگرن..........

نزیکەی ئاخری شەو یۆنانیەکان دەستیان بە ڕۆین کردو خۆیان گەیاندە بەرزایی کێوەکان. دیسان لە ڕۆین بەردەوام بوون هەتا خۆیان گەیاندە گوندێک کە لەناوگەڵی هەڵکەوتبوو. کردوکەکان ماڵەکانیان بەجێ هێشتبوون و لە گەڵ ژن ەمنداڵەکانیان بۆ شوێنی بەرزایەکان دیکە چووبوون. یۆنانیەکان چوونە ماڵەکانیان ئازوقەیەکی زۆرقاپ قاخێکی زۆری مسیان دۆزیەوە بەڵام نەقاپ وقاچاخەکانیان تاڵان کردن ونە بەدوای خەلکیش کەفتن.

سەرچاوەکا:
31-همان کتاب. ص 45.
* کردوک Carduquesتلفظ فرانسوی شده کردوخKordouxoiیۆنانی است. زیرافرانسویها مخرج"خ" ندارند ولفظ کردوک هم بەکردنزدیکتراست،

کاتیک دوماهی لەشکری یۆنانیەکان بۆ دۆڵ و گەڵی سەراوژێر بوون کردوکەکان هێرشیان کردنەسەرو چەندکەسیکیان لە یۆنانیەکان بەتیر و گاشە بەردغلۆزکردنەوە بریندارکردن و کوشتن. کە سیوادی بەیانی دا یۆنانیەکان لە ڕۆین بەردەوام بوون وسەرانسەری ڕۆژ لە گەڵ کردوکەکان لە شەڕو بەربەرەکانی دابوون کاتێکی کەمیان بە وچان تێپەڕکرد. ڕۆژی دوایی لە چاخێکدا کە یۆنانیەکان بە ڕیگایەکانی تەنگدا

دەڕۆیشتن، کردوکەکان لەسەرەوەڕا بەردیان تیدەگرتن و بەسەریانداغلۆردەکردنەوەوو تیرەبارانیان دەکرد.

کاتێک یۆنانیەکان خۆیان گەیاندە شوێنێکی ئەمین،فەرماندەری ئەوان(خیریسف) دیلەکانی بانگ هێشت ولەوان یەک یەک ڕێگای هەڵاتنی لەپرسیارکرد. هیچ کامیان قسەیان بەدڵی ئەوان نەگوت: یەکەکی هەڕەشە بەکوشتن لێکرد چونکەلەدانی ئاگاداری خۆی بوارد سەرئەوی لەپێش چاوی هاوڕییانی بڕی.

لە ئاکامدا دیلەکانیان خستنە بەر ئەشکەنجەو جەزرەبە یەکیان تابی نەهینا حازربەدەم پێداهێنان بوو دەست و لاقی ئەویان بەست لە پێش لەشکر لەگەڵ خۆیان برد. چاخێک یۆنانیەکان لە درێژایی دۆلێکی کە لە حالێ ڕۆیشتن و تێپەڕین دابوون کردوکەکان، لە سەرەوەی چیا گاشەبەردی گەورەیان بە سەرداغلۆردەکردنەوە ئەم بەرگلۆزکردنەوە هەتا بەرەبەیانی بەردەوام بوو. یۆنانیەکان بە هەرشیوەیەک کە بوو خۆیان گەیاندە بەرزایی و دوندو لوتکەی کیوەکان و دەستیان وەگروپێک ڕاگەیشت و ئەوانیان کوشتن.

لە ئاکامدا گزنفوون لە دوایی شیکردنەوەی پێکهەڵچوونەکانی زۆری کردوکەکان ویۆنانیەکان لە ناوگەڵی و دۆڵ و دانەبەردو ڕەوزی چیاکان دەنوسێ: ( یۆنانیەکان ئاگربڕی شەڕیان بە کردوکەکان پێشنیارکرد و جەنازو تەرمی کوژراوەکانی خۆیان لەوان داواکرد. کردوکەکان ئەم ئاگربڕەیان قەبووڵ کرد بەم مەرجە کە یۆنانیەکان ماڵەکانیان تالان نەکەن و گوندەکانیان ئاگرتێبەرنەدەن.

بە پێچەوانەی ئەم پێشنیارە کاتێک کە یۆنانیەکان لە بەرزاییەکان هاتنەخوار کردوکەکان دیسان لە سەرەوەی چیاکان دەستیان بە دغۆڵکردنەوەی گاشەبەرد بە سەر یۆنانیەکانداکرد و لە هەرشوێنێک کە تەنگ و بەرتەسک بووڕێگایان لێ بەرەبەست کردن شەڕیان بەردەوام کرد)

لە ئاکامداگزنفوون دەنوسێ: (کردوکەکان خەڵکانێکن بە ئەزموون و بە دستووبرد و پسپۆرو تالیم دراو تەردەست و چابک و چالاک. چەکی ئەوان بریتی لە تیروکەوان و قۆچەقانیە. لە شەڕو هەڵاتن و پاشەکشە ماهیرو لێزانن. تیرهاویژی پسۆوریان هەیە.

کەوانی تیرهاوێژی ئەوان بەبرێژی سێ ارش(یەک مێترونیوە) ودرێژی تیرەکانیان بەمێترێک. تیرەکانی کردوکەکان قەلخان جەوشە کون دەکەن.(32)

نیکیتین پسپۆری مێژووی کوردستانیش لەکتێبی خوی لەدوایی ڕاپۆرتی سەفەری گزنفوون دەنوسێ: ( ئەم کردۆخانە باپیرەگەورەی کوردەکانی ئەم سەردەمەن.(33).

هەتا ئیرە سەبارەت بە ناوەکانی هاوڕیشە لە گەڵ وشەی کورد وگۆڕانکاری وی لە زبانەکانی مللەتانی کۆن و دێرین نزیک سومریان،ئاشوڕیان،ئارامیان و شوینەواری پارتەکان و پارسەکان قسە هاتەگوڕ و کرا. هەنۆکە بە لێگێرانەوەی دوو بابەت لەم بارەوە ئامازەیەکیش بە سەردەمی ساسانیان دەکرێ بەڵام چونکە ناوی کورد،ئیدی لە سەردەم و سەرەتای ساسانیان لە کتێبی کارنامەی ئەرتخشیرپاپکان و کتێبی دیکە ئەو چاخ و لە دوای ئیسلام لە کتێبی عارەبی و وەگێڕدراوەی لە پەهلەوی بە ناوبانگە، هەر بەمە بەس دەکەین. ئەمەش لێگێرانەوەی دوو بابەت پەیوەند بە سەردەمی ئیشکانیان:

گوتشمیدی کۆنینەناسی ئاڵمانی لە قەولی مێژوونووسانی سەردەمی دێرین لە دووبارە وەرگرتنەوەی سەر زەمینی"کوردونەKorduene" لە ناوچەکانی چەمی دەجلە کە لە لای ڕۆمیان لە ماوەی شەڕیکدا دەستی بەسەرداگیرابوو بە دەستی فەرهادی سیوەم پاڵشای ئەشکانی خەبەردەدات. هەروا ئەم کۆنینەناسانە بە دوای ئەم ڕاپۆرتە لە ناوگیرانەوەی بازیک ڕووداوی مێژوویی ئیدی لە نیوان دوو وڵاتی ئیران ورۆم دیسان چەند جاریش شوین بەشوێن لە سەرزەمین ووڵاتی کوردونە ناودەبات.(34)

گوتشمید لەشوێنێکی دیکەی کتێبی خۆی لەشیکردنەوەی یەکێک لەشەڕەکان،نیوان ئیران ورۆم مابەینی بلاشی ئەوەڵی ئەشکانی ونرون دیسان لە"کوردونیەکان"یان خەڵکانی کورد بوخچەی قسەدەکاتەوە ودەڵیت ودوایی بەدوای ئەم بابەتە لەگەڵ ڕاپۆرتێکی دیکە بەدوای ناوی "کوردونیەکان،لەمادەکان بەلەبزی"مارکومدیەکان" کەگەردوو لەسنووری ئەرمەنستان وماد دانیشتووبوون ناودەبات ولەلاپەڕەی دوایی ناوی چیاکانی کردونیKardynenonی دێنێتەوە(35).

ئەم بەشە لەگەڵ بابەتەکانی ئەمین زەکی دەستی پێکرا ولێرەبەلێگێڕانەوەی نووسینێک لەمراداورنگ کەهەر دوو لەبڕشت وزانست وزانیاری وسەررشتەوشارەزایی ونەزەردان وبۆچوون بە یەک پلەو پایەو بەیەک شێوەبەکۆتایی دەگات:

مراداورنگ لە کتێبی کوردناسی بە دواکەڤتنی قسە لە ناوەکانی هاوڕیشە لەگەڵ وشەی کورد دەنوسێ: (لە هێندیک لە قسەکان و نووسینەکان و هەروا لە یادگاری پاڵشاکانی ئاشۆڕی ئەوها ئاکام وەردەگیرێ کە پایەگاو بنکەی کێوەکانی زاگروس،شوێنی لە دایک بوونی هەوەڵین و نیشتمانی پێشینی هۆزو تیرەکانی"گوتی"- "کوتی" یان بە نووسینی عارەبەکان"جودی" بووە.

سەرچاوەکان:
Expedition. Translated by Rex Wamer, penguin Books Inc, iv.p.131to 32
Xenophon The Persian-139. -
33-واسیلی نیکتیین کرد وکردستان. ترجمە محمدقاضی. ص 21.
34-آلفردفن گوتشمید. تاریخ ایران وممالک همجوارآن زمان اشکانیان. ترجمەکیکاووسی جهانداری. صص 130 تا 132.
35-همان کتاب.صص 215-216.

دوو بەرد نووس وەدەست هاتوون کە پەیوەندیان بە سەردەمی"توکولتی اینورتا" پاڵشای ئاشۆرە و هەردوو وەبیرهینانەوەی ڕووداوەکانن. لە یەکێک لە ئەوان وشەی "گوتی" و لە ئەویدی وشەی"کورتی" یان" کورهی"Kurhi" سەبارەت بە گروپێکی گەورە لە"گوتیەکان" بەکارهاتووە و سەرئەنجام سەبارەت بە"کاردوخوی" دەبێ بڵێین کە لە سەریەک وشەی"کورد"لە زوانی ئاشۆڕی و سومری و ئێرانی و بازێک لە زبانەکانی دیکە بەم ناوانەهاتووە.

هەروا مراداورنگ شکلەکانی ناوەکانی هاوڕیشە لە گەڵ وشەی کوردو گۆڕانکاری وی لە زوانەکانی دەوڵەتانی کۆن وەکوو سومرییەکان،ئاشۆڕییەکان. ئارامیەکان، یۆنانیەکان وئەرمنیەکان وهتد... باس لیوەدەکات وشی دەکاتەوە کە لە گەڵ لێگێرانەوەی محمدئەمین زەکیش ئیختلاف ودژایەتیان نییە. ئەودەنوسێ: ( بە بۆچوون و فیکری من دەبێ ڕیشەی وشەی کورد لە کتێبی کۆنی ئاویستا(اوستا)بەدوادابگەرین و

وەدەستی بخێنەوە لەم ڕێگایەوە لە مانای وی تێبگەیین و حاڵیبین. چونکە ناوەکە ڕیشەی کۆنی هەیە وکۆنترین فەرهەنگی ئیران هەرهەمان کتێبی ئاویستا (اوستا)یە کەلەسەردەمی زەرتشت بە یادگارماوەتەوە و بە قسەی فرەزانایانی "کورد" کتێبی اویستا لەگەڵ زوانی"کوردی هورامی" یان"کوردی کرمانجی" هاوڕیشەو جوورو هاوئاهەنگە. لە ئاویستا هێندیک وشە وەدەست دێنین کە لە گەڵ وشەی کورد و کلیمەی کورد و شەو کلیمەکانی دیکە جوورەو هاوئاهەنگ، ونزیکی و گونجان و رێککەوتنیان هەیە.

لە ئاویستا تووشی سێ وشە"کرتە"کرتە" کرتو"(کەرەتە،کرەتی،کرتو)دەبین کە بەمانای کاردو شمشیر، چونکە ئەم وشانە بە (تایبەت کارد)هەربەو وشانەی کەبۆ"کارد" کاردو"و کورد" باسمان لێکردن نزیک و جوورو هاوئاهەنگن. دووەم ئەمە کە ئەم مانایانە لەگەڵ خوو خدەو کردەوەو رەفتاری کوردەکان کە مرۆڤانێکن چابک و چوست و پسپۆرو وسوارکارو شەڕکەری بەئەزموون و سەرکەوتوو،پێکەوە جووردێنەوە. چونکە نیشانەی بەیداخ وئالای کوردەکانی ماد"تیروشمشیربووە و ئەم ئازانتی و شیکردنەوە لە کتێبی مێژووی مردۆخ داهاتووە، نەخشی دووشمشیر لە سەریەک داناراوە لە گەڵ تیروپەیکان، هەتاکوردەکان لەم سالانەی دوایی هەمیشە کاردو شمشیرو خەنجەریان لە بەر پشتبیند داهەبوە.

سەرچاوە:

مراداورنگ.صص(36-40).

**بەشی سێهەم:**

مادەکانی باپیران:

سەرەتا پیویستەبزانرێ"مادەکان" کێ بوون کەکوردەکان ئەوان بەباپیرانی خۆیان دەزانن،ئەوچاخ بەچاکەگوتن ومەتحی وان وشیکردنەوەی کۆچەری وپویوەندییەکانیانی کۆمەڵایەتی وبیهەمبەری وتاقانەیی ویەگانەیی ڕەچەڵەوتۆرەمەی کورد (ماد)لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئیران بچینەخوار.

مادەکان نەتەوەیەک لەنەتەوەکانی ئارییایی بوون کەلەگەڵ پارس وپارت(پرتوە)کان هەموویان هاوگروپێکی بنەماڵەیەکی مەزن ناسراون. بەقسەیەک دەیانگوت،دینیکیان هەبوو،وهەبووی ئاداب ورەسم وعادەت وفەرهەنگی تایبەتی وتاقانەیان بوون.

کۆنینەناسان قەومی پارث(پرتوەیان)بە ناوی باکتریان(بلخیان)یش دەناسن. وێدەچێ کە کۆچەرانی رۆژهەلاتی،بلخ یان بۆ ناوەندی فەرمانرەوایی خۆیان دورست کردبێ کە لە ئاوستا،بە ناوی یەکەمین شارلە مێژووی دونیاناوبردراوە. بلخیان بە باکتریا (یان)باختەر لەو رووەوە دەگوت کە ئاشنایەتی و پەیوەندی دەڤەری جیی دانیشتنی پێشووی ئەم کۆچەریانە رۆژئاوا بووە.

لە سەرچاوەکانی کۆنینەناسان هاتووە،مادەکان و پارسەکان پێکەوە لە سەروی رۆژئاوای ئاسیا و رۆژهەڵاتی ئوروۆپا بۆ سەرزەمینی نوێ واردبوونە و پاشان پارسەکان لەگەڵ گەلێک لە مادەکان کۆچیان کردوە و بۆ باکووری هاتن و لەوێ مانەوە،هەروەک ئێمە لە مێژووی ئیرانی کۆن هەتاسەردەمی ساسانیان هەتاسەدەی چوارەمی هیجری گەلێک لە تیرەوهۆزی مادکورد لە مەڵبەنی پارس دەبینین.

یەک لەوان ویل دورانت دەنوسێ: (آماداکان یان مادەکان لەرەچەڵەی هندوئوروپایین. مادەکان لەکاتی کۆچکردنی خۆیان لەبوخارا وسەمەروەند تێپەرین ولەم دەڤەرانە هێورهێوروهێدی هێدی بۆ باکوورسەراوژێربوون و کاتیک گەیشتونەتە پارس لە وێ نیشتەجێ بوونە(1)

سەرچاوەکان:

1-ویل دورانت. مشرق زمین گاهوارەتمدن،ج 1. ترجمەفارسی.صص 5و4

هەروالە کۆنینەناسان(رالف لینتون) دەنوسی: ( هەتێک کە ئارییاییەکان لە دەشتاتەکانی لەوەرگەی رۆژئاوای ئاسیا و رۆژهەلاتی ئوروپا وەدەرکەوتن خەڵکانێک بوون لە رێگای کشت وکاڵ ومەرداری بژیوی خۆیان وەدەست دەهێنا ولە کانگا لە زێرو زیوو ئاسن کەلکیان وەردەگرت و لە پێشەوەری دەستی لە فلزات و دورست کردنی کەل وپەلی ژیان ئامێرو ئامراز بەرەو پێش چووبوون.(2)

لەو جێگایەوە کە تیرەکان و هۆزەکانی ئارایی مادو پارس و پارث هەمو پێکەوە بۆ سەر زەمینیکی نوێ کۆچیان دەکرد و دیسان لەو چاوگەوە کە هەموویان زوانێک و فەرهەنگێک و ئاقیدوو دێنێک و ئاداب و ڕسوومێکیان بوونە، و لەوجێگایەوە کە مادەکان لە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاواو لە ڕۆژهەلات لە دوایی کۆچکردن و نیشتەجێ بوون،هەر کام ناوی ناوچەی خۆیان لە هەر دوو شوێن "ایرانویچ" داناوە، لەم نیشانانەوە دەردەکەوێ ئەم هۆزانە لە سەرزەمینی پێشووش،هەموویان یەکێک بوونە و لە چوارچێوەی جوغڕافیایەکی تاقانە و یەگانە ژیانیان کردوە و لەوێش وڵاتی ئەوان ناوی "ایرانویچ" بووە.

لەقەیمی ترین وکۆنترین کتێب یانی اوستا،هۆکاری کۆچکردنی هۆزەکانی ئارئایی وڕووداوەکانی وێ بۆ ڕۆین بۆ لای ایرانویچ ئەوها دەگێڕێتەوە: (پاڵشایی جەم(جەمشید )نۆسەت ساڵی کێشا ولەودەورە نەخۆشی ومردن لەخەڵک دوور بوو).

لەبەشی دووهەم هاتووە:
(ئاهوڕاموزدا،"جەم"ی لەهاتنی زستان و سەرمای توند و سەهۆڵبەندان وسەخڵەتی و بەستەڵەکی مەرگ هێنەر ئاگادارکرد و ئەوی ڕێنوێنی کرد کە شوێنێکی دورست بکات و لە وێدا تۆی باشترین خەڵکان و حەیوانات و گیاکان جووت جووت کۆکاتەوە و لە زستان و سیاقەو سەرماو سەهۆڵبەندان و تۆفان و کڕیوە بیان پارێزێ...(3)

وەکووئەم چێڕۆکە بە وێنەی باهۆز لە نووسینەکانی سەمری هاتووە و بابلیەکان ئەویان لە سومرییەکان وەرگرت. دوایی ڕێگای بۆ تەوڕات کردەوە کە بەوێنەی چێرۆکی باکوزیرکی نووح و پاپۆڕ لە مەشکەی مێشکدا ژاندراوە.

لە نبدهشن داهاتووە: (پاڵشای جەم لە"وەر" سەت ساڵی کێشا. "وەر"ئەو شوێنەیە کەجەم بۆ پاراستنی خەڵک و دەعباو جانەوەری سازدا، کە لە سەرماو سەیاقەی توند وبی ڕەزا و سەهۆڵبەندان نەمرن). و دوایی لەوندیدا هاتووە: (ئاهۆڕاموزدا بەجەمی گوت: ئەوچاخ جەم بەرەو بەرزایی ڕۆیی بۆ ڕوناهیەکان و بۆ نیو هاڵەکان بەرێگای خۆر... ئەو وین زمین رابرشفت باسوفارزین(اسب) وبرسفت باشتر...) وئاهوومزداگوتی: ئەێ جەم! وەرەسەر خۆ پانکەوەو بۆ بردن بۆ خوارەو بۆ دەعباو جانەوەرو مرۆڤان. ئەو جار جەم هەردی بەرفرەوان کرد. دووسێهەم لە وەی کە هەبوو. بۆ ئەوێ گەینەوێ.

پایان ودەعباو حەیوانەنات و خەڵکان و سەگان و باڵندەکان،هەمووی بۆسەرەوەبرد لەایرانویچ(4).

لە بندهش هاتووە: ئێرانویچ ئازەربایجانە. بازیک کۆنینەناسی وەکوو دارمستتر،ژاگ دمرگان،سرپرسی سایکس نووسیویانە ئێرانویچ ناوی یەکەمی ئازەربایجان بووە. بازێکی دیکە ئاقئدەیان ئەوهایە کە خوارزم(بەلخ)ئیرانویج)ە.

کە وا بوو سەیر نییە کە ئاشوو زەرتشت بە شێوەی ڕاسپاردراوانی خوا کۆچی کرد و لە شوێنی لە دایک بووی خۆی یانی ئازەربایجان،بۆ شوێنی لێدانیشتنی دیکەی ئارییاییان یانی خوارزم چوو. چونکە لەوێش زوانی ئەویان کە زبانی ئارییاییەکانی بەر لە کۆچ بەئیران بوو دەزانین. بەم بۆنەوە لەوێ لەدین و ڕێنوێنیەکانی ئەویان پێشوازی کرد ودینی مزدیسنا،سەرەتا لەوێ برەوی پەیداکرد وپاشان لە ئازەربایجان رواج بوو.(5)

سەرچاوەکان:
2-لینتون. سیرتمدن. ترجمه پرویزمرزبان. ص249.
3-اوستا. وندیداد.فرگرد 2.ترجمەدکترمحمدمقدم استادزبان اوستا ودکترمحمدصادق کیا استاد زبان پهلوی متن اوستا وزند. داستان جم.ایران کوده.شماره 6ص 142.
4-همان کتاب.وندیداد.فرگر2. صص 148-149.
5-غلامرزائینساف پور.نگاه بەتاریخ تبار وزبان مردم آذربایجان. صص 19-20.

هەر وەک لە ئازەربایجان دوو ئاگردان بە ناوی ئازەرگشسب هەیە. یەکێکیان پینەو پەڕۆکراوە لە بادکوبە و ئەویدی نیوە خەراپ لە شیز(دەشتی موغانی پێشوو) لەبەلخی خوارەزمیش یەکێک بەوناوە هەبووە کە خاوەن وشەدانی (دەهخدا) لە بن وشەی ئازەرگشسب، لەوی یادیک کردوە و نووسیویەتی: (ئەمەش یەکێک لەسێ ئاورگەی پیرۆزی دونیا بووەکە ئەسکەندەر ئەوی وێران کرد).

هەڵبەتە زوربەی ئارییاییەکانی دیکەش کۆکۆ لە اورال تێپەڕیون وهیدی هێدی لە سەرانسەری ئورۆپا نیشتەجێ بوون و هێندیک تیرەش لە ڕێگای ئاسیای نیوەڕاست بۆشهداد(خبیص) نزیک کرمان هاتووە سەردەمێکی دوورودرێژ لە وێ دانیشتوو بوونە وداواییەکان لەوێڕابۆ هیند چوون ولەوێ شاری"موهنجادارو"یان دورست کردکەلەدووای دۆزینەوەی وی لەچەند دەیەپێش وێکچوونی وی لەگەڵ شهداد زۆربوو وهەروا

شوینەواری پیشەوەری دەستی ئەم مهاجیرو کۆچەریانەی ئاریایی لە خاڵی ڕۆینیان لەئا سیایی ناوەڕاست هەتا هیند زۆر دیتراوەتەوە.

نوشتەاند نیوان تیرەکانی ئاریایی هند و تیرەی سەرەتای ئیران لە دەورانی بەر لە کۆچەریان بە بوونی هەموو ویکچوونی ڕەچەڵەیەی و زوانی و فەرهەنگی و دینی جۆڕیک ناڕیکەوتن و ناکوکی بوونی هەبووە... هەر ئەو ناکۆکیانە جەدایەزی هۆکاربوو کاتی کۆچ لە وڵاتی پێشوو ئەم دوو تیرە لە یەکتر جیا ببنەوە و ئەم ناکۆکییە ونەسازانە لە نیوان دوو دینی ئیرانی و هند ئاشکرابوو ئەم پێکەوە نەحاوانەوە و دژایەتی دینی سەرەتایی هۆکاری جیابوونەوەی ئیرانییەکان لە هیندیەکان بوو. بەڵام یەکیەتی دینی نێوان ئاریاییەکانی ئیرانی هۆکاری یەکیەتی وبەرە پێکهێنانی هۆزەکانی مادو پارس و پارث بوو(6).

ئەم بابەتەش لە وێکچوونی فەرهەنگی هندو ئێرانی با نەگوتراو نەمێنێ کە حەسلی زوانی هندوئوڕوپایی و هندو ئێرانی کە دوایی لەم کتێبەدا لە وی سەری قسەدەکەینەوە هەر ئەو زبانی سانسکریت و داها و اوستایە کە دایکی زوانەکانی ئاریایی دونیایە.

چونکە ئاخافتن لە مەڕ ناسینی پێناسی مادەکانە پێویستە دیسان بە کورتی تەنیا سەبارەت بە ڕەچەڵەی مادەکان و بێهەمبەری و یەکتایی ئەوان لە گەڵ پارس و پارث(پرتویەکان)بڵێین کە سەرجەمی کۆنینە ناسان لە سەر ئەمە هاو قەول هاو قسەو بیرو باوەڕو ئاقیدەی وەک یەکیان هەیە. هەمووتاقیکارو تۆژێنەرانی رووسی، ئامریکایی، فرانسوی و ئینگلیزی وەکوو دیاکونف،ویل دورانت،اومستد،ڕیچارد. ن. فرای،گیرشمن، آلبرمالە، ژوال ایزاک،ش. دولاندن،سیدنی اسمیت،سرپرس سایکس و ئەوانی وەکوو ودایرةالمعارفەکانی ئامریکانا، بریتانیکا نووسیویانە: مادەکان پارسەکان، پارث (پرتوەکان) یەک قەوم و یەک میلەتن. هەتا بەرد نووسەکانی کۆن و کتێبی پیرۆزی اوستا و تەورات و مێژوو نووسانی یونانی قەدیم و دێرین هی وەکوو هرودوت،گزنفوون و استرابونیش هەموویان لە سەر ئاریایی بوون و بێهەمبەری و یەکتایی مادەکان لەگەڵ پارسەکان و پارث(پرتو)یەکان شاهیدی دەدەن(7).

بەم هۆیەوە کاتێک ئازەربایجان مادە کوردیش مادە،ئاخۆ دەتوانین بڵێین کەوابوو کوردیش ئازەربایجانیە وئازەربایجانیش کوردە. لەم سەردەمەدا بۆچ ئازەربایجانی

ناکورددەنوێنێ وکوردنائازەربایجانی،ئەم مەسەلە نیازوئاتاجی بەشیکردنەوەولێکدانەوەی بەبارەستایی کتێبێک هەیە کەسەرجەمی کەکتێبی"میژوو وتۆرەمەو زبانی خەلکی ئازەربایجان" لەم کتبی ئەم نووسەرەداهاتووە، ئازەربایجانی کەهەتاسێ سەدساڵ پێش بەبەزەری بەیەکێک لەزوانەکانی پەهلەوی کەوەکوو زوانەکانی لوڕی وکوردی ولهجەکانی دیکەی ناوچەیی ئیران بوو دەئاخافت. هۆکاری ئەم تەوفیر وجوداپەزی لەدووربوون لەیەک لەمابینەکانی قولایی جوغرافیایی زێدەکەڕووداوەکانی هەزارسال دوایی ئیسلامیش لەوێ ڕویداوە وبەتایبەت بەهۆکاری گۆڕانی زوانی ئەوان کە300ساڵ پێش بەملاوە دەبێ بەدوایدابگەرین.

تێبینی: بەداخەوە نووسەرانی تورک وفارس لە هەمووکتیبەکانیاندا هەتالە نووسینەوەی وەرگرتنی کتینی کۆنینە نسانیش نەیانتوانییوە دەمارگرژی خۆیان نشارنەوە لە هەمووشوێنیک کەمەسەلەدەگاتەکورد ئەوان وەک بۆمب هەڵدەبزنەوە،نووسەری بەرێزکای غلامرەزائەساف پوور،لەدوایی ئەوهوموو دیاردیەسەبارەت بەکوردان دیسان جارێکی دیکەمیژووی تەژی لەدەمارگرژی خۆی دێنیتەوەدەلیت: کاتی ئازەربایجان مادە وکوردیش مادە،ناکرێ بڵێن کوردیش ئازەربایجانییە وئازەربایجانیش کوردە. ئەمن نامهەوێ بەهاوهەوس وەک ئەوبرادەرەئازەریەمێژوونەسە دوورلەبەڵگەقسەبکەم هەرنوسینی فارس وتورکەکانی خۆی بۆ بەڵگەدێنمەوە: وپیی دەسلمینم کە ورمێ پاریزگای ئازەربایجان کوردستانە: بەرموون بخوینەوە:

(خطاب بەآقای غلامرضاانصاف پور

-درموردمالکیت شهرارمیە، کە جزو کوردستان و یکی ازچهاراستان کوردستان ایران است برهمە معلوم است مگراینکە شخص آنقدرجاهل و نادان و بقدری باتعصب و کورکورانە فکرکند کە فتوکپی غلام رضاحسنی درآن تجلی گردد، کە تاریخ و جغرافیارا بحساب "کون خر" بشمارآورد. کە نباید جواب چنین اشخاصی راداد. لذا برای روشن شدن مسئلە اول بادلیل عقلانی شروع میکنیم : اگر ترکهای ارومیە دراصل اهل ارومیە می بودند بطوریکە شما اشارە بە اکثریت نمودەاید مبایستی از460آبادی اطراف ارومیە لااقل نصفش بە آنهاتعلق میداشت در صورتیکە 420آبادی تمام ساکنانش کردهستند و بقیە 40آبادی 20آبادی کور سوننە و بعضی ئەرمەنی ئاسوری هستند جمعیت کوردوترک در شهرارمیە هم فیفتی فیفتی است برای اینکە درتمام ادوار انتخابات کردها اکثریت رأی آوردەاند اما سردمداران ستمگر دایما بدلایلی عدیدە دست بدامن

جعل و تزویر شده، بانسبت دادن اتهامات نارواو بهتان به نمایندگان کرد آنها را از میدان بدربرده‌اند و ترک متعصب و بنیادگرایی چون جنابعالی رابه تهران فرستاده‌اند. نمونه‌هائی از این قبیل در رژیم جمهوری اسلامی زیادبچشم میخورد. فی‌المثل دراورمیه‌است که دست بدامن کذب و جعلیات، شدند و با شورای نگهبان نامه‌های فقاهتی ردوبدل شد تا رد نماینده ارمیه را در3دوره منتهی به حذف کردند، معلوم است مسندنشینان تهران هم تارو پودهمان کرباس بودند و هستند. آیااین یک بیماری مزمن نیست که دامنگیر مردم این سرزمین شده‌است!؟

امادلیل تاریخی:

حال توجه‌تان راچون مشت از خروار به کتاب (کردوعجم) نوشته صالح محمدامین و ترجمه جناب آقای عبدالله ابراهیمی، جلب میکنم: تا بتوان سره را از ناسره تشخیص داد. ناگفته نماند که رویدادهای مربوط به این تحولات همه از کتابهای تاریخنویسان ایرانی نقل شده:

1-شاه اسماعیل صفوی ایل کردقرامانلو رابرای تقویت مرزهای خراسان درمقابل یورش ازبگ ازکردستان به‌آنجاکوچ داد، پس ازاونیز پسرش شاه‌طهماسب بخش بزرگی ازایلات کرد زنگنه، چگنی، زیک و کلهور را ازکردستان به خراسان انتقال داد. موادمهمی از برخوردهای جنگ بیست ساله میان شاه‌طهماسب و سلطان سلیم قانونی، درخاک کردستان بوقوع پیوست، بخش بزرگی ازقربانیانش هم بزرگان و پسران ایلات کرد واقع درزیر سلطه هردو دولت بودند. این جنگها فاجعه‌و ویرانی عظیمی برای اکرادببارآوردو باصلح آماسیه نیز پایان یافت.

همه شاهان ایران به‌توان خویش همان سیاست شاه‌اسماعیل اول رادربرابر کردان درپیش گرفتند. این سیاست درزمان شاه‌عباس اول بمرحله نوینی ازاجرا درآمد که بر سه پایه‌اصلی استواربود:

نصرالله‌فلسفی محقق ایرانی درباره‌سیاست عشایری شاه‌عباس مینوسد: شاه‌عباس پس ازسال 1011پنجاه هزارخانوار ازایل بزرگ چمشگزک و تعدادی ازایلات دیگر کرد کردستان رابه دشتهای جنوب تهران انتقال دادو ازآنجا نیز همراه با دارائی ورمه هایشان به خراسان فرستاد و حفاظت مرزهای شمال شرقی قلمروایران رادربرابریورش ازبک به‌آنان سپرد. برای پرکردن جای خالی آنان هم آوردن و جایگزین کردن تعدادی از ایلات بزرگ جنگجوی قزلباش را طرحریزی کرد.

آوردن ایل افشار به‌ارمیه:

کوچ دادن گروهی دهھاهزارخانوارقبایل کرد اطراف ارومیه بەخراسان وسپس شکست فاجعەبار قبایل برادوست و مکریان و سقوط دمدم و کشتاربزرگان کرد و قتل اکثریت طرفداران امیرخان و کشتارگروهی مردم مکریان مقدمه یک دگرگونی اساسی درترکیب مردم نگاری ساکینن ودرنتیجه دگرگونی اقتصادی و اجتماعی وسیاسی و جنگی منطقه شد. گذشته ازاینکه کردها بخش مهمی از نیروی انسانی و مادی خودراازدست دادند و در توازن نیروهای منطقه وزن پیشین رانداشتند، اقتدار فرمانروائی رانیزکه پیشتر دردست بزرگان محلی بود ازدست دادند. ایل افشاریکی از هفت قبیله قزلباش بود. شاەعباس یکی ازبزرگان افشاربنام(کلبعلی) را فراخواند واورا مقام(خان)بخشید وماموررش کرد کەقبیله آواره افشار راگردآورده ودرارومیه جایگزین قبایل کردسازد.
(کلبعلیخان) درمدتی کوتا هشت هزارآواره افشاررا ازعراق عجم وفارس و کرمان وخراسانو... درسلماس گردآورد. کلبعلیخان آمدگان را بترتیب زیر مستقرساخت: طایفەکندوزلو درمنطقه دول، طایفه قرقلو درمنطقه روضه،طایفه کهکلویه درمنطقه نازلو،تیره ایمانلو بابخشی ازطایفه ارشلو دراطراف شهرارومیه، طایفەارشلو دراشنویه وسلدوز، تیرەقاسملو درساین قلعه.
نگاهی بەمرزخاوری کردستان نشان میدهد که درسرتاسرآن آذریها بنوعی اسکان دادەشدەاند که یک مانع باریک ملی آذری آنچنانی میان کردو فارس ایجاد نمودەاند که در هیچ منطقەای مرز مشترکی بین این دو دولت باقی نگذارند. بلکه درسراسرآن آذریها اسکان دادەشدەاند. این دوملت ایرانی کردوفارس که چندهزارسال هم مرزبودند وباهم و درکنارهم میزیستند و تاریخشان باهم عجین بود، برای همیشه ازهم دورشدند و ملت دیگری درمابینیشان قرارگرفت. استقرارطایفه افشار را نیز میتوان در راستای همین استراتژی عمومی نگریسیت. طوایف آذری قزلباش از جمله افشار که درطول مرزشرقی کردستان اسکان دادەشدەبودند و وظیفەسرکوب و رام و تسلیم کردن ملتی را برعهده داشتند که رسوم زندگی ونوع جهانبینی و اخلاق و روش اجتماحی و پرورش دینیش بکلی باآنان دگرگونه بود. همین امر اولین سبب پیدایش تضاد ژرف همه جانبەای درمیان دوملت شد که رویدادهای منطقەای آنان را بزور درهمسایگی یکدیگر قراردادەبود.

چون شاەعباس تبریز و آذربایجان را ازعثمانیان بازپس گرفت، شیخ حیدر زیر بیرق صفوی رفت. درجنگهای قفقاز شرکت نموده درپای قلعه ایروان کشتەشد. شاەعباس درراستای سیاستش درمورد درهم شکستن شان و شکوه ایلات کرد،خواست دهها هزار خانوارعشایرکردشمال ارومیەرا بەخراسان منتقل، قلعەدمدم رافتح وایلات برادوست

راسرکوب کند. برسر ایل مکری رفت و بانهایت سنگدلی بەقتل وغارتشان پرداخت، دوتن از نویسندەگانی فارس این رویداد را بطورمفصل بازگوکردەاند. یکی ملاجلال منجم و دیگری اسکندربیگ ترکمان درکتاب عالم آرای عباسی، هردواین فاجعەرالطایف الحیل نام مینهند.

یاعباس میرزا برای درماندەکردن ایل بلباس، یابگفته میرزا رشیدبرای دفع شراین طایفه ضاله، منطقه سلدوز رابه ایل قرەپاپاق بخشید. که درنتیجه چشم پوشی ایران ازاراضی آنسوی رود ارس بنفع دولت روسیه ناچارشده بودند بەایران کوچ کنند. برای درمانده کردن ایل نافرمان کرد، نابودی باقیماندەآن بەامیرخان قاجار (دائی نایب السلطنه) باهمکاری سپاهیان افشارو مقدم سپردەشد. آنهانیز دوسال پی درپی برایشان تاختندو پس ازکشتارو غارت آنهارا آواره و تا شهرزورو گرمیان دنبال نمودند، بلباسهاازاین فاجعه خونین بااینکه دربرخی مسکنهای قدیم خود ماندند ولی بصورت کنفدراسیون قوی ایلها ازهم پاشیدند. عدەای آواره شهرزور، بیتون، پشدر، دامنه کوسرت ودره شهیدان شدند و حتی برخی بەاطراف اربیل و موصل رفتند.

درنتیجه نقلو انتقالات دولتهای ایران از صفویه تا انقلاب 57، اکنون شهرخراسان نزدیک بەدومیلیون سیصد هزارکرددرآن ساکن هستند که همگی ازارومیه خۆی شاپور با تعدیات شاهان صفویه نادرشاه افشار و سلسلەشاهان قاجارو دودمان پهلوی به تبعید یا برای جنگ بازبگیان به خراسان فرستادەشده و ماندگار شدەاند که میتوانید هفت جلد تاریخ کلیم اللەتوحدی(اوغازی) بنام حرکت تاریخی کردبەخراسان ج2، مشهد چاپخانه دانشگا هفردوسی،1364ش، ومشهد 1336 رادربارەانتقال آنها ازارومیه بەخراسان بخوانید، ولی ما کردها هیچ وقت ادعای کوردستانی بودن خراسان را نداریم، و شماها هم که از نقاط دیگر ایران، بەارومیه آوردەاند نباید چنین ادعای بیمورد را بکنید.

.

شاەعباس که تاریخ نگاران ایرانی او را کبیر نام میبرند، پس از اشغال قلعه دمدم و نابودی اقتداری امرای کرد درارومیه و سپردن سڵطه منطقه به کاربدستان آذری، مستقیما یورش بزرگی بەمکریان انجام دادو کشتاربزرگی را نیز از اکرادآنجابعمل آوردو زنان وبچەهارابەاسیری برد.(1019 هق /989هش/1610م)، - بدون آنکه آنان هیچ اقدامی علیه دولت انجام دادەباشند - نویسنده دیگری درباره قتل عام ایک مکری مینویسد: شاەعباس بسپاهیان خود، که(60)هزارسوارەبودند فرمان داد بکشتارایل

مکری درمنطقه‌ای بمساحت 12فرسخ میزیستند، بپردازند. این نیروها چهار شبانه روزمشغول قتل عام بودند.
شاه اسماعیل صفوی درلشکرکشیها دربرابردشمنان ومخالفانش نهایت سنگدلی ودرندگی بکارمیبرد. درجنگ شیروان پس ازکشتن فرخ یسار، استخوانهای پدرش خلیل الله را ازگور بیرون آورد وآتش زد. پس از تصرف تبریز به‌همان ترتیب استخوان مخالفان اجدادش راازگوربیرون آوردوبه‌آتش کشید. دربغداد استخوانهای ابوحنیفه راازگور بیرون آوردو سگی رابجای او دفن کرد. محمد کره‌را که پس ازاسارت باهفت تن دیگر به‌قفس انداخته بود،درمیدان عمومی اصفهان زنده زنده آتش زد. پس ازفتح بتلیس جسد امیربلباس و دیگرکشته‌هارا درگوک میدان سوزاند، بفرمان خودشاه‌اسماعیل، مریدانش گوشت مرادبیگ شاهلو را کباب کردند و گوشت شیبک خان اوزبک راخام خام خوردند و پوست سرش راااز کاه آکندند و برای سلطان بایزید به سوغات بردند و هرانگشتش رابرای یکی ازحکمرانان ناحیه فرستادند و کاسه‌سرش را طلا گرفتند، شاه اسماعیل دربزم باده‌نوشی خود درآن باده‌می نوشید. چون سلطان حسین بایقرا درنامه‌ای که برای شاه‌اسماعیل نوشته‌بود، چنانکه‌لازم بود ازاو با احترام نام نبرده‌بود،شاه‌اسماعیل بر او یورش برد و هفتهزارتن راکشت، و مادرش ویابقولی زن پدرش رابعلت آنکه به‌یکی ازمخالفان پدرش شوهر کرده بود،در میدان تبریز با شمشیر دو نیمه‌کرد.

تاعصرصفوی ازدامنه کوههای قفقاز بپائین تا رود ارس و ازآنجانیز ازمناطق ماکوو خوی بسوی پائین تا کناره دریاچه ارومیه وپائینتر،محل زنگی ایلات کرد بود. رویدادهای عصر فتح اسلام و خلافت عباسی و کوچ ترکمانان غوزو یورشهای مغول و کشمکش و اختلافات میان ایلات ترکمان قره‌قوینلوو آق قوینلو نتوانسته بود بنحو اساسی موقعیت دموگرافی این مناطق رادگرگون سازد. اگرچه تعداد زیادی ازبازماندگان ایلات وعشایر ترک،ترکمن،مغول و آذری دراین مناطق ساکن شدند و همیشه اغلب سکنه‌و فرمانروایانش کردبودند. حتی درعصر پدیدآمدن صفویان امارات مقتدرچشمگزک،دنبلی،محمودی،برادۆست،هکاری،مکری..درنواحی شمال و شرق و جنوب دریاچه ارومیه برقراربودند. شاه اسماعیل صفوی(907-930)(-هق/881-903هش/1502-1524م-مترجم)مؤسس دولت ایران،درسیاست دینی تعصب فراوانی به‌تشیع درمقابل تسنن ودرسیاست ملی نسبت به‌هفت ایل قزلباش: روملو،استاجلو،تکه‌لو، قاجار،افشار، ذولقدر داشت که نیروهای اصلی دولت و لشکر کشیهایش را درمنطقه تشکیل میدادند. سیاست شاه‌اسماعیل دربرابر اکراد برسه پایه‌استوار بود:

1-ازمیان برداشتن سرداران محلی کرد و انتصاب سرداران قزلباش همراه‌باعشایرشان بجای آنان.
2- ناچارکردن مردم نواحی اشغال شده کردستان به‌دست کشیدن ازمذهب سنی وگرویدن به‌مذهب جعفری.

کاربدستان آذری ضمن بکارگیری خشونت باایلهای کرد برای تسلیم ورام کردنشان به برخی راههای دیگر متوسل شدند، ازآنجمله ایجاد خویشاوندی از راه ازدواج و ایجاد تفرقه و دشمنی درمیان برخی دیگر ازآنان ودرگیرکردنشان بایکدیگر، همچنین کوشش برای بهره‌گیری از آنان دررقابتهای خود. احمدآقا به‌سفارش دربارایران، بمنظور توطئه چینی به ریختن طرح دوستی با باپیرآقای منگور بزرگ ایل بلباس وآرام کردنش پرداخت. پیوند دوستی آنها بقدری محکم شد که ازباپیرآقادرخواست کرد برای گرفتن انتقام خون پدرش ازحاکم تبریز یاریش دهد و خود بایکهزارسوار از برگزیدگان بلباس بکمکش بشتابد. باپیرآقا بایکهزارسواربرگزیده به‌مراغه رفت. احمدآقا بنام مهمانداری هه‌رچند تن را در خانه‌ای گذاشت همگی را نیمه‌شب درخواب کشت. (1198هق/1163هش/1784م) کاربدستانی ایرانی بخاطر این خیانت اورا خان لقب دادند واحمدخان نام گرفت.
محمدقلیخان بیگلربیگ افشار برای ریختن طرح دوستی باایل زرزا خواهرخودرا بازدواج افراسیاب سلطان زرزا درآورده‌بود. درآنهنگام رقابت میان آقامحمدخان قاجار(1193-1211هق/1158-1176هش/1779-1797م)و لطفعلیخان زند(1203-1209 هق/1168-1174هش/1789-1795م) برسرتاج وتخت ایران هنوزبنتیجه نرسیده بود. هنوزدرایران مرکزقدرتی استقرارنیافته‌بود. حکام مناطق درتلاش کسب ثروت وقدرت بودند،هیچکس ازسرنوشت وآینده‌خویش آگاهی نداشت. محمدقلیخان ایلهای شکاک و زرزا رابرای غارت ایل بلباس بسوی خودجلب کرده‌بود،در حالیکه هنوز سه سال از فاجعه کشتارگروهی منگورهادرمراغه‌نگذشته‌بود لشکر بجنگ آنان فرستاد.درآنزمان قرنی آقابزرگ ایل بلباس بود،کناررودخانه‌لاون درگیر شدند (1201هق/1166هش/1787م) بلباسهاشکست خوردند و به‌کوههاگریختند واموال و دارائیشان به‌غارت رفت. بداقخان مکری ازهیچ همکاری باآذریها دریغ نکرده‌بود وحتی به‌همدستی باآنان درکشتارگروهی بلباسها متهم بود، ولی بااین خوشخذمتی هم از گزند تنبیهشان درامان نماند و چشمانش را ازحدقه درآوردند (1203هق/1168هش/1789م-)

.چونکەمیدانید ترکان آذری درمیان کردان بە(عجم)مشهورند کەدولەتی صفویەراتأسیس کردند. بدرازای اقتدارصفویان امورحکمرانان دردست آنان بوده،پس ازآنهم بجزدوران کوتاەحکومت خاندان زند،فرمانروائی دردست ایلهای افشار وقاجار بوو.

زیراشاهان آذری و نویسندگان و تاریخ نویسانش بەاکراد بدیده تحقیر نگریستەاند، کرد رادزدو راهزن و قاتل و جانی شمردەاند. نویسندگان آذری از عصر صفوی نظیر حسین بیگ روملو، اسکندربیگ ترکمان، ملاجلال منجم و نویندەعالم آرای صفوی و تا بە نویسندگان معاصری چون احمدکسروی تبریزی، رحیم زادەصفوی، عبدالحسین نوائی، حسین مکی، علی دهقان و... رویدادهای قرنهای پیشین ودرگیریهای اکراد را با زورمندان ستمگر ایران از دیده دولت بیان میکنند
1- همەشورشها و خیزشهای کرد را در راه آزادی و بیرون راندن اقتدارستمگرانه بیگانه از کردستان یاغیگری و ناروا میدانند و نام طغیان، فتنه، نافرمانی، غایله، آشوب و... برآن می نهند.
2- همگی کردهارا اشرار، اوباش، طایفەضاله، طاغی، یاغی، شقاوت نهاد، گبریزیدی، منشأفتنه وفساد...نام میبرند.
3- جنگجویان اشغالگرو بیرحم خود را مسلمان،غازی، شیر، دلیر، دلاور، قهرمان و مجاهد میگویند.
4- پیمان شکنی و بدقولی و توطئه ناجوانمردانه را برای نابودی بزرگان کرد، با مباهات لطایف الحیل،تدابیرصائبه، کمندتدبیر، رسائل و وسائل و زرنگی و دانائی کاربدستان خود میشمارند.
البته بەقول بعضی بنیادگرایان، خیانت محمدرضاشاەخائن بەشورش ایلول بارزانی سال 1975یکی ازاین تدابیرصائبه بود!نوسەرحامیدرەشیدی زەرزا،)
.سەرچاوەکان: وەرگیراو لەکتێبی مستەفانوشیرەوان وەرگێراوەی کاک عەوڵائیبراهیمی خاوەنی فەرهەنگی کاوە.......

لێرەرا لەدوی پێشەکی سەرەوە،کەبابەتەکانی لەسەبارەت بەکوردەکان لەکتیبی حازردێت دیسان بەشیوەی تایبەتی ئەم توژینەوە ناوی هەرنووسەریک لەپێش هەرمەتڵب کەلەونەقل وقەولی دەکرێ هەروادێ:

سەرچاوەکان:
6-دکترسیدمحمدرضاجلالی نائینی. پێشەکی کتیبی ریگ ودا. ص 6

7-غلامرضاانصاف پور.تاریخ تباروزبان مردم آذربایجان.صص 19و36.

لێره له دوای پێشەکی سەرو،ئەوبابەتانەی که سەبارەت بەکوردەکان لەکتێبی حازردا وەبەرچاودەکەون، دیسان به شێوەی تایبەتی ئەم توژینەوه ناوی هەر نوسەریک له پێش هەرمەتڵەبێک که له(نقلْ وقەول )گێڕدراێتەوه به دوایدادێت:

دوکتور حەشمەت الله تەبیبی له پێشەکی توحفەی ناسری... کوردستان دەنوسێ: ئەگەر توژینەوەی عیلمی زانایانی ئورووپایی سەبارەت به ڕیشەی لەبزی کورد نیشاندەری ئەم ڕاستییەیه که کوردناوی تایفەیەکی زوربه ئێرانی وەکوو مادو پارس که شاخاوەیەکانی ڕۆژ ئاوای ئێران و دەوروپشتی وێ هەتا باشووری شامات و باکووری ئەرمەنستانی وەبەرەخۆیداوه و هەموو هۆزەکانی قەدیمی که لەم بەشه له ئاسیا ژیانیان کردوه له خۆیدا تواندۆتەوه و(ئەم کۆچەرانەی ئارییایی) به ناوی دانشتوانی پێشووی ئەم دەڤەره له دەشتایەکانی ئیران ناو دیربوون. به دەستەواژەیەکی دیکه(کورد ) ناوی دەستەیەک له ڕەچەڵەی ئێرانییه،برای فارس و ماد،یان عەینی ماد و پارس که به ناوی نوێ (کەناوی دانیشتوانی پێشووی ئەم ناوچەیه بوو)حوکمڕانی دەڤەرێکی هەراوی زاگروس بوونه و نەتەوەکانی پێشوویان له خۆیاندا تواندۆتەوه و به ناوی (کورد ) ناودیرکراون(8).

سەبارەت بەهاتنی مادەکان وپارسواشەکان بۆ سەرزەمینی ئیران،(سیسیل جی. ادموند ) دەنوسێ: (له سەر زەمینەکانی نێوان رودان(بین النهرین) دووچۆمان له هەزارەی دووەمی بەر له زایین بنەماڵەکانی پاڵشایی فرومانیان دەکرد که ناوەکانیان بەوێنەی سەرەتایی وبەرێی وشەکانی سانسکریت دەزانن که بەلانی کەم خاوەنی ئەو ناوانه له بوونی ماک و بنەمای هندو ئارییایی له تویکڵی سەروی ئەو کۆمەڵگای پێشوو دەگیڕنەوه.

به دوایی ئەم ماک و بنەیانەی پێشوو،لکێکی دیکه از بنەماڵەکانی هند و ئوروپایی بۆ کیوو زنجیره چیاکانی زاگروس هاتن که ئێرانییەکان بن، یانی مادەکان و پارسەکان. بازیک له توژێنەران پێیان وایه که پارسەکان بەر له مادەکان له سەدەی دوازدەهەمی بەر له زایین بۆ ئەم سەر زەمینه هاتوون و بەر له ڕۆیشتن بۆ لای پارس سێ سەده یان زۆرتر لێره ماوەتنەوه. (ئەم کۆچەرانه یانی پاردەکان)ناوی خۆیان به مەڵبەنەی پاسواش داوه. ناوی پاسواش یەکەمجار له کورته مێژووی ڕووداوەکانی سەلتەنەتی

شلمانسەری سیهەم پاڵشای ئاشۆر بۆ سالەکانی 832و829و828(ق.م)هاتووە، وێدەچێ ئەم ناوی پارسواش لەگەڵ ناوچەیەک کە ئەمڕۆ بە(بانە)دەناسرێ وەکیەک دێتەوە.

سیسیل جی ادموند،لەبەردەوام بووندا دەنوسێ: (لەدوایدا مادەکان کە لە ناوچەیەکی نامەعلووم ونادیار لەباشووری ئێران هاتبوون،ئاگاداری ڕۆژئاواو باکووربوون هەتاکوو بەسەرکیوەکانی زاگروس دازاڵ بوون. مادەکان وپارسەکان بەڕەوالەت گروپەکانی بنەمالەکانی نەجیبیان پێکدەهێنا کەلەسەرئاپۆرەیەکی تێکەڵ فرمانیان دەدا.قسەلە ڕیشەهەڵقندن ولەناوچوونی دانێشتوانی بەرێ لەبیندانییە. بەڵام مادەکان وپارسەکان زوان ودینی خۆیان بەسەرئەوخەلکان داسپاند(9).
(بەهۆی هۆکاری جوغرافیایی وزوان ناسی دەکرێ بڵێن کوردەکانی ئەمڕۆ نوینەری مادەکانن(10).

سەرچاوەکان:
8-دکترحمشت اللەطبیبی. مقدمە تحفەناصری درتاریخ وجغرافیای کردستان. ص هفت.
9-سیسل جی.ادموند. کردها وترک هاوعرب ها. ترجمە ابراهیم یوسفی.ص 11.

مەسعودگوڵزاردەنووسێ: (لەساڵنامەکانی شلمانسرسوم Salmanazar iii،کە بۆ دەڤەرەکانی هەنۆکەی کوردستان لەشکرکێشی کرد، لە844ی بەرلەزایین،لە(Parsua) ولە 836(ق.م) لە(مادای(مادەکان)ناوی بردوە. بەڵام بەڵگەیەک نییە کە وافکربکەین کە هۆزی پارس بەر لە قەومی ماد واردی ئێران ببێت. بەرانبەری نووسینەکانی ئاشۆریان لەم سەردەمدا لە باکووری ڕۆژهەلاتی گۆلی ورمێ ودەڤەرەکانی سەقز هەتانزیکەی هەمدان جیگرببوون و پارسەکان لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ دانیشتووبوون.

دواییەکان لکێک لە مادەکان بۆ لای ئیسفەهان ڕۆیین بەڵام بەرەوپێشچوونی ئەوان بە هۆی ئیلامیەکان پێشی پێگیرا. پارەکانیش لە سەدەی هەشتەمی بەرلە زایین ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی بەجێهێشت و بۆلای باکووری ڕۆژهەلات ڕۆیین، وێدەچێ نزیکەی 700ساڵ بەر لە زایین لە دەڤەری ڕۆژئاوا بەرزای چیاکانی بەختیاری هەتاڕۆژهەلاتی شاری "شوشتەر" ی هەنۆکە نیشتەجێ ببن، و ئەمە هەرئەو دەڤەرەیە

که ئەوان ئەویان بە(پاسواش)ناوبردوە. ئەم ناوە لە تەقمین "ساڵنامەکان"ی آشۆری چەند پات کراوەتەوە(11).

مەسعودگوڵزاری هەروادەنوسێ: (بۆ یەکەمین کەڕەت ناوی"ماد" بە وێنەی"ئامادای" لە ڕاپۆرتی هێرشەکانی ئاشۆریان بۆ سەردەڤەرەکانی کوردستانی هەنۆکە نوسراوە. لە بەرئەمە دەکرێ تێبگەین کە لە هەزارساڵ بەرلە زایین شوێنی دانیشتنی نەتەوەی ماد،لە شاخاوەیەکانی زاگروس دەسلمێنێت.

فرەزانایان وپسپۆران زیدەترلەناوی"ماد"،دوو ناوی"پارس" و"کورد" یشی لە ڕەدیفی دانیشتونی ڕۆژئاوای ئێران و بڵیندایەکانی زاگروس پێشوێن هەڵگرتوون و دۆزیوەتنەوە. بەڕوانین لە ناوەڕۆکی "دایرةالمعارف"ی ئیسلامی و کتێبی مامۆستا سەید ڕەشید یاسمەمی" کوردو پەیوەندی ڕەچەڵەیەیی ئەو": (کورد ئەو لقە لەتۆرەمەی ئێرانییە کە برای مادو پارس یان عەینی مادوپارس کە بەناوی نوێی ناوچەیی خۆی، حوکمڕانی دەڤەرەی بەرفرەوانی زاگروس کردوە، و هۆزەکانی بەسەرهەوی لە خۆیدا تواندۆتەوەو ناوی خۆی بە وان داوە.(12).

ڕەشیدیاسەمی دەدنوسێ: ( لە ناوچەی جەزیرە"بین النهرین" دووچۆمان،دەڤەرەێک هەبووە بەناوی"قرود" کە سەردەمێکی دوورودرێژ ناوچەی هێرش و هەڵکوتانەسەری دەوڵەتەکانی هالدیا یان(خالدی) بووە، و سەردەمێک کە شەپۆلی کۆچەرانی ئیرانی یانی هۆزەکانی مادو پارس گەیشتوونەتە زاگروس،هۆزەکانی ئەمڕۆی کورد کە شان بە شانی هاو ڕەچەڵەکانی"مادوپارس"خۆیان بەرەوەپیش چوونە و لە دوایی دەست بە سەرداگرتنی ئەم دەڤەرەی"قرود) لە وێ نیشتەجێ بوون.... بەم شێوەیە هۆزەکانی ئێرانی"کورد" لە ناوچەیەک کە لە ڕۆژگارانی پێشین بە"قرود)ناوی دەهیندرا دانیشتووبوون وخەڵکانی "قرود"یان لە خۆیاندا تواندەۆتەوە یان ڕاویان ناون. پرۆپسۆرمینوڕسکیش هەر ئەو بیروبۆچوون و لێکدانەوەی لە"انسیکلوپدی"ئیسلامی دەربرییبوە(13).

(نیکیتین)یش لە کتێبی کوردوکوردستان لە قەولی پڕوفسۆرمینورسکی دەنوسێ: ( بە لێراوانین و بە لەبەر چاو گرتنی مێژوویی و جوغرافیایی دەبێ قەبوول بکەین کە هەراویی و بەرفرەوانی و بڵاوبۆنەوەی کوردەکان تەنیا لە سەرزەمینی"مادی گچکە" کە هەرئەو ئاتڕوپاتکان یان ئازەربایجانی ئەمرۆیە سەری گرتووە.

پاشان لە باکووری ڕۆژئاوا بۆ یەکەمین کەڕەت لە ساڵی 844ی بەرلەزایین مەسیح لە تەقمینی ئاشۆڕیەکان بۆ سەرزەمینیک ئاماژەدەکات بەناوی"پارسوا Psrsua" کە لە وی بە ناوی کۆنترین شوێن و خولی پەیدابوونی پارسەکان قسەی لێکراوە ودیسان لەو تەقمینی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی "پارسوا" لە836ی بەرلەزایین لەدوایی مادەکان، یان (ماداکانی) ناوبردراوە. دوایی لە714 ناوی"پارسوا" لە یادەوەریەکان دەستڕێتەوە چونکە پارسواکان یان پارسەکان بۆ لای باکوور سەفەریان کردبوو، مادەکانیش هێورهێور فرمانڕاوایی بێ ناکوکی ئەو ناوچە دەبن(14).

سەرلەشکرحەسەن ئەرفەع دەنوسێ: ( مادەکان وپارسەکان(تیرەکانی هۆزەکانی ئێرانی) لە باشوور،یان لە سەرەوەی قەفقاز و ماوەرای دەریایی خزرهاتوون و ئەم کۆچکردنە بەلانی کەم هەزارساڵ و لەوانەیە بە شێوەی دەستەو گروپی گچکە لە هەزاران ساڵ بەرلە زایین رویداوە. بەم جۆرە مادەکان و پارسەکان وردە وردە لە ناو هاوولاتیانی ئەم دەڤەرە نشتەجێ بوونە و ئەوانیان لە بن چۆکی خۆیان ناوە دەخۆیاندا تواندونەتەوە ولەم مەڵبەندە شیوەی چین و توویژی دەهاتی و جەنگاوەرانیان بەخۆوە گرتووە.(15).

فاروق سەفی زادە(مهرکیش آوستا) دەنوسی: (کوردەکان هەرئەومادانەن " یانی" میدیایەکانن" و مێژوویان لە گەڵ سەرکەوتوویی بە سەرئاشۆرەیەکانداو دست بە سەردەگرتنی شاری "نەینەوەا" دەست پێدەکات(16).

مراداورنگ دیسان دەنوسێ: ( کوردەکان،هەرئەومادانەن،یان لکێکی گەورە لە مادەکانن کەلەگەڵ فارسەکان و لکەکانی دیکەی ئێرانی لە یەک ڕیشەنە(17).

ئەورەنگ دەنوسی: (گروپێک لە فرەزانایان لە سەرئەم بۆچوون و بیروباوەڕەن کە خەڵکانی کورتی Cyrtii کە مێژوو نووسانی دێرینەناسی یۆنانی ئەوان لە ڕیزی تیرەکانی"ماد" و"پارس" هێناوە،هەر ئەو کوردانەی ئێستاکەن. داکۆکی ئەم وتەو ئاخافتنانە کوردەکانی سەردەمی ساسانیان بە رامبەری کارنامەی ئەردەشیری "بابکان" ە (18).

سەرچاوەکان:

10-همان کتاب.صص 13
11- مسعود گلزاری. مقدمه برکتاب کرمانشاهان- کردستان. صص پنجاەوپنج.
12-همان کتاب. ص 10.
13-رشید یاسمی.کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او. صص 94و95،
14-مینورسکی.نقل نیکتیین درکتاب کردوکردستان.ترجمه محمدقاضی.ص 48.
15-سرلشکرحسن ارفع.کردها.ص 8.
16-فاروق صفی زاده(مهرکش). پژوهش درباره ترانەهای کردی. ص 22.
17- مراداورنگ. کردشناسی. ص 201.

سەید محەمەد نەجەفی لەلێکۆڵینەوەوتۆژینەوەی خۆی کەلە پێشەکەی کوردەکانی گۆرانی هێناوە لە"مادەکانی کوردو...کوردستانی ئێران قسەدەکات.

و سیروس ئیزەدی دەنوسێ: ( کۆنەپەرست تێکۆشاوە وتێدەکۆشێ کوردان لە ئیرانیەکانی دیکە جیابکاتەوە. بەڵام کوردەکان جیالە مادەکان و پارسەکان نەبوونە کە شوێنەکەیان لە سەرانسەری ئیران(یانی کوردستانی ئێران)ە (19).

نیکتیین دەنوسێ: (ئەمە شتێکی ئیکجارسەیرە کە دوو توژێنەری بە ناوبانگ و دەنگین یانی"مینورسکی" و"پرفسۆرمار" لە گەڵ ئەمەش کە بە دوو ڕیگای جۆایەزدا چوونە بە ئاکامێکی وێکچوو گەیون. بەلانیکەم لە بیروبۆچوونی دوو تۆژێنەر بەشی"مادەکان" لە پێکهێنانی ڕەچەڵەی کوردەکان بەڕاست وەبەرچاودەکەوێت.(20)

مینوڕسکی هەروا لە دایرة المعارف ئیسلامی دەنوسێ: "هارتمان" ،"نولدکە" وایسپاخ" بەم ئاکامە گەیون و هاوقەولن کە نەتەوەی"کورتی" کە مێژوو نووسانی یۆنانی دێرین بە بەشیک لە تایفەکانی مادو پارسیان ناوبردوون کوردانەی ئەم زەمانەن.(21)

ڕەشیدیاسەمی دەنوسێ:( چونکە لە بیروبۆچوونی "استرابوون" کورتیەکان بەشیک لە مادبوونە لە بەر ئەمە هەر چی لە ماد گوتراوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکوردان هەیە.(22).
چونکە لە"ئەستراپوون" لەسەرەوە گێڕدەراوەتەوە ئەم دوو بابەتەش لە وی سەبارەت بە کرمانیەکان و مادەکان باشە قسەی لێبکرێ کە گوتوویەتی: (کارمانیەکانیش

ڕاستەوخۆ لە پارسەکان بوونە لە سەرئەوحاڵەش ئەوان لە مەڕئاکار و ئائین و ئیخلاق و ئەلسوبنیش و داب و نەریتەکان و زوانی خۆیان لە گەڵ مادەکان هاوبەش بوونە(23).

عەلی ئەسغەرشەمیم دەنوسێ:( ئەوەی هەموو فرەزانایانی ئەمڕۆ لە سەروی یک بیرو بۆچوونیان هەیە ئەمەیە کە بەر لە هاتنی کوردەکانی ئیرانی بۆ دەڤەوەری کوردستان، هۆزی ئێرانی ڕەچەڵەی دیکەش بە ناوی"کاردۆ" لەم سەر زەمینە دانیشتوو بوونە کە هەبووی پێشکەوتوویەکی تەقریبەن گرنگ بوونە و پاشان ئەمانە لە گەڵ هۆزەکانی ئیرانی ڕەچەڵە کۆچەر(مادەکان)تێکەڵاویان کردوە و ناوی خۆیان بە سەر ئەواندا سەپاندووە.

لە یەکێک لە بەردەپانەکان کە لە دوو هەزارساڵ بەر لە زایین لە ئاشۆریەکان بە دەست هاتووە لە وڵاتیک بە ناوی"کاردا" یان"کارداکا" ناو دەبردرێ و ئەو وڵات لە نزیکەی گۆلی وان بۆ لای باکوور درێژدەبیتەوە دژ و قەڵاتی زۆر قایم و موحکەمی هەبووە کە شوێنەواری ئەوان هەتا سەدەکانی پێنجەم و شەشمی هیجریش مابۆوە.

لە کتێبەکانی یۆنانی وەکوو ئانابازیس گزنفوون و کتێبی "استرابون" هەموو شوێنێکی وڵاتی کاردۆکانی بە ناوی کاردۆ لە قەلەم هێناوە. وەکوو ئەمە کە دەڤەری کاردۆ یان کاردا لە تیرەو هۆزەکانی ئیرانی تۆرەمەی کاردۆ پڕبووە و جێگای شک و دوو دڵی نییە. "ئەستراboon" لە کتێبی 16. پاژی یەکەم دەنوسێ: (بەشی ڕەخی دەجلە لە هۆزی(گردین Gordyeen" کە لە ڕەچەڵەی هۆزی"کاردۆ"ن، ئاوەدانی و سامانی شارەکان و دژەکانی قایمە،وەکوو"ساریزا" "ساتالکا" پیتاکا" کە بەوێنەی سێچوکڵە لە سەر تپۆڵکەکان ساز دراون(24).

ئەمین زەکی بەگ دەنوسێ: (هێندێک ڕۆژهەڵات ناسان لە سەر ئەو ئاقیدەو بیروبۆچوونەن کە نەتەوەکانی دیکەش لە دەڤەری زاگروس ژیانیان کردوە کە لە گەڵ کوردەکان پەیوەندی ڕەچەڵەییان هەبوە. وەکوو"کردوخ" یان"کردۆخی" یان کاردوخی" "نایری"خالدی" (25).
مەسعود گوڵزاری دەنووسێ: (بە پێی بەڵگەکانی بابلی و ئیلامی کە لەدەست دایە مەعلووم بووە کە لە هەزارەی چوارەم و سێهەمی بەر لە زایین هۆزو تیری جۆراوجۆر لە شاخاویەکانی زاگروس دەژیان. چونکە زانراوە کە ئەمانە لە دورترین خاڵی ئاسیا بۆ ئەم چیایانە هاتوون. گروپێک لە تۆژەران ئەوانیان"ئازیاتیک" و گروپێکی دیکە

ئەوانیان بە پێشتازیانی هندو ئوڕوپایی ناو بردوون یانی دانیشتوانی وڵاتیک کە بە قەفقاز دەلکێت کە هەڵبەتە دەبی لە بەرچاوبگێریٚ کە باشترە ئەوان بە خەڵکانی زاگروس ناوبەرین وبەم هۆکاروبەڵگە ودەلیلە کوردەکان مادەکان بوونە کە دواییەکان هاتن(26).

نیکیتین دەنووسیٚ: ( لە چیاکانی زاگروس و دەورو بەری دووچۆمان(بین النهرین) بەرلە هاتنی مادەکان کە کوردەکانیش لە تایفەکانی ئەوان بوون کوچیەکان و قەومەکانی دیکەش دانیشتووبوون ودواییەکان پارسەکان دێن و دانیشتوو نیشتەجیٚ دەبن و پاشان بۆ باکۆرکۆچ دەکەن. ئەم پارسانە لە گەڵ مادەکان تێکەڵ دەبن و لە ئاکامدا مادەکان لە ساڵەکانی 708ق.م. خاوەن وفەرمانڕەوای ئاسیادەبن(27).

سەرچاوەکان:

18-همان کتاب.ص 37.
19-سیروس ایزدی. کردان گوران. صص 8و9.
20- نیکیتین. کردوکردستان. ترجمە محمد قاضی.ص. 58.
Ensyclopedie de L Islam. P. 1197. 1960-21
22-رشیدیاسمی . کردوپیوستگینژادی وتاریخی او. ص 165.
23- استرابو. کتاب 5 نقل هوبرتوسن فن گال درگزارش باستان شناسی ایران تألیف باستان شناسان.ص 364.
24-علی اصغرشمیم. کردستان. صص 34و35.
25-امین زکی بیک. خلاصە تاریخ کوردو کردستان. ج 1. ص 76.
26- مسعود گلزاری. کرمانشاهان. کردستان. مجلداول. ص پنجاه.


عەلی ئەکبەر ڕووداو نووسی کوردستان نووسەری کتێبی "حەدیقە ناسری" سەردەمی سەلتەنەتی ناسرەدین شا،بە پیی مێژووکانی یۆنان دێرین نووسیویە: ( کوردستان و شارەکانی شاخاوی(مدی)"ماد" گوونە،لەو سەردەمدا دوو(مدی) "ماد" بوونە. یەکێک مدی مەزن" (مادی گەورە) کە ئەم کوردستان و دەوروپشتی وی و سەرانسەری ئیران و پایتەختی وی"ئەکباتان،یانی"هەمەدان"ی ئێستایە، و ئەویدی"مدی گچکە" کە ناوی "ئاتڕۆپاتان" یانی ئازەربایجانی هەنۆکە، بووە(28).

تەوەحدی(کانیمال) دەنووسێ: (مادەکان یەکەمین ئامپەڕاتووری پێکهاتی ئێرانیان پێکهێنا،بۆخویان کورد بوون کە لە ئازربایجان و کوردستانی ئێستای ئێران و ئێراق و تورکییەی هەنۆکە دەژیان و شارەکانی "هەکمتانەو ئەربیل" لە شارە بە ناوبانگەکانی ئەوان بوو. لە ئاکامدا مادەکان بە هۆی کۆرشی هەخامنشی لە قەومی پارس تێشکان. دایکی کورش کیژی ئاخرین پاشای ماد بوو(29).

دیاکوف بەلێگێڕانەوەی دێرینە ناس"پراشک" دەنووسێ: (کاتێک کە.... ئارياییەکان لە وڵاتی ماد، دامەزران، دانیشتوانی ناوچەییان وەلاناو ڕێبەری سیاسی بەدەستی بەهێزوگەنجی ئاریایی کەوت. هاووڵاتیان بۆ پێکهێنانی ژیانێکی مێژوویی و سەربەست لێهاتویەکی ئەوهایان نەبوو.). دیاکوف لە سەرئەمەشرالەگەڵ"پراشک)ودرڕدانی هاو وڵاتیان ناوچەیی هاو ئاقیدەیە، بەڵام لە هاووڵاتیانی کۆن بەرگری کردوەو دەڵێت: (ئەوانیش لەو سەردەم کە لە هندو ئوڕوپاییان(ئارئایان)سەرو سۆراخ نەبوو هەبووی ژیانێکی مێژوویی بوون و پێشکەوتوویەکی بەرچاوو سەرنج راکێشان هەبوو(30).

کەریم کەشاورز وەرگێڕی مێژووی ماد لە پێشەکی ئەم کتێبە دەنووسێ: ( مادەکان تەنیا هۆزی دەئاریایی زبان بوون کە بەر لە دەورانی هەخامنشیان لە سەرانسەری خاکی ئیران دەوڵەتیان پێکهێنا و پاڵشایان هەبوو. مادەکان ئەمپەراتووری گەورەی ئاشۆڕیان تەفرو توناکرد و خۆیان و نەتەوەو هۆزەی دیکەی زۆریان لە بەندی چەوساوەیی و دیلی و ژیر چەپۆکی ئەو دەوڵەتانی زاڵم و خوینمژو جەبار ئازادکرد(31).

دیاکۆف دەنووسێ: (اوستالە نیوسەرچاوەکانی مێژوویی ماد مقام و گەورەیی تایبەتی هەیە(ص 62) رێکخستن و دانانی ئاخرین یاسایەکان و حوکمەکانی اوستا لە ژێر نەزەرو بیروبۆچوونی پێشوایانی مەزەبی(ئاتروپاتان)(ئازەربایجان) پێکهات... بەم هۆیەوە (ئاتروپاتن)ی وەک نیشتمانی دینی زەردەشتی و لەئاکامدا شوێنی لە دایک بوونی بنیات نەری وییە، کە بە سەر زەمینی دینی زەردشتی بە حساب هێناوە(33)

سەرچاوەکان:

27-نیکیتین.کردوکدستان.ترجمەمحمدقاضی. ص 47.
28- عەلی اکبروقایع نگار کردستانی. حدیقەناصریە.ص 18.
29-توحدی(مانیمال)حرکت تاریخی کردبەخراسان.1.ص 6.

30-دياكونف. تاريخ ماد. ترجمه كريم كشاورز. ص 98.
31-كريم كشاورز.مقدمه برتاريخ مادو دياكونف.

له سەریەک اوستا لە مەڕ باوەڕپێبوونی دێرین و هزری نەتەوەکانی ئیرانی زوان مادەکان،پارسەکان،پارثەکان،باکتریەکان،(بلخیان) لە سەرینچاوەی دەرەجە هەوەڵی دەژمیردرێت.(32).
دیاکونف هەروا سەبارەت بە مادبوونی ناوەکانی "پارس" و"پارث" و"پارسوا" کە هەر یەک سەر زەمینی رەخ یان پەهلەوی ماد مانا دەدات دەنووسێ: (سەرنج ڕاکیش ترلە هەموان ئەمەیە کە بۆخۆی ناوی پارس مادییە، و پارس و پارسواش مادین. وهەر سێ بە مانای کناری و پەهلەوەی و جنبی یە،یانی قەراخ و قوجاخی ماد. چونکە پارس و پاسواو پارث هەرسێ لە رەخ خاکی ماد هەڵکەوتوون. لە باکوور"پارس" لە "ڕۆژئاوا"پارسوا" ولەڕۆژهەڵات" پارث" قەراریان گرتبوو وماد ناوندی هەر سێکان بوو. دیاکۆف بەجدول لاپەرەی 78 چەند لاپەڕە پێشتر ئامازەدەکات و دەنووسێ: (لە جەدولەکان ئەو بابەتانەی کە گێردراڕنەوە پەیوەندی زوان مادو زوانی اوستا بەرچاوو دیارە(34).

توحدی(کانیمال)دەنووسێ: (کوردەکان گەورەترین هۆزەکانی گەورەی ئارایی سەرزەمینی ئێرانن کە لە دەڤەرەکانی شاخاوی ڕۆژئاوای بانی، بورگە، بانوو، هەردی قیشی، ئێران لە کۆنەوە نیشتەجێ بوونە و بە پێکهێنانی یەکەمین زنجیرە پاشایانی ماد هەموو خەڵکی ئێرانیان لە ژێرچەتری وشەی یەکیەتی تەنیا، بە ناوی ئێران دەرهێناوە و لە درێژایی سەدەکان و سەردەم و زەمانەکان بە وێنەیەکی لێهاتوو لە بەرامبەر هەورازونشیوی ڕووداوەکان غیرت و ڕەشیدیی و دلێری و قارەمانەتی خۆیان نیشان داوە(35).

ڕەشیدی یاسمی دەنووسی: (لە بەدەست هێنانی پێشکەوتوویەکانی دەوڵەتانی ئیران لەسەدەمی مادەکان لەسەرکەوتن وفەتحی "نینوا" ولەسەردەمی هەخامنیشنەکان زاڵ بوون بەسەریۆنان و لەدەورانی ئەشکانیان وساسانیان لەدوورکردنی ڕۆمیان وپاشان لەئیسلام لەپێشگیری لەهجومەکانی عارەب وهەزاران کات وچاخی ئەستەمی دیکە لەدوایی وی،گروپەکانی کوردان لەڕیزی پێشەوی لەشکری ئێران دەبینین کەبۆ پارستن وسەربەخۆیی ئیران مردۆخ هاوکاری وبێوێنەیی ویکڕەنگی ئێرانیانی مادوپارسیان لەدەورانی شاهەنشاهی هەردوو زنجیرە بەڕیزلەکتێبی خۆی ئازانتی کردوە دەنوسێ:

(لەتەواوی سەردەمی سەلتەنەتی مادەکان،لەکاتی شەڕەکانی ئیران لەگەڵ ئاشۆر و یان چاخی هێرشی پەیتاپەیتای سکاکان وجگەلەوان،پارسەکان ومادەکان هاوولاتی ونیشتمان، هاودەست ویەکدڵ لەگەڵ نەیاران ودوژمنانی دەرەکی بەشەردەهاتن.

سەرچاوەکان:

32-دیاکونف. تاریخ ماد. ص 73.

33-همان کتاب.ص 240.

34-همان کتاب. ص 91.

35-توحدی(کانیمال).حرکت تاریخی کرد بەخراسان. ج. ا.ص 1.

36-رشیدیاسمی.کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او. ص 8.

لە سەردەمی هەخامنشیان لە تەواوی سەرکەوتن و پێرۆزی و سەفەرەکانی کورش بۆلای ڕۆژهەلات یان ڕۆژئاوا و باشوور،هەموو شوێنی سوپای ماد(یانی کورد) شان بەشانی لە شکری پارس و ئەیلام هاوهەنگاوی کورش بوون. لە ساڵەکانی 538 هەتا 529ی بەر لە زایین کە کورش دەستی بە سەر بابل داگرت و پاشان فەلەستین وفەنیقەیە، هەموو کوردەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا(مادوگودی) لە گەڵ وی هاوهەنگاوبوون...)مردۆخ، سەر جەمی پاڵشاکانی مادی(کورد)نووسیوە(37).

دوکتورعەزیز ژیان لەکتێبی خوی ئەمپەراتووری مادی کەلەساڵی 708ی بەرلەزایین بنیات نرا وشاری نینوا پایتەختی ئەمپەڕاتووری ئاشۆری لەساڵی 12ق.م دەست بەسەرداگرت"کورد"ی ناوبردووە(38)

ئیحسان نووری پاشا،لە کتێبی خویدا لەمەڕ ڕیشەی ڕەچەڵەی کورد دەنووسێ: ( ئەو ساڵەی 612ق.م کە دەوڵەتی ئاشۆر بە دەستی هوخشترە هەرسی هینا و"نەینەوا" کەوتە دەست مادەکان، بەو بۆنەوەیە، کە خەڵکی کورد(ماد)ئەم ڕێکەوتەیان بە ناوی سەرەتای مێژووی نەتەوەی کورد قەبووڵ کردوە(39).

سەفی زادەی بۆرەکەیی)یش لە کتێبی خۆی ئەم ڕێکەوتەی بەسەرتای نەتەوەی کورد زانیوە). ئحسان نووری پاشا،لە شوێنێکی دیکەی کتێبی خۆی دەنووسێ: (مێژووکانی ئێران کە لە دوای ئیسلام نووسراون چونکە ئەو کات میللەت مادناوی کوردی بەخۆوەگرتبوو ناوێک لەمادلەمێژوو نەهاتووە(40).

له دایرةالمعارفی بریتانیکاله بن کورد سەبارەت بە پاراستنی پایەکانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و هەموو تایبەتمەندییەکانی هۆزی ماد له دوای ئەو زنجیرو،بەهۆی زنجیرەی قەومی پارس هاتووه: (فەرهەنگ و پێشکەوتوویی مادی و مەعنەوی "مادەکان" لەگەڵ ئەو هەموو تایبەتمندیانەی لە دوای بەکۆتایی گەیشتنی دەوڵەتی ماد کە بە هۆی کوردەکان ئاگاداری وپاراسترا،بنچینە و پایەکانی فەرهەنگی قەومی پارس بوو(41).

سەرچاوەکان:

37-مردۆخ. تاریخ مردۆخ. صص 28و31،

38-دکترعزیزژیان. امپرالیسم ومسأله کرد. ص 8.

39- احسان نوری. تاریخ تیشەنژادی کرد.ص 89.

40-همان کتاب.ص 125.

The Encylopaedia vol 13.p.519.Lonsin.-41

سەرویس ئیزەدی لە پێشەکی کتێبی کوردەکانی گۆران دەنووسێ: ( لە بەرچاوو بیروبۆچوونی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای قەدیم حکوومەتی پارسی هەر ئەو حکوومەتی مادی دەهاتە بەرچاو، و پەنجە ڕاداشتن و ئاشکراکردنی کتێبی ممبارکی سەردەمی کەونارا (تەوڕات) بە" داریوش مادی" و ئەمە، کە "شەریعەت مادەکان و فارسەکان مەنسوخ نابێ)دەڵیلی ئەم یەکیەتی قەومی- دینی مادەکان وپارسەکانە(42).

ئەم پاژە،بە لێگێڕانەوە لە فرەزانایان دێرین ناس حەزرەتی ئایەتووللە شیخ محمدمردۆخ کوردستانی بە کۆتایی دەگەێندرێت کە لە کتیبی مێژووی خۆیدا دەنووسێ: (لەڕابردووی "کورد" بە تەواوی دەدۆزرێتەوە کە"کورد" و"پارس" دایم و دەرهەم لە بارودۆخی سیاسی و مەزەبی شان بە شان و هاوهەنگاو و هاو دەردو هاو دەنگ بوونە و لە شایی وتازی وخۆشی وناخۆشی لەگەڵ یەکتر هاو بەش و شەریک هاوخەم بوونە کە بەشێکی جیانەبوو یەکتری بەحیساب هاتوون. هەرچاخ کە"کورد" دەسەڵاتی هەبووە،پارسیش لەوی پەیرەوی کردوە وەکوو سەردەمی حکوومەکانی کاسی، گوتن،کیان ماد- وهەر زەمان کە پارس بە دەسەڵات گەیوە"کورد"یش ئاڵقەبەگوێ ئەو بووە- وەکوو

سەردەمی حکوومەکانی پێشدادی، هخامنشی،ساسانی،(ساسانیەکان)یش کوردو کورد ڕەچەڵە بوونە، لەکوردەکانی فارس).

هەر(چاخ)یش کە لە یەکدی جیا بوونەتەوە،یانی یەکێک لە وان کەوتۆتە ژێردەسەڵاتی یەکی تر دیسان هەر دوو تێکۆشاون کە دووبارە یەکتر بگرنەوە و پێک بلەکێن.

لە قبووڵکردنی (مەزەب)یش "کورد" و"پارس" پێکەوە بوونە. ئائین زەردەشت وهورمزد پەرستی وێگرا بوون و پێکەوەیان قبووڵ کردوە. لە شەڕ لە گەڵ عارەب کاتی هێرش بۆ سەر ئێران سەرەتا کوردەکان پێش هنگاو بوونە پاشان لە قبووڵی ئیسلام دیسان کوردو پارس پێکەوە موسڵمان بوون.

هەتا لە قبووڵ کردنی مەزەبی شێعەش بەشێک لە کوردەکان لە گەل پارسەکان هاوهەنگاو بوون کە بریتی لە: "لڕ" "کلْهوڕ" "شادرلی" "بادەلی" "کرەشلی" "بەختیاری" "کلیایی" "سینامیلی" "بهیزماز" "بلیکان" "اشمشارت" "لک" وگیرە... کە زێدەتر از سەت تایفەی شێعە و هەموویان "عەلی" بە خەلیفەی بەڕاستی بێ پسانەوەدەزانن، بەڵکوو بازیک لە شێعە لەوەش دوورترکەوتوون و" کە بریتی لە: "نانەکلی" "دیرسملی" کە لە دەڤەری درسیمن،هەموو (عەاللهین) . (کە خودای بە ناوی عەلی ناودەبن. نووسەر).

لە کتێبی سەردەمی کەونارا(تەوراڕت) یش،لە هەمووشوێنێک "ماد" و"پارس"ی پێکەوە ناوبردراوان. لە کتێبی استر-پاژی هەوەڵ،لە کتێبی دانیال- پاژی 6-8، ولەکتێبی "اشعیا" پاژی 21 وهتد... لە کۆتایی سەدەی پینجەم ق.م زایین وشەی ئیران بەجێگای ماد وپارس دەکارکراوە(43).

ئایەتوولله مردۆخ کوردستانی لە شوێنێکی دیکەی کتێبی تاریخی خۆی دەنووسێ: ( لە زوربەی کتێبی مێژوودا،وشەی کورد وەرگێران و هاومانای وشەی (ماد) هاتووە وهەردوو بۆ گروپێک تەرخانکراوەن. هەر وەک لە لێکدانەوەکانی کتێبی سەردەمی کەونارا وسەردەمی نوێ لە هەموو جێگایەک لە پشت سەری وشەی"مادا" یان"مدی"لەبزی (کوردستانی هەنۆکە) لە ناو دوو کەوان نوسراوە کە مەبەستی وی وەرگێرانی "مادا" و"مدی" یە و لە کتبەکانی دیکەش وەکوو" ئەوین و سەلتەنەت" کە کتێبێکی مێژووییە و"کتبی مێژووی کلیسای قەدیم) و... هەموو شوێن کوردو ماد بە مانایەک دەکارکراوە.

ئەگەر ئەو دەکار کردنەی وشەی(اطلاق) دورست بێ"کورد"و"ماد" دوو لەبزن کە یەک مانا دەدەنەوە کە لە سەر بابەتێک دەگوترێن. یانی کاتیک کە گوتمان "دەوڵەتی ماد" چ لەمپەر نییە کە لەشیکردنەوەو لێکدانەوەی و وەرگێڕانی بنووسین،یانی "دەوڵەتی کورد"و مللەتی ئێمە یانی میللەتی کورد.

بازێک لە ڕۆژهەڵاتناسان"ماد"بە بەشێک لە عەشایەری کورد نووسیوە کە ماد یەکێک لە عەشایەری کوردە،بەڵام بیروبۆچوون و ئاقیدەی کەسینی مێژوو نووسانی کورد لەسەر ئەمە کۆکە کە"کورد" بەشەکی "ماد"ە، یانی گروپی "کورد" بەشیک لە هۆزەکانی مادە... لە بەر ئەمە گروپی "کورد" لکێک لە ڕەچەلەی مادە. یانی لە ڕاستیدا"ماد' ئیکجار مەزنترو هەراوتر لە"کورد)ە(44)

مردۆخ کوردستانی هەروا دەنووسێ: (شەڕی کوردان لە گەڵ"والرین" پاڵشای ڕۆم لە ساڵی 224ی زایین و هەروا شەڕ لە گەڵ"هەرقەل"پاشای ڕۆم لە ساڵی 624ی زایینی کە پێشتر باسی کرا،بە لایانگری ئێران بووە.

زانایانی زانست زانی مێژوو، نووسیویانە لە دوایی کۆتایی هاتنی دەوڵەتی"ماد" لە ئاکامی کارتێکردنی بنەمایی،ڕەگەزی و دەروونی و گوزارەیی "پارس" و"ماد" لە سەریەکدی بەشێکی گرنگی گروپی ماد بۆتە بەشێک لە پارس و لە گەڵ ئەوان تێکەڵ بوونە. بەشەکی دیکەش بۆ ناو کوردەکانی زاگروس رۆیون،بەڵام سەرۆکانی ئەوان لە پایتەختی پارس ماوتنەوە وچاڤگەی شوغڵەکان و کارگیڕانی پایەبەرز بوونە.

هەر وەک کە"کواکسار"کوڕی ئازدیاک ئاخرین پاشای ماد لە سوپای کورش پلەوپایەی سەرداری هەبووە(کواکسارخاڵی کورش بوو). چاخی پێویست(شەڕ)بەهۆی ئەم سەرۆک و سەرداری کورد،لەشکرکورد بانگ دەکرا. دیسان هەر ئەو میژوو نووسان نووسیویانە کە گروپی"پارث" ئەشکانیانیش، بەم شیوەیە لە"پارس" داتواوەتنەوە ولە ئاکامدا وەک یەکیان لێهاتووە.

لە کتێبی "کورد لە بەرامبەر تورک"لاپەڕەی 21نووسیویە: ( توندو تیژی و یکەوتن و پەیوەندی نێوان"پارس و کورد"ی ئەمڕۆکە لە سەر بناخەی"ماد" و"پارث" کە گوتمان لە"پارس" تواوەتنەوە دەبێ وەدەست هاتبێ."

سەرچاوە:
44-مردۆخ. تاریخ.صص 225و226.

دوکتورفەریج لە کتێبی"کوردی لوڕ" دەنووسێ:(جەژنی کوردی کە هەرساڵ کوردەکان لە31ی ئاگۆست بە بۆنەی ڕزگاری ئیران لە دەست زوحاکی زاڵم = بیورهەسپ جەژن دەگرن،ئەو جێژنی" جەژنی دەماوەند"یش پێدەڵێن،دەلیلی یەکیەتی وهاودردی"کورد" و"پارس"ە. خاوەنی "مروج الذهب" ئەم جەژنەی(جێژنی مێهرەگان" ناودێنێ کە لە ئاکامدا(جەژنی دەماوەند" و"جەژنی میهرەگان" و"جەژنی کوردی" هەرسێ یەکەکن.

لە گەڵ ئەم توندی یەکیەتی کە لەنیوان کوردو پارس لە هەوەڵی مێژوو هەتاچەند سەدەی نزیک، بوونی هەبوو، و کوردان بەشێک لە وی بوون، بەداخەوە بە هۆی سەهوو هەڵەی پاڵشاکانی سەفەوی و لە دوایی نادرشاش بە شێکی ڕۆژئاوای کوردستان، بەشێکی خاکی عوثمانی وتورکیەبوو، لە گەڵ ئەمەش بەهۆی هۆکاری ئەم یەکیەتی کوردان بە ئێران، کوردەکان بە هیچ جۆرسیلەی چاویان لە دەوڵەتی عوسمانی ودوایی تورکییە نەبووە هەتا ئەمرۆش هاووڵاتی تورکیەیان قبووڵ نەکردوە(سەرکەوتنەکانی ئیسلام جلد دووهەم لاپەڕەی 122).

مردۆخ لە بەردەوامی قسەکانی دیسان دەنووسێ: (کورش مەزن و هەخامنشیان بەپشت ئەستووری بە ئام دوو گروپەی بە غیرەتی"مادوپارس" و داکۆکی ئەو دوو مللەتی جەنگاوەر کە لە وەکوو دوو باسکی بە هێز یان دوو باڵی ڕەسا بوونە تاسەو ئاواتی پاوانخوازی دونیایان بەردەوام کرد. لە ڕۆژئاوا هەتا"هالیس" لە ڕۆژهەلات هەتا ئەولای چەمی سەیحوون بە هێزی ئەم دوو ماکی هاو ڕەگەز باوک ودایکی خۆیان یانی سوپای (ماد وپارس) لە پەرژینی دەسەلاتی خۆیان کرد وبە بەشێک لە ناوەندی میراتی باوک ودایکی خۆیان زانی. لە سەردەمی کەونارا هەموو شوێن و هەموو کات ئەم دوو باسکی بەهێز پرتوانای کورد و پارس پێکەوە بۆ ئیران، گیان فدایانکردووە(نخبةالازهریە لاپەڕەی 520).

بە دەستەواژەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین هەربەمجۆرەی کە وشەی ئاو مانای دیکەی نییە جگە لەڕاستییەک کەلە تێکەڵ بوونی لە دوو ماکی اکسیژن وهیدروژن، هەربەمجۆرە کلیمەی ئیران،یش مانای دیکەی نییە جگە لەو ڕاستیەی تێکەڵ بوونی دوو ماک وەکوو زێروزێو،آری(ئاریا)ڕەچەڵە یانی "کورد" و"پارس" کە بوونی هەر دوو

مەرجی ڕاستی مانای ئیرانییەتە. یانی ئەگەر کورد نەبێ پارس هەمان "پارس" وشەی ئیران تەنیا بۆ ئیران دەکارناکرێ. بەمجۆرەش ئەگەر پارسیش نەبێ بە کاربردنی وشەی ئیران بە تەنیا بۆکوردهەڵەیە. بەڵام هەر دوو (کوردوپارس) کە پێکەوبن بەکاربردنی وشەی ئیران بۆ هەر دووکیان دورستە و چ لەمپەری نییە.(45)

محەمەدباقر نەجفی لە پێشەکی لە کتێبی کوردەکانی گۆڕان وەرگێڕاوەی سیروس ئەیزەدی دەنووسی: ( ئەنجومەنی جوغرافیایی مادەکان لە"ڕەی" بوو. سنوورەکانی ڕۆژهەلاتی هەتا بەلخ بەرین دەبۆوە. هەروەک دواییەکان (دەوڵەتی پارس)یش، هەر لەوسەرزەمین سەری هەڵدا. ئاکامی وی کە زوانی فارسی و کوردی یەکێکە، هەر ئەوە کە لە بەرد نووسراوەکانی هەخامنشی هەیە و نزیک بە اوستا،یە. و ئێمە ئەوی بە پارسی کەونارا ناو دێنین کە مەرجە و دەتوانین بڵێن مادی دێرین. زوان و ئەدبیات و ڕۆشنبیری ڕابردووی ئێمە لە پارسی و کوردی یەکێکە(46)

سەرچاوە:
46-محمدباقرنجفی. مقدمه کردان گوران.ترجمه سیروس ایزدی.صص 29-3.

## بەشی چوارەم:

(ای بسا هندو ترک اند همزبان)
(ای بسا دو ترک چون بیگانگان)
(پس زبان محرمی خوددیگراست)
( همدلی ازهمزبانی بهتر است)
مولوی

زوان ناسی

زوانیش وەک دین، وەک ڕەچڵە هۆکارو هەنجەتی دووبەرەکیی و لێک جیایی یە،لەحاڵێکدا کە زوان هۆکاروئەمێری لێک حاڵیبوون و حاڵێکردن ویەکیەتییە.

سیاسەتی خۆداسپان هەتا بە کەلک وەرگرتن لە خاڵی کز خەڵکی دوورلە ڕۆشنبیری دەتوانێ بە بوخچە کردنەوەی تەوفیری لە بزەکانی زوانێک لە نێوان یەکەتی سروشتی نەتەوەیەک ناکۆکی هاویژبێت. لەمە سەرنج ڕاکێش تر کە دەبینین بۆ زوانێکی گەورو هەراوی فەرهەنگی و ئەدەبی دونیا سێ ناو دانراوە کە بە وی لە خوارەزم(ئاسیای میانە)تاجیک،لە ئەفغانستان دری، لێرە فارسی پێدەڵێن.

ئەم بابەتە یانی زمانێک بەسێ ناونابردن وەکوو ترێ وانگورو ئیزوم دێنیتەوەبیر ولە عەینی حاڵدابیری مللەتیکی کەونارایان دەوێ لێکترجیاڕابگرن هەتاگچکەوکزبمێنێتەوە.

ئەم بابەتە سێ ناو بۆ زوانێک لەو نێوە سەرنج ڕاکێشە کە هەموو شاعیروهەستیارو ونووسەرەکانی کۆن و نوێ لەم پانەگۆڕای گەورە لە خوارەزم هەتا قەفقاز،لە هند و لە سنوورەکانی چین هەتا ئاسیای ڕۆژئاوا کورد لە دوایی ئیسلام لە ماوەی هەزارو چەندین سەدە هەتا ئەمڕۆکە زبان و دەربڕینی قسەکردن بە وردی وەکوو بووەهەن. هەستیاران و شاعیران ونووسەرانی وەکوو ڕوودەکی سەمەرقەندی،کسایی مروزی،بەلعەمی،نرشخی، ناسرخوسرەو قوبادیانی،شهیدبلخی،حەنزەلەبادغسی،سەنایی غەزنەوی،میبدی،جامی، هەراتی،فردەوسی، خەیام،عەتار،سەعدی،حافز،حاقانی شروانی،نیزامی گەنجەوی،قەتران تەورێزی،سائیب تەورێزی،ئەوحەدمەراغەیی،شیخ مەحمودی شەبستەری،مەولەوی، شەرفخانی بدلیسی،فاطمەکردستانی،شیخ محمەدمردۆخ کردستانی وسەدان شاعیر و نووسەری دیکە هەموو بە فارسیان نووسیوەو بە فارسیان شێعر هۆندۆتەوە کە پیویستە سەبارەت بەوان و شوینەوارەکانیان مێژووکانی ڕۆشنبیری موتالا بکرێت. ئەم پیاوە مەزن ولیهاتوو ئەو مرۆڤانەی جەماڵ پاک ئەو کەسین و کەسایەتیانەی دەنگین و بە ناوبانگ و ئابڕو شەڕەفی فەرهەنگی و مەدەنی خەلکی ئەم سەرزەمینەن. چ مللەتێک لەدونیا دەتوانێ داوابکات کە باوک و باپیرانی ئەوها گەورەو لێهاتووی هەبووە دەجا واباشە لە رابردوەکانی دوورترباشی یادکاتەوە کە لە 1500ساڵ بەر لە ئیسلام هەموو مادەکان بەوسەرزەمینەهەراوەو پان و بەرینەی فەرهەنگی،هەخامنشیان بە سەر هەموو دونیا و سەردەمی ئەشکانیان وساسانیان لەسەر نێوەی دونیای دێرین فرمانڕوایان دەکرد.

لە بەردەوامی قسە لەم بارەوە سەبارەت بە زوان ولەهجە،ئەو هەی کە لەم وڵاتەکۆنە ودیرِینە لە قەدیمەوە هەتا ئەمرِۆ دوو زوان لە برەو بوونە،یەک فارسی دری،و یەکیش فارسی پەهلەوی کە هەتادەورەی ساسانیان بە ئەندازەی یەک تێکۆشەربوون. بەڵام لە دوایی ئیسلام بوون بە دوو نەهەم. فارسی دری لە نەهەمی سەروی زوان و پێنووس وکتێب نووسین، لە سەریەک زوانی خویندنەوەو نوسین بوو، و فارسی پەهلەوی لە گۆرِەپانی نەهەمی ژێر یانی زوانی لەهجەکانی ناوچەیی هەر بەشێک لە وڵات قەراری گرت.

بەڵام لە سەردەمی بەر لە ئیسلام(سەردەمی دیرِین)لە بەرامبەرفارسی دری کە زوانی فەرمی و گورِینەوەی نامەو نووسینەکانی بارەگای دەوڵەت بوو،فارسی پەهلەوی بە شیوەکی بەربڵاو بۆ نووسینی کتێب کەلکی لێوەردەگیرِا. بە تایبەت لە سەردەمی ساسانیان کە ئاخوندەکان حوکمرِانیان دەکرد و حکوومەتی دینی بوو کتیبەکانی دینی و بازیک کتێبی دیکە بەخەتی فارسی پەهلەوی بۆ پرِوپاگندەو تەعلیمدان وعاملان بەخەڵک دەنووسین.

چونکە پاڵشاکانی ساسانی رِەچەڵەیان لە مادەکان بوو هەر لە سەرەتا بە"کورد" دەنگین بوون و لە ماوەی چەندین سەدە سەلتەنەت لە رِۆژئاوای ئێران لە ناوخەڵکی کوردیان بەرِیوەدەبردو مەقەری دەوڵەتیان لە تەیسەفوون بوو فارسی پەهلەوی زۆرتر بۆ خویندنەوەو نوسینی کتێب  و لە دەزگاکان و پارِلەمانەکانی دەوڵەتیش بۆ وتوویژ دەکاریان دەکرد.

بەڵام لە دوایی ئیسلام چونکە فارسی پەهلەوی کە زووتر خەتی پاڵشایانی ساسانی بۆ پرِوپاگەندەی دین و دەوڵەتی زەردشتی و خەتی کتێبی ئوستا و سەرجەمی کتێبەکانی مزدیسایی بوو وەلانرا لە جێگای وی فارسی دری لە دوایی گەلێک ئەزموون و تاقی کردنەوە لە ماوەی زێدە لە دوو سەدە نوسین و شێعر هۆنینەوە لە گەڵ خەتی نوێی ئیسلامی کە دورستکراوەی ئیرانیانی وەک سیبویە و ابن موقلەبوو لە کتێبەکان دروشییەوە.

کاتیک خەت و زبان کتێب نووسینی پەهەلەوی کە رِیشەی لە لەهجەکانی ناوچەیی سەرانسەری وڵات هەبوو لە ناو چوو،خەڵکی هەر بەشێک لە وڵات لە گەڵ ئەو لەهجانەی پێشووی ناوچەیی خۆیان مانەوە کە بەمە قەناعەتیان کرد. بەربڵاوی

دانیشتوان لە دەڤەرەکانی لێکتر داپچڕاو دوور هۆکاری زۆرتر بوونی ناکۆکی لەهجەکانی پەهلەوی لە ماوەی هەزارو چەندسەت ساڵ بوو کە ئەمڕۆ ئێمە لە گەڵ ئەم لەهجانەی لاری،لوڕی، کوردی، گیلانی، مازندەرانی، سمنانی، و ئازەری وهتد... دەبیسین.

شیکردنەوەیەک: هەرکات ناوی ئازەری لە ڕێزی لەهجەکانی مازندەرانی،لوڕی وکوردی وهتد...دێ کەسێک کە بە مێژووی ئێران و مێژووی ڕۆشنبیری و ئەدبیاتی ئێران ئاشنایی و ئاگاداری نییە وخاوەن لێکۆلینەوە و تۆژینەوە وموتالا نییە دەڵێت: (ئازەری تورکییە). وەڵام بە وی: ئەم تورکییەی بۆیە بە ئازەری ناو دەبن چونکە هەنۆکە جەماوەرێکی زۆری ئازەربایجان بە وی قسە دەکەن،دەنا، نا، زوانی خەڵکی ئەو دەڤەری لە سەرەتای مێژوو هەتا 300ساڵ پێش فارسی پەهلەوی یان ئازەری پەهلەوی بوو،بۆچ؟ چونکە تورکی برەوی پەیداکرد و لیکدانەوەو ئازانتی و شیکردنەوەی و هۆکارەکانی وی پێویستە لە کتێبی(مێژووی ڕەچەڵەو بنەچەکەو زوانی خەڵکی ئازەربایجان)نووسینی ئەوبندەیە بخوێنەوە کە سەبارەت بە سەرزەمینی خەڵکی ئارئایی زوانە، کە لە سەرەتا،ناوی (ئیرانویچ) بوو و لە دوایی لەبرەو پێدانی دینی زەردەشتی بە ناوی"ئازەرکشسب" ناسراو دەنگین بوو، و لە سەردەمی پاڵشاکانی مادە"مادی گچکە"ناوی لێنرا و لە ئاکامدا لە کۆتایی هەخامنشیان بە ناوی"ئاترپاتکان" کرا. بە قەولی دیاکونف لە مێژووی ماد خەڵکی ماد(ئازەربایجان) لە هەوەڵی بە زوانی ئوستا،کتێبی ممبارکی دینی زەردەشتی کە یەکیک لە کۆنترو دێرینترین زوانەکانی ئیرانییە قسەیان پێدەکرد(لاپەڕەی 62). و دیاکونف دیسان بە لێگێڕانەوە لە"ئەسترابون" جوغرافی زانی سەرەتای سەدەی زایینی دەڵیت: زوانی مادەکان لە دگەڵ زوانی قەومی پارس و پارث و باکتریان(خەڵکی خوراسان وخوارەزم، یک بووە)دیسان هەرئەو دەلێت: "بەڕاستی دەبێ زبانی ئوستا،ی دەبێ وەک زبانی مادی بەحیساب بێنین(لاپەڕەی 85و86 مێژووی ماد). هەتابگات بەفارسی دێرین وفارسی نێوەڕاست(پەهلەوی) کە هەرئەوکوردییەی هەنۆکەیە. زوانی ئازەری پەهلەوی لە ئازەربایجان، لە سەرەتاهەتا300ساڵ پێش برەوی هەبوە کە وەکوو لوڕی وکوردییە کە نموونەکانی لە ئاخافتن وی بە شێعرو بەێژامە لەکتێبی روحی ئەنارجانی نوسراوە لە سەدەی 11ی هیجری و هەروا لە کتێبی"روضات الجنان وجنان الجنات" حوسین کەربەلایی تەورێزی و کتێبی "سەرجەمی شێعرەکانی عیزەدین عادل یوسف تەورێزی هاتووە وهەروا ئاخافتنی ئازەری پەهلەوی لە نووسینەکانی ابن بزاز لە"صفوةالصفا" ونامەو نووسراوەکانی شێخ حوسێن زاهدی لە"زنجیرەی ڕەگەزەی سەفەوی" ولە

شوێنەواریک لە شێخ سەیفەدین ئەردەبیلی و کوڕی شیخ سەدرەدین کە هەمووی بە ئازەری پەهلەوی وەکوو لوڕی وکوردییە دەبینرێ. دایرةالمعارفی گەورەی ئیسلامیش چاپی تاران(ص 259)لە 200شوینەواری نامەو شێعرنووسراوەی پەهلەوی ناوبردوە. خولاسە ئەمە کە ئاسەواری ئازەری پەهلەوی لە قولینچک و قەراخ ئازەربایجان هەر ئەو ئاخافتنانەی تاتی و هەرزندییە کە هیشتا بەردەوامە.

بێجگە لە وەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا سەرچاوەکانی دوایی ئیسلامیش بەهۆی "ئەیبنی نەدیم، تەبەری،مەسعودی،موقەدەسی،ئیستەخری،ئیبنی حوقەل وخوارەزمی، یەعقوبی و... هەتا سەدەکانی حەوتەم و هەشتەم یاقووت حەموی و حەمداللە مستەوفی، هەموویان لە فارس بوونی و لە ئازەری پەهلەوی بوونی زوانی خەڵکی ئازەربایجان خەبەر دەدەن. بەم هۆکارە کە هەموو نووسەران و هەستیارانی ئازەربایجان لە سەدەی دووهەمی هیجری وەکوو محەمەد بەعیس کەعە ڕەب بوو، بوو بە دۆستی بابەک و بە فارسی شێعردەگوت و خاقانی شەروانی،نیزامی گەنجەوی،مەهەستی گەنجەوی، قەتران تەبرێزی، هەمام تەورێزی، شەمسی تەورێزی، سائیب تەبرێزی، ئەوحدی مراغەیی، محەممەدخەلف تەورێزی، قاسم ئەنوار تەورێزی و سەدان شاعێرو نووسەری کۆن وهەزاران شاعیر و پێشەوەرو خەڵکی ئاسایی لە کۆڵان و گەڕەک و دووکان هەتاسەدەی 11و12ی هیجری بە فارسی شێعریان هۆندۆتەوە.(بۆ ئاگاداری تەواو لەم بارەوە کتێبی مێژووی ڕەچەڵەو تۆرەمەو زوانی خەڵکی ئازەربایجان نووسینی نووسەری ئەم کتێبەی حازر موتالا بفەرموون.)

لەگوینە بڵێن ئەم کتێبە کە سەبارەت بە کوردانە چ پەیوەندی بە زبانی خەلکی ئازەربایجان هەیە. سەرتا پەرسڤ بەمە: کە پێشەکی ئەم پاژە سەبارەت بە(زبان)ە. دووهەم ئەمە کە قسە لە مەڕ زوان لە جوری لوڕی وکوردییە. سیهەم ئەوە کە ئازەربایجان زیدە لە هاو زمان بوون لە گەڵ کورد،ڕەچەلە کوردیشە،و تۆرەمەی لە مادەکانە. لە بەرئەمە ئەو قسەی کە لە مەڕ کورد دەکرێ و هەرکات پەیڤین لە بابەت مادو ڕەچەڵەی مادەکان بکرێ بە پێی ئەو بەڵگەو نیشانانەی کە ئاماژەیان پێکرا دەبینین کە زوانی ئازەربایجان و زبانی کوردی ڕەچەڵەو باوک و باپیریان لە مادەکان یەکێکە. تەنیا قەومی مادو نەتەوەکانی مادو پارس و پارث، باکتریان هەر وەک قسەیان لە سەرکرا لە سەرتا یەک مللەت و یەک ڕەچەڵە بوونە، لەگەڵ تاقە دینێک،تاقە زوانێک و عادەت و نەریت و رەسم وقاعیدەیەک، هەر بەمجۆرەی کە هێستاش بە شێوەی تایبەتمەندیەکانی هاوبەش هەموویان پێکەوە مللەتی ئێران

پێکدێنن. لە دەوران و سەردەمی هەزارو پینسەدساڵ لە ڕۆژگاری دیرینش هەر چاخ هەر یەک لە نەتەوەکانی ئێرانی حکوومەتیان بەدەست وەدەگرت، نەتەوەکانی دیکە، پەیرویان لە وی دەکرد.

دیاکونف بە بەڵگە هێنانەوە بە بەردنوسینەکان وسەرچاوە گەلی سۆمریان و بابلیان و ئاشۆڕیان و ناوی شوینەکان و ناوەکانی دیرین و بەکەلک وەرگرتن لە کۆڵدراوەکان وزەوی دانەوە بە مەبەستی دێتنەوەی کۆنینە لە شوش و شوینەواری یۆنانیەکانی کۆن وهتد... لە بەشێکی تیرۆتەسەل لە کتێبی خۆی مێژووی ماد لە لاپەڕەکانی 74 هەتا 94 بە لێکۆڵینەوەی عیملی خۆی بە دەلیل سەلماندویەتی کە زوانی مادەکان وەکوو زبانی پارسەکان و باکتریان(بەلخیان)بووە.

چونکە ئەم پاژە پەیوەندی بە زبانە و گرنگایەتیەکی ئیکجار زۆری هەیە،وەک دەزانن زوانیش یەکێک لە بە هانەو بیانووی داگیرکەرە، بۆ جیایی و چەند بەرەکی وتەفرەقە تێخستن لە ڕێزی یەکیەتی و کزو لاوازکردن و حکوومەت کردن،و بەم بۆنەوەش کە لە ماوەی سەدەکانی کۆن بە هۆکاری شەرەکان وڕووداوەکانی مێژوویی وسیاسی جۆراوجۆر بەشێک لە برایانی کورد لە حەسلی خۆو لە دایکی نیشتمان دوورو لە یەکەی بی خەبەر ڕاگیراون،دەجا خاڵی کز بۆ واردکردن برینەی جوایەزی تێکەوتن لە بازیک کەسینی کۆمەڵگای کوردی سەریان هەڵداوە بەم بۆنەوە نووسەربەپیویست دەزانی ئەوبابەتانە باشترشیکاتەوە.

ناکۆکی زوان یان ئاخافتن لە نێو هەر میللەت و نەتەوەو لە تەواوی وڵاتانی پێشکەوتوو بوونی هەبووەو بە جۆرێک کە پێشترهەر بەشێک لە وڵاتانی ئینگلیستان و ئاڵمان و فرانسەو ئامریکا زبانی دیکەی و لاتەکەیان نەدەزانی ولێی حاڵی نەدەبوون بەڵام بەرەو پێش چوونی کەرەسەو ئامێری پەیوەندی گرتن گشتی لە200هەتا300ساڵ پێش بەم لاوە کە لەگەڵ گشتەیەتی هەموانی و تەعلیم و فێرکردنی قوتابخانەیی و بڵاوبۆنەوەی زۆرایەتی کتێب و ڕۆژنامە و لە ئاکامدا ڕادیوو تەلەفزیون دەستی پیکرد و ئەم ناکۆکی زوانانەی لەو شوێنانە لە ناو برد بەڵام لە وڵاتانی ناپێشکەوتوو کە بە درەنگەوە خۆیان پێ گەیاندرا ئولکە، و کۆمەلگای کۆن و سونەتی ئەوان هەروا دوورلە یەک و لە شوێنەکانی جیا لێکتر تێدەپەڕاند ناکۆکی زوان هەرمابوو و ئەمە بۆ وڵاتانی ژێر دەست هۆکاری نیفاق تێخستن وفەرق و جوایەزی و زاڵ بوون بە سەرئەوان دا بوو.

نەتەوەی ئیران لەسەرەتا لەڕۆژهەلاتترین هەتا ڕۆژئاواترین دەڤەرەکانی هەراوی وپان وبەرینی خۆی چ لەسەردەمی 1500ساڵەی دێرین وچ لەسەردەمی 1400(سالەی پاش ئیسلام کەجاروبار لەسەردەمی یەک پارچەبوونی خۆی بەدەست هێناوە وجارلەناوتخووبەکانی نادایمی حکومەتەکانی ناوچەیی لیکترجیادوبوو،بەلام بێ لێبڕانەوەلەهەردوو باراخەت وزوانی تاقانەی بۆخویندنەوەو نووسین لەگەڵ فەرهەنگ وئەدەبیاتی تەنای لەهەرشوێنێک هەبووە،بەلام بەبوونی ئەمەش بوونی زوانی وێکنەچووی پەهلەوی هەمێشەلەهەرشوێن لەناودەڤەرەکانی بەربلاو دوورلێکتربرەوی هەبووە هەروەک کەزوانی کوردەکان کەپەهلەویە وەکوو تەواوسەرجەمی زوانەکانی ناوچەیی دیکەی ئیران لەهەرشوین کەپێکەوە ناکوکی هەیە هەربەمجۆرەی کەلەنیوان زبانەکانی مازەندەرانی لەگەڵ زبانەکانی گیلانی وزەبانی گیلانیەکان لەگەڵ سنگسریەکان وزبانی لاریەکان لەگەڵ لوڕەکان تەوفیری هەیە،لەنێوان زبانی کوردی کرمانشاهی لەگەڵ کوردی مەهابادی وکوردی کەرکوکی لەگەڵ کوردەکانی بدلیس تەوفیریان هەیە بەلام لەسەرئەمش راکوردەکان لەتەواوی سەردەمی 300ساڵ خەت وخویندنەوە ونووسینیان لەگەڵ ئیرانیەکان وەک یەک بووە-جگەلەبەشانەی کە سەرزەمینەکەیان دابەشکراوەی زوو،پێویستی هەموو کەسایەتیەکانی کورد وەکوو شەرەفخان بەدلیسی خاوەنی کتێبی مەزن و مێژووی شەرفنامە لەو سەدەی دەهەمی هیجری لەوی بەدواش بە فارسیان نووسیوە.

زبانەکانی جۆراوجۆری پەهلەوی ناوچەیی کەڕیشەکانی زبانی حەسلی(یانی زبانی فارسی دری)ین لەناو نەتەوەکانی جۆروجۆری ئێرانی لەناوچەکان ودەڤەرەکانی دوور لێکترلەعەینی وێکچوون لەهەرناوچە ئیختلافی تیدەکەوێ. ئەگەرقسەلە هێنانەگۆڕی لەهجەکانی جۆراوجۆری ناوچەیی بەناوی حەسلی ڕاستەوخۆبێت،نەک تەنیا بۆ لەهجەکانی مازەندەرانی و گیلانی و لۆڕی و سنگسری وئەوانی تر...بەڵکوو بۆزوانەکانی ناوچەیی شیرازی و یەزدی و مەشەدیش دەبێ حەسلێەتی ڕاستەوخۆلەبەرچاوبگرێت.

پێشەکی ئەم بەشە لە ژێرناوی"زوان ناسی" لە گەڵ ڕاپۆرتی خوارەوە دیسان لێی بەردەوام دەبین. ئینگلیزیەک بە ناوی"واتسن" لە ئاخرئۆخری سەلتەنەتی قاجاریەکان لە سەفەرنامەی خۆی نووسی ئێران وڵاتێکی پاشکەوتوو بارکەوتە و بلەنگازە، بەلام زوانێکی هەیە کە لە سەرانسەری ئاسیا هەتا ئوڕوپای ڕۆژهەلات و باشووری ئافریقا

دەبەرە خۆگرتووە. بەم بۆنەوە ڕایگەیاند کە لە شوینەواری میللەتێکی مەزنی دێرین وکۆن و مێژوویی تەنیا زبانی وی لە گوڕەپانی هەراوی فەرهەنگی وی باقی ماوەتەوە کە دەشێ هەرچاخ دەرفەت بڕخسێ دەبێ هۆکاری نوێکردنەوەی ژیان و دەسەڵاتی ڕابردووی بێت.

بەم ڕاگەیاندراوەیە خێرا نەخشەو بەر نامە یان داڕشت و زبانی هندی گەورەیان کە هەمووی فارسی بوو لە ماوەی چەند دەیە بە ئینگلیزی وەرگێڕاوە. زوانی فارسی خوارزم(ئاسیای نێوەڕاست) لە مروشای جیهان و سەمەرقەندو بۆخارا هەتا خێوە مەزاری پوریای ولی لە بەرچاونەگرت و پاش دابەشکردن لێکتر،لە جیاتی وی زبانی ئالتایی یان بە سەردا سەپاندن. بۆ زمانی فارسی تاجیکستان لە جیاتی خەتی فارسی لە برەو،خەتی لاتینیان جەعل کرد. خەتی ئیسلامی فارسی سەرانسەری خوارزمیش بە لاتین وەرگێڕدراوە.

لە قەفقازیش کە هەتا سەردەمی ئینقلابی بلشویکی فارسی لە برەوبوو، و تالبوف نووسەری گەورە و دەنگینی ئەو سەرزەمین سەرجەمی کتێبەکانی خۆی بە فارسی دەنووسی،خەت و زوانی خاقانی شروانیەکان و نیزامی گەنجەویەکانیان لە ناوبرد و تورکی و زبانەکانی ناوچەییان برەو پێدان و خەتی ئیسلامیان بە لاتین وەرگێڕانەوە. هەروا خەت و زبانی فارسی لە تورکیە کە هەتا هاتنی ئاتاتورک ئامێری خویندنەوەو نووسین بوو لە ناوبرد و لە شوێنی وی ئەو تورکی و خەتی لاتینیان جێگرکرد.

بەمجۆرە خەت و زبانی فارسی کە بەشێکی هەراو لە ئاسیای یەکیەتی دەبەخشی، و خەتی وی کە خەتی دونیای ئیسلام  و قورئان بوو لە برەو خستن و پەیوەندی موسڵمانانیان لە یەکتربڕی و بەرامبەری ڕەوشی سیاسی بۆ خۆداسەپاندن( Divide To rule تەفرەقە باوێژەوحکوومەت بکە"بەرنامەو نەخشەی خۆیان بەرێوەبردو بەئامانجیان گەیاند.

بە پێچەوانەی ئەو مەکروحیلەو چێڕۆکانە، بۆ جوایەزی و دنەدان کە بە مەبەستی لاڕێبوونی بیروبۆچوون لە زبانی فارسی دایک دەکەن، هیچ چاخ  هیچ ئیرانییەک لە هەر خالێکی دونیا، ناتوانێ لە زبانی باوو باپیرانی خۆی جیابکەنەوە. زبانێک کە پشتیوانە و ژێربنای مەزنی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ئامۆژگاری و نەفەس درێژی حەق ناسین و خواناسینی دەروونی و گوزارەیی دونیایی هەیە و لەگەڵ

ئەسەواری زۆر درەوشاوە و ئەبەدی کەسایەتی وەکوو فیردەوسی،سەنایی غەزنەوی، بێدل دهلوی، بەلعەمی، میبدی، ڕوودەکی،ناسرخوسرەو قوبادیانی،سەعدی،حافز،خاقانی و نیزامی لە قەفقازو مەولەوی لە قونیە کە هەر یەک شەرەف و سەربەرزی و هۆکاری نەجاتدەری بۆ سەرجەمی بەشەریەت و میللەتی ئیران لە هەر شوێنیک کە لێن دەتوانن بن.

زبانێ مللەتێک کە بەپێی لێگێڕانەوەیەک کە لە دونیای ئیسلام لە ناو پەیرەوانی ناردراوەی خوا(سەلامی خوای لەسەربێ) مەشهورە،پێغەمبەری خوا سەبارەت بە ئەوان فەرمویەتی: (لوکان العلم منوطا بالثریا،لتناولە رجال من فارس: ئەگەرعیلم و زانیاری لە ئەستیرەی ئاسمان هەلاوەسرابێ،مرۆڤی ئێران ئەوی وەدەست دێنن(1).

دیسان زوانێک کە بەلێگێرانەوەی مأثور لەڕاسپاردەی خوا(سەلامی خوای لەسەربێ)زوانی ئەهلی بەحەشتە کەیانی زوانی دینی وئیلاهییە: "لسان اهل الجنة العربیة والفارسیة الدریة(2)وهەروا ئەبوو حەنیفە ئیمامی فرقەی گەورەی حەنەفی خویندنی نوێژو عیبادەتی بەزوانی فارسی وەکوو عەرەبی ڕەوا دەزانێ(3).

سەعدی لە گوڵستاندا دەڵیت:" بە کاشغری (ئەمرۆ ئەم مەڵبەنە بە زبانی چینی پێیدەڵێن "سین کیانگ.) کوڕێکم بینی شوێنی لە دایک بوونمی لێ پرسیم. گوتم: شیراز. گوتی: لە قسەکانی سەعدی چ دەزانی؟ کە زۆربەی شێعرەکان لەم سەرزەمینە پارسین(4).

ئیبنی بتووتە لەسیاحەنامەی خۆیدا نووسیویە: (لەچین،پاپۆرلێخورانی چینی لەکەنداوبیلێیان لێدەدا"سەوڵ لێدەر،ئەم شێعرەی سەعدیان دەگووت:" تادڵ بەمهرت دادەایم،لربحرغم افتادەایم) چون درنمازایستادەایم،گویی بەمحراب اندر(5).
خواجەحافزلەوسەردەم کەزبانی فارسی لەسەرانسەری هندبرەوی هەبوو دەفەرموێ: (شکرشکن شوند همەطوطیان هند ** زین قندپارسی کەبە بنگالەمی رود (6)

سەرچاوەکان:

1-محمودعمر زمحشر. تفسیرکشاف.ج 1.ص 646.
2-اللولوالمرضوع فیماقیل...ص 62چاپ مصرولغت نامە دهخدا زیرلغت دری. ص 546.

3-گلدزیهر. درس هایی درباره اسلام. ترجمه دکتر علی نقی منزوی. ص 101.
4-سعدی.گلستان. رستم علی یف. ص 323. چاپ مسکو.
5-ابن بطوطه. سفرنامه. ترجمەمحمدعلی موحد.ص 676.
6-حافظ . دیوان.

شەمس ئەلەدین بنی کەماڵ پاشا،یەکێک  لە وشە زانان و ئەدیبان و زانای ئایینی و لە شاعیرانی بە ناوبانگی سەدەی نۆهەم و دەهەمی عوسمانیە کە زێدەتر لە سەت کتیبی نووسیوە،یەکێک لەو کتێبانە بە ناوی لە سەرتری زوانی فارسی لە زبانەکانی دیکەیە. لە گەڵ ئەمەی کە ئەم کتێبە بە بەڵگە هێناوە لە دەیان کتێب  لە ناوەرۆکی کلاسیکی فارسی نووسراو بەڵام چونکە بۆخۆی یەکێک لە مەلاکانی حەنفی سەردەمی خۆی بووە زانا بە عیلمی ئایینی بووە ئەو کتێب بە زوانی عەرەبی بە ناوی"رسالەمزیة اللسان الفارسی علی سائرالالسنە ماخلاالعربیة"نووسیوە وهەروا لە وانەیە و یستبێ کە ئەم لە سەریەی لە گوێچکەی عارەبان بسرێنوێنێ،و تێیان بگەێنێ.

هەر وەک شەمسی تەورێزی چاخی نیشتەجی بوونی لە شام کاتێک بینی بازێک بە زوانی عارەبی کتێب دەنووسن،بەو جۆرەی کە لە نووسینەکانی وی داهاتوە ڕووی لەوان کردوو گوتویەتی:
(زوانی فارسی چ لێهاتووە؟ بەم جوانی و ڕەوانی و باشی و ئەو مانا زەریفەی کە لە فارسی داهاتووە،(زهی قرآن ناطق پارسی،زهی وحی ناطق پاک(8).

ئاسیای گچکەش وەکوو هندوستان لە سەدەکانی دوایی ئیسلام بە تایبەت لە سەردەمی سەلجوقیەکان لە سەدەی پینجەم هەتا کۆتایی سەدەی 13ی هیجری وەکوو خوراسان و ئازەربایجان(9) لە لانکەکانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری دەبێتە پارسی. ئەم بزوتنەوەیە لە سەردەمی هێنانی بە هائەلەدین ولەد بە هۆی عەلائەدین کەیقوبادی دووەم بۆ قۆنیەو بەرز بوونەوەی مەولەوی بەو پەڕی خۆی دەگات.

لە بارەگای ئەم پاڵشایەی سەلجوقی(کەیقوبادی دووهەم)هەستیاران و پیاوچاکانی وەکوو محەممەدجەلالەدین مولەوی، فەخرەدین ئێراقی،برایم محەممەد تفلیسی، سەدرەدین قونوی،کەریم ئاقسرایی،قوتبەدین شیرازی، سەعیدەدین فرقانی، شیخ عەوڵا شەبستەری، قازی زادە ئەردەبیلی،مەولانا فەخرخەلخالی، مەلا واقف

خلخالی،محەممەد ڕەزا پاشای تەورێزی،حەکیم ابوتالیب تەورێزی و گەلێکی تر پلەو پایەیان هەبوو کە هەموویان لە گەورە پیاوانی شێعرو ئەدەبی پارسی بوون.

زوربەی پاڵشاکانی سەلجوقی ئاسیای گچکە وزوربەی پاشایانی عوسمانی کەهەستی شێعرگوتنیان هەبوو،وەکوو عەلائەدین کەیقوباد،سولتان بایەزیدئیلدرم،سوڵتان سەلیم، سوڵتان سولیمان قانوونی، بەفارسی شێعریان گوتوە. سوڵتان بایزیدئیلدرم لەئاسیای گچکە وئەمیرتیمورلەنگ لەخوارەزم(804هجری)بەفارسی لەگەڵ یەکترنامەگۆڕینەوەیان دەکرد. قاقەزنووسینەکانی شاسمایل سەفەوی وسوڵتان سەلیم وپاشاکانی گورگانی هیند وپاشاکانی سەفەوی وخونکارانی دیکەئەم لاوئەولای ئاسیاش بەفارسی بوو وئەوهەستیاروشاعیرانەی کەلێرەولەوێ دیوانی شێعری خۆیان پێشکیشی ئەم پاشایانە کردوەو ئەوانیان بەفارسی مدح کردو پێهەلاگووتوون.(10) فیردەوسی لەخوراسان دەیگوت: (چوایران نباشد تن من مباد
بدین بوم وبرزنده یک تن مباد)

وزانای بەناوبانگ نیزامی گەنجەوی لەقەفقاز دەیگوت:
(همەعالم تن است وایران دل
نیست گوینده زین قیاس خجل
چون کەایران دل زمین باشد
دل زتن بەبود یقین باشد)
پێشەکی ئەم پاژە بەلێگێڕانەوە بابەتێک لە توژێنەری فرەزانا و وەرگێری کتیبی (کوردەکانی گۆڕان) کە هەتا ئێستا سی و هەشت کتێبی لە ڕووسی و ئینگلیزی و ئالمانی بە فارسی وەرگێراوە کۆتایی پێدێنم.

سەرچاوەکان:

7-ابن کمال پاشا. متوفی 940 هجری رسالە مزیة اللسان الفارسی علی سائرالالسنە ماخلاالعربیة. ائران کودە.شمارە 7.
8-مقالات شمس تبریزی. جعفرمدرس صادقی.ص 45 وص 30
9-غلامرضاانصاف پور. آذربایجان مهد وفرهنگ وشعر فارسی. ازصفحە 149تا167 درکتاب تاریخ تبارو زبان آذربایجان.
10-دکتررضاخسروشاهی. شعروادب پارسی درآسیای صغیر. ص 17و18و19

کاک دکتور سیروس ئەیزەدی کە سێ چوارمی تەمەنی خۆی لە دەرەوەی وڵات تێپەڕاندوە، لە بەبەتێکی شیکردنەوەدا لە پشت بەرگی کتیبی"کوردەکانی گۆران" دەنووسێ: (هۆکاری وەرگیرِبوونم ئەوین بە زوانی پارسی بوو، زوانێک کە هەمێشە هۆکاری پیوەندی گوزارەیی من لە گەڵ ئیران و سەر زەمینەکانی پارسی زوان بووە(لە ئەفغانستان،لە تاجیکستان، لە ئەزبەگستانیش ژیانم کردوە)... پارسی نە تەنیا پارێزەری فەرهەنگ و ئەدب و سەربەخۆیی ئێمە، بەڵکوو لە جوانترین، و کامڵترین، و پۆختەترین و تەژی لە ناوەرِۆکترین زوانەکانی دونیایە کە ڕیشەی لە زبانەکانی دیرین و کۆنی مەملەکەتی ئێرانە، و بە بەهرەمەند لە بەدەستەوا وەرگرتنی وشەکانیش لە هەر زوانێک پێشکەوتووی بە خۆیەوە بینیووە، کە لە زوانەکانی ڕووی و ئینگلیزی دەولەمەندتر بووە. چاو پۆشی لە بنکرکراندن لە سەدەکان لەم ڕێگایەش بەرەو پێشچوونی بووە بە قسەی تاجیکان پڕبووە،یەکێک لە مەزنترین ئەدبیاتەکانی دونیاش بە زوانی شیرینی وکامڵی ئیمەیە).

مەبەستی نووسەری کتێبی حازر لە هێنانەوەی ئەم لێکدانەوە و ئازەنتی لە ئاغای دوکتور سیروس ئەیزەدی و ناساندنی وی لە چەند ڕستە بە هۆی بابەتی زۆرگرنگ و ئیکجار زانستیانە لە جەنابیانە کە ئێستا لە ژێرەوە بۆتانی دەگێڕمەوە:
(دەزانین کە زوان و هزر،بە توندی لە گەل یەکتر گرێیان خواردووە. نە هزر "ئەوەی بەدڵت دابێت ئەوی بەمێشکدابێت" بی زوانی هەستی هەیە، و نەزبان بێ هزر. جۆراوجۆری هزرەکان لە ئەدەبی فارسیش بە هۆی پەیوەند و ڕابیتە و هەبوونی هزری پێشینیانی ئیمە، لە گەڵ زوان پێشکەوتوویی ئێمە،هۆکارێکی دیکەیە، بۆ کامڵتربوونی زبانی فارسی ئێمە.
لەسەدەی نۆزەدەهەمی زایینی یەکێک لە فرەزانایانی ئاڵمانی کە جگەلەزال بوون بەسەر زانیاریەکانی سەرشتی وکۆمەڵایەتی ونووسینیی یەکەمین کتێبی پڕبایەخ سەبارەت شوینی ژیان لەوسەردەمی، بە(17) زوان زیندوی ومردووی دونیا یەک لەوان بە پارسی دری زاڵ بوو. کاتی باس لەرِۆژنامەکان سەبارەت بەلەبرەوبوونی زبانی"اسپرانتو) لە وتارێکدا نووسیبووی کە بە بوونی زبانی جوان و زەریف و دەوڵەمەندو شیرین وهاسانی فارسی،ئاتاج بەدورست کردنی زوانی دستکرد ومەسنوعی نییە. ئەم زوانە دەکەینە زوانی کۆمەلگای نێونەتەوەیی.)

ئەمەیە زوانی ئیمە. زوانی باوباپیرانی ئێمە. کە لە ماوەی هەزاران ساڵ ژیانی نهتەوەکان دەوامی هێناوە و کامڵ بووە و هەموو لایەکی تەنیوەتەوە، کتێبەکانی

گەورەی کەلاسیکی دونیا دەباوش گرتووی. لە هەر زەمانێک بە پێشگرەوکان و پاشگرەکان وشەی زیدە هۆکاری هاسانی هزر وەدیهێنان و ڕەوانی و ڕاست ولوسی قسەی پێدەکرێت. بەو تایبەتمەندیانە هەر ڕۆژ ڕوباری وشەکانی نوێی دێنەکایەو کە بەمجۆرە زێدەتر لە بەرێ ڕووی لە گولکردنی تازەیە و بەرەو پێشچونی نوێ هەنگاو هەڵدەگرێ. بەم ئیعتیبارە چاخێک کە لە سالێ 2020 هەتا2050 زایینی (ڕەنگەمەبەستی نووسەر2002و2005 بێت وەرگێڕ) زۆربەی زوانەکانی دەرجە 2 و3 لە برەو کەوتوون جگە لە کەمێک(هەروەک لە کتێبی"ڕوند نهضتهای ملی و اسلامی لە ئیران"چاپی 1359 لە بەشی ئاخرلە لاپەڕی 555هەتا 561نووسیومە)لەو سەردەمی نزیک، گەلێک لە خەڵکانی دونیا لە دوایی فیربوونی زبانی فارسی کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ هەڵاتن لە دونیای ئابووری و گەیشتن بە لەزەتی پارێزگاری و پاکدامەنی و گەران لە دونیای تەژی لە ڕەمزو سڕیات و معانی و تێگەینی جوانیەکانی بە شکۆی بەهەشتی شێعرو ئەدەبی پارسی،بەحافز، بەسەعدی، بە فیردەوسی،بە مەولەوی، بە عەتار،بە نیزامی، بە بێدل و ئەوانی تر خودایانی پشووولە سەرەخۆیی وسەبرو نەفەسدریژی و ئامۆژگاری هەق ناسین و خوداناسی ڕوو لە بەهەشتی ئیران تێدەکەن. سەروشتیە لەو سەردەمەوە کە زبانی پارسی بوو بە زبانی دونیا.

لێرەڕا دوایی پێشەکی نووسەر،بەردەوام دەبەم لە وبابەتانەی کە سەبارەت بەکورەکان لەکتێبەکان هاتوون،کە بە هێنانی ناوی هەر نووسەرێک لە پێش لێگێڕانەوە(نقل قولی) وی دەست پێدەکرێت.

حەزرەتی ئایەتوولڵە شێخ محەمەد مردۆخ کوردستانی دەنووسێ: (بەپێی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی"سپایزار"چوارتایفەی زاگروس هەریەک زوانێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە بەڵام لێکترنزیک بوونە وەکوو هۆزەکانی کوردەکانی ئەمڕۆکە،بنەماوبنچینەی وشەکان و کەلیمات هەموو یەکێکە و نزیک بەهەوەن.

بازیک لە ڕۆژهەڵات ناسان دەڵێن کە پەیڤینی تایفەکانی زاگروس ئاری(آریا) بووە "دارمستتر" نووسەری کتێبی(تتبعات ایران) دەیێت کەزبانی مادەکان هەر ئەو زبانی ئوستابوو.

"استرابون" جوغرافیازانی یۆنانی سەدەی هەوەڵی زایینی کە لە ئێران بووە دەنووسێ: (پارس) و"ماد" زبانی یەکدری بە باشی حالێ دەبوون.) کە وایە مەعلووم دەبێ کە

زبانی"پارس" و "ماد" زۆر لێک نزیک لێکتربوونه، وەکوو زبانی پارسی و کوردی ئێستا... زۆرینەی مێژوو نووسان لە سەرئەم خاڵە یەکدەنگن کە زبانی مادەکان هەر ئەو زوانی کوردی موکری بووە. هەروەک زەندو "ئەویستا" کە بە زبانی مادی نووسراوە زۆرنزیک لە لەهجەی مکرییە، یان هەرئەو زبانەی موکرییە. ئەم بیروبۆچوونە لە لایەن"هوارت" و"دارمستتر" و بازیکی دیکە لە پسپۆرانی دێرین ناس پەسەند کراوە و ئاکام ئەمەیە کە زبان "ئەویستا"ی زەردەشت زبانی کوردییە. پارسیش لەو سەردەم هەرئەوزوان بووە کە لە شوینەواری"پرسی پۆلیس" نووسراوە.

لە سەردەمی سەلتەنەتی مادەکان لە"دەجلە" و"فرات" هەتا کەنداوی فارس سەر زەمین و پانەگۆڕایی زبانی کوردی بووە و پایتەختی ئەو سەردەمی  هەوەڵ" چیای ئاگریێ(ئاڕاڕات) باشان"زاگروس" و"دواییەکان"ئەسپاهان" پاشی"نەهاوەند" و سەرئەنجام "هەنگمەدان" و سەردەمێکی زۆر دوایی وی لە دەورانی ساسانییەکان"تەیسەفوون" یان مەدائین بوو. لە بەر ئەمە ئێمە دەتوانین بڵێن کە وشەی کوردی لە سەراسەری وڵاتی ئیرانی کۆن گشتی بوونی بووە، خولاسە حەسلی زوانی کوردی بە هۆی لێکۆڵێنەوە هەر ئەو زبانی "ئەویستا"یە  کە حەسڵ و ڕیشەی وی هەر هەمان زبانی ئاریایی کۆن و قەدیمە.

کوردەکان هەبووی "خەتێکی" تایبەت نەبوونە. چاخێ پەیدا بوونی خەتی بزماری(میخی) کوردەکان و پارسەکان هەر دوو پێکەوە نووسینی خۆیان بە خەتی بزماری نووسیوە. "نلدکە" دەڵێت: ئەگەر بەردە نووسەکان لە کورد وەدەست بێن وای فکربۆدەچێ کە لە مەڕ زبان و خەت وەکوو بەردەنووسەکانی پاڵشاکانی هەخامەنشی بن(لەکتێبی تتبعاتی مێژوویی لەبابەت ئیران)

"استرابون"جوغرافیازانی یۆنانی هەوەڵی سەدەی زایینی لە کتێبی مێژووی خۆی سەبارەت بە ئیرانی سەردەمی مادەکان و هەخامەنشیان دەڵێت کە لە بەردەنووسەکانی سەردەمی هەخەمنشی و زبانی فارسی قەدیم وا وەبەرچاو دەکەوێ کە فارسی کۆن بۆ کتێب نووسین و نووسینی فەرمانەکانی دەوڵەتی کەلکی لێ وەرگیراوەو دەکارکراوە بەڵام لە قسە پێکردنی ئەو زمانی پەهلەوی ئاسایی بووە. فارسی دێرین و زبانی سانسکریت و زبانی "ئەویستایی" هەر سێ لە زبانی هاوبەشی آری(آریا) لە دایک بوونە.

نزیکترین زبانەکانی کوردی بە پەهلەوی،هەوەڵ لەهجەی لوڕییە. چونکەناوچەی لوڕەکان لە ناوەندی پەهلەوی کۆن گەلێک نزیک بووە و لە هاتووچۆو پەیوەندی بە ناخۆییش پارێزدراون. لە دوایی لوڕی، زبانی کەڵهوڕ لە زوانی پەهلەوی نزیکترە. پاشان زوانی گۆران، دوایی هەورامی، هەروا گیلی و پاشان کرمانجی(11).

سەرلەشکرمزەفەر زەنگەنە دەنووسێ: (ڕۆژهەلآت ناسی بە ناوبانگ"دارمستتر" دەڵێت کە زەڕدەشت ئەویستای بە زوانی مدی(مادی) نووسیوە و"ئەستربون" سەدەی هەوەڵی میلادی دەڵێت: زبانی پارسی و زبانی مادی لە ئێرانی کۆن ڕیشەیەکن. پڕفسۆرسایکسش وەکوو استربون،دەڵێت: مادەکان عەشایەری کوردن و زبانی ئەوانیش هندو ئارياييیە(12).

پڕفسۆر مینوڕسکی دەنوسێ: (زبانی کوردی بە بی هیچ شک و گومانێک بە بنەماڵەی باشووری ڕۆژهەلآتی زبانەکانی ئێرانی هەلآوەسراوە. ناکۆکێ یەک کە لە نیوان زبانی پارسی و کوردی دەبینرێ هەر ئەو گۆڕانکارییە کە لە نیوان لەهجەکان لە بنچینەی حەسڵی هاوبەشی دەبینرێت.

ماک و بنەما و ڕەگەزی مادی لە پەیدا بوون وسەرهەڵدانی تەواوی زبانەکانی باشوری ڕۆژئاوی ئێران کارتێکەر و هۆکاری بنەڕەتی بووە. لە مەڕ مێژوویی و جوغرافیایی دەبێ قبوڵ بکەین کە کوردەکان لە مادی گچکەش(صغیر) کە ئاتروپاتن یان ئازەربایجانی هەنۆکەیە، بۆ قەراخ قوجاخ بلآو بووتنە(13).

مینورسکی هەروا دەنوسێ: (زبانی کوردی هەبووی پێچکی سەخت و قایم و پاڵپشت بە ناخەو ڕیشەکان بنەڕەتی مێژوویی یەکێک لە لەهجەکانی مادی بە حیساب دێ و"دارمستتر" ڕۆژهەلآتناس و وەرگێڕی "ئەویستا" دەڵێت: زبانی کوردی لقێکی مادییە یان هاوبەش و شەریک لە گەڵ پارسی دێرین و پەهلەوی و فارسی دری یە(14).

سەدیق سەفی زادە بورەکەیی کە کتێبی کوردی بە فارسی خۆی"فەرهەنگی ماد" ناو لێناوە دەنووسێ: (بە حەق فەرهەنگی ماد زبانی خەڵکی ئێمەبووە، چونکە زبانی حەسڵی فارسی کۆن نزیک بە سانسکریتە. هەر ئەو زبان کە هەموو خەکی باشووری

ڕۆژ ئاوای ئێران لە سەرەوەی ئازەربایجان هەتا نێوەڕاستی ئیران و دەڤەرەکانی ڕۆژئاوای ئەوێ پێیدە پێڤین(15).

فاروق سەفی زادە(مهرکیش اوستا) دەنووسێ: (زبانی کوردی یەکێک لە زبانەکانی بنەچەک و حەسل ئێرانیە... لە ئاسەوارو پاش ماوەکانی زوانی فارسییە کە ئەمڕۆ کوردەکان بە وی قسە دەکەن(16).

مشیرالدولە دەنوسی: (تۆژینەران یەک لە وان دارمسیتر ئیرانی ناسی دەنگین دەلێت ئەویستا بە زبانی ماد نووسراوە، لە بەرئەمە دەتوانین بڵین زبانی مادەکان هەرئەو زبانەی ئەویستایە. هەربەم جۆرە تۆژێنەران لێکۆڵینەران شک و گومانیان نییە کە زبانی مادی بە پارسی کۆن زۆرنزیک بوو، هەر وەک کە پارسی و مادەکان زوانی یەکتر بەباسی حاڵی دەبوون و تەوفیری بنەڕەتی نێوان ئەوان نەبوو. دارمستتر زبانی کوردی ئیستای لێجوێبۆوە لە زمانی مادی دەزانێت(17).

پولاک ئێرانی ناسی بە ناوبانگی ئاڵمانی دەنووسێ: ( کوردەکان بە لەهجەکانی کە لەلقی زوانی ئیرانیە پێکەوە قسە دەکەن. کوردەکان شانازی دەکەن کە ڕەچەڵەیان دەگاتەوە ساسانیەکان(18).

کرزن.ن. لرد دەنووسی: (زبانی کوردەکان و لوڕەکان و بەختیاریەکان کە وەک زوانی راستی دەچێ هێندە تەوفیریان پێکەوە نییە(وەکوو لەهجەکانی ناوچەی دیکەی ئێران). مێژوو نووسان دڵنیان  کە بەڕاستی هەموو ئەم نەتەوانە پاشماوەکای ئارینەکان بن(19).

(اوغازی) توحدی دەنوسێ: (... بەڵام زبانی نەتەوەکانی کورد لە هەر شوێنێک کە هەن هەر ئەو زمانی مادییە، یان پەهلەوییە، کە لەگەڵ زبانەکانی دیکەی پاریزگاکانی ئیران بە تایبەت گیلەکی و تەبەری و بەختیاری و کاشانی ئیسفەهانە(ناوچەای) لە یەک ڕیشەنە. دەبێ بزانرێ کە نەتەوەی لوڕ و بەختیاریش لقێک لە نەتەوەی کوردن و هەتا سەردەمی (عضدولدولە دیلەمی،کوردەکان هەتا دەڤەری ئیسفەهان شوێنی دانیشتنیان بووە کە لە دوایی وی بە ناوی"لوڕ" ناوبردران(20).

سەیدعەلی میرنیا دەنووسێ: ( زبانی کوردی یەکێک لە زبانەکانی حەسڵی و لە گەورەترین زبانەکانی ئێرانە بە بیروبۆچوونێکی زۆر بە هێز ئەم زبانە لە پاشماوەکانی زبانی مادی و لە ڕیشەی زبانەکانی هندو ئێرانی یە.(21).

ئەمین زەکی بەگ سەبارەت بە کتیبەکانی زەڕدەشت کە لە سەرەتای سەردەمی ساسانی دووبارە نووسراوەتەوە لە مێژووی خوی دەڵێت: ( خەت و زبانی ئەم کتیبانە لە ڕاستیدا مرۆڤ والێدەکات کە بڵێت: زبانی پەهلەوی لە ڕاستیدا لە بنەڕەتدا زبانی کوردی ئەمرۆکەیە، چونکە لە بزەکانی وی زۆر وەکوردی دەچن. دارمستتر ئاقیدەی وایە کە کتێبی ممباڕەکی زەڕدەشتیان بە زبانی ماد نووسیوە(22).

دیاکونف لە قەولی استرابون جوغرافیازانی سەدەی ئەوەلی میلادی دەنووسێ: (زبانی مادەکان و پارسییەکان و باکتریەکان(خوراسانیان) پیکەوە وێکچوونیان هەیە. سەرجەمی بابەتەکانی پیش گوتراو قۆڵ لە سەر ئەمە دەکێشن و پەسەندی ئەم خاڵە دەکات کە زبانی خەڵکی کۆنی"ماد"یان پێدەگوت پەیوەندی بە زوانەکانی ئیرانی هەیە. لە سەدەی هەفتەمی بەر لە زایینی بە دواوە،تەقریبەن سەرجەمی هەموو نامەکانی مادی کە بە ئێمە گەیون ڕیشەی ئاشکرای ئێرانیان هەیە... ئەم دەلیلە ناوبردراوە بۆ ئیسباتی ئەم خاڵە کە زبانی مادی(گروپی ئیرانی) زبانی هاوبەش و هەمووانی تیرەکان مادبووە بەس بە نەزەر دەگات. (23)

سەرچاوەکان:


11-محمدمردۆخ کردستانی.کتاب تاریخ مردوخ.صص 38هەتا45
12-سرلشکرمظفرزنگنە. دودمان آریایی. صص 150و151
13-منەرسکی.نقل نیکیتین درکتاب کردستان ونقل محمد عباس درمقدمە شرفنامە. ص 32
14-همان کتاب مقدمە شرفنامە.ص 58.
15-صدیق صفی زادە بورکەیی- فرهنگ ماد.مقدمە
16-فاروق. صفی زادە(مهرکیش اوستا) پژوهشی دربارە ترانەهای کردی ص 29.
17-مشیرالدولە. حسن پیرنیا.ایران باستان. ج.1ص 220.
18-پولاک.سفرنامە. ترجمە کیکاوس جهانداری،ص 24.
19-کرزن.ن. لرد. نقل درکتاب ایران وایرانی. ترجمە وتالیف غلامرضا انصاف پور. ص 390

20-(اوغازی) اک. توحدی.حرکت تاریخی کرد بەخراسان. ج 2.مقدمه.
21-سیدعلی میرنیا.ایل ها وطایفەهای عشایر کرد ایران.ص 15
22- امین زکی بک.نقل احسان نوری درکتاب ریشەنژادی کرد.ص 109.

نیکیتین لە قەولی لۆیی ،اسینیون لە پێشەکەی کتێبی کورد و کوردستان دەنووسی: (ئەگەرچی ولآتێک بە ناوی کورد هیچ کات بوونی نەبووە(چونکە ولآتی ئەوان ئێران،ە.نووسەر). بەلآم مەسەلەیەک بە ناوی کورد بوونی هەیە(چونکە سەرزەویەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە ماوەی سەدەکانی زوو لە لایان دەرەکی دەستی بە سەردا گیراوە لە پارچەیەک دەوڵەتی تورکیە و لە پارچەکانی دیکە لە لایان عارەب دەستی بەسەرداگیراو،نووسەر)... لەهجەکانی زوانی کوردی لەهجەکانی ئێرانین(24).

نیکیتین هەروا دەنووسێ: (لەو دەوران و سەردەم کە کتێبی دەستووری زوانی کوردی گارزونیGarzoniلە چاپ هاتەدەر و سولدینیSoldiniوهتد...لە سەربنەمای ماریفەتێکی کامڵ کە لە سەردەمی خۆی کە لەهجەکانی جۆراوجۆری کوردی هەیانبوو پەیوەندی ڕاستەوخۆی زبانی کوردی لە گەڵ زبانی فارسی ئەمڕۆ بەئیسبات گەیاند بە تایبەت کارزونی کە کوردەکانی بە خزمی نزیکی ئێرانیان دەزانین و ئاقیدەوبیروبۆچوونی ئەوابوو کە کوردی لەهجەیەک لە زوانی فارسی یە،مەسەلەی ئیرانی بوونی ڕەچەڵەو تۆرەمەی کوردەکانی هینایەگوڕ.

دیسان نیکیتین لە قەولی زوان ناسانی مەزەنی سەردەم یەک لەوان" رویکرE.Rodiger" و"آ.ف پوتA.F.P.ot" و" کونیک Kunik" دەنووسی: ( ئەم زواںناسانە بەیارمەتی بناخەو دەستووری زوان ناسی بەرابەرکردن و بەرقەرارکردنی پەیوەندی زبانی کوردی لەگەڵ زبانی فارسی ئەمڕۆ ولەگەڵ زوانی زەندی ئویستا،کەڕیشەی هاوبەشی هەر دووک لەوان یانی فارسی و کوردییە، ئیمکانی بێبناخەیی کلدانی بوونی زبانی کوردی بەشیوەیەکی جویکردنەوەبڕین رەدکردن و بەمجۆرە ئیرانی بوونی تایبەتمەندی زوانی کوردییان پەسند و بە ئیسپات وچەسپاو گەیاندن(25).

ک.ب.اکوپف دەنووسی: (دەزانین کە کوردەکان خەڵکانێکی ئێرانی زوانن(26). دیاکونف بە بەڵگە بە بەرد نووسینەکان و سەرینچاوەکانی سومریان،بابلیان،ئاشۆڕیان و ناوی شوێنەکان و ناوەکانی کۆن بە کەلک وەرگرتن لە کولێنەوەی شوش و شوێنەواری

یۆنانیەکان دێرین و هتد...لە بەشێکی زۆر لە کتێبی خۆی بە شێوەیەکی زانستی چەسپاندووە کە"زبانی مادەکان وەکوو زبانی پارسیەکان و باکتریان(بلخیان)ە(27).

ویلیام. او. داگلاس ئامریکایی سەبارەت بە ڕیشەو ڕەچەڵەی کوردەکان دەنووسێ: (کوردەکان بۆخۆیان لە سەرئەو باوەڕەن کە بنەچەکەی وان لە تۆرەمەی مادییە و لە ڕەچەڵەو تۆورەمەی حەسلی ئارياييين. زبانی کوردی لە گەڵ زبانی فارسی ڕیشەی بەشەریکی و هاوبەشی هەیە لە گەڵ ئەم تەوفیرە کە(ئەمڕۆ) هێندیک وشەی عارەبی و تورکی لەگەڵ تیکەڵ بووە(28).

واسیلی نیکیتین دەنووسێ: ( ئەمە ئاقیدەی هەموو کوردەکانە کە دەڵێن: " ئەگەر زوانی فارسی بە ئیکجارەکی لە ناو بچێت و مەحوو بێتەوە دەکرێ ئەوی لە ڕووی وشەکانی ئیرانی خالس کە هەمان زوانی کوردییە دووبارە زیندوبکەینەوە(29).

ئەمڕۆ قورسایی باری فەرهەنگی فارسی زۆرتر لە سەرشانی خەلکی کورد ڕەچەڵەیە. یەکێک لە دلتەزینترو بەداخترین مێژووی کوردە کە فارسەکان و کوردەکان لەگەڵ ئەمەی کە لە یەک ڕەچەلەو بنەچەک و پەیرەوی دینێکن و لە میراتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تاقانە کەلک وەردەگرن هێشتا نەیانتوانێوە خەندەکی ناکوکی تورەهات و بی مانا کە جیاوازی مەزەب یانی( شیعەوسنی) لە نێو ئەوان بوونی هەیە، پڕ کەنەوە.

سەفی زادە سەدیق دەڵێت:" زبانی کوردی سەرانسەری ئیران بریتی لە چوارجۆر.
1-کرمانجی. الف – کرمانجی باشووری: بازیک لە خەڵکی ماکۆ، ئورمیە،خۆی، سەلماس، شراینەکانی ئەفشار،قوچان،بجنورد، درگز، شیروان، اسفراین، نیشابوور،کلات و لەگیلان هێندیک لە خەڵکی فاراب، رودبار و لە مازەندەران کوردەکانی نورود، کوردەکانی جاوان بە وی دەپێڤن.
ب: کرمانجی باکووری کە هەبووی شێوە سۆرانی، موکریانی، بابایی، ئەردەڵانین.
کوردەکانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، میاندواب، بانە، سەقز،مەریوان، جوانڕود، سنە، شاهین دژ و ئەفشار.

2- گورانی كه هەبووی شێوەكانی ئورمی تەخت،ژاوروبی،لەهۆنی دەگرێتەوە. كوردەكانی ژاوررود، ئەورامان، تەختی نۆسود،پاوە و بازیک لە تیرەو تایفەكانی كوردی زەنگەنەی سیامەنسورو ڕۆژبەیانی بەم زبانە دەئاخۆن.

3-لسكی: كە هەبووی شێوەكانی كەلهوڕی، ئیلامی، كوهدەشتی، شیروانی،گروسی دەگرێتەوە. كوردەكانی كرمانشاه،ماهیدەشت،كلیانی،دینور،قەسری شیرین،كرند، سحنە،گهوارە،هەمدان،تەورێز بەوی قسەدەكەن.

سەرچاوەكان:
23-دیاكونف. تاریخ ماد .ترجمە كریم كشاورز.ص 191.
24-نیكیتین/كردوكردستان. ترجمە محمد قازی ص 17.
25-همان كتاب. صص 43و44.
26-ک.ب. آكوپف. كردان گوران. ترجمە سیروس ایزدی.ص 46.
27ا.م. دیاكونف. تاریخ ماد. ترجمەكریم كشاورز. صص 74و94.
28- ویلیام. او. گلاس. سرزمین شگفت انگیز. ترجمە فریدون سنجری.ص 99.
29. واسیلی نیكیتین. كردها وكردستان. ترجمە محمدقازی.ص 533.
30- همان كتاب.ص 404.

4-لوڕی: كە هەبووی شێوەكانی فەیلی، بەختیاری، هەفتگلی،سوسنگردییە كە خەڵكی دزفووڵ،شهركورد، چوارمحاڵ، پشتكۆ، خوڕەم ئاوا، الشتر،ئەلیگودرز بە وی قسە دەكەن. (لوڕ یەكێک لە تایفەكانی كوردە. ئەو تایفانەی كە لە سنووری شاخاویەكانی ڕۆژ ئاوای ئێران هەتا خاكی فارس دانیشتوون.(31).

لە ئامریكانا دا هاتووە: ( زوربەی خەڵكی كوردستان بە زوانێک لە ئیرانی ڕۆژئاوا قسەدەكەن كە لەسێ لەهجەی جۆراوجۆرە،هەر وەک كە ئەم لەهجانە بۆ هەرلایەک نامەفهوم بێت. هەروا گەلێک لە كوردەكان زۆرو كەم زبانی نەتەوەی ئەو مەلبەن بەكاردەبەن كە لە لێی دانیشتوون. كوردەكان بیروبۆوەڕیان ئەوایە كە لە بنەچەكەی گوتیGutiیان كورتیQurtiن. خەڵكانێک كەلە 3600هەتا 2400بەرلەزایین لەو سنوورو تخووبی هەنۆكە ژیانیان دەكرد(32).

بریتانکاش تەقریبەن سەبارەت بە زبانی نەتەوەی کورد هەر ئەو لێکدانەوەی هەیە کە ئامریکانا وەدەست دەدات کە نووسیوەتی زبانی کوردی لەهجەیەک لە زوانی ڕۆژئاوا و پەیوەندی خزمایەتی بە زبانی فارسیەوە هەیە(33).

عیمادەدین دەوڵەت شاهی چاخێک باس لەفارسی پەهلەوی لە کتێبی خۆی دەنووسی: (
لەشێوەی قسەکردن دوورلەگومانە کە کوردی تایبەت بەمەڵبەنی کرمانشا لەگەڵ کوردی کوردستانی ومەریوان وسەقز وبانەو کوردی باشوور تەوفیری هەیە(34).

گ.ب. اکوپف. لە ماوەی دوایین تۆژینەوەی خۆی کە بە مێژووی خەڵک ناسی بڵاوبووی کوردستانی با کووری ناسراو بە"گۆران" تایبەتی هەیە و تەرخانکراوە دەنووسێ: (...لە سەر ئەم بنچینە لە دونیای زانست، ئەم ئاقیدەو بۆچوونە بەرز بۆتەوە کە "گۆران"ەکان لە نەتەوەی کوردنین بەڵکوو لە نەتەوەی فارسن. لە سەربناخەی بەڵگەی کە بەدەست هاتوون گروپەکانی جۆراو جۆری خەڵکی کوردستانی باکوور لە سەردەمی زۆر پێش یەکیەتیان گرتووە،بە ناوی(هۆزی گۆران) و... لەم ڕەچەی یەک پارچەبوونە گۆڕانەکانی بوونە بەکورد(35).

سەرچاوەکان:

31-صنفی زادە صدیق. فرهنگ ماد. کردی فارسی. ص 21.نقل سیدعلی میرنیا درکتاب ایل ماد عشایر کردایران. ص 16.
Americana Vol. 16.P.558.1963. -32
The New Encyclopaedia. Britannica. Vol.7.p.40-33
34-عمادالدین دولتشاهی. جوغرافیای غرب ایران. مقدمە
35-گ.پ. اکوپف.کردان گوران. ترجمە سیروس ایزدی. صص 97و98.

عەبدولحوسین سەعیدیان لە دایرةالمعارف سەرزەمین و خەڵکی ئیران دەنووسی: (زبانی کوردی لە لقەکانی ئێرانییە کە هەموو خەڵکی کوردستان بە وی دەئاخۆن. زبانی کوردی بە دوو لەهجەی جیا لە یەک دابەش دەکرێت. وەکوو کرمانجی و کوردی کە کوردەکانی باشوورو باکوور بەم دوو لەهجە قسەدەکەن. لەهجەی سیهەمیش بوونی

هەیە کە کوردەکان بە وی(مەچوو مەچوو) و تورکەکان بە وی(زازا) و فارسەکان بە وی (گۆران) دەڵێن.

زوان ناسان،گۆرانی بە کورد دانانین بەڵام کوردەکان ئەویان بە زوانی کوردی زانیوە(36).
ئەمیرشەرفخان بدلیسی نووسەری شەرفنامە لە کتێبی مێژووی کورد و کوردستان کە ئەویان ساڵی 1005ی هیجری نووسیوە،زبانی کوردی بە چوارلەهجە 1- کرمانج2-لۆڕ3- کەڵهوڕ4-گۆران دابەشکردوە(37).

مراد ئەورنگ لە پێشەکی فەرهەنگی کوردی دەنووسێ: (زبانی کوردی هەبووی لکی گەلێک زۆرە کە لە نێو ئەوان دەتوانین لکەکانی سۆرانی، هەورامی، بادینانی، زازایی، لۆڕی و بەختیاری ناو بەرین. لە ناو بازێک لەم لەهجانە گەلێک هاوهەنگاوی وەبەرچاو ناکەوێت بەڵکوو دەبێ لەهجەی هەر هۆزو تیرەیەکی بۆ هۆزو تیرکانی دیکە وەرگێری هەتا لە وی سەربینەدەرو لێی حاڵێبن، وەکوو لەهجەکانی هەورامی،زازایی، بادینانی کە بۆ دانیشتوی پارێزگاکانی کوردستان سنە و کرمانشا و مەهاباد و کوردەکانی کوردستان دوور کەوتووی ئەو لای سنوور،لە سەریەک بۆ ئەو دەستە لەو کوردانەی کە بە لەهجەی سۆرانی قسە دەکەن چەتوون و نائاشنایە. دەجائەگەر(لەم فەرهەنگی کوردی) تووشی وشەی دە ئەوها بین کە لەگەڵ زوانی فارسی هاوهەنگاوی نییە جێگای سەرسوڕمان نابێت(38).

اکوپف بە پەنجەڕاداشتن بە بە ڵگەی ( ا.ب.سن.)سەبارەت بە کوردەکانی گۆران دەنووسێ: ( کورانەکان تیرەیەکی کۆن و بە ناوبانگن،هەر چەند کە هێزو توانایی پێشوویان نییە. بەلام ئەگەر بە توژینەوەو بە سەرداجوونەوەی خەڵک ناسی خەریک بین دەبینین کە گۆرانەکان نەک کورد،بەڵکوو لۆڕ ویان فارس زوانن. تۆژەنەرانی ئالمانی مەسەلەن "ئەمان" و" دیری" و بازیک ڕۆژهەلاتناسانی ڕووسیش زوانی گۆرانی وەکوو زوانی فارسیان لێڕوانیوە "مینورسکی" بە کۆکردنەوەی بینینەکانی توژەرانی بەرێ نووسیوە کە فکرناکەم بتوانم لە گۆرانی لەهجەی تایبەتی زبانی کوردی ببینم)... ئێران ناسی بەناوبانگ "ب.و.میلر" دەنووسێ( گۆرانی لە روانینی مێژوویی، نەک بۆلای زبانی کوردی- کرمانجی – بەڵکوو بە لەهجەیەکانی ئێرانی ناوەندی کە هاوسێ یەکانی باکوور و ڕۆژهەلاتەکەی سووڕانی هەیە،ئیدی کوردناسانی ئێمەش،لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونە هاوبیرن(39).

لە سەر چاوەکاندا هاتووە کە لە ناو گوورانەکان ئەمە ریوایەتە کە ئەوان،نەوەکانی بارامی گوور وەرهرانی پێنجەمی پاشای ساسانین و هەروا بنای شاری کرمانشا لە سەرزەمینی جێ ژینی گۆرانەکان لە وی دەزانن، و توژەران دەڵێن بارامی گور لە سەردەمی وەلیعەهدی کە شای کرمان بوو لە دوایی دورست کردن ئەم شارەی بە ناوی خۆی ناو دێرکردبێ" کرمانشا" و کاتیک بەهرام گوور لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا هات گروپێکی لە خەڵکی ئیرانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ خۆی بۆ وێ هێنا و ئەم خەڵکە،خۆیان بە لەقەبی وەرهران،گوران ناودیرکرد.

اکوپف هەروا دەنووسێ: ( دەزانین کە کوردەکان خەڵکانێکی ئێرانی زوانن ولە سەرئەم ئاقیدەو بیروباوەڕن کە لە خوراسان بۆ کوردستان هاتوون. بەم هۆیەوەیە کە ئەمین زەکی بەگ بوسیوە لە ئەفغانستان کوردەکانی زنگنەو چگنی زبانی کوردی خۆیان پاراستووە، چێرۆکەکانی کوردی لە کوردستان نیشانگەری ئەمەیە کەگۆرانەکان بۆکوردستان لە ڕۆژهەڵات کۆچیان کردوە بونەتە ئەم خەڵکە.

شوینی سەرنج پێدانی ئیمە لە شەرفنامە ئەمەیە: هەموو کوردەکانی ئیران بریتین لە سێ گروپ. سیاە مەنسوور،چگنی و زەنگەنە. حەسڵ و بنەچەکەی ئەمانە لە سێ برایانن کە لە لوڕستان و بە ڕیوایەتێکی دیکە لە قەبیلەی گۆران یان ئەردەلان بوونە. ئەمانە بۆ خزمەت بە پاڵشاکانی ئێران لە نیشتمانی و شوێنی لە دایک بوونی خۆیان وەدەرکەوتن.

لە ڕاپۆرتی مینورسکی لە بیستەمین کونگرەی دونیای ڕۆژهەڵات ناسان نووسراوە کوردەکان نەتەوەیەکەن کە لە ئێرانی ڕۆژهەڵات سەریان هەڵداوە مێژووی ناوی گۆڕان زێدەتر لە دوو هەزارساڵە کە بە ناوی بنەماڵەی حوکمڕان Ga(w)barak لەگۆشەوڕەخی دەریای مازەندەران لە یەک ڕیشەیە و ئەو ناوە هەیکەلی کۆنی گۆڕانە ولەم ڕووەوە گۆرانەکان خەڵکانێکن کە لە قەراخەکانی زریایی مازەندەران هاتوون.

بە نووسینی بورهان تەبریزی سەبارەت بە وشەی گۆران، ئەمە کە گۆران ناوی ئاگر پەرستی بەهدین و لە جەماوەری زەردەشتین و کوردەکانی گۆران هەتا ڕادەیەک زوانی گبرانیان پاراستووە(40).

ئەکوپف دەنووسێ: ( یەکیک لە نووسەرانی ئیرانی بە ناوی دکتورسەنجابی(کورد) دەنووسێ کە زبانی تاقانەی کوردی بوونی نییە. ئەوەی کە هەیە لەهجەکانی ئیلاتی کوردە کە سەبارەت بە زوانی فارسی، لەو کات و زەماندا چلۆنایەتی لەهجەکانی فارسین و لە زبانی فارسی ڕیشەی وەردەگرن. دکتورسەنجابی هێندیک لەهجەکانی فارسی ئیلاتی کورد،لە جافی،گۆرانی،کەڵهوڕی، ئەردەڵانی بە بەشیک لە وان ناوبردووە.

ئەکوپف لە بەردەوامی قسەکانی دەنووسێ: (لە سەرەتای سەدەی پینجەمی زایینی لە ناو گۆرانان هەستیارو نووسەرانی مەزنی وەکوو "واکشی هەمەدانی" "ئەحمەد خوداداد" ئەبووالقاسم لاهوتی) و"ڕەشید یاسەمی" ڕابوونە(لاپەڕی 93) و لە قەولی ڕەشیدیاسەمی دەنووسی کە لە ژیانی مامەلاتی و سیاسی کوردانی سولیمانیە زبانی فارسی لە کاردەکرا و هەتا ساڵی 1921ی زایینی خویندی قوتابخانەکان ئەم شارە بە زبانی فارسی بوو و شوینەواری سەعدی، حافظ جامی، عەتار، و شێخ بەهایان دەخویند. لەو سەردەمدا هەستیارانی دەنگین و ناو بەدەری کورد وەکوو" ئەدەب مسحاب" لە"موکور" و"شیخ ڕەزا تاڵەبانی" و" ئەحمەدموختارجاف" هەنگاو بە هەنگاوی کوردی بە فارسیش شێعریان دەهۆندەوە.

کوردەکان لە تورکیە لە ناو خەبات بۆ لە ناو بەردنی داسەپاندنی سەیاسەتی دژی ئێرانی تورکییەی ئەتاتوورکی، زبان و ئەدەبیاتی کوردی و زبان و ئەدەبیاتی فارسییان لە بەرامبەری ئەم سیاسەتە دادەنا... ئەم ڕەوشەی فەرهەنگ مرۆڤانی کوردسەبارەت بە ئەدەبیاتی فارسی بەردەوام بوو(41).

سیروس ئەیزەدی لە پێشەکی کتێبی کوردەکانی گۆران دەنووسی: (سون ئینگلیزی لەساڵی 1936 لەمە عەجایب مابوو کە لە ڕیگاکانی ئیراق لە ڕۆین دابوو، کوردێکی بەلەنگازی بینی بوو کە شانامەی فیردەوسی لە بەر دەخویندەوە. سون ئینگلیز شەیەدی دەدات کە کوردستان خەزینەی فەرهەنگی سەردەمی ساسانیانە. گەلێک لە پاڵەوانەکان حەمەسەی سەردەمی ساسانیەکانیان لەم بەشە ژیاون و تیکۆشانیان هەبووە. بۆیە کە دەبینین پاڵەوانەکانی شانامە، مێوانی قەڵافەتی خەیاڵی نەبوونە،بەڵکوو قافڵەسالاری ئەم یان ئەو گروپ لە کوردەکانن" سیروس ئەیزەدی توژەری مێژوو وەرگێڕی چل کتێب لە ڕووسی و فرانسەو ئاڵمانی لە کۆتایی پێشەکی خۆی دەنووسێ: (.. ئەمن نە حیسابداری باج ونە لە کارگێرانی حکوومەتم، کە لە

پاوانی میراتی خۆران نەتەوەپەرست، بە میراتی فەرهەنگی خەڵک خەتی باتڵ بوونی بکێشم. نە ئەمەم و نە ئەو. بڵکوو توژەرێکم... کوردەکان لە هەر شوێنیک لە دونیا کە هەن، لە هاووڵاتیانی ئیرانی ئێمەن.(42).

سەرچاوەکان:

39- گ.ب.اکوپف. کردان گوران،ترجمە سیروس ایزدی. ص 40و 41.

40- همان کتاب.صص 46و 58.

41-همان کتاب. صص 75و91و92.

42-سیروس ایزدی. مقدمە کتاب کردان گوران. ص 29.

محەممەد نەجەفی لە پێشەکی کتێبی کوردەکانی گۆران وەرگێراوەی سیرویس ئەیزەدی دەنووسێ: (زبانی کوردی کە لە بەشەکانی گرنگی زبانەکانی ئیرانییە هەبووی لەهجەهایەکە، کە تەوفیری نێوان ئەوان لە گەڵ تەوفیری هەریەک لەوان لەگەڵ فارسی دری و لە تەوفیرەی لەهجەکانی فەرمی و فارسی سەمنانی یان سەنگسەری لە گەڵ یەکدی زۆرترە. ڕیشەی ئەوان لە گەڵ فارسی یەکێکە. پارێزگای کوردستانی ئەمرۆ( ئەردەڵانی پێشین و کۆن= سەرزەمینی ئێرانیان. ئەرد لە کوردی بە مانای زەویە و ئالانەکان یان ئارانەکان یانی ئارییی= ئێرانیان) کە لە نزیکەی هەمەدانە کە پایتەختی دەوڵەتی ماد بوو. ئەنجومەنی،جوغرافیای مادەکانیش هەر دری بوو و سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی هەتا دەگاتە بەلخ هەر وەک دواییەکان دەوڵەتی پارسیش لەو خەت سەری هەڵدا. ئاکامی وی کە زبانی فارسی و کوردی یەکێکە و هەر ئەوە کە لە بەردنووسەکانی هەخامەنشی هەیە و نزیک بەئوستایە و ئێمە ئەوی بە پارسی کۆن دەزانین کە مەرجە و دەتوانین بڵێن مادی دێرین. زوان و ئەدەبیاتی ئێمە لە پارسی و کوردی یەکێکە(43).

عمادالدین دەوڵەتشاهی دەنووسێ: ( لە ئاکامی موتاڵا و لێکۆڵینەوە تۆژینەوە لەخەت و زبانی ئوستایی کە فیربوومە، تێگەیشتم کە زوربەی و شەکانی ئەویستایی بە زوانی کوردی کە لە ڕۆژئاوای ئیران لەگەڵ ئەو قسەدەکات بەرامبەرو لێکهەڵاواردنە و چونکە وشەکانی ئوستایی بە زبانەکانی کوردی کرمانشاهی و کەڵهوڕی بەرانبەر دینەوە بڕیارم گرت اویستای بەو مانایانەی کە ئەو وشانە لە زبانی کرمانشاهی و کەڵهوڕی هەیە وەرگێڕمەوە(44).

عمادالدین دەوڵەتشاهی کەخەت وزبانی اوستایی دەزانێت کاتێک باس لەزبانی کوردی ئەو زبانی مادی دەکات زبانێک کەهەمان زبانی اوستاییە(45).

دکتۆرجەماڵ ڕەزایی مامۆستای زبانی ئوستایی و زبانەکانی دێرین و ئەندامی فەرهەنگستانی پێشووی زبان دەنووسێ: (لە ڕۆژگارانی زۆرکۆن کە دەستپێکردنی وی بە ڕوونی مەعلووم نییە لە سەرزەویەکی پان و بەرین کە لە قەفقاز هەتا عومان و لە پامیر هەتا شامی دەبەرەخۆدەگرێ،خەڵک بەزوانەکانی ئێرانی دەئاخافتن.

تەنیا زبانی هەمووانی و گشتی ئیران کە ڕۆژگاریکی دوورو دریژە لە ئیران برەوی هەیە زبانی هاسان و بەتوانا و شیرینی فارسییە کە ڕابردووی ڕوون و ڕووناک وگەشاوەی هەیە و لە سەردەمەکانی دێرین و نێوەراست و نوێ وی شوێنەواری بەرزو گرانقیمەت ماوەتەوە و زێدەتر لە هەزارساڵە کە نەک تەنیا زبانی گشتی و فەرمی و ئەدەبی و فەرهەنگی ئیرانیانە بەڵکوو لە سەدەکانی پێشین بە سەر زەمیننەکانی هاوسێ و دوورە دەستیش چووەو خەلکی ئەو سەرزەمینیش ئەویان بە دەربڕینی هەست و ئیحساس و هزرو زانیاری و دانیشی خۆی هەڵبژاردوە و بە وی شێعر گوتووە، کتیب یان نووسیوە و شوێنەواری بە قیمەتیان بە وجودهێناوە... وادەنوێنێ کە لە دواڕۆژەکی نەک هێندە دوور زوانی فارسی جێگای هەموو لەهجەکان بگرێت(46).

سەرچاوەکان:
43-محمدباورنجفی،مقدمە کتاب کردان گوران. ترجمە سیروس ایزدی.صص 29و 30.
44- عمادالدین دولتشاهی. جوغرافیای غرب ایران. ص 8 و 9.
45- همان کتاب.ص 36.
46- دکترجمال رضایی،واژەنامە گویش بیرجند 1. صص 13و14.

غولامڕەزائینساف پوور لە پاژی دواییی جلدی سیهەم دایرةالمعارف کۆمەڵ ناسی مێژوویی ئێران لە پاش هینانی بەڵگەو نیشانەکان لە شانوو شکۆو پێگەیشتوو فراژوویی ئیرانیان،سەبارەت بە دواڕۆژی زوانی فارسی دەنووسێ: (...بی گومان ئەمجۆرە خەڵکە ئەمجۆرەمللەتە ،لە دواڕۆژێکی نزیکیش – ئەوسەردەم کە خەڵکی دونیا لە زنجیری ئێرەو ئەوێ ڕەزگار دەبن و هەموو ئازادو بەرابەرو برای یەکتر بن – جارێکی دیکە لە سیمرغیکی دیکەدا خۆیان دەبێنینەوەو لە کێوی ئە لبورز پڕ دەگرن، ئەگەر نا زاڵەکی دیکە کە ڕوستەمی پاڵەوانی هینا،سەر دونیا،بەڵکوو خەڵکانێکی

دیکە لەم میللەتە پەروەردە دەکات کە هێنەری ئامانەتی زبانی پارسی یە،کە بەهەشتی ئاخافتنە، بە هزری باش و فەرهەنگی ئینسانی و پێشکەوتوویی و زانست و خوداناسی لە دونیای پڕشکۆی ئەوینی مرۆڤ بە مرۆڤ وئەو سیمرغی تاسەی مێهرپەروەر- خوداوندگاری ئەم بەرەکەتی بە هەشتی- دەرگای ئەوینی خەڵکانی سەر دونیا دەبێت. ئەبەمجۆرە کە عەتارئەوی لە" مەنتیق التەیر" و ێنە کێشاوە کە باڵندان لە هەرلایەکی دونیا بەئەوینی دیداری پڕ دەگرن، لە ڕیبڕینی ئەم ڕیگایە دیسان جاریکی دیکە ئینسانییەت لە سەرانسەری دونیا بە ئیلاقی بینینی ئەم باڵەندە ڕوو لە ئیران دەکەن بە خویندنەوەی سەرودی پارسی لە میحرابی سەرزەمینی ئاگری ئەوین،ئەم مەملەکەتەی محیبەت تێ چرژاو،ئەم نیشتمانی دایک، دەست بە دوعاو پاڕانەوە ڕادەوستن. لەو سەردەمی هەموو بە زبانی ڕودەکی، فیردەوسی،ناسرخوسرەو،نیزامی،عەتار،مەولەویی،سەعدی،حافز،بێدل دهلوی یانی زوانی حەسڵی و زبانی دایک قسەدەکەن و دیسان هەستیاران و خاوەنی پینووس لە هند بە زبانی پارسی دەنووسن و دەخوینەوە و لە خوارەزم سغد و بنگاڵ هەتا ئاستانبۆڵ جارێکی دیکە،شانامە، مثنوی معنوی مەولەوی، گولستان و بوستانی ئەدەب، دیوانی بەهەشتی حافز و دیوانەکان و غەزلیاتی ژیان بەخشی دیکەی پارسی دیسان دەخوێنەوە، و دیسان گەریدەکان لە مەملەکەتەکانی دوورتر دیسان هەروا لە زبانی کرجی بانانی، خۆشحاڵی چینی و وەرزێران هیواداری بولغاری و ڕۆمانی و بوسنایی ئەم سرودەی سەعدی لە ڕێزی ئەوینی ئینسان بە ئینسان دەکەوێتە بن گویچکە:

(تادل بەمهرت دادەام،دربحرغم افتادەام
(چون درنمازایسادەام،گویی بەمحراب اندری(47).

***

سەفی زادەبۆرەکەیی سەبارەت بە سەرجەم کتێبەکان و نامیلکەکانی ئەهلی حەق کە لە سەدەی هەشتەم و نۆهەمی هیجری دانراون و"ئاکامی" پێدەڵێن، دەنووسێ: (ژمارەیەکیش وتاروی گەورەپیاونی ئەهلی حەق لە"ئاکام" و هتد...بەشیوەی سەربەست(کەلام) یان"دەفتەر)ی پێدەڵێن کە بەشێعرو وێژامە نووسراون.

ئەم کەلامانە بەلەهجەی گۆرانی لەژێرکارتێکەری لەهجەکانی، لەکی،لوڕی، کرمانشاهی، مەریوانی،کرمانجی،سەنەندەجی و کەڵهوڕی بە شێعری دەهجایی هۆنراوەتنەوە کە لە ئیرانی کۆنیش برەوی هەبووە و بە زبانی پەهلەوی چ لە

شوینەواری ئەشکانیان وچ لە شوینەواری ساسانیانی زەڕدەشتی کارتێکەریەک لە شێعری هیجایی دیارە.

لە زبانی ئوستایی و پەهلەوی شێعری دەهجایی بوونی هەبووە و لە لەهجەکانی زبانی کوردی کە لە لەهجەکانی کۆنی ئیرانە، شێعری دەهجایی بەشی گەورەی ئەدبیاتی وی پێکدێنێ(48).

لە کتێبی زانانیانی کورد لە دونیا،نووسینی محەممەد سالح ئیبراهیمی دەبینین کە لەبزەکانی فارسی و کردی ئەوەندە لە یکتر نزیکن کە بە هاسانایی لەبزیکی بەلەبزی دیکە بە یەک مانا لە پەهلەوی بە دری دەگۆڕێ. لەراستیداناوی کتێب"ژیناوری زانایانی کورد لەجیهانی ئیسلامەتی" ئەوهایە: یان ناوی دیکەی ئەوکتێبە: خەزینەی فەرهەنگ وزانست بەم شیوەیە:
لە گەڵ ئەوەی کە نووسەری کتێبی ئاماژە پێکراو بیروبۆچوونی لە مەڕشێعری کوردی بووە و لە شوینەواری شاعیران و نووسەرانی کورد زۆرتر شێعرو مەتڵەبەکانی کوردی و کەمتر فارسی هیناوەتەوە، لە سەرئەمەش را دەبینین لە نێو لێگێرانەوەی شوینەوار لە کتێب، حتاسەرمەشقی شاعیرانی کورد شێعری کەلاسیکی فارسییە وەکوو ئەم شێعرەی سەعدی لە لاپەڕی (6):

(زبان دردهان خردمندچیست؟
کلید در گنج صاحب هنر
چو دربستە باشدچەداندکسی
کە گوهرفروش است یاپیلەور)

لەم کتێبەدا لەهەوەڵ هەتادوایین شعێرەکانی فارسی و کوردی لە هەرشاعیرێک هیناوەتەوە کە بۆ نموونە شێعرخوارەوە لە مەولانا خالد خورشید ئەوهایە:
(امیداست کە بخت دشمنت بر گردد
ملک دو جهان ترا میسر گردد
تو سایەی رحمتی،این بسی عجب است
کز سایە جهان چنین منور گردد)
ئەو شاعیرە بە غەزەلیک فارسی نۆ بەیتی بۆ پێشوازی حافز دەڕوات و بەدوایی ویدا دیسان شاعیر هۆزانێکی فارسی دوورودریژ لە تاریف و پێداهەڵگوتنی حەزرەتی ئیمام

ڕەزا سەلامی خوای لە سەربێت هۆندۆتەوە هەروا شێعری فارسی دیکەش لە وی لەم کتێبەدا
 هاتووە و لە کۆتایی شێعری کوردی،زۆر لەو شاعیری گێردراوەتەوە.
لەم کتێبە دووبیتیەکانی باباتاهیر هەمەدانی بە لەهجەی کوردی وخەت وەرگەران دەبێنن کەلەبزی فارسی چەندە هاسان بەلەبزی کوردی وەرگیردراوەتەوە:

(هەرآن باغی کەنەخلەش بێ سەنەربی)
هرآن باغی کەنخلش سر بدربێ

(مودامەش باغەوان خونین خگربی)
مدامش باغبان خونین جگربێ

(بیایەد کەندەنەش ئەزبیخ وئەزبون)
بیایدکندنش ازبیخ وازبن

(ئەگەربارش هەموو لەعل وگوهەر بی)
اگربارش همەلعل وگوهربی

(دلی دیرەم زعیشقەت گیج و ویجە)
دلی دارم زعشقت گیچ و وێژە

(موژە بەرهەم زەنەم خونابە ڕیجە)
مژەبەرهم زنم خونابە ریژە

(دلی عاشق بەسانی چوبی تەر بی)
دل عاشق بسان چوب تربی

(سەری سوجە سەری خونابە ریجە)
سری سوژە سری خونابە ریژە

سەرچاوەکان:

47-غلامرضا انصاف بور،روند نهضت هاى ملى واسلامى درايران. صص 560،561.
48-صفى زادەبورکەیی، دوره هفتوانه،صص 16و 17.
49- محەمەد سالح ابراهیمی. ژیناوەری زانایان نی کوردە لەجیهان ئیسلامەئی.

یان لەکتێبی" کوردەکانی ئیران" ئەو وەک یەکچوونی وشەکان دەبینین:

| | |
|---|---|
| (جێژی سەرساڵ کەنەورۆزە | زۆرلە ناو کوردا پیرۆزە) |
| (جشن سرسال کەنوروز است | فرخندەروزی است کردان را) |
| (جێژنی کۆنەو بۆمان ماوە | بۆی داڕژتین کوتکی کاوە) |
| (جشنیست کهن برای مامانده | پتک کاوه آنرابنانهاده) |

مراد ئەوڕەنگ لە پێشەکی کتیبی فەرهەنگی کوردی دەنووسێ: ( یەکێک لە لقەکانی پڕبار وبەری فەرهەنگی ئێران، زبانی کوردی یان مادییە، کە بە زوانەکانی ئاویستا و پەهلەوی و فارسی و هەروا لە گەڵ لەهجەکانی زوانەکانی دیکەی ئێرانی وەکوو خوراسانی و شوێنەکانی دیکەی ئێران بە باشی شباندن و لە یەکبوون جۆری و ڕێکوپێکی هەیە یانی هەموویان لە ڕیشەیەکن و هەموو پەیوەندیان بە فەرهەنگی بە شانو شکۆی ئێران هەیە(51).

مراد اوڕەنگ لە کتێبی کورد ناسی دەنووسێ: (فەرهەنگ و زبانی کوردان نموونەی فەرهەنگ و زبانی کتێبی ئاویستا و پەهلەوی و فارسی حەسڵە کە لە نێو ئەواندا پارێزراوە(52).
یەکێ دیکە لە چوارپایەی یەکیەتی نەتەوە و مڵلەتانیان زبان زانێوە کە لەهجەی کوردان وەکوو لەهجەکانی ناوچەی شوێنەکانی دیکەی ئیرانی پەهلەوییە. وەکوو پەهلەوی ئازەری،پەهلەوی تەبەری،پەهلەوی سمنانی و یەزدی، پەهلەوی لاری ولوڕی وهتد... کە سەرجەم هەر ئەو پەهلەوی کوردین و کوردەکان خۆیان بە پەهلەوی ساسانی دەزانن.

ئێستاکە خەریکی نووسینی ئەو بابەتەم،ژمارەیەکی بەرچاو لە وشەی(فارسی کوردی جمک)لە یادداشەکانمدا لە بەر دەستە کە لە هیندیک کتێبم دەرهێناوە. گۆڤاری فەرهەنگی کوردی مراداورەنگ و سەفی زادە بورەکەیش لە بەر دەستمە. وشەی

فەرهەنگی کوردی لەگەڵ وشەنامەکانی گیلانی و لوڕی و وشەنامەی بیرجند دوو جلدی بەرابەرو بەرئاورددەکەم. دەبینم ئەم فەرهەنگانەی ناوچەیی سەبارەت بە زوانی حەسڵی(فارسی دری) بە ڕادەیەک وشەی لێک تێگەین و ناتێگەین وەبەرچاودەکەون و سەرجەمی ڕیشە و پەڕو باڵی زبانی فیردەوسی و سەعدی و مەولەوی و حافزن. لاپەرو نێویکی وەرەقەی یاد داشتم لە بەر دەستە کە نازانم لە ڕووی چ کتیبیک نووسیوەمەوە وەرگرتنی ناوەرۆکی وان یادداشت نەکراوە وشەکانی فارسی لەگەڵ وشەکانی کوردی سلیمانی و لە دوایین لە گەڵ وشەکانی ئاویستا بەرابەرکردوون کە نیشان دەدەن هەرکام چلۆن ڕیشەیان بە ئاویستا،دەگات.

ئێستابەریک وشەی جمکی کوردی و فارسی نەک لە ڕووی فەرهەنگی کوردی کە ئەگەرلەوان فەرهەنگ سازدێن بێنین بۆخۆیان وشەنامەیەک دەبن بەڵکوو تەنیا هەر ئەو ئەندازە وشە کە بەرگە بە بەرگە لە کتیبەکانم وەرگرتووە لەژێرەوە نموونەکەی دەگێڕمەوە:

| فارسی دری: | فارسی پەهلەوی کوردی: | فارسی دری: | فارسی پەهلەوی کوردی کو |
|---|---|---|---|
| آب | ئاو | من | مو |
| زمین | زوین | بینم | وینم |
| روز | ڕۆژ | کنند | کرن |
| ماه | مانگ | خون | خین |
| شب | شو | مرد | مر |
| تابستان | تاوستان | کارد | کار |
| روغن | ڕۆن | خورشید | خۆر |
| دوغ | دۆ | گراز | ورازا |
| دست | دس | خواستن | ویستن |
| کمان | کوان | دانستن | زانین |
| زن | ژن | من،مرا | منا |
| شهر | شار | پل | پرد |
| تنبها | تنیا | شتر | ئوشتر |
| چهار | چوار | ماهی | ماسی |
| مادەگاو | مانگا | نان | نان |
| چشم | چاو | گوشت | گوشت |
| آسمان | آسمان | آسیاو | آسیاو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| باران | باران | سرما | سرما |
| گرما | کرما | زمستان | زمستان |
| سوزد | سوژه | ساڵ | سال |
| شمشیر | شمشیر | خەنجەر | خەنجەر |
| سپر | سپر | شیر | شیر |
| جو | جو | گنیم | گندم |
| برنج | برنج | پا | پا |
| پادشا | پادشاه | پابوس | پابوس |
| تاق نما | تاق نما | تگرک | تەگرک |
| دستمال | دسمال | مهمانی | میوانی |
| زرد | زر | سپید | سپی |
| هفته | هفته | اگر | اگر |
| تلاش | تلاش | تالار | تالار |
| فرهنگ | فرهنگ | توانایی | توانایی |

بۆ وەرگرتن وحاڵیبوونی هەر چی زۆرتری وشەکانی جمکی فارسی بە کوردی لە فەرهەنگی کوردی مراداورنگ و فەرهەنگی مادی سەفی بورەکەیی بڕوانن.

## پاژی پێنجەم

(مراشکیب نمی باشد ای مسلمانان)
(ز روی خوب لکم دینکم ولی دینی)
سەعدی

دین ناسی
بەهەشتی بی سنوور
(رێزگرتن لەئاقیدەی دینی ومەسلەکی)
(خەڵکانیتر لە عرفانی ئیسلامی ئێران)

## TOLERATION

وشەی دەرەکی کە لە سەرەوە هاتووە لێرە نالێک دێتەبەرچاو باوی سیاسی کۆمەڵگای نێونەتەوەیییە و لە لای هەموو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ فەرهەنگی پێشکەوتوو ئاشنایان هەیە و لە مافی ئینسانی ئاگادارن مانایەکی ئاشکراو ناسراوی هەیە. لە چەند سەدە پێش کە وشەی ئازدیLiberty هاتەگۆڕ بە دوای ویدا وشەیTolerationیش لە دونیا برەوی پێدرا و مانای ویش تەقریبەن هەر ئەو ڕستەیە کە لە سەرەوەی ئەو وشە لەم لاپەڕە نووسراوە، جگە لە چوار وشەی دوایین(لە عرفانی ئیسلامی ئیران) کە مانای تایبەتی زێدەی بە وی داوە.

ئەم وشە لە لاروس وفەرهەنگەکاندا بەمانای بەڕیوەجێ پەسەندکراو،هاسان گیری ومدارا هاتووە. بەڵام مەفهومی پێهەلاگوتنی وی: ئایینی قەبوولکردنی مافی ئازادی بۆ گشتی، بە تایبەت بۆ لایانگرانی هەر دین و هەرمەزەب و مەڕام و مەسلەک،ودەکوڵدا دەبێ بەپێی وی هەموو ڕەوشتەکانی سیاسی و ئاقیدەتی هەموو خەڵکی کۆمەلگا تاب بهینن بێ ئەوەی لە کەسێک سەلەبی مافی ئازدی مەدنی بکرێت.

ئەم کلیمەTolerationلە ماوەی چەند سەدەی پێش لە ولاتانی پێشکەوتوو بۆتەباوەکی ناسراو، و کاری پێدەکرێ بەلام لە ولاتانی لە حالی پێشکەوتوو، پاشکەوتوو تازە بۆخچەی کراوەتەوە و مانای وی لە عەمەل پێکردن و کردەوە بە پێهالاگوتنی ئەمڕۆ هیشتا جێی خۆی نەکردۆتەوە. بەڵام ئەم کلیمە لە مانادا لە هەوەڵی ئیسلام بە تایبەت لە عرفان و خوداناسی ئیسلامی ئیران بوونی هەبووە، هەروا لە قورئان لە ئایەی" لکم دینکم ولی الدین" خودی خۆیەتی و سەعدی بە بەڵگە بەم ئایە بە حوکمڕانان و ئەو کارگێرانەی کە ئەرکەکانیان (ئەمربەچاکەو دووری لە خەراپە) بوو وەکوو پۆلیس کە خەڵکی بەبیانوو کە دینی دیکەیان هەیە یان مەسلک و ئاقیدەو بۆچوونی دیکەیان هەیە ئازاو ئەزیەت و ئەشکەنجە دەکەن دەفەرموێ: (مراشکیب نمی باشد ای مسلمانان*** ز روی خوب لکم دینکم ولی دینی)

لە پێشەکی بابەتەگشتی یەکان سەعدیش لە نامیلکەی پینجەم لە(نصیحة الملوک بە خۆنواندن خۆنیشاندان بەدینی بیئینساف و بێبەزە بەڕەخنە دەڵێت: زهدوعیبادەت شایستەاست،نەچندان کە زندگی برخودو دیگران تلخ کند)

خواپەرستی لە سەرتا کەم ڕەنگ بوو. وەکوو ئاوی کانیەکی بێ ئالوودە و خاوین بوو. خوا لە هەموو شوین بی سنوورو تخوب لە دونیادایە ناسینی خودالە گەڵ هزرو هۆشی ئەو کەسەیە کە دەیپەرەستێت،بە هزرو لێکدانەوو ئازەنتی جۆراوجۆر کە هیچ کارتیکەری لە زاتی پاکی بی ئەم لا ئەو لای خودایەتی وی نییە.

محەممەد خەلال الدین مولەوی پەرستنی خوای لە سەرینچاوەکانی سەرتایی لەگەڵ سەرجەمی بێ ڕەنگی و بێ ئالوودە بوونی لە یەکێک لە دوو خشتەکیەکانی دەرونی وگوزارەیی سمبلیکی خۆی بە حیکایەت دەرهێناوە و دەویدا دەربڕینی تووڕە بوون و ئەهانەتی بە خوداناسان و بە ئیمانان و پیاوچاکانی هەبووی ئاقیدو باوەڕیەکانی دیکەی سەرکۆنە کردوەو پەرستینی خودای بە هەر هەیکەل و شکل و هزرو بۆچوون و لێحاڵیبونی مەبەستی دوایین و یەکپەرستی خالیس دەزانێت و دەڵیت هەر جۆرە دەست درێژی لە وەزەحمەتخستنی پەرستنی خودا دژی باوەڕ بەیەک خودایی و یەکپەرستییە.

(دیدموسی یک شبانی را بەراە)
کوهمی گفت: ای کردیم وای الە)
تۆکجایی من شوم تاچاکرت
چارەقت دوزم،کنم شانە سرت
ای خدای من فدایت جان من
جملەفرزندان وخان ومان من
ورترابیمارمیاید بەپیش
من تراغمخوارباشم همچوخویش
دسکت بوسم بمالم پایکت
وقت خاب آید بروبم جایکت
گربدانم خانەات رامن مدام
روغن وشیرت بیارم صبح وشام
سازوآرم بەپێشت صبح وشام
ازمن آوردن زتوخوردن تمام
ای فدای توهمە بزهای من
ای بەیادت هی هی وهیهای من)
شوانەکەلەوحاڵیدالەگەڵ خوای خۆی بوو کەمووسادەنگی پارانەوەی گوییبیس بوو وچوولای:

(زین نمط بی هوده میگفت آن شبان
گفت موسی باکیستت ای فلان
گفت باآن کس که‌ماراآفرید
این زمین وچرخ ازاوآمدپدید )
گفت موسی: های خیره‌سرشدی
خودمسلمان ناشده‌کافرشدی
این چه‌ژاژاستاین چه‌کفراست وفشار
پنبه‌ای اندردهان خود فشار
گندکفرتوجهان راگنده‌کرد
کفرتو دیبای دین راژنده‌کرد
گرنبندی زین سخن تو،حلق را
آتشی آید بسوزد خلق را)

( گفت ای موسی دهانم دوختی
وزپشیمانی توجانم سوختی
جامه‌رابدریدوآهی کردتفت
سرنهاداندربیابان وبرفت
وحی آمد سوی موسی ازخودا
بنده مارا،زماکردی جدا
توبرای وصل کردن آمدی
نه برای فصل کردن آمدی
هرکسی راسیرتی بنهاده‌ایم
هرکسی رااصطلاحی داده‌ایم
درحق اونیک ودرحق تو بد
درحق اوقرب ودرحق تو رد
من نکردن خلق، تاسودی کنم
بلکه‌تابربندگان جودی کنم
مابرون راننگریم وقال را
مادرون رابنگریم وحال را
ملت عشق ازهمه‌دینهاجداست
عاشقان راملت ومذهب خداست

چونکەموسی ای عتاب ازحق شنید
دربیابان درپی چوپان دوید
عاقبت دریافت اوراو بدید
گفت: مژده ده! کەدسوری رسید
هیچ آدابی وترتیبی مجوی
هرچەمیخواهد دل تنگت بگوی

لەو چاخەوە کە لە نێوان بێ سنوورەکانی بەهەشت،تخووبەکانی مایی و من من گوتن و خۆپێ زۆربوون و تەکەبور کیشرا،ئەو غرورو‌خۆپەرستانە بۆخودایان شەریک هێناوەتەوە. بی ڕەنگی پەرستنی خوای مەزن لە هەرشوێنێک ڕەنگێکی تایبەتی بە خۆوەگرت. بە قەولی مەولەوی:

(چونکە بی رنگی اسیررنگ شد
موسئی باموسئی درجنگ شد)
پاڵشاکانی هەرسنوور شێوە هۆش و ذەهنیەتەکیان لە دڵدا، بۆ بەرفرەوان کردنی گۆڕەپانی دەسەڵاتی خۆیان بە مەبەستی تاڵان،ئیدی ڕەنگبوونی پەرستنی لە ناو سنوورەکان، ئیدی کردە بیانوو شەڕیان وەڕیخستن. بەم بۆنەوە فیردوسی فرەزانا بەسوڵتان مەحموودی غەزنەوی کە بە بیانووی خەزا لە ڕیگای ئیسلام هەر چاخ بۆی دەلوا هێرشی بۆسەرهنددەبردو هەرکەڕەت خەروارخەروار زێرو جەواهێرو هەزاران کۆیلەو کیژی بۆ فروشتن لەگەڵ خۆی دەهێناوە، ڕەخنەی لێدەگرێ:

(زیان کسان ازپی سود خویش
بجویند ودین اندر آرند پیش)

حافز بە دەیان زوان لە دیوانی خۆی بە پاشایانی سەردەمی خۆی کە بەناوی دین بڕستیان لە خەڵک دەبڕی و بە بیانوو بەهانەی ئەمر بەچاکەو دووری لەخەراپە و هەزاران بێ ویجدانی و جنایەتیان دەکرد دەلێت:
(گرمسلمانی ازاین است کەحافزدارد
وای اگرازپی امروز بود فردایی)

و حافز بۆ ئەوەی کە بێ مانایی کردەوەو بێ ناوەرۆکی بیروبۆچوون وئاقیدەکانی دزێوبوونی دەمارگرژانی مرۆڤ کوژ ئاشکرا بکات و هەمووان لە تورەهات گوتن لابدات،بۆ لێگێڕانەوەی ڕاستیەکانیان مێوان دەکات:
(جنگ هفتادو دو ملت همەراعذر بنە
چو ندیدند حقیقت رە افسانە زدند)

سائیب تەورێزیش قسەوقسەلۆکی داواکەرانی حەق وباتڵ بی ئاکام دەزانێ، وشرۆ ولێکدانەوە و خەیاڵ و هزری وان بە خەونێکی شوباندووە کە لێکدانەوەی جوراوجوریان بۆ وی سازداوە.
(گفتگووی کفرودین آخربەکجا می رسد
خواب یک خواب است،مختلف تعبیرها)
هەرکات دوو یان چەند ئاقیدە وبۆچوون وداوا بەرانبەر بەیەکتر یەکدی ڕەت کەنەوە ئاشکرایە کەهیچ کام لەوان مەجبوور بە حەق گوتن نابن.

هەر دین و مەڕام و مەسڵەکێک کە هۆکاری چەند بەرەکی و نیفاق شەڕبنێتەوە ڕەحنە لە دین و مەسلەکەکانی دیکەبگرێت سروشتیە ئەو دین و مەڕام و مەسلەک زەرەی بۆ حاڵی مرۆڤ هەیە.
سەفی عەلیشا تەواو سەرجەمی ئەم دژ بە یەکتربوون و نەسازان( هەمپاد)یەکانی بارکەوتوویی و بلەنگازی خەڵک سۆژی پەیدابوو و سەرهەڵداو لە تاریکانی جهل و نەزانین دەزانێت:
(گرظلمات خود رهی بینی
همە عالم مشارق الانوار)
رێزگرتن لە بیرو بۆچوون و ئاقیدەو دین و مەڕام ومەسلەکی خەڵکانی دیکە کە پایەی خوداناسی ئیسلامی ئێرانە لە شوینەواری هەموو زانایان و فرەزایان و خوداناسان و هەستیارانی ئێمە بە فرەوانی و هەراوی شوێن بە شوێن ڕاسپاردراوە لەوانە لە "اسراروتوحید" داهاتووە: (ڕۆژێک شیخ ئەبی سەعید ئەبی الخیر مەیهەنی لەنیشابوور بە سواری لە گەڵ گروپێک لە جامینخوازان و لاینگرانی دەڕۆیی،گەییە دەرگای کلیسایەک. ئەزقەزا ڕۆژی یەک شەممو بوو خاچ پەرستان هەموویان لە کلیسا کۆببۆنەوە. هەموو پێکەوە بەشێخیان گوت: بابچینە کلیسا و ئەوخاچ پەرستانە بدینین. شیخ لە سەرقسەی وان لاوقی لە ڕکێف هینادەر و دابەزی: کاتێک شیخ لە گەڵ مریدانی چوونە ژوری کلیسا،خاچ پەستەکان هەموو بەرەو پیری هاتن ئەدای ئیحترامیان کرد بە

ڕیزلە بەرانبەری شیخ ڕاوەستان سەردەمێک پێچوو. لە نیو ئەم گروپە قوڕئانخوینی تیدابوون. یەکێک لە مریدان گوتی ئەگەرشیخ ئیجازەبدا با قورئان وەخوێنن؟ شێخ گوتی پیویستە. قوڕعان خوینەکان چەند ئایەتەکیان خویندەوە. لایانگرانی شیخ و خاچ پەرستان لە خویندەی قورئان لەزتیان برد هەموو لایەک گریان. لەو حاڵەدا یەکێک گوتی یاشیخ دەستوور بفرموون ئەو خاچەی ملیان دەرهێن! شیخ گوتی: ئەو خاچەنە ئیمە لە ملمان نەکردوون هەتا لە ملیان بکەینەوە(1).

سەرچەوەکان:
1-محمدبن منور. اسرارالتوحیدفی مقامات شیخ ابی سعید. به اهتمام دکترذبیح الله صفا.ص 266.

هەرلەوچاوگە و بینینی خوداناسینی ئیسلامی ئێران بێ پێچ وپەنا"لکم دینکم ولی الدین)ە،کەشێخ بهائی دەڵێت:
(هر در کەزدەم صاحب آن خانە تویی تو
هرجا کەشدم پرتو کاشانە تویی تو
درمیکدەو دیر کەجانانە تویی تو
مقصود من ازکعبەوبتخانە تویی تو
مقصودتویی،کعبەوبتخانە بهانە)
باباتاهیرعوریان تەواوی خەڵکی سەرگۆی زەوی لە هەر نەتەوەو تۆرەمەوە مللەت و لە هەر دەستەو گروپ و چلۆنایەتی کۆمەڵایەتی و بە هەر ئاقیدەو بۆچوون و مەسلەک ودین، بە ئافریدەگاری خوایان دەزانێ و دەلێت:

(اگرمستان مستیم از توایمان
اگربی پاودستیم ازتوایمان
اگرگبرو وگرهندو مسلمان
بەهرملت کەهستیم از توایمان

(ازتوایمان= ازتوهستیم). بەهەمین سبب است کەحکیم ناصرخسروقبادیانی گوید:
(خلق همەیکسر نهال خدایند
هیچ نەبرکن ازاین نهال ونەبشکن)

ومولوی هرکس راکەعقیدە خودرامطلق پندارد احمق،وآن کس را کەعقاید دیگران راباطل شمارد سیاەدل وشقی خواند:
(آن کەگوید جملەحق است احمقی است
وآن کەگوید جملەباطل اوشقی است)

سەعدی لە فکر کەڵەکە کردنی ئەمجۆرە مرۆڤانە دەرحەق بە لایانگری خۆی،لە چێرۆکێکی کێشە و ناکۆکی(جولەکەیەکوو موسڵمانێک) لە سەر قەباڵەیەک بە دەربڕینی تەوس و فەشە مانا دەکات:
(یکی جهودومسلمان نزاع میکردند
چنانکە خندەگرفت ازحدیث ایشانم
بەطیرەگفت مسلمان:"گراین قبالەای من
درست نیست خدایا جهود میرانم
جهودگفت: "بەتورات می خورم سوگند
وگرخلاف کنم همچو تو مسلمانم)
گرازبسیط زمین عقل منعدم گردد
بەخودگمان نبرد هیچ کس کەنادانم)

لەوجێگایەوە کە بە قەولی زانایان،مرۆڤی هزرسنووردار دەتوانن تەنیا ئەو دونیا درک بکەن کەخوڵقکەری زەین و هۆش وییە یان بەوی هەوساندوە،مەولەوی دەڵێت ئەم جۆرو مرۆڤانە لە دڵۆپەی شەونەم ذهنیتی خویان نوقمن و بە ئەون ئەوها فیردەکەن:

(چون بەدریا می توانی راەیافت
سوی یک شبنم چرابايد شتافت
گرتو هستی مردکل،کل راگزین
کل طلب،کل باش وکل شو،کل ببین)

هەموو زانایانی ئیران لە گەڵ خوداناسی ئیسلامی خۆیان لە شوێنەواری خوی بۆ هاسانکاری و واجب زانین یان ڕیز لە ئاقیدە و دین ومەسلەکەی ئیدیکە لە مانای ئەمTolerationی ڕۆژئاوایی لە زێدەتر لە هەزارساڵ پێش ڕێنوێنی ئەوها وتەعلیم دان وفیرکردنیان داوە کە نمونەکانی لەسەرەوەهێنرانەوە.

حەزرەتی ئایەتوللە شیخ محمد مردۆخ کوردستانی سەبارەت بەدین وئایینی کۆنی کوردەکان دەنووسیٚ: (ئایین وئاداب ونەریتی کوردەکان لەسەردەمی بەرلەکۆچکردن بۆ سەرزەمینەکانی ئیستا بوولێل وناڕوون و نامەعلوومە بەلاّم لەدوایی هاتن بۆ ئەم دەڤەرانە لە شوینەوارو نیشانگەی ئەووان دەزاندرێت کە"ئاهۆرا" پەرست بوون. یانی ڕووناکایی پەرست کە ڕوناکایان خۆش ویستووە و لە تاریکی دلّتەنگ و ترساون. چونکە "ئاهوڕا" و"ئاهیر"بەمانای ئاگرە و"ئاهوڕا" لەبزێکە بریتی لە" ئاهور" بەمانای ئاگر و"ئا"ش بە مانایەکەی هاتووە. یانی ڕاستێیەک کە لە دلْ ئاگرهاتووە. وەکوو وشەی(خودا= خودئا"کەبریتی یە لە"خود" و" ئا" یانی بۆ خوی هاتووە وبەخۆی لەئەزل بووە_ مەبەست لە ڕاستێک ک لە ئاگر هاتووە "رووناکایی"یە. ئەوڕووناکاییش"شید" وسەرئەنجام" شیدشیدان" گوتووە کە بەعەرەبی" نورالانوار" پێدەلّێن و ئەویان پەروەردەیگاری کائینات زانێوە" اللەنورالسماوات والارض" وردە وردە پلەی توانایشیان بەوی داوە و" ئاهورامزدا"یان پێگوتووە. یانی پەروەرەندەی توانا کە"مزد" بەمانای توانا وبەهێزە. وئێستا" هورمزد" یا" هورمزد" ی پێدەلّێن:

خولاسە کوردەکان "ئاگر"یان کە شوێنی "زاهیر بوونی" وی ڕاستی یە. (ڕووناکایان) بەممبارک وپیرۆز زانێوە وئەویان پەرستیوە. هەروەک هەردوت دەلّێت: مەلاکانی زەردەشتی یەکێک لە تایفەکانی شەشگانەی"ماد" بوونە و ئەمە بەتەواوی ئاگرپەرستی کوردەکان دەگەێنێت(لێکێڕانەوە لەمێژووی ئێرانی دیرین پیرنیا.ص 57)

بە "ڕۆژ"یش کە"خۆر" و" هۆرو" خورشیدی"ی پێدەلّین بە بۆنەی ئەمەیە کە چاوگەی ڕاستیی و ڕووناکاییە،و ئەوی بەم هۆیەوە بە ممبارکیان زانیوە و پەرستوویانە بەم بۆنەوە کوردەکان"ی ڕۆژ پەرستیشیان پیٚ گووتوونە(بە لێگێڕانەوە لە مێژووی کلیسای کۆن. ص 301)

لە سەریەک،کوردەکان و هەروا فارسەکان هەر لە سەرەتای هاتن بۆ ئەم سەر زەمینی(ئێران) لە گەلْ ئاگرو خۆرو ئەستێرەکان و ئاوو... ئافەریدگار" و"چاوگەی شەڕ و خەڕابە کە لە ئیسلامدا ناوی بە(شەیتان) دەهێنن، سەرو کاریان هەبووە و تاریکایان چاوگەی شەیتان زانیوە.

تاعەتەکان وپەرستن و سوجدە بۆبردنی"هورمزد" بۆ بنەمالّەکانی مەزن تەرخان کرابوو

و هەریەک لەوگەورەپەیاوانیان(پیر) پیدەگوت. خەلکی دیکەی ئاسایی لەڕەحمەتی سوجدەبردن وعیبادەت بی بەبەش بوون. وردە وردە "پیرە"کان هورمزد پەرسینیان بە سێحرو جادوگەری و خەڕافات تیکەڵ و پیس کرد هەتا کە لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین(660ق. م)ئاشو زەرتەشت کە یەکێک لە زاناو بە زەین و بیرتیژی کورد بوو
و لە ورمێ ڕاپەری، هەتا فاسیدان بەرەو چاکە ڕێنونی بکات. بەڵام ئەو لادەرانە بانگەوازی ئەویان قەبووڵ نەکرد و بە دژی وی هەستانەوە. زەردەشت مەجبوو بوو بۆ لای بەلخ ڕۆیی و لەو دەڤەری دەستی بە بانگەوازی خەڵک کرد. پاشان بۆسیستان چوو لەویش لە خەڵکی گێراوە بۆچاکە و ئاقیدەی خۆی پتەوەکرد وبۆ ورمێ گەڕاوە.

ئاشوزەردەشت لە نیشتمانی  لە دایک بووی خۆی بی لە مپەرو پێشگیری ئایینی "ئاهورا"پەرستی خاوێنی خۆی برەوپێدا و بەپێزوهێزو قووەت کرد. زۆرینەی تۆژینەرانی"مادی" بوونی زەردەشتیان پەسەند کردوە کە لە کوردەکانی "میدیا" بووە و کتێبی "ئاویستا" بە زوانی نیشتمانی خۆی یانی زبانی "مادی" نووسراوە.

خولاسە"زەردەشت" بەپێی مێژووی سرجان ملکم(لاپەڕی 27) مێژووەکانی دیکە وەکوو مسعودی،حەمزەئیسفەهانی،یاقوت حموی، قەزوینی، ابوالفداء،این فقیە، بلادزی، ابن خردابەو کێژوونوسانی دیکە لەدایک بوونی ورمێ یە(رزائیە) کە کوڕی پورشسب،کوڕی پتیرسپ،کوری کیدار،کوری آرپاک، کوڕی آکند،کوڕی ئاگبر،کوڕی مامیر،کوڕی هژریان، کوڕی اسپنتمان)ە،کەلەسالی 660 بەرلەزایین لەسەردەمی سەلتەنەتی گشتاسب سەری هەڵداوە. گشتاسب ئیمانی پێهێنا ومەزەبی وی برەوپێدا. هەرئەو برەوپێدانەی ئایینی زەردەشت هۆکاری مشهوربوون ودەنگین بوونی ناوی گشتاسب بوو.

پێشتریش پێستێکی دڕاو لە"سلیمانیە" نەخەتی پەهلەوی وەدەست هاتووە کە لەسەروی چەند شێعر وەکوو تازیەخوانی نووسراوە. ئەوکۆمەڵەشێعر ئەمە دەرکێنێ کەکوردەکان لەسەرتای شوینتەکەری ئیسلام بۆسەرکوردستان ئائئنیان زەردەشتی بووە و"هورمزد"یان پەرستیوە. شاعیرلەوشێعراندا هێرشی عەڕبی بۆسەرخاکی کوردستان بەشێوەی تازیەداری دەردەبڕێ کەعارەب گوندەکان وشەروشارۆچەکانی ئەدەڤەرانی هەتا"شارەزور" وێران کردوە وئەوشێعرانە ئەوهان:
(هورزمگان ڕەمان ئاتران کژان
ویشان شاردەوە گورو گورەگان
زۆرکار عەرب کردنە خاپور

گنای پالە هتا شارە زوور
شنو و کنیکان و دیل و بشینا
میرد آزاتلی ژوری هوینا
رەوشت زەردشترەمانو بی کسی
بژیکا نیکا هورمز و هویچکس)

وەرگێڕاوەی: هۆرمزدگاهان= مزگەوتەکان= وێران کردن. ئاگردانەکانیان کوژانەوە. مەزنان خۆیان وەشاردەوە. عەرەبی زاڵم گوندەکان وشارەکانیان هەتاشارەزۆر ویران وخاپوورکرد. ژنان وکیژەکانیان بە دیل بردند. نەبەزو قارەمانان لەخوێن گەوزین. ڕەوشت وئاییینی زەرداشت بی کەس مانەوە. هورمز بەهیچ کەسی ڕەحم وبەزەیی نەکرد.)

شوێنەواری ئاورگەکان و ئەو ئاگردانانەی کە لە نیشتمانی کوردنشینەکان ماونەوە دەلیل و شایەدی لە سەر ئەمە دەدەن کە کوردەکان ئاگرپەرست بوونە. لە سەریەک لە نیشانەگەل و شوێنەوار و چیڕۆکەکانی کوردی دەکریٚ نەزەر بدەیٚن کە کوردەکان لە سەرەتا(دورشم پەرست بوونە و پاشان بوون بە ئاگرپەرست و هەتا سەرئەنجام "کورد" و"پارس" پیکەوە دێنی ئیسلامیان قبوڵ کرد(2).

ڕەشید یاسەمی دەنووسیٚ: ( دین یەکێک لە چوارپایەو بنچینەی نەتەوایەتی بەحیساب دیٚ. لەم ڕووەوە بە سەرنجدان بە ژێربناکانی ئاقیٚدەیی و بیروباوەڕییەکانی دێنی و مەزەبی دەتوانن بە سانایی کوردەکان لە هەر شوێنێک لە لکی هۆزەکانی ئێرانی بزانین.

هەر وەک کە خەڵکی کوردستانیش لە هەر شوێن وەکوو سەرجەم برایانی هاووڵاتی ئیرانی بۆ خۆیان لە دوایی سەرهەڵدانی ئیسلام موسڵمانن، لە سەردەمی دێرین دین و ئایینەکانی ئەوان هەرئەو دێنی فەرمی ئەو سەردەمی ئێران یانی زەرەدەشتی بووە. هەر وەک چاخی هێرشی عەرەب ئاگردانی پاوەو ئاگردانی ئازەرکشسبی تەختی سلیمان شیز کەلە گورەترین و بە ناو بانگترین ئاگردانەکانی ئیران بوونە شایەدی گوتنی ئەوەن.

ڕەشیدیاسەمی کوردیش وەکوو ئایەتوللە مردۆخ کوردستانی سەبارەت بەو تەختەپێستەی کەلە سلیمانیە دۆزراوەتەوە سەبارەت بەسکالاَیەکی کە دەویدا لە کۆی مسیبەتانی هێرشی عەڕەب ولەناوچوونی دێنی کۆنی کوردان گوتراوە لەکتێبی خۆی نووسیوە وئەو چوار شێعرەی پەهلەوی کوردی گێراوەتەوە ووەرێگێڕاوەکەشی کەچونکە وێکچووی ئەوشێعرە دیسان لەخوارەووە دێنێنەوە:

(معبدها ویران شد آتش ها خاموش
بزرگ بزرگان خودرانهان کرد
عرب ظالم خراب کرد
دیهات را تاشهرزور
زنان ودختران بەاسیر رفتند
آهورامزدا برکس روحم نخواهد کرد)

امروزە مردمان سلیمانیەش وەکوو کوردەکانی لەجەژنی سەدە وجێژنی نەورۆز بەشێوەی کۆن ودێرینی ئێران ئاگر دەکەنەوە. ڕیورەسمی تازی وپرسەوسەرەخۆشی وڕیووڕەسمی شایی وداوەت کردن ئەداب ونەریتەکانی دیکەیان لەگەڵ خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئیران تەوفیری نییە. لەمنالانی خۆیان ناوەکانی پاڵشاکان وپاڵەوانەکانی دیرینی ئێرانی دادەنێن ورەکوو نەڕیمان،ڕۆستەم، فریدوون وکیژەکانیان وەکوو پەروین وستارەو پاکیزە و...
خولاسە کوردەکان لەسەرئەوبیروباوەڕەن کەبەرلەقبوڵ کردنی دینی ئیسلام زەڕدەشتی بوونە و گەلێک دەڤەر لەکوردستان هەن کە مەعلووم دەکات کەئاگردان بوونە.

ناوی تایفەی بادینان(بهدینان) و(عمادیە)ش شایەدی لەسەرئەمە دەدەن کەبەرلە موسڵمانی کوردەکان،دێنی بهی یان هەبووە. هەنۆکە لەنیو هۆزەی کورد هێندیک عەشیرەهەن کە پاشماوەی دینی کۆنی خۆیان لەئاییینی ئیسلام پاراستووە وەکوو علی الهیەکان، یەزیدیەرکان،(ایزدی) سارلیەکان، شبکەکان، بجورانەکان، کتبی دینی سێ تایفەی پێشووفارسن وئیلاقەیەکی تایبەتیان بەئێران هەیە(3).

سەرچاوەکان:
2-ئایەتوللە محمد مردوخ کردستانی. کتاب تاریخ مردوخ.صص 45 هەتا 51

ڕەشیدیاسەمی لە بەردەوامی قسەکانی دەنووسێ: (ناوی کوردستان نزیکەی (200)ساڵ بەر لە زایین" پۆلیت" مێژوو نووسی یۆنانی لە کتێبی خۆی(XLI) لاپەڕەی 148 ئاماژەی پێکردوە. پەیتاپەیتا لەبەرامبەر زاڵ بوونی یۆنانیەکان وئەسکەندەر وجێگرانی وی شەڕو خۆڕاگریان دەکرد. ئەم شەڕانە بۆ کشاندنەوەی سلوکیەکان کە بەخاکی ئێرانیان دەست درێژی کردبوو بەرەگەی سەربەخۆیی ئێرانیان گرتبوو بەردەوام ڕوویدەدا.

کوردەکان یەکێک لە سەرۆکانی"ئانتیوکوس" جێگری ئەسکەندەریان بە ناوی" مولون" لەگەڵ خۆ کردبوو،سەرۆکانی و سوپاکانی ئەویان پەیتاپەیتا شکەست دەدا. هەروا دوورو درێژترین تاریفات لە کوردو کوردستان لە کتێبی"استرابون" مێژوونووسی یۆنانی دەبینین کە نزیکەی سەرەتای لە دایک بوونی حەزرەتی عیسا(سەردەمی ئەشکانیان) لەحالی حەیات دابووە. "ئەستربون" کوردی Kyrtii کورتی نووسیوە وشوێنی دانیشتنی کوردانی لە بەشێک لە سەر زەمینی هەراوی"ماد" نیشان دەدات. بەرابەری ئەم تۆژینەوەی ئەستربوون، کوردو کوردستان بە شێوەیەکی جیانەبۆوە بەشێک لەسەرزەمینی ماد بووە(4).

دوکتور مەسعود گوڵزاری دەنووسێ: (کوردەکان بیرو بۆچوونیان لە سەرئەمە کۆکە کە بەر لە قبوڵ کردنی دینی ئیسلام زەڕدەشتی بوونە. ئێستاش لە ناو هۆزەکانی جۆراوجۆری کورد بازێک لە شوێنەواری ئایینی زەڕدەشتی دەکرێ بدینین،وەکوو سویند خواردن بە ئاگر،بە سێ کوچک و ممبارک زانینی دارای کۆن و ڕیزکردنێکی زۆر لە مردوان وهەڵکردنی ئاگر لە سەر بەرزایەکان.

گوڵزاری هەروا لە دوایی بابەتی سەرەوە،کۆمەڵە شێعرەی کە لە سەرپێست لەسولیمانیە بەخەتی پەهەلەوی کوردی دۆزراوەتەوە هێناوەتیەوە کە لە مسیبەتی هێرشی عارەب وبەدیل گرتن وبردنی ژنان وکچان، دەگێڕێتەوە.

دیاکونف لە دوای هێنانەوەی بەڵگەی جۆراوجۆر لە مەڕبنەمای دینی زەڕدەشت دەنووسێ: "شایەدی کۆنینە ناس" بروس" چونکە لە سەربناغەی و سەرچاوەگەلی دێرینی ڕۆژهەڵاتە تیژترین بەڵگە لە سەر بنچینەی بنەماو ڕەگەز بوونی زەڕدەشت و زەردەشت گەرێ بەحیساب دێت و لە ئاکام" ئەشپیگل" کە یەکێک لە باشترین

ئاشنایان بە ئاویستا و لێگێڕانەوەکانی دێرینی ئیران و ئایینی زەردەشتییە، بیروبۆچوونی" بروس"ی لە سەر بنەما بوونی دینی زەردەشت پەسەند دەکات(6).

سەرچاوەکان:
3- رەشید یاسمی. کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او. صص 20تا 22،
4-همان کتاب.صص 160- 161.
5-دکترمسعود گلزاری،شناخت ایلات وعشایر،ص 78.
6-دیاکونف. تایخ ماد. ترجمە کریم کشاورز.ص 49.

دیاکونف دیسان دەنووسێ: (ئەو حاملان وتەعلیم دانەی کە بناخەی دینی زەردەشت بوو پاشان بە کامڵ گەیشتن و بیرو باوەری تێگەینی خەڵکی سەرگۆی زەوی دێرین، رۆڵی گرنگی بەڕیوە برد و لە پانەگۆڕایی وڵاتی ئەمپەڕاتووری ماد هەراوو پان و بەرین بۆوە(7).

عومەرفاروقی دەنووسێ: (سەقزی کوردستان لە مەڕ مەزەبی شوێنیکی ممبارک بووە،چونکە ناوەندی دوو پەرستگەی گرنگی مادی و ساسانی بووە یەک عیبادەتگای" مانایی قەلایی" نزیک بۆکان و ئەویدیکە عیبادەتگای ئازەرگشسب لە نزیکی زێوە بوو کە پاڵشاکانی ساسانی بە پیادە بۆ زیارەتی وی دەچوون و لە دوای وەی کە دەوڵەتی کوردی ساسانی ڕووخا...(8).

کتێبی کرمانشاهانی کۆن کە سەرجەمی هەبووی مێژوو باسی ڕەچەڵەی ئێرانی کوردو وێنەکان وراپۆرتەکانی سەبارەت بە خەڵکی کرمانشا و کوردەکانی ساسانییە،شوێن شوین سەبارەت بە ئاگردانەکانی ئەم دەڤەرەی نووسێوە،بۆ نموونە لە مانەوەی ئاگردانی" گونبدکاوس" ودوو ئاگردان لە" ڕیجاب" و ئاگردان لە سەرابی زوهاب و ئاگردانی گمەی ملک هتد... ناوبردوە(9).

داوید ئادمیز،لە زەردەشت بوونی کوردەکانی بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام قسەدەکات و دەنووسێ: (شوێنی لە دایک بوونی زەردەشت و جێگای سەرهەڵدانی وی لە دەڤەری گۆلی ورمێ بوو کە بەشێک لە سەر زەمینی کوردنشینە و پاشماوەی دینی زەردەشت هەنۆکەش لە نێو ئایین و مەزەبی کوردەکان دەبینرێت(10)<

تویژکارو لێکۆڵەران بۆ نموونە"درای ور" و"شاکرخصباک" و" مردۆخ" لەسەرئەو بیرو بۆچوونن کە کوردەکان بەر لە چوونە سەردینی ئیسلام زەردەشتی بوونە و هەر سێ دەڵین شوێنی لە دایک بوونی زەردەشت ورمێیە "ارومیە" بووە،ئەویان لە ڕەچەڵەی مادوو زبانی ویان بە زبانی ماد زانێوە و نووسیویانە: (چونکە کوردەکان لە سەر زەمین مادو میراتگری پێشکەوتوویی مادین سەروشتیە دینی ئەوان بەر لە ئیسلام زەردەشتی بووە و ئاگردانی بە ناوبانگی"پاوە" و ئاگردانی دەڤەری" ریجاب" و ئاگردانی"حلوان" و" ئاگردانی مەزنی ئاذەرگشسب لەشیز"گنزک" کە ئەویان ئاگردانی شاهەنشاهان پێگوتووە، و ئاگردانەکانی دیکە شایەدی زەردەشت بوونی کوردەکان بەرلەئیسلامە(11).

سەرچاوەکان:

7-هەمان کتاب مقدمە دیاکونف.

8-عمرفاروقی. نظری بەتاریخ وگرهنگ سقز کردستان.ص 19.

9-کرمانشاهان باستان تاآخرسدەسیزدەهم. سهراب فیروزیان.

David Adamson. The K urdish War. P.16-10

Driver. Kurds and Kurdistan,p.14-14.1920 ، -11

خصاب،الاکراد.ص 485. بغداد 1972ومردوخ. تاریخ مردوخ.ج 1.ص 45.

محەمەدەمین زەکی لە قەولی مشیرالدولەی پیرنیا و لە قەولی جاکسون و مێژووناسانی دیکە نووسیوە دینی خەڵکی کورد هەتابەر لە ئیسلام زەردەشتی بووە کە دوایی ئیسلام بناخەی ئەم دینەی دێرین لە ناو نەتەوەی کورد بە وێنەی دەجۆراوجۆر باقی ماوە. هەروائەمین زەکی بە باسکردن و شێکردنەوەی بناخەی حاملان و تەعلیم زەردەشتی دەست پێکردوە پاشان کارتێکەری وی لە ئاقیدەو بیرو بۆچوونی زروانیان و مانویان و پاشان لە تەفیری مەزەبی کوردەکانی هەنۆکە کە بە ناوی دەجۆراوجۆر دەناسرێن دەردەبڕێت(12).

سەرلەشکرحەسەن ئەرفع دەنووسێ: (ئەگەرچی ئەرمەنیەکان و ئاسۆریەکان لە سەردەمەکانی زۆرپێش لە ئیسلام چوونە سەر دینی حەزرەتی عیسا بەڵام کوردەکان کە ئێرانی بوون دینی زەردەشتنیان هەبوو و گەلیکیان کە خۆیان بەدێنی زەردەشتی دەنواند لە سەر ئاقیدەی کۆنتری ئێران وەکوو"مێهرپەرستی" و هتد...باقی مابوونەوە(13).

نەسرولڵەکسراییبیان دونووسی: (دونیابینی کۆنی ئێرانی کە لە نێوکوردەکان زۆرتر لە نەتەوەکانی ئاریایی هێشتا باقی ماوەتەوە ئاقیدەوبیروباوەڕ بە خودایەک وەکوو" میترا" یا "مێهر" ە،کە خودای ڕووناکایی و بەرەکەت و خودای شەڕکەران دادەنرا و" ئاناهیتا" خودای بانوی باروری و ئاو بە حیساب دەهات کە هەتا ئەمڕۆ پایەدارماوەتەوە(14).

دوکتورمحەممەدموکری بە لێگێڕانەوە لە مێهرداد بەهار دەنووسی: "مێهر(میترا)لەحەسڵ و بناخە خودایەکە شەرێک لە حوکمڕانی دونیا،بە بەرەکەت و بەخشیش و دەست هاوەڵا و پشت و پەناوی بەڵێن و قەول و پەیمان کە بە هۆی کارتێکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئیرانی بە خودای هەموو چین و توێژێکی دەگۆڕێ. لە رەخ ئەرکەکانی بەرەکەت و بەخشیشی ئەم خودایە،داوێنی داکۆکی وی لە بەلێن و پەیمان هەراو بەربەرین بووە، ئەرکەکانی شەڕی دەزۆر بەوی دەئەسپێردرێت. لە ئاکامدا مێهرداد بەخودایەک دەگۆڕێت کە پشتیوانی هەر سێ چینی سونەتی کۆمەڵگایە.

دوکتورموکری لەبەردەوامی باسەکە دەنووسێ: (هەروائاقیدەو باوەڕ بەهەلاوەسینی وبەگەلێک لەبنەماکانی سەرەتایی هزری خوداناسی لەنێو ئایینەکان وگروپی لەبرەو لەناو کوردان دەبینرێت. "ئەهل هەق" یان"پارسایان"(سرسپردەگان) یەکی دیکە لەم گروپانەن کەئەوانان بە فرقەی باتینی وبنەمای مەزەبی ئەوانیان وروژاوکراو لەئاقیدەی غلاەی شێعەزانیوە کەلەگەڵ مەسلکەکانی تناسخ وتصوف تێکەڵ کردوە( مانای تناسخ جگە لەبەتل کردنی یەکدی بریتیەلە دەرچوون گیان لەلەشێک وچوونی بۆلەشێکی دیکە وتصوف بەمانای سوفیایەتیە،وەرگێری کوردی(15)

سەرچاوەکان:

12-محمدامین زکی. خلاصة تاریخ الکورد وکردستان. صص 279 تا296.
13-سرلشکرحسن ارفع.کردەکان ص 11.
14-نصرالله کسراییان. زیباعرشی. کردهای ایران.ص 22.
15-مقدمه دکترمحمدمکری برکتاب حق الحقایق. نوشته حاج نعمت الله جیحون آبادی.

ئەهل حەق:

لە وشەدانی معینی داهاتووە: (ئەهلی حەق گروپێک لە غلاتی شێعەن کە ئایینی ئەوان تێکەڵبوون و تێکەلاوی کردن لەئیسلام و دینەکانی ئێرانی دێرینی(زەڕدەشتی ومانوی) و...(16).

مەسعودگولزاری دەنووسێ: ( بناخەدانەری ئایینی ئەهلی هەق" ممبارک شا" ناوسراو بە(شای خۆشین)ە،کە لە کۆتایی سەدەی چوارەمی هیجری لەلوڕستان سەری هەڵدا وئەم ئایینەیان ئەو چاخ"حەقیقەت" پیدەگوت برەو دا. شاخوشین ولایانگران وجامینخوازان وپەیرەوانی سرودەکانی مەزەبی خۆیان پێکەوە بە لێدانی تەنبور دەخویندەوە و دەفکرڕۆدەچوون. ئەو لە لوڕستان بۆ هەمەدان چوو، و باباتاهیری بینی.

شاخوشین پیاوەکی خوداناس ودەنگین بوو وبیروباوەڕی لەسەرپایەیی مەزەبی شێعە جەعفەری بناخەدانابوو.

لە سەدەی هەستەمی هیجری خوداناسێکی بە ناوبانگی دیکە لە سلیمانی سەری هەلدا بە ناوی(سوڵتان ئەسحاق) کە ئەوی بە  قانوون دانەرو یاسا ناسی سەر لە نویی بەڕاستی ئایینی ئەهلی هەق دەزانن. ئەو خۆی " شوێنی زاهربوونی باری تەعالا" ناساند وئایینی تازی خۆی  دەقالبی شێعری کوردی ئاورامانی پیشکێش کرد. لە قەبەکانی وی بریتی لە: سان=شا)و(شای عالەم) وخوداوەندگار) و(خاوەنی کەرەم).

کردەوەو ئاکارەو ڕەفتاری لایانگرانی ئەهلی حەق بەرابەری ئەودەستوورانەیە کە لە گۆرانیەکانی دینی ئەوان هاتووە. ئەهلی حەق ئەم گۆرانیانەی دینی یان کەلامەکانی کۆکراوەو بە(دەفتەر) ی پێدەڵێن کە بە ناوبانگترین دەفتەرەکان (سەرئەنجام"کەلامی سەرئەنجام" و"کەلامی" خەزانەیە. "سەرئەنجام" ئیدی لەگەڵ لەهجەی گۆرانی لەدەست دایە کەلەسەدەی سیزدە بەوێژامە لەبیست ویەک بەند نوسراوە(17).

مینورسکی دەنووسێ: (ئەهلی هەق جەماعەتێکی ناوەوەیی و ناوەڕۆکی و دەروونییە  و وشەی باوی (علی اللهی) کە لە ڕووی نائاگایی بە وی تەرخاندەکرێ دورست نییە.

چونکە ئاقیدەو بیرو باوەڕ بە حەزرەتی(عەلی)بنچینەو بناخەی ئەم ئایینەی پێکدێنێ. بنەماکانی مەزەبی ئەم جەماعەتە لە سەربیرو باوەڕی غلات شێعە بنیات نراوە ولەگەڵ مەزەبی (تناسخ وتصوف)یش تیکەڵە و شیوەکی تایبەتی بەوی داوە(18).

دوکتورمحەممەد موکری کە بۆ خۆی چەندین ساڵ لە ناو لایانگرانی ئەهلی حەق ژیانی کردوە دەنووسێ: ( مەزەب یان مەسلەکی ئەهلی حەق یەکێک لە هەوداکانی وابەستە بە مەزهەبی شێعەیە و کۆمەڵیکە لە بیرو بۆچوون و دەنگی تایبەتی مەزەبی کە لەگەڵ پاشەکەوتی دەروونی و گوزارەیی بەرلە ئیسلام و بیرەکانی گروپەکانی غالی شێعە لە دوایی ئیسلام کە بە تایبەت لە دەڤەرەکانی ڕۆژئاوای ئیران بڵاوبوونەتەوە، تیکەڵاوبووە(19).

سەرچاوەکان:

16-فرهنگ معین.ج 2. زیرلغت اهل حق.

17-مسعودگلزاری. کرمانشاهان. کردستان. صص نودوسە تانودوپنج.

-

،1v.f.Minorsky. The Encyelclopaedia of Islam. Vol.iv.p.174.London. 1934

مەسعودگوڵزاری هەروادەنوسێ: (ڕێگاوڕەوشتی ئەهلی هەق لەسەربنەمای ئەوبەرنامەگەلەیە کە بەهۆی پیاوەمەزنەکانی ئەوجەماعەتە وەموو"ممبارک شا" وسوڵتان ئەسحاق" وهاڤالان وجێگرانیان بە(کوردی ئۆرامانی) پێشکیش کراوە کە بەتوندی کارتیکەری دێنی زەردەشتییە(ص نودوحەوت).

عەلی اللهی:

دینی عەلی اللهی لە گەڵ بازێک لە ئاقیدەو بیرو باوەڕو بنەمای دینی ئەهلی حەق وەک یەکە. لە ڕاستیدا ئایینی عەلی اللهی کارتێکەر لە ئاقیدەی "باتینیان" و" غلات"ی شێعەی ئیمامی ئەول حەزرەتی (عەلی)یە،دینی عەلی اللهی لە کۆتایی سەفەوی پەیدا بوو و لە کوردستانی ئیران و ئەو لای سنووری ڕۆژئاوا برەوی بەستووە.

مینوڕسکی دەنووسێ: (عەلی اللهی دینێکە کەجەماوەریک لەکوردان ئاقیدەوباوەڕیان پێی هەیە،وچونکە هەتائێستا بەشێوەیەکی ورد لەسەری لیکۆڵینەوە نەکراوە،کەسانێک کەئاگاداری ناوەرۆکی وی نین وافکردەکەنەوە کە بنەمای مەزەبی ئەم جەماعەتە بەخوای عەلی تایبەت دراوە،لەحالێکدا کەئاقیدەی ئەوجەماوەرە جگە لەبیروباوەڕ

بەخوای عەلی لەسەربنەمای (تناسخ وحلول) یش دانراوە(20)مەبەست لەتناسخ وحلول ئیمان بەدەرچوونی گیان بۆ گیانێکی دیکەیە،وەرگێڕی کوردی.

لە وشەنامەی موعین داهاتووە: گروپێک لە غەلات هەن کە عەلی بە خودا دەناسن. لە سەرئەو بیروبۆچوونەن کە خودا بۆ ڕێکو پێکی کارو باری سەرزەوی و بە هۆی یارمەتی بە ڕاسپاردەی خۆی یانی(محەممەد) بە قودرەتێکی کاملّی خۆی بەشێوەی ئیسان زاهیربوو و ئەو عەلی یە، کە سەردەمێک لە هەیکەلی ئیبراهیمی بەئاگرهات. حەق لە هەر سەرەمێک، بۆ ناو جەستەی پێغەمبەرو ئەنبیایان چوو هەتا گەییە ئەحمەدو عەلی. ئەم جەماعەتە بە تەناسخ باوەڕدەکەن یانی چوونی نووری حەق لە گیانێک بۆگیانێکی دیکە،و دەڵێن لەم سەردەم حەق لە عەلی داسەری هەڵداو زاهیر بوو وسەردەمی عەلی بوو، داویی لە ئەولادی ویدا. ئەوان دەلێن کە محەمەد ناردراوەی عەلییە و دەلێن نابی بەم قورانەی کە هەیە عەمەل بکەن.چونکە ئەو قورئانەی کە عەلی دای بەمحەمەد ئەمە نەبوو. بازێکش دەلێن ئەو قورئانە عەلی ناردویەتی بەلام چونکە عوسمان کۆی کردۆتەوە شایستەی خویندنەوە نییە.(21).

بەڵام نووسەرو دانەری کتێبی حازر عەلی اللهی لە کتێبی(کاملی فەرهەنگی فارسی) خۆی لە ڕستەیەکی کورت دا ئەوها شی دەکاتەوە: عەلی اللهی جەماعەتێکە کە خودای بە ناوی عەلی ناو دێرکرد(22)

ئەم دوو خشتەکیەش لە مەڕ حەزرەتی عەلی زۆر مشهورە و لە برەوە کەلانگران و جامینخوازان و پەیرەوانی ئەهلی حەق و عەلی اللهیەکان وەبیر دێنێتەوە:
(یاعلی ذاتت ثبوت قل هو الله احد** نام تونقش نگین امرالله الصمد
(لم یلد ازمادرگیتی ولم یولد چوتو** لم یکن بعد نبی مثلث لە کفوا احد)

سارلی-شەبەک- بخوران
مینورسکی دردایرةالمعارف ئیسلامی سەبارە بە هەرکام لەو سێ گروپانە بە ڕەدیف دەنووسێ: (سارلّیەکان عیبادەت و ئاقیدەو بیرو باوەڕی گەلێک نهێنی و سەیریان هەیە. لە باکوری موسڵ دەژین و خۆیان لە هۆزی(کاکە)یی دەزانن و لە گەڵ عەلی اللهیەکان پەیوەندی باشیان هەیە. لە دینداری داجەماعەتی سارڵی سەیەکانیان بە

دەرجەیەکی ڕوحانیت بەحیساب دێن. سارڵیەکان کتێبی دینیان هەیە کە بەگوتەی خویان فارسییە. لە ئایینی سارلّی شوینەوارێکی زۆر لە دێنەکانی کۆنی ئیرانی بە تایبەت زەڕدەشتی وەبەرچاودەکەوێ کە لە گەڵ بیرو باوەڕی غەلاتی شێعە تێکەڵاوبووە.

شەبەکانیش بەعەلیان ئاقیدە هەیە،وەکوو سارڵیەکان وعەلی اللهییەکان موی سمبیڵیان کورت ناکەن. ئەمەنە دانیشتووی کوردستانی باشووری ئێراقن.

نجورانەکانیش،وەکوو سارلّی وشەبەکەکان ئایینیکی نهینیان هەیە،داب ونەریتان وەکوو ئەوانە. جەماعەتی بجوردان خویان(اللهی) ناودەبەن کەمەبەستیان هەمان(عەلی اللهی یە) وبەحەزرەتی عەلی وئیمام حوسین وئیسماعیل کوڕی ئیمام جەعفەر سادق باوەڕیان هەیە. لەمانگی محەڕەم بەتایبەت ڕۆژی عاشوڕا و تازی دەگرن،لە ناو بجورانیش وەکوو سارڵیەکان چینی هەولّی ڕووحانی ساداتن. بجورانەکان دانیشتوی باشووری کوردستانی ئیراق وبازیک لە سنورئیران و تورکیە و بازیک لە ئیرانن(23)

ڕەشید یاسەمی دەنوسێ: ( سەرجەمی فرقەکانی شەبەک،سارلّی، بخوران وهۆکاری نێوان عەلی اللهیەکان وئێران و یەزیدی(ایزدی)یەکانی ئیراق بە حیساب دین و ئیمامەکانی شێعە دەپەرستن(24).

سەرچاوەکان:
19- دکترمحمد مکری. مقدمە برکتاب حق الحقایق جیحون آبادی.
20-v.f.Minorsky The Encyclopaedia of Aslam. Vol.iv.p.1623،
21-فرهنگ معین. اعلام. ج 2.زیر لغت علی اللهیان.
22-غلامرضا انصاف پور. کامل فرهنگ فارسی. ص 721.
23-The Encyclopaedia of Islam. Vol. iv.p.174+ 238,239,London.1934،
24-رەشید یاسمی. کردو پیوستگی نژادی وتاریخی او.ص 125و 128.

یەزیدی(یەزتایی- ئیزەدی- یەزدانی)

ڕەشیدیاسەمی هەروا دەنووسێ: (ناو لێهێنانی یەزیدیەکان بە غەڵەت نیسەتیان بە یەزیدی بنی معاویە کراوە، لە حاڵێکدا کە حەسلی ڕیشەی وی لە خوداپەرستی(یەزدان پەرستی) وەرگیراوە کە لە مانادا هەر ئەو زەردەشت یان دینی مانویە. ناوی ئەوهۆزە لە ئەیزەدە، کە لە کتێبی ئاویستا(یەزتا) و لە پەهلەوی یەزد، و لە فارسی نوێ یەزدانی پێدەڵێن. "لایارد" مێژوو ناسی ئینگلیزی هەروا یەزیدیەکانی زیدە لە زەڕدەشتی بە مانویەکانیشی نیسبەت داون(25).

سیروس ئەیزەدی، لە پێشەکی کتێبی کوردەکانی گۆران کە بۆ خۆی وەریگێراوەتەوە دەنووسێ: (گروپێک لە کوردان خۆیان بە(یەزیدی) ناودەبن، ئەو ناوە گۆڕینەکە، لە وشەی(یەزد)(کە فرشتەکانی زەڕدەشتی دەرجەیەک خواروتر لە ئەمشاسپندانن) لایانگرو جامینخوازی ئایینەکانی کۆنی ئێرانین. هاووڵاتی توژێنەری ئێمە- ئەحمەدشەریفی- لە مەهاباد لە"کیهان هوایی) ژمارە 1226 نووسیویانە: ئەزەدیەکان ئاقیدەوباوەڕیکی کۆنیان هەیە کە دەکرێ ئەوی ئامیتەیەک لە میتائیسم(مێهرپەرستی) زەڕدەشتیگەری، وزروانیسم بە تەواوی ئیرانی بزانین(26).

هەموو توژینەران نووسیویانە نیسبەت دانی یەزیەدەکان بە یەزید بنی معاویە لە قسەیەکی جەهیلانەو چێرۆکێک و جێنودانێک بەدەرنییە. دەڵێن ئەم ئایینە لە یادگاریەکانی کۆنی ئیران و ئێرانی ڕۆژهەلاتە. لە دایرةالمعارفی ئیسلامی هاتووە: "یەزیدی لە وشەی فارسی ئەیزەد وەرگیراوە کە لە ئاویستادا "یەزتا" و لە پەهلەوی" یەزد" و لە سانسکریت" یەجاتا" و لە فارسی "یەزدان"ە. چونکە وشەی یەزدان و وشەیەکی ئاویستاییە کە لە داب و نەریتی مەزەبی واردی زبانی فارسی بووە(27).

مەحموود ئەلدەرە لە کتێبی (القضیة الکردیە نووسیویە: (مەزەبی یەزیدی پەیوەندی قایم وموحکەمی لەگەڵ ڕاهێنەری زەڕدەشتی و مانوی هەیە. ئایینی یەزیدیەکان لە

پاشماوەی ئایینی زەردەشتی یە، کە لە سەر بنەمای ئاقیدەو بیروباوەڕ بە خودای خێرو شەڕ بنیات نراوە(28).

ڕەشید یاسەمی دەنووسێ: (یەزیدیەکان سەرتا ڕێکەوتی خۆیان لە 290ی زایینی حیساب دەکەن کە کەمێک تەوفیری لەگەڵ کوژرانی مانی لەساڵی 276ی میلادی هەیە. "ئەسپرو" پەیوەنداری یەزیدیەکان بە ئایینی مانوییەکان پەسەند دەکات و پێی وایە یەزیدی جگەلەوەی کە ڕەچەڵەی ئێرانیان هەیە بەڵام شوێنەواری شەرعیەتەکانی ئیسلام وئاشۆری وعیسەوی تێکەوتووە وشوینیکەری بووە. هارتنش دەلێت: ( دینی یەزیدی نوورپەرستییە وبنەمای وی (ثنویت)ە یانی ئاقیدە بەدووخودا، کەبەزاڵ بوون بە نوور بە ئاخردەگات(29)

دوکتور مەسعود لەلێگێڕانەوەی شەهرستانی خاوەنی کتێبی" الملل ونحل " دەنووسێ: ( یەزیەدیە یارانی یەزیدی ئەنیسیەن، کەیاقیدەیان وابوو کەلەدوارۆژێکی نزیک خودا پێغەمبەریك لەعەجەمی (ئیران) دەنێرێ وکتابێک کەلەئاسمانان نووسراوە،یەک کەڕەت بۆوی نازل دەبێت).

مەسعودگوڵزاری لێی بەردەوام دەبێ دەنووسێ: ( لە ناو هۆزەکانی کورد،یەزیدیەکان زۆرتر لەوانی تر یەکیەتی تەواویەتی دینی خوی پاراستووە و لە پاراستنی بنەماو ئاقیدەی مەزەبی و قسەکان ڕێوایەتەکانی دینی خۆیان ئیکجار تێکۆشاون(30).

تەریقەتی سەفەوی:

مەسعودگوڵزاری دەنووسێ: (زۆرینەی کوردان لە یەکێک لە دوو تەریقەتی نەخشبەندی وقادری پەیرەوی دەکەن،یانی مریدی یەکیک لەو دووەن.

مریدەکانی قادری تێگەینی ڕاستی و رووناهایی گیان و بنەمای بەحەق گەین لە وهەڵبەڕین و ڕەخش کێشان و یاهوو دەزانن، و مریدانی نەخشبەندی کە دانەرەکەیان( محەممەد بوخارایی) یە لە ئەولادی ئیمامی جەعفەرسادقە و لە خواناسانی بە ناوبانگی سەفەویەیە و گەیشتن بە حەق لە هزرو بێدەنگی دەزانن و بە پێچەوانەی مریدانی قادری لە کۆڕی زیکرو ڕەخش کێشان و جەزەبەو هەراوهورا خۆیان دوورەپەرێز ڕادەگرن(31).

محەممەد رئوف تەوەکەلی دەنووسێ: ( لە کوردستان دەرویشەکانی قادری دەسماڵێکی سوور لە سەر دەورا دەوری سەریان دەهاڵێنن یان تێتۆڵێکی سوورلە بەسکیان دەبەستن ئەمە ئەوە دەگەیێنێ لە شوێنەواری داب و نەرتی سەفەوییە. ئەهلی تەریقەتی قادری لایانگران و پەیرەوانی شێخ عەبدالقادر گەیلانی لە دایکبووی 471ی هیجری لەگیلانن. تەریقەتی عبدولقادر گەیلانی(قادرییە) لە سەرانسەری وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەت لە کوردستان لەبرەوە.

تەریقەتی سەفەوییە لەتورکییەش،وەکوو بەکتاشیە(حاجی بەکتاشی نیشابووری) بەهیزبوو. دەروێشەکانی تەریقەتی سەفەوییە لەتورکیە لەدەرەتا کڵاوەکی پەشمی ڕەنگ سووریان لەسەردەنا لەبەرئەمە بەقەزڵباش دەنگین بوون.

.

سەرچاوەکان:


25- ڕەشیدیاسمی. کردو پیوستگی نژادی وتاریخی . او.ص 125و128.

26-سیروس ایزدی. مقدمە برکتاب کردان گوران. ص 5.

27- The Encyclopaedia of Islam.vol Iv.p.1164

28- محمودالدرە. القضیةالکردیە. ص 181. چاپ بیروت. 1966.

29- رەشیدیاسمی. کروپیوستگی نژادی وتاریخی او. 128و 129.

30- دوکتور مسعود گلزاری. کرمانشاهان. کردستان. ص هشتاد ەپنج.

31- همان کتاب.ص صدوسە بەبعد.


تەریقەی سەفەوییەی بەکتاشیە نیسبەت دراو بەحاجی بەکتاشی نیشابووری لەدایکبووی 736ی هیجرییە

پەیرەوانی بەکتاشیە لە رۆژئاوای ئاسیای گچکە لە گەڵ قزڵباشیە و لە ڕۆژهەلاتی ئەم دەڤەرە لە گەڵ عەلی اللهیەکان لە بنەمای ئاقیدە یەک بیروبۆچوونیان هەیە. بەکتاشیە لە ژیرکارتێکەری شافەزوڵلەحروفی تەورێزی ئەستڕائابادین.

تەریقەتی نیعمەت اللیە وەلی لە دایکبووی 731،کوڕی میرعەبدوللە و دایکی لە سەرۆکانی کوردی شوانکارەی فارس بوو. تەریقەتی نیعمەت اللە لە ئیران لە کرمانشا و هێندیک شوێن لە وڵاتانەی دیکە بە تایبەت لە هندوستان لەبرەوە.

دەرویشەکانی تەریقەتی مەولەویە،جامینخوازانی مەولاناجەلالەدین محەممەد بەلخی کوڕی بەهائەدین وەلدن(32).

حەمیدڕەزاجەلالی سەبارەت بە مەزەبی شافعی دەنووسێ: (چونکە پەیرەوانی مەزەبی شافعی لە مەڕ محیبت بە ئەهەلی بە یتی ڕەسوڵ لەگەڵ مەزەبی شێعە نزیکیان هەیە و ئیمامەکانی شێعە بە ئیمامی مەسڵمانان دەزانن، بۆ زیارەتی گڵکۆی ئەون دەچن. ئەمن دەیان کەرەت لە مەهاباد بینیومە کە کارگیرانی شافعی کورد بۆ مەرەخەسی ساڵانە بۆ زیارەتی ئیمامی هەشتەم بۆ مەشەدی ممبارک دەڕۆیشتن(33).

هەتا ئەو جێگایەی کە ئەمن بینیومە خەڵکی کوردستان زێدە لە یەکیەتی زبانی و فەرهەنگی و ڕەچەڵەیی لەگەڵ برایانی دیکەی ئیرانی خۆیان هاودینن و ئاقیدەیان بە عەلی و ئیمامەکانی شێعەش هەیە.

خەڵکی کوردستان لە سەردەمی دێرێن وەکوو برایانی دیکەی ئێرانی خۆیان بەدین بوونە و دینی زەڕدەشتیان هەبووە. لە دوایی سەرهەلدانی ئیسلامیش،وەکوو هەموو خەڵکانی دیکەی ئێران موسوڵمان بوون. ئەهلی حەق و عەلی اللهیەکان پەیوەندار بەحەزرەتی عەلی و لە غولاتی شێعەن و عەلی بە پلە بەرزترلە ئیمامەکانی دیکە دەزانن. هەتاسارلیەکان،شەبەکەکان، بجورەانەکان پەیوەندیان بە شێعەهەبوو وئاقیدەیان بەعەلی هەیە وسەدات ئەولادی عەلی بە دەرجەیەکی ڕوحانیەت دەژمێرن و کتێبی ئایینی ئەوان فارسییە.

و سۆفییەی ئەوانیش لە هەر فرقەو دەستەو تەریقەت بە عەلی و ئیمامەکانی شێعە ئاقیدەیان هەیە و پێشەواو پیری تەریقەتەکانیان هەمووئێرانین وەکوو حاجی بەکتاشی نیشابووری وعەبدولقادر گەیلانی، شافضل اللە حروفی تەوریزی ئەسترابادی،شانیعمەت اللە ولی،محەمەد جەلالەدین مەولەوی، سۆفیان سەفەوی قزڵباش، هەموویان ئێرانین وئەوهەی لەهەوەڵی ئەم کتیبە هەتائێرە مەعلووم دەکات کەکوردەکان لەبنەجەکەوەئیرانین وپێناس ورەچەڵەی ئیرانیان هەیە وماباقی

کەئەهلی توسونن ولەلایانگرانی مەزەبی شافعین وەکوو براکانی دیکەی ئێرانی خۆیان لەخۆشەویستانی ئەهلی بەیتی پێغەمبەرن ولەگەڵ مەزەبی شێعە پەیوەندایان هەیە وبۆ زیارەتی گڵکۆی ئیمامەکان دەچن.
ڕەشیدیاسەمی دەنووسێ: (کوردەکان هەموویان شانازی ئێرانی دێرێن بە خۆیان نیسبەت دەدەن. وەکوو زەڕدەشت،ڕۆستەم، کەیقوباد و هەروا بەعادەت و نەریتی برایانی دیکەی ئێرانی خۆیان لە چاییخانەکاندا شانامە دەخوێنەوە.. ئەوانەی کە ئەهلی تەسەنونن و مەزەبیان شێعە نییە، بە پێی نەریتی هەموو ئیرانێیەکانی هاووڵاتی  حورمەتی ڕۆژی عاشوورا دەگرن و لەو ڕۆژیدا لە تراشین و ئارایشی سەروڕدین و نێنوک کردن خۆیان دەپارێزن. ئەوانەی کە شێعەن وەکوو ئیلاتی، هۆزەکانی کەڵهوڕ،شادرلی، باوەلی، کرەلی. کلیایی، سەنجابی، سینامینلی، بریکان، لەک، ئەردەڵانەکانیش وەکوو برایانی دیکەی کوردی موسڵمان ئێرانین و گۆرانیش لە ئەهلی حەقن و عەلی اللیەکانیش پەیرەوان و جامینخوازانوو، وابەستە بە حەزرەتی عەلیین(34).

لەجەژنەکانی کوردیش یەکێک میرەگانە بەلێگێڕانەوەی شانامەی لەسەردەمی پێشدادیان لەزەمانی فریدون ماوەتەوە.
سەرجەمی کوردەکان جەژنی نەورۆز،رۆژی هەوەڵی ساڵی هەتاوی ئێرانی بەشکۆ وعەزەمەت هەرچی زۆرتر بەڕیوەدەبن. مەسەلەن "کریس کۆچرا" نوسیوەیە: بینیم لە سلیمانیە کارناواڵی چەندین هەزارکەسیان وەڕیخست. لەم نمایشەدا کاوە ئاسینگەر شوێنی سەرهەلدانی ڕووناکایی و زوحاک چاوگەی ئیمپریالیسم بوو(35)

عومەرفاروقی لە پاژی پینجەمی کتێبی خۆی سەبارەت بە نەریت وعادەتی خەلکی سەقز(کە نموونەیەک لە نەتەوەی کوردن) دەنووسێ: (خەڵکی سەقز لە شایی، ڕیوڕەسمی خەتەنە(سونەت) کردن... ناو لێنانی منالاکانیان، بەردنی کادۆی سواروو پیادە لە جەژنەکانی مەزەبی و مانگی ڕەمەزان،ترتازی، جەژنی نەورۆز، چوارشەموو سووری، سێزدەبەدەر و...(36) نەریت و داب و تەقالید و عادەت و ئاینەکانی وێکچوو،وەکوو برایانی دیکەی کوردی ئیرانی ،لە سەریەک سەرجەم ئیرانیەکان هەیانە.

سەرچاوەکان:


32- محمدرئوف توکلی،تاریخ تصوف درکردستان صص 114تا 118. بەاستناد دایرة المعارف اسلامیە.ج 14.
33- حمیدرضاجلالی.کردستان وعلل تداوم بحران.ص 88.
34-رشیدیاسمی.کردوپیوستگی تاریخی ونژادی او. ص 120.
35-کریس کوچرا. جنبش ملی کرد. ترجمە ابراهیم یونسی. مقدمە.ص 9.
36- عمرفاروقی. نظری بەتاریخ وفرهنگ سقز کردستان.ص 276 بەبعد.


## پاژی شەشم:

## چیرۆکەکان وداستانەکانی تاقانەی هاوبەش:

یەکیک لە ڕەپ و دەرپەڕیوترین نیشانەکانی یەکیەتی نەتەوەکانی جۆراوجۆر مللەتێک،هەبوونی داستان و چیرۆکەو ئەفسانەی تاقانەی هاوبەشە. فرەنگیەکان بە چیرۆکەکان و ئەفسانەکان Mytheو لە سەریەک لە باوی موتالاMytholigieپێدەڵین.

داستان و چیرۆک یان ئەفسانە،پێهەلاگوتنی سەرراستی تایبەتمەندییەکان وکردەوەکانی مرۆڤێکی بەرجەستە نییە،بەڵکوو دەنگدێری نێونجی و ئاکامی قارەمانەتی و گیان بەختکەریەکانی سەرجەم نفوسی ولاتێک لە ڕووداوەکانی مێژوویی ڕابردوویانە کە لە کەسیک یان چەند کەسایەتی هێنانە بەرچاوی ڕۆناهی پەیدادەکات و ئەو یان ئەوان چاوگەی تایبەتمەندییەکانی تاسەو پاڵەوانەتیەکانی وەڕاست گەراوی ئارەزوەکانی گشتی ئەو مللەتە پێکدێنن. لە بنەماداچیرۆک یان ئەفسانە راستیەک نییە کە بکرێ فکری لێبکرێتەوە بەڵکوو حەقیقەت و مانایەکە،دوور و مەتەڵێکە کە جارو بارمو تلەق دەنوێنێ بە قەولی فیردەوسی:

(توانین رافسون و فسانە مدان
بەیکسان روش درزمانە مدان
ازاو هر چە اندرخورد باخرد
دگر بر رە رمزو معنی برد)

لە مێژووی ئێران چ بەر لە ئیسلام و چ لە دوایی ئیسلام گەلێک کەسایەتی هەبوونە کە هەم بە سەرهاتی واقیعی مێژوویی و هەم بەسەرهاتی ئەفسانەیی و چیرۆکیان هەیە. هەر وەک کورشی مەزن و کامبوجیە و داریوشی مەزن کە زێدەتر لە بەشێکی گەورەی ئاسیا وئوروپای رۆژهەلات وباشووری ئەفریقایان لە2600و2500ساڵ پێش،بهتێکۆشانی خۆو و بەگیانبەخت کردنی سەردارانیان بە خاکی ئێران لکاندووە و ئەوەی لە کتێبەکانی هردوت و گزنفوون واستربون و لەسەر بەردەکانی بیستوون سەبارەت بەشەرەکان وسەرکەوتنەکانی ئەم پاڵشایانە هاتووە ڕاستیەکانی مێژوویی و قسەکەری کەسایتی مێژوویی ئەوانن بەڵام ئەوەی لە چێرۆکەکانی چەند جلدی کتیبی مەزنی(داربنامە) ترسووسی و بێغەمی دورست کردنی سەدەکانی هەشتەم و نۆهەمی هیجری هاتووە وێنەی چێرۆک و داستانەکانی سەرکەوتوویی و بەڕیوەبەری ئەو پاڵشایانەی هەخامنشییە کە بە ناوی دارا کوڕی بەهمەن کوڕی ئەسفەندیار کوڕی گشتاسب یەک لە پاشاکانی زنجیرەی کەیانی ڕاپۆرت کراوەو پاڵەوان و پێشتازو ڕیوەبەری وی فیروزشای کوڕی داراب، ە.

پاڵاوانەکانی کتێبی دارابنامە زوربەی لە نەوەکانی ڕۆستەمن کە بۆیارمەتی خەلکی زوڵم لێکراو بۆ ڕاگرتن ودابین کردنی عەدالەت لە گەڵ پاشاکانی سەرەڕۆو خوینخۆرو دەستدریژکەر شەڕ دەکەن و ئەوان تێکدەشکێنن و لە سەرتەختیان دێننەخوار. ئەم کتێبە لە گەڵ پاڵەوانەکانی جوامێر و شەڕەکانی داواخوازانە بە هۆی ئێران کە ئەرمانی ئیسلامیشی بە وی دراوە وەک شانامەی فیردەوسی دەچێ.

لە سەردەمی پێنسەت ساڵەی سەلتەنەتی پاشایانی ئەشکانی(پاتەکان سێهەمین نەتەوەی ئیرانی)کە هەرکات لە ڕۆژئاوا لە گەڵ ڕۆمیەکان و لە ڕۆژهەڵات لە بەرامبەرهرشی تورکان دایم لە شەڕدابوون سەروشتیە پاڵاوانان و قارەمانانەکانی مەزن بوونیان هەبووە. هەر وەک داستانەکانی شانامەی فیردەوسی سەبارەت بەشەڕەکانی ڕوستەم و پاڵاوانەکانی دیکە لەگەڵ تورکان پەیوەندی بەم سەردەمە وەیە.

لە ناو دەیانی پاڵشای سەردەمی پێنسەتساڵەی ئەشکانی تەنیا لە دوو کەس لە مەزنترینی ئەوان کورتەیەک باس دەکرێ. لە سەردەمی ئەو دوو پاشا،گەلێک شەری دەگەورەو نیشتمانی، زێدەتر لەسەردەمی هەرپاشایەکی دیکەی ئەم زنجیرە روویدا. سەرەتاسەبارەت بە مێهردادی ئەوەڵ دەبێ بڵێن کە لە سەردەمی سەلتەنەتی 37سالەی خۆی دەوڵەتی پارتی ئەشکانی لە ماوەی شەڕەکانی پەیتاپەیتا بەو پەڕی دەسەلات گەیاند و گۆڕەپانی ئیرانی لە هەر لاوە پان و بەرین کرد و(دەمتریوس)ی یۆنانی سلوکی لە شەڕیکداشکەست پێدا و بە دیلی گرت.

و ئەوی دیکە(ئوردی ئەوەڵ)مەنشور بە ئەشکی سیزدەهەم لە پاشایانی مەزنی ئەشکانییە. لە ڕووداوەکانی گەورەی ئەو سەردەم کە کاتێک ئوردی ئەوەڵ، لە ئەرمەنستان بوو،چاخی شایی وی لە گەڵ کیژی شاهەکی ئەو پارێزگای،سورنا سەرداری بە ناوبانگی ئێران،ڕوستەمی کاتی لە نزیک شام ئەڕتەشی رۆمی تیکشکاند و سەری بە ناوبانگی سەرداری ڕۆمی" کراسوس" بکوژی ئەسپارتاکوس و کۆیلەکانی ئینقلابی برِی بۆ ئەرمەنستان بە ناوی دیاری و سەوقات بۆ پاشای زاوا نارد. لەم شەڕەدا بیست هەزار ڕۆمی کوژراو دە هەزار بە دیل گیرا.

ڕوگەکانی سمبلیک وئەفسانەکان و داستانەکانی شەڕەکانی مێژوویی ئەشکانیان و کەسایەتیەکان و پاڵەوانەکانی ڕاستی ئەو سەردەم زێدە لە فیردەوسی لە داستانەکانی ئەفسانەیی کتێبی گەورەی چوار جلدی(سمک عەیار)یش هاتووە. وەک دەگێڕنەوە ئەم کتێنبە بە وەسیلەی خدادی ئەرجانی لە سەدەکانی هەشتەم و نۆهەمی هیجری کۆ کراوەو ڕێک وپێک کراوە، و چیرۆکەکانی ئەفسانەی وی بە ئاشکرا دێرێنن بەتایبەت لە لایان ڕۆژئاوا بەردەوام لەگەڵ ڕۆمیان لە ڕۆژهەلات لەگەڵ تورکان دەشەڕدابوون کە هێرشی ئەوان لە دەشتەکانی باشووری چین لە سەدەی دووەمی زایینی دەستی پێکراوبوو. پاشای کاتی(مەرزەبان پاشا)یە،کە سەلتەنەتی ئیران و تورانی هەیە و بەردەوام لە ڕۆژئاوای حەلەب و لە ڕۆژهەلات هەتاچین و ماچین لە حالی لەشکرکێشی و شەڕدایە. لەکتێبی سمکی عەیار، ئەم پاشایە لە ڕەچەڵەی کەیومەرس و جەمشید و فریدوون و کەیقوباد ناسراوە وکوڕی وی(خورشیدشا)قارەمانی حەسلی داستان لێگێڕاوەی کتێبە. لە سەرجەمی چیرۆکەکانی ئەم کتێبە،سەمکی عەیارقارەمانی سەردەم و گەلێک عەیاری دیکە و پاڵەوانەکان لە ئولکە دا لە شەڕدان. ( عەیاری دەنگین(ئەییار) لە پاڵەوانی کوردی Ayyarهاتووە.

بەسەرهاتی واقعی ئەردەشیربابکانی کورد کەلەمێژووەکان دەگێڕنەوە لەگەڵ ئەوتاریفاتەی لەیدەکرێ بەوێنەی کتیب(کارنامەی ئەرتخشرپاپکان) شیوەی چێڕۆکی پەیداکردەوە. حەوەی سەبارەت بەژیانی بارامی پینجەم ناسراو بەبەهرامی گوور لەمێژوەکان نووسراوە لەداستانی حەوت پەیکەر شێوەی ئەفسانەی بەخۆوە دەگرێت.

هەروا لە دوایی ئیسلام، ئەبوو موسلیم خوراسانی دلاوەرو پاڵاوان کە کوردان ئەویان ئەبوو موسلیمی کورد پیدەگوت و ڕووی ڕۆناکی لە مێژوودا هەیە لەکتێبی ئەبووموسلیم نامەدا بە وێنەیەکی سەیر خۆیا دەکات و وەبەرچاودەکەوێ. هەروا یەعقوبی لەیسی سەفار هەتا دەگاتە بە شا سمایل سەفەوی و شا عەباسی مەزن و نادرشا و کەریمخان زەند کە هەر یەک لە عەینی بوونی کەسایەتی بەڕاستی و مێژوویی لە عالمی ئەفسانەییش سەریان دەرێناوە.

فیردەوسی لە شانامە سەرەتای سەلتەنەتی ئاریاییان مەنشور بە پێشدادی،ناوی پادشاکان و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمی هەر یەک لە وان بە لێگێڕانەوە باس کردەوە، هەڵبەتە ناوی هیندیک لە پادشاکانی پیشدادی لە کتێبەکانی(واداکاواوستا)ش هاتووە کە بە بەڵگەی ئەم سەنەدانە، لێگێڕانەوەی شانامە بە بووچونێکی ڕاست وا بەنەزەردەگات بەڵام چونکە هەتا ئێستابەلگەیەکی دیکە لە پەسندکردنی ئەوان وەدەست نەهاتووە و تۆزو خوڵێکی زۆر لە پێنەزانراو چاوی هەتەری ئەو لێگێرانەوەی بۆڵیڵ کردوە و شێوەی چێروک بەسەرئەواندا زاڵ کردوە.

هەرواڵە شانامە چێرۆکەکان و ڕاپۆرتەکانی چێرۆکی زۆرهاتوون کە حەمەسە بێژی گەورەی ئیران لە ئەواندا، سەبارەت بە شەڕەکان و قارەمانەیتەکانی مێشک حەبەساندووی پاڵاوانەکانی قەت تێنەشکاوو شکەست نەخواردو، وەکوو سام و ڕۆستەم و گیوو تووس و دەیان قارەمانی دیکە و سەبارەت بە ڕووداوەکانی سەردەمی زنجیرە ڕەچەڵەی سەڵتەنەتی پێشدادیان و سەردەمی زنجیرەی کەیانیەکان حەشری پێکردووە. هەڵەبەتە لە ڕاستیدا کەسایەتیەکانی بە ڕاستی ئەو چێرۆکانەی ئەفسانەیی هەروا جەنگارەکانی ماندونەناس و گیان لە سەردەست و پارێزگاردانی مێشک عەباوسەکەری ئەو سنوورانەی ئێرانی ئەهۆرایی لە هەر سەردەمێک لە مێژوو دێرێنن. لە بەرئەمە دەکرێ بڵێن مەزنترینی ئەوان،تەنیا گەورەترین خەزینەی تاقە بەڵگە نەتەوەکانی جۆراوجۆری مللەتی ئێران کە دایم و دەرهەم لە هەرهۆزە پێکەوە پەیوەند دەدا، ئەو کتێبە چێرۆکەکان و مێژووی شانامەی فیردەوسی یە.

سەرجەم قارەمانەکانی شانامە کە هەر یەک کەسایەتیەکی تایبەتیان هەیە ڕووکاری ئەفسانەیی و قارەمانەکانی میللەتی ئێرانن کە هاو سەفەری لەشکرەکانی دیاکواو هوخشترەی مادی هاو سەنگی کوورشی مەزن و داریووشی مەزن و خەشایارشای هەخانەنشی و هاوڕکێفی مێهرداد دووەم وارد هەوەڵی ئەشکانی و هاڤاڵی ئەردەشیری بابکان و شاپور و ئەنۆشیروانی ساسانی و هەر یەک لە پاڵشاکانی دیکەی ئەو زنجیرەیە لە هەر سەردەمێک لە سەردەمی 1500ساڵەی دێرین بۆ بەرگری لە ڕۆژهەڵات ترین هەتا ڕۆژئاوا ترین قەراخەکانی ئەو سەرزەمینە بۆ شەڕچوووە و بۆپاراستنی کەسایەتی مللی خۆی قارەمانەتیەکان و خۆبەخت کردنی سەرسوڕهێنەری لە خۆی نیشانداوە.

کاوەی ئاسینگەر ڕووکاری یەکێک لە قارەمانەکانی داواکاری میللەتی ئێران لە بەرامبەر زوحاکی عاڕبە،کە کوردەکان لە کتێبەکانی خۆیان ڕاپەڕینی ئەویان لە بە پاڵدانەوەی پاشایی فەریدوون بە لەشکرکێشی و شەڕ ئەو پاشا لەگەڵ کلدانیان لە سالی 2192ق.م. شی کردۆتەوەودەڵێن لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینیەی خەلک لە زاڵ بوونی زوڵم وزۆری ڕزگاریان بوو و کاوەی ئاسینگەریشان نووسیوە کە کورد بووە.

ڕۆستەم گەرورەترین پاڵەوانی ئەفسانەیی مێژووی چەند هەزارساڵەی ئیرانە کەچاوگەی کەسینی ئازادو جومێرو داوەکەری میللەتی ئێران ونیشانەی پاریزگادی ئەبەدی سەربەخۆیی نەتەوەییە کەکوردەکان ئەویان وەکوو کاوەی ئاسینگەر بەڕۆستەمی کوردی ناودەبەن.

کەیخوسرەو پاڵشای بەهەشتی کەیانی لە بازیک کتێبی کوردان ڕووکاری کورشی مەزنە کە ڕۆستەم و گۆدەرزو گیوو تووس و سوپاسالارەکانی دیکە لە سەردەمی سەلتەنەتی وی گەورەترین دوژمنانی ئێرانیان لە بەین هەڵگرتووە و نیشتمانیان بە ئازادی و ئەو پەڕی بەرفرەوانی دەگەیەنن.

لە بازێک کتێبەکانی کوردان هاتووە بنەچەکەی بنەماڵەی زاڵ و ڕۆستەم سەرەتا دانیشتووی سەرزەمینەکانی ڕۆژئاوا و دەڤەرەکانی کورد لێ دانیشتووی زاگروس بوونە کە لە ڕۆژهەلاتی ئێران پاریزگاردیان لە سنوورەکانی ڕۆژهەلاتی نیشتمان کردوە و بۆ سیستان بۆمەعمووریت ناردراون و لە وێ ماوەتنەوە لەم ڕووەوە بە سیستانی مەنشور بوونە.

میلاد لە پاڵەوانەکانی بە ناوبانگی شانامە کوردەکان نووسیویانە کە بۆخۆو ونەوە و نەتیجەکانیان لە دەڤەری لارئەمر حکوومەتی ئەقلیمی فارسیان بە سوکر وەبووە.

کوردەکان، گۆدەرزو گیوو،دووکەس لەگەورەترین سوپاسالارەکان وپاڵەوانەلانی سەردەمی کەیانی بەسەرۆکی بنەچەکەی هۆزی کەڵهوڕ دەزانن ونووسیویانە گیو فەرمانداری"(بابل" (سەرزەمینی کوفەی ئەمڕۆ) بوو و "ڕۆهام" کوری دیکەی گۆدەرز سوپاسالاریک بوو کەوڵاتانی هەلالی خەزیب ومیسری دەست بەسەرداگرت.

کوردەکان هەروا پاشاکانی پێشدادی و کەیانی هەموویان لە تۆرەمەی کورد دەزانن. هەر وەک لە قەولی ئیحسان پاشای کورد و مراداورنگی کورد لە بەشی ئەوەڵی ئەم کتێبە ئاماژی پێکرا: تهمورسی دێوبەند لە داستانی فریدوون لە شانامە،بە ناوی (تهمورسی کورد )گوتراوە.

(زتهمورس کورد بودش نژاد
پدربرپدر برهمی داشت یاد
فیردەوسی بەم گێرانەوە لەشانامە ڕەچەڵەی فریدوون لەقەولی دایکی بەتهمورسی کورد دەلکینێ کەدەیەوێ بلێت: ڕەچەڵەی فریدوون پادشای پێشدادیش لەکوردان بووە.

لە پاژی سەرەتای ئەم کتێبە دیسان خویندمانەوە کە ڕەشیدیاسەمی کورد لە قەولی مەسعودی خاوەنی مروج الذهب هاتووەکە (کوردەکان لە بنەچەکەی کورد بنی ئەسفەندیار بن منوچهر پادشای دیکەی پێشدادین) و مەسعودی لە هەموو شوێنێک بە بەڵگە بە وەرگرتنەکانی پەهەلەوی دیرین کوردەکان لە نەسل و تۆرەمەی پاشاکانی ئیران زانیوە و دیسان ڕەشیدیاسەمی لە قەولی مەسعودی دەگێرێتەوە: (ئەوەلی کوردەکان منوچێهر بوو و ئەو لە ئەولادی ئەیرەج،ە )(کە لە نەوەکانی فریدوونی کورد و نەتیجەکانی تهموەسی کوردن).

لە جلد یەکەمی مێژووی مردۆخ کوردستانیش نوسراوە: (زاڵی زەڕ باوکی ڕۆستەم لە (مادەکان )بوو. لە بەرئەمە هاو پەیوەندی وی لەگەڵ کوردەکان ڕاستە و لە شەرفنامەی ئەمیر شەرفخانی بدلیسی کورد کە پینسەت ساڵ پێشتر نووسراوە هاتووە کە ڕۆستەم لە بنەماڵەی کوردە بەڵام چونکە لە سیستان لە دایک بووە بۆیە بە ڕۆستەمی زابلی

مەنشوربوو. (بڕواننە بەشی ئەوەلی ئەم کتێبە) هەروا کوردەکان بە خۆیان شانازی دەکەن کە ئاشو زەڕ دەشت لە نێو کوردەکان سەری هەڵداوە و یەکەمین کتێبی ممبارکی هێناوە و ئاییبنی پەرستنی خودای تاق و تەنیای بناخە داناوە.

پادشاکانی ماد کە مەعلوومە کوردەکان ئەوان بە پاڵشاکانی کورد دەزانن. بەپێی نووسینەکانی کتیبەکانی سەردەمی دێرینی ئەردەشێربابکانیش لە کوردەکانی ئیقلیمی پارس بووە. کوردەکان دەلێن هاتنەسەرکاری زنجیرەپاشاکانی ساسانی دەست وێرگەیشتنیان بە سەلتەنەت، سەر لە نوێی هۆزەکانی ماد لە ئیرانی کۆنە و دەڵێن جل وبەرگی هەڵقەندراوە لە سەربەردە پەیکەرەکان پاشاکانی ساسانی جل و بەرگی کوردی و زبانەکەشیان پەهەلەوی کوردی بووە هەر بەمجۆرە ڕەچەڵەشیان لە مادەکانی کورد بووە. لە بەرئەمە ناسیاری ئەوان بە قسەی پولاک، کوردەکان خۆیان بە پەهلەوی و ساسانی دازانن.

بارام چوبینە لە سوپاسالاران و پاڵەوانەکانی مەنشور دوایین سەردەمی ساسانیان بوو کە توژەران یەک لە وان شەرفخان بدلیسی نووسیوە لە کوردەکانی خوراسان بووە و لە مێژووەکاندا هاتووە مەلیکەکانی کوردی پاشاکانی غور کە لە ڕۆژهەلاتی خوراسانی مەزن زنجیرەی پاشاتەتیان هەبووە، خۆیان بە کورد و لە بنەماڵەی بارامی چووبینە دازانی. لە کتێبەمێژووکاندا نووسراوە ناوی یەکەمین باپیرەی پاشاکانی غور(سام) لە کورەکانی(سوری)بوو، و سام لە دوایی مەسعود غەزنەوی بوو بە پاشای غوور، کە بەر لە غەزنەویەکانیش باوباپیریان لەو سەرزەمین سەلتەنەتیان هەبوو و یەکەمین ئەمیری زنجیرە کوردی ملوک (کرت)(کورد)یش لە کورەکانی پاشاکانی غووربوو، کە لە ئاخرئۆخری سەدەی هەفتەمی هیجری بەحکوومەت گەیشت.

ئاکوپف)یش لە کتبی کوردەکانی گۆران وەرگێراوەی سیروس ایزەدی(ص 55) دەنووسێ : (
لە بەستێنی ئێرانی ڕۆژهەتیش دەبینین – غور لەو لێوەشاویی و خزمایەتی "کرت" – "غوری" کە غور نیشاندەری نەتەوە و کرت نیشاندەری بەشێک لەو هۆزیە.... ڕاستیەکانی تەنراوەی ڕەیەڵ و پۆی"کورد"_ "گۆران" لە بەستێنی کوردستان و"کرت" – "غور" لە بەستێنی ئێرانی ڕۆژهەلاتی،بە تایبەت ئەگەر پێوەنداری خەڵکی غور وغرجستان لە بەرچاوبگرین کە حوکمڕانەکانی غرجستان هەبووی ناوبانگی"گۆران شا" بوونە پەیوەداری "گور"- "غور" – "گۆران" وەدەر دەکەوەێت)

کتێبەکەم بەدەستی گەیشت کە عمادەدین دەوڵەت شاهی نوسیوەیە: بەناوی(جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی ئێران یان چیاکانی نەناسراوی ئاویستا" کە نووسەر لەویدا ناوی شوێنەکانی (شارەکان و گوندەکان) و هەروا ناوی چیایەکانی کە لە کتێبی ئاویستا هاتووە- هەرچەند لە گەڵ لەهجەو نووسینەکان لە گەڵ ناوەکانی هەنۆکە تەوفیریان هەیە بەڵام بەهۆی خزمایەتی یان کەموو کەیەک وێکچوون- ئەوانی بە دەڤەرەکانی کوردنشینی ڕۆژئاوا نیبسەت داوە. هەروا پاڵەوانەکان و پاشاکانی بە کورد ناساندوە و ئاخیزگەی ئەوانی لە دەڤەرو مەڵبەنەکانی کێوەکانی زاگروس و ڕۆژئاوای ئێران بە حیساب هێناوە.

هەریەک لە هۆزەکانی کورد یەکێک لە پاڵەوانەکانی شانامەیان سەرقافڵەی خۆیان دەزانن هەر وەک نموونە: کەلهوڕەکان لوهراسب و فەرهاد، گۆرانەکان بارامی گوور،... ئەورامانیەکان خۆیان بە نەوەکانی ڕۆستەمی داستان دادەنین. لکێک لە کوردەکانی پارێزگای فارس ڕەچەڵەی خۆیان بە گورگینی میلاد پاڵەوان دەلکێنن ولقێک لە کەڵهوڕەکان گیوو گۆدەرزی سەرەتای ڕەچەلەکی خۆیان دادەنین.

ئەوهەی لە سەرەتای پێشەکی سەرەووهات سەرخەتەکان عینوانی مەتڵەبەگەلێکن کە لەخوارەوە دێن و سەرجەم نیشاندەر لە بۆچوون و ئاقیدە و نەزەرییەی نوسەرەکان و کتێب نووسەکانی کوردە کە بەش بەش لە کتێبەکانی ئەوان نەقل وقەوڵ دەکرێت.
ڕەشیدیاسەمی لەلێکێڕانەوەی مەسعودی لەکتێبی "التنبیە والاشراف" کەلە سەرینچاوەی مەزن وگرنگی ڕۆژگارساسانیەکان نەقڵ و قەول کراوە دەنووسێ: ( بنەچەکەی کورد لەڕەچەڵەی کورد بنی ئەسفەندیار بنی مەنووچێهری پێشدادیین... لەڕاستیدا مەسعودی لەهەمووشوێن وەگرتنەکانی ۆەهلەوی بووە وکوردەکان لەڕەچەڵەی پاشاکانی ئێران ناوبردوە. مەسعودی دیسان دەنووسێ: (کورد لەتۆرەمەی پاشاکانی ئێران نەبووە،بەڵکوو پاشاکانی ئیران لەنەسلی"کورد" بوونە. ئەم پاشایانە هەریەک لەدوایی یەک بە گشتی بەناوی کورد خۆیان ناساندوە، هەروەک:

کیومەرسیەکان لە گوتیەکان.
جەمشید لەکوسیەکان(کاسیتەکان)
فریدوون واحفادش لەئاڕاراتیەکان ومانىايەكان ومادەکان.
مادەکان لەکوسیەکان

هەخامەنشینیەکان لەکوسییەکان
پاڵەوانەکان لەپارسەکان(پەرتۆکان)

ساسانیەکان لەشوانکارەنە کەسەرجەمی ئەم هۆزانە لەکۆمەڵگای نەتەوەی کوردی ئەمڕۆدەبینین(1).
ئیحسان نووری پاشاهەروا لەکتێبی خۆی" مێژووی ڕیشەی ڕەچەڵەی کورد" دەنووسێ: (وەرگرتنی شانامە کەهەرئەو(جوذای نامک) پەهەلەوی وچێروکەکانی نەتەوەی کوردبن لە دوازدەهەمین بابی کتێبی ئاویستا وەرگیراوە.

کەیومەرس(کیومرث) کە ئاوستا، ئەوی بە یەکەمین ئینسان دەناسێنەێ وجەمشید پاشا گەورەیی ئیران کە ناوی لە ئەدەبیاتی سنسیکریت هاتووە(هەریەک لەپاشای سەرجەم ئێرانیەکان)گوتی و مادەکان و پارسەکان بوونە.

ئەوهەی لەشوینەواری دۆزراوە مەعلووم بووە سەلتەنەت وحاکمیەتی ئێران لەسینگی کوردستان زاوە،بەڵام تووشی تەزویرودەغەلکاری بووە. ئێران شوینی دانیشتنی گوتیەکان، هوسیەکان، ومادەکان، پارسەکان بووە.

بەنووسینی شانامە ،سیامەک کوری کەیومەرس فەرمادەری لەشکر،لەشەڕ لەدێوکوژرا. لەڕاستیدا گوتیەکان سەرۆکی خۆیان لەدەست دا. ناوی سیامەک بەتێپەڕ بوونی زەمان لەزاروزوانانداببە(شرلک) گۆڕاوە،وبەردنوسێکێش کە لەنەوەی(نارامسین شارکالی) وەدەست هاتووە نویویەتی پاشای گوتی ناوی(شرلک) بووە.

سەرچاوە:
1-احسان نوری پاشا. نقل ازرشیدیاسمی درکتاب تاریخ رێشەهای نژادی ص 123 باستناد بەکتاب التنبیە والاشراف مسعودی.

لە شانامەدا هاتووە لە دوای کەیومەرس،هوشەنگ بوو بە(شا). لە پاش ئەویش تهمورسی کورد دێ، کە ئەو دێوەکان لە بەندیخانە زیندانی کرد بۆیە بەتهورسی دێو بەند مەنشوربوو.

لەپاش تهمورس جەمشید لەسەرتەختی پادشایەتی دانیشت کەخاکەکی سەڵتەنەتی خۆی بەرفرەوان کرد ودونیان داگرت ومەغرور بوو داوای خودایی کرد. خودازوحاکی لەسەرجەمشید زاڵ کرد.
کوردەکانی ئەمڕۆش ئەژدهاک بە"زها" و" زیا" ناودەبەن(زوحاک،زوهاک)یانی ئەژدها.
لەشانامەداهاتووە: کاوەی ئاسینگەرڕاپەڕی وزوحاکی کوشت وفریدونی لەسەرتەختی پاشایەتی دانا.
فرەزانا حەکیم عومەرخەیام لەنەورۆزنامەدا دەنووسێ: (فریدوونی کوردڕۆژێک کەزوحاکێ بەدیل گرت وئێرانی لەشەڕوبەڵای وی ڕزگارکرد خەڵک جەژنیان گرت.
موریەڕۆژهەڵاتناس دەنووسێ: (خەڵکی دەماوەند بە بیرەوەری ڕەزگاربوونی ئێرانیان لەزوڵم وزۆری زوحاک، هەمووسالیک نەورۆزی دەژکەن بەجەژن،وئەم جەژنەی بەجەژنی کوردناودەبەن.

لەناوکوردەکانی باشووری ئیرانیش جەژنی نەورۆز بە(جەژنی کوردی ) ناودێنن.
کوردەکانی دانیشتووی ڕۆژهەلاتی تورکییەش ئەم بیرەوەریە دەکەن بەجەژن وبەوی(جەژنی تۆڵەوەرگرتنەوە لەزوحاک دەلێن.

فیردەوسی سەبارەت بەڕەچەڵەی فریدوون لەزبانی دایکی وی دەلێت:
(تو بشناس ازمرزایران زمین
یکی مرد بود نام او آبتین
ز تخم کیان بودو بیدار بود
خردمند و گردو بی آزار بود
ز تهمورث کرد بودش نژاد
پدربرپدر برهمی داشت یاد

له شانامەداهاتووە: ( فریدوون وڵاتی خۆی لە نێوان سێ کوری خۆی دابەشکرد. رۆژهەڵاتی بە توور دا، ڕۆژئاوای بە سەلم، و ئێرانی بە ئەیرەج دا. سەلم وتوور پەخالەتیان پی بردو بە دارشتنی پیلانێک سەری ئەیرەجیان بڕێ.

لەشانامەداهاتووە: چاخێک مەنوچێهر کوڕی ئەیرەج بوو بە پلەوپایەگەیی ولەسەرتەختی پاشایەتی دانیشت لەگەڵ ئەوانەی کەباوکیان کوشتبوو دەستی

بەشەڕکردو هەرووکی کوشتن وتۆڵەی باوکی خۆی کردەوە(یانی هەردوومامەکانی خۆی کوشت) لەدوایی مردنی مەنوچێهر کوڕەکەی وی بوو بەپادشا،وئافراسیاب پادشای تووران نەوەی (توور) بۆسەرئێرانێەهجووم کرد سەڵتەنەتی ئیرانی ڕوخاند.

ئێرانیەکان"زوو" یان"زاب)یان لەجێگای نەوزەڕ بەپاشادانا ولەدوایی پێنج ساڵ کەمرد، کوڕی ئەویان بەناوی"گەرشاسب) لەسەرتەخت دانا. گەرشاسب،یش کەمرد ئافراسیاب جارێکی دیکەهیرش کردە سەرئێران وزنجیرە بنەماڵەی شەدادیانی لەناوبرد. کەی قوباد لەکورەکانی نەوزەڕ لەچیایی ئەلبورز بوو. گەورەپیاوان وسەرۆکانی ئێران ڕۆستەمیان بۆ ئەلبورزنارد ئەوی هێناوە ولەسەرتەختی پاشایان دانا.

کەیقوباد هەرئەو(دیاکو) سەر زنجیرەی پاشاکانی مادە. ناوی ئەم پاڵشایە لە ئاویستا "کوات)هاتووە،کە قوبادیش گوتراوە یانی (شاقوباد).

ئیحسان نووری پاشا،هەموو پاشاکانی کەیانی بە "ماد" دەناسێ و دەنووسێ: (بەقەول و گێڕانەوەی زۆرینەی زانایانی مێژوو،یەکەمین پادشای کەیان(کەیقوباد) بە ناوی" دیاکو" یان" دیوسیس" بنیات نەری سەلتەنەتی مادە،کە سەرۆک هۆزی "माननایی بووە" وهەروا پادشاکانی پیشدادی بە پیی بەڵگەی مێژوویی بۆچوونی خۆی،کورد دەناسێنێ(2).

بەم حاڵەوە ئیحسان نووری باشا دوایی لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەی خۆی دەنووسێ: ( پوورداود لە سەر ئەو بیرو باوەڕەیە کە ناوەکانی پاشاکانی ئاویستا وەکوو کەیقوباد،کەیخوسرەو. لهوراسب و گشتاسب پەیوەندی لەگەڵ "دیاکو" و"کورش" و"ئەوانی دیکەنییە(3).

مراداورنگ لەکتێبی کوردناسی خۆی دەنووسێ: (ڕەچەڵەی کورد شانازی بەخۆی دەکات کە زەڕدەشتی مەزنی دێرینی ئێران لەنێوئەوان سەری هەڵداوە وسەرودەکانی بە خوانی ئەوانە.
زانای مەزن مردۆخ کوردستانی لەجلد یەکەمی( مێژووی مردۆخ) زەڕدەشتی لەڕەچەڵەی کورد دەزانێ وئەوی بەناوی زەڕدەشتی کورد یان زەڕدەشتی مادی ناودێنێ.

دەماوەری سەردەمی ئێمە(محەممەد قانع) لە دیوانی کوردی خۆی زەردەشتی بەگەورەیی یادلێدەکات و کتێبی ئاویستای بەزوانی کوردی" هورامی" دازانێ. چونکە زانایانی دیکەی کوردیش لەم بارەوە لە گەڵ محەممەد قانع هاودەنگن و زەردەشتی لە بنەماڵەی کورد دەزانن و گورانیەکانی بە زوانی کرمانجی یان هورامی دەزانن. چونکە ئەو لە مادەکانی ئازەربایجان بوو کوردەکان هەرئەو ماد یان لکێکی مەزن لە ئەوانن. لە بەر ئەمە کوردەکان لە گەڵ زەردەشت هاو پەیوەندی نزیکیان هەیە،یانی لە گەڵ وی هاوخوێن و هاو ڕەچەڵەن و سرودەکانیشی ڕەنگ و بۆنی کوردیان هەیە(4).

مردۆخ سەردەمی ژیان و سبات بوونی کوردان بەچواردەورە دابەشکردەوە ودەنووسێ: (یەکەمین دەورەی بەر لە مێژوو،دووەم لە سەرهەڵدانی کەیقوباد یانی سەردەمی پێکهێنانی دەوڵەتی ماد(853ق.م) کە پارسیش لەم دەورە بەشێک لە ماد بوو. سێهەم لە سالی 550ی بەرلە زایین کە سەرهەڵدانی کەیخوسرەوی مەزن(سیروس مەزن) دوڵەتی ئێران لە سیروس(کورش)دەستی پێکرد و هۆزەکانی ماد و پارس یەکدەگرن، ودەورەی چوارەم لە سیروس هەتاسەرهەڵدانی ئیسلام(5).


سەرچاوەکان:

1-احسان نوری پاشا. تاریخ ریشە نژادی کرد. صص 29 هەتا 64.

2-همان کتاب.ص 8.

3-مراداورنگ. کردشناسی. صص 75و 76.

5-مردوخ.تاریخ مردوخ.صص 23و24.


مردۆخ لە بەردەوامی ئەو دەورانی سەڵتەنەتی پێشدادیان لە کەیومەرس هەتا جەمشیدی شی دەکاتەوە و دەنووسێ: (زوحاکی عارەب لە بابل لەشکرکێشی بۆ وڵاتی پێشدادیان کرد ولە"ئەختەر"پاریس لە گەڵ جەمشید پادشای پێشدادیان بە شەرهات و ئەوی تیکشکاند.

پاشان لە سالی 2192ق.م.فریدوونی پێشدادی بە یارمرتی کاوەی"ئاسینگەر" ی مادی و مادەکانی دیکەی ئەسپەهان، لە زوحاک ڕاپەڕین و وڵاتی پێشدادیان لە زنجیری دیلی کلدەو زوحاک ڕزگارکرد. لەم ڕاپەڕینەدا کوردەکانیش بێ نەسیب نەبوون و لەدیلی ئازاد بوون(6).

مردۆخ لە پاژی دووەمی کتێبی خۆیدا لە ژێرناوی" کورد لە853 هەتا 550ق.م.سەرجەم پاڵشاکانی مادی کە پایتەختیان"هکمدان" بوو بە کوردی ناساندوون و تەواوی شەڕەکانی ئێرانی لە سەردەمی سەلتەنەتی مادەکان لە گەڵ دەرەکیەکان بە شەری مادەکان لەگەڵ ئاشۆڕیەکان وسکاکان ناولێدەنێ.

ئایەتوللە مردۆخ هۆکاری بە پاشا،گەیشتنی پارسەکانی لە جیاتی مادەکان بێزاریوو ڕوو وەرگێرانی "مادە"کان لە سەلتەنەتی"ئاستاک" ئاخرین پاشای ماد دەزانێ و لێی بەردەوام دەبێ دەنوسێ: (لەم ڕیکەوتە دایە کە دەوڵەتی ئێران لە سەر هەموو وڵاتی مادو پارس ناولێدەنێت. بەم لێکدانەوە هەتا سەدەیەک دوایی ڕوخانی دەوڵەتی ماد دیسان وشەی ماد لە جیاتی ئێران دەکار دەکرا و دەوڵەتی هەخامنشیان بە دەوڵەتی ماد دەناسی. هەتا مێژوو نووسانی ئەو چاخ شەڕەکانی ئێرانیان لە گەڵ یۆنان بە شەڕەکانی مادەکان لە گەڵ یۆنانیەکان نووسیون(7).

کوردەکان دەلێن: زوحاکی عەرەب هەمووڕۆژ گەنجەکانی دەکوشت ومێشکی ئەوانی دەرخواردی مارەکانی سەرشانی خۆی دەدا،ئەوهێندەزوڵم وزۆری دەکرد کەژیانی لەخەڵک کرد بوو بەژەهرەمار وهەمووتازیەداربوون. بەلێگێرانەوەی شانامەی فیردەوسی:

(ابرکتف ضحاک تازی دوو مار
برست وبرآمد زمردم دمار
نهان گشت آیین فرزانگان
پراکنده شد کام دیوانگان
شده بربدی دست دیوان دراز
زنیکی نرفتی سخن جز بە راز

کوردەکان دەلێن"کاوەی ئاسینگەر" لە زوحاکی عەرەب ڕاپەڕی ئەوپێشبەندی چەرمی بە سەری داریکی وەکرد بانگەوازی لە خەڵک بۆ شۆڕش کرد،لەگەڵ ئەوان هرشی بردە سەر بارەگای ضحاک،دەڵێن لەم شۆڕشە لە ئەوەلی ڕەزبەربوو. و ئیبنی بەلخی دەڵێت: (ص 36) کاوەی ئاسینگەر زوحاکی گرت زنجیری کردو لە کێوی دەماوەند زیندانی کرد و فریدوون لە سەرتەختی پاشایەتی دانیشت و ئەمری دەرکرد هەتائەو

رۆژی بکەن بەجەژن و ئیدی بۆ بە عادەت هەموو سالێک لەو ڕۆژیداجەژنیان دەگرت وبەردەوام بوو.

سەرچاوەکان:
6-مردۆخ.کتاب تاریخ.ص 25.
7-همان کتاب. صص 29و30.

لەبەشی سەرەتایی بەلێگێڕانەوەی شانامەخویندمانەوە کە دووجوامێر بەناوەکانی"ئەرمایل" و "کرمایل" هەموومانگێک سی لاویان لەکوشتن ومێشکی سەریان بەمارەکانی زوحاک ڕزگاردەکرد وبۆ چیاکانیان بەرێ دەکردن وئەوگەنجانە لەدوای سالیانی سال لەوشوێن مانەوە بوون بەکاسپاروکەشاوەرزوکشت وکالْیان دەکرد و مەڕداری، وئەمیرشەرفخان بەدلیسیش بەبەڵگەبەزیندانی کردنی دوایین لێگێرانەوەی شانامە کەدەڵێت: (کنون کردازآن تخمەداردنژاد)دەنووسێ: (ڕەچەڵە وبنەچەکەی کوردان لەو دەرچوانەن کە لەدەست زوحاک ڕزگاریان هات(8).

هەروا شەرفخان بەدلیسی نوسیویە: (شیکردنەوە لەسیفەتی بەغیرەتیە چونکەزۆرینەی بەغێرەتەکانی ڕۆژگارو پالاوانانی بەناوبانگ لەم تایفەی(کوردەکان) سەریان هەڵداوە ولەبەرئەمە پاڵوان فیلەتەن ودلاوەرونەترس ڕۆستەمی زاڵ کەلەسەردەمی سەلتەنەت وپاشایی کەیانیان بوو لەڕەچەلەی کوردانە. بەڵام چونکە لە سیستان لە دایک بووە بە ڕۆستەمی زابلی مەنشوربووە و خاوەنی شانامە(فیردەوسی) ڕەحمەتی خوای لێبێت سیفەتی وی "کورد" (رۆستەمی کورد)کردوە و هەر واسوپاسالار و پالاونی ڕۆژگار بارامی چوبین کە لە خوراسان گەورە بووە نەسەبی لە پاشاکانی کرت(کوردە) و پاشاکانی غور(لەڕۆژهەلاتی خوراسانی مەزن)بە وی دەگات،لە تایفەی کوردە و هەروا گورگینی میلاد کە بە زیخی و چاونەترسی شوجاعەت و بەغیرت دەنگین مەنشورە کورد بووەو هەتا هەنۆکە چوار هەزار سالە کە منالْەکان و نەوەی نەتیجەو نەدەیدەکانی وی لەولایەتی لار حکومەت دەکەن و دیسان پیویستە بەڵێن کە عەجایباتی ڕۆژگار،سەر ئالْقەیی ئاشقان خەفاکێش،پلینگی چیاکان فەرهادی بێستوون هەلْقەن کە لە سەردەمی خوسرەو پەرویز سەری هەڵداوە کوردو لە تایفەی کەلْهوڕە(9)

گ. ک. تەوەحدی دەنووسێ: (لەڕۆژگارەکانی کۆن کەپێشدادیەکان وکەیانیەکان لەسەرئیرانیان حکوومەت دەکردچونکەسنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران کەهەتاسندوپنجاب بەرفرەوان بووە لەلایان قەومەکان ودەوڵەتەکانی هاوسێ لەڕۆژهەڵات کەوتەبەرهێرش وتاڵان وبڕۆ،کوردەکان مەعمووریرتیان وەرگرتکەبەم دەست درێژیانەی نەیار دوایی پێبێنن دەجالەپاڵەوانەکانی دێرین لەوان نەریمان وسام کەبنەچەکەی ڕۆستەمی پاڵاونن لەگەڵ بنەماڵەومەڕوماڵاتی وعەشیرەی خۆیان بۆ سنوورەکانی رۆژهەلاتی ولات روانەکران... لەوجێگایەوە کەلەدایک بوونی ڕۆستەم لەشاری زابل لەهەریمی سیستان بوو بەڕۆستەمی زابلی وسیستانی ناودێربوو. پاشماوەکەی عەشایەرە وتایفەی

ڕۆستەم(کوردەکانی کۆڵاین) کەئەمڕۆدانیشتووی لەزابولستانن(10).

هەربەمجۆرەی کەلەبەشی یەکەم لەکتێبی کوردناسی مراداورنگ هاتوە: زاڵ باوکی ڕۆستەمیش کوردبوو. چونکەزاڵ لەسیفەتی گوردبێ نیازبوو. لەبەرئەمە لەشانامەسیفەتی(کورد )لەدوایی پاڵاوانان کەمانای کورد دەداتەوە بۆزاڵ هاتووە:

(بەگیتی در،ازپهلەوانانی کورد

پی زاڵ زەڕ کس نباید شمرد )

یانی لە نێو پاڵاوانی کورد(کە پاڵاوانان ئیدی سیفەتی گوردنادن) کسێک هاوپایەیی زاڵی زەرنابێ بژمێردرێت(11).

عیمادەالەدین دەوڵەتشاهی لەو تۆژینەرانیە، کهکوردستان بە ئاخیزگەی قارەمانەکانی شانامەدازانێ. ئەولەکتێبی خۆی( جوغرافیای ڕۆژئاوای ئێران یان چیاکانی نەناسراوی ئاویستا) نوسیویە: (سەردەمی سەلتەنەتی پاشاکانی پێشدادی لەمەڵبەنی کوردستان ڕویداوە ولەقەولی ڕەشیدیاسەمی ڕۆستەم لەهۆزی کوردەکان ناوبردوە. ئەو هەروا لەکتێبی خۆیدا بۆچوونی خۆی شی دەکاتەوەو کە"زابل،ئێستابەبەشێک لەسیستان دەگوترێ و ڕۆستەمیان نیسبەت بەم شوێنەزانیوە،لە حاڵێکدا دەبێ بزانرێ ناوی دەڤەری زابل بە هەڵە لە ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵات نیشان دراوە. "زابل" ناوی دوو بەشی زابەکان(کانیەکان) لە قەراخ دەریایی ورمێ یە... ڕوستەم خەڵکی ئەوێ بووە(12).

ڕەشید کەیخوسرەوی لە ژێر ناوی گڵکۆی ڕۆستەم و بنای هکمتانە لە ئاوینەی دێرینەناسی دەنووسێ: (زیارەتگای زیویە ویکەدار قاپڵانتو، دوو نیشانە لە بوونی

حەتمی کەسایەتی مێژوویی ڕۆستەمە. هەنۆکە گڵکۆی ڕۆستەم بە سەرجەم چلۆنایتی ئامازەپێکراو کە لە شانامەی فیردەوسی ناسراوەو دۆزراوەتەوە، هەڵکەوتوو لە دەڤەری زێویەی کوردستانە.

ئەم نووسەرە و بازێک تۆژینەر و نوسەرەکانی دیکەی کورد پێمان وایە کە تەواوی ڕووداو کارەساتەکانی ناو شانامە لە ڕۆژئاوای ئیران یانی لە دەڤەری کوردستان و کرمانشای هەنۆکەو لە شارەکانی گوندەکانیان قەوماون کە ناوکانی تەقریبەن وێکچووی زابل و کابل و مروسمنگان شوێنەکانی دیکەی مێژوویی دەڤەرەکانی ڕۆژهەلاتی ئێران بوونە(13). هەر وەک عیمادەدین دەوڵەتشاهی لە کتێبی خۆی(جوغرافیایی ڕۆژئاوای ئیران یان چیاکانی نەناسراوی ئاویستا)تاک تاکەی ئەوەکانیان تەقریبەن وێکچووی نووسیون.

سەرچاوەکان:
8-امیرشرفخان بدلیسی.شرفنامە.ص 19.
9-شرفخان بدلیسی. شرفنامە/صص 28و31
10-(اوغازی).ک. توحدی. حرکت تاریخی کرد بەخراسان.ج.2.ص 71.
11-مراداورنگ.کردشناسی.ص 25.
12-عمادالدین دولتشاهی.جغرافیای غرب ایران یا کوەهای ناشناختە اوستا.ص 19.
13-رەشید کیخسروی. کردستان ونیاکان باستانی کردان مقدمە.صص 10هەتا 14.

شانامەی فیردەوسی کتێبی پڕ لە ئامۆژگاری و تەژی لە نهێنیکاری چیڕۆکەکانی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێرانییە،کە هەموو میللەتی ئێمە لە ڕۆژهەڵات ترین هەتا ڕۆژئاوترین دەڤەرەکانی پیکەوە گرێدەدا و تاقانە دەکات. گەلێک لە کوردانمان بینیوە کە دەڵێن ئێمە مریدی حەزرەتی فیردەوسین سەلامی خوای لە سەردبێت.

گ.ب. ئاکوپف لە کتێبی کوردەکانی گۆران کە سیروس ایزەدی ئەوی وەرگێراوە دەنووسێ: (ڕۆژهەڵات ناس)"ای.ا.اوربلی" لە یەکێک لە شوینەوارەکانی خۆی،بە هەراوی و ڕیز وحوڕمەت لێگرتنی بابەتەکان و هەیکەلی شانامەی زانابوالقاسم فیردوسی لە ناوکوردان سەرنجی ڕاکێشراوە). واکوپف لەبەردەوام بووندا دەنووسێ: "بەڕاستی کە"سن"ی ڕۆژهەڵات ناس چاخێک کەلەڕێگاکانی ئیراق،کوردێکی

هەژاروبەلەنگازی لەمەریون بینی بوو کە بەشێکی زۆری لەشانامەی فیردەوسی لەبەردەخوێندەوە واقی وڕمابوو.

ئەم قسەی ڕۆژهەڵات ناس"سن" جێی سەرسوڕمان نییە. بەڵام لێرەشایەتی وی وەبیردێنینەوە کە دەڵێت: (باکووری کوردستان،موزەی شوێنەواری دەورانی ساسانیانە و ئەمە کە زوربەی لەقارەمانانی حەماسی ڕۆژگاری ساسانی، لەم دەڤەرەژیاون وتێکۆشانین هەبووە وگەلێک لەئەوان لەشوێنەواری کرمانشاهان،لەتاقی بوستان لەڕۆژهەڵات،هەتا ویرانەکانی قەسری شیرین لەڕۆژئاوا(وهەروا تاقی کیسرا)بەناوی ئەون پەیوەندی وپەیوەداری هەیە. هەموو ئەوانە،نەک تەنیاهۆکاری بەرفرەوانی وریزلێگرتنی حەماسەی ساسانیان لەناوکوردان،بەڵکوو ئەم خاڵەڕوون دەکاتەوە کەبۆچ پاڵەوانانی شانامەبۆکوردەکان ڕوخساری دە خەیاڵی نەبووە،بەڵکوو" قافڵەسالاران" ئەمە یان ئەوگروپ لەکوردەکانن. فەرهاد قافڵەسالاەی کەڵهوڕەکان،بارامی گوور قافڵەسالارای گۆڕانەکانە. هەرلەبەرئەمەیە کەهەرامانیەکان خۆیان بە نەوەکانی ڕۆستەمی دەستان وپیرانەکانی خۆیان لەڕەچەڵەی پیردەزانن. هەرلەبەرئەمەیە کە لکێک لەکوردەکان لەباکوور- لەلار- ڕەچەلەی خۆیان بەگورگینی پاڵاوانی شانامە دەلکێنن وەکوو ئەمانە... چیرۆکی خەیاڵی بێژن ومەنیژە  داستانی کۆنی کوردی... وچکامەشیرین وفەرهادی قوبادیانی و...(14).

هەروا ئەکوپف بە پەنجە ڕاداشتن و بەڵگە هێنانەوە بە کتێبەکانی کوردەکان یەک لە ئەوان توژینەری ناسراو ئیحسان نوری پاشا دەنوسیّ: (ڕیشەی ناوی کەڵهوڕ لە ناوی دێرینی ئیرانی- لهراسب –دەبینن و سەرنج راکێش کە ئەگەر "کی"سەرەتای پێوە بنوسێنین و"ئەسب"ی لیّ دەر باوێن،دەبێتە (کیلهر).  کە لە "کەڵهور" دوورنییە. بیّ ئەوەی بە ئیسبات بوونی کۆنی کەڵهوڕەکان کاریمان هەبێت، ئەو چیرۆکەی کە لە ناو ئەوان لەبرەوە، دێنێنەوە: فەرهاد بە هۆی شیرین، لە هەڵموت و ڕازو چەخت بە کوڵینگ کانی دورست دەکرد، کاروانسالاری کەڵهوڕەکانە و بۆخۆی لە نێو ئەوندا سەری هەڵداوە)

ئەکوپف بە بەڵگە بە کتێبی شەرفنامەی بدلیسی دیسان دەنووسی: (ئەمیرشەرفخان لە چاخی ئاخافتن سەبارەت بەڕەچڵەو هۆزەکانی کورد دەڵێت: (کەڵهوڕەکان سیّ لکن و بنەچەکە و ڕەگەزی ئەوان بە گۆدەرز و کوڕەکەی گیو دەگات. لە سەردەمی پاشاکانی کەیان، (گیو) حوکمرانی بابل(کۆفەی هەنۆکە) بوو. گیو کوڕێکی بەناوی "ڕوهام" هەبوو

كه به فەرمانی بەهمەنی کەیانی بۆ سەر میسرو ئورشەلیم لەشکرکێشی کرد)...
گۆرانەکان بە کەڵهەڕانیان پەیوەنداری هەیە، بەم پرسیارە کە گۆڕانەکان لە کەلهوڕانن یان کەڵهوڕەکان لەگۆڕاننەکانن. بەڵام ئەو هەی لە هەموان ئاشکراترە ئەمەیە کە کوردەکان ئاشکرای بەرز ترین ڕەچەڵەی ئێرانی ئارياييین(15). و دیسان لە شوێنەکی دیکە ئاکوپف دەنووسێ: (لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە لە نیوگۆرانەکان ئەم ڕیوایەتە هەیە کەئەوان نەوەکانی بارامی گور- وەرهرامی پینجەم- پاشایانی ساسانین و جگا سەرنجە کە دورست کردنی شاری کرمانشا کە شوینی ژیانی گۆرانەکانە لە بەهرام گور دەزانن(16).

توحدی(کانیمال)دەنووسێ: (فیردەوسیی تهمورسی(کی شا)ناو بردوە و ئیمەئەمڕۆ پارێزگای(کی وانلو) و (کی کانلو) نیسبەت دراو، بە(کاوەی ئاسینگەر) و(کی وانی) کی قوباد یانی کی بانوو(شهبانوو) وگەلیک لە ناوەکانی دیکە لەمجۆرە لە زوانی کرمانجی هەمانە. ناوی ژنانی کوردی خوراسان هێشتا"کی زادە" و"کی جەماڵ" و:کی جان" و"کی نگار" و هەروا لە ناو ناوەکانی پیاوانیش پێشوەندی (کی) یەکان دەبیسرێ(17).

سەرچاوەکان:

14-گ.ب. اکوپف. کردان گوران. ترجمە سیروس ایزدی.صص 77و78.

15-همان کتاب.صص 62و63.

16-توحدی(کانیماڵ).حرکت تاریخی کردبەخراسان.ج.ا.ص 2.

بەشی حەوتوم

ناودارانی کورد

(خودانانی ئایین، خودناسان،مێژوونووسان،فرەزانایان، هەستیاران، زنجیرەپاڵشاکان، سەرداران.

بەرلە گەڵاڵە دانانی بناخەی بابەتەکانی ئەم پاژە پێویستە بڵێن: کە زنجیرە پاڵشاکانی سەردەمی دێرین و پاڵشاکانی لە دوایی ئیسلام لە چ گروپەکانی خەڵک بوون کە لە سەر وی حوکمڕانیان کردوەو چ شێوە سنوورو تخووبە.

ئیران وڵاتیکە کە پان و بەرینی وی ناکرێ تەنیا بە پارچەیەکی جوغرافیایی سروشتیەکەی بێنینە بەرچاو بەڵکوو لە ماناو بنەڕەتی ئەم هەراوییەی دەبێ لە پانەگۆڕاییەکانی زوان و فەرهەنگ و مێژووی هاوبەش و لە بایەخەکانی گوزرایی و دەروونی و داب و نەریت و سوننەتەکانی هاوبەش بناسرێت.

لە پانەگۆڕایی مەزن و لە سەردەمی دێرین سێ قەومی ئێرانی لە ماوەی (1500)ساڵ بە سەر،سەرانسەری جوغرافیای سروشتی ئێران حوکمڕانیان کردەوە. بەڵام لە دوایی ئیسلام کە هەر سەردەمێک قەومێک لە بەشێکی یان عەشیرەیەک لە پاژەکی دیکەی دەستیان بە سەلتەنەت ڕادەگەیی،نیشتمان لە سەردەمێک لە ناو دیوارەکانی حوکمڕانیەکانی جۆربەجۆر لێکتر جیادەبۆوە و لە سەردەمێکی دیکە کە پاڵشاکانی بە قودڕەت دەهاتنە سەر کار دیسان یەکدری دەگرتەوە.

بە نووسینی ناوەرۆکی کتێبەکانی توژینەرانی کورد کە لەکتێبی حازر لەوان نەقل وقەول کراوە، لە سەردەمی کۆن و دێرین، دوو دەورە کوردەکان دەستیان وەپاڵشایی ڕاگەیووە کە مادەکان و ساسانیەکان بن، و لە دوو دەورەی دوایی دوو قەومی دیکەی ئێران یانی هەخامەنشینیان پارسی و ئەشکانیانی پارتی پادشایان کردوە. هەخامەنشنینیەکان تەقریبەن لە سەرتەواوی دونیان کۆن لە بەشی گەورەی ئاسیا هەتا ڕۆژهەڵاتی ئوڕوپا و باشووری ئافریقا حوکمڕانیان کردوە و مادەکان و ئەشکانیەکان و ساسانیەکانیش لە سەرڕۆژ ئاوای ئاسیا،یانی نێوە لە دونیای پێشکەوتووی کۆن، پادشایەتیان لەچەنگ دابوو کە دوو زنجیرەی دوایی نزیکەی هەزارساڵ لە ڕۆژهەڵات لە بەرامبەر ڕۆمیان کە لە ڕۆژئاوا بوون شەڕیان کردوە.

بەڵام لەدوایی ئیسلام،عارەب نزیکەی سەت ساڵ زاڵ بوون، وئێرانیان بەسەرۆکاتی ئەبوو موسلیم خوراسانی – کەلەکتێبەکانی توژەرانی کورد"ئەبوموسلیم کورد" ناودێربووە - ڕاپەڕین وبنی امییەیان ڕوخاند وخەلیفەگەری دینیان لەسالی 132ی هیجری دابەعەباسیان،وبۆخۆی لەگەڵ وەزیرانی مەزن وخاوەن ئاوەز جڵەوی هەڵگێڕوەرگێری ئیران ودونیای ئیسلامیان بەدەست گرت.

پاشان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران خونکارانی ئێرانی سەریان هەڵدا. زنجیرەی تاهیریان لە 205هەتا 259ی هیجری و زنجیرەی سەفاریان لە 257هەتا298ی هیجری وزنجیرەی سامانیان کە بە قەولی ئەبوو ڕیحان بیروونی لە نەتیجەکانی بارام چوبینە بوون و تۆژەرانی کورد ئەوی بە کورد ناو لێدەبن لە287هەتا 389ی هیجری بەڕیز لە سەرتەختی خونکاری دانێشتن. لەو بەینیدا هەتا گۆڕەپانایی سەر زەمینی سەفارەیان لە قەندهار هەتا دەجلە بوو و پاشان ئەل زیار لە 316 هەتا403 و ئال بویە لە 322هەتا443ی هیجری سەلتەنەتیان وەدەست هێنا. ئال بویە خۆیان بە نەتیجەکانی بارام گور دەزانین کە کوردەکانی ڕەچڵە گۆران خۆیان دەگەیننە ئەو پاڵشایە. حوکمڕانانی ئالی زیار بە باشوری ڕۆژهەڵات سنووردار دەبوو بەڵام ئاڵ بویە لە سەر بەشێکی گەورەی ئێران سەلتەنتەیان هەبوو، خۆیان بە شاهەنشا ڕاگەیاند و بە سەربەغداش دازاڵ بوون خەلیفەکان بە حەزو ئیشتیای خۆیان دادەناو لادەبرد یان سزایان دەکردن.

بە پەیدابوونی عەشایەری شەڕکەری تورک وەکوو غەزنەویەکان و سەلجوقیەکان، ئێرانیەکان سەڵتەنەت و پاڵشایی وڵاتیان بەوان دان کە هەر یەک لەو پادشایانی ئەو زنجیرە، خۆیان بە ئیرانی دەزانێ هەتا لە سەر ئەوداوایش دەمارگرژیان نیشان دەدا. (لە بیرمان نەچێت کە ئەم شێوەی ئیرانییەکان یانی هێنانی تورکانی موسڵمان و هاودین و ئەسپاردنی خونکاری بە ئەوان بۆ بەرگری لە وڵات کە لە شەر خیبرە بوون داوییەکان لە ئوڕوپاش لە کاتی خۆی بە شێوەیەکی دیکە دەکاردەکرا. هەر وەک کە لە سەدەی 17 ئینگلیزیەکان جرجی هەوەڵیان لە ئاڵمان و پاشان ئیسپانیەکانی فیلیپ لە شازادەکانی فرانسەوی و سوئیدیەکان ژان برنادت لە فەرماندەرانی ناپلئوین لە فرانسەراهینا،هەر کامیان بە شێوەیەک لەوڵاتی خۆیان بەپالشایی دانان).
سەردەمی ئەم پادشایانەی تورک وەزیرانی وەک حەسەن مەمیندیەکان و عەمیدالملک کندریەکان، و خواجە نیزام الملکەکان لە دەستیاندابوو مەسڵەحەتی کاروباری وڵاتیان بەڕێوەدەبرد. مێژوونوسان یەک لەوان مێژووی سەردەنی سەلجوقیەکان وەزیرەکانی ئیرانی نووسیوە هەروەک وەزارەتی خواجە نیزام الملک لە پاشاکانی ئەلب ئەڕسەلان هەتائاخروئۆخری مەلیک شا،(55)ساڵی دەوام هێنا، و تخووبی سنوورەکانی ئیران بەڕاوێژو تەکبیرو پاسایەتی زورباش بە ریوەبردنی وی لە کاشغر هەتا ئانتالیەی شام درێژ بوو.

سەرئەنجام مغولەکانی چەنگیزی و تەیمەریەکان لە سەدەی حەوتوم و هەشتەم سەریان هەڵدا. جڵەوی پاشاکانی مغولیش لە سەرەتا هەتا کۆتایی لە دەست وەزیران و کەسایەتیەکانی ئێرانی وەکوو خواجەنەسرەدین تووسی، خواجە شەمسەدین محەممەدساحیب دیوان، عەتا مەلیک جەوەینی، خواجە بەهادین، خواجە سەرەدینی زەنجانی ناسراو بە سەدری جیهان، قوتبەدین ئەحمەد، خواجە ڕەشیدەدین فەزوللە، خواجە سەعدەدین ساوجی بوو. پادشاکانی مغول هیندی پێ نەچوو کە بوون بە موسڵمان و لاینگری دین و ئایینەکانی ئیرانیان بوون. پاشاکانی تەیمووری کە لە سەرەتا موسڵمان بوون، و هەر دوو زنجیرە هەر یەک بە نۆرە لە دوایی سەردەمێکی کورت لە سەرانسەری ئاسیا ڕەواجدەری پەرەپێدەری زبان و ئەدەب و فەرهەنگ و مەعنویاتی ئێران بوون و زبانی فارسی لە بنگاڵ و مالێزی و هندی مەزن و باشووری چین وکاشغر و سەروەی سەیحون بگرە هەتا ماوەرای قەفقاز و شامات و ئاسیای گچکەو ئورۆپای ڕۆژهەلات، زبانی فەرمی خویندنەوەو نووسین بوو.

ئەو شیکردنەوە پێویستە کە هەتا سەردەمی سەفەویەکان عەشایەری تورک هێشتا لە شارەکان و گوندەکانی ئازەربایجان جێگرو دانیشتوو نەبوون و زبانی ئەوان لە ناو خەڵکی ئەو دەڤەران برەوی نەبەستبوو. هەر وەک بە نووسینی سەید ئەحمەد کیسرەوی تەبرێزی هەتا سەردەمی سەرهەڵدانی سەفەویەکان چەند شاعێری تورک لە خوراسان پەیدابوون بەڵام هیچ شاعێرێک کە تورکی بڵێت لە ئازاربایجان پەیدانەبوو،چونکە فارسی لە وێ زوانی خویندن و نووسین بوو و سەرجەم خەڵک کە مادوو ئاریایی ڕەچەلە بوون بە زوانی پەهلەوی ئازەری دەئاخافتن کە وەک زبانەکانی لوڕی وکوردی بوو.

هۆکاری گۆڕانکاری زبانی پەهلەوەی ئازەری بە تورکی ئەمە بوو کە پادشاکانی سەفەوی عەشایەری تورکی شێعە کە گەورەترین شەڕکەری لەشکرەکانی قزڵباشیان پێکدینا و لە کەلە رەقترین بەرگرودیفاع کەرانی تخووب و سنووری ئێران لە بەرامبەر تورکەنی عوسمانی بوون لە حالەتی خێلاتی و چادرنشینی بۆ شارەکان و گوندەکانی ئازەربایجان هینابوو لە هەموو شوێنێک حوکمڕانەکانیان بە ئەوان ئەسپاردن و ئەمە قاعیدەیەکی گشتی بوو کە هەر چاخ لە هەر سەر زەمینیک دەسەڵاتداری لە دەست هەر قەومێک بێ زوانی خەڵکی وێش بە زبانی حوکمڕانان و دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەرکاروباری ژیانی گشتی دەگۆڕێ، هەر وەک زبانی خەڵکی میسر و زبانی خەڵکی شامات لە ماەی تەنیا یەک دەیە لەقبتی و لەسرینانی بەعربی و زوانی خەڵکانی

ئاسیای گچکە بە تورکی و زبانی خەڵکی هند لە ماوەی چەند دەیە لە فارسی بە ئینگلیزی گۆڕا. هەر بەمجۆرەش زبانی ئازەربایجانی لە ماوەی چەند سەدە لە نیوەڕاستی سەفویە هەتا سەردەمی قاجارەکانی تورک کە تەورێز وەلێعەهەت نشین بوو لە زبانی پەهلەوی کە وەک لوڕی و کوردی بوو بە زبانی تورکی گۆڕا لە حالێکدا کە زبانی فەرهەنگ و ئەدەب و پەروەردو فیرکردن و زبانی خویندن و نووسین هەروا وەکوو هەمێشە لە بەستێنی زبانی فارسی دری باقی ماوە.(بۆ وەرگرتنی ئاگاداری پترو کامڵتر لەم باروەە کتێبی(مێژوو ڕەچەڵەو زبانی خەڵکی ئازەربایخان) نووسنی خاوەنی ئەو دێرانەموتالاّ بفەرمون.)

خولاسە هەر بەمجۆرەی کە ئامازەی پێکرا پادشاکانی دوای ئیسلام،بریتی لە: تاهیریان، سەفاریان، سامانیان، ئال بویەی ئێرانی بوون و پادشاکانی تورکیش بۆ ئەم خاکە هاتن لە غەزنەویەکان و سەلجوقیەکان. هەتا لە دوایی ئەوان پادشاکانی مغول و تەیمووریش وەکووعارەب جڵەوی حوکمڕانیەکانیان هەروەک جلەوی کاروباری وڵات لە دەستی وەزیران وگەورەپیاوانی ئێرانی بوو. هەرکام لە سەردەمی خۆیان بەنۆبە پێناسی ئێرانیان وەدەست هێنا،لە بەرگری و دیفاع لە سنوورەکانی ئێران و پارێزگاردی لە زوان و فەرهەنگ و ئەدەب ومەعنویاتی فارسی، لە گەڵ پاڵشاکانی ئێرانی تەوفیریان نەبوو. هەر وەک ئەوان بوون، ئەفشاریان و قاجاریان کەئێرانیان بە دەمارگزژیەوە دەیان حوباند. سەفەویەکانی ڕەچڵەکوردو کەریم خانی لۆڕو زەندیەش لەو بەینی دا کە ئێرانی ڕەچەڵە بوون جێگای خۆیان هەیە لە بەر ئەمە سەرجەم پاشاکانی هەر زنجیرەی وڵات لە پێناسی ئیرانی بەحیساب دێن و بە تایبەت کە لە فەرهەنگی ئیسلامدا قەوم ملێیەت لە ژێر ڕوناکایی دینە و(کل مسلمون زخوە) سنوورناناسیَ،ئیدی بۆ سەرنج ڕاکێشان نابێت کە لە سەردەمی دوایی ئیسلامیش بمانەویَ ئارمانمان هەبیَ کە وەکوو سەردەمی 1500ساڵی دیرین هەر دەورەو بیَ شک وگومان قەومێک لە قەومەکانی ئێرانی دەبوایە بەنۆرە دەستیان وەپاشایی راگەیشتبوایە ،ئەوکات پاشاکانی وەکوو سوڵتان مەحموود غەزنەوی تالانکەرو خوێنڕێژ و عەیاش و سەلجوقیانی بی سیوادو نائینسان کە لیاقەتی ئەمەیان نییە جێگەی شانازی بن. ئەمانە لە بەرامبەر فیردەوسی،ئەبووعەلی سینا، ئەبووڕیحانی بیروونی و زکریای ڕازی وسەنایی و نیزامی و عەتار و مەولەوی و سەعدی و حافز- کە کەڕامەت ئێران و دونیان ئیسلامن- ڕیزیان نیە. بەم هۆیەیە کە ئەو خەڵکە کە ئەم زاناو خواناس و شاعیرو هەستیارو خاوەنانی زانیاری ئەدەب و ڕۆشنبیری وفەرهنگ دەناسن

وبەئەوان شانازی دەکەن بەڵام نازانن هاو چاخ لە گەڵ هەر یەک لەو مرۆڤە زایانانە و خاوەنی دانیش و زانیاری چ پادشایانێک بوونە یان نەبوونە.

نووسەری ئەم دێرانە هەر چەند لە هەر بەشێکدا تێکۆشاوە،زوربەی نووسینی کتێبەکانی کوردان یان سەبارەت بە کوردەکان مەبەستی بەڵگە و ئیعتوباربۆ هەرباسێک دابنێت، بەڵام چونکە بۆ ئەم بەشە کەسایەتیەکانی مەزن و دەنگینی دیکە لە کوردەکان دۆزراوەتنەوە وەکوو نیزامی گەنجەوی،شێخ سەفیەدین ئەردەبیلی، و شاسمایل و پاشاکانی سەفەوی و میرزافەتعلی خان سەبادنبلی ملک الّشعرای دەرباری قاجار و ئەبوالقاسم لاهوتی،دەجا وەبیرهێنانەوەیەک بۆ ئەوان لەو کۆکراوەیە زێدەکراوە. لێرە لێروانینەکی کۆتایی سەدەی هەشتەم بەر لە زایین یان سەرەتای سەدەی حەوتوم(ق.م.)لە ئەمر بەڕیوەبردنی ئەوان، جواب جەنگیان کردو بۆ خۆیان سەربەخۆیەکیان پیکهێنا و ئەوان بوون کە بنەمای بەڕیوەبردی مەملەکەت داری نەتەوەکانی یەکگرتوو فەنی تازەی شەڕیان سازکرد.

گەلێک لەڕۆژهەلات ناسانی ئوروپا مەسەلەن لەوان"سایس "Sayce لەسەرئەوبۆچوونەن کەقەومی ماعەشایەری کورد بوونە وهەروا مێژوو نووسانی ئێرانی وەکوو مشیردەلە ئاقیدەیان ئاوایە کەڕیشەی قەومی کوردی ئەمڕۆکە مادەکانن. هەرواکەریشەی پارسیانی قەومی پارسوای دێرین لەگەڵ مادەکانە.

قەومی مادپێکهاتبوو لەچەندین تیرەوهۆز کە"دیاگو" یەکەمین فیرماڕوای ماد،ئەوانی یەکگرتووکرد ودەوڵەتی مادی هینایەسەرکار. ئەمەیەکەمین دەوڵەتی(پادشای(ئاریاییە کەلەساڵی 708ی بەرلەزایین بناخەی دانرا وماوەی 150ساڵ دەوامی کرد.

مردۆخ لە بەردەوامبوون دەنووسێ: ( لە دوایی کۆتایی پێهاتنی سەلتەنەتی مادو هاتنە سەرکاری هەخامەنشینانی پارسی،سەر زەمینی مادەکان بە تایبەت دەڤەرەکانی زاگروس، دووهەمین پایزگای این ولاتەبوو ولە دەرباری نوێ، گەورەپیاوانی بە ناوبانگ و مەنشوری ماد هەروا هەبووی بایەخ و ئیعتوبار تایبەت لە پلەو پاییەی خۆیان بوون و شغلی گرنگیان بە سوکر وەبوو. لە بەردنووسەکانی تەختی جەمشید و هەروا لە ناوەرۆکی مێژووییەکان،ناوی ئەو دوو هۆزەی ئێرانی لە ڕێزی یەکەی هاتوون و لە راستیدا بە هۆزیک بە حیساب هاتووون و ئەژمێردراون(3).

زنجیرەپاشاکانی کوردی ساسانی:
لێرە بە هۆی گرنگی مێژووی پاڵشاکان و حوکمڕانانی کورد بە تایبەت ساسانیەکان کە لە خوارەوە دێ،دوو ڕاپورتی مێژوویی هەر بەو شێوەیە کە نووسراوە لە دوو توژینەری مەزن و مەنشوری کورد یانی شێخ محەممەد مردۆخ و ڕەشیدیاسەمی راستەو خۆ دەگێرینەوە. دوو مێژوونووس و توژێنەر کە مێژوو نووسانی ئێرانی و دەرەکی کتێبەکانی ئەوانیان جگە لە پەسەند کردن ڕیزوئیحترامێک زۆر بۆ دادەنێن.

رەشیدیاسەمی دەنووسێ: (ساسانیەکان بە زوربەی بۆ چوون کورد ڕەچڵەبوونە. بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە پێشەکیەک لە خوارەوە دەگێڕینەوە.
لە فارسی کە لانگی ساسانیە لە سەردەمی کۆن و دێرین هۆزەکانی جۆراجۆری ئاریایی کە کوردەکانیش یەکێک لەوان بوونە شوێنی دانیشتنیان بووە لێی سەقامگیربوونە.
استرابون،جوغرافیا نووسی مەنشور لە پاژی سیهەم لە کتیبی 15ی خۆی کە تایبەت بە شێوە ژیانی پارێزگای پارسە لە قەولی"ئەرتاسنEratosthene" تاریف کردنی لەم پاریازگایە بەم جورەهێناوەتەوە: دەکرێ بە لێگێڕانەوە نووسەرەکان سەبارەت بەکوردەکان:

مراداورەنگ لەکتێبی کوردناسی خۆی دەنووسێ: ( ڕەچەڵەی کورد بەخۆی شانازی دەکات کەزەرِدەشت ڕاسپاردەی دێرینی ئێران(پێغەمبەری کۆنی ئیران) لەنێوئەواندا سەری هەڵداوە وگۆرانیەکانی بەزوانی ئەوانن.
ئەورەنگ هەر وادەنووسی: ( فرەزانایای مەزن مردۆخ کوردستانی لە جلد یەکەمی مێژووی مردۆخ،زەرِدەشتی لە ڕەچەڵەو تۆرەمەی کورد دەزانێ و ئەوی بە ناوی زەرِدەشتی کورد یان زەرِدەشتی مادی ناودەبات.

ئەورەنگ دیسان دەنووسێ: ( دەماوەری سەردەمی ئێمە(محەمەد قانع) لە دێوانی کوردی خۆی لە زەرِدەشت بە گەورەیی و ڕێزەو ناوی لێدێنێ. کتێبی وی بە زوانی (کوردی هەورامی) دەزانێ زانایانی دیکەی کوردیش سەبارەت بەمە لەگەڵ ئەو لێکۆڵەرانە هاو بۆچوون و هاوەدەنگن. یانی زەرِدەشتی لە بنەماڵەی کورد دەزانن و گۆرانیەکانی بە زوانی کوردی کرمانجی یان هەورامی دادەنێن. چونکە زەرِدەشت لە مادەکانی ئازەربایجان بووە و کوردەکان هەر ئەو ماد، یان لقێکی مەزن لە وبین. لە بەر ئەمە کوردەکان لە گەڵ زەرِدەشت هاوپەیوەندیان هەیە. یانی لەگەڵ وی هاوخوین

و هاو ڕەچەلەو هاو تۆرەمەن، و گۆرانیەکانیشی کە ڕەنگ و بۆنی کوردیان هەیە، شایەدی لە سەرئەم ئاخافتنانە دەدات(1).

ئیحسان نووری پاشا لەژێرناوی" زەردەشت کوڕی کورد- پەیوەندی ونزیکایەتی زوانی ئاویستا بەمادەکان(کوردەکان) بەبەڵگەی یسنا 46. فەقەرەی یەکەم و دووەم دەنووسێ: (بەواسانەی کەهاتوون وکراوان حیکایەت لەکۆچکردنی ئاشوزەردەشت لەماد(ئازەربایجان) بەڕۆژهەڵاتی ئێرانە وبەقەولی بارتلمە زەردەشت لەوڕیگایانەی کەبۆ ڕۆژهەڵات ڕۆیوە خۆی بەبەارەگای پاڵشای بەشی ڕۆژهەلاتی ئێران(گشتاشب) گەیاندوە، وئەمە لەدرگاتەکان وپشت تەکەکان هاتوو)
ئاغای پۆرداود لە کتێبی( ئەدبیاتی مزدیسنا،یشت ها)دەنووسی: (ئێستاکە چۆڵەپێچیەک نەماوە کە زبانی ئاویستا پەیوەندی بە ڕۆژئاوای ئێران هەیە، نەک بە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوای ئێران. زەردەشت ئەم پێغەمبەرەی ئاریا لەنێو کورانی کورد سەری هەڵداوە(2).

زنجیرە پاشاکانی ماد(کورد)

بەتۆژێنەوەی لێکۆڵەر بابامردۆخی ڕووحانی(شیوا): بە وتەی هردوت وزۆرینەی تووێژکارەکان، قەومی ماد خەڵکانی ئاریا ڕەچەڵە بوون و دانیشتووی گوڕەپانی ئازەربایجان و دەوروپشتی هەمەدان، کە پێش لە هەزارەی ئەوەڵی بەر لە زایین، لە ڕیگای قەفقاز بۆ ئێران هاتبوون.
مادەکان چەندین سەدە تووشی تاڵان و بروی ئاشۆریان بوون. بەڵام لە(هۆزی دەجۆراوجۆری کەدانیشتوی پارسن بریتی لە: پاتیشخوارەکان،هەخامەنیشنەکان،مەحبوسەکان،(یان ئاخوندەکانی مادی کە قەومێکی ئیکجار دەمارگرژ و پارێزەری بنەمای ئیخلاقین) وەک هۆزەکانی کورتیەکان ومەردەکان و(کوردەکان)

سەرچاوەکان:
3- بابامردۆخ روحانی(شیوا): تاریخ مشاهیرکرد. امرا وخاندان ها،صص 1و2.
1-مراداورنگ.کردشناسی.صص 75و76.
2-احسان نوری پاشا. ڕیشەهای نژادی کرد. ص 83.

یەکێک لە ڕۆژهەڵات ناسانی مەنشوری ئاڵمانی بە ناوی" مارکوارت" لەبزی "کورد"ی کورتی ناسیوەو گوتویەتی: کوردو مەرد یەکیەکن،لە شانامە داهاتووە: ئەردەشیربابەکان لە سەرەتای ڕاپەڕین،بۆ بە ئالیکاری ڕاکێشانی عەشایەر پارس لێیگێڕانەوە بەڵام کوردەکان بانگەوازی ئەویان قبووڵ نەکرد و ئەردەشێر ناچاربوو شەڕیان لەگەڵ بکات.

(سپاهی زاستخر بی مر،ببرد
بەشدساختە تاکند جنگ کرد(کورد)
چوشاه اردشیر اندرآمد بەتنگ
پذیرەشدش (کرد)بی مر،بەجنگ
یکی کار بد خوارو دشوار گشت
ابا(کرد) کشور همە یار گشت
یکی لشکرکردە بد پارسی
فزون ت ز(کردان) یکی دو بسی
یکی ڕۆز تاشب،برآویختند
سپاه جهاندار بگریختند)
ئەردەشیربابەکان لەدوایی هەڵاتن نیوەشەو گەڕاوە وشبخوونی لەکوردان دا.
(چوشب نیم بگذشت وتاریک شد
جهاندار با(کرد) نزدیک شد
همەدشت ازایشان پرازخفتەدید
یکایک دل شیر آشفتە دید
چوآمدسپهبد بەبالین (کرد)
عنان بارە تیزتک راسپرد
همەبوم هاشان بەتاراج داد
سپەراهمەبدرەوتاج داد)
لەم ڕاپۆرتە ئەمە هەڵدەکرێ کەکوردەکان لەپارس زۆربوونە بەڕادەیەک کەلەبەرامبەرپاڵشاتازەسەرهەڵداوبەهێزی وەک ئەردەشیربابکان بەگژیداچوونەتەوە،وحازرنەبوونە فەرمانی وی بەڕیوەبەرن وسەرپێچیان کردوە(4). (شەڕی بابەک وشەڕی ئەردەشیربابەکان لەگەڵ کوردەکانی پارس،بەشێک لەوشەڕانەیە کەئەردەشیر لەگەڵ ئەمیرانی ناوچەیی پارس،ایسفهان،خوزستان،هەبووە

وئەم رووداوە شایەدی لەسەرئەدەدا کەکوردەکان لەناوەندی پارس،ژێرشوێن تێکەری پادشاکان ناوچەپارس،خۆیان وەکووجێگری هەخامەنشنی پارێزەری داب ونەریتەکانی پارسی وبەشێک لەدورستکردنی قەومی سەر زەمینی پارس دەزانی - ئەم بابەتە لەمحەممەد باقرنەجەفی لەپێشەکی کتێبی کوردەکانی گۆران گێڕذڕاوە).

یەکێک لە هۆخەکانی کورد دانیشتووی پارس تیرەی شەوانکارەن و زۆرینەی مێژوونووسان ئەم نیسبەتەی پەسەند کردوە. در فارسنامە ئیبنی بەلخی لەپاژی بەسەرهاتی شەوانکارەو کوردهاتووە: (باسی کوردەکانی پارس لە ڕۆژگاری دێرین(کۆن): کوردەکانی پارس پێنج گروپ بوونە هەر گروپێک سەت هەزار بەم شیوەیە: رەم جیلویە،ڕەم ذیوان،ڕەوالجان،ڕەم کاریان،ڕەم البازنجان"... و ئەوەندەشەوکوت لەشکرپارس هەیبوو هی کوردان بوو کە زۆربوون لەگەڵ مێگەلەهەسپ وچەک وگاوگۆل.)

لە مەجمع الانسابی شوانکارەداهاتووە: (هۆزی شوانکارە لەنەتیجەکانی ئەردەشیرن وناوی شوانکارەیی بەسەرەواندابردوجەیە.
بە پیی ئەم بەڵگەیە مەعلووم بوو کە کوردەکان لە سەردەمی کۆن شان بە بەشانی هەخامەنشینان لە فارس بوونە و شوانکارە کە یەکێک لە گروپی کوردە پەیوەندیان بە ساسانیان وەبووە.لە بەرئەمە ڕاپۆرتی فارسنامەی ئیبنی بەلخی یەکێک لە عەشایەرەکانی شوانکارە گروپی" ئەلبازنجان" بووە کە هەر ئەو بازرنگییە، و مەسعودی لەکتێبی"مروج الّذهب" لەوجێیە کە هۆزەکانی کورد سەرژمێری دەکات(سەدەی چوارەمی هیجری)ناوی ماذنجانی هیناوە و دیسان مەسعودی لە کتێبی دیکەی خۆی (تنبیەوالاشراف)(چاپی ئوڕوپا لاپەڕەی 88)یش کاتی سەرژمێری عەشایەری دیکەی کورد یەکەمین عەشیرەی بازنجانی ناو دەبرد و لە کۆتایی قسەدەڵیت: ( بەشێک لەوان کە هاتووە عەشایەری دیکەی کوردیش لەفارس وکرمان و... دانیشتوون).

رەشیدیاسەمی لە بەردەوام بووندا دەنووسێ: (سەرهەڵدانی ئەردەشیربابەکان لە سەردەمێکدا بوو کە شاری"ئەستخر"ی یەکێک لە سەرۆکانی هۆزی بازرنگیان(کوردان) بە ناوی "جزهر"=گوچهر،لەدەست دابوو(طبری.چ قاهرە- ج 2. ص 56) هەروادیسان بەنووسینی تەبەری(لاپەڕەی 815) لە گوپاتان(مەلەبەندی دارابگرد) و لە دەڤەرەی دیکە زنجیرەلانی گچکە لە خونکارانی ناوچەیی بوونیان هەبوو.

ساسان کەمرۆڤێک لە بنەماڵەی ماقولانی(ڕووحانی مادی کورد) یان ئایەتوولڵەکانی دێری ناهید(ئاناهیتا) لەشاری ئەستخر بوو، ژنی لەبنەماڵەی کوردی بازرنگی بەناوی(رام بەهەشت)
هێنا،(تەبەری) دەلیت: لەوی ۆاریک باوکی ئەردەشیر بوو.پاپک بنەچەکەی خۆی لەهۆزی بازرنگیان(کوردان)ی کەلک لێوەرگرت وهەل ومەرج وبارودۆخ وهەڵکەوتی خۆی بەرفرەوان کرد لە پارس بەهێز بوو ئەردەشیری کوڕی خۆی لە"دارابگرد" بەپلەو پایەی بەرزی نیزامی "ئەرگبدی" گەیاند(کریستن سن. ص 51).

ئەردەشیرپاپکان لە ساڵی 212 بەرلە زایین چەند کەس لە خونکارەگچەکانی پارسی تیکشکاند و خۆی بە خاوەنی پلەو پایەی ئەوان کرد. لەو سەردەمی باوکی ئەردەشیری(پاپک)دژی جزهر یان"گوچهرشا"ی بازرنگی(خونکاری هۆزەکی دیکە لەکوردەکان) کە ئیل و ئەقرەباوخزمی وی بوون ڕاپەڕی و بنکەی نیزامی وی کە لە دژی سپی بوو دەست بەسەرداگرت و"گوچهر'ی کوشت و لە سەرتەختی پاشایەتی وی دانیشت.

ئەستخری دەنووسێ: (بیزا دارابگرد وناوچەی دەوروبەری وی لە دەست هۆزەکانی کورد دابووه). پاشان باپیری ئەردەشێر یانی ساسان لە هۆزی لاوان- شوانکارەی مادی (کورد) بوو ودایکی پاپک کیژی یەکێک لەسەرۆکانی هۆزی کوردی بازرنگی یە، و شوێنی گەشەوهەڵدانی ئەوبنەماڵە مەڵبەندی کوردنشینی فارسە. لە بەر ئەمە دەتوانین ئەردەشێر بەسەر زنجیرەی ساسانیانی کورد دابنێین.

بەڵگەی ئەم وتە قاقەزێکە کە ئەردوانی پینجەمی ئەشکانی دواپین پاڵشای ئەو زنجیرە بۆ ئەردەشیری نووسی وبەنووسینی: (کریستن سن ص 83) زۆری سوکایەتی وبێ حورمەتی پێکرد. یەک لەوسوکایەتی ئەمە بوو کەلەونامە دا لەبەرەوڕووی هەمووان خویندراوەتەوە، مەتڵەبەکان (طبری ج. 2.ص 75 وکامل ابن اثیر.ج ا. ص 133) ئەوهانووسراوە:

(انک قدعدوت واجتلبت حتفک ایهاالکردی المربی فی خیام الاکراد من اذن لک فی التاج الذی لبسته - یانی: ئەتۆ قاچت لە بەڕەی خۆت زێدەترڕاکێشاو مەرگت بۆ لای

خۆت بانگ هیشتن کردوە، ئەی کوردی ، لە هوارەری کوردان پەروەدەبوو کێ ئیجازەی پێداوی کە تاج پاشایەتی لەسەرت دابنێی).

ئەو پەیوەند پێدراوی کوردی بەئەردەشێری ساسانی،بارام چووبینەش چاخی شۆڕش، بە خوسرەو پەرویزی ساسانی کە بۆ هۆزەکانی کوردی پەنا بردبوو، دا. کاتێک لەگەڵ خوسرەوپەرویز ڕوو بەڕوو بوو بەنووسینی: (طبری. ج 2. ص 138. قاهیرە) بەوی گوت: "یابن الکردی فی خیام الاکراد"(لەحاڵێکدا کەخودی بارامی چووبینەش وەکوومێژوونووسانی مەنشوری کوردئەمیر شەرفخان بدلیسی نووسیویانە کوردو کورد رەچەڵە بووە).

پاڵشاکانی ساسانی بۆ بیرهات و بیرەوەری باوو باپیرانی خویان یەکێک لە شارەکانی تەیسەفوونی کوردئاوە، ناولێناوە.

هەمزەئیسفەهانی دەنووسێ: ( لە"سیرالفرس" هاتووە کە ئەردەشیر کاتیک خۆی گەیاندە سەرزەمینی مداین،ئەوی پەسندکرد و بۆ ئاوادان کردەوەی وی حەولیدا. پاشان حەوت شارەکانی تەیسەفوونی ناو دەبرد کە ئاخیرەکەیان (کوردئاوا) بوو.

لسترنج دەنووسێ: ( لەپانەگۆڕایی سنووری مووسل لەسەرەمی ساسانیان شارێک لەبناکانی ئەردشێر بوو بەناوی" بوذاردشێر" کە ئەوپاشای ساسانی،ئەوی بۆنیشتەجێکردنی کوردەکان دورست کردبوو.
لە مێژووی بێهەقی(پاپی بهمنیارص 28)لە ژێرناوی" دەربڕینی زێدەبوونی پەیوەندیداری بە هەرشارێك" دەستەواژەی بابەتی خوارەوە هاتووە کە دەسەلمێنێ نیشتمانی حەسڵی کوردەکان فارس بووە کە ئەمەیە: (لە هەر دەڤەرێک و پارێزگایەک شتێک بووە بەو ناوچەیە و پارێزگایە پەیوەندیدار دەڵێن: (زانایانی یۆنان، کاغەزیەکانی سەمەرقەند،مەزبووت و چالاک و تەلەکەبازی توس، نەقاشەکانی چین، جادوگەرانی هند، دستنەڕۆیشتۆو وبێ دەسەڵاتی کرمان، کوردەکانی فارس ووو...الێ ئاخر" لە مێژووی سیستان(ص 220هەتا228)ش لە زورایەتی و زۆرینەی کوردەکان لە فارس، کاتی یەعقوب لەیسی سەفار، بۆ ئەو دەڤەر قسە گوتراوە کە بۆ ئاریکاری ئەو پاڵشا ڕابوونە و پارێزگاری خەلیفەی بەغدایان گرتووە بۆ لای یەعقوبیان هێناوە(5).

بابامردۆخ ڕووحانی(شیوا): ئەمەی لە کتێبی خۆی "مێژووی مەنشورانی کورد...)سەبارەت بە ئەردەشێر بابەکان و زنجیرەی ساسانیان کە ئەوانی بە کورد ناوبردوە لە گەڵ ڕاپۆرتی ڕەشید یاسەمی وەک یەکن. مەسەلەن دەنووسێ: (لە مەملەکەتی فارس لە سەردەمی کۆن(مادەکان- هەخامەنشییەکان)هۆزو تیرەی دەجۆراوجۆر دەژیان کە ساسانیەکان لە دواییەکان لە وێ سەریان هەڵداوە. بریتی لە: پاتیشخوارەکان،هەخامەنشیەکان،کورتیەکان و مردەکان، مەحبوسەکان کە مەبەست لە کورتیەکان و مەردەکان و مەحبەسەکان(مەلاکانی مادی) کورد بووە. ئیبنی بەلخی لە کتێبی فارسنامە سەبارەت بە هۆزەکانی کورد دانیشتووی پارس یانی شەوانکارەکان نووسیوە: (کوردەکانی پارس پێنج گروپ بوون و هەریەک گروپ سەت هەزار... ئەو هێندە بە هیزبوون کە فەڕو شکۆ کە لە شکرفارس بوونیان بەکوردان بەسترابۆوە کە ئیکجاریش زۆر بوون بە هەسپ و چەک و چۆڵ پەزو گاووگۆل. یەک لەوتیرانەی کورد شوانکارەیە لە نزیکەی سالی 421ی زایین حکوومەتی ساسانیانی پێکهینا کەهەتا 756ی زایینی دەوامیان کرد.

لەبەرئەمە ئەوەی لەفارسنامەی ئەبنی بەلخی هاتووە یەکێک لەعەشایەری شوانکارە بەناوی(بازرنگی) ناسراوە وساسانیەکان باپیری ئەردەشیربابەکان- کەلە"ئەستخری فارس ژیانی دەکرد وخۆی لەمەلاکانی مادی کورد و(موبدمعبد اناهیتابوو- ژنێک کەلەبنەماڵەی بازرنگی بەناوی(رام بەهەشت)ی هێنا کەلەوی بابەک(باوکی ئەردەشیر) بوو. لەبەرئەمە پێشەکیە،چونکەباپیری ئەردەشیر یانی ساسان لەمجوسەکان یان مەلاکانی مادی کورد بوو ودایکی بابەک لەتایفەی کوردی بازرنگی یە.بەم یوەیە دەتوانین ئەردەشیری بەکوردناوبەرین. لەبەرئەمە لەدوایی مادەکان،ساسانیەکانی دووەمین حکوومەتی بەهێزی کوردی ئێران بوون(6).

سیروس ئەیزەدی لە وتاردانی سەیدمحەمەد باقر نەجەفی لە ئینستیتۆی ئیران و عەڕەب لە لەندەن(1993) لە پێشەکی وەرگێڕانی خۆی کتێبی کوردەکانی گۆران نەقڵ و قەولی کردوە دەنووسێ: ( ...لە کارنامەی ئەردەشیر بابەکان کە ناوەروکی دێرینە لە" شای کوردانی مادی)ناوبردوە. بو سوپای کوردانی شای مادی بە شێوەی(سوپای مادیەکان) یانی سۆپای مادان ئاشکرای کردەوەو پەردەی لە سەرلابردوە.

بە ڕوانین لەمە کە کارنامەی ئەرتخشر پاپکان پەیوەندی بە شێکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕووخانی پاتیەکان و بۆ سەرکارهاتنی ساسانیەکانە، ناوی مادەکان ناساندنی هۆزیەک لە قەومی ئێرانییە. پەردەلابردراوەکان بە دوای یەکدا لە کوردی مادی،مادی کورد،بەبێ چ شک و گومان نیشان دەدا کە ناوی کورد وەکوو نیسبەت دان بە دەڤەر،سیفەتی مادی ناساندنی قەومیەتی خەڵکانیکە کە لە لەهجەی یۆنانی لە برەو لە سەردمی پارتیەکان (ئەشکانیەکان) پەیوەندیداری بە "کوردوئن" یان" کردۆ" بوون.

دووەمین بەڵگە لە لێروانینی گشتی لە ڕووداوەکانی پەیوەندار بە کێشە و ناکۆکی ئەردەشیربابەکان لە گەڵ کوردان پەیدامان کرد(بنواڕە ڕاپۆرتی شانامە سەبارەت بە شەڕی ئەردەشیر لەگەڵ کوردانی فارس لە یەکەمین نەقل و قەول لەم بەشەدا، هەروەک لەلاپەڕی 126لە بن گێرانەوەی شانامە)شەڕی بابەک و شەڕی ئەردەشیر لە گەڵ کوردەکانی پارس، بەشێک لەو شەڕانەیە کە ئەردەشیر لە گەڵ ئەمیرانی ناوچەی پارس،ئیسفەهان،خوزستان، کرمان و میشان هەیبوو، ئەم ڕووداوە ئاشکراکەری ئەوەیە کە کوردەکان لە ناوەندی پارس لە ژێرشوێن تێکەری پاشاکانی ناوچەیی پارس، خۆیان وەکوو جێگری هەخامەنشی بەرپرسی پاراستنی ڕیوو رەسمی سونەت و نەریتەکانی پارس و بەشێک لە بناخەداڕێژەری قەومی گوڕەپانی وڵاتی پارس دەزانێ.

سێهەمین بەڵگە قاقەزی ئەردوانی پینجەمی ئەشکانی بۆ ئەردەشیرە. (تەبەری لە سەر بناخەی سەرچاوەکانی مێژوویی سەردەمی ساسانییەکان دەنووسێ: ( ناردراوەی "اردوان" هات و نامەی هێنا. ئەردشێر چەند کەسێکی هینا کە نامەکەیان خوێندەوە،وناوەرۆکی وی ئەوها بوو: (ئەی بەخێوکراو لە چادری کوردان لە ڕادەی خۆت لاقت ڕاکێشاوە... هەتائاخر.

بەڵگەیەکی دیکەش هەیە کە نیشان دەدات هۆزی شووانکارە لە پارس لەکوردەکانی فارسن. وهۆزی کوردانی شوانکارە لە درێژایی مێژووی خۆی شانازی بەمە دەکەن کە لەئەولادی ئەردەشیر بابەکانن. محەمەد شوانکارەیی لە مجمع الانساب کەلە 733نووسیویە: (بنەچەکەی پاشاکانی شوانکارە، لە لای زۆرینەی مێژوونووسان وخاوەن عیلمی توژینەوە سەلمیندراوە... کە ئەوان لە نەتیجەکانی ئەردشیربابکی ساسانین و گەلیک کتێب لە سەر ئەوی نووسراوە ئاماژەی پیکراوە...).

چونکە هرودوت" موغەکان-مەلاکانی زەردەشتی- یان گوییەکانی لە ڕیزی هۆزەکانی شەشگانەی ماد ناو بردوە، پەیوەند بوون و نیسبەت دانی کورد بە ئەردەشیر، ڕابردووی پێشەبڕەلێگرتنەوە لە هەمان مادی بوونی ئەوە.

بە سەرنجدان بە بەڵگەو دەلیل و دیکۆمینت،ڕووتێکردنی "اردوان" بە ئەردەشیر بە ناوی"ئەی کورد"بۆ پارسەکان و مادەکان کە لە تەواوی ڕووداوەکان بە دەسەڵات گەیشتنی ئەردەشێر و یەکیەتی سەر لە نویی هۆزەکانی ئێرانی بە دژی ڕۆمیەتیچی پارتی،لایانگرانی ئەردەشیر بوون، نیاندەتوانی مانای جگە لە قەومییەتی مادی پێکەو لکاو هاوپێچی پارسی لە بیرو زەین یاندا مانای لێدەنەوە.

"ئەی کورد" ڕووی لە کەسێکە، کە ئابڕوو کەڕامەتی هەخامەنشیان زیندو کردەوە. ڕووی لە کەسینیەکە، کە بە هۆی پەیوەندی و تێکەڵی و نزیکایەتی وی بە هۆزی مادەکانی"موبد" توانی ئێرانیەکان لە ژێرکۆت و دیلەی ڕۆمیان،حکوومەتەکانی ناوچەیی، یۆنانیەکان و هلنیسمی فەرهەنگی نەجات بدات و ڕزگار کات(7). بەم بۆنەوە "ادوارد پولاک" تۆژینەر و ڕۆژهەڵاناسی ئاڵمانی لە کتێبی سەفەرنامەی خۆی دەنووسێ: ( کوردەکان کە بە لەهجەیەک لە زوانەکانی(ناوچەیی) ئێرانی پێکەوە قسە دەکەن،شانازی بەمە دەکەن کە ڕەچەڵەیان دەگاتەوە ساسانیەکان(8).

شەڕفخان بدلیسی لە سەدەی نۆهەمی هیجری لە کتێبی خۆی بەرام چووبینای بەکورد زانێوە: ( سوپاسالاری مەنشوری سەردەم، بارام چووبینا،لە ناو کوردان سەری هەڵداوەو بنەچەکە کوردە. ئەو لە تورکستان و خوراسانی مەزن پەروەردەو بەخێو کرا و ڕیشەو ڕەچەڵەی بە پاڵشاکان و بنەماڵەکانی کرت(کورد)- ئال کرت- و پاشاکانی غور دەگات(9).


سەرچاوەکان:

5-همان کتاب. صص 169هەتا 173و 198و 199.

6-بابامردۆخ کرد. تاریخ مشاهیر کرد. امراوخاندان ها.صص 7و 8.

خوونکاران و حوکمڕانانی کورد لەدوایی ئیسلام.

بابامردۆخ کوردستانی سەبارەت بە پاشاکان و حوکمڕانانی کورد لە دوایی ئیسلام لە ئیران دەنووسێ: ( دەوڵەت سەردار)یان(پاڵشا) ی کورد لە پاش مادەکان و ساسانیەکان سێهەمین حکومەتی کوردانە. (سەدەفی) لە" تاریخ الدول لەص 57 دەولەت(قۆڵەمێر) یان مسافیرەکی دیلەمەی ناودەبرد. لەلایەکی دیکە دایرةالمعارفی ئیسلامی ئەم زنجیرەیە بە کورد دادەنێت. جگە لە وەی لە مێژووی عالەم ئارای عەباسیش ئەوها هاتووە: کە" ئێرانیەکانی قەدیم لەبزی دیلمان بۆ کوردەکانی تەبرەستان دەکارکردوە" لە بەرئەمە دەیلمانیش دەبێ یەکێک لە لکەکانی کوردبن.

لە بنەماڵەکانی کۆنی کوردەکانی دیلەم،بنەماڵەی"ئال جستان"ە کەناوەندی حکوومەتی وان(ڕودواری مجیل وشارۆچکەی دیلمانی هەنۆکە بووە و لە ئاخرئۆخری سەدەی دووەم هەتاسەرەتای سەدەی چوارەم یانی نزیکەی سەت ساڵیان حکوومەت کردوە.

(ئال جستام)لەعلەویانی تەبەرستان داکۆکیان دەکرد و هەرکات کە ئەوان لە(گورگان) و(تەبەرستان) ڕاودەنران بۆ سەرزەمینی ئال جستان پەنایان دەبرد. پاشاکانی جستانی بەم ناوانە بوون : مەرزەبان کوری جستان،وهسودان کوری جستانی،جستان جستانی،عەلی وهسودان جستانی، مەرزەبان جستانی، کامروادیلمی جستانی(مێژووی تێروپڕی ئیران. عباس اقباڵ.صص 127و128وکورتەمێژووی ئێران پاول هرن.وەرگێراوەی دکترزضازادەشفق ص 37)

سەرچاوەکان:

7-محمەباقرنجفی.مقدمەبرکتاب کردان گوران ترجمەسیروس ایزدی. ص.18و19.
8-پولاک.سفرنامە.ترجمە کیکاووس جهانداری.ص 24.نقل درکتاب ایران وایرانی وغلامرضا انصاف پور.ص38.
9-شرفخان بدلیسی.شرفنامە.ج 1. ص چاپ مسکو.

بابامردوخ هەروا دەنووسێ: ( هەر وەک لە کتێبەکانی خوونکارانی گومناوی بەشی دووەم لاپەڕەکانی 33برەدواوە ولە مێژووی تیروپڕی (ابن اثیر) هاتووە: لە سەرەتای سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی سیهەمی هیجری بنەماڵەیەک لە کوردەکان سەردەمێک(لەموسڵ هەتا ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) حوکمڕانیان کردوە کە یەکەمین ئەمیرو مەنشوری ئەوان ناوی "ئەمیرسەدەیق بنی عەلی)بووە کە لە بنەچەکدا موسڵی و لە کوردەکانی ئەو دەڤەر بووە.

بەپێی قسەی بلادزی ئەمیرسەدەیق بنی عەلی لە سەردەمی مەنسوور خەلیفەی عەباسی لەگەڵ خەڵکی ورمێ بەشەرهاتووە و بە سەریاندا زاڵ بووە پاشان بۆخۆیی و براکانی لەم شارە بناو خانوو کۆشکێکیان دورست کردوە.

ئەمیرزەڕیق،کوڕی عەلی کەناوی باپیری سەدەقە بوو سەردەمێک لەسەرچیاکانی نێوان موسڵ وئازەربایجان حوکمرایی دەسەڵات وجەلال وشکۆی هەبوو.

لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی هیجری لە ئازەربایجان و دڤەرەکانی ئەوان دوو بنەماڵەی گرنگ بە ناوی"ڕوادی" بوون. یەکێک"ڕەوواد(بەفەتحەی ئەوەڵ و تەشدیدی دووەم) وئەوەیدیکە(رواد)(بە تەخفیفی واو).

بنەماڵەی "ڕواد" لەسەدەکانی سەرەتایی ئیسلامی لەئەرمەنستان ونزیکایەتی "دوین"دانیشتوو بوونە وبەنووسینی(ابن اثیر)لەباشترین هۆزەکانی کوردان بوون. باوناپیری سوڵتان سەلاحەدین ئەیووبیش لکێک لەم بنەماڵەی "ڕوادی" یە.

بەڵام بنەچەکەی بنەماڵەی(ڕواد) ئەگەر چ ڕەچەڵەیان دەگەیننەوە عەڕەبی یەمن،بەڵام لە دوایی کۆچکردنیان بۆ ئازەربایجان و دەڤەرەکانی کوردنشین بەهۆی تیکەڵاوی ژنان وخزمایەتی لە گەڵ خەڵکی ئەوناوچان،ڕیوو ڕەسم نەریت و عادەت و زوان و بنەچەکەی خۆیان لە بیرکرد و بوون بە کورد،هەر وەک زوانی دایکی ئەوانیش بوو بە کوردی،لەمە بەدوا وردە وردە بنەچەکەی خۆیان لە کتێبەکانی مێژوو لە رەدیف و ڕیزی بنەماڵەکانی کورد بە حیساب هینان.

پادشاکانی ڕەوادی کوردی ئازەربایجان، بە نووسێنی کیسرەوی لە کتێبی شهریارانی بێناو پاول هرن،و ابن حوقل، بەرەدیف ئەوانەن: محەممەد ڕەواد،یەحیا کوڕی ڕەواد، ابوالهیجاء ڕەوادی کە سەردەمی حوکمڕانی وی 36سال بوو، مەمەلان ڕەوادی کە بە هیزترین و بە ناو بانگترین پاڵشای ئازەربایجان بوو، و ئەبوونەسر وهسودان ڕەوادی، کە مەمدووح قەیتەران تەورێزییە،ئەبوونەسری

مەمەلان ڕەوادی، هەروالە مەنووچێهری ڕەوادی و سەرئانجام ابووالقاسم عبدوللە ڕەوادی(10).

بابامردۆخ ڕووحانی کوردستانی(شیوا) لە کتێبی مێژووی مشاهیری کورد(مەنشوورانی کورد) و ئەمیرو ئاغالەرو بنەماڵەکانیان)لە حوکمڕانان و پاڵشاکانی زۆری دیکەی کورد لە زنجیرەکانیان کە لە گۆرەپانی ڕۆژئاوای ئێران دەسەڵاتی مەملەکتداریان بەدەست وەگرتووە ناو دەبات و ژیاننامەی هەر یەک لەوان دەنووسی کە گێڕانەوەی ئەو هەمووە لەو کتێبەجێی نابیتەوە،دەجا لەمە بەدواوە هەر بەمەبەس دەکەم کە ناوی زنجیرەپاڵشاکان ویان حوکمرانەکانی کورد لێرە بەشێوەی پیرست بنووسم:

بنەماڵەی هەزبانی بە حەوت پشت،حوکمڕانانی مەروانی بە دەپشت،بنەماڵەی حەسەنویە بەرزیکانی بە هەشت پشت،وەسیمی کورد لە دوژمنەکانی قەستەسەری خولەفا و دەسەڵاتی ئەوان بە سەرئێران دابوو کە ساڵهالەگەڵ ئەوان لەشەری کرد،سالاریان بەچوارپشت، ڕەوادیانی هەزبانی(شەددیان)بە شازدەپشت،کە ناوی دەنگین تری ئەوان فزولون شەدادییە، ابولحەسەنی عەلی لەشکەری،ئەنوشیروان شەدادی،و ئەمیر کەیکاووس وابوالسوار)ە.

شەدادیەکان،بە نۆپشت کەبانوبانگترینی وان ئەبووشوجاع مەنووچێهری شەدادییە وخۆشچێهری شەدادییەکەلە ئاخرین پاشاکانی شەدادی بوو.

گەورەپیانوانی دونبلی،یان بنەماڵەی دوومبلیەکان بەبیست ونۆپشت کەبەناوبانگترینی ئەوان ئەمانەن: ئەمیرجەمشیددونبلی،ئەمیرڕۆستەم دونبلی،ئەمیربێهروزخان دونبلی،عەلیخان دونبلی، ئەمیرشەهباخخان دونبلی،ئەمیرخودادەنبلی، وئاخرین ئەمیرئەرسەلان خان دونبلی.

بنەماڵەی بنی عەنا،بە حەوت پشت کە شارنجانیشیان پێدەڵێن. بنەماڵەی بنی کاکۆیە بە پێنج پشت لە علاءالدولە کاکۆیە و ئەبووکالیجارگرشاسب کاکویە، هەتا ابوکالیجارکاکویە. حوکمڕانانی شەبانکارە کە لەکوردەکان دانیشتووی پارس بوو بەهەشت پشت. شوانکارەکان لەکوردەکانی بازرنگی پەیوەند بە زنجیرەی

ساسانیان بوون کە لەسەرەتای سەدەی پێجەمی هیجری لە سەرزەمینی فارس حکوومەتێکی سەربەخۆیان پێکهینا، کەنزیکەی 150ساڵ دەوامی کرد.

فەرمانڕاوایەکانی مرداسی،کوردەکانی "دیاربەکر" بە سی پشت یەک لە ئەوان ئەمیر جەمشید. پالو،ئەمیر ئەسفەندیار. فەڕمانڕەوایانی یلیان (یەلەکان)بە هەشت پشت لە ئازەربایجان و فەرماندەرەکانی هەکاری لە پارێزگای(وان)بە نۆپشت،بادینان لە ناوچەیەک لە باکوور"وان" کە لە سەدەی نۆهەم هەتا سەدەهەم بوون. حوکمڕانانی لوڕی مەزن(فزلویە) کە لە سەدەی شەشم هەتا سەدەی نۆهەم لە شازدەپشت لە ڕۆژئاوای ئێران حکوومەتیان هەبوو.

ئەیوبیان کە سەر زنجیرەی ئەوان سەلاحەدین ئەیووبیە و لە سیاسەت و چاونەترسی و کارزانی قارەمانی سەردەم بوو لە شەڕەکانی خاچ پەرستان سەر بەرزی و پیرۆزی مەزنی بۆ دونیای ئیسلام وەدەست هێنا کە لە مێژوو درەوشاوە. زنجیرەئەیووبیان لە میسروشام و لە یێمەن حکوومەتیان کرد.

سەرچاوەکان:

10-بابامردوخ روحانی کردستانی(شیوا).تاریخ مشاهیرکرد .صص 13هەتا29.

بابامردۆخ هەروا لە کتێبی "مەشاهیری کورد" ئەمیران و بنەماڵەکانی،تەواوی سەر زنجیرەکان و فەرمانڕەوایی ئانان یەک یەک ناوی دەبات، وەکوو شیروان، فەرمانڕەوایانی لۆڕی گچکە، بنەماڵەی مەلیکشاهی،حوکمڕانانی بدلیس، گەورەپیاوانی ئەردەڵان، فەڕمانڕەوایانی ئال کرت یان خوونکاری ئال کورد کە لە نیوەی هەوەڵی سەدەی هەفتەم هەتا دوایین سەدەی هەشتەم پاڵشای ڕۆژهەلاتی ئیران یان ڕۆژهەڵاتی خوڕسانی مەزن بوون و پایتەختیان شهر هرات بوو،حوکمرانانی ئازیزان، جانداریان،فەرمانڕەوایان مەنتشا پاریزگایەک لە ئاسیای گچکە،دەسەڵاتدارانی ملکان،توشمالانی مەشتوبی هەکاری،حاکمانی سویدی کە تیرەیەک لە عەشیرەی سویدی کوردەکانی دەڤەری"کنج" لە مەڵبەنی باشووری کوردستانن. حاکمانی خێزان،مکس،دەسەڵادارانی اسبایرد، لە دیاربەکر،حوکمڕانانی کلسی واعزار،حاکمانی زرقی، دەسەڵاتدارانی برادۆست،فەرمانڕەوایانی سلیمان،لەپارێزگای بدلیسی ئاسیای گچکە،فەرمانڕەوایانی پازوکی،بنەماڵەی ساوەجابلاغ مکری،فەرمانڕەوایانی کورکیل،بنەماڵەی سووران،فەرمانڕەوایانی

ساسون(حەزو)لەبدلیس لەئاسیای گچکە،ئاماڕاتی داسنی،لەئیراق،فەرمانڕەوایانی چکنی،حاکمانی بانە،فەرماڕەوانی مەحموودی،بنەماڵەی روژکی.دەسەڵاتدارانی گەڵباغی،فەرمانڕەوایانی سیامنسوور،عەشیرەی کەڵهوڕ، فەرمانڕەوایانی عەشیرەی کبودوند گەڕووس،دەسەڵاتدارانی عمادی،بنەماڵەی زەنگەنە، حاکمانی کوردی راس نحاس،بنەماڵەی بابا،بنەماڵەی براخوی،فەرمانڕەوایانی قۆچان، عەشیرەی شکاک،بنەماڵەی مللی پاشاکانی زەند،بەدەرخانیان،بارزانیان،خاندانی جاف، عەشیرەی سەجابی،شمذینان(11).

لە دوایی هێنانی ڕاپۆرتەکانی مێژوویی لە پاشاکانی زنجیرەی مادو زنجیرەی ساسانیانی کورد و کوردڕەچەڵە و پاشان ناساندنی هەموو خوونکاران و دەسەڵاتدرانی کورد لە دوایی ئیسلام هەتا کۆتایی کە هێناوە، جێگای خۆیەتی بەر لە بەردەوام بوون لە ناساندنی خوداناسان و هەستیاران و فرەزانایان و مێژوو نووسانی کورد لەو بەینەدا ئامەژەیەکی بکەین هەر بەو شێوەیەی کە لە کتێبەکانی مێژوو نووسانی کورد هەتا پێشدادیان و کاوەی ئاسینگەر و کەیانیان و بنەماڵەکانی ڕۆستەم و زاڵ و سامی کوردو خویندراوەتنەوە و بارام چووبیناش کە مێژوونووسێکی مەزنی وەک شەڕفخانی بەدلیسی ناساندویەتی دیسان کە باسی لێوەدەکرێ دەبینین باباتاهیری عوریان، شێخ شهاب الدین سهرودی وشیخ سەفیەدین ئەردەبیلی و گەلێکی دیکە لە هاوشانانی ئەوانی کە کوردن دەبینن کە فرەزانای مەنشوور کە بۆخۆشی کوردە یانی (ابن خەلکان)لە کتێبی وفیات الاعیان،نووسیوە: ( ئەبووموسلیم کە لە کوردەکانی خۆراسان بوو لە حکوومەتی ئەمەویان هەڵگەڕاوە و سوپاکانی عارەبی ئەمووی، تەفروتونا کرد لە خاکی ئیرانی دەرپەڕاندن(12). ڕەشیدیاسەمیش لەدوایی گیرانەوە لەم بابەتە لە کتیبی(ابن خلکان) لە"ابولامە" وشێعری وی کە دەڵیت: ئەبووموسلیم کورد بووە لە کتێبی خۆی دانووسیوە(13).

لە سەرجەمی سەرچاوەکانی موعتەبەرترو قەدیمی تری مێژووی سیستان دایە کە ئەبوموسلیمی کورد ناساندوە،ئەویش لە ژێرناوی پێشەکی لەکتیبەکە،ئەوهاهاتووە: (دانیشتن ابوالعباس السفاح بە خەلیفەیی وپەیمان ودەستەبەربوونی ئەبووموسلیمی کوردو لەشکرەکەی(14).

پاڵشاکانی کوردڕەچەڵەی زنجیرەی سەفەوی

لێکۆلینەرە و نەتەوە ناسی دەنگین سەیدئەحمەدکیسرەوی تەبریزی لەکتێبی(شێخ سەفی ورەچەڵەی)زێدەلەمە کە شێعە نەبوونی شێخ سەفی و سوننەبوونی وی بەپێی بەڵگەی مێژوویی مەعلووم ووەڕاست گەراندوە،نووسێوە بنەماڵەی سەفەوی لە بنەماداحەسل کوردبوونە. مێژوونووس تورک زەکی ولید تۆغانیش هەربەمجۆرە لە کتێبی خۆیداهێناوە. حمدالله مستەوفی)ش نووسیویە: ( شیخ سەفیەدین ئەردەبیلی شافعی مەزەب بووە وشێخ سەدرەدین کوڕی شیخ سەفی)ش بەشێوەیەکی فەرمی خۆی بەشافعی ناساندوە(15).

کیسرەوی هەروادەنووسێ: (شێخ سەفی ومندالەکانی هەتا شا سمایل ومناڵەکانی بوون بەسەیدو شێعە و شاسمایل بەتورکی ئەویش بەتورکی خەتایی دەستی بە شێعرگوتن کرد،پیویستە ئەوکتێبی(شیخ سەفی ورەچەلەکی) وکتێبی(مێژووی رەچەڵەوزوانی خەڵکی ئازەربایجان) لەکتێبی خاوەنی ئەودێرانە بخوینەوە.

لە ڕوو نووسێکی کۆنی کتێبی(صفوەالصفا) کەلەبەردەستە نووسەری وی"ابن بزاز" کەشیخ سەفی بینیوە و لە هاونیشین بوون لەگەڵ وی حالێبووەو پاپیری شیخ سەفی یانی فیروزشاهی ئەوها ناساندوە: (الکردی السنجابی) یان(السنجابی پیروزشای زەڕین کلاو) ونووسیویە: شێخ سەفی و باوک و باپیری وی لەکوردەکانی(سنجا) بوونە(16).

کیسرەوی دیسان دەنووسێ: (کورتەی کەلام،ئەوەی بۆمە مەعلوومە باوک و باپیری شێخ سەفی لەکوردستان لە(سنجار) یان لەدەوروپشتی وی هاتبوون. لەڕاستیدا فیروزشای کوردی سنجاری ناوبانگ زەڕین کلاو باپیری شێخ سەفیەدین ئەردەبیلی بوو. ئەوپیاوێکی دەوڵەمەندو بەناوبانگ بوو(17).

سەرچاوەکان:

11-نگاەکنید بەکتاب بابامردوخ روحانی کردستانی" تاریخ مشاهیرکرد وامراوخاندان های وکتاب سیداحمدکسروی شهریاران گمنام.
12-ابن خلکان. وفیات الاعیان.ج 1.ص چاپ قاهرە.

13-ڕەشیدیاسمی. کردوپیوستگی نژادی او صص 178و179.
14-تاریخ سیستان. بەتصحیح ملک الشعرای بەهار.ص 136.انتشارات زوار.

15-حمداللەمستوفی.نزهةالقلوب.                                ص                    18.
16-ابن بزاز. صفوةالصفا. درشرح وکرامات شیخ صفی الدین اردبیلی. ازص 8 تا12.نسخە                         کتابخانە                         مجلس.
17-سیداحمدکسروی.شیخ صفی وتبارش.صص 36و37.

لێرە پێویستە نووسەری کتێب،بە هۆی نەخشی دیاری کراوی مێژووی سەڵتەنەتی زنجیرە کوردڕەچەڵەی سەفەویان کە بەدەست هاتووی ڕەوندی نۆسەت سال هەوازونشیوی شیعە بوو ئامازەیەکی بە ڕابردووی کۆمەلایەتی و مێژوویی ئەو هەبووبێت.

هۆکارو سەبەبی هاتنەسەرکاری دەولەتی سەفەویان شەباهەتی هەیە لە گەڵ هۆکاری بەحاکمیەت گەیشتنی زنجیرەدەولەتی ئالی بۆیەی شێعە لە سەرەتای سەدەی چوارمی هیجری و سەخمەراتەکانی ئەم هەردووە و یکچوونی هەیە بەهۆکاری هاتنەسەرکاری پاشاکانی ساسانی لە سەدەی چوارەم بەر لە هیجرەتی ڕاسپاردەی خودا(ص) کەهۆکاری هەل و مەرجی کۆمەلایەتی و بارودۆخی مێژوویی هەر یەک دووپاتکردنەوە بەسەرداچوونەوەی چوونی دیکە بوو.

سەفەوکانیش هەروەک ساسانیەکان لە بنەماڵەکانی چەند سەدەیی ڕووتێکەری پێشەوایەکانی دینی، وئال بویەش لە ئێرانیەکانی لایانگرانی فەلسەفەی شێعە وشوێن تێکەر لە دەولەتی عدلی زنجیرەی ساداتی عەلەوی لە تەبەرستان وئیلهام وەرگیراو لە گیانی گوزاری ایمەئەتهار(ع)وساسانیان)یش لە بنەماڵەکانی مەلاکان ولە پێشەوایانی دینی عیبادەتگای فارس کە میراتی پشتاوپشتی رووحانیانی زەردەشتی بوو هەرکام بە نوورەی خۆی لە دوایی تێپەڕبوونی سەردەمێک لە قەیرانەکانی مێژوویی هۆکاری یەکیەتی مللی نیشتمان بوون.

هەرچەند دەیلەمیان یان ئال بویەیان هێندیک مێژوو نووس بەکوردیان نوسیون کە بە هێندیک فکربۆچوون دورستەبەلام چونکە کوردبوونی ساسانیەکان و سەفەویەکان دوورلە شک گومانە پێوستە لێکدانەوەیەکی کورت لە خوارەوە لە مەڕئەو دوو زنجیرەیە بکرێ.

دەوڵەت یان پاشاکانی ئەشکانی(پارتەکان)کە نەیانتوانیبوو بەهۆی بوونی تەشکیلاتی جۆراوجۆری شاگچکەکانی ناوچەیی(ملوک الطوایف) ئێران لە بەندی کارتێکەری فەرهەنگ و ئاداب و نەریت و عادەتی هلنی وچێرۆکەکان وزبانی یۆنانی- پاشماوە لەسەردەمی حکوومەتی سەت سالەی ئەسکەندەر وجێگرانی وی- ڕزگاربکەن و لە کۆتایی سەلتەنەتی زنجیرەی ئەشکانیەکان لەگەڵ لە کزدانی ژێربنای دینی داب ونەریت وزوان وفەرهەنگی وڵات بوو،خەڵک لەحاڵی لەدەست دانی پێناسی نەتەوەیی خۆیان بوون کە زنجیرەی ئەشکانیان بەهۆی ئاوەزی تێکۆشەری حوکمرانانی ئیران ڕووخاوو کەسایەتیەکانی لەناوموغان وموبدان وەکوو ئەردەشیر ساسانی،کرتیر،و تنسروهاوتای ئەوان لەجیاتی ئەشکانیان بەحاکم دانێشتن.

لە کۆتایی حکوومەتەکانی پاشماوە لە سەردەمی هێرشەکانی مغول وتیموری کە ناکۆکی مەزەبی لە وڵات هۆکاری چەت تێخستن لە حوکمڕانی بوو لە لایەکی دیکەش بەسەرهەڵدانی دەسەڵاتی پاڵشاکانی عوسمانی کە خۆیان بەخەلیفەی موسڵمانان ڕاگەیاند بوو ڕۆژهەلاتی ئورووپایان لە بەردەست دابوو مەترسی بۆ سەربەخۆیی ئیران ئاشکرابوو کە دەبوایە بۆ بەرەنگاری لە گەڵ ئەو مەترسیە،ناکۆکی مەزەبی پیویست بوو لە وڵات لەبەین هەڵگیرابوایە و ئەو مەزەبەی کە لە سەدەکانی دوایی ئیسلام لایانگرانی وی لە ناوخەڵکی شارەکان و گوندەکان زۆرینەیان هەبوو،بە ناوی مەزەبێکی نەتەوەیی کە هەڵگری یەک پارچە بوونی ئیران بێ دەهاتە سەرکاروو دەسەلاتی بەدەست وەدەگرت. لەو سەردەمیش دیسان ئاوەزی تێکۆشەری ئیران لە کۆتایی سەدەی نۆهەمی هیجری عەشایەری تورکی دەمارگرژ بە مەزەبی شێعەی پێکهینا و شاسمایلی لە ئەولادی شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی کوردڕەچەڵە لە سەرکورسی دەسەڵات و سەڵتەنەتی ئیران دانا و شێعەی بە مەزەبی فەرمی و گشتی ئیران ڕاگەیاند.

مەزەبی شێعە لە سەرەتا بە هۆی پەرچەنگ و پەیکار لە گەڵ خەلێفەکانی داگیرکەر و حوکمڕانانی نا ئێرانی و بەرگری لە خەڵکی شارەکان و گوندەکان لە بەرامبەر زوڵم وزۆری و دەست درێژی چینی ئەشرافی حاکم و خاوەن مڵکانی مەزن،وردە وردە لە سەرجەمی وڵات بەرقەراربوو و لە دوایی دوو- سێ سەدە زۆرینەی خەڵکی بە ئاشکراو نهێنی بە خۆلێپاراستن پەیرەوی خۆیان کرد بوو. هەر وەک لە پێشوازی خەڵک لە عەلی بنی موسی الڕزا لە سەرانسەری ئیران لە کوفە بگرە هەتا مرو،بوونی زیارەتگایان لە سەدەی دووەم وەکوو مەشەد سناباد، گڵکۆی

حەزرەتی عەبدولعەزیم لە ڕێی و حەزرەتی مەعسومە لە قوم وشاچرا (ئەحمەدبنی موسا )لە شیراز و زیارەتگایەکانی ئیمام زادەکان لە هەرشوێنی ولات دەتوانی نیشانەکانی لە دەسەڵات و قودرەتی شێعە دەباوەشگرتووی زۆرینە بێ.

لە لایەکی دیکە داکۆکی وەزیرانی ئێرانی لە دەموودەزگای خەلیفەگەری لە ئەولادی عەلی وایمەاتهار وەکوو ئەبوایوبی موریانی و ئەبوو موسلمە خلال و بەرمەکیان و فەزل بنی سوهێل و پاسداری بنەماڵەکانی سیاسی و زانایانی وەکوو بنەماڵەی نەوبەختی،بنەمالەی ڕووح لە هەر یەک لە ئیماماەکانی شیعە هەتا کۆتایی و لە لایەکی دیکە بوونی شێعەکان پلەبەرز وەکوو فارابی ناسراو بە مامۆستای دووەم، زکریای ڕازی،ئەبوو عەلی سینا،ئەبوو ڕیحانی بیرونی،ئیبنی ئەوراق، ئیرانشهری، ئەبنی ڕەوەندی،فیردەوسی تووسی،ناصرخوسرەوقوبادیانی، علامە حلی،ابن ابی الحدید، محەممەد کلینی،ابن بابویە و گەلیکی دیکە لە مەنشورانی و گەورە پیاوان و زانایانی عیلم و ئەدەب و حکمت لە هەر شوێنێکی وڵات کە چاوچرا وهۆکاری شانازی و سەربەرزی و ئاڵگۆ بۆ خەلک بوونرەروەی ڕاپەڕینی نەتەوەیی شێعەیان بۆ شوێنێک کێشا کە لە سەدەکانی سێهەم و چوارەمی ساداتی عەلەوی لە باشووری ئیران بە حکوومەت گەین پاشان ئال بویە دەولەتی شێعەی سەرانسەری لەوڵات دامەزراند وشیعەی مەزەبی فەرمی ڕاگەیاند. هەروا بەرلەسەفەویان پاڵشاکانی مغول وەکوو سولتان محەممەدخودابەندە وسوڵتان ئەبووسەعید بوون بەشێعەوئەم مەزەبەیان لەسەرانسەری وڵات فەرمی پێدا.

مەزەبی شیعەهاوسەردەم لەگەڵ سەرهەڵدانی شاسمایلی سەفەوی هەڵکەوتی ڕوو بە پێشەوەچونی هەبوو،هەر وەک سولتان حوسین بایقرای تەیمووری لە هەرات بارەگایەکەی شوێنی کۆمەڵگای زانایانی خاوەن عیلم بوو وەکوو شاسمایل،بەڵام نەک بەوگەرمی وچاپکی وی تیدەکۆشا هەتا مەزەبی شیعە بکاتە جێگرو جێ شوێنی مەزەبی سوننە،و"بابر" کە لە بەشێکی ئاسیای نێوەڕاست سەلتەنەتی هەبوو لایانگری لە شێخ دەکرد،تەنیا شکیب خانی ئەزبەک لە منالانی چەنگیزبوو لەگەڵ سولڵتانی عوسمانی لە پەیکار لە گەڵ شێعە یەکیەتی هەبوو و لە هەر هەلەومەرجێک بۆخوراسانی هێرش دەبردو تالانی دەکرد. شاسمایل بۆ شەڕی وی چوو،و لەشکری وی تیک شکاند و شکیب خانیشی بە شمشیری خۆی لە مەیدانی شەڕ کوشت(18).

لەولاش سوڵتان سەلیم بە بیستنی خەبەری کوژرانی یەکگرتووی خۆی شکیب خان و پێشڕەویەکانی شاسمایل،بەر لە هەر هەنگاو هەڵێنانێک چوار هەزارکەس لە

شیعەکانی لە خاکی خۆیداکوشت و بە سوپایەکی پێکهاتوو کە نزیکەی سەت و بیست هەزارکەسی پۆشتە بە تۆپخانەو چەکەکانی ڕەگبار هێرشی بۆ سەرئیران دەست پێکرد. لەم لایەوە شاسمایل کەهەلی باش بۆ نەقۆزرا بووە هەتا لەشکرێکی مەزن کۆ کاتەوە بە تالووکە لە گەڵ سوپایەکی سی هەزارسەرباز ئەویش پۆشتە بە چەک و چۆڵەکانی قەدیم وەکوو شمشیرو گورزو تیروکەمان لە گەڵ ئەو لەشکرە مەزنەی سەلیم عوسمانی ڕوو بەڕوو بوو.

ئەگەرشاسمایل دەمارگرژی لەکارنەکردبوایە ولەئیمان وباوەڕهەبوون بەموجیزوبوون خۆی لادابوایە وئەگەرشەوێک پێشتر لەڕۆژی قەومانی شەڕبەئاختن ونەخشەکێشان خەریکبوایەهەرئەوشەی شبیخونی لێدابوایە ونەیگوتبوایە ئەم کارەناجوامیرانەیە وئەگەرلەشکری خۆی لەبەرزایی بلیندایەکانی چاڵدران سەنگەرپێگرتبوایە وسەرەتادەستی بەبەرگری کردبوایە لەوباباتەوەکەفدائیەکانی ئەمین بەخۆی بەدوای یەکداهیرشیان کردبوایەسەرلەشکرەکانی سولتان سەلیم ئەگەرسەرجەم لەشکرەکەی خۆی ئەویش بەوچەک وچۆڵەکۆنانە لەدەشتێکی وەک لەپی دەست راستی چالدران لەبەرسیرەی تۆپەکان وچەکەلانی ڕەگباری دوژمن دانەنابوایە بێگومان هەرئەوبەوسربازانەی پێشمەرگە وئەمین بەخۆی کەهەریەک بەرامبەری دەسەربازی دوژمن بوون ولەگەڵ ئەوسەردارنی سەرپی ئەسپاردراوگیان بەخت کەرکەبەشەری ڕۆستەمانەی خۆیان کەلەشەڕی چاڵدران دەنگینی مێژووبوون بی گومان ئەرتەشی عوسمانیان تێکدەشکاند. بەنووسی نەسڕوللەفەلسەفی(هەرکات خان محەممەد استاجلوش سەرکەوتووببوایە وەکوو شاسمایل لەشکریکی دیکەلەسوپای دوژمن تێکبشکێنێ کارسوپای عوسمانی بەکۆتایی دەگەیی(19).

هەرکات ئەوگروپ ودەستە لە سەرۆکانی کورد کە بۆ مامەلەی پاراستنی(ملک الطوایفی) و قازانجی خۆیان ولاتی دایک،هاو وڵاتیانی خۆیان لەو چاخی ئەستەم دابەجێ نەدەهێشت و لە گەڵ عەشایری خۆیان لەو ئولکەی نابەرابەربوونیان بوایە لەوانە بوو توانیبوایان کەماسی لەشکرەکانی شاسمایل قەرەبۆکەنەوە و ئەو شەڕە بە تێشکان دوایی نەهاتبوایە.

ئەم وەبیرهینانەوە گرنگە و پێویستە بگوترێ: کە ئەوەی لە نێو ئیرانیان دایم ودەرهەم، پترلە هەر شتێکی دیکە،هەتا لە سەردەمەکانی دێرینی دوایی ئیسلام کە دەوڵەتی مەزەب شێعە حاکمەتی نەبوو هۆکاری یەکیەتی نەتەوەیی توانی ئارەقەی

ئێرانێەت لە گەڵ ئایینەکانی دێرین و نەریتی وێکچوو و گیانی یەکیەتی و بەرایەتی و بەسەرهات تاکی مێژوویی و بارودۆخی یەکپارچە بوونی جوغرافیایی سروشتی و هاوبەشیەکانی دیکە نەتەوەیی و میللی بوو هەروەک بە هۆکاری ئەم بابەتانە بوو کە هەر لەو کاتی سەرتای لە دوایی سەردەمی ئیسلام زاڵ بوونی بنی ئومییە شاعێرانی ئیرانی بە هەلکەوت عارەبی بێژی وەکوو ئەبوونووس،بشارین برد،سەلیم نیساری، ئیسمایل نسایی،مەهیار دیلەمی و ئەوانی دیکە لە تاریف و گەورەیی ئیران شێعرای گوتوەو مێژوو نووسانی وەکوو تەبەری،مەسعودی،یەعقوبی،موقدەسی مێژووی سەردەمی کۆن ودێرینیان بۆ ئاشکرابوونی ڕابردووی تەژی لە جەلال و شکۆی ئیران دەنووسین. لە هەموو هۆکارەکانی یەکیەتی نەتەوەیی گرنگتر زبانی فارسییە کە لە سەدەکانی سێهەم وچوارەم لە گەڵ شۆڕشی گەورەی شاعیرەکانی دەنگین و مەنشوری وەکوو حەنزەبادغیسی،کسایی مروزی، ڕودەکی،دەقیقی،فەڕوخی و سەرئەنجام فیردەوسی بە شانامەی گزنگ پلە بۆ هەمەیشە بە مەزنترین هۆکاری یەکیەتی نەتەوەیی یانی یەکیەتی زبان و هزری ئێرانی ڕاوستانی ئەبەدی پێ بەخشی.

ئایین سالاران،خوداناسان،مێژوونووسان،زانایان،شاعیران.

لێرە لە ژێر،خاوەنانی پلەو پایەی گوزەرایی و فەرهەنگی کورد لەکتبی(مێژووی مەشاهیری کورد- خوداناسان،زانایان، هەستیاران،-)کە لە چوارجلد دایە هەریەکەکیان بەشێوەیەکی کورت دەناسێنین. ئەم کتێبە نووسینی کەسایەتیەکەی مەزنی ڕووحانی و فەرهەنگی(بابامردۆخ(شیوا) یە کە بۆخۆی لە چاوگەی سەرهەڵدان و نیشانەکانی تروسکاوی شانازی ئیرانییە کە شوین ونووسینەکانی گەلێک مەزنی دیکەی هەیە.

لە هەریەک لە چوار جلدی ئەم کتێبە مەزنە ڕەچەڵەنامەیەک لە سەدان کەسایەتی مێژوویی،ئەدەبی،فەرهەنگی،رووحانی و سیاسی هاتووە کە ئەگەر نووسەری کتێبی حازر لەکورتکردنەوە شێکردنەوەی حاڵی ئەوان تێنەکۆشی و بیهەوێ لە هەموان قسە بکات ئەستوورایی قسەکانی لە ڕادەی هەربەشی ئەم کتێبە تێدە پەڕێ لە بەرئەمە لە هێنانی ناوەکان و شیکردنەوەی ژیانیان هەر بەوەندەی کە لەخوارەوەدێت بەسی کردوە.

سەرچاوەکان:

1-18- دکترعەبدوللەرازی. تایخ کامل ایران.ص 393.
19-نصرالله فلسفی. جنگ چالدران.کتاب چندمقالەتاریخی.ص 88.

ئەم ڕاگەڕیاندراوەش لێرەپێویستە کە نووسەری کتێبی حازر،لە ژێرئەو وەبیرهێنانەوانەی کە بۆکەسانی دیکەی کورد وەدەستیهێناوە سەرچاوەکانیشی نووسیون.

بابامردۆخ ڕووحانی دەنووسی: (پیرەشالیاری هەورامانی)یەکێک لە مەلاکان و ڕیبەرانی دینی زەردەشت کە لە سەدەی هەوەڵی کۆچی لە هەورامان دەژیا(پیرشالیار)یان پیرشهریاری ناو بووە. ئەوکوڕی جاماسب،پیاوەکی زانا ئاگادار و شاعێرێکی مەزن بوو. ئەم مەلایە کتیبێکی بە ناوی(ماریفەتی پیرشالیار)یان (ماریفەتی پیرشهریار) بە زوانی کوردی ئەورامی بەشێعرنووسیوە کە بریتی لە پەندی پێشینیان،نەسیحەت بە دەربڕینی خاڵی چەند لە نەریت و عادەت و ڕێوڕەسمی ئایینی دێرینە. ڕوونووسەکانی ئەم کتێبە هەنۆکە بە دەگمەن وەدەست دەکەوێ. هیندیک فرەزانای کورد ئاقیدەو بیروبۆچوونیان ئەوهایە کە پیرەشالیار لە کۆتایی ژیانی،دینی ئیسلامیان قەبوول کردەوە وحەولایانداوە هەتاخەلکی دەڤەرلەگەڵ ئەم دینە ئاشنابکەن بەڵام سەرکەوتوونەبوونە.

بەڵام(پیرشالیاری دووەم) کەموسڵمان بوو لەبرەودانی ئیسلام سەرکەوتوو بوو.

"ابوقتبە دینوری" لەئەیمەی ئەدەب ویەکێک لە نووسەرانی بەناوبانگی سەدەی سێهەمی کۆچییە. هێندیک لەشوینی قەڵەمی وی بریتین لە: الشعراوالشعرا،کتێبی مەعانی،عیون اخبار،طبقات الشعرا،المعارف،ادب الکاتب وچەندین کتیبی دیکەیە.

"ئەبووحەنیفە ئەحمەدداوود دینوری" کەلەئەدەبیات،بەتایبەت لەنەحووی وشە وهەروا مێژوو وجوغرافی ونجووم وگیاناسی ئاگاداریەکی قووڵ وپسپۆر بوو وشوێنەواری بەناوبانگی وەکوو" الخبارالتوال،کتیبی الجبرومقابلە، ئیسلاح المنتیق،ئەنساب الاکراد وکتێبی دیکەی لەدوایی خۆی هێشتۆتەوە.

"بسام"یەکەمین شاعری کوردە کە لە سەدەی سێهەمی کۆچی بەفارسی شێعری هۆندۆتەوە. ئەو لە سەردەمی پاشایەی یەعقوب لەیسی سەفاری دەژیا. "بسامی کورد" بە نووسینی مێژووی سیستان لە سەرەتا لە خوارج بوو،لە لای یەعقوب لەیس کاتیک تەریق وسیفی بینی لەشێعردابۆبەشاعیر(20). بە نووسینی ملک الشعرای بهار،(بسام)یەکەمین شاعێری کوردە کە بە فارسی شێعری هۆنیوەتەوە ودوومین یان سێهەمین کەسە لە ناو ئیرانیان کە بە فارسی شێعرگوتوە(21).

"ئەبووبەکر شارانی شهروزی" پیاوچاکێک بوو لەسەدەی سێهەم کەبەدوای گەڕان وسووران چووە ولەئاکامدا لەدەڤەری شیراز ئەمری خودای کرد. لەقسەکانی ئەوە: "هەرچ بێتەپێش یانی بەقەزاوقەدەرڕازی بە" و"مرۆڤ بەجل وبەرگ مەناسە"ولەهەرکەس کەئەوەندی دەزانێ لێی فێربە)(نفحات الانس ص(237).

"ئەبووالحەسەن عەلی لوکری" لە سەدەی چوارەم،یەکێک لە قەدیمترین شاعێرەکانی فارسی گۆی کورد لە دوایی "بسامی" کورد بوو کە لە سەردەمی سامانیان دەژیا. "لوکر" لەگوندەکابی ئەفغانستانی ئێستایە. لەوسەردەمی لە ڕۆژهەلاتی ئەفغانستان،سیستان وخوڕاسان هۆزێکی زۆرلە کوردان دانیشتتووی وێ بوون. ئەم شاعیرە هۆی خۆشەویستی"عتبی"وەزیری سامانیان بوو. ئەو کە لە"لوکر" بۆ بوخارا پەیتەختی سامانیان کۆچی کردبوو لە ئاکامدا بەوشێعری خوارەوە داوای لێبوردنی وەزیری مەزنی سامانیان(عتبی)ویستووە(لەکتێبی الباب عوفی.ج 2)

"عبیدالله ابن احمد وزیرشاەسامانی ****** همی تابدشعاع داراازآن پرنور پیشانی"
"بەصورت آدمی آمد،بەمعنی نورسبحانی***خدایا!چشم بدخواهم کزان صورت بگردانی"
"بخاراخوشترلاکولر، خداودا همی دانی *** ولیکن "کرد" نشکیبد از دوغ بیابانی"

"باباطاهرعریان" شاعێری سەدی پینجەم دەنگینترلەمەیە کەبکرێ لەم یاداشتەداقسەی لەبارەی وی بگوترێ.

"فیروزشا کوردی سەنجاری" ناوبانگ بە"کلاەزێڕ)باپیرەگەورەی حەوتومی شیخ سەفی ئەدین ئەردەبیلی ولە خواناسانی سەدەی هەفتەمی کۆچی بوو. لەکتێبی شەجەرەنامەی شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی(صفوةالصفا)نوسینی ئیبنی بزاز وادەردەکەوێ کەشێخ سەفی وباوباپیرانی وی سوننی شافعی ولە کوردەکانی سەنجار بوونە(22).

لەوجێگایەوە کەزبان وکەسایەتی دایک لەپەروەردەکردنی منالانی کارتیکەری قولی وشوینتیکەری هەیە پیرۆزی وپاکی گیانی ونەفسی فرشتەیی ئەو هۆکاری گەشەی مەعریفەت وزانیاری ئیسنان بۆگەین بەرزایی گوزرایی دەبێت پیویستە فرەزانانیزامی گەنجەوی کەلەدایکی کورد بووەباوکی ناوی یەسف بوو ئەویش لەپیاوەمەزنەکانی کوردبەحیساب دیت.لەوچەند بەیتەشێعرەی وی کە لەدوایی مردنی دایگی بەشیوەن هۆندوتەوە، سیفەتی جوانی دایکی دەکرێ لەویدابیینین:

"گر،مادری من رئیسه کرد(کورد)
مادرصفتانه پیش من مرد"
"از لابه گری کرا کنم یاد؟
تا پیش آردش به فریاد"
"باابن غم ودرد بی کرانه
"داروی فرامشی است چاره(23).

(تاج العارفین شێخ ابوالوفاکردی) لەشێخەکانی مەزن وخوداناسی گەورەی سەدەی شەشمی کۆچییە،مەرامەت ومەجیزەی زۆری هەبووە وکۆمەلیکی زۆرلەپیاوچاکان بەبەرەکەتی هاونشینی لەگەڵ وی بەپلەی بەرزی خوداناسی گەیشتن. شێخ عەبدولقادرگەیلانی قدس سره سەبارەت بەوی گوتوویە: (لیس علی بابالحق تعالی کردی مثل ابی الوفا) وزانای مەزن سەنایی سەبارەت بەوی فەرمەیە:

"سالهاباید کەتایک سنگ اصلی زآفتاب لعل گردد دربدخشان یاعقیق اندریمن
قرن هاباید کەتازپشت آدم نطفەای "بوالفا"ی کرد گردد یاشود"ویس قرن"

"شەهابەدین سهرودی"سەدەی (شەشەم)ناسراو بەشیخ ئەشراق لەگوندی سهرود لەدێهاتی زنجان لە دایک بوو. لە شاری مەراغە سەردەمێک لە حزوری مجددەدین جبلی فەیزی وەرگرت.ساڵی 579ی کۆچی بۆشام چوو و لە کۆمەڵگای عیلم و زانیاری وی خەرێکی باسەکانی فەلسەفی بوو زانایانی دینی دژی خۆی ڕاپەڕاند،لە ئاکامدا بە ڕژانی خۆینی ویان فتوا دا. لە سالی 587کۆچی لە تەمەنی 38ساڵی ئەویان کوشت. سهرودی بزانێکی خیبرەو زاناو پسپۆرو زانایۆخ بوو، گەڵێک بە هۆش و بەزەین بوو،ئاگاداروخیبرەلەعیلم وفەلسەفە وجاروبریش بۆ سەرگەرمی بەفارسی وعارەبی شێعری دەگوت.

"شەهابەدین عمرسهرودی" سەدەی (حەوتەم) زانایۆخێکی کەم لینگە،خوداناسی ئاگارجوان کەخەلکی سهرودی زنجان بوو. سەردەمێک لەخوداناسی دڵپاک شیخ عەبدولقادرگەیلانی بەهرەی وەورگرت وگەلێک مریدی هەبوون کەسەعدی شیرازی یەک لەوان بوو.(24).

سەرچاوەکان:

20-تایخ سیستان. ص 211.بهار.
21-سبک شناسی بهار.ج 1.ص 21.

22-سیداحمد کسروی.شێخ صفی وتبارش.صص 36و37.
23-کلیات خمسەحکیم نظامی گنجوی.داستان لیلی مجنون.ص 135.
24-ابن خلکان.وفیات الاعیان. ج 2.ص 261.
25-عبدالکافی سبکی. طبقات الشافعیەاکبری. ج 5.ص 14.چاپ قاهره.
26-اسماعیل پاشای بغدادی. هدیة العارفین من اسماءالمولفین ەآثارالمصنفین.استانبول 1951. 27-حدیقةامان اللهی.ص 373.

"اثیرالدین اومانی"(سەدەی هەفتەم)لەزایانی خاوەن پلەوپایە بوو. وەدەست هینانی عیلم و دانشی لە لای خواجە نەسرەدین تووسی کرد. گەلیک شێعری فارسی لە وی لە بەر دەست دایە(وشەنامەی دهخدا. پیتی ئەلفبا).

"ابن خلکان" قازی والقوزات شەمسەدین ئەحمەد ئەربلی(سەدەی هەفتەم) لە ساڵی 608ی کۆچی لە شاری هەولێر(ئەربیل)لە دایک بوو لە دوایی تەواوکردنی پلەکانەکانی خویندن، لە ڕێکەوتی 626ی کۆچی چووشاری حەلەب. ابن خلکان لە گەورەپاوان و سەرۆکانی عیلم و زانیاری سەردەمی خۆی بوو، گەلیک شاعیردا یم و دەرهەم لە بارەگای وی حزوریان هەبووە و قەسیدەو شێعری ڕەوان و لە باریان لە تاریف و پێداهەڵاگوتنی وی هۆندۆتەوە.

"زانایۆخ شەمسەدین محەمەد شارەزوری(سەدەی هەفتەم) لەفرەزانایان وفەڵسفەزانانی سەردەم بوو. ئەو گەلێک کتێبی لەمەڕ علووم و فەلسەفە و کەلام نووسیوە(26).

"سوزی غیبی" (سەدەی هەشتەم) خەڵکی سلیمانیە بوو،لە خوداناسی دا بەپلەی بەرزگەیی و لە ئەولیای خودای دێتە حیساب. موجیزەو کەڕامات لە وی بینراوە مەنشووربوونی وی بە ناوی غەیب زان،بەم هۆیە بووە کەناوی(غیبی) پیدراوە. بۆ خۆشی شاعێرێکی بە توانابوو و ناز ناوی(سۆزی) هەلبژاردبوو(27).

"محەممەد بنی عەلی شوانکارە" لەهۆزی کوردی شوانکارەی فارس،لەنووسەرانی دەمپاراوی سەردەمی خۆی بوو. ئەو تەوای تەمەنی خۆی بەنووسەری و شاعیری تێپەڕکرد و لە ساڵی 733ی کۆچی خەرێکی نووسینی کتێبێک بە ناوی مێژووی گشتی

بوو وناوی وی(مجمع الانساب)لە سەردانا، کە لە کتێبەکانی مەنشووری و بنەبانی ڕەوان بوون جوانی خوڵقاندن بریتی لەمێژووی دونیا لە سەرتا هەتا سەلتەنەتی سولتان ئەبوو سەعید"ە. (لە کورتەمێژووی ئەدبیاتی ئیران. سەعیدنەفیسی).

"شێخ سەفیەدین ئەردەبیلی" چاوگەی پاشاکانی زنجیرەسەفەوی کەڕەچەڵەی لەکوردەکانی سەنجاربووە. بەلێکۆلینەوەی سەیدئەحمەد کیسرەوی تەبرێزی ڕەچەلەناسی موسڵمان،بنەماڵەی سەفەوی لەبناخەداکورد بوونە. ومێژوونووسی تورک"زەکی وەلیدتۆغان"یش ئەم بیروبۆچوونەی پەسەندکردوە. شێخ سەفی لەموقتەدیان وخەڵک رووتێکەری سەردەمی خۆی وشاعێری خوداناس وبەناوبانگ بوو.

"ئەمیرشەرفخان بدلیسی" لە کەسایەتیەکانی بە ناوبانگ و دەنگینی کورد سەدەی دەهەمی کۆچی و بنکەی فەرماندەری وی شاری بەدلیس بوو. بدلیس لە دەڤەری باشووری کوردستان کە هەنۆکە لە خاکی تورکیە هەڵکەوتووە... باو باپیری ئەمیرشەڕفخان بەپیی ئەوەی کە بۆ خۆی لە کتێبی شەڕفنامە نوسیویەتی زێدەلە(600)سال ئامارات وفەرمانڕواییان هەبووە وڕەچەڵەیان بەساسانیان دەگات.

ئەمیرشەڕفخان لە بارەگای شا تەهماسب سەفەوی لە گەڵ کوڕەشاو کوڕە ئەمیران گەورە بوو لە ئەدبیاتی فارسی و عەڕەبی بەو پەڕی زانیاری گەیی و شا ئەوی لە نزیکان و هاونشێنانی خۆی دانابوو. ئەمیر شەرفخان بە فەرمانی شاتەهماسب بە حکوومەتی میراتگری خۆی گەیی و پاریزگای بدلیس کە ئەو سەردەم بریتی لە دەڤەرەکانی بدلیس،کج،مووش،خلات،سمرد وخیزان بوو لە ژێر ئیختیاری نرا. لە دوایی مردنی شاتامەسب لە لایان شاسمایلی دووەم بەسەرۆکی سەرجەم میرانی ناوچەکانی کوردستان دانرا.

شەرفخان کاتەکانی بێکاری دانیشتن لەگەڵ زانایان تێپەڕکردوە وگەلیک کتێبی لەدوایی خۆی بەجێهێشتووە کەگرنگتری وان مێژووی بانونابگی وپڕبایەخ یانی(شەرفنامەی بدلیسی)یە، کەلە(امهات)چوارمین مێژووی کوردبەحیساب دێت.

"سەید مەلا ئەبووبەکر شاهویی" زانایوخی مەزن و خوداناسی پلەبەرز لە ڕەچەڵەی پیرشاهویی سەدەی یازدەهەم)دانیشمندو فقیەیەک بوو توورڤان و بە فەرهەنگ و

ڕەوشبیرو شاعیر کە وێژامەی فارسی ئیکجار رەوان و شیرین دەنووسی  دووکتێبەکەی وی(ریاض الخلود) و(سراج الطریق) هەرکام نموونەیەکی یەکجارباش لە وێژامەی فارسی ئەوین. لە شوینەواری شێعری مەلا ئەبووبەکر شاهویی قەسیدەکان و مەولەویەکان و هەروا تیکهلکێش لە مەدحی ڕاسپاردەی خودان(28).

"شێخ ئەحمەدی فرەزانا، تەختەوەی مردۆخی" (سەدەی دوازدەهەمی کۆچی) مەزن مرۆڤێک بوو کۆگای عیلم و زانیاری و خوداناسی و ئیکجاربەزەین و تەڕزوان و  وەڵام پی، ولە بەبەریەک هەلاچوون ومجادەلەکردن و بەدەسەڵات بوو بە ئیخلاقی ئینسانی بێتەکەبورو خۆبەکەمزان بوو. هەموو بە شێوەی پەروانە لە دەوری شەمی ڕووگەی وی کۆدەبوونەوە. لە ڕەحمەتی شیخ ئەحمەد گەلیک وتاری عەڕەبی وفارسی لە مەڕ نەسیحەت و داب و نەریتی ئیسلامی بەجێماوە. ئەوهەستی شێعری هەبوو، بە عەرەبی و فارسی و کوردی شێعری دەهۆندەوە.

"نامی کەڵهوڕ) سەدەی سیزدەهەم،ئەو زانایەک بوو کە خاوەنی کتیبی"تحفةالعالم" سەبارەت بەوی نووسیوە: "ئاغامحەمەدنامی،پیاویک بوو مەنشور لە توندنوسین، هەروا هەبووی دیوانی شێعر فارسی یە،(تذکرەی شاعیرانی کرمانشا).

"سیری سەنەندەجی(سنە) مرۆڤێکی فرەزانا وشێعروئەدەب خوازبوو. گەلێک شێعری فارسی لەوی بەجێماوە.(لەشەریکی خەتی)

"سەلیم کوردستانی" لەسنە(سەنەندەج) لەدایک بوو. ئەومرۆڤێکی پسپۆروخیبرە،قسەزان،شاعیر بوو. هێند شێعر لە وی بە یادگار ماوەتنەوە)

"فرەزانا مەلاعەوڵا بێتووشی" (سەدەی سیزدەهەم). هەستیاریکی بەدەسەڵات،نووسەرێکی باڵادەست و بە ئەزموون و تووورەڤانێکی زمانپاراو، و ئیمامێکی مەزن لە زانستەکانی ئیسلامی بوو. شوێنەوار و گەلیک کتیبی بە نرخی بە شێعرو وێژامە،بە عەڕەبی و فارسی هەیە.

"عوام وەزیری سنەیی(سەنەندەجی) مرۆڤێک بوو خیبرە وپسپۆر وهێندیک شێعری لە وێ بەجێماوە.

"خوڕەم وەزیری سەنەندەجی" ئەو تۆرقان وزانیارو شاعیرێکی زال بوون بەقەسیدەهۆنەوەبوو. دیوانی شێعرەکانی، خۆی لە(پینج هەزاربەیت دەدا).

"مولاناخالد نەخشبەندی شارەزووری"(سەدەی سێزدەهەم) شێخێکی مەزن و زانایەکی گەورەو عالم ڕەبانی و پیری رووحانی،سەر زنجیرەی تەریقەتی نەخشبەندی وجودیکی پر بایەخ بوو پڕاوپڕلە خشڵی زانیاری و کەمال و خوداناسی کە لە دەڤەری کوردنشین وەک ڕۆژ دەتروسکاوە. لە کتێبی مێژووی مەنشوورانی کورد(مشاهیری کور)لاپەڕیکی زۆرسەبارەت بە سەفەرەکان و کەشفی کەڕامەت و کەسایەتی گوزرایی وی تەرخان کراوە وشوینەواری کتیب و شێعری زۆرلە وی بە فارسی و کوردی بە جێماوە.

"میرزاشەفیع پاوەیی" لەشاحێرانی خۆش زەوق گۆرانە وگەلێک شێعری کوردی وفارسی لەوی ماوەتەوە.

"شێخ محەممەدبەرزنجی نودەیی" گەلیک کتێبی بەشێعروبەوێژامە بەعەرەبی وفارسی وکوردی هەیە.

"ئەفسەرسەنەندەجی" وهەروا"ئەسیرسەنەندەجی" و" حاوی سەنەندەجی" لەهەریەک لەوسێ شاعیرە دیوانیک بەناوەرۆکی شێعری فارسی بەجێماوە.

"خاتوون مەستوورەی کوردستانی" (سەدەی سێزدەهەم). توانایەکی زاتی پڕاوپڕی زەوق وشەقێکی گەلێکی بەوەدەست هێنانی زانیاری بوو. مەستوورەپتربەفارسی شێعرهۆنیوەتەوە،شێعرەکانی نازک ورەوان ولەسەردڵ دەنێشن. بەشیک لەشێعرەکانی وی نزیکەی دووهەزاربەیتە کەلەساڵی 1304ی کۆچی شەمسی بەچاپی گەیاندوە وئەمە نموونەیەتی:

من آن زنم کەبەملک عفاف صدرنشینم)
ز خیل پردگیان نیست درزمانە قرینم )
بەزیرمقنعەمن راسری است لایق افسر )
ولی چەسودکەدوران نمودە زار چنینم )
مراازملک سلیمان بسی است ننگ همیدون)
کەهست کشورعفت همە بە زیر نگینم )

زتاج وتخت جم وكی،مرااست عارولیكن)
به آستان (ولایت) كمینه خاك نشینم)

"شایق سقزی" هدایەت سەنەنەدەجی" مەلائەحمەد هەورامی" شاعێرانیكن كەهەریەک لەوان شێعریان لێ بەكوردی وفارسی لەپاش بەجێماوە.

"نالی" شاعیری بەناوبانگی كورد گەلێک شێعری بەكوردی نووسیوە. هەروا"حەیران سەنەندەجی""بیسارانی""معدومی"ش هەركامیان شێعری كوردی وفارسی وعەرەبیان هەیە(29).

هەتائێرە،ناوی ژمارەیەک لە خودناسان و زانایان و شاعێران و تۆورەڤانان و فرەزانایانی مەنشوری كورد لە گەڵ پۆختەیەک وەبیرهێنانەوە بۆ هەركام لەوان لە جلدیەكەمی مێژووی مەشاهیری كورد هەڵبژاردراوو هێنرا. پاشان جلد دووەم و سێهەمی ئەم كتێبە مەتالاكرا كەلەو دووجلددا تەقریبەن ناوی پینسەت كەسایەتی دەنگین كورد هاتووە و وپۆجتەیەک لە بیرەوەری ئەوان و شوینەواری ئەوان بۆ هەر یەک لە چەندخەت و پاراگراف هەتا چەند لاپەڕەی مەتلەب(لە سەدەكانی چواردەهەم و پانزدەهەم) كە ئەگەر بویسترێ بە ناوەكان و یادداشتەكان تەنیا ژمارەیەک لەوان وەكوو جلد هەوەڵ بەردەوام بكرێ ڕەنگە بۆ زوربەی خوێنەران ماندو هێنەربێ و لە ڕادەی ئەم بەشەش خاریجە. لە بەرئەمە تەنیا بە شێكردنەوەیەک سەبارەت بەوان قسەكانم دەبڕمەوە.

ناوەرۆكی جلد دووەم وسێهەم زوربە سەبارەت بەشێعرە لەشاعیرانی كورد كەبازیک بەفارسی وبازیک بەكوردی وبازیكی دیكە بەفارسی وكوردی وهێندیكیشیان بەعەرەبی هۆندۆتەوە.

كەسایەتیەكانی مەزنی كوردیش لەناویانداهەن وەكوو محەمەدئەمین زكی بەگ وغولامڕەزاخان ڕەشیدالسولتان ڕەشیدیاسەمی،میزادەی ئیشقی،

"محەممەدئەمین زكی بەگ" دیپلۆماتی خیبرەو میژوونووسیكی ناوبەدەرو خەڵكی سلیمانیە، كە بە زوانەكانی عەرەبی و فارسی و توركی و ئینگلیزی و فرانسەش ئاشنایی تەواوی هەبوو.جار بە كوردی شێعردەگوت. لە عیلمی میژوو بە تایبەت مێژووی ڕۆژهەڵات چاوگەی لێكۆلینەوە بوو و شوینەوارەكان بەشیوەی یازدەكتێب لە وی

ماوەتەوە کە بە ناوبانگتری ئەوان(کتیبی کوردو کوردستان) لە سێ جلد بە زوانی کوردییە.

"غولامرەزا رەشیدالسوڵتان ڕەشیدیاسەمی"شاعیرومێژوونووسی دەنگین وماموٚستای زانستگای تاران. ئەو لەساڵی 1274ی کوٚچی شەمسی لەکرمانشا لەدایک بوو. باوکی وی محەمەدوەلیخان میرپەنج لەهوٚزی گوٚرانی کرمانشا بوو.

باوکی ڕەشید یاسەمی مروٚڤێکی خەت خوٚش،تووروڤان دوٚست وشاعیرپیشە وئاگادار بوفەنی نەقاشی بوو. باپیری دایکی رەشیدیاسەمی،محەممەدباقرمیرزا خوسرەوی،نووسەری چێروٚکەکانی منشوور(شمس وطغرا) وهەرواشاعیرێکی بەتوانا بوو.

رەشیدیاسەمی زوانی فرانسەی لە قوتابخانەی(سن لویی)فیربوو ولەگەڵ ئەدبیاتی فرانسە ئاشایی پەیداکرد. لە دوایی تەواکردنی خوێندنەکانی بە بوونی ئامادەگی شێعری وئەدەبی وعیلمی لەگەڵ شاعێرانی و نووسەرانی وەکوو (ملک الشعرای بەهار) وعەباس ئیقبال ئاشتیانی، وسەعیدنەفیسی، ئاشنا بوو، ولەگەڵ عەلی دەشتی لە نووسینی وتار و شێعرەکانی لە ڕوٚژنامەی شەفەقی سوور هاوکاری هەبوو. وتارەکان و شێعرەکانی هەروا لە گوٚڤاری موعتەبەری نەوبەهار، ئایندە،ئەرموغان،تەعلیم وتەربیت، ومیهرچاپ وبڵاودەبوٚوە.

ڕەشیدیاسەمی گەلێک کتێبی نووسی لەوانە دوازدە کتیب کە لە هەمووان بە نابانگترند،دەبێ لە کتێبی موعتەبەری عیلمی و مێژووی وی یادبکەین: (کوردو پەیوندداری ڕەچەڵەیی و مێژوویی وی)، هەروا لەکتێبەکانی "مێژووی ملل ونحل"کورتە مێژووی ئیران" مێژووی تووروڤانی هاوچەرخی ئیران" وەرگێرانەوەی "مێژووی ئێران لە سەردەمی ساسانیان" نووسینەی کریستن سن،وەرگێرانەوەی جلدی چوارەمی"مێژووی تووروڤانی ئێران" ادواردبڕوان،کەلەهەمووان دەنگین ترن.

ڕەشیدیاسەمی وەتاری پەهەلەوی بەفارسی وەرگێرا ولەفەلسەفەش ئاگاداریەکی تەواوی هەبوو. ئەو لەماموٚستایانی موسالمانی ئەدەبی فارسی وئەندامی دایمی فەرهەنگستانی ئیران وماموٚستای مێژوو لەزانشکدەی ئەدبیاتی تاران بوو. ڕەشیدشاعیرێکی بەتوانا لەقەسیدەهوٚندنەوەدابوو کەسبکی تێکەڵ بەخوراسانی وعیراقی هەبوو.

"میرزادەئیشقی" کوڕی حاجی سەیدابوالقاسمی کوردستانی کەلەهەمدان لەدایک بوو لەشاعیرانی هاوچاخ کەبەنامبانگترەلەمەیە کەپێویست بێ لێرەسەبارەت بەوی

هەتائامازەیەک بەژیانی وی بکرێ. مردوخ سەبارەت بەوی نوسیویە: (عیشقی لاوێکی بەغرورو،حەساس ونیشتمان دۆست وخوین گەرم وهەبووی سەرێکی تەژی لەشۆرش وشەوق بۆنموونەسەبارت بەئەوین بەنیشتمان وتوویە:

(خاکم بەسر،زغصە بەسرخاک اگرکنم

خاک وطن چورفت، چەخاک بەسر کنم

"آوخ، کلاە نیست وطن، تاکە از سرم

بر داشتند..... فکرکلاهی دگر کنم

من آن نیم بەمرگ طبیعی شوم هلاک

وین کاسە خون بەبستر‌راحت هدرکنم

معشوق"عشق"! ای وطن ای مهدعشق پاک

وی آن کە ذکر عشق تو شام و سحر کنم

عشقت نەسرسری است کەازسربەدرشود

مهرت نەعارضی است کەجای دگر کنم

عشق تو در وجودم مهر تو در دلم

باشیراندرون شدو باجان بەدر کنم(30).

دوو کتێبی دیکەم بە دەستی گەیشتن کە هەر کام لەوان ناوەکانی شاعیرانی کورد لەگەڵ ژیاننامەی هەر یەک لەوان تیدا نووسراوە. یەکیان(تذکرەحدیقەامان الهی) نووسینی میرزاعەولای سەنەنەدەجی نازناو بە(ڕەونق)لە چلۆنیەتی شێعری گروپێک لە شاعیرانی کوردستان لە سەدەی سیزدەهەم. کتیبەکەی دیکە"حدیقەسلطانی" نووسینی محەممەدعەلی سوڵتانی لە ژیان و شوینەواری شاعیرانی بە ناوبانگی کورد و ئەو شاعیرانەی لە سەردەمی تەیمور هەتاهەنۆکە شێعریان بەزوانی کوردی هۆندۆتەوە. لەخوارەوەدیسان بەهەل ومەرج تەنیا بەهینانی ناوی شاعیرانیک باسکراوەلەودووکتیبە بەبێ هینانەوەی ژیاننامەیان ونموونەی شێعرای بەس دەکرێت.

ناوی شاعیرانی"تذکره حدیقه امان الهی" سەدەی سیزدەهم کوردستان ئەمانەن: والی امان اللەخان ثانی، الفت، اکبەربەگ،ئەفسەر،فەزوللەبەگ ئەسیم، شیخ ئرحمەد،ئاغاکازم پرتو، جوهری، حەیران،حاوی، مەلاحیدرتەقی حەسرەت، خوسرەوخان والی والاشان، خەلیلی،خورەم، خوسرەوبەگ،محەمەدخواجە،مستەفابەگ داوری،عەبدوللە راجی،رابیت،میرزاسەلیم،مەلاسمایل مونەجم،میرزاعەبدولباقی شەیدا،شایق،سالح،سادق،میرزامحمەدحوسین عەلی،میزاعەولاعەوام، فەتحی،مسافر،شیخ مقیم،مەجید،مفتون،مەلاعەبدولعەزیز،نازر،هدایەت،یوسف،شیخ محەممەد، خاتوون مەستوورە کوردستانی،خاتوون والیەکوردستانی، شێخ یوسف سەنەندەجی.

تذکەرەنووس بۆ شیکردنەوەی ژیاننامەولێگێڕانەوەی نموونەی هەریەک لەشاعیران ناوبردووی سەرەوە زۆروکەم لاپەڕەکانی بە ڕادەی خوارەوە تەرخان کردوە. لە33لاپەرە،لە45لاپەڕە،لە13لاپەرە،لە21لاپەڕە،لە8لاپەڕە،لە6لاپەڕە،لە32لاپەڕە،لە 22لاپەڕە هەتادواییین(31).

لەکتێبی"حدیقەسولطانی" نوسینی محەممەدعەلیسوڵتانی کەژیاننامە وشوینەواری شاعیران بەناوبانگی کورد وکوردی بێژان لەسەردەمی تەیموورهەتاهەنۆکەیە بۆ خۆپارستن لەبابەتی دووپاتکردنەوە دوو شێعر بۆنموونەوتەنیاناوی چەندشاعیردێنین لەزورتریان بەفارسی دری وکەمتریان بەپەهلەوی وکوردییە.

بۆنموومە لەنساندنی(ئاغای عینایەت) دەنووسێ شێعری بەفارسیشی هەیە وشێعری فارسی ویشی هیناوەتەوە.

شعێرەکانی جەلیل زەنگەنەی هەمووی فارسییبە.
لەشێعری (حەیران)کوردی وفارسییە

شێعرەکانی ڕەشیدیاسەمی هەمووفارسییە

شێعرەکانی سوڵتان کرمانشاهی سەرجەم فارسییە

لەشعێرەکوردەیەکانی مەلائەحمەدکلاشی دەخوێنینەوە:

قمرپیشانان حوریان دستور خورشید جمینان جمین شعله نور
ابروقواسان قوس قزح بیز لؤلؤ دندانان دانه صدف ریز

سیمین گردنان گوی سیمان غبغب پنجه رنگینان نارنجی نقیب
غنچه دهانان لبپره گل بیز مژه پیکانان زهرآلوی هون ریز

شێعرەکوردیەکانی کلنل ئەڵماسخان لەشاعیرەکانی دەنگینی هەوەلی کوردی هۆنینەوەی سەردەمی نادری:

فریدون فر فرخ نژاد کو؟

فرکیکاووس هم کیقباد کو؟

کیکاووس وجنگ جادوگران کو؟

داوای دیوسفید مازندران کو؟

قهرقهرمانان روژ دعوا کو؟

پردل پیکان سماپیماکو؟

فر فریبرز هفت اقلیم گیرکو؟

بزور،فرامرز،یازال پیرکو؟

گیوهنرمندصاحب سپاکو؟

بروت بیژن گیرودەچاکو؟(32).

سەرچاوەکان:


28-مجلەیادگار.شمارەهای 6و7.سال پنجم.
29-برگرفتەازجلداول تاریخ مشاهیرکرد.تالیف بابامردوخ روحانی (شیوا)
30-اغلب برگرفتەازجلددووم وسوم تاریخ مشاهیرکرد.تألیف بابامردوخ روحانی(شیوا).
31-تذکرەحدیقەامان الهی میرزاعبداللەسنندجی متخلص بەرونق. دراحوال واشعار عدەای از شعرای قرن سیزدهم.
32-گزیدەشدەازکتاب حدیقەسلطانی. احوال وآثارشاعرانی برجستەکرد وکردی سرای. ازعصرتیموری ناعصرحاضر.تألیف محمدعلی سلطانی.
33-یحیی آرین پورازصباتانیما.چ ا. صص 20و21.

"میرزافەتعەلی خان سەبا"شاعیری بارەگای فەتعەلی شای قاجار لە شاعیرانی ڕەچەڵەکوردو دەنگینی سەرەتای سەدەی سیزدەهەمە کە نازناوی (مەلک الشعرا)ی دراوەتێ. ئەو لە نەوەکانی سەرۆکانی کوردی دونبلی ئازەربایجان بوو کە لە خۆی و مەراغە حکوومەتیان هەبوو. لە سەردەمی سەفەویەکان(شاعەباسی دووەم)لە پاریزدارو پاریزگەرانی ولاتی ڕۆژهەلاتی ئیران لەغەزنەین بوون.

بەڵام میرزافەتعەلی خانی سەبا،لە کاشان لە دایک بوو،سەرەتالەپێهەڵگوتوانی لوتفعلی خانی زەند،قارەمانی زەند، وەک دەڵین دیوانێکی لە تاریف ومەدح وسەنای ئەم شازادەیەی نەترس وبی باک هەبووە. ئەو بەتاوانی هەبوونی دیوانەکی ئەوها،سەردەمێکی زۆر کەوتە بەرغەزەبی ئەوانەی بەسەر(لوتفعلی خان دا)زاڵ بوون، هەتڵەو هەڵوەدابوو هەتا لە چاخێک کە باباخان(فەتعلی شا)لەلایان مامی خۆی(ئاغامحەممەدخان) بەحوکمڕانی فارس گەیشت. لەوسەردەم میرزافەتعلی خان چوولای وی. باباخان(پالشای دوایی)کەبۆخۆی شاعیروسیوادار بوو ڕیزی لەفەتعلی خانی سابا، لێگرت ولاواندیەوە.

سەبا،لەساڵی 1211کۆچی ق،چووتاران لەجەژنی لەسەرتەخت دانانی فەتحعەلی شا،قەسیدەیەکی ڕەوان وبڕناوەرۆکی بەم مەفهومەخویندەوە:( دوآفتاب کزآن تازەشدزمین وزمان –یکی بەکاخ حمل شد،یکی بەگاه کیان)لەدوایی ئەم قەسیدە ئیدی ئیحترام وریزلێنانی سەبالەبارەگای قەبەبۆوە هەتابوو بە هاونشین. ملک الّشعراسەبا،لەتوورڤانی فارسی دەریابوو،زۆر بە سەر وشەی عەڕەبی دا زاڵ بوو. ئەوگەلێک شێعری لە هەڵبەستی ئەویندارانە،دووخشتەکی،چوارخشتەکی،پینج لەتەشێعر،هۆندۆتەوە،بەڵام هونەری مەزنی وی پارچەشێعری درێژ یانی(هۆزان)ە. سەبا،لەم شێوەیەدا لەحالێکداکە ودواکەوتنی سبکی ئەنووەری،هەبووی سبک وشێوەیەکی تایبەتە کەلەدوایی داقائانی وئەدیب الممالک فراهانی و گەلێکی دیکە لە شاعێرانی سەدەی سێزدەهەم،لە سبکی و شیوەی ئەوییان لاسا کردۆتەوە.

دیوانی سەبا،دەهەتا دوازدە هەزار بەیت دەبێ. جگە لە"شانامە" کە بەسبک و لاساکردنەوە لە شانامەی فیردەوسی یە،کە لە تاریف و پێهەڵگوتن و نووسینی ڕووداوی پاڵشاکانی فەتحعلی شاو ماثرئاغامحەممەدخان و باوباپیرانی ئەوان و شەڕەکان و سەرکەوتن پیروزیەکانی عەباس میرزا لەگەڵ قۆشەنەکانی ڕووس هۆندۆتەوە،چوارخشتەیەکیشی بەناوی(خوداوەندنامە) لەتاریفی موجیزەی پێغەمبەری

ئیسلام وشەرکان وقارەمانەتیەکانی عەلی هەیە. دوو شێعری دریژیش لەوی بەجێماوە یەک (عیبرەتنامە)و ئەوی دیکە(گوڵشەننامە) کەلەباشترین شێعرەکانی وین.

"ابوالقاسم لاهوتی" لەسالی 1266کۆچی شەمسی. لەکرمانشا لەدایک بوو. باوکی پێڵاودرویەکی مەنشوربوو،باوک وکوڕهەردووشاعیروئازادیخوازبوون. ابوالقاسم بۆبەردەوامکردنی خویندی خۆی چووتاران. لەتەمەنی 18ساڵی دابەزوانێکی ئازادیخوازانەشێعری هۆندەوە کەلە ڕۆژنامەی"حبل المتین"چاپ کراوهۆکاری ناوبانگ وشانازی شاعیری لاو بوو.

لاهوتی لەسالی 1284کۆچی ش. لەتاران شەوانەقاقەزی سیاسی بەناوی(شەونامە)بڵاوکرد. لەئینقلابی مەشروتە لەڕیزی فیداییانی ئازاد قەراری گرت. لەشۆڕشی جەنگەڵ لەهاوپەیکارانی میرزاکوچک خان بوو. لەوسەردەمداشێعرەکانی وی لەقەسیدەبگرەهەتا غەزەل وتەسنیف لەڕۆژنامەکانی سەردەم وەکوو حبل المتین وئیرانی نوێ بڵاودەکرانەوە.

شاعێر لەدووساڵی هەوەڵی شەری یەکی دونیاگر،ڕۆژنامەی بێستوونی لەکرمانشا بڵادەکردەوە. دوایی بۆ تورکیە چوو،لەوی گۆڤاری ئەدەبی پارسی دانا. پاشان بۆئێران گەڕاوە واردی خزمەتی ژاندارمەری بوو.ئەفسەری لاوی ژامدارمەری چون هەل ومەرج وبارودۆخی وڵاتی ناهیوادابینی،دیسان بەدژی دەوڵەت شۆڕشی ڕیکخست کەدەفعەی دووهەم بۆشوورەوی چوو وهەتائاخری تەمەنی لەوێ ماوە وبەتێکۆشانی تورڤان وسیاسی خۆی هەروابەردەوام کرد.

لاهوتی هەرجۆرەشێعری هەیە. هۆنراوەی ئەوین(غزل)بەستە(قطعە)جێرۆک،تەسسنیف،چوارخشتەکی(رباعی)شێعربەشیوەی قەدیم وبەوەزن وقافیە وبەوەزنی هیجایی و قسەکردن.(لحن مکالماتی). وەرگێڕاوەکانی شێعری لەشوێنەواری کەلاسیکەکانی ڕووسی و ئەدبیاتی دونیا هێندیک سرود وگۆرانی،شانۆنامەیەکی جوانی بۆ یەکێک لە یەکەمین شانۆکانی تاجیکی بە ناوی کاوە ئاسینگەر، ڕیکخست.

سەعیدنەفیسی لەدوایی چاوپێکەوتنی لەساڵی 1315 بەلاهوتیسەبارەت بەوی دەنووسێ: (هەمووئاخافتنەکانی لاهوتی لەگەڵ من سەبارەت بەئیران بوو. دووری لەئیران ئاگری لەدلی بەردابوو. بەداخەوە کەهەربەوئاگرش سوتا. دەیان کەڕەت بەمنی گوت ئارەزوو تاسەی ئەمەیە کەلەئێران بمرێ ولەخاکی ئیران بەخاکی بسپێرن

ولەشیکردنەوەی ئەوینی خۆی سەبارەت بە شوینی لەدایک بوونی گوتوویەتی:
(من آن مرغ چمنم که دروطن خواهی **** بهشت رانسانم بەجای لانی خویش)

لەنیوشێعرەکانی لاهوتی کەبەئەوین نیشمانی هۆندۆتەوە شێعری خوارەوە نموونەیەتی:

(بشنوآوازمراازدور، ای جانان من *** ای گرامی ترزچشمان،خوب ترازجان من)
اولین الهام بخش وآخرین پیمان من** کشور پیرمن،اما پیرعالی شأن من)
طبع من،تاریخ من، ایمان من، ایران من)

من جداافتاده ازپیش تو، فرزندتوام*** لیک روحا پای بند مهرو پیوند توام)
دایماگویا که در آغوش دلبند توام *** والە بگذشتە بی مثل ومانند توام )
مخلص تو،عاشق تو، آرزومند توام)

لە کۆتایی ئەم بەشە لە کەسایەتیەکانی توژێنەر وزاناوخیبرەوپسپۆرو نووسەران و وەرگێرانی کوردی هاوچاخ کە لە شوێنەواری ئەوان لەم کتێبە بەهرە وەرگیراوە دەبی و پیویستە بە محیبت وەدەستخوشی و ئافەرین ناویان ببردرێ. پلەو پایە بەرزانی کورد وەکوو حەزرەتی ئایەتوولڵا شێخ محەممەد مردۆخ کوردستانی،ڕەشیدیاسەمی، ئیحسان نووری پاشا، سیروس ئەیزدی، مراداورەنگ،سەدیق سەفی زادە بورەکەیی، محەممەدقازی،برایم یونسی، کلیم اللەتەوحدی، حەیدەربهتویی، سیدعەلی میرنیا،مەسعودگوڵزاری،عبدالحوسین سەعیدیان و دەیان کەسایەتی دیکە کە باشترە ئەو ناوەمبارەکانەو ناوی کتیبەکانی پڕبایەخیان لە پێرستی سەرچاوەکان و ووەرگرتنی ئەم کتیبە لە پێشەکی موتالاّ بکەن.

سەرچاوەکان:

34-هەمان کتاب.ج 2.صص 492 هەتا 499.

## بەشی هەشتەم

## تاڵخ وانان،هاوپەیکاران،بەرگریکەران.

لە ڕاستیدا ئێرانیەکانی خاوەن پێنووس کە سەبارەت بە مێژوو و پێناسی خەڵکی کورد کتێبیان نووسیوە یان وەریانگێڕاوەتەوە، خزمەتێکی مەزن و لێهاتوو جێی عافەرین ودەستخۆشیان بە مێژوو مللەتی خۆیان کردوە.

و ئەم هەنگاو هەڵینانە لەو ڕووەوە گرنگە  کە دەبینین کۆنەپەرست کە لە ماوەی سەدەکانی زوو بە دەسەڵات گەیوە،بۆ کزولاواز کردنی دەوڵەتانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵات، و بۆزاڵ بوون بە سەرئەواندا،چ دەنگۆی ڕەنگ مێژوویی و چ تەون وبەستێکی بۆ لە بەریەک دابڕان و ڕەواندنەوەی یەکیەتی دە زاری خەڵک توراندوە. زێدە لەمە،لە نیوان نەتەوەی کورد یان قەومی ماد و براکانی دیکەی هاو بنەماڵە ئێرانیان، دیوارو شوورەی پەرژینی جودایی کێشاوە و بێ لێبڕانەوەتێکۆشاوە هەر دوو لایان لە یەکتر بێ خەبەرڕاگرێ، و هەتا جاروایە لە حەولدا هەستی تاکانەیان سەبارەت بە یەکدی زەدە پێ بێنێ و کلۆرکات و بە قەولی ئایت اللە مردۆخ" مادوپارس کە ماکی لێکنادابڕوی تاقانەی مللەتی ئێرانن" و دەستی چەپ و ڕاستی یەکترن سەبارت پێکدی بێگانە بکەن. بەڵام لە خۆش شانسی مێژوو نووسانی کورد و ئەو وەرگێرانەی کە بە فەرهەنگی بەهەشتی وبایەخەکانی مێژوویی نیشتمانی خۆیان ئاگادارن بەو کتێبانەو، وەرگیڕاوانەی خۆیان تەلەسم و ئەفسونی دەنگۆی شێوە مێژوویی کۆنەپەرست و داگیرکەریان شکاندوەو پێناسی تاقانەو شبهە و گومان هەڵنەگری نەتەوەکانی ئیرانیان بۆ هەمووکەس ئاشکراترکردەوە.

هەمووخەڵکی ئێران لەهەرنەتەوەیەک لەسەرجەمی درێژایی مێژوو لەبەرامبەر دەیارانی دەرەکی لەگەڵ یەکتر پێکەوە لەوڵات ونیشتمانی خۆیان بەرگری کردوە بەتایبەت هۆزی ماد یان کوردەکان بەهۆکاری سەقامگیربوونیان لەتالخ وتخووبەکان ڕۆژئاوای وڵات هەمووسەردەم وچاخێک زێدەتر لە لەنەتەوەکانی تری ئێرانی لەبەرسێرەی هێرش وکاتی بەرگری قەراریان گرتووە. بەم بۆنەوهۆکارەیە کەکوردەکان ومێژوو نووسانی کورد،ڕۆڵی خۆیان لەبەرگری کردن لەنیشتمان لەئاوینەی چیڕۆکەکان وراپۆرتەکانی حەماسی شانامەی فیردەوسی دەبینن وشەڕەکانی خوونکاران وپاڵەوانانی شانامەی بەشەڕەکانی کوردەکان لەگەڵ نەیارانی نادەبەن ودەنووسن پێشدادیان کورد بوونە،کاوەئاسینگەر کەزوحاکی عارەبی تیکشکاند کوردبووە،بنەماڵەی سام وزاڵ ورۆستەم کورد بوون کەلەڕۆژئاوا لەگەڵ عەشیرەی وتیرەکانی خۆیان بۆ

پاریزگاری لەسنوورەکانی ڕۆژهەلاتی وڵات ناردراون وبنەماڵەی گیوو گۆدەرز هەربەمۆرە.

لە دوای سەردەمی چێرۆک کاتیک،چاخێک لە سەردەمی 1500ساڵەی مێژووی دێرێن بڕوانین دەبینین لە نەخشی میژووی ئیران زنجیرەپاڵشایانی ماد یان کورد بەرلە هەخامەنشیان ودیسان زنجیرەی خوونکارانی کورد وڕەچەڵەکوردی ساسانی لەدوایی پارثەکان لەوڵاتیک سەلتەنەتیان هەبووە، کە بە نووسینی سەرجەم تووژینەران و مێژوو نووسان، کوردەکان لە سەردەمی هەریەک لە چوار زنجیرە لە سوپایەکانی ئیران بە غیرتترین جەنگاوەرو سەربازانیان پێکدەهێنا. هەرواش بووە لە سەردەمی دوایی ئیسلام کە سەبارەت بەمە و سەبارەت بە وی یانی سەردەمی دێرین،ئێستا ئەلێرە لە کتێبەکانی نووسەرانی کورد دەگێڕینەوە:

کلیم اللەتەوەحدی(ئۆغازی)لە ژێرناوی کوردەکان گرنگترین تاڵخوانان و سنوور پارێزان و سەربازانی ئێران، دەنووسێ: (بە شایەدی مێژوو کوردەکان لە کۆن و قەدیمترین ئارییایەکانن کە لە گۆڕەپانی ئاسیا دانیشتوو سەقامگیربوونە و ناوی پیرۆزی ئێرانیان کە بە مانا(ئاگردانە) لە سەر دانا و یەکەمین حکوومەتی ڕیک و پێکی دونیای ئەو سەردەمیان بەناوی (ماد) پیکهینا ولەگەڵ حکوومەتەکانی بەدەسەڵات ودەسدریژکەری ئەوڕۆژگار بە پەیکارو تێڕۆهاتن و بەربەرەکانی ڕابوون و لە تاڵخی ئێرانیان بەرگری کردوە.

مێژووی کورد تەژی لەشەرو بەربەرەکانی گیان بەخت کردنە کەلەسەرجەمی ئەواندابەدوای ئامانجێک دەکەون ئەویش پاراستنی سەربەخۆیی ئیران)ە.

تەوەحدی (ئۆغازی) لەبەردەوم بووندا دەنووسێ: بەڵی براگیان! هەردست دریژکەریک لاق لەخاکی ئێران دابنێ کوردەکان ڕێگای لێدەگرن، ئەوی دەردەکەن. ئەوانەی ئێستاکانە تۆمەتی بەدرۆی جێاخوازی لەکوردان دەدن،ئیکجارلەهەڵەدان. چونکەکوردەکان ئێرانین ولەئیران بوونەو لەئیرانیش دەمردن. کوردەکان لەهەرشوێنیکی دونیا کەهەبن ئێرانین دڵیان بۆئیران وناوی ئیران لێدەدا.

ئەگەر یەک دوو سەدە پێشتر بە شێکی گەورە لەگۆڕەپانی کوردستان کە بەشێک لەخاکی ئێران بووە و هەیە بە هۆی بێ لەیاقەتی لێنەهاتوویی پاشاکان و دەسەڵاتدارانی کاتی بەدەستی کۆنە پەرست و داگیرکەرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پارچە پارچە بووە لە بەرامبەر خۆشەویستی و دڵپیوەبوونی کوردەکان لە دابڕان لە ئێرانی

دایک قایم و بەجەمتر بووە. جیابوونەوەی سەرزەمینەکانی کورد لەدایکی نیشتمان بەڵگەی ئەمە نییە کە کوردەکان لەو دەڤەران ئێرانی بوونی خۆیان لە بیربردۆتەوە،بەڵکوو ئەوان سەرجەم  لە هەر شوێنێک کە لێین لەگەڵ نۆکەران وجیرەخۆران ودەست نیشاندەی ئەمپەڕالیزم لە پەیکاردان، لە ئیراق لەتورکییە...

دەستەکانی براوی قارەمانانی وەک(ساروبیرە) لەشەڕی چالدران و(ئەمیرخان برادۆستی لەپ زێڕین)لەئازەربایجان ودلی قەڵشاوکراوی(جەجوخان) لەخوراسان هەموو بەسەرجەم هۆکاری گیان بەخت کردنی شێرەمرۆڤانی کورد لەپێناوی سەربەخۆیی ئێران بوو(1).

کلیم الله تەوەحدی(اوغازی) کورد لەپێشەکەی کتێبەکەی خۆشی نووسیوە: (کوردەکان هیچ کات خۆیان لەئێران و ئێرانی بوون بەجودا نەزانیوە،لهسەرجەمی درێژایی مێژوو بۆپاراستی ئاوگڵ وولات ونیشتمانی خۆیان حەولیانداوەو گیانیان بەخت کردوە.)

حەیدەربهتووبی لە پێشەکی کتێبی خۆی دەنووسێ: ( مێرخاسانی کورد کردەوی پیچەوانەی شەڕافەت و تێکەوتن و نوقم بوون لە زلکاوی ناحەزی لێهاتووی کەسایەتی خۆیان نازانن. عەشیرانی باوباپیرانی ئیمە بۆ سەربەخۆیی وڵات وپاراستنی ئاوو خۆڵی ئیران گیانیان بەخت کردوە، لە سەرجەمی تاڵخ و تخوب وسنوورەکانی ئەم وڵاتی ئاهوڕایی چەکیان لەشان کردەوەو هیچ کات لە ئەرکی سەربازی کیشک دان پاشەکشەیان نەکردوە و لە هەرکات و چاخ و سەردەم لە بەرگری و دیفاع لە نیشتمان لە خەتی پێشەوەدابوونە. کوردەکان هیچ کات خۆیان لەئیران و لە ئیرانی بوون جودا نەزانیوەو نازانن(3).

ئیحسان نووری پاشا دەنووسێ: (سەرەتادەبی بلێین دەست بەسەرداگرتنی گۆڕەپانی ئاشووروفەتحی پایتەختی وی(نینوا)بەبەرای لەشکری کوردان کەلەگەڵ ئەرتەشی هوخشترەی ماد بوون،سەری گرت وبەئاکامی گەیی.

بە پیی بەڵگەی دۆزراوە پەیوەندار بە سەر دەمی کورش ئەوهاهاتووە: (اوگ باروUgbaru) پاریزگەری(گوتیە)کان(کوردەکان) لەگەڵ قۆشەنەکانیان واردی بابل بوون وخەڵکی شاریان پەناوداڵدەدا(3).

ڕەشیدیاسەمی دەنووسێ: (کورد یەکێک لە لکەکانی پیرداری بڕومەندی ڕەچەڵەئێرانییە بێ لێبڕانەوە لە دەڤەرەکانی جۆراو جۆری ئێران بە ئیحترام و لێوەشاویی ژیاوەو پەیوەندییەکانی قایمی ئەوی بە لقەکانی دیکەی داری بنەماڵەی

ئیرانی پێکەوە لکاندوە. کوردزێدە لەوە کە لە لقەکانی بنەچەکە ئێرانی بووە وهەیە بەڵکوو بۆخۆی لە پایەکانی ئێرانی بوونە. شوێنەوارەکانی دیرین و بەڵگەی نوێ لە سەرەتای مێژووی ئیران هەتا هەنوکە هەموویان بە گشتی شایەدی مەزنایەتی و دلیری و چاونەترسی و بەغیرەتی و یەک هەڵویست بوون و سیفەتەکانی جوان و جندی نەتەوەی کوردە.

سەرچاوەکان:

1-کلیم اللەتوحدی(اوغازی).حرکت تاریخی کرد بەخراسان. ج 2.صص 4و5و8و7.
2-حیدربهتویی. کردوپراکندگی اودرگسترەایران. مقدمە.
3-احسان نوری پاشا.تاریخ ریشە نژاد کرد.ص 8.

دەکرێ کوردستان بە ئولکەیەک دابنین کە خوێنی ئێرانیانی سەردەمی دێرین و نوێ لە وێ بۆ وی(کوردستان) رژاوە. لەو رۆژەی کە(ئاماد) یانی مادەکانی دێرین) لە بەرامبەر"تیکلات پیلسر" و"ساگن" و"ئاشوربانی بال" پاڵشاکانی ئاشوور خۆیان ڕاگرت و مقاوەمەتیان کرد و لە ئاکام دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئیران دەستیان بە سەر(نینوا)دا داگرت و حکوومەتی ئاشووریان ڕووخاند. حەول و تەقەلای خەلکی کوردستانی ئیران لە کتێبە مێژووکاندا نووسراوە هەتا دەگاتە سەردەمی هەخامەنشیان و ڕۆژگاری ئەشکانیان و دەورانی ساسانیان و سەردەمی ئیسلامی هەرلاپەڕیکی کە لە مێژووی دەوران هەڵدەینەوە دەبینین ڕیزی هێزەکانی ئەرتەشی ئیران شان بەشانی دانیشتوانی کوردستان لە بەرامبەردوژمنانی هێرش کەر،سەفیان دابەستووە و ئەم نەیارانە کە جار بە ناوی ئاشووڕ و جار بە ناوی یۆنانی و ڕۆمی و سەرئەنجام هەر دوژمنێکی دیکە کە هێرشیان هێناوە زوربە ڕووی لەو پارچە، یانی لە کوردستانی ئیران کردوە.

لەوەدەست هێنانی پێشکەوتنەکانی دەوڵەتانی ئیران،کوردەکان لە سەردەمی مادەکان لە فەتحی(نینوا) و ڕووخاندنی حکوومەتی ئاشووڕ، لە ڕۆژگاری هەخامەنشیان لەسەرکەوتن بوسەر(یۆنانیان) و دەڵەتی لیدی،و دەرپەڕاندنی سکایەکانی هیرش هینەر،و لە دەورانی ئەشکانیان و ساسانیان لە دەرکردنی سوپاکانی ڕۆمی، و پاش ئیسلامیش دەبینین هەر بەمجۆرە کوردەکان لە ڕیزی هەوەڵ لە گەڵ برایانی دیکەی ئیرانی خۆیان لە بەرامبەرهجومەکانی عارەب بەرگری دەکەن، لە دوایی قبوول کردنی ئیسلام کە زوڵم و زۆری بنی ئومیە بنی عەباسی ئاشکرابوو بۆ تەبنێ کردنی عارەب هەو هەنگاوی ئەبوو موسلیم خوراسانی وسەردەمێکی دیکە لە گەل تاهیر

حوسین هەتاشام دەچن و لە گەڵ یەعقوب لەیسی سەفار وئال بویە لە شەڕ لە گەڵ عەباسیان و فەتحی بەغدا هاودەست و هەوجەنگن و سەرئەنجام لە سەردەمی دواییش کوردەکان دایم و دەرهەم و هەرکات وچاخ لە ڕیزی هەوڵەی سوپایەکانی ئێران دەبینین کە بۆپاراستنی سەربەخۆیی و بەرگری لە وڵاتی ئیران خوینیان ڕشتووەوگیانیان بەخت کردوە(4).

ئایت اللەمردۆخ موردستانی دەنووسێ: ( لەڕابردووی کورد ) مەعلووم دەبێت کە(کورد ) و(فارس) دایم ودەرهەم لەمەسەلەی سیاسی ومەزەبی،هاوهەنگاوو هاودەنگ بوونە. هەرچاخ کە کورد بەدەسەلات بووە وخاوەن قودڕەت(وەک سەردەمی مادەکان،ساسانیەکان،سەفەویەکان،زندیەکان،(نووسەر)پارسەکانیش تابع وسەربەفەرمانی ئەوان بوونە،وهەرکات وزەمان کەپارس بەهیزوقودڕەت ودەسەڵات بوونە کوردەکان ملکەچی فەرمانی ئەوان بوونە. هەرکاتیش کەیەکێک لەودووە کەوتۆتەژێردەسەلاتی دەرەکی دیسان هەردووکیان خەریک بوونە کەسەلەنوێ یەکتربگرنەوە.

پسپۆران بە عیلمی میژوو نووسیویانە لە دوایی کۆتایی هاتن بە دەوڵەتی ماد(کورد )لەئاکامی کارتێکەری ئابووری و گوزارەیی(پارس)بەشێکی مەزنی گروپی ماد بوو بەفارس ولەگەڵ ئەوان تیکەڵ بوون. بەشەکەی دیکە یانی ئەوەی مابوونەوە چوونە پاڵ کوردەکانی زاکروس، بەڵام سەرۆکانی ئەوان لە پایتەختەکانی پارس مانەوە کە خاوەنی شوغل پلەوپایەی مەزن بوون. خودی کوروش نەوەی ئستیاک(استیاک) ئاخرین پاڵشای ماد بوو و"کواکسار"ی دووەم کوڕی (ئستیاک)یش لە ناولەشکری کورش پلەی سەرداری هەبووە. لە کاتی زەروری و پیویست ئیدی سەرۆکانی ماد بە وەسیلەی سەرۆکان و سەردارانی کورد ئاگادارو بانگهیشتن دەکران. لە سەردەمی (ئەشکانیان)یش کە(پارث)کان بن پارسەکان و کوردەکان لەگەڵ دەوڵەت و پادشا، پەیوەندیان هەبوو.

کوورشی مەزن،بە پشتیوانی ومتمانە هەڵچنین لە سەرئەو دووە گروپی بە غیرەتی" ماد" و"پارس" بوو کە بوو بە(ذولقرنین). کوردەکان لە شەڕی شاپووری ئەوەڵی ساسانی، لەگەڵ ڕۆمیان کە ئەمپەڕاتووری ڕۆم"والرین "بە دیل گیرا، و لە شەرەکانی دیکەی ئیرانیان لەگەڵ ڕۆمیان وهتد...هەرکات و چاخ دۆست و پشتیوانی سوپای ئێران بوون(5).

ئیحسان نووری پاشا سەبارەت بەهاوکاری کوردەکان لەگەڵ داریوشی سیهەم لە بەرامبەر هێرشی ئەسکەندەر دەنوسێ: (لەسالی 334ی بەرلەزایین)یش کاتیک ئەسکەندەری مەکدونی هیرشی بۆسەرئیران کرد مللەتی کاردو(کورد)لە ڕیزی لەشکرەکەکانی داریوش سێهەم بوون.

ئەرستوولس(ارستوولس)راویژکەری ئەسکەندەر کەهەمیشەلەگەڵ ئەسکەندەر بوو دەنووسی: (کاتیک داریووشی سیهەم گوێبیس وئاگاداری هاتنی ئەسکەندەردەبێ سی هەزارسوارەو سی هەزارپیادەی نارد کەلەوبەری چۆمی(پینیاروس) دانەزرین وسی هەزارسەربازی دیکەشی بۆڕیزی پێشەوەی دوژمن بەرێ کرد و شێست هەزار لە مرۆڤانی "کرداک" کورد)یشی لە دوایی لەشکری دانا. هەروا ئەرستوولس، نووسیوە: "کرداک" یانی کوردەکان ئەو هۆزانەن، کە لە باکووری گۆلی وان دانیشتوو نیشتەجێن(6).

عەلی ئەسغەری شەمیم دەنووسی: (حەوت سەدە بەر لە زایین،هۆزەکانی کورد دایم ودەرهەم لە گەڵ پاشاکانی ماد و پاشان لەگەڵ خوونکارەکانی هەخامەنشی لە بەرامبەر ئاشووڕیەکان وسکائەکانی هێرش هێنەر،لیدیە و دەوڵەتانی سامی ڕەچەڵەی ڕۆژئاوای ئیران و دوایی لە هەمووشەڕەکان لەگەڵ یۆنان شمشیریان لێدەدا. لە سەردەمی پیرۆزی و سەرکەوتنەکانی کوورشی مەزن وداریوشی مەزن و لەشکر کێشیەکانی دیکەی پاشاکانی هەخامەنشی،کوردەکان کە بۆدەڤەرەکانی وڵات دەناردران لە هەرشوێنێک بە داب و نەریت وئادابی جۆراجوری ئیرانیان کە بۆ خۆشیان لەوانیان بە هرە وەرگرتبوو زۆرتر لەگەڵی ئاشنادەبوون. لەڕاستیدا ئیخلاقی مللی ومەزنایەتی ڕەچەڵەیی ئیرانی کورد لەو سەردەمی پێکهات وماوە.

کوردەکان بەبۆنەی نییەت پاکی ئیلاقەیەکی زۆرتوندیان بە پاشاکانی پارس هەبوو لەلایان پالشاکان بەپاراستنی ئاگردانەکانی مەزن بەئامانج دەگەین و هەمێشە لە پاراستن و پێشەنگی ئیران لە ئاشتی و شەڕ بوون(7)

ئایەتوالڵەمردۆخ کوردستانی دەنووسێ: ( هەربەمجۆرەکوردەکان جگەلەهاوهەنگاوبون لەگەڵ شاپووری ئەوەڵ لەشەڕی لەگەڵ ڕۆمیان وبەدیل گرتنی ئەمپەڕاتووری ڕۆم لەساڵی 244ی بەر لە زایین،کاتیک کە خوسرەو ئەنوشیروان لە ساڵی 562 بەمەبەستی شەڕ بۆلای" لازیکا" وەڕیکەوت،کوردەکان لە هەموو شوێن لە سەرڕیگای وی بە هینانی ئازووقە و تەفاقێکی زۆر بۆ لەشکری وی بەگەرمی پیشوازیان لێکرد. لە

ساڵی 626ی زایینی سوپای کوردان بەداکۆکی ئیران لە گەڵ خوسرەوپەرویز لە گەڵ سوپای ڕۆم(هراقلیوس) جەبگین.

بەرلەمەش لەسەرجەمی زەمانەکان وسەردەمی سەلتەنەتی مادەکان چ لەچاخی شەڕەکانی ئێران لەگەڵ ئاشۆڕ یان کاتی هێرشی پەیتاپەیتای سکاکان وئیدیکە،پاسەکان ومادەکان هەونیشتمان وپێکەوە لەگەل دوژمنی دەرەکی بەشەڕدەهاتن.

لەڕۆژگاری پارسەکان(هەخامەنشنیان) لەسەرجەمی بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکان ولەشکرکێشیەکانی کورش بۆلای ڕۆژهەلات یان ڕۆژئاوا یان باکوور هەمووشوێنی لەشکری ماد یانی(کورد)شان بەشانی سوپای پارس لەژێرڕکێفی کورش بوون. لەساڵەکانی 538هەتا 529ق.م)کەکورش بابلی گرت وپاشان فەلەستین وفەنیقییە،هەمووکوردکان هاوڕەزمی ولەگەڵ وی بوون(18).

ڕەشیدیاسەمی لە ڕاپۆرتەکانی استرابون دەگێرێتەوە ودەنووسێ: " کوردواکان) لە بەرامبەرسوپاکانی ئەسکەندەر و زالبوونی جێگرانی وی شەڕو خۆڕاگریان دەکرد. ئەم شەڕانە بۆ دەرکردنی سلوکیەکان(جێ نشینانی ئەسکەندەر) کە پانەگوڕاییی ئیرانی دەست بەسەرداگرتبوو و سەربەخۆیی ولات بە دەستی وان بوو دایم ودەرهەم ڕوویدەدا.

کوردەکان یەکێک لە سەردارانی ئانتیوکوس(جێ نشینی ئەسکەندەر)ی بەناوی" مولون" لەگەڵ خۆی یەکگرتوو کردوە و بە هاودەستی وی سەردارانی و سوپاکانی وی چەند جار شکەست دەدا(9).

لە پڕۆفسۆر لمتون ئەم بابەتەش سەبارەت بە وی لە هاو ڕەزمەکانی کوردان لەگەڵ ساسانیەکان هاتووە زێدە دەکەم کە لە قەولی ئەبنی بەڵخی نووسیوە: (کوردەکان لە هەڵبژێردراوانی لەشکری ساسانیەکان بوون(10).

سەرچاوەکان:

4-ڕەشیدیاسەمی.کردوپیوستگی وتاریخی او.صص 5تا 8.
5-حضرت آیةالله شیخ محمدمردوخ کردستانی. کتاب تاریخ مردوخ.صص 37و38.
6-احسان نووری پاشا. تاریخ ریشەمژادی کرد. صص 4و5.
7-علی اصغرشمیم. کردستان.ص 46.
8-آیةاللەمردوخ کردستانی.کتاب تاریخ مردوخ.صص 30تا 34.

9-اسرابون نقل رشيدياسمی درکتاب کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او.ص 160.
10-پروفسورلمتون. تاریخ ایلات ایران .ترجمەعلی تبریزی. ص 199.

کوردەکان لەبەرامبەرهیرشەکان وکوشتارەکان وتالآنەکانی عارەب.

ک.تەوەحدی(ئوغازی)دەنووسێ: ( کوردەکان زێدە لە هەر قەوم و تایفەیەکی دیکە لە بەرامبەر عارەب ڕادەوەستان. ڕوانێنێک لە شەڕەکانی جلولاء و نەهاوەند،ئەم مەسەلەی وەڕاست دەگەڕێنێ و هەروا لایانگرانی خەلکی پاوە و ئاورامانات لە یەزدگوردی سیهەم کە بەویان پێشنیارکرد کە لە جیاتی خوراسان بۆ کوردستان بچێت بۆ خۆی قسەکەری ڕاستیەک لە خوو خەسڵەت و داب و نەریت و خۆشەویستی جبلی ئەم نیشتمان خۆازانی شەڕکەرانی ئیرانییە(11).

ڕەشیدیاسەمی بە بەڵگە هێناوە بەسەرچاوەکانی مێژوویی پاش ئیسلام یەک لەوان مێژووی تەبەری و مەسعودی و بلازەری وابن ئەسیر(بلاذروابن اثیر) دەنووسێ: ( کوردەکان لە بەرامبەر زوڵم و زۆری عارەب و بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ئێران لە ژێر نیری بێگانەگان هەروادوایی ئیسلامیش،وەکوو سەردەمی ساسانیەکان و ڕۆژگارەکانی دیکەی دیرین دایم ودەرهەم لەگەڵ عارەب دەجەنگین.

هەر وەک لە سەرچاوەکانی پاش ئیسلام هاتوە،کوردەکان هەر لە سەرەتای هێرشی عارەب بە نۆرەی خۆی خۆڕاگری و شەڕیان کردەوە بەتایبەت ساڵەکانی 18 هەتا 23ی کۆچی شایەدی پەیکارەکان و خۆ ڕاگری کوردەکانە کە شیکردنەوەی وی لە(فتوح البلدان بالاذری) لاپەڕی 329، چاپی قاهیرە هاتووە.

چاخێک عارەبەکان لاقیان لە پارس نا،کە لە ناوەندی گرنگی نیشتەجێ بوونی کوردەکان بەڵکوو لانگی ئەم نەتەوەیە، کوردەکانی ئەم پارێزگایە لە گەڵ برایانی دیکەی ئیرانی خۆیان لەگەڵ عارەب گەلێک شەڕیان کردو بۆ پاراستنی" فسا" و" دارابگرد" و شوێنەکانی دیکەی فارس گەلیک قوربانیان دا.

یەکێک لەسەرداران"عمر" کەبۆشەڕی کوردان دیاری کرا" قیس بن سلمة الاشجعی" بوو کە لەگەڵ بوونی ئەوی کەعارەبەکان بەسەردای وی داوییەکان زاڵ بوون،بەڵام کوردەکان هیچ کات لەگۆنگەڵ وشەڕ لەعارەبان دەستیان نەگێرایەوە. بەتایبەت لەدەیەی سێهەمی کۆچی هۆزەکانی کورد لەپارس وزاگروس دەیان جارشۆڕشیان هەلایساند وعەربیان سەرکوت دەکرد(12) بڕواننە مێژووی تەبەری جلد سێهەم.ص 327 وکامل ابن اثیرجلدسێهە ص 309. چاپ(ئوروپا).

ڕەشیدیاسەمی هەروادەنووسێ: ( کوردەکان لەسەرەتاکەلەگەڵ ئیسلام ئاشمانەبوون لەسەرانسەری پاناگوڕایی سەرزەمینەکانی کوردنشین لەبەرامبەرهیرشی عارەبەکان شەری دەتوندوتیژیان دەکرد(بڕواننەمروج الذهب مسعودی ج. 2 ص 249 بەبعدچاپ بیروت).

سەرچاوەکان:

11-ک. توحدی(اوغازی).حرکت تاریخی کرد بەخراسان.
12-رەشیدیاسمی کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او.ص 13.

سەرجەمی سەرچاوەکان و مێژوو نووسان نووسیویانە کە کوردەکان گەورەترین یاریدەران بە(شا) و دەوڵەتی ساسانیەکان بوون چ لە شەڕی ڕوو بە ڕووبوون لە گەڵ عارەبان بەرلە شەڕی قادسیە و دەیان ساڵ لە دوای ئەوشەڕ کە هێشتا ساسانیەکان خۆڕاگریان دەکرد. چونکە کوردەکان نزیکترین هۆزەکان وەفادار بە پایتەختی ساسانی(تەیسەفوون) بوون. هەڵاتنی یەزگورد بۆ(حەلوان) لەکوردستان وڕووخانی تەیسەفوون لەسالی 16ی کۆچی کوردەکانی زۆرتر هێناسەرئەوبیروباوەڕە هەتابەیارمەتی بەیەزدگوردی سێهەم ڕەنگەبتوانن لەرووخانی دەوڵەتی ساسانیەکان پێشگیری بکەن(بڕاننە: الکامل وطبری زێل وقایع سال 16هیجری).

لە ساڵەکانی حەفدەهەم هەتا بیست و سێهەمی کۆچی،عارەبی موسڵمان ڕۆیشتووی سەرکەوتنی "شارەزوور" لە شارەکانی کورد نشین بوون بەڵام خۆڕاگری قارامانانەی کوردەکان لە ماوەی شەڕەکانی بەردەوام عارەبی بە پاشەوەداکشاندەوە. لە(ئەهواز)یش کوردەکان بە چاونەترسی بەردەوام لە لایان خەلیفە بە یارمەتی بەردەوامی خۆیان عارەبیان بۆ سەردەمێکی دووردریژ لە بەردەوام بوونی سەرکەوتنی خۆیان گیرایەوە،و بۆ دەست بەسەرداگرتنی شارەزوور سوپایەکی دیکە لە لایان

خەلیفە بۆ داکوکی بە عارەب بۆ ئەو شاری ناردرا. کوردەکان لە بەرامبەر ئەو لەشکریش شەڕی دەقورس و خوێناویان کرد بەڵام لە ئاکامدا لە دوایی تەلەفیات وکوژراوەکی زۆر کە لە هەر دوو لا کەوت شارەزوور لە لایان عارەب دەستی بەسەرداگیرا کە بە فەرمانی فەرماندەری سوپای(عیبە) کوردەکانیان سەربڕین( طبری.ج.1.ذیل وقایع سال 17بەبعدوبلاذری فتوح البلدان).

2-عەرەبەکان لەدەڤەرەکانی"ماسبذان" و"سیمرە" هەروا بەخۆڕاگری کوردان ڕوو بە ڕوو بوون. لەئاکامدا عارەب لەدوای هەرهێرشێک ودانی کوژراوێکی قورس،توانیان بەسەرکورداندا سەرکەوتووبن.(طبری وابن اثیرذیل وقایع سال 23).

"جارودعەبدی)یەکێک لە فەرماندەرانی عەرەب لە نیوان ساڵەکانی 18و23ی کۆچی بۆگرتنەوەی "دارابگرد" و"فسا" وئەهواز" دیاری کرا. ئەو لەگەڵ خۆراگریەکی ئەوها توندوتیژی کوردەکان وبەرگریکەرانی دیکەی ئێرانی ڕووبەڕوو بوو کە لە سەر ئەو هەموو هێرش کردن و کوژاو دانە نەک تەنیا سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو گیانی خۆشی لە سەر دانا.(بلاذری. فتوح البلدان. وەرگێراوەی آذرنوش. لاپەڕەی 261). بەڵام لە دوایی وی کە"فساد" و"دارابگرد"خۆیان بە دەستەوەدا عارەب بە تۆڵەی ئەو خۆ ڕاگرییەی قارامانانە دەستیان بە کوشت وکوشتاری خەڵک وتاڵان کرد(13).(طبری الرسل وولملوک. ذیل وقایع 18تا23).

عەبدولحوسین سەعیدیان دەنووسێ:( لەسەرەتای هێرشی عارەب بۆوڵاتی ئێران،مێژووی کورد ڕووناکترلەپێشووە. کوردەکان وەکوو خەڵکی دیکە تووشی چەرمەسەری وتەنگەژەی زۆربوون وزێدەتر لەنەتەوەکانی دیکە لەلابردنی هێرشەکان وپاراستنی ئابروشەڕافەتی ئیرانی وداکۆکی لەنەتەوەکانی ئیران تێکۆشاو حەولوو تەقەلایان دا.کێشکچیانی ئازەربایجان هەشت سەت هەزاردرهمیان سەرانەی شەری دا بەومەرجە کەعارەب لەکوشت وکوشتارووێرانی خەلک دەست ڕاگرن.

لەسەردەمی عەبدولملک مەروان،کویخا ثقفی هەڵگەڕاوە،خەڵکی ئازەربایجان وکوردەکان بەداکۆکی لەوی کۆبۆنەوە(14)

دینوری نوسیویە: ( موختار بیست هەزارپیاوی شەڕکەری لە بەردەست (ئیبراهیم مالک اشتر)داناو... دوایی بەم شیوەیە ژمارەی لەشکرەکەی خۆی لە سێ هەزارکەس دا کە زوربەی ئیرانی و دانیشتووی کوفەبوون...بلاذری لە قەولی"عمیر" بۆ برایم سەرداری

موختار،نووسی: (لەو چرکەوە کە پێم لە ئۆردوگای تۆ دانا،نەمبیست کەسێک بەزوانی عەرەبی قسەبکات (15) کە ئەمە شایەدی لە سەر ئەمە دەدا کە لەشکرەکەی موختار لە خەڵکی زاگروسی کوردو ئیرانیەکانی دیکە بوون.

ڕەشید یاسەمی بە لێگێرانەوەی قسەی طبری الرسل وولملوک وکامل ابن اثیر وابن خلکان ومێژووی سیستان دەنووسێ: (کوردەکان لەسالی 66ی کۆچی لە"حلوان" ڕاپەڕین.

لە سەر دەمی حەجاجی بنی یوسف لە ساڵی 83ی کۆچی کوردەکان شاری شاپووری فارس کە خەرێکی ئاژاوە بە دژی عارەب بوو هەتا تۆڵەیان لێبکاتەوە، کاتیک"عەبدولڕحمان بنی محەممەد اشعب"ڕاپەڕینی دەستپێکرد کوردەکان بۆ یارمەتی دانی چوون. عەبدولڕەحمان بە یارمەتی کوردەکانی فارس لەشکری حەجاجی تیکشکاند و دەستی بە سەرکوفەداگرت. هۆخەکانی کورد لە دوایی ئەم سەرکەوتنە بە سەرانسەری فارس دا زاڵ بوون.

بە پێی نووسینەکانی ئیبنی خەلکان و هەروا مێژووی سیستان،ئەبوو موسلیم خوراسانی کورد بوو. بە پیی ئەم خەبەرە یەکێک لە گەورەترین ئینقلابەکانی نەتەوەیی ئیران کە مێژووەکان وەریانگرتووە بەدەستی کوردان سەری گرت وبەڕیوەچووە(جلداول ابن خلکان چاپ تهران.ص 307).

لە مێژووی سیستان)یش ناوی یەکێک لە پاژەکانی کتێب بەم ناوەرۆکە دەبینرێ: دانیشتن ابوالعباس السفاح بە خەلیفەگەری و پەیرەوی ئەبووموسلیمی کورد لە وی، وسوپاکەی(16).

ک.تەوەحدی (ئوغازی) دەنووسێ: (زورتری شەڕەکانی ئێرانیان دژی عارەب بە فەرماندەری ئەبوومسلیم خوراسانی لە سەرزەمینی کوردستان ئەنجامی گرت کە ئاخرین و چارەنووس سازترین شەڕەکان لە ناوچەی"زاب" بوو. (زابی هەنۆکە لە کوردستان لەو بەری سنوورە)ئاکامی ئەم شەڕە بە تیکشکان و سزادانی توندی عارەب و ڕووخانی بنی ئومیە، دوایین خەلیفەی ئەمەوی تەواو بوو).

سەرچاوەکان:

13-همان کتاب.صص 123 بەبعد.
14-عبدالحسین سعیدیان. دایرەالمعارف سرزمین ومردم ایران.ص 1031.

15-ابوخليفه احمدبن داود دينوري. اخبارالطوال. ترجمەصادق نشأت،صص 315و316.
16-ڕەشید یاسمی.کردوپیوستگی نژادی وتاریخی اوصص 178و179.

ک.تەوحدی(ئوغازی) لەبەردەوام بوون دەنووسێ: (ڕاپەڕینی قارەمانانەی کوردان(شاپوور)فارس بەفەرماندەیی" عەبدولڕحمان اشعث" دژی حەجاج ودەرپەڕاندنی ئەوخوینرێژ لەدەڤەری فارس( کەبەسەرەوەئاماژەمان پێکرد)وهەروا ڕاپەڕینی کوردەکان دژی عارەب وخەلیفەی عەباسی(مهدی) لەسالی 148ی کۆچی لەکوردستان وئازەربایجان کەخەلیفەمەجبووربوو کوڕی خۆی هاڕوالڕشید بۆسەرکوتی کوردان بنێرێ....

شەڕەکانی کوردان بە سەرداری "جەفعەرفرجس" دژی" معتصم باللە" و تێشکانی هێرشکەرانی عەڕەب لە نزیکی چیایی"داسن".... ڕاپەڕینی کوردەکانی دەورو پشتی ئیسفەهان و جبال وکاری لە سالّی 231ی کۆچی دژی خەلیفەی عەباسی و عارەب....گیان بەخت کردن و شەڕەکانی کوردان بۆ بەپاشدا گەڕاندنەوەی هێرشەکانی تورکانی وەحشی شان بەشانی براکانی دیکەی ئێرانی خۆیان کە مەنشورە....و شەڕ و خۆ ڕاگری کوردەکان لە قەلاّی بە ناوبانگی تکریت لە بەرامبەر سێلاّوی لەشکری خویڕیژی تەیموری لەنگ..... و شەڕەکانی دیکەی نیشتمانی ئەوان هەموو بۆئێران و بۆ سەربەخۆیی و ئازادی برایانی ئێرانی و هاو نێشتمانانی خۆی بووە(17).

محەممەدئەمین زەکی دەنووسێ: ( کوردەکان لە سالی 148ی کۆچی لە سەردەمی خەلێفەگەری منسوورعەباسی لە موسڵ شۆڕشیان کرد کە لە گەڵ شورشی عەلەویەکان لە هەمدان هاوکاتی شەپۆلەکانی ئەم بزوتنەوانە ئەوها بەگوڕ هەستا کە زوربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە. ئەم ڕاپەڕینانە کە بە ڕێبەری ئێرانیان بە دژی خەلیفەکانی بوو هەتا ئەو جێگە بەرە پێش چوو کە داوینی وی لە ڕۆژهەلات گەیشتە چۆمی "سند"، و سالّهای دوردریژ بەردەوام بوو.

لە دوایی مردنی هاڕون الرشید کاتیک ئێرانیان مأموونیان لە خوڕاسان لە ئیختیارگرت لە سەرانسەری ئێران بە دژی عارەب شۆڕش دەستی پێکرد و سوپایەکی مەزن لە خەڵکی ئێران بە سەرداری تاهیرحوسێن بۆ لێخستنی ئەمین لە خەلێفاتی و دانانی مأموون لە شوێنی وی بەرەو بەغدا وەڕێکەوت.

کوردەکانیش لە سنە(سەنەندەج) و دەڤەرەکانی دیکە چوونە پاڵ ئەو لەشکرەی ئێرانی کە بە سەرداری تاهیر حوسین سازدرابوو و لەگەڵ وی بۆ بەغدا چوون و خەلیفە ئەمینیان کوشت و سەری ئەویان بۆ خوراسان، بۆ کن فەزل بنی سوهەل(فضل بن سهل) و برای خەلیفەی کوژراو یانی مأموون دەست نیشاندەی ئیرانیان نارد(18).

"عبدالحوسین سەعیدیان" دەنووسێ: ( لە سەردەمی موعتەسیم یەکێک لە سەرۆکانی کورد بە ناوی" جەعفەرمهرجس"لە ساڵی 224ی کۆچی ڕاپەڕی وبە سەر لەشکرەکانی عەرەب غالب بوو. بەلام جەعفەرلە ساڵی 245ی کۆچی تێشکا و بە خواردنەوەی زەهرخۆی کوشت هەتا بە دەستی دوژمن بە دیل نەگیرێ. لە دوایی وی عارەب دەستیان بە کوشت و کوشتارکی ترسەنووک بێبەزەیانەو وحشیانە کرد و هەموو شوێنەکیان تالان کرد کە باسی وی بەتیرو تەسەلی لە"تجارب الامم ابن مسکویە" هاتووە.

سەرچاوەکان:

17-ک. توحدی(اوغازی) حرکت تاریخی کردان بەخراسان. ج 2. صص 13و14.
18-محمدامین زکی. خلاصە تاریخ کورد وکردستان.ج 1.ص 128. چاپ بغداد.

مەسعودگولزاری و ڕەشید یاسەمی لە کتێبی "کامل ابن ذیل" ڕووداوەکانی سالی 224یان ئەوها باس لیوەکردوە: (کوردەکان بە ڕیبەری یەکێک لە سەرۆکانی کورد بە ناوی" جەعفەرمهرجس" لە سەردەمی خەلافەتی "معتصم عباسی" شۆرشیان کرد ودەستیان بە سەرموسڵ داگرت. موعتەسم لەشکرێکی نارد و جەعفەرمهر، شکستێکی توندی بە سوپاکانی خەلیفە دا وبی ڕوحمانە ئەوانی کوشت. موعتەسم،ساڵی دواتر لەشکرەکەی دیکەی بۆ شەڕی جەعفەرمهر ناردو شەڕیکی دیکە هەلایسا کە بە تێشکانی جەعفەر کۆتایی هات. جەعفەر بۆ ئەوەی بەدەستی لەشکری خەلیفە بە دیل نەگیرێ بە خواردنەوەی ژەهر،خۆی کوشت. سوپای عارەب کوشت وکوشتارو تالانێکی وحشیانەیان کرد و گەلیک لە کوردانیان بە دیل گرت و برد(20).

ئەدیب تووسی دەنووسێ: ( شۆڕشەکانی ئیرانیان بە دژی عارەب لەدەڤەرەکانی کوردنشینی ئازەربایجان و کوردستان بەدوای یەکدا ڕوویدەدا کەگرنگتری ئەوان ڕاپەڕینەی بابەک خورەم دین لە پەیرەوانی زەڕدەشت بوو کەلەسالی 201 هەتا

223ی کۆچی لەگەڵ عارەبان لەشەر دابوو (21). مەسعودی دەنووسێ : ( لەشۆرشی خورەم دینان بەتۆڵەی ئەبوومسلیم هۆزەکانی کورد وەکوو فرقە"کردکیە" و" لوشاهیە" لەتەواوی خورەم جینان موعتەبەر ترن )

ڕەشید یاسەمی سەبارەت بەزنجیرەشۆڕشەکانی دیکەی کوردان بەدژی عارەب دەنووسێ: ( لەڕووداوەکان ودەنگ و باسیک کە لە مێژووی "طبری و کامل ابن اثیر" هاتووە چاخێک کە کوردەکان لە ساڵی 252 لە ئیسفەهان و جبال و فارس بە دژی خەلیفە ڕاپەڕین و دیسان لەو ڕوو داوانەی ساڵی 252ی کۆچی ئەمە کە کوردەکان بۆ ئاریکاری"مساور" دەرەکی بەدژی خەلیفەی عەباسی هەستانەوە بزوتنەوە هەتا ئەو جێگایە بەروپێش چوو کە موسڵ بە یارمەتی کوردەکان فەتح کرا.

لە شۆڕشی "ساحەب الزنج" کە لە ساڵی 255 هەتا 270 کە 16ساڵی کێشا و لە ماوەی وی 156 شەڕ لە نیوان شۆڕشگێران و عارەب قەوما، هۆزەکانی کورد لە سەرەتا هەتا دوایین بە شداریان هەبوو. ئەم ڕاپەڕینانە بە ڕێبەرایەتی عەلی بنی محەممەدی عەلەوی بوو کە ئێرانیان ئەویان ڕێبەری دەکرد. عەلی بنی محەممەد لە خەڵکی وەرزنین"ڕی" بوو. شۆڕشگێران قارەمانەتیان لە خۆیان نیشاندا. لە بەڵگەو سەرچاوی مێژوویی هاتووە کە سوپاکانی عەلی بنی محەممەد (صاحب الزنج) زۆرینە کورد بوون.

مێژووکان لە ڕاپەڕینەکانی کوردان لە هەرشوێن بە دژی خولەفاکانی عەباسی وەکوو موسڵ و ئازەربایجان و لە شۆڕشی دەهەزارکەسی لە کوردەکانی ئیسفەهان بە ڕێبەری" عبدوللە بن ابراهیم) خەبەردەدەن.

سەرچاوەکان:


19-عبدالحسین سعیدیان. دایرةالمعارف سرزمین ومردم ایران. ص 1031.
20-مسعودگلزاری. کرمانشاهان کردستان.مقدمەص وهفده.رشیدیاسمی ص 179.
21-ادیب توسی. مجلەدانشگاەادبیات تبریز.شمارە4.سال 1328.


لە ڕووداوەکان ساڵی 281کە کوردەکانی موسڵ بە یارمەتی"حمدان بن حمدون" بە دژی خەلیفە هەستانەوە و لە پێکهینانی سەلتەنەتی (حەمدان) گەلیک تێکۆشان. لە ڕووداوەکان سالەکانی 284هەتا293 کە دیسان لە موسڵ گەلێک شۆڕش قەومان و ئەم ڕاپەڕینانە لە سەردەمی چەندین خەلیفەی عەباسی هەروا بەردەوام بوو(22).

مسعود گولزاری لەکتێبی کرمانشاهان – کوردستان دەنووسی: ( لە ساڵی 255ی کۆچی عەلی بنی محەممەد زنگی یار(صاحب الزنج) بەیارمەتی دیلەکانی زنگی شۆڕشی کرد. ئەم بزوتنەوەو ئیبقلابە مەزنە کە16ساڵ دەوامی کرد بە ڕێبەرای ئێرانیەکان بوو. چونکە شۆڕشگیڕان بە یاریکاری عەلی بنی محەممەدی ساحێب الزنج،لە سالی 267 بەسرەیان گرت،کوردەکان دەستە دەستە،هۆزهۆز لە هەرلایەک بەم شۆڕشە لکان و چوونە پاڵیان.

هەرلەوسەردەم یەعقوب لەیسی سەفاری،بووبەپاڵشا. یەعقوب لەیس،"محەممەدبنی عەولا هەزارمەرد"ی کە لە فەرماندەرەکانی کورد بوو بە فەرمانڕەوای ئەهواز دانا. "هەزارمەردی کورد" یش بەیارمەتی ساحێب الزنج(زنگی یار) شووشتەری گرت. عەلی بنی محەممەد زنگی یار نامەی بۆیەعقوبی نووسی کەهەرکات بیهەوێ دەست بەسەربەغدادابگرێ لەگەڵی هاودەست وهاوڕەزم دەبێت. بەڵام یەعقوب لەسەرئەم بیروبۆچوونە کەلەشکرەکەی دیلی کافرن قبووڵی نەکرد. لەبیرمان نەچێ لەلەشکرکێشی یەعقوب بۆ سەربەغدا،بەشێک لەلەشکرەکەی وی کوردەکان پێکیاندێنا،وبۆ بەرەوپێش بردنی تاسەی وی گیانبازیان دەکرد(23).

(بۆ ئاگاداریەکی تەواو لە شۆڕش و ئینقلابی زنگی یاران کە ناوەڕۆکی نیشتمانی و دژی عەڕەبی هەبوو بەشی دوازدەهەمی کتێبی" روندنهضت های ملی واسلامی" نووسینی غولام ڕەزائینساف پور موتاڵابفەرموون.

عەبدالحوسێن سەعدیان دەنووسێ: (نزیکەی ساڵی 240ی کۆچی چەند شۆڕش دژی عەڕەب لە ئێران قەومان. لەوانە یەکیان سەرهەڵدانی شەدادیانی کوردە، کە بنیات نەری وی محەممەد بنی شەداد لە تایفەی ڕەوادی کورد بوو کە لە سەدەی دوایی تایفەی ڕەوادی سەرچاوەی زنجیرەمەزنی ئەیووبیان بوو(24).

سەرچاوەکان:

22-رەشیدیاسمی.کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او. صص 180و181و182.
23-مسعودگلزاری کرمانشاهان- کردستان. مقدمه. ص وبیست.
24-عبدالحسین سعیدیان. دایرةالمعارف سرزمین مردم ایران. ص 1031.

محەمەدئەمین زەکی دەنووسێ: (برایمی کورد- باوکی ئەبوو موسلیم دیسم-سەرەتا لە لایانگرانی "شاری" یەکێک لە ڕیبەرانی خوارج دژی خولەفابوو. لە دوایی کوژرانی "شاری" برایم بۆ ئازەربایجان چوو لە وێ کیژیکی لە بنەماڵەکانی کوردی مارەکرد( دیسم لەو ژنە بەدونیاهات. دەیسم، لە سەرەتا یەکیک لە سەردارانی ساج بوو. لە دوایی وەفاتی ساج لە ساڵی 338ی کۆچی دەستی بە سەر هەموو ئازەربایجان داگرت(25).

محەمەدئەمین زەکی لەکتێبەکی دیکەی خۆیدا دەنووسێ: (دیسم لە دوایی گەلێک شەڕو دەرگیریەکانی لەگەڵ مەرزەبان بنی مملان بە یارمەتی وشمگیری زیادی بەسەر مەرزەبان کە ئەویش کوردبوو سەرکەوتوو بوو،بەڵام لە گەڵ وی ئاشتی کرد. کاتیک مەرزەبان لەگەڵ ڕکن الدولەی دیلەمی پەیوەندی کرد....دیسم،ئیدی خۆی لە بەر ڕانەگرت و بۆ بەغدا، لای معزالدولەی دیلەمی چوو لە دەموودەزگای وی بە پلەیەکی مەزن گەیی(26).

منشورترین وبەناوباگترین وموعتەبەرترین کتێبەکانی دوایی ئیسلام کە لەواندا سەبارەت بەشەڕەکان وبەرگری کوردەکان بۆ ئێران وداکۆکی ئەوان لەدەوڵەتەکانی ئیرانی خەبەرو ڕاپۆرتەکانی وەبەرچاو دەکەون کتیبەمێژووەکانی تەبەری،مەسعودی،یەعقوبی، موقەدەسی، بلاذری، دینوری، ابن مسکویە، و هەمزە ئیسفەهانی، و ابن اثیرەیە.

سەرچاوەکان ووەرگرتنەکابی سەرەوە بۆیەلێرە وەبیردێنینەوە هەتامەعلووم بێ ئەوبابەتانەی کەئەم نووسەرە لەکتێبەکانی تۆژەرانی هاوچاخ لەکتیبی حازر نەقل وقەول کراوە هەمووموعتەبەرە ونووسەرانی ئەوکتێبانە لەهەمووشوێن بەبەڵگەو ئەومێژوونووسانی فەرمی ومەنشور لەدوایی ئیسلام بابەتەکانی خۆیان نوسیوە وهەربابەبتکیان لەهەرچاخ بۆئەوان ناردوون.

ڕەشیدیاسەمی دەنووسێ:(کاتیک کە یەعقوب لەیسی سەفاری،بۆلەبەین هەڵگرتنی حکوومەتی خەلیفەکان وهەڵبڕانی شوێن تێکەری ئەوان لە ئێران لەشکری کێشی بۆ بەغدا کرد،هۆزەکانی کوردلە ڕیگاە بۆ ئامانجی وی گیانی خۆیان بەخت کردهەتا ئەوڕادەیە کە یەعقوب یەکێک لە سەرۆکانی کوردی بە ناوی" محەممەد هەزارمەرد" لە ئەهواز بە حکوومەت و فەرمانڕەوادانا".

له مێژووی سیستان(لاپەڕەی 220- 228) جگە لە وەی کە لە زورینەی کوردەکان لە پارێزگای فارس و هەروا سەبارەت بە ئالیکاری و یەکدەستی کوردەکان چاخی هاتنی یەعقوب لەیس بۆفارس قسەی کراوە،نووسراوە کاتیک یەعقوب لەگەڵ پاریزگاری خەلیفە"محەممەدواسل" شەڕی کرد سوپاکانی عەڕەب شکەستیان خوارد،پاریزگار لە دەست یەعقوب هەڵات و بۆسیراب چوو. لە سیراب پیاوەکی مەزن هەبوو،لە وێ، کە کوردەکان بەویان (ڕاشدی) دەگوت. هاتەدەرو محەممەدواسیل والی پاریزگاری بە شەڕگرت.... ئەوی بە سەر ڕووتی و بەدەست بەستراوی سواری هێسترکردو بۆ لای یەعقوب برد ).

سەرچاوەکان:

25-محمدامین زکی. تاریخ الدول والامارات الکردیه.ص 68.
26-محمدامین زکی. خلاصه تاریخ کوردو ککوردستان.ج 2.ص 35و36.

له سەردەمی سەلتەنەتی ئال بویە،کە بە خولەفاحاکم بوون و بەغدا پایتەختی وان بوو کوردەکان هەموو کات هاودەست و هاوکاری "ال بویە" بوون.

لەلشکرکێشیەکانی دیلیمان(ال بویە،بەتایبەت "عضدالدولە" هۆزەکانی کورد گرنگترین بەشی سوپاکانی ئێرانیان پێکدێنا و"عضدالدولە" زۆرینەی لەشکرەکانی کوردی بۆ شامات وسوریە برد و لەوی بەبەرپرسایەتی شوغلی دەمەزن وگرنگ پێ ئەسپاردن کە ئەم "دروزی" یانە نموونەیەک لە کوردەکانی ئەو دەڤەرانن.

ڕەشید یاسەمی لە بەردەوامبوونی بەشی دەورەی دوایی ئیسلام لە دوایی باسکرنێکی تیروتەسل لە هاوکاری و ئالیکاری کوردەکان لە شەڕەکان و شۆڕشەکانیان بە دژی خەلیفەکانی عەڕەب دەنووسێ: (ئەمە بوو کورتەیەک لە ڕابردووی هۆزەکانی کورد لە سەرەتای هێرشی عەڕەب هەتا سەردەمی دەسەڵاتی تورکانی سەلجوقی هەر وەک لە هەرسەردەم بەئاشکرابینیمان کوردەکان کاتی هێرشی هۆزو تیرەی عارەب بۆ سەر ئێران هەموو کەڕەت مێرانە خۆڕاگریان کردوە و گەلێک ئینقلابیان کردوە و بۆ گەرانەوەی کش و هەوای سەردەمی ساسانی لە چ خۆ بەخت کەری دریغ و موزایقەیان نەکردوە. لە سەر ئەو هەمووش کوردەکان وەکوو هەموو ئیرانیەکانی دیکە تووشی کوشتن و تالان و بەڵاو مسیبەتی جۆراوجۆر بوونە و لە گەڵ هەرکەس و هەر بزوتنەوەیەک کە دەژایەتی دەولەتی خەلیفەکان بووە هاوکاری و شۆڕشیان دەکرد.

کوردەکان بۆتێکدان وپێشگیری لەزاڵبوونی عارەب هەتا لەگەڵ خوارجیش هاودەست دەبوون هەتابەگەرشێوەیەک کەبکرێ وبلوێ تیک بەدەموودەزگای حکوومەتی عەرەب بەرن.

بە پێچەوانە لەو سەردەمی کە ئێرانیەکان لە بەغداحکوومەتیان هەبوو و لە خەلیفەکان جگە لەناوەکەیان لە گۆڕێ نەبوو وەکوو سەردەمی "ال بویە" کە خەلیفەکانیان بە کەیفی خۆیان دادەنان و لادەبردن، یان وەکوو زاڵبوونی ئەبوو موسلیم و بنەماڵەی "بەرمەکیان" و ئەوانی تر،کوردەکان جامینخوازی دەسەڵاتی هاووڵاتیانی خۆیان بوون. بە تایبەت ال بویەیان،و "دیلمیان"گەلێک ئالیکاری بەنرخ دەکرد و لە بەرامبەر لە لایان ئەوان محیبەتیشیان دەبینی. بەم هۆیە هەمزە ئیسفەهانی دەڵێت: (فرس دیلمیان بە کوردەکانی تەبەرستان ناودێنن).

کوردەکانی،رکن الدولەی دیلەمیان لە لەشکرکیشی بۆ خوراسان ئالیکاری کرد. دەگێڕنەوە کە کاتیک خەڵک لە دەستدرێژی سوارەکانی کورد سکاڵایان بردە لای ڕکن الدولە ( کوتی: کوردیش دەبێ شتیک بخۆن)(ابن مسکویە الامم. جلد 2.ص 281).

کوردەکان لە فارس و خوزستان کاتی تەنگەژە بۆ شازادەکانی ال بویە،دەهاتەپێش، ئەوانیان یارمەتی دەدان. شمس الدولە بە یارمەتیەکانی کوردان توانی بە سەر لەشکری"جرار تورک" پیرۆزبێت. لەساڵی 417لە نیوان" ئەبووالفوارس دیلمی" و برازاکانی ابوکالیجار( دوایین خوونکاری دەیلەمی) لە فارس شەڕ قەوما. ابوالفارس هەڵات و بۆ دارابگرد چوو. لە وێ هەزارتەن، لە کوردەکان یارمەتی داو توانی لە نیوان "بیضا واستخر" لە گەل ئەبووکالیجار بەجنگێ(کامل ابن اثیر.ج 2.ص 281).

لەو بەڵاومسیبەتانەی گەورە کە واردی ئیران بوو یەکێک هێرشێ هۆزەکانی وەحشی غەز،ە. غەزەکان بێوجدانی و تاوانباری و کوشتارو وێرانی زۆریان کرد لە مێژووداهاتووە کە کمتر لە هێرشی بێگانەکانی پێشین نەبوو. کوردەکان لەو چاخی لە هەموو شوێن بۆ پێشگیری و بە پاشداکشاندنەوەی هێرشی غەزان لە هاو ولاتیانی خۆیان لەگەڵ ئەوان گەلیک شەڕوپەیکاریان کرد.

یەک لەوان شەڕی" تاش فڕاش" دەرکەوانی سوڵتان مەسعودی غەزنوەی لە گەڵ غەزان، سەرکردەیەکی کوردان کە هاوکارو هاو پەیکاری ئەوبوو لە دوایی گەلێک حەماسە خۆڵقاندن لەو شەڕیدا کوژرا.

چاخی هێرشی غەزان،بۆئازەربایجان هۆزەکانی کورد بە ئالیکاری خەڵکی ئازەربایجان هیرشیان بردە سەر غەزەکان و ئەوانیان ڕاونان و دەرپەڕاندن.

غەزەکان لە ئازەربایجان بۆ ئەرمەنستان چوون و لە دوای تالاًنکردنی وی بۆ ورمێ گەڕانەوە. کوردەکان لە ورمێ لە گەڵ وان کەوتنە پەیکارو ژمارەیەکی زۆریان لە غەزەکان کوشتن. جگە لەو بەبەتە کە باسمان لێکرد دیسان لە مێژوو خەبەری پتر لە شەڕەکانی کوردان لە گەڵ غەزان هاتووە کە لە هەموو شوێن و هەموو کات لە ڕاونان و تێشکانی و درپەڕاندنی غەزەکان ڕۆڵیکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە.

لە سەردەمی سەلجوقیان کە پاشاکانی ئەو زنجیرە لە ژێرسەرپەرشتی و تەکبیرو ڕاوێژی وەزیرانی ئیرانی بەڕیوە دەچوون و لە ڕاستیدا لە وڵاتی عمیدالملک"کندریەکان وخواجە نیزام الملکەکان حکوومەتیان دەکرد،کوردەکان هەروا هاوکاربوون و لە دەوڵەتی حەکم داکۆکیان دەکرد. بۆ نمونە لە سەردەمی ملیک شا لە شەڕیک کە لە نیوان ئەو پاڵشایەو مامی وی قاورد لە دەڤەری هەمەدان قەوما، کوردەکان مەلکیک شایان ئالیکاری کرد و ئەو توانی بەسەر قاورد دا زاڵ و پیرۆزبێت و ئەوی بکوژێ.

ملیک شا،بە چاکەی ئەم یارمەتیەیی کوردان زمینەکی زۆری لەکرمان بەوان دا. لەبیرمان نەچیت کە کوردەکان بەر لە مەش لە کرمان دانیشتوو بوون.

کوردەکان کاتی لەشکرکێشی سوڵتان محەممەد بنی ملیک شای سەڵجوقی بۆشام ئالیکاری ئەوپاشایان کرد.

بە گێڕانەوەی نەقلێکی کورت لە کتێبی ڕەشیدیاسەمی سەبارەت بەسەل اح ئەدین وئەییوبیان بە باسوو خواسی دوایی ئیسلام سەبارەت بەهاوکاری و هاوڕەزمی کوردەکان لەگەڵ هاووڵاتیانی ئێرانی خۆیان لە بەرامبەر دوژمنانی دەرەکی بەمە بەس دەکەین.

ئەیووبیان ئەو هۆزی کورد کە سەرۆکی ئەوان سەلاحەدین ئەییوبی بوو بە بۆنەی شەڕەکانی لە گەڵ خاچ پەرەستان ناوبانگی دونیاگیری هەیە. ئەگەر چ ئەییوبیان لە شام و میسر فەرمانڕەواییان دەکرد بەلاًم لە ڕاستیدا لە شەرەکانی خاج پەرستان،ئێرانیەکان ڕۆڵی هەوەڵیان بە سەردارەتی سەلاحەدین ئەییوبی کوردی

ئەرانی بە سوکر وەبوو بەم بۆنەوە زوربوونی ناوەکانی فارسی لە پیرستی پاشاکانی ئەم بنەماڵە،ئەوانی بەئێران وئیرانی لکاندووە(27).

لەهێرشی مغول بەدوا

سەرجەمی مێژوو نووسان نووسیویانە چاخی هێرشەکانی مغول و تەیموور، کوردەکانیش بە نوورەی خۆیان وەکوو ئێرانیەکانی دیکە هەتا هێزو توانایان هەبوو لە شەڕ وبەرگری دژی هێرش کەران جەنگین بەڵام لە دوایی زاڵ بوونی ئەوان کوردەکانیش چارەنووس و حاڵاتیکیان بۆ هاتە پێش کە هاووکاتیانی دیکەی ئێرانی لە گەڵی ڕوو بەڕوو بوون.

لە دوایی کۆتایی هێنان بە کوشتارو تاڵان و، وێرانکەری مغولەکان کە لە کاتی حاکمیەتیان پەیداکرد هەلاکووخان لە ئیران نیشتەجی بوو،وەزیرانی ئێرانی وەکوو سەردەمی دوایی زاڵ بوونی عارەب وەکوو سەردەنی تورکانی سەلجوقی جلەوی دەسەڵات مغولان و کاروباری وڵاتیان لەڕیگای مەسڵەحەتی مللی بەدەست وەگرت. و بەر لە هەموو وەزیرانی دیکە وەزیری فرەزانا و بە ئاقل وخاوەن ئاوەزی ئیرانی خواجە نەسرەدین تووسی بوو بە پێشەوا. ئەم وەزیرەی بە دەسەڵات کە هێرشی مغولەکانی بەدنەی ناسرەدین باللەو مستعسم دەزانی،هەلاکوو لەشکرەکەی روو لە بەغداکرد و لە دوایی خۆ بە دەستەوەدانی بەغداو تەخت کردنی ڕێگاو دەستووراتی وی ئاخرین خەلیفەی عەباسی لە ناو لباد پێچایەوە و بەهێنان بردن وکوتان لەناولبادگیانی لەدەست دا.

عەباس ئیقباڵی ئاشتیانی سەبارەت بە دوژمنی کوردەکان لەگەڵ عارەب و داکۆکی وپشتیوانی ئەوان لە ئیرانییەکان لە کاتی فەتحی بەغدا بۆ تۆڵە وەرگرتنەوە دەنووسێ: ( کوردەکان کاتی هێرشی هەلاکۆ بۆ سەر بەغدا بە ڕێبەری خواجە نەسرەدین تووسی،ئێرانیەکانیان ئالیکاری کرد). ئەو دیسان دەنووسێ: (هەلاکۆ بەر لە هیرش بۆ بەغدا لە داکوکی کوردەکان لە ژێر فەرمانی "سولەیمان شای کورد" متمانەی بەدەست هێنا بوو(28).

سەرئەنجام کە مناڵانی مغول و تەیموور هەردوو بوون بە ئێرانی و خێرا لە هەرشوینی خۆی لە ئاسیا بوون بە هۆی ڕەواج و برەودانی فەرهەنگ و ئەدەبی فارسی. ئەوەهەی کە قەومابوو تێپەری و سەردەمێکی دیکەی تاقیکردنەوە هاتە

سەرکارو نۆرە گەیشتە زنجیرە پاشاکانی سەفەوی. لێرە هەودای قسە سەبارەت بە سەفەویەکان لە خولەکی مێژوویی دیکە دەست پێدەکات.

**سەردەمی سەفەویەکانی ڕەچەڵەکورد: (مەسەلەی شاە سمایل سەفەوی)**

بەرلە باسکردن لە بنچینەی مەسەلە ئەم بەشە کە سەبارەت بە هاوکاریەکانی کوردان لەگەڵ سەفەویەکانە، پێویستە بە دوو مەسەلەی خوارەوە کە بمانەوێ یان نەمانەوێ گرێی تێکەوتووە دەبێ ڕوون بکرێتەوە.

**1**-هۆی ڕەکێش نەبوونی بازیک لەبنەماڵەی کورد بەشاسمایل.
**2**-هۆکاری سەرنەکەوتنی شاسمایل لەشەڕی چالدڕان.

زانست و زانایی و شارەزایی مێژوو لە حەسل و بنچینەدا، لە لێکدانەوە لێپێچانەوەو لێکۆڵینەوەو پێراگەشتنی مەسەلەی ڕووداوەکان و ئینقلاباتی مەزنی کۆمەلایەتی، بوونی کەسایەتی لە نێو پێداویستی یەکان خول وسوڕی مێژوویی بە خستنەڕووی زانیوە و بۆ وی نەخشی دەرجە دووم و سێهەم قایل بووە و بە دەستەواژەیەکی دیکە کەسایەتی نەک بە هۆکار بەڵکوو سەقەت و نەقوستانی ورووژاژوی پێداویستی یەکانی کۆمەلایەتی لە ناوگروپ خەڵکانێک هاوکارو هاو ئارمانی خوی لە بارودۆخی مێژوویی دەناسێ.

لە ڕاستیدا پرۆسەی هەر ڕووداویکی مێژوویی هەروا یاساکان و ڕیکوپێکبوونی سروشتی هەکهکەشانەکانیش دەورە دەورەو بازنە بازنەیە. لەو جێگا کە ئەم پرۆسەیە بۆڕەکێش کردن بە پیداویستی زەمان بێ، پەڕدەگرێ وەک پرۆسەی قالووولای مسیبەت و ڕووداوەکان سەردەمی نادرشا،یان لە ئورۆپا دوایی پرۆسەی نیشانەکانی ئینقلاب لە دەورەی ناپلئیون یان لەئاکامدا پرۆسەی دارگیرکردنی پەرتەقاڵەیەکان و ئیسپانیەکان لە ئامریکای لاتین لە سەردەمی سیمون بولیوار، هەر وەکوو لەو ئاڵەگۆڕانەیە کە لەو کەسین و کەسایەتیانە،قارەمانی زەمان و مەکان دروست دەکات، و بە پێچەوانە چاخێک ئولکە لە ڕەکێشکردنی یەکیەتی کۆمەلایەتی و هۆکارەکانی گورەزایی و ئارمانی بەتاڵ بوو. چەنگیزو اتیلا، هیرش دێنن و هیچ کەسینیەکیش لە مەیدانی بەتاڵ لە بزوتنەوەی کۆمەلایەتی وەپێش ناکەوێ، هەتا قارەمان بێت. لە سەردەمی نەهاتی بە قەولی پێشینیان:

چون بدآید هرچه آید بد شود ******* یک بلا ده گرددو ده صد شود
آتش ازگرمی فتد مهر ازفروغ ******** فلسفه باطل شود منطق دروغ)

دوو هەزارو چەندسەت ساڵ پێشیش هەخامەنشینیەکان کە چەندسەدە لە دونیای ئەو سەردەم حوکمڕانیان هەبوو بەهۆکاری نوقم بوون لە خۆ لە تەپڵی گوڵدان وسامانەکانی فەسادهینەر، لە دوایی سێ سەدە لە ئاڵەگۆڕی ڕووخان ئەوها زەلیل دەبن کە بۆ بەرگری لەخۆیان بۆ دەهەزار یۆنانی کرێگرتەیان پەنا دەبرد. ئەسکەندەری لاو دێتە سەر کەلاکی شیری مردوو، یان ساسانیەکان کە دەیانگوت ئاسیا ملکی ئیرانە دەبی ڕۆمیەکان لە(هەیقی سووری خضیب) بچنەدەر، شاپووری هەوەڵ ئەمپەڕاتووری ڕۆمی لە ژێرڕکێفی خۆی بە چۆکدا دەهینا و ئەو (ذوالاکتاف وئەونەوشیرەوانی قڕکەری سەف شکێن کە لەو پەڕی مەزنایەتی وعیزەت وجاوجەلال بوون هەل و مەرجی کۆمەلایەتی ولاتەکەیان لە دوایی چوارسەت سال لە سەرو ژیری ڕووخان بەخالیک گەیی کە هۆکارەکانی یەکیەتی کۆمەڵایەتی و ڕەکێشی ئارمانی نەتەوەیی بە خۆ بە زل زانی کەسینی گۆڕاو کەوتە دەورەیەکی گلۆربوونەوە کە عەرەبیکی ڕێگرو چەتەو دز بە ناوی(مثنیٰ) لەدوایی چەند کەڕەت تالانی تەیسەفوون خەبەری برد کە عومەر بابێت  کە ئیران نەدەرگای ماوەو نە دەروازە، عومەر کە دەیگوت خویا دیوارێکی ئاگر لە نێوان ئێمەوئیران سازدە هەتا لە ئاماندابین ودەستیان وەئیمەڕانەگات...... ئاکامی وی کە مێژوو پرۆسەی هەڵسورانی هەل ومەرج و پیداویسی یەکانی کۆمەڵایەتی سەردەم دروست دەکات. ئەگەر ئەسکەندەریش نەهاتبوایە، هەخامەنشینیەکان بە هەر هۆکاریک کە بوایە دەروخان، ئەگەر بەفەرزی مەحال ئیسلام عارەبی بۆ ئیرانیش نەناردبوایە،ساسانیەکان لەگەڵ ئەوسیستەمی کۆن بەردەوام و پایەدارنەدەمان. لە بەرئەمە بە حاکمیت گەیشتنی هەر کەسێک و هەرنەتەوەو ملیەتیک لە هەر دەورەو وزومان بە هۆکارەکانی نوێ و شانازی پێکەربەستڕاوەتەوە کە لە هەل ومەرجی لەناوچوونی کەسان و نەتەوەکانی دیکەسەرهەلدەدا،هەر وەک فەرمارەوایی شاسمایلی سەفەوی، و شێعە، دیسان هەربەو پیداویسی یەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بۆ هاتنە سەرکاری ساسانیان بوو، و دیسان بەو هۆکاروپیداویستی یەکان سەرهەلدانی دەولەتی ئالبویە شعەبوو، کە چوون بەغدایان کردە پایتەختی خۆیان و خەلیفەکانیان بەئیشتیا وئارەزووی خۆیان دادەنان ولادەبردن ودەگۆڕین. بەم شیکردنەوەو لێکدانەوە مەعلووم بوو کە شاسمایلیش وەکوو ئەردەشیری بابکان و عەزدالدەولەی(عضدالدولە)ی شاهەنشاه،نەقوستانی پێداویستی یەکانی پێویستی بەوەدیهاتنی سیستەمی نوێ لەهەڵسوڕانێکی دیکە لەمێژوو بوو.

بەم پێشەکیانە دەتوانین تێبگەین کە چ شتیک هۆکاربوو کە بازیک لە ئاغاکانی کورد لە شاسمایل دابڕێن، سیاسەتی دژی ملّکداری(ملوک الطوایفی) ئەو پالّشا،لەگەلّ سیستەمی خان خانی بوو. سیستەمێک کە لە گەلّ حکوومەتەکانی سەرەرۆی ناوچەیی لە هەرشوێنێکی ولاّت گویچکەڕاگرتنی بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و گوزەرایی و بایەخەکانی هاوبەشی مێژوویی ئیران نەیدەتوانی هەبیێت، و ئەمە هۆکارەیک بوو بۆ کزکردنی دەسەلاّت و یەکیەتی نەتەوەیی و ڕەکێشکردنی دەسەلات و زالّبوونی دەرەکی بە تایبەت کە لەو سەردەم هۆکاری دیکەش سەری هەلّدابوو وئەویش بوونی ئەمپەڕاتوریەکی بەرفرەوانی پاوانخوازی موسلّمانی بوو کەخۆی بەخەلیفەی موسلّمانانیش ناودەبرد و نییەتی دەستدریژی بەخاکی ئیرانیشی هەبوو. شاسمایل دەیەویست بە وەدیهێنانی سیستەمیکی نوێ لە دەولّەتێکی بە هیزو توانا و ئومەتێکی تاقانە بێنێتەکایە،و ئەم ولاّتە بە پارێزێ.(لە بیرمان نەچێت زۆرینەی مللەتی ئێران هەرلەسەرتا شێعەبوو جگە لە خاوەن ملکانی مەزن و زەمین دارانی دەولّەتی یانی (اقطاعدار). ئەقتاع داربەوکەسەدەلین کەدەولّەت لە بەرامبەر خزمەتیک هیندیک زەمین بەخۆڕایی دەداتە کەسێک کەپیی بژی.وەرگێڕ) و هەروا ئەمیرو دێواندرو سەرۆک و قۆلّەمیری شارەکان و حوکمڕانانی پەیوەندار بە دەمموودەزگای خەلیفەکان کە لە بەشی پێشتر ئەو بابەتانەی کە لە ژێر ناوی پالّشاکانی کورد ڕەچەلّەی زنجیرەی سەفەوی باسیکرا و لە کتێبی(پرۆسەی ئینقلابەکانی نەتەوەیی و ئیسلامی)دوایی ئیسلامیش لەم نوسەرە بە شێویەکی تێروپڕ سەبارەت بە وی نووسراوە)

ئەو ئاغالەرانەی کە ڕوویان لە شاسمایل وەرگێڕا،بۆ پاراستنی قازانجی خۆیان وچلۆنایەتی حکوومەت و دەسەلاّتی ناوچەیی خۆیان بوو کە بە قەولی لاهوتی کرمانشاهی" دین و نیشتماناریسم وزێڕوسکەیە). لە بەر ئەمە ئاپۆرەی کورد نابی بە حیسابی ئەو خاوەن ملّک و ئاغالەلارو فئودالانەی سەرەڕۆ، بقبلّینین،ئاپۆڕەی خەلّکانیک کە دیلی دەستی ئەوان بوون و مافی دەربڕینی بیروباوڕی خۆیان نەبوو ئەو دەستە لە فئودالانی کورد کە شاسمایل لەگەلّیان رووبەڕووبوو دەری کردن ئەوان سەرکیش ویاغی بوون سیستەمی حکوومەتی ئەو پاشایان بە پێچەوانەی قازانجی خۆیان دەزانی. لەبناخەداقسەی شێعەوسوننە لەشیوەی ئیرانیبوندا لەتەرازوهەلّناسەنگێ ئەگەر ئەمشیان کردەبیانوو بەقولی فیردەوسی: ( زیان کسان ازپی سودخویش*** بجویند ودین اندرآرند پیش) یان دیسان بەپیی سرودی لاهوتی کرمانشاهی( جنگ اسلام ونصارا ازرەمنفعت است – این خرابی بەسر سبحە وزنار کەنیست)مەگین ئەوکوردانەی کەبەنشتمان بەوەفا بوون ولەگەلّ شاسمایلماننەوە ولەشەڕەکاندا گیانیان بەخت کرد زورینەی شێعەبوون؟ هەموئینسانیک کەوەیکناچێت

ووەک یەکنین،باشەکان مانەوە خەراوەکان کەهەڵپەرست بوون رۆیین هەروەک دەبینین وەکوو خەلکی کوفە پەژیوان بوونەوە وبەدەستی دوژمنی دوست ڕوخساری سولتانی عوسمانی بەسزای خۆیان گەین.لەبەرئەمە ئیدی تاوانی ڕووڵی هەڵەنگاوتنی ئەوگروپە لەعەشایرەکانی کورد ناکرێ باویتەسەرسوکری شاسمایل،چونکەکەئەو نەقوستانی هۆکارەکانی پێداویستی یەکانی کۆمەلایەتی ومێژوویی ئێرانی ئەوچاخ بوو.

ئەمین زەکی دەنووسی: ( شاسمایل بناخەدانەری زنجیرەی سەفەوی بیروبۆچوونی ئەمە بوو هەتاخان خانی(ملوک الطوایفی) لەکوردستان هەڵگرێ. بۆیەبۆلای کوردستانی ئاژۆت. لەم بزوتنەوەدا تەواوی پاناگۆڕایی نێوان بەغداو(مەرعەش) ملکەچی ئەویان قبووڵ کرد. شاسمایل بۆئەوەی کە بتوانێ لەم دەڤەرەانە بە بەررکانی عوسمانی خەریک بێت،حکوومەتی پارێزگاکانی کوردستانی بە قۆڵەمیرانی قزڵباش ئەسپارد.

بەداخەوە سیاسەتی شاسمائل بە پێچەوانە درچوو. و زیندانی کردنی سەرۆکان و ئاغالەرانی کورد و هەروا لە لایەکی دیکە دەمارگرژی بی جێی فەرماندەرانی قزلباش بە تایبەت لە بابەت مەزەب هەتا ئەوجیگایە بەردەوام بوو کە بیروبۆچوونی کوردەکان بەرەو ڕووتێکردن بە عوسمانی گۆڕی(29)

مەسعودگلزاری دەنووسێ: ( لە دوایی ڕوو وەرگێڕانی ئەو کوردانە لە ئالیکاری لەگەڵ شاسمایل لە شەڕی چاڵدران کە تێشکانی شاسمایل لیکەوتەوە، کوردەکان وەخۆهاتنەوە و ناکۆکی مەزەبیان لەولای دانا و جارێکی دیکە دڵیان بۆ نیشتمانی خۆیان لێیدا(30).

ڕەشید یاسەمی دەنووسێ: ( شاسمایل سیاسەتێکی یکجار وردبینانەی لە کوردستان دابەزاند. ئەو هەرڕادە لە گەڵ کوردی چەلاخ توندوتیژی دەکرد بەلام سەبارەت بەسەرۆکانی کوردی دیکە لەوێ محیبەتی دەکرد.

ڕەشیدیاسەمی شەرفنامەی بدلیسی بە بەڵگە هێناوەتەوە و چەند بابەت لە ڕووتێکردنی سەرۆکانی کوردی بە شاسمایل و مەڕحەمەتی شاسمایلی لەگەڵ تاک تاکی ئەوان بەدوای یەکداهێناوە. ڕەشیدیاسەمی دیسان لە لێگڕانەوەی شەرفخان دەنووسێ: ( ..و لە هەلێکدا کە سەرۆکانی کوردستان لەگەڵ"ئەمیرشەرف بنی ئەمیربەدر" داوای گەین بەخزمەتی شاسمایل کرد و بۆ شاری خۆی و تەورێز چوون....و"شاعەلی بەگ" یەکی دیکە لە سەرانی کوردیش دیسان لەو بێ حورمەتیەی کە بە تایفەی"بەختی" بەقزلباش کرابوو پەژیوان ببۆوەو لەگەڵ دوازدە کەس لە

ئەمیران و حاكمانی كوردستان بۆ كن شاسمایل چوون. بەڵام شاسمایل بە هۆی ئەوبیرەوەریەتاڵانەی كە لە ئەمیرشەرف بەدری هەبوو ڕقی بۆقوت نەدراوەو ئەویشی لەگەڵ ئەوانیتر كە بریتی لە ئەمیران و حاكمانی كوردستان بوون هەمووی حەپس كردن و لە زنجیركێشان كە دوایی سەردەمیک ئازادكران..وداوای ملكەچیان لە سوڵتان سەلیم خان كرد....سیاسەتی سوڵتان سەلیم ئەمە بوو كە كوردەكانی نەک لە خۆیان بەڵكوو بە ئێرانی ڕەچەڵە دەزانین وبەڕەكیش كردن بۆلای خۆی بە پاراستنی حكوومەتی(ملوک الطوایفی) لەسنوورەكانی ئیران هۆكاری ئاژاوەو پشیوی وسەرەڕۆیی دەناوە. سوڵتان سەلیم كوردەكانی لەدوایی تیشكانی چالدڕان بۆ ژیرفەرمانی خۆی ڕاكێشان(31).

دەستبەجێ لەدوایی شەڕی چاڵدڕان بە نووسینی ئەولیاچەڵەبی (32) وئەمین زەكی(33) و بە گشتی میژوونووسانی كۆن و نوێ سوڵتان سەلیم و كوڕەكەی سولتان سولەیمان وپا ڵشاكانی دیكەی عوسمانی هەتادواییین هەریەک لە هەر سەردەمێک بە نۆرەی خۆی دەستی بەسەركوت و تالانی كوشتاری كوردەكان كرد.

زۆریش لەكوردان بوون كەهیچ كات خەیاڵ وبیری جیابوونەوە لەدایكی نیشتمان چوونیان بۆ ژیربالی دوژمن بەزەین دانەدەهات و لە سەرەتا خۆیان پەیوەندار بەپاشاكانی ئیرانی دەزانی.

شەڕەفخان بدلیسی دەنووسێ: ( هەموو كوردەكانی ئیرانی دەبوون بەسێ گروپ،سوپای مەنسوور چكنی،ئەمانە لە حەسڵدا لە هۆزی گۆران یان ئەردەڵانن. ئەوانە لە سەرەتا بۆخزمەت بە پاڵشایانی ئیران چوون(34).

سەرچاوەكان:

30-مسعودگلزاری.کرمانشاهان کردستان. مقدمه.ص صدوپەنجاه.
31-رەشیدیاسمی.کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او. صص 203و204.
32-اولیاچلبی. سیاحت نامه.ترجمەفاروق کیخسرو. ص 25.
33-ئەمین رکی،کورد وکوردستان. ج 1.ص 11.

نەسرولله فەلسەفی لە كتێبی خۆی كە لەشكرەكانی شاسمایلی نزیكەی بیست هەزارجەنگاوەری گیان لەسەردەست نووسیوە و لە نیو ئەو لەشكرانە لە هۆزەكانی

کوردیش ناو دەبات ودەنووسێ: (شەڕکەرانی هۆزەکانی کوردیش لە سوپای شاسمایل خزمەتیان دەکرد (35).

شەرفخانی بدلیسی لە کتێبی خۆی شەرفنامە کە لە سەرەتای سەدەی دەهەمی کۆچی نووسراوە هەروا نوسیوەیەکە: گەلیک زۆر لە سەرانی کورد لە سەرەتای سەلتەنەتی شاسمایل بەخزمەتی وی گەین، هەر وەک"ڕۆستەم بەگ" لەسەرۆکانی چسمگزک،چاخێک خەبەری ڕۆیینی شاسمایلی بیست چوولای و قەڵاتەکانی خۆی دابەوی. شاسمایل بەرپرسایەتی چشمگزکی دابەوی، وئەو لە ژێرڕکیفی شاسمایل دابوو(شەرفنامە.ص 217).

تیمورخان حاکمی ئەردەڵان هەرچەند سوڵتان مرادی عوسمانی لەقەبی پاشایی بەوی دابوو بەڵام ئەوهیچ کات لەخزمەت بەشاسمایل دەستی هەلنەگرت.(شەرفنامە ص 124).

"زاهدبەگ عیزەدین شێر" لە حوکمڕانانی حەکاری، ملکەچی شاسمایل بوو چاوەنواری بیروبۆچوونی شاهانە بوو(شەرفنامە(ص 133).

ئەمیرحوسین لە حاکمەکانی عیمادیەش بۆ خزمەت شاسمایل هات. (شەرفنامە.ص 150). خولاصە لە شەرفنامەدا هاتووە: " کاتیک بەخت لەگەڵ شاسمایل یاربوو سەرۆکان وحاکمانی کورد بو خزمەتی وی بۆ تەوریز چوون(36).

کلیم اللەتوحدی(کانیماڵ) بە لێگێڕانەوە لە مێژووی عالم ئارای عەباسی دەنووسێ: ( لە شەڕەکان، لە نیوان ئێران و ڕۆم(تورکانی عوسمانی) لە سەردەمی شاتەماسبی ئەوەل، بە فەرماندەری سمایل میرزا(شامایل دووەم) چەند کەس لە سەرۆکانی کورد یەک لەوان" سەلیم خان زەنگەنە" و" حەیدەرخان زەنگەنە" و"شەهبازسولتان بانەیی" و"مورتەزا قولی ئەردەڵان" و ئاغاکانی دیکەی کوردی جەلالی و مەحموودی و موکری و چامشگزک،دلاوەری و ڕەشادەتیان لە خۆیان نیشاندان(37).

تەوەحدی(کانیماڵ) دیسان لە عالەم ئارای عەباسی دەگێڕێتەوە: ( هیدایەت بەگ ئورامانی،ش یەکیک لەو سەردارانەی کورد بوو کە لە شەرەکانی ئیران و عوسمانی لە" قراباغ" لەسەردەمی سوڵتان محەممەدسەفەوی(باوکی شاعەباس) لە بەرامبەرسوڵتان مرادعوسمانی بەشداری هەبوو.

سەرچاوەکان:

34-شرفخان بدلیسی.شرفنامە.ج 1.ص 369. چاپ مسکو- 1967.
35-نەسراللە فلسفی.جنگ چالدران. چندمقالە تاریخی. ص 77.
36-شرفخان بدلیسی. شرفنامە ج 1. صص 124و133و150و217.چاپ مصر.
37- توحدی(کانیمال) . ج. 2. ص 6 بەنقل ازعالم ارای عباسی.ص 172 وکتاب لردکرزن.ص 150.

"هیدایت بەگی ئەورامانی" لە حاڵێکدا کە- ئەویش لەم شەڕە وەکوو"ساروبیرە"ی کورد لەشەڕی چالدران- دەستی چەپی بە لەشیدا شۆڕببۆوە لە شەڕ لە بەرامبەردوژمن بەردەوام بوو و بە دنە دانی لەشکرەکەی تیدەکۆشا،چونکە دوو سەرداری دیکەی ئێران یانی" داودسولتان روملو" و"ئەرس خان" لەم شەڕەدا شەهید ببوون. سوپاکانی ئیران لەم شەڕەدا حەوت هەزارکەس لە خەلکی" شیروان" و" چخورسعد' و" گنجە" و" شماخی" بوون کە لە گەڵ سوپایەکی پەنجاە هەزارکەسی عوسمانی دەجەنگین. لەم زنجیرە شەڕانەدا بە فەرماندەری" هەمزەمیزای وەلیعهد" کوردەکانی موکری،کەڵهوڕ،چامشگرک،شادلو،زیگ، زەنگەنە، لە خۆبردوویی و فیداکاریەکی لە ڕادە بەدریان لە خۆیان نیشاندا(38).

مەسعودگوڵزاری دەنووسێ: (شاعەباسی مەزن لە دوایی چەند شەڕ کەلەگەڵ تورکانی عوسمانی کرد سەرزەمینەکانی زەوت کراوی ڕۆژئاوای لەوان ئەستاندەوە و کوردەکان ئازاد بوون. لەعالەم ئارای عەباسی لە مەڕ هۆزەکانی کورد و پلەو پایەی سەرۆکانی ئەوان زۆر بابەت نووسراون. یەک لەوانە ناوی حەفدە کەس لەوان بە لەقەب و پایەو پەلە کانیان نوسراون.

شاعەباس بۆ ئەوەی بتوانێ و بشێ تخوبە و تالخ وسنوورەکانی خوراسان لە بەرامبەرئەزبکان بپارێزێ، پازدە هەزار بنەماڵەی کوردی بۆ خوراسان گویزتەوە. لە بیرمان نەچێ کە شاعەباس لە زوربەی لەشکرکیشەیەکانی خۆی لە هیزی کورد یارمەتی وەردەگرت. یەک لەوانە عەشایری موکری یەکێک لە چوارپێچکی بە قوەت و بەهیزی سوپای شاعەباس بوون و دایم ودەرهەم پلەی تایبەتیان لە نیو سوپایەکانی ویدا هەبوو(39).

لە عالەم ئارای عەباسی نوسراوە لە سالی 1026 شاعەباس لەشکرەکی بە سەرکردایەتی "قرچقایخان" بۆ" ارزتەالروم" نارد. عوسمانیەکان گەلێک حەولیاندا کە

هۆزەکانی کوردی ئەو دەڤەران دژی ئیران دنە دەن و، وڕووژاویان بکەن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

شاعەباس بۆ پاراستنی سنوورەکانی باشووری خوراسان(15000)هەزار بنەماڵەی کوردی بۆ باشووری خوراسان کۆچاند.

عالەم ئارای عەباسی سەبارەت بەهۆزەکانی کورد وشیوەی پلەو پایەی ئەوانی ئەوها نووسیوە: 1-خان ئەحمەدخان ئەردەڵان و ولدهەلۆخان. بتگلربەگی شارەزوور. 2-عاشووراخان چگنی حاکم مروشاهجان. 3-سەلمانخان شوباشی دونبلی.حاکم چورس وسەڵماس. 4-ئیمام قولی سوڵتان سیامەنسوور.حاکم اسفراین خوراسان. 5-رەزاقوڵی سولتان سیامەنسوور حاکمی قلعەبەستی زەمین داور. 6-بەیرام عەلی سوڵتان سۆفی،حاکم دیلمان وگیلان. 7-عەلی مرادخان ولدگەنجعلی خان زیگ. لەئەمیرەکانی مەزن(لەجیاتی ناوکی) بیگلربەگی قەندهار.

8-مەخسودسوڵتان دونبلی حاکمی کشات. (کشاط) 9-شوجاعەدین سوڵتان سورلە لەسەرۆکانی شیروان. 10-نفس سوڵتان گەڕوس.حاکمی قلعەلەکی بەغدا ودەوروبەر. 11-کدایی سوڵتان کولانی.حاکمی زنجان. 12- قەلەندەر سوڵتان گلەگیر لەئەمیرانی ئازەربایجان. 13-مستەفاسوڵتان جەستانی. حاکمی جەستان دەوروبەری بەغدا وتایفەکانی جۆراجۆر(40).

عەلی ئەزغەری شەمیم دەنووسێ: (نەتەوەی کورد لە هاوکاری بە سەفەوی هەموو کات و لە هەموو شوێن لە مافی خۆی و سنوورەکانی ئێران بەرگریان کرد. هەر لەو سەردەمی( ڕۆژگاری شاعەباسی مەزن) بوو کە تالخ و سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران هەتا چەمی دەجلە چووپێش و بەتخوبی سروشتی خۆی گەیی و تەواوی دەڤەرەکانی کوردنشین لە ناوچوارچیوەی سنووری وڵات قەراریان گرت و یانی گەڕانەوە باوەشی نیشتمان(41).

کلیم اللەتەوەحدی، نەقل وقەول دەکات کە: (زانای دەنگین دەنووسێ: (لەسەردەمی سەفەوی،وەکووپێشوو سەرۆکانی کورد بایەخداری خۆیان لە بەرەوپێش بردنی

گرینگایەتی وڵات هەبوو و(17)سەرداری مەزنی ئەوان لەسوپای قزڵباش و دەڤەری حکوومەتی سەفەوی ناویان هەیە(42).

دکتۆرعەزیزژیان دەنووسی: (دوو حکوومەتی بەهیزودەسەڵاتی سەفەوی وعوسمانی نزیکەی 300ساڵ جاروبار پێک هەڵدەپەڕژان. کوردەکان بەهۆی هەبووی ڕەچەلەی هاوبەش لەگەڵ ئیرانیەکان یەکگرتوو بوون(43).

نیکیتین دەنووسێ: ( لە ساڵی 1514ی زایینی(لە دوایی تێشکانی چاڵدران کە بەشێک لە سەر زەمینەکانی کوردنشین کەوتە بەردەست عوسمانی) ئەگەر پەیمانێکی دۆستایەتی ویەکگرتوویی لە نیوان دەوڵەتی عوسمانی و بیست و سێ ئەمیر نشینی کورد ئیمزاکرا.... بۆ ئەمە بوو کە کوردەکانی تورە بوو لە حکوومەتی شاسمایل کە بەدەمارگرژی شیعەی سەفەوی و هەڵس وکەوتی شاسمایل لەگەڵ ئەوان، واداری کردبوون لە راستیدا لە رووی مەجبووری و زوڵم لێکردن دەنا چلۆن ئیمکانی هەیە کورد لە حەسڵی ڕەچەڵەی خۆی ببڕیتەوە بچێ بە بیانی بلەکێ(44).

سەرچاوەکان:

38- توحدی(کانیمال).حرکت تاریخی کرد بەخراسان،ج 2.ص 6.
39-مسعودگلزاری. کرمانشاهان- کردستان. مقدمە.ص صدوپەنجاەوشش.
40- عالم آرای عەباسی. ص 762.چاپ تهران.
41-علی اصغرشمیم. کردستان.ص 48.
42-کلیم اللە توحدی (اوغازی) حرکت تاریخی کرد بەخراسان.ج 2.ص 17.
43-دکترعزیزژیان. امپریالیسم ومسألە کرد.ص 8.

توحدی(کانیمال) دەنووسێ: ( کوردەکانی خوڕاسان سەدانساڵە بەکیشکچیتی ئەم وڵاتەی لە دەستدرێژی بیانی و نەیارانی تالانکەر پاراستووە و بە بەخەت کردنی ماڵ وگیان ومنالانی خۆیان لە ئابروو کەڕامەت و شەڕافەتی خەڵکی خوڕاسان و ئیران بە گیان و دڵ بەرگریان کردوە....لە هەمووان گرینگتر مەکتەب و مەزەبی شێعە لە خوڕاسان لە ژێر نیسێ و سێبەری شمشیری کوردەکانی خوڕاسان پێی هەڵگرت و خۆی دارشت و سەقامگیر بوو(45).

توحدی،هەروادەنووسێ: ( دورشمی گشتی کوردەکانی ئیران بەتایبەت کرمانجی خوڕاسان پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمان و شەکاوە بوونی بەیداخی ممبارک وپیرۆزی ئێرانە کەبەم بۆنەوە گەلێک لەعەشایرو ڕەشماڵچی هۆززەکانی دیکەی لەم ڕیگایە، ئازیزوخۆشەویستانی خۆیان فیداکردوون هەتائیدی هاووڵاتیانیان لەئاسودەیی بەسەربەرن ولەزوڵم ڕووداوەکان وتالان وبڕوماڵوێرانی قەومەکانی دەسدریژکەر بپارێزرین.

توحدی، لە کتێبی سەرلەشکر سەردادوەر لە فەرماندەرەکانی پێشووی لەشکری خوڕاسان دەگێڕێتەوە کە"خودا دەزانێ کە ئەگەر.... کوردەکان و ئەفشارەکان لە باشووری خوڕاسان نیشتەجێ نەبووان چ مسیبەت دەهاتنەکایە. کوردەکان زۆرترو ئەفشاریەکان کەمتر لەڕاستیدا دیوارێکی پۆڵاین بوون، لە بەرامبەرهێرشەکانی ئەزبەنکان وتورکەکانی بەرەڵلاو تالانچی، کە هەر کات هجوم و هیرشی ئەوانیان کە بۆ تالانی خوڕاسان دەهاتن بەرپەرچ دەاوە(46).

مەسعودگولزاری بەبەڵگە بەچەندکتێب یەک لەوان کورتەی مێژووی کوردو کوردستان و" مجمل التواریخ زەندیە" نوسیوە: (چاخیک کەنادرشای ئەفشار بۆ وەرگرتنەوەی سەرزەمینەکانی کەعوسمانیەکان لەفیتنەی"افاغنە" دەستیان بەسەرداگرتبوو،لەرۆژئاوای وڵات بزوتن،کوردەکان لەچ جۆرەئالیکاریەک دریغیان نەکرد هەروەک نادر بەیارمەتی وئالیکاری کوردان،تورکەکانی عوسمانی لەسەرانسەری ڕۆژئاوای ئێران تیکشکاند ودەرپەڕاندوڕاونا. لەدوایی نادرشا لەساڵی 1160 هاتنەسەرکاری زندیە،دەسەڵات وچالاکی کوردەکان بەوپەڕی خۆی گەیشت(47).

ڕەزاقولی خان هیدایت لە کتێبی "فهرس التواریخ" دەنووسێ: ( نادرشا لە دوای جەژنی نەورۆز هاتە دەشتی مەغان و تۆپخابەی بۆ کرمانشاهان بەرێ کرد. ئەحمەد پاش پاریزگاری بەغدا پیشکیشی بۆنارد وملکەچی خۆی ڕاگەیاند. نادرشا فەوجێکی بۆ دەست بەسەرداگرتنی"حلە" و"نەجەف" و"سامرە" و"کەربەلای معلی و دەورو پشتی بەغدا دیاری کرد و کۆمەڵیکی بۆ دەست بەسەرداگرتنی "بەسرە" داناو بۆ خۆی لە شارە زوور وەڕیکەوت و حاکمی"بابان" و کوردەکان بە خزمەتی گەیشتن ئەو وڵات فەتح کرا. کەرکووک و مووسڵ دەستیان بە سەرداگیرا، و نادرشا بۆ نەجەفی ممباڕەک چوو گومبەزی پیرۆزی بە بایی پەنجاە هەزارتومان سەرف کردن زیرکاری کرد لە وێرا بۆشاری"دون" چوو....(48).

عەلی ئەسغەرشەمیم دەنووسێ: (لە سەردەمی نادرشا کوردەکان لە خزمەتی ئەم پاشایە لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی جەنگین. نادرشا لە سەرەتا کاتیک سەرجەمی کوردەکانی بۆ لای خۆی بانگیشتن کرددەستبەجێ قەبووڵیان کرد و بە نادرشا، لکان و عوسمانیەکان لەدوای تێشکانی و لە دوای پەیماننامەی 1144ی کۆچی لە نێوان نادرشاو سوڵتان ئەحمەدی سێهەمی عوسمانی تەسلیم بوون و سنووری ڕۆژئاوای ئێران دیسان گەیشتە "دەجلە" و نادرشا،جارێکی دیکە ولایەتی ڕۆژئاوای ئێرانی بۆ باوەشی دایکی نیشتمان گەڕاندەوە. گێرانەوەی سەرکەوتن وفەتحەکانی نادر لە حیکایەتەکانی شیرینی کوردانن و زوربەی شەڕەکانی نادر لەگەڵ" تۆپاڵ" سەرداری بە ناوبانگی تورکانی عوسمانی بە زوان و لەهجەی گۆرانی بۆ یەکتری تاریف دەکەن هەموو چیانشینان لە بیستنی ناوی نادر و شیکردنەوەی فەتحەکانی وی و تێشکانی"تۆپاڵ" و سەرداران و فەرماندەرانی تورک حەز دەکەن و لەزەت دەبەن(49).

مەسعودگولزاری دەنووسێ: (آغامحەممەدخانی قاجار بەشێوەی سەفەویان وئەفشاریان دەسەڵاتی ئەمیرەکانی ناوچەیی(ملوک الطوایفی) تێکداو یەکیەتی نەتەوەیی بەوجودهێنا. بەم مەبەستە لەسالی 1201ی کۆچی بۆلای کوردستان ڕۆیی. پاریزگاری کوردستان بەگوێبیسی خەبەرە بەپیی نامەیەک داوای ملکەچی کرد وآغامحەممەدخان ئەوی لەحکوومەتی کوردستان هێشتەوە وخەڵاتی بۆنارد.

لە سەردەمی قاجارەکان ئەو شەڕانەی گەورە و بە دوای یەکدا لە نیوان ئیران وعوسمانی دادەمرکێ. لە یەک دوو شەڕ کە ڕوویدا کوردەکان دایم ودەرهەم حکوومەتی قاجاریان یارمەتی دەدا،وەکوولەشکرکێشی محەمەد عەلی میزای دەوڵەتشا،بۆفەتحی بەغدا کە بەسەرجەم سوپای وی قارەمانان وسوارانی کورد پیکیاندەهێنا(50).

سەرچاوەکان:

44- نیکیتین.کردوکردستان. ترجمە محمەقازی.ص 369.
45-توحدی(کانیمال).حرکت تاریخی کرد بەخراسان. ج 1.مقدمە. ص دو.
46-هەمان کتاب.ج 1.ص .
47-مسعودگلزاری. کرمانشاهان- کردستان. مقدمە.ص صدوپنجاە ونە
48-رضاقلی هدایت.فهرس التواریخ. بەتصحیح دکترعبدالیسین نوائی- میرهاشم محدث.ص 256. 49- علی اصغرشمیم. کردستان. ص 48.
50- مسعودگلزاری.کرمانشاهان- کردستان.مقدمە.ص صدوشصت ویک.

پۆلاک ئێران ناسی ئاڵمانی سەبارەت بەبارودۆخی سیاسی و هەڵکەوتی آغاکانی کورد لە سەرەمی قاجارەکان دەنووسێ: (کورسەکان لە ژێرچاوەدێری پاریزکاری خۆیان ژیان تێپەڕدەکەن. پاریزگار لە لایان پادشا،دادنرێ و ئەم پایەو پلەیە لە بنەماڵەی واندا بەشیوەی میراتی یە....کوردەکان لە کارەکانی خۆیان بەڕاست و دروستی شەڕافەت وکەڕامەت مەنشورن. بەم بۆنەوە پاڵشای هەنۆکە(ناسرەئەدین شا)پاراستنی خۆی و بنەماڵەکەی بە نیزامیەکی کورد بە ناوی ئاجودان باشی عەزیزخان سپاردوە چونکە دەتوانی متمانەی تەواوی هەبێ کە ئەو لە هەر حالێکدابیت لە ڕەخ وی دەبێ(51).

کوردەکان لە ئینقلابی مەشروتەی ئیرانیش بە نۆرەی خۆیان بەشداریان هەبوو کە دەبی هەڵس و کەوتی وان لەو کاتان لە مێژووی مەشڕوتەی کیسرەوی موتالا بکرێ.

ئەگەرکوردەکان لە کاتی ئاژاوەو ئاژاوەگێڕی و چاخی دەست بەسەرداگرتنی وڵات لە لایان هیزەکانی دەرەکی لە شەڕەکانی یەکەمی دونیاگرو دووەم بزوتنەوەیان لە خۆیان نیشاندا یەکێک لە ئامانجەکانیان لە سەرەتا ئەمە بوو کە بەدەرەکیەکان بڵێن ئێمە لێرێین و ناچینە ژێرباری دەسەڵاتی ئێوە و حازری شەڕ بۆ ڕاگرتنی سەربەخۆیی نەتەوەی وڵاتمانین. بەم بۆنەوە لە ڕاپەڕینەکانی وەکوو جەنگەڵ و شۆڕشی تەنگستان و ڕاپەرینی کلنل محەممەدتەقی خان لە خوڕاسان بەشداریان هەبوو.

هەڵبەتە جاروباردەرەکیەکانیش بۆلادانی ئەم بزوتنەوانە بەهۆی مەبەستی سیاسی خۆیان، یان هۆکاری زەخت سازدان لە سەرەوان بۆ بەدەست هینانی زێدەپارویێک(ئیمتیازاتێک) لە دەوڵەت هەرکەڕەت هەر شۆڕشیان بە هێز دەکردن بەڵام لە دوایی کۆتایی شەڕ وبەڕیوەچوونی مەبەست پشتی ئەوانیان چۆل دەکرد و چونکە ئەو بزوتنەوە بەدەرکی پشتی بەستبوو وداکۆکی خەڵکی نەبوو پوچ دەبۆوە. وەکوو هاوکاری نەکردنی کوردلە سمایل ئاغای سمکۆ، کەلەدوایی گەیشتنی قوشەنی دەوڵەت،کاتیک لە ساعەتی 6 دوایی نیوەڕۆ پیادەنیزامی ناوەندی(تاران)پێی لە سەڵماس نا،دانیشتوانی شارو دەورو پشت کە بۆخۆیان لە ترسی زاڵبوونی سمکۆ ئازادیان بینی بە پیری قوشەنی ناردراوی تاران وەچوون و لای ڕۆژئاوا لەشکری دەهەزارکەسی سمکۆ بۆ بە یەک هەزارکەس، ئەویش هەموویان خزم وکەس وکاری وی بوون کە هەم ئەوانی وهەم جامینخوازانی دیکەی ئەو هەریەک بەپەڵپیک کە سمکۆ ئەوانی فریوو داوە ڕوویان لێی هەڵگەڕاندەوەو داوای عافوو لێبوردنیان کرد.

هەموو مێژوو نووسانی هاوچاخ نووسیویانە کە هۆکاری شۆڕشی سمایل ئاغا سمکۆ بوونی ئەرتەشەکانی بیانی لە ناوچەو دنەی دەستەو دەیارەی دەرەکی بەتایبەت ڕووس و ئینگلیزەکان و خولی دوایی عوسمانیەکان و ئالمان بووە. یەک لەوانە مێهدی بامداد لە کتێبی ماقولانی ئیرانی(رجال ئیرانی) نوسیویە لە دنەدان بە ئاژاوەی سمکۆ ڕووس وئینگلیس هاوکاریان هەبوو و هەروا دەوڵەتی عوسمانیش لە لایەکی دیکە لە چاخی خۆیدا لە وی داکۆکی کردوە(52).

دکترئەمین ڕیاحی لە کتێبی (مێژووی خۆی) لە ژێر ناوی ئاژاەوی سمکۆ،بە دنەی ئینگلیس و کۆتایی کاری سمکۆ ئەوهای نووسیوە: (هێزەکانی دەوڵەت لە چەند ستوون بەرەو پێشچوونی خۆیان بۆ لای چاریە(چهریق) دەست پێکرد..... پاشان لە چیاکانی قزل داغ و مشوداغ و لە بڵیندای و بەرزاییەکان،(شەکەر یازی) تێپەڕی... ڕۆژی چواری گەلاوێژی 1301، لە چەند لاوە بە هاوئاهەنگی تەواو دستیان بەهێرش کرد. شۆڕشگێڕان کە تۆپخانەی قورسیان لە ئیختیاردابوو لەگەڵ چەندئەفسەری تورک و گروپێک لە تۆپچیەکانی عوسمانی، لە دوایی 24ساعت شەڕو پێکدادان تێشکان. دوو ڕۆژ دوایی سەڵماس ئازاد بوو و لە دوای وی ڕۆژی (20) گەلاوێژی 1301ی هەتاوی چاریە خۆی بەدەستەوەدا. سمکۆلەگەڵ چەند کەس لە خزم و کەسی خۆی بەو زێروجەواهێراتەی کە لە ماوەی دەسەلاتی بە زۆری لە خەڵکی ورمێی و سەڵماس بەتالان ئەستاند بوو بۆ ناوخاکی تورکیە هەلات. فەرماندەری هێزی حکوومەت بە مەعمووورانی سنووری ڕاگەیاند کە هەلاتووان بگرن و تەسلیمی حکوومەتی ئیران بکەنەوە.

تەرکەکان کەدەیانزانی هێسترەکانی سمکۆبارەکانیان زێروجەواهێراتە دزیان لێکرد. خەبەری سەرکەوتنی هێزەکانی دەوڵەت وکۆتایی ئاژاوەی چەندساڵەی سمکۆ بووبەهۆی جەژن وشایلەخانە لەسەرانسەری ئێران. لەشارەکانی ئازەربایجان چەندین ڕۆژ چرایان هەڵکردن(53)

حمیدڕەزاجەلالی پوور لە کتێبی(کوردستان و هۆکارەکانی بەردەوامی قەیرانی وی) کە زەبر وەکەوتنی کۆمەڵگای کوردی لە هۆکاری شیوەدورستکردنی عەشایەری وی دەزانێ دەلێت: (قەیرانەکانی کوردستانی ئیران هەموو کەڕەت دنەدەری لە دەرەکی وپیلان لە لایان وڵاتانی زلهیزی دونیایە.

ئەودەنووسێ: (پێکهێنانی کۆماری کوردی کە هاوکات بوو لە گەڵ پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان لە ساڵی 1324 بە وەدەرکەوتن و ڕۆیشتنی هێزەکانی شووڕەوی

لە ئیران،حیزب وئەندامانی وی ئادارایان لە سەرپاداری نەما، و ئەرتەشی ئیران لە زستانی ساڵی 1324بی تەقەو لێکدان دێنە ناو مەهابادو ڕیبەرانی حیزبی دێموکڕات قۆڵپێچ دەکەن.

جەلالی پوور هەروا سەبارەت بەپێکهێنانی سەرلەنوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە دوایی ئینقلابی ئیسلامی لە لاپەڕی 59ی کتێبی خۆی دەنووسێ:( کۆمای ئەو خەڵکانەی کە ئەو جاربەم حیزبە لکان(250)کەس بوو(54).

سەرین چاوەکان:

51-ادوارد پولاک.سفرنامه پولاک. ترجمەکیکاووس جهانداری. ص 24.
52-مهدی بامداد.کتاب رجال ایران. ج ا.ص 136.
53-دکترمحمدامین ریاحی.تاریخ خۆی. صص 545و546.
54-حمیدرضا جلالی پور. کردستان وعلل تداوم بحران آن.صص 8و54و59.

**بەشی نۆهەم: "همەجای ایران سرای من است"**

ئیران کوردستان

(نیشتەجێ بوون و هەتڵەو هەڵوەدایی و ئاوارە بوونی کوردان)
(لە ڕۆژ هەڵات ترین هەتا ڕۆژئاوا ترین)

هۆزەکانی ئاریایی مادو پارس و پارث لە دەڤەرەکانی زۆزان و کوێستانی باشوور بۆ ئێران کۆچیان کردوە. ویل دورانت دەنووسێ: (ئامادەکان یان مادەکان لە ڕەچەڵەی هندو ئورووپایین. مادەکان لە کاتی کۆچکردنی خۆیان بە خاراو سەمەرقەند دا تێپەڕیون ولەو ناوچانە وردە وردە بۆ لای باکوور شۆڕبۆنەتەوە لە دوایی گەینشتن بە پارس لە وێ نیشتەجێ بوونە(1). پارثکان و(پەرتەوە)کانیش لەم لایەوە بۆ خوراسان کۆچیان کردوە. لە لایەکی دیکە،گروپەکانی مەزنی دیکە لە هۆزی مادلەگەڵ پارسەکان لە مابین ڕووسیە لە نزیک مینسک و مەسکۆ و لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی وی هەتا

سەرەوەی دەریای خزر لە ڕێگای قەفقاز هاتوون و لەڕۆژئاوا و باشووری ئێران دامەزراو سەقامگیر بوونە. ئەم کۆچکردنانە و نیشتەجێ بوونانە نزیکەی دوو هەتاسێ هەزار ساڵی کێشاوە.

هەرجار بە هاتنی کۆچەرانی نوێ،مادەکان و گەڵیک لە پارسەکان بۆلای باکوور وەڕێکەوتنەو لە ئێرانی ناوەندی و هەریمەکانی فارس و کرمان دامەزران. کۆنترین مادەکان کاردۆکانن، کە نزیکەی دوو هەزارساڵ زووتر هاتبوون و لە دەڤەرەکانی زاگروس و نیوان ڕودان و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای گچکە سەقامگیر ببوون و مادەکانی کۆچەر پاشانیش کە بە تێپەڕ بوونی زەمان گروپ گروپ هاتن بەوان لکان و بە هۆی تێکەلی خزمایەتی یانی کیژدان و کیژ لێخواستن بەوان نەتەوەی گەورەی کاردۆیان لەو سەرزەمین پێکهێنا. گروپەکانی دیکەی مادەکانی کورد کە درەنگتریان لە دوایین هاتن بۆ تەبەرستان چوون لە دوایی دەیان سەدە دانیشتوویی لەوێ گەلێک بۆ لای خوراسان و باکووری بەلخ و زۆری تریش بە دوای کۆچەریاندا بۆ زاگروس هاتن و گروپێکێش هەروا بۆ هەمێشە لەو سەر زەمین مانەوە.

سەرچاوە:

1-ویل دورانت. تاریخ تمدن. ترجمەفارسی. 1.ص 405.

بام تاریف لێکردنە مەعلووم بوو مادەکانی کورد،جگە لە زاگروس و نیوان ڕودان و ئاسیای گچکە،لە گەڵ پارسەکان لە سەر زەمینەکی نوێ بۆ هەموو لایەک چوونەو لە سەرانسەری ئیران جگیرودانیشتوو بوونە. لە سەرەتای پێکهێنانی حکومەتەکانی ئێرانی چ مادو چ هەخامەنشی ودوایی ئیشکانیانی و ساسانیەکان بە تەواوی و بۆ هەمێشە لە سەرانسەری مێژوو، لە دوایی ئیسلامیش،کوردەکان بە هۆی شێوە شەڕ زانین و شێوەی سوارچاکی لە گەڵ لەشکرەکانی پاڵشاکان و سوڵتانانی هەرسەردەم،لە لایەک بۆ لایەکی دیکە ناردراون و لە شوێنیکی نوێ سەقامگیربوون.

بە نووسینی ئەم پێشەکییەی کورت سەبارەت بە سەرەتای سەردەمەکانی ئەو کۆچکردنانە وخەتی گەڕانیان و ناوچەکانی ئاواریی کوردان، لێرەکانەوە بۆ هەنگاونان لە سەردەمی مێژوویی،ئیدی پێویست بە شیکردنەوەی زێدەترنییە و بە گێڕانەوەی نووسینەکانی توژەران بابەتەکانی ئەم بەشە دەست پێدەکرێت:

عەلی ئەسغەرشەمیم لە کتێبی خوی کوردستان،لەگێڕانەوەی "استرابون" نوسیویە: (شوێنی دانیشتنی هۆزەکانی"سیرتی"(هۆزیک لەکوردان) سەرتا لە فارس بووە و بازیک لە گروپەکانی ئەم هۆزەش بۆ لای ڕۆژئاوا هاتووە لە دەڤەرەکانی سەرزەمینی ئازەربایجان و کوردستان دانیشتوون.

لێکۆڵینەرانی ئاڵمانی لەدوایی پێک هەڵسەنگاندنی وشەکانی نووسراو لە کتێبی"استرابون" لە گەڵ وشەگەلی هۆزەکانی بەختیاری و کورد،وێکچوونی ئەوانیان لە گەڵ یەکتر بە بەڵگەو دەلیلی وشەناسان پسپۆر بەم ئاکامەگەیون کە هۆزەکانی کۆچەری سیرتی(کورد)باپیرانی کوردەکانی هەنۆکە بوونە و توژەرانی ئاڵمانی مەسەلەی کۆچەری گەڵیک لەو تیرانەیان لە پارس بۆ سەرزەمینەکانی"ماد" ئەوها نووسیوە کە لە سەدەی پینجەمی بەر لە زایین بە هۆکاری لەشکرکێشیەکانی پاشاکانی هەخامەنشی بۆ ئاسیای گچکە،گەلێک لە تایفەکانی سارانشینی شەرکەر لە پارس و ڕۆژهەڵاتی ئیران بۆ دەڤەرەکانی ڕۆژئاوا کۆچاندراون و ئەم گویستنەوەیانەی مێژوویی لە سەرجەمی سەردەمەکانی ئێرانی دێرین بەردەوامە.

لەهۆزی"سیرتی" یەکەمین تایفەیەک کەبۆلای ڕۆژئاوای هێنراون هۆزیک بوون بەناوی" ئازاکارتیا" کەسەرەتا لەڕۆژهەڵاتی فارس دانیشتوو بوون. ئەم هۆزە بەفەرمانی پاڵشای ماد"هوشترە" یان بەنووسینی یۆنانی"هاکیاگزار"Cyaxareلەسەردەمی دەسەڵاتی سەڵتەنەتی ئاشۆڕ بۆسەرزەمینی ماد ناردراون.ئەم پاشایە لەدوایی سەردەمێک بەئالیکاری ئەوان،دەوڵەتی ئاشۆڕی ڕووخاندو دەستی بەسەرنینوادااگرت. ئەم هۆزەی" ئازاکارتیا" لەسەردەمی پاوانخوازی کورشی مەزن وداریوشی مەزن یانی لەسەدەکانی شەشم وپینجەمی بەرلەزاییینیش بۆدەڤەرەکانی تەقریبەن بەرفرەوانی دەوروبەری"دەجلە" یانی بۆپاریزگای هەولێر(یەربیل)ی دێرین کۆچیان کرد.

کاتیک کە"کمبوجیە" لەمیسر بوو"گوماتپێشەوای زەڕدەشتیان" کە هەستی خەلکی هەبوو دژی ماقولانی خاوەن پەلە وپایە بوو لە نەبوونی ئەوپاشا،خۆی بەفێڵ بە"بردیا" برای وی کەبە نهێنی کوژرابوو ناساند و بە ئالیکاری مەلاکانی زەڕدەشتی لە سەرتەخت دانیشت بەڵام داریوش"گئوماتی ڕووحانی" ناسی و بە یارمەتی پیاوەماقولەکان ئەوی لە سەرتەخت هێنایەخوار و بۆ خۆی بوو بە پاشا، لەم ڕووەوە هۆزی(ئازاکارتیا" لە دژی هەستانەوە کەداریوش بازیک لە سەرۆکانی ئەونی بۆ پایەتەخت هێنا کە لە نەخشی بەردەکانی بەرجەستەی بێستوون هەیکەل و قەد و قیافەی ئەمیرانی ئەو تایفە بە جل و بەرگی کوردەکانی ئەمڕۆ دەبینرێ.

جگە لە هۆزی ئازاکارتیا،ناوی تیرەیەکی دیکە کە دوایی بە کورد ناسراون بە ناوی" کاراتویە" لەسەرچاوەکانی ئارامی دەبینرێ، و مێژوو نووسانی عەرەب ئەم هۆزەیان بە"کرتاویە" ناولێبردوە و ئەوان بە کوردەکانی حەسلّی دەزانن.

لە بەرئەمە،کۆچکردنی هۆزەکانی ئێرانی کورد لە ڕۆژهەلاّت بۆ ڕۆژئاوا وردە وردەو بووە وئەم تیرانە لە دوایی سەردەمێک جودایی لێکدی دیسان لە چیایی زاگروس و دوروپشتی دەجلە بە یەکتریان گرتۆتەوە، و چونکە ڕەچەلّەو ئیخلاق و ڕەوش و داب و نەریتی ئێرانی یەکگرتوو بوون تێکەلّبوونی ئەوان لە گەلّ یەکدی بە هاسانی و سانایی سەریگرتووە و هیور هێور وشەی" کوردو(کردو) کە ناوی یەکەمین تایفەی کۆچەری ئێرانی یان ناوی هەریمی شاخاوی ڕۆژئاوابوو کە بۆ سەرجەمی دانێشتوانی وێ ئەو ناوە دەکار دەکرا(2).

ڕەشیدئاسەمی دەنووسێ: (لە فارس کە بێشکەی ساسانیەکان بوو لە ڕۆژگارانی دێرین هۆزی دەجۆراوجۆری ئاریایی ڕەچەلّە دەژیاون کە کورەکانیش یەکێک لەوان بوونە. "استربون" جوغرافیانوسی مەنشوری یۆنانی دیرین لە بەشی سێهەم لە کتیبی 15 کە پەیوەندار بەخەلّکی سەزەمینی پارسە لە پێنج دەستە فارس ناو دەبات و دەلیت: (گروپەکانی جۆراوجۆر کە لە پارس دەژیان" پاتیشخوارەکان" هەخامەنشینەکان" مەجوسیەکان" و"کورتیەکان" و مەردەکان و مادەکانن(3). کە سێ دەستەی دوایین مادو کوردن.

سەعید نەفیسی دەنووسێ: (لەسەردەمی هەخامەنێشیان لەنیوهۆزەکانی خێلاّتی هەریمی فارس،تووشی ناوی کورد دەبین. لە سەردەمی ساسانیەکان زوربەی کوردەکان لە دەڤەرەکانی ناوەندی ئێران ژیاون و قەومەکانی دیکەش لە کوردان لە دەورو پشتی دەریاچەی " نیریز" هەتا ناوەندی (کرمان) و لەوێرا هەتا دەڤەری (بووشەهر)یش بوونە. سەرینچاوەکانی مێژوویی بە ئێمە دەلّێن کە ساسانیەکان لە بنەچەکەوە کورد بوونە(4).

سیروس ئەیزەدی وەرگێرو توژەنەری لە پێشەکی کتێبی(کوردەکانی گۆران) کە بۆخۆی وەریگێراوەتەوە دەنووسێ: (کۆنەپەرست تێکۆشاوە و تێدەکۆشێ کە کوردەکان جیالەئێرانیەکانی دیکە نوێنێ لە حالّیکدا کە کوردەکان خەلّکانێکی جیا لە مادەکان و پارسەکان نەبوونەو نین کەشوێنەکانیان لەسەرانسەری ئیرانە(5).

کلیم اللـەتوحدی(اوغازی) لـە کۆتایی پێشەکی کتێبی گەورەی سێ جلدی خۆی لـە دوایی هینانـەوەی شێعری خوارەوە دەنووسێ:

همه جای ایران سرای من است
چە،نیک وبدش ازبرای من است

هەنۆکە هەتا ئەو کوردانـەی کە لـە شوێنـەکانی دونیا بڵاو بوونـە لـە هەرشوێنیک کە هەن خەڵکی ئیرانن و موسڵمان لـە گەڵ کەسایـەتی بـە ڕادەی مەزنایـەتی بـەیداخی کاویان ئالأی ئیران لـە شەکاوە دان،چ "دەریوزیـەکانی" لبنان،چ کوردەکانی جەسووری سووریـە و ئێراق و تورکیـە و ڕووسیـە....هەتا ئـەفغانستان و پاکستان و هندوستان.

ئەگەر بـە هۆی بێ لـەیاقـەتی و بێ کیفایـەتی سەردەمدارانی کاتی، بـەشێکی بـەرفرەوان لـە سەر زەمینی کوردستان لـە دایکی نیشتمان جیا بۆتـەوە و لـە نیوان دونیا خوران لـەت لـەت و پارچـە پارچـە بووە ،تاوانێکی ئـەوها لـە سەرسوکری کوردەکان نییـە بـەڵکوو ئـەم کۆتایی ودریغیـە لـەلایان سەردەمدارانی ڕابردووی ئێران بووە. لـە گەڵ سەرجەمی ئـەم بارودۆخە کوردەکان هەر شوێنێک کەلێبن دڵیان بـە یادی ئیران لێدەدا و محیبـەتی ئیران لـە خۆینی ئـەوان دا لـە هاتوو چۆ داو دەکوڵێ....(6).

محەممەدئـەمین زەکی لـە قەولی مینورسکی دەنووسێ: (لـەوانـەیـە نـەتـەوەی کورد لـە حەسڵدا لـە ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆلای ڕۆژئاوای ولاتی(کوردستانی هەنۆکە)کۆچیان کردبێت و واوێدەچێ کە بـەرلـە وارد بوونی ئـەم کوردانـەی ڕۆژهەڵات قەوەمەکانی جۆراوجۆری دیکەش لـەژێر ناوێکی ویکچوو بـە ناوی کوردەکانی کۆچەری ڕۆژهەڵاتی،لـە نێوەڕاستەکانی سەرزەمینی کوردستانی هەنۆکە دانێشتوو بوونـە کە ناوی ئـەوانیش"کاردۆ" یان"کوردۆ: بووە کەپاشان هەردوو قەوم(کۆچەرەکانی نوێ وکۆن)پێکەوەلـەمەڕ خزمایـەتی تێکەڵ بوونـە، نـەتـەوەیـەکی تاقانـەی کوردی ئێستایان وەدیهێناوە(7).

سەرچاوەکان:


2-علی اصغرشمیم. کردستان. صص 39و 40.
3-ڕەشیدیاسمی.کردو پیوستگی تاریخی ونژادی او.ص 165.
4-سعیدنفیسی تاریخ اجتماعی وسیاسی ایران. ج 1ص 194.
5-سیروس ایزدی. مقدمه برترجمەکتاب کردان گوران.ص 8.

6-كليم الله توحدى(اوغازى).مقدمه بركتاب حركت تاريخى كرد بەخراسان.ج 3.ص 3.
7-محمدامين زكى. خلاصه تاريخ الكرد وكردستان. ج 1.ص 38.

گ.ب. (ئاكوپف)يش لە ڕاپۆرتی مینورسكی لە بیستەمین كۆنگرەی جیهانی ڕۆژهەلآت ناسان بە گێڕانەوە دەنووسێ: (كوردەكان نەتەوەیەكن كە لە ئیرانی ڕۆژهەلآتی ڕابوونەتە سەرپێ) و مینورسكی دیسان هەر لەو كۆنگرەی گوتوویەتی: "گۆرانەكان لە قەراخ قوجاخی دەریای مازەندەران هاتوونە"

ئاكوپف لە پەسندكردنی ئەم قسەیەی مینورسكی زێدە سەكات: (هەڵبەتە گەلێك لەكۆنینەناسانی دیكەش نووسیویانە كە كوردەكان لە سەرەتای سەرەمێك لە قەراخەكانی دەریای مازەندەران دەژیان) وناوی ئەوكۆنینە ناسانەی لەكتێبی خۆی هیناوە(8).

ئاكۆپف هەروا دەنووسێ: (لە ناو كوردەكان لێگێڕانەوەیەك هەیە كە دەڵین باپیرەگەورەی ئەوان لە ڕۆژهەلآتی ئێران بوونە. و.آ. گوردلوسكی  دێنێتەو بیر كە كوردەكان لە خوراسان بۆكوردستان هاتوون. ئەمین زەكیش لە سەرئەم باوەڕەیە كە لە ئەفغانستان كوردەكانی زەنگەنە و چگنی زوانی كوردی خۆیان پاراستووە". و.آ.ر مادین دەڵێت: (چێرۆكەكانی كوردی لە كوردستان نیشاندەری ئەمەیە كە گۆرانەكان بۆ كوردستان لە رۆژهەلآت كۆچیان كردوەو ئەو نەتەوەیان پێكهێناوە... هەروەك لە شەرفنامەدا هاتووە سوپاسالاری بە ناوبانگ بارام چووبین لە خوراسان و لە ناو كوردەكانی ئەوێ چاوی بەدونیا هەڵێناوە...و ڕیشەوچوزەی خوونكارانی كرت یان ئال كرت(كورد) و پاشاكانی غور دەگاتەوە وێ. لە ناو گۆرانەكان ئەو لێگێڕانەوەش هەیە كە دەڵێن: ئەوان نەوەو نەتیجەكانی بارامی گورن- وەرەهران پێنجەم- خوونكارانی ساسانین(9).

مێژووی سیستان وسەرچاوەكانی دیكە نووسیویانە: "درلوكر" لەگوندەكانی ئەفغانستانی هەنۆكە كوردی دانیشتووبوونە ولەپێشەكەی كوردەكانی گۆران هاتووە: " لەسەردەمی كۆن ولەدوایی ئیسلام لەرۆژهەلآتی ئێران(ئەفغانستان وسیستان وخوراسان)هۆزێكی زۆر لەكوردەكان دانیشتوو بوونە. لەمێژووی سیستان لەژێرناوی ئامان ویستن عەبدولڕەحمانی دەرەكی لەیەعقوب لەیس،سوپاكان ئەویان لەماوەی لەتەقەو لێكدانێك تێكشكاند بوو هاتووە،عەبدولڕحمان خارجی لەیەعقوب لەسی ئامان

خواست،یەعقوب ئامانی وعهدومنشورداو کردەوی( حکومەت)ی "اسفزارشهری لەسیستان و ساراکان وکوردەکانی بە ئەوی ئەسپارد(10).

سەرلەشکرحەسەن ئەرفەع لە کتێبی خۆی بە ناوی"کوردەکان) دەنووسێ: (کوردەکان لە سەردەمی بەرلە ئیسلام بە پیی بازیک سەرچاوە یەک لەوان"نلدکەNoldeke" لەدەڤەرەکانی ناوندی و باکووری ئیران دەژیان، لە نێوان سەردەمی شاهەنشاهی ساسانیەکان بە هۆی لەشکرکێشیەکان وەرێکەوتنی جەماوەر بۆ لای باشووری ڕۆژئاوا کۆچی کردوەو لەسەر زەمینی"Kurdu" نیشتەجێ بوون و لە گەڵ کوردەکانی هەتلەو هەڵوەداو ئاوارە لە وێ تێکەڵ بوون(11).

ڕەشیدیاسمی لە کتێبی خۆی بە بەڵگە بەسەرچاوەی زۆر لە ئاوارەیی و دەربەدەری کوردەکان لە سەرانسەری ئێران خەبەر دەدات. بە لێگێڕانەوەی "گزنفوون" سەبارەت بەکوردەکانی دانیشتووی زاگروس کە لەگەڵ لەشکرکەی لە حاڵی پاشەکشەدابوونی یۆنان لە دوایی تێشکان لە ئەڕتەشی هەخامەنشیان شەڕو بەربەرەکانیان دەکرد،بەلێگێرانەوەی "استرابون" جوغرافیازانی یۆنانی دیرین و بەلێگێڕانەوەی "ئەراتسن" ڕاویژکاری ئەسکەندەر و بە لێگێرنەوەی"مارکوارت"ڕۆژهەڵات ناسی ئاڵمانی سەبارەت بە زوربەی هۆزەکانی جۆراوجۆری ئاریایی ڕەچەڵەی هەریمی پارس کە کوردەکان بەشێکی مەزن لەوی بوون و بە گێڕانەوەی "فیردەوسی"سەبارەت بە گەلێک لە لەشکرەکانی کوردی جەنگاوەری دانیشتووی پارس کە لە سەرەتا لەگەڵ سوپای ئەردەشیر بابکان بە شەڕهاتن و ئەوانیان تێکشکاند،وبەلێگێڕانەوەی"ابن بلخی" سەبارەت بەتایفەی شوانکارە کە یەکێک لە هۆزی کوردی دانیشتووی پارسین کەنووسیوە: (هێندە شان وشەوکەتی کی(کە)لەشکرەکان فارس هەیان بوو کە ئیکجار زۆربوون بەڕەوە ئەسب و چەک و چۆڵ و ماڵات)هەروا"مجمع الانساب باسی شوانکاری کردوە کە ئەم شوانکارەیە لە نەتیجەکانی ئەردەشیربابکانن و دیسان لە کتێبی" ابن بلخی" ولە"کامل ابن اثیر" ژمارەیەک لە ڕەوەکانی خێڵاتی کوردی لە فارس دەژمارد و لە ئاکامدا بەلێگێڕانەوەی"تەبەری" یاقوت حموودی" حمزەئیسفەهانی" شوێنەکانی نشتەجێ دانیشتنی کوردەکان وەکوو"تەیسەفوون، موسڵ. ئەستخرودارابگەرد، وبیزاوو.... ناودەبرد(12).

سەیدمحەممەد باقرنەجەفی لەپێشەکی وەرگێرانی کوردەکانی گۆران لەلێکۆڵینەوەی خۆی تەنیاچوارەیەکی بەدەڤەری شوێنی سانێشتوان نەزانیوە بەڵکوو بەڵکوو هەمووشوێنی ئیرانی بەماڵی کوردان بینیوەو دەنووسێ: " شوێنەارو بەڵگەی

جوغرافیایی فارسی وعەرەبی متالام کردوبینیم"استخری" جوغرافیان زانی مەزن لە 340ی کۆچی دەنووسێ" بنەماڵەکانی کورد لەفارس هیندەزۆرن کەنایێنەحیساب وئەژماردن". "ابن حوقل" لە367ی کۆچی نووسیویە(کوردەکانی فارس لەسەرزەمین فارس زێدەترلەسەت تایفەن وئەمن سی وچەند هۆزم ناوهێناوە کەناوی بازیک لەوان ئەوهایە- خوسرویە،شاهکانیە،استامهرییە،ئازەرکانیە،بنادمێهرییە،مێهرکییە،شاهویە ووو.... کە لەناوەکانی کۆنی ئێران و هەموو ناوەکانی وەسەرپێ کەوتوو لە پێناسی فەرهەنگی ئێرانن. موقەدەسی لە 375ی کۆچی لە" احسن التقاسیم فی معرفةالاقالیم" نووسیویە: سی وسێ عەشیرەی کورد لە فارسن کە هەریەک (500)بنەماڵەن. "ابن خلکان لە کتێبی" وفیات الاعیان" جگەلەوەی کە لە زۆرینەی هۆزەکانی کوردی لە سەدەی دووەمی کۆچی لە خوراسان خەبەردەدا دەنووسێ: ئەبوو موسلیم خوڕاسانی لە ڕەدیفی کوردەکان و لە نیوکوردەکانی خوڕاسان ڕاپەڕیوە(13).

دوکتورجوادسەفی نژادماموٚستای کۆمەڵناسی عەشایەری لە ژێر ناوی وشەی باوی مێژووی کوردەکانی فارس دەنوسێ: ( کوردەکانی فارس)ناوێکە کە جوغرافیا نووسانی سەردەمی ئیسلامی عەشایەری فارسیان پێی ناودێرکردون. ئەم ناوە لەمە رادەست پێدەکات، چاخێک کە لە ساڵی شانزدەهەمی کۆچی عەرەبەکان دەشتایەکانی باکووری وڵاتیان کە ناوەندی حکوومەتی زستانی ئێرانیان بوو دست بەسەرداگرت، هەر شوێنێک لەم ناوچە کە جێی لەوەڕو بەیاروو بۆرە دەبینرا کەپر، یان هۆبە ڕەشەکانی کوردانی لێهەڵدرابوو. دەجا چونکەعارەب لەکاتی تێپەڕین بۆ لای ڕۆژهەڵاتی ئیران هەموو کوردە کۆچکرەکانیان لە ناو ڕەشماڵەکان دەبینی لە بەر ئەم تایبەتمەندیە، ئەوان،دانیشتوان وخەڵکانی ئەم سەرزەمینەیان بە(کوردانی فارس) ناو لێبردوون.

جوغرافیازانانی سەردەمی ئیسلامی لە سەدەی سێهەم هەتا شەشمی کۆچی لە کتێبەکانی خۆیان ئاگاداریەکی پڕ بایەخ لە ناسینی عەشایەری فارس وەدەست دەدەن و ئەوهەی لە سەرجەم نووسینەکان جێگای پەسەند قەراری گرتووە ئەمەیە کە هەموو ئەوجوغرافی زانانە لە کتێبەکانی خۆیان،عەشایەری ئەوسەردەمی دەڤەرەی فارسشیان بە(کوردانی فارس) ناودەبردن.

یەکێک لەوان،"ابن خرداد" لەساڵی 232ی کۆچی لەکتێبی" المسلک والممالک"دەنووسێ: (عیلات کوردەکانی فارس پێنجن. "رم" بەدەڤەری کوردنشین دەڵێن و"ابن حوقل" لەکتێبی" صورةالارض" دەنووسێ: (هۆزەکانی جۆراوجۆەی کورد لەسەت تایفەزێدەترن ونایێنەئەژماردن! وژمارەی ئەوان لەکردن نەهاتووە مەگین لەدیوان

سەدەقاقەت. ئەبووالقاسمی جیهانی لەکتێبی" اشکال العالم" دەنووسێ: (ڕەشماڵەڕەشەکانی کوردەکان زێدەترلە(500000)دەبێ. هەرتایفەیەک زێدەترلەهەزارسواری هەیە، کە دانیشتووی ساران و لە زستان و هاوینان لە لەڕوەڕگەکەیانن.

ئەستەخری"اصطخری" لە" مسالک ممالک" دەنووسێ: (قەبیلەکانی کورد سازو بەرگ وهێزو مرۆڤ و ڕەوەی زۆری وڵاخ و هەسپ وهێسترانیان هەیە، بە ڕادەیەکە ئەگەر پاڵشا بە نییەتی دوژمنی لاق لە وڵاتی وان بنێ، تەنگەی بۆ سازدەبێت. ئەمانە وشتریان کەم هەیە بەڵام مێگەڵە مەڕو ڕەوەی ماین و هەسپ بە ڕادەیەک زۆریان هەیە. بە تایبەت چەند شوێن لە فارس هەن کە بە تایفەو بە لەهجەیەکی دیکەو هۆزێکی دیکە مەنشورن و مەبەست لە"ڕم" یان "زم" قەبیلە یە. یانی هە"ڕم" شارو دەڤەرێکە کە سەرۆکی خۆی هەیە کە باج وماڵیات و مامەلەو ڕێنوێنی ڕیگاکانی نێوان شارو گوندەکانیان بە سوکری وبیە(14).

ملک الشعرای بەهار لەتاریفی(بەسامی کورد) لە بارەگای یەعقوب لەیس، کە ئەویەکەمین شاعێری کوردو دووەمین و سێهەمین فارسی بێژی ئێرانە کە شێعری فارسی هۆندۆتەوە دەنووسێ: " لەو سەردم و ڕۆژگاری هۆزێکی زۆرلە کوردەکان لەخوراسان دانێشتوو بوون ولەو نیو لەشکری پاشادابوون و پاداشت و ئەنعامیان وەردەگرت(15).

سەرچاوەکان:


8-گ.پ.اکوپف. کوردەکانی گۆران. یرجمەسیروس ایزدی.صص 52و 53.
9-همان کتاب. صص 46و47و48.
10-تاریخ سیستان بەتصحیح ملک الشعرای بهار،ص 218 ومقدمە کردەکان گوران ص 32، 11- سرلشکرارفع. کردها.ص 10.
12-رەشیدیاسمی. کردوپیوستگی نژادی وتاریخی اوازصفحە166و198.
13-سیدمحمدباقرنجفی. مقدمەبرکتاب گوران. ترجمەسیروس ایزدی صص 24و25.
14-دکترڤوادصفی نژاد.مقدمە کتاب عشایرفارس تألیف ژ.دومورینی. ترجمەدکترجلال رفیع الدین رفیع فر.صص 1و2 .
15-ملک الشعرای بهار.تاریخ سیستان. درحاشیە.ص 211.
16-باستانی پاریزی.یعقوب لیث.ص 246.
17-رەشیدیاسمی. کردوپیوەستگی نژادی وتاریخی او ازصفحە 176تا 193.

باستانی پارێزی بەلێگێڕانەوە لەکتێبی "طبری الرسل والملول" 3 ص 1914 دەنووسێ: (لەسەردەمی یەعقوب لەیس،ڕئیسی عەشایەری فارس ئەحمەدبنی لیسی کوردی بوو(16).

ڕەشید یاسەمی لە کتێبی خۆی هەروا سەبارەت بەئاوارەبوون و هەتلەو هەڵوەدایی کوردان لە سەردەمی لە پاش ئیسلام دیسان دەڵێت،لە مێژووی سیستان کە لە زۆرینەی کوردان لە فارس قسە دەکات و لەو سەرچاوانەی کە لە کوردەکانی هەمەدان، حلوان، کرمان، خوزستان، خوڕاسان، و شارەکانی فارس وەکوو شیراز، دارابگەرد، شاپوور، بیزا، ئەستخر، سیراف خەبەر دەدا )دیسان لە بەردەوامبوون ڕەشیدیاسەمی لە بن "دەیلمیان وکوردەکان" دەنووسێ: (لەساڵی 380ی کۆچی "فوولادین منذر، لە گەڵ جەماعەتیکی زۆر لە سوارەکان و دەلاوەرانی کورد لە شیرازڕاپەڕی. "سامسام الدەلە"ئەمیری دەیلەمی لە ترسی گیانی، شیرازی بەجێهێشت و پەنای بۆ"فەخروالدەولە" برد....و کوردەکانی سیراف و مێهتەر،ی ئەوان بە ناوی" ڕاشد" پاریزگاری خەلیفەی لە ماوەی شەڕێک شکەست پێداو ئەویان بە دیلی بۆ حزووری یەعقوب لەیس برد(17).

محەممەدڕەزابهارناز،لەکتێبی عەشایەری ئێران،لەکتێبی" مطلع الّشمس" نووسینی "اعتمادالسلطه" لەمستەوفیان لەبارەگای قاجارەکان،لەسەبارەت بەکوردەکانی خوڕاسان بەنقل وقەول دەبێژێ: (شاعەباسی هەوەل(مەزن)چل هەزاربنەماڵەی لەعەشیرەی "چشمیگزک" کەچەندین ساڵ لەوەرامین دانیشتووبوون بۆخوڕاسانی کۆچ پێکردن. بەشێک لەوان کەلە"چناران"نیشتەجی بوون وکیوانلوو ئەوگروپانەی کەلە"قۆچان" و"شێروان" نشتەجێ بوون بو"زەعفەرانلو،دەنگین بوون. دەستەی سێهەم لەژێرناوی"شارلو" دەڤەرەی "بجنورد،یان هەڵبژارد.

نووسەری "عالەم ئارای نادری"گویزتنەوەی ئەم عیل و عەشایەرانەی لە ناوچەی ئازەربایجان(ورمێ - اورمیه) بۆ بەربەرەکانی و بە پاشدا کشاندنەوەی هێرشەکانی"ئەزبک" و"تورکمان" بۆ سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات نووسیوە. ئەم کوردانە مەزەب شێعەن ولەهجەی ئەوان لەگەڵ کوردەکانی ڕۆژئاوا تەوفیری هەیە(18).

مەسعودگوڵزاری دەنووسێ: (شاعەباسی مەزن،لە دوایی ئەوەی پانەگۆڕایی زەویەکانی زەوت کراوەی ڕۆژئاوای لە عوسمانیەکان ئەستاندەوە و کوردەکان ئازاد بوون بە هەرکام لە سەرۆکانی ئەوان بەرپرسایەتیەکی گرنیگ ئەسپارد. لەعالەم ئارای عەباسی سەبارەت بە هۆزەکانی کورد و پلەو پەیەی سەرۆکانی ئەوان بابەتە گەلێکی زۆر گوتراوە مەسەلەن یەک لەوانە ناوی حەفدە کەس بە لەقەب و پلەکانیان لە هەر دەڤەرو ناوچەی وڵات بە شیکردنەوە نووسیوەیەتی.

شاعەباس بۆ ئەوەی بتوانێ کەسنوورەکانی خوڕاسان لە بەرامبەر"ئەزبکان" بپاریزێ، پازدە هەزار بنەماڵەی کوردی بۆ خوراسان کۆچ پێکرد. لە بیرمان نەچێ کە شاعەباس لە زوربەی لەشکرکێشەیەکانی خۆی لە هیزەکانی کوردی یارمەتێکی زۆر وەردەگرت. یەک لەوان عەشایری موکری یەکێک لە چوارپێچکی بەقووەت و هێزی سوپای شاعەباس بوونە و بەردەوام پلەی تایبەتیان لەناو سوپاکانی شاعەباس دا هەبووە(19).

دەهخودا لە وشەدان لە بن وشەی زەنگەنە مەسەلەن نووسیویەتی: (زەنگەنە دەشتستان،ناوی دەڤەرێکی رۆژهەڵاتی بووشەهرە. لە سەردەمی پاڵشاکانی سەفەویە" طاب ثراهم" تایفەی زەنگەنە لە پارێزگای کرمانشاهان بۆ فارس هاتووە ولەم مەڵبەنە دانیشتوو بوونە کە درێژایی ئەو مەڵبەنی لە"بوالفریس هەتا ئاباد،نزیک بو سێ فەرسەخ، و پانایی وی لە نیوفەرسەخ تێپەڕنەکات(20).

کلیم اللەتوحدی.(اوغازی) دونووسێ: (ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانیش لە درێژایی مێژوو لە مازەندەران نیشتەجێ کراون. ئەم نیشتەجێکردنی کوردەکان لە مازەندەران لە سەردەمی شاعەباسی مەزن دەستی پێکرد و هەتا ڕۆژگاری نادرشا و قاجارەکانیش بەردەوام بوو. توحدی (اوغازی) گەلێک ناوی لە هۆزەکانی کورد کە لە ماوەی چەند سەت ساڵی دوایی هەرچەندجار لە مازەندەران نیشتەجێ کراون لە کتێبی خۆی هێناوەتەوە(21).

ئەمیرشەفخان بدلیسی،دەڤەرەکانی جێ ژیانی کوردەکانی لەڕەخ دەریایی هورمز"هرمز" ی کەنداوی فارس هەتابەستێنکان وپەراویزەکانی دەریایی هند ولەوێرا بۆ قەڵەمڕەوی مەلاتییە ومەرعەش، وپاشان هەریمی فارس ودەڤەرەکانی ناوەندی ئیران وئازەربایجان و"ارمن"ئەرمەنی گچکەو "ارمن" ئەرمەنی مەزن و لای باکوور وێوو مووسڵ و دیاربەکر، نووسیوە.(22).

سەرچاوەکان:

18-محمدرضابهارناز.عشایرایران.ص 125.
19-مسعودگلزاری. کرمانشاهان. کردستان.مقدمه.ص 156.
20-دهخدا.لغت نامه. زیرلغت زنگنه.
21-کلیم اللەتوحدی(اوغازی)حرکت تاریخی کردبەخراسان.ج 3. ص 173.
22-شرفخان.بدلیسی. شرفنامه.صص 27و25.

سەیدعەلی میرنیا لەکتێبی هۆزەکان وعەشایەرەکانی کوردی ئێران ولێک بڵاوبوون وترازان وهەتڵەوهەڵوەدایی وئاوارەیی کوردەکانی سەرانسەری ئیرانی بەم شیوەی خوارەوەهیناوەتەوە:

کوردەکانی گیلان: عمارلو،لەناوچەی عمارلو،رشوند لەرودبار،هۆزەکانی دیکەی کورد لەدیلمان،لە شاندرمن،لەسومالە نیشتەجێن، هۆزی عمرانلو لەگلوگا،بهتویی،ولی یاری،باجلان،چمش گزک وکەڵهوڕ،هەربوم جۆرە.

کوردەکانی قەزوین: هۆزەکانی چگنی،جلیلوند،مافی، رشوند،کاکاوند، بهتویی،باجلان، پاپلی، غیاثوند،کرمانی،ولی یاری.

کورەکانی ڕودبار: تیرەکانی عماریە: کرانلو،استاجلو،بیچانلو،بیشانلو،شمخانلو، هۆزەکانی کوردی ڕەحمەت ئاوای ڕودبار: برامکە،حاتمی،پیراصلو،عمارلو.

کوردەکانی زەنجان وتاکستانی قەزوین: زعفرانلو،ارامانلو،کیوانلو، قراچورلو،عمارلو، شادلو، باوەنور.

کوردەکانی مەلایروهەمەدان:هۆزەکانی زەنگەنە،زەند،لک وهتد...و.

کوردەکانی مازەندەران: جهان بیگلو،مدانلو،درارەدە لەنیوفەرسەخی ساری،عبدالملکی،تیرەکانی کلبادی،مسگر،اشکارگر،خواجەوند لەکلارستاق،شرفوند لەکجور،هۆزەکانی لک،تیرەکانی غیاثوند، اصانلو(ایزنلو) ایرانلو.

کوردەکانی گورگان: هۆزەکانی حسنوند،کاکاوند،هۆزەکانی کوردی کوردکوی بریتین لە: زعفرانلو، کاکاوند،جهانبگلو،عمرانلو،دوانلو،سپانلو،منوچهرلو،عەرەب

خویشانلو،حسینلو، هۆزەکانی کوردی یەزیدی،باباکوردی،کتولی،کوردەکانی شاهرود :چگنی،رشوند .

کوردەکانی دەماوەند وخوارو، وڕامین: تایفەکانی کوردبچە،جاوان،(جابان) شادلو،زعفرانلو، بوربور،ایزانلو،قراچورلو،پازوکی.

کوردەکانی کرمان: تیرەکانی بامری.لەجبال بارز،لک لەپاریز،لوڕ،جواجوینی(خواجەوند )کوردەکانی خەڕاسان: هۆزەکانی زعفرانلو،ارانلو،سعدانلو،کیوانلو،عمارلو،شادلو،نچاوند،باوەنور لەقۆچان کەهەموویان لەعەشایەری مەزنی حسنلون. کاوانلو لەدرادکان،دوانلو لەمزوج وبجنورد،عمارلو لەماروسک نیشابور،ایزانلو لەشیروان،شێخ امیرانلو لەشیروان،سووانلو،پیچرانلو،شاملو لەشیروان،بهادرانلو لەقۆچان،پالکانلو لەجیرستان،پهلوانلو لەباجیگران،تۆلکانلو،تیتکانلو لەقوچان،حمزەلو،رشوانلو،زێدانلو،لەقوچان وبخنورد ولەگز،سیفکانلو لەاوغاز،کم کیانلو لەباجیگران،سیل سپرانلو لەجیرستان،شهرانلو،دولت خانی،شیخکانلو لە اوگازوچناران،قاسملو لەاسفراین،قاچکانلو،قرامانلو لەقوچان،کاوانلو لەچناران ورادکان،گوران وکیکانلو لەقوچان ونجنورد واسفراین،تایفەی ورانلو لەدوغانی،تایفەی کردشادلو،قراچورلو،زعفرانلو لەگلمگان.

دیسان کوردەکانی خوڕاسان ئاوارەکان لەگز: هۆزەکانی شیخوانلو، باچوانلو، قراچورلو، زێدانلو، مادانلو،کیکانلو،پالکانلو،کیوانلو،زنگەنە،تورانلو،دولەشانلو، ارتکانلو،بریوانلو،چکنی، صوفیانلو، بادلو،کپکانلو،گیلانلو،گوشانلو وهتد...

دیسان کوردەکانی خوڕاسان ئاوارەکانی کلات: یەردەڵان،شارلو،گوشانلو،ترسانلو،بادللوو هۆزەکانی دیکە کەلەقۆچان ولە گزن.

سەیدعلی میرنیا بە دوایی ناوەکانی هۆزەکانی هەتڵەو هەڵوەداو ئاوارەو لێک پرش وبڵاوی کوردی خوڕاسان،ژمارەیەک لە کۆچەرەکانی کورد ئەم پارێزگاییەی لە ڕووی کتێبی دۆکتور حوسین پاپلی یەزدی نزیکەی سی هۆزنووسیوە.

عەشیرەتەکان وهۆزوتیرەوکانی کوردی کرمانشاه: سنجابی کەڵهوڕ،گۆران،قوبادی،چۆپان کاوە،باباخانی،ولدبێگی،قلخانی،ترکاشوند،جمیر،بالوند.

حیلای وعەشیرەتەکانی کوردی ئیلام: مرادخانی،شکربیگی،سولەیمانخانی،کایدخوردە.

عیل وعەشیرەتەکانی کوردستان: گەڵباخی،جاف،بارام بەگی،حەسەن خانی،فەتحعەلیبەگی، میران بەگی،مستەفاسوڵتانی،کانی سانی.

کوردەکانی دەڤەری کامیاران: هۆزەکانی کەمانگەر: لطف اللەبەگی،شەهیدی،کشککی ئەحمەدی.

کوردەکانی ناوچەی سەننەدەج،هۆزەکانی کلماسی،زەند،کلانترزان،نەخشبەندی لەمەریوان.

کوردەکانی مەڵبەنی بانە: تایفەکانی شەهیدی،بارام بەگی،ئەحمەی،لوتف اللەبەگی.

کوردەکانی ناوچەی جوانڕود: عنافی،ئیمامی،ڕۆستەم بەگی،باباخانی.

هۆزەکانی کوردی ناوچەی سەقز: گەوەرک،فەیزوللەبەگی،تیلەکۆیی،جافی سەقز،کلالی،عیلەکانی وتایفەکانی کوردی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا: عەشیرەی شکاک لەسەڵماس، عیلی بەگزادە لەڕۆژئاوای ورمێ،تایفەکانی کوردی ماکۆ،عەشیەری میلان،خەلکانی،جەلالی،هەیدەلو.

عیل وعەشیرەکانی کوردی ناوچەی خۆی: کوێرەسوننی،مامەش،مملان لو.

عیل وعەشیرەتەکانی ناوچەی نەغەدە: عیلی زەرزا،عیلی مامەش،عیلی هەرکی،عیلی سادات،عێلی پیران.

عەشیرەتەکانی مەهاباد: عێلی مەنگوور،عێلی دێبۆکری،عیلی عوسام بەگی.

عیل وتایفەکانی ناوچەی سەردەشت: عێلی باسک کولە،عشایەری بریاحی،عیلی پشدەری،عێل کلاسی،عێلی ملکاری.

عشیرەتەکانی کوردی خوراسان: تایفەکانی سگوندرەحیم خانی،حاجی خانی،تایفەی مملە،تایفەی جاف وجوانکی،تایفەی لوڕکی.

تایفەکانی کوردی فارس: عیلی بەختیاری لەچوارلنگ وحەوت لنگی فارس،زراسو،دنیرانی،
بهداروند،ئەحمەدخوسرەوی،باباحەحمەدی،دورکی،بابادی،بختیاروند،تایفەکانی مەحموودساڵح، سوگویی،محی وندکیان ارثی.

تایفەکانی کوردی بلوجستان: سوهراب زایی،میرئەبلوج زایی،مستەفازایی،شەکرەم زایی،اللەڕەسان زایی،جەماڵ زایی،کەماڵخان زایی،علمخان زایی،درزادە،غولامڕەسان زایی،شهدادزایی،سەیدخان زایی،سالارزایی،عەلیخان زایی،میریەحیازایی،مرادزایی،گل مەحمودزایی،ناگزی زایی،شەمرادزایی،گنگدازایی،بوڵگاک زایی،متیم زایی،عجب زایی،کەرم زایی،ناروزایی.

عێل وتایفەکانی کوردی لوڕستان: حیلی حەسەنوەند،هۆزەکانی کاکاوندکولیوند،بوسغوند،دلدوند،تاج وند،مزەفەروەند،باریکوند. نوسەری کتیب سەریناچاوە هەروا تایفەکانی دیکەی لەئەلشتر وبروجرد ولەتایفەکانی چکنی وکەڵهوڕ وهۆزەکانی پشتکۆ ناوبردوە(23).

حیدربهتویی،نووسەری کتێن"کوردوبەربڵاوی ولێک ترازان وئاوارەیی وی لەبەرفرەوانی سەرزەمینی ئیرانا"لەپێرستی ناوەرۆکی کتێبی خۆی هەتڵەوهەڵوەدایی کوردەکانی لە ئیرانی پان و بەرین ئەوها هێناوە:

عیلی جەلالیوند لەپارێزگای قەزوین،پارێزگای گیلان، لەپارێزگای کرمانشاهان.
عێلی جلیلوند لەپارێزگای قەزوین وپارێزگای کرمانشاهان.
عێلی مافی لەپارێزگای قەزوین وپارێزگای کرمانشاهان.
عیلی غیاثوند وهۆزەکانی جۆراوجۆری ئەو پارێزگای قەزوین.
عێلی چگنی لەپارێزگای قەزوین وپاریزگای خوراسان وپارێزگای فارس.
عێلی کاکاوند لەپارێزگای قەزوین وپارێزگای کرمانشاهان.
عێلی دلفان لەکلاردەشت ومازەندەران.
عێلی خواجەوند لەبلوک کلارستاق وکجور.
عێلی رشوند(بابامەنسوور) بەشی رودبار الموت پارێزگای قەزوین.
عێلی سۆفی لەپاریزگای گیلان وپارێزگای کرمانشاهان.
عێلی عمارلو لەپارێزگای گیلان.
عێلی کەڵهوڕ لەپارێزگای قەزوین وپارێزگای کرمانشاها.
عێلی بهتویی لەپارێزگای قەزوین وشارەکانی سەروەوی.
عێلی بهتویی(بطویی- بتویی) لەپارێزگای هەمەدان وشارەکانی سەروەوی(24).

ئەگەرچ ئەوهەی لە کتێبی عێل وعەشایەرەکانی ئێران نووسینی سەیدعەلی میرنیا و ئەوەی لە کتێبی حەیدەربهتوییش کە پەیوەندی بە بازێک وەبوو هێنانراگۆڕ، بۆ دەربڕینی ناوی دەڤەرەکانی کوردنشین، لە سەرانسەری ئێران، ڕەنگە بە بەس بزانرێ،

بەڵام بۆ بە تەواو گەیاندنی ئەم مەبەستە ئەو هەی لە ناوچەکانیش کە سەدیق سەفی زادە بۆرەکەیی لە کتێبی خۆی نیشانی دانی لەهجەی جۆراوجۆری کوردەکانی ناوبروان و لە بەشی زبان تەواوی ئەوانەی کە لێروباسیان لەسەرگراو یان گیرِدەڕاونەوە تەنیا بنووسین بابەتەکانی ناوی ئەو مەڵبەنانە بەس دەکەین.

ئەو دەڤەرانەی کە کوردەکان بە زبانی کرمانجی باشوور دەپێڤن: ماکۆ،ورمێ،خۆی،سەڵماس، شەراینەکانی ئەفشار، قۆچان،بجنورد،درگز،شیروان،اسفراین،نیشاپوور،کەلات و لەگیلان دەستەیەک لەخەڵکی فاراب،رودبار ولەمازندەران کوردەکانی نوور ولەدەماوند کوردەکانی جاوید...ئەوناوچانەی کەکوردەکان بەزوانی کرمانجی باکووری قسەی پێدەکەن: مەهاباد،بۆکان، سەردەشت،میاندواب،بانە،سەقز،مەریوان،جوانڕود،سنە،شاهین دژ،وئەفشار... زوانەکانی گوراتی لەدەڤەرەکانی ژاور رود،اورامان،تەختی نۆسوود،پاوە، وئەولەهجانەی لسکی لەناوچەکانی کرمانشاە،ماهیدەشت،کلیایی،دینور،قەسری شیرین،کرند،سەحنە،گەهوارە،هەمەدان.

لەهجەکانی لوڕی لە مەڵبەنەکانی دزفوول، شاری کورد،چوارمحال، پشتکۆ، خوڕەم ئاوا، الشتر، الیگودرز،(25) ئەمە بوو بەتەواوی ناوچەکانی هەتڵەو هەڵوەدو وئاوارەیی وبڵاوبوونی کوردەکان لەسەرانسەری وڵاتی ئێران کە بەوباس لێکردنە ناوی ئێران وکوردستانیش بەوڵاتی ئێمەدەکرێ لێبنرێ.

سەرچاوەکان:

23-برگرفتەلافهرست ومتن کتاب سیدعلی میرنیا(ایل ها وعشایر کردایران ازصفحە 7تا133. 24-حیدربهتویی. فهرست مندرجات کتاب کرد وپراگندگی او درگسترەایران. صص 51وتا131. 25-صفت زادەصدیق.فرهنگ ماد(کردی بەفارسی)ص 21.

## بەشی دەهەم:

## کوردستان

## (جوغرافیایی ئینسانی)

دوو بابەت لە پێشەکی ئەم بەشە- زێدە لە بابەرت حەسڵی کە کوردستانە- سەرەتا دەبی بگوترێ. یەکیان ئەمە کە بە بوونی باسی بەشی پێشوو کە لە ژێرناوی ئێران کوردستانە بۆچی بەشی دیکەش بە دوایی ویدا بۆ کوردستان تەرخان کەراوە، بە سەرنج دان بەمە کە ئیران کوردستانە- هەر وەک پێشتر خوێندمانەوە- لە چەند هەزارسال پێش یانی لە سەردەمی دیرین و هەروا لە سەردەمی دوایی ئیسلام هەتا ئەمڕۆ سەرانسەری شوێنی ژیانی کوردەکان بووە وهەیە. بەڵام لە سەر زەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ترو ڕۆژهەڵاتی ئاوارەیی و بڵاو نەوەی زێدەتر هەر چ بۆ لای دەڤەرەکانی ڕۆژئاوا- هەتڵە بوون کەم و کەمتر دەبێ هەتا سەر زەمینەکانی کوردنشین کە هەتڵەو هەڵوەدایی کوردان بەلانیکەم دەگات یانی ئەو شوێنەی کەکوردستانی ناوە، مێژوو نووسان و تۆژەران سەبارەت بەم هەریمیش بە جیا وتارو کتێبیان نووسێوە. و لێرەش بەم هۆکارەیە کە سەبارەت بە کوردستان بەشیکی جیایی کراوەتەوە، هەتا نووسینەکان و بیرو بۆچوونەکانی تۆژەران و نووسەران سەبارەت بەم ئیقلیمەی مەزن بگێڕدرێتەوە.

مەسەلەی دووەم تاقانە بوونی ئازەربایجان و کوردستان لە بنچینەو ڕەچەڵە لەسەرەتا هەتا هەنوکەیە. لەوجیگایەوە کەمەعلوومە ئازەربایجان و کوردستان وڵاتی مادەکانن و ئەم دووە مادەن و لە سەرەتا هاو نەتەوەو خەڵکانیکی تاقانەن بەڵام بۆچی ئێستاکە ئەوها دەنوێنن کە ئەمانە خەڵکانێکی لە یەکترجیاوازن و لە نیو ئەو دووە پەیوەنداری بوونی نییە؟ لەحالیکدا کە لە مێژووکان و بەڵگەی دێرینەناسی،خەڵکی ئەم دوو سەر زەمینە،بە نەتەوەیەکی تاقانەی ماد ناو بردراون و هیچ کام جیا لێکتر نەزانراون و نووسیویانە لە سەرەتای هاتنی نەتەوەکانی ئاریایی یانی کاتی هاتنی مادەکان و پارسەکان، وڵاتی ماد بە "ئیرانویچ" ناوی دیرکرا. و پاشان بە هۆی ئاگردانەکانی مەزن و مەرجعی وی کە ئازەرگشسب ناو دەبردران، ئازەرگشسب ناودێربوو و لە سەردەمی پاڵشاکانی ماد و هەخامەنشی چونکە بەسەرانسەری ئیرانیان دەگوت مادی مەزن دەڤەرەکانی وی مادی "گچکە" ناو دەبردران. چوارمین ناوو دوایین ناو کە ئەویش بریتی تەنیا لە بەشێکی ڕۆژئاوای سەرزەمینی ماد بوو "ئاتروپاتن" ناو دێرکرا، هەربەم ناوەش ماوە.

هۆکاری ئەمە کە ئەو بەشە لە سەرزەمینی ماد(ئاترۆپاتن" ناودیرکرا ئەوەیە کە لەسەردەمی مادەکان وهەخامەنشیەکان ساترابەکان یان پارایزگارانی مادی گچکە،هەریەک بەنووری خۆی،ناوو لەقەبێکی ئاترۆپاتن یانی پاسارگادی ئاگریان هوبوو. لەکۆتایی زنجیرەیهەخامەنشینیان چاخێک ئەسکەندەر،داریوشی سێهەمی شکست پێدا ولەدوایی دەست بەسەرداگرتنی سەرزەمینەکانی ڕۆژئاوای ماد بەبەشی باشووری ڕۆژئاوای مادگەیی دوایین پارێزگاربۆپێشگیری لەهاتنی ئەسکەندەر ویۆنانیەکان بۆسەرزەمینی ئاگری ممبارک وپاراستن وحورمەت وڕیزلێنان"ئازەرگشسب"خۆیان نەک پاریزگار بەڵکوو کاهن وپارێزەری ئاگری ممبارکی یانی"ئاترۆپاتن" نابرد وبەدانی پێشکیشی گەلێک زۆر ودەربڕینی فەرمانبەری پێشگیری لەواردبوونی ئەسکەندەر ویۆنانییەکان بۆ بەشی باشوری ڕۆژئاوا ماد بوو. لەدوایی ویدابوو کەئەوسەرزەمین بەناوو لەقەبی وی" ئاتروپاتن" ناودێربوو(1). هەڵبەتە بەشەکانی ڕۆژئاوای یانی زاگروس ودەوروپشتی دەریاچەی وان ودیاربەکر ونیوان رودان پێشتر بەدەستی گزنفوون فەرماندەری سەربازانی تێشکاوی یۆنانی،وڵاتی کاردۆنشین پێدەگوترا. لەمە بەدواسەرزەمینی باشووری ڕۆژئاواش هەرچەند کەخەڵکانی وی مادو لەڕیچەلەی کورد بوون چونکە لەسنووری یۆنانیان ورۆمیەکان نزیک نەبوون وناوی "ئاترۆپاتەنیان" هەبوونیدی لەرەدیفی مادی ڕۆژئاوا وکاردۆکان بەحیسان نەهینران.

بەڵام ئەمڕۆ ئەوهەی کەلەهەرهۆکاری دیکەزێدەتر پێشگیری ناسینی یەکیەتی ئەم نەتەوەی یەک ڕەچەڵە بووە یانی خەڵکی ئازەری وکورد ئەم زوانی تورکی یە،زبانێکی کەنزیکەی سێ سەت ساڵە لەئازەربایجان برەویی پەیداکردوە. هەوەڵین لێکۆڵەرو مێژوو ناس و زبان ناسیک کە دۆزیەوە زبانی خەڵکی ئازەربایجان لە سەرەتا و هەمێشە فارسی یان ئازەری پەهلەوی بووە، سەیە ئەحمەدکسڕەوی تەبریزییە، لە دوایی وی دەیان و سەدان تۆژەکار دیکەش دیتنەوەو دۆزینەوەی ئەویان بەردەوام کردوە لە کتێبەکان و گۆڤارەکانی زانیستگایی مێژوویی لەگەڵ شوێنەوەارو نوسینەکانی خۆیان چ بوڵیڵی لەم بارەوە باقی نەهێشتۆتەوە.

جگە لەسەردەمی دێرین کەبەڵگەوسەرچاوەی موحتەبەر سەبارەت بەهاوزوانی وهاودینی وهاوفەرهەنگی خەلکی مادوپارس و"پارث" لەبەدەردەستە،لەدوایی ئیسلامیش مێژوونووسان وجوغرافیازانان وگەریدەکانی موسڵمانیش وەکوو ابن حوقل،ئەستخری،موقەدەسی، یەعقوبی،مەسعودی،خوارەزمی وحمداللە مستوفی وئیدیکە لەکتێبەکانی خۆیان نووسیویانە: زبانی ئازەربایجان ئازەری پەهلەوی یەکێک

لەلەهجەکانی فارسییە. هەتالەسەدەی چوارەم ئەبووعولاخوارەزمی لەکتێبی"مفتیح العلوم" ناوی دیکەی ئازەربایجانی وەکوو"ابن مقفع" بەناوی زوانی دانیشتوانی وێ"پەهلە) و" پەهلەوی" نووسیوە و لە ئاکامدا کتێبەکانی" نزهةالمجالس،تەزکەری نەسرئابادی وهەروا تەزکەرەی"توحفەی سامی. "وتاری ڕوحی انارجانی" نووسینی سەدەکانی دەهەم و یازدەهەمی کۆچی بەلگەی زیندوون بۆ ئەمە کەخەڵکی ئازەربایجان هەتا سەدەی 11کۆچی بە زوانی پەهلەوی قسەیان دەکرد. ئاکامەکەی ئەمە کە بەهۆی زوانی فارسی بووە کە خەلکی ئازەربایجان و هەموو شاعیران و نووسەرانی ئازەربایجان لە سەرانسەری مێژوو لە هەر دەورەیەک بەفارسیان شێعرهۆدۆتەوە یان کتیبیان نووسیوە(2).

ئێستا لە گەڵ ئەمە ئازەربایجانی ماد کە هەتا(300)ساڵ پێش زوانی خەڵکی وێ وەکوو کوردەکانی پەهلەوی یان ئازەری پەهلەوی بوو و لە گەل ئەو ئاوارەیی لێکترازان وهەتلەو هەڵواەدایی کورد لە سەرانسەری ئیران لە سەرەتا هەتا ئەمڕۆ، مەعلووم دەبێ بۆچ بازێک مێژوونووسان لە خولی دوای ناوی ئێران،ناوی ئێران کوردستانیشیان بە نیشتمانەکمان داوە. بەمجۆرەی کە ئازەبایجانیەکان دەلێن لە تاران و پارێزگاکانی دیکەی ئێرانی ئازەباریجانی گەلێک زۆرترلە خودی ئازەربایجان دانیشتوون و ژیان تیپەڕدەکەن هەر بەمجۆرەش کوردەکان دەلێن جەماوەری کوردان کە لە تاران و پارێزگاکانی سەرانسەری ئێرانن تەقریبەن زۆرتر لە جەماوەری پاریزگای کوردستان و سەرجەم سەرزەمینەکانی کوردنشین لەدەرەوەی سنوورەکانی وڵاتە. (سەرلەنوێ بەشی نۆهەمی ئێران وکوردستان موتالابفەموون وبخویننەوە).

لەگەڵ ئەم هەمووە ولەگەڵ بوونی ئەمە،ناوی باسی ئەم بەشە،کوردستان یان جوغرافیای ئینسانی کوردستانە. لەسەریەک پانەگۆڕییەک یان سەرزەمینێک کە نەتەوەی کورد هەزاران ساڵە لەوێ دەژین کەیۆنانیەکان وڕۆمیەکانی دێرین ئەویان بەسەرزەمینی کاردۆیەکان ناودەبرد. بەڵام لەنیوەی سەدەی شەشەمی کۆچی بوو لەسەردەمی سەلتەنەتی سولتان سەنجەری سەلجوقی کەکارگیڕانی دەوڵەتی لەدابەشکردنی جوغرافیایی ئیران،سەرزەمینی ئەوییان بەناوی پاریزگای کوردستان تەنیا لەبەڵگەی فەرمی دیوانی تاپۆکردوە لەئاکامدا لەسەدەی حەوتی کۆچی دەبینین ناوی کوردستان بەفەرمی لەشوێنی لاپەڕەکانی کتێبی حمداللە مستوفی هاتووە لەگەڵ ئەم خەبەرە ئەم پارێزگایە بەناوی کوردستانش لەبەڵگەنامەفەرمی و پەڕتۆکەکانی دەولەتی بەتاپۆ گەیووە. ئێستابابخوینینەوە و ببینین لێکۆلێنەران ومێژوونووسانی هەنۆکە سەبارەت بەجوغڕافیایی ئینسانی ئەم سەرزەمینە چ جۆرەبابەتیان نووسیوە.

دوکتورسەیدمحەممەدتەقی مستەفەوی مامۆستای کۆنینەناسی سەبارەت بەجوغرافیای ئینسانی کوردستان وئازەربایجان لەکتێبی ڕاپۆرتەکانی دێرینەناسی دەنووسێ: (گرینگایەتی هەڵکۆڵینی عیلمی لەسەرزەمینەکانی ئازەربایجان پەیوندداربە رابردوو پێشینەی مێژوویی"حەسەن لو" و شوێنەواری دیکەی دێرین و کۆن نییە،بەڵکوو لە خولەکانی جۆراوجۆر،دەلیل وبەڵگەوشایەدی شوێنەواری پێشکەوتوویی ئیران بەرلە هەخامەنشینان لە دڵی خاکی ئازەربایجان وکوردستان وەدەرکەوتووە کە پەیوەندێکی ناهەڵبڕاو ونەپساوی یەکیەتی پێشکەوتوویی نەتەوەکانی باشوور لەگەڵ پێسکەوتووی هەخامەنشینان زێدە لە بەرێ دیاری دەداو مەعلووم دەکات ووەڕاست دەگەڕێنێ.

دەبێ هیواداربین ڕۆژێک بگاتەجێ کە شوێنەکانی زۆری میژوویی لە ئازەربایجان وکوردستان بە کەرەسەی لێژنەکانی عیلمی ئاگادار و بە ئەزموون و پسپۆر وخیبرە هەڵکولێنێکی بنەمایی وبەردەوام دەست پێ بکرێ و بنکەکانی زانیاری وەکوو زانشتگای تاران و زانستاگای تەورێز ودایرەکانی سەرجەمی دیرینە ناسی چ بە تاقی تەنیا و چ بەکۆمەڵ و بە هاوبەش وهاوکاری یەکدی ئەم ئەرکە بەڕیوەبەرن، هەنگاو دەستپێکردن ومل لەبەرنانێکی ئەوها لەسەرزەمینی ئازەربایجان وکوردستان ئیکجارپیویست وزەروریيە(3).

دوکتورحشمەت الله تەبیبی لە پێشەکی خۆی لە سەر کتێبی" توحفەی ناسری" دەنووسێ: (استرابون زاناو جوغرافیازانی یۆنانی لە نێو قسەکانی لە نەتەوەکانی دانیشتووی مادای(ماد) بە دوو نەتەوەی ئیرانی"کورتی" و"مەرد"(ماردا) ئامازەکردوە،ڕەچەڵەی ئەوانی لە قەومەکانی پارسی، و شوێنی دانیشتنی ئەوانی پارس ناوبردوە و نووسیوە کە بەشێک لەوان بۆلای ڕۆژئاوا هاتوون لەدەڤەرەکانی ڕۆژئاوای سەرزەمینی مادای(ماد)یانی ئازەربایجان و کوردستانی هەنۆکە دانیشتوو و سەقامگیر بوونە. سەبارەت بەمە کە هێندیک هۆز لە کوردەکان،ڕەچەلەی فارسن و دەکرێ بە دەلیل و بەڵگەی گەلێک مێژوویی کە حیکایەت لە بوونی هۆزەکانی کورد لە سەردەمەکانی ئیکجار دوور لە فارس بووە دەکات بە بەڵگەبهێنرێتەوە. بەجۆرێک کە(لە تەوراەت هاتووە)وهرودت نووسیویە"مادەکان و فارسەکان زوانی یەکتریان دەزانی و شێوی جل و بەرگی فارسەکان و مادەکان وێکدەچوو(4).

میورسکی لە دایرةالمعارفی ئیسلامی لە بن وشەیKurdدەنووسێ: (لە سەردەمی ئاشۆڕیەکاندا بەشێک لەم تایفەی(ساکارتیا) یان(سیرتی لە هۆزەکانی کوردی باکووری) کە شوێنی دانیشتنی ئەوان سیستان لە باکووری ڕۆژهەلاتی ئێران بوو کۆچیان کردو

ڕوویان لە ڕۆژئاواکرد هەر وەک لە سەردەمی ئاشۆرپەکان،ئەم هۆزە لە سەرزەمینی ماد(کوردستانی هەنۆکە) دەبینین.

سەرچاوەکان:

1-ر.ک. بەکتاب"تاریخ تباروزبان مردم آذربایجان" ازهمین مؤلف صص 25و26.
2-همان کتاب. همان نویسنده. بخش سوم.صص 51تا 63 وبخش پنجم. صص 75تا 91. بخش هفتم. صص103تا 117تا 169.
3-دکترسیدمحمدتقی مصطفوی. گزارش های باستان شناسی. مجلدسوم.صص 50و51.
4-دکترحشمت الله طبیبی. مقدمه برکتاب تحفه ناصری. ص 14.

لە دەورانی لەشکر کێشیەکانی پاڵشاکانی هەخامەنشی بۆ سەرئاسیای ڕۆژئاوا و یۆنان لە نیوان سالەکانی 490و48ی بەر لە زایین ئەم هۆزانەی ساکارتی یان سیرتی هەر کەڕەت لەگەڵ سوپاکانی هەخامەنشی بۆ ڕۆژئاوا چوون کاتیک لە گەڕانەوە لە یۆنان گەینە دەڤەرەکانی ڕۆژئاوای ئێران سەرزەمینی ئەوێیان بۆ ژیانی خیلاتی خۆ باش زانی و لەو ناوچە دانیشتوو سەقامگیر بوون. چونکە ئەو هۆزە پشوتازەو شەرکەر بوون دانیشتوانی دەشتەکان و قەراخ قوجاخی چۆمی دەجلەیان لە خۆیاندا تواندەوە.

مینورسکی هەر بەمجۆرە لە کۆچەرکردنی گەلێک هۆزی دیکەی ئێرانی کورد وەکوو" ئازاکارتیا) و" کارتوار" لە رۆژهەلاَت بۆ ڕۆژئاوا بۆ دەڤەرەکانی کوردنشینی هەنۆکە لە دایرةالمعارفی ئیسلامی قسە دێنێتەگۆڕ(5). (پیویستە ئەمە شیبکیرێتەوە کە لەبزی کورد لە هەر دوو ناوی (کارتیاو کارتوا) خۆی دەنوێنێ).

عەلی ئەسغەری شەمیم لە پێشەکی کتیبی کوردستانی خۆی کە ئەوی لەساڵی 1312ی کۆچی بە چاپ گەیاندوە،هۆکاری نووسینی ئەم کتێنەی لەوسالاَندا کە دەرکیەکان بەردەوام سیاسەتی جیایی خوازیان لەن یْوان خەڵکی ئیرانیان کردبوو پێشە ئەوهادەنووسیێ: (بۆ ڕەت کردەنەوەی بیروبۆچوونی غەرەزاوی سیاسی کە بە دوای مەبەست وبۆچوون وئامانجی دەوڵەتانی(دەرەکی) خۆیانن، و هەروا بە ئاشکرا گەیاندنی ئیرانی بووونی نەتەوەی کورد کە(دەستەودەیارەی سیاسەتەکانی دەرەکی دەیانەوێ برایانی کوردی ئێمە بەدەرەکی بنوێنن)تەواوی کتێبەکانی مێژوونووسانی یۆنانی کۆن و سەرجەمی کتێبەکانی مێژوونووسان و جوغرافیانووسانی ئیسلامی و تەواوی دایرةالمعارفەکانی ئینگلیزی وفرانسویم بە وردی موتالاَکرد،هەتا لە ئاکامدا

توانیم لە کتیبی خۆم حەسڵ و بنچەکەو ڕەچەڵەی کوردان مەعلووم کەم و هەروا درۆی قسەکانی دەستەو دەیارەی سیاسەتەکانی دەرەکی لە قاودەم وئاشکرا کەم و بسەلمێنم(6).

عەلی ئەسغەرشەمیم سەبارەت بەسنووری جوغرافیایی کوردستان دەنووسێ: (لە بیروبۆچوونی سیاسی ڕەچەڵەیی مەلبەنیکی بەرفرەوانە کە تخووب باشووری وی داوینەکانی باکووری دەشتەکانی ئەرمەنستان و ئایەرە وسنووری باکووری وی گەڵی چەمی دیالە لە بەشەکانی دەجلەیە. درێژایی وی لە باکووری رۆژهەڵاتی بۆ باشووری ڕۆژئاوا بە تەفاوەتی (600)هەتا(1000) کیلۆمێتر و پانایی وی دیسان بە تەفاوەت لە سەت و بیست هاتا چوارسەت مێتر و هەتا48دەرەجە درێژایی ڕۆژهەلاتی گرینویچ(نصف النهارلندن) درێژە. ئەم دەڤەرە پان و بەرفرەوانە کەبوونی هۆکاری جۆراوجۆری جوغرافیایی وەکوو کیوەکانی چەخت و ئەستەم وبانوو بورگەی بەرفرەوان و دەشتەکانی پڕپیت وبەرەکەت و گەلێک چەم و شوێنی لێڕاونینی سەرۆشتی، کە لە نێوان سێ دەوڵەتی ئیران و ئیراق و تورکیە دابەشکراوە.

عەلی ئەسغەرشەمیم لە بەردەوامی قسەکانیدا دەنووسێ: (ئەو هەریمەی کە هەنۆکە بە کوردستان ناوی دێنن، هەتا سەدەی حەوتەمی کۆچی ناوی جۆراوجۆری لێهەڵدەرا و ناوی کوردستان لە ئاخیری سەردەمی سەڵجوقیانی ئێران بە هەرێمەکی هەڵکەوتوو لە نیوان ئازەربایجان و خوزستان- یانی هەمەدان،دینور،کرمانشاهان، لە ڕۆژهەلاتی زاگروس و دەڤەری شارەزوور و سنجار لە ڕۆژئاوای زنجیرە کێوەکانی زاگروس- گوتراوە. چونکەشارەکانی ناوبراو لەسەرەوە لەسەرجەمی کتێبەکانی جوغرافیایی کەهەتاسەدەی حەوتی کۆچی نووسراون،بەبەشێک لەشارەکانی شاخاوی ودوڕگە یان دیاربەکر حیساب کراوە وهیچ کام لەسەفەرنامە نووسەکان ومێژوونوسەکان وجوغڕافیا نووسەکانی ئێرانی وعەڕەب هەتا سەدەی حەوتەمی کۆچی ناوەکیان لەکوردستان لەکتێبەکانی خۆیاندا نەهێناوە وهەوەڵین کەڕەت ناوی کوردستان لەکتێبی"نزهة القلوب"ی حەمەدالله مستوفی نوسەری 740ی کۆچی دەبینرێت.(لێرە شومیم لەکتێبەکانی اصطخری ویاقوت حموی نووسەروجوغرافیانووسانی سەدەی شەشم وسەرەتای سەدەی حەوتەم شەری مەزنی مەڵبەنی جبال ودوڕگە ونیوان ڕودانی یەک بەیەک وەک نموونە نەقل دەکات کەلەوبەینی داچ ناوێک لەکوردستان نابینرێت).

هەروا ئەم توژەرە دەنووسێ: (تیرەکان و هۆزەکانی کە سەرزەمینی پان وبەرینی کوردستانی ئێران وحوضە اولیای دوو چەمی فەرات و داوینی ئاگری(ئارارات)یان

کردویانە شوێنی دانیشتنی خۆیان و بە ناوی کورد ناوی دەبردرێن لە مەڕ لەهجەو زوان و ئیخلاق و داب و نەریت و شێوە گوزران و مەزەب شەریک و هاوبەشن. بەڵام جۆراوجۆری شوێنی جوغرافیایی دانیشتوانی ئەم هۆزە لە ڕۆژانی ڕووداوەکانی مێژوویی و تایبەتمەندییەکانی خووخەسڵەت قەومی ئەوان کارتێکەری زۆری هێشتۆتەوە کە لە ئاکام ئەوانە،لە نیوان هۆزەکانی کورد ناکووکی لەهجەو ئیخلاق و داب و نەریت و مەزەبی ئەون بە وجود هێناوە.

ئەم لێکۆلەرە دیسان لە بەردەوام بوون لە قسەکانی دەنووسی: (بەلام لە خۆش شانسی بەهۆی لێکۆلینەوە وبەدوادەچوون جەماوەرێک لە پسپۆران و زانیارانی ئاڵمانی و ئینگلیسی و فرانسوی و تۆژەرەانی دیکە،حەسڵ و ڕەچڵەو ئاخیزگەکان و سەردەمەکانی کۆچکردنی نەتەوەی کورد ڕۆن بۆتەوە. ئەم زانایانە بە بەڵگەو کتێبی یۆنانیانی دێرین و کتێبەکانی مێژوونووسان و زانایانی جوغرافیای ئیسلامی و هەروا موتاڵاو لێکۆلینەوەیەکش کە لەم سەردەمە لە تایبەتمەندییەکانی ئینسانی هۆزەکانی کوردی ئیران و تورکیە و ئیراق دەستکی پیکراوە،هەموویان بە تیکڕایی ئێرانی بوونی کوردەکانیان دوور لە شک و گومان بە یەقین و دڵنیایی بە پێی بەڵگەو هێنانەوەو دەلیل وەڕاست گەڕاندووە(7).

عەبدولحوسین سەعدیان لە کتێبی دایرةالمعارفی سەرزەمینی ئێران لە"لاروس" دەگێڕێتەوە: (کوردەکان لە حەسڵ ترین تیرەی ئارياییین کە لە کۆنەوە لە قەراخەکانی دووچۆمان(بین النهرین) و وڵاتانی ئێراق و تورکیە هەتا سنوورەکانی خاکی شووڕەوی بە تایبەت لە سەر زەمینەکانی ئێران نیشتەجێ و دانیشتوون. ئەوان لە بانوو بورگەی ئێران بەکارەکانی کشت و کاڵ(کشاوەرزی) و مەڕداری و ئاژاڵداری خەریکن، و زوانەکەیان لەهجەیەک لە زوانی ئەمڕۆی ئێرانە کە ڕیشەی لە زوانی فارسی کۆنداهەیە، بەڵام لە ماوەی ساڵی دووروو درێژ بووتە خاوەنی لەهجەیەکی تایبەت، چونکە زوانی عەڕەبی و خۆی لە نێوخزاندووە. ئەم لەهجانە لە موسڵ هەتا ئاسیای گچکە(لەو سەرزەمینانەی کە لێی دەژین)لە زبانی کوردی کارتێکەری هەبوو،و لە سەریەک لەهجەکانی جۆراوجۆری کوردی ئیکجار هەژارانەو ناوەرۆکی بەبوونی چیرۆکەکانی بێسەوادانە و شێعرکانیان ڕوخساری شادمانی و حماسی وپاڵاوەناتی هەیە(8).

ڕەشیدیاسەمی دەنووسی:(ڕەزامەندی سروشتی زبانی فارسی چ پێشگیری ناکات کە لە کۆنەوە دەڤەری کوردنشین بە کوردستان ناوی لێبردبێت بەڵام یەکەمین جار کە ئەم

وشەی"کوردستان" دەبینین لە سەردەمی سەلجوقیان بووە کە بە فەرمی ئەم هەریمی لە پەرتوکەکان و دەفتەرەکانی لە بارەگای پاشاکان و عەدالەتخانەکاندا بەم ناوە تاپۆ کردوەو سنووری سەر زەمینی وی نووسیوەو دیاری کردون. بەڵام یەکەمین کتێب کە ئەم سەر زەمینەی بە ناوی کوردستان ناوبردوە و سنووری پارێزگاکانی بە دوورو درێژی نووسیوە"نزهةالقلوب"ی حمداللە مستوفی یە،کەلەساڵی 740ی کۆچی نوسراوە(9).

سەرلەشکر مزەفەر زەنگەنە بە لێگێرانەوە لە کتێبی مێژووی (ممالک شرقیە خلفالاپەڕی 192) دەنووسێ: (لە نیوەڕاستی سەدەی شەشەمی کۆچی سوڵتان سەنجەری سەلجوقی پاریزگای جبالی لە کرمانشاە جیاکردەوەو ئەوی بە ناوی کوردستان ناودێرکرد و حکوومەتی ئەوێی بە برای خۆی سولەیمان شاە ئەسپارد(ساڵەکانی 554-556کۆچی) و ناوەندی وی شارۆچکەی "بەهار"(12کیلۆمێتری باشووری هەمەدان) دیاری کرد"لسترنج دەنووسی: (ئەم پارێزگایەی ڕۆژئاوایی پەیوەندی بەکرمانشاهەیە و لە سەردەمی سەلجوقیان بەکوردستان یانی بەشاری کورد دەنگیین بووە(10).

نیکیتین دەنووسێ: (لە ناوی کوردستان هەتا سەدەی دوازدەهەمی زایینی(سەدەی شەشەمی کۆچی) لە دەفتەرکانی بارەگای پاشایان و عەدالەتخانەکانی دەوڵەتی و لەکتێبەکانی مێژوونوسان و جوغرافیازانان شوێنی نەبوو. تەنیا لە سەردەمی سەلتەنەتی سوڵتان سەنجەر ئاخرین پاڵشای مەزنی سەلجوقییە کە ئەم پارێزگایە ناوکوردستان لێنا و ناوەندی ویشی(قەڵای بەهار) هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژئاوای هەمەدان بۆ دانا. ئەم پارێزگایە بریتی لە پارێزگای هەمەدان،دینور،کرمانشاهان لە ڕۆژهەڵاتی چیای زاگروس و شارەزوور و سنجاب لە ڕۆژئاوای ئەو زۆزان بوو هەتا ئەو سەردەم کەسێک ئەو دەڤەرانەی جیابە ناوی جبال وجزیرە(دیاربەکر) نەدەناسی. بەڵام یەکەمین نوسەرێک کە لە کتێب ناو لە کوردستان دێنێ حمداللە مستوفی یە(11).

عەلی ئەسغەرشەمیم دەنووسێ: (حمداللە مستوفی بیست و نۆ پارێزگای جەزیرە(دیاربەکر ونیوان ڕودان) ی بەشێکردنەوەیەک کە لە"معجم البلدان" هاتووە ناو دەبات و هەروا ئەو سنووری کوردستان و شانزدە پاریزگای گرینگی وی وەکوو" ئالانی"،"الیشتر"، :بەهار"،"دینوی"،"کرمانشاە"، "مایدەشت" وشارەکانی هاوقەدری ئەمانە ناودەبات(12).

سەرچاوەکان:


Kurd-5زیرلغت ، Ensyclopcdie de i ,

6-علی اصغرشمیم.کتاب کردستان. مقدمه.ص 13.
7-همان نویسنده. همان کتاب از صفحه39 تا 33.
8-عبدالحسین سعیدیان. دایرةالمعارف سرزمین ومردم ایران.ص 1028.
9-رشیدیاسمی. کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او. ص 194.
10-سرلشکرمظفرزنگنه. دودمان آریایی کردو کردستان. ص 25 ولسترنج ترجمه فارسی ص 202. 11-آلکسی نیکیتین. کردوکردستان. ترجمه محمدقازی. ص.
12-علی اصغرشمیم.کردستان.ص 130.
13-سیدمحمدباقرنجفی.مقدمه کتاب کردان گوران.ترجمه سیروس ایزدی.صص 26و27.


سەیدمحەممەدباقرنەجەفی لەم بارەوە دەنووسێ: (حمداللەمستوفی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئێران ناوی کوردستانی لە ساڵی 740ی کۆچی لە کتێبی جوغرافیای "نزهة القلوب" نووسی. ئەو سەرزەمینەکانی ئێرانی سەردەمی هەلاکۆییان یان بە لێکدانەوەو نوسین و تاپۆی وی سەر زەمینەکانی(ئێران زەمین)ی بریتی لە: شارەکانی ئیراقی عەرەب، ئێراقی عەجەم، ئازەربایجان، ئەران و مووغان،شروان،ڕوم،ئەرمەن،دیاربەکر وربیعە،خوزستان، فارس،کرمان، نیمروز و قهستان وزاولستان، مازەندەران، قومس و تەبەرستان،جیلانات و کوردستان زانیوە".

لە سەرئەم بنەمایە مەعلووم بوو کە ئەو یەکەمین جوغرافیازانە کە لە لای رۆژئاوا پارێزگای جبالی{=ئیراقی عجەم} لە ئێرانشار ناوچەیەکی سنووورداری بەناوی کوردستان، جیاکردۆتەوەو بە دابەشکردنی جوغرافیایی"ئیران زەمین" زیدە کردوە.

بەم ناوەرۆکە(کتێبی) جوغرافیای حمداللە مستوفی لە شانزدە پارێزگای کوردستان بەمجۆرە ناو دەبات:

بەهار: قەڵایەکە... بریتی لەچەند گوند" هەنۆکە لە8 مایلی باشووری هەمەدانە. مایدەشت: "وپارێزگایەکە..." هەرئەم ماهیدەشت کەیەکێک لەچەندگوندی لێک نزیکەی بەشی ناوندی کرمانشاهان- دەشتێک لە نێوان دوو زۆزان،کویستانی حیلاتی کەڵهوڕ وسنجابی. کنگور:" ئەوی بە"قصرالصوص) ناولێبردوە.... خوسرەوپەرویز دەویداقەڵای دورست کرد" هەنۆکە کنگاورە،90 کیلۆمێتری هەمەدان ولەبەشەکانی کرمانشایە.

وستام: گوندێکی گەورەیە محاذی شبدیز"هەرئەوتاقی بوستان یان تاقی وستام،شوێنی بەردتراشیەکانی گرنگی ساسانی.

سوڵتان ئاوا: جەمجەماڵ. شارۆچکەیەکە لەداوێنی چیای بێستوون... اولجایتو دورستی کردوە" قلایەکی موحکەم بووە،لەنزیکەی داوینەکانی بیستوون. جەمجەمال هەر ئەو چەمچەماڵەیە،کەهەنۆکە یەکێک لە دێهستانەکانی ئولکەی کرمانشاهانە. شارەزوور: "لەهەوڵ نیوەئەرادەیان پێگووە،یانی نیوەی ڕێگای مەداین هەتائاگرخانەی ئازەربایجان کەقوباد بنی فیروزساسانی دورستیکرد". هەرسین: "قەلایەکە" ئێستابەشێک لەشارستانی نیوان کرمانشا وخوڕەم ئاوایە. شەبدیز:" وئەو خوسرەوپەرویزدورستی کرد". کرمانشاه: (ئەو بارامی شاپورساسانی دورستیکرد وقوبادبنی ساسانی بەبنای کرد.هەنۆکەدێیەکە،مەعلووم بووە دوایی هێرشی مغولەکان بەشیوەوشکلی گوندی لێهاتبوو. دەربەندزەنگی شاررۆچکەیەکە". دەربەندخاتوون: "شاری وەسەت" لسترنج وتوویە ئەم دوو دەربەند(زەنگی وخاتوون) لەنێوان شارەزوورو شاری حەلوان لەنیوانزۆزانەکانی کەدەروانننە دەشتەکانی دوو چۆمان(بین النهرین) هەڵکەوتووە. دینور" شارۆچکەیەلە" ئێستا لەبەشی سەحنەی کرمانشاهان هەڵکەوتووە،ئەو"ماهالکلوفە)ی پیدەگوترا کەلەکتێبی مێژوویی وجوغرافیایی ناوی وی هاتووە. دزبیل" شاری وسطە) الانی" شارۆچکەیەکەی موعتەبەرە. الیشتر: " شارەکە... لەویدائاگرخانەی ناو بووە" . لەناوچەای نیوان خوڕەم ئاباد و نهاوندە. خۆشان: دوو گوندە. حەلوان وکرند وێران بووە وخۆشان ئابادان(13).

لە سەرەوە،لە کۆتایی نەقڵ و قەولی علی ئەسغەرشەمیم هاتووە، ئەوگوتی: حمداللەمستوفی جگەلەم شازدەپارێزگای کوردستان کە ناوەکانی ئەوانی لە کتێبی خۆی نووسیوە،ناوی بیست ونۆ پارێزگای جەزیرە(دیاربەکر و نێوان ڕودان)ی لەکتێبی دیکەی یانی"معجم البلدان)هێناوەتەوە و لە دوایی وی دیسان لە سەرەوە خویندمانەوە کە سەید محەممەد باقر ئیمامیش بەنۆرەی خۆی لە پێشەکی کتێبی کوردەکانی گۆران سەبارەت بەو شازدە پارێزگایە لە کتێبی حمداللەمستوفی نووسیویەتی: ( ئەوناوچەیەکی سنووررداری لە ئیران زەمین،بە ناوی کوردستان ناوبردوە" بەم شێکردنەوەیە دەبینین هەر دوو توژەر ناوەکانی دیکەی پاریزگاکانی کوردستان کە لەو پاژە لەکتێبی" نزهةالقلوب" نەهاتووە ئامازەیان پێ کردوون.

بەڵام حمدالله مستوفی لە پاژی نۆهەمی کتێبی خۆی"نزهةالقلوب" لە ژێرناوی" بەیان کردنی دیاربەکر و ڕەبیعە" ناوو باسێکی کورت و بارودۆخی هەر کام لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستانی ئاماژە پێکردوە،مەسەلەن موسڵ،هەولێر(ئەربیل)،ئەرزن، ئامێد،جەزیرە،خاپور، عیمادیە، قرقیسیا،نسیبین،ساعر،رها،حەران،میافارقین، جار،نینوا، خولاسە شارەکانی کە سەرجەم ئیرانن و ناوەکانی ئەوانی لە کتێبەکانی ئیران وەکوو عیمادیە کە عیمادلدولەی دەیلەمی دورستی کرد،قریسیا کە تهمورس دێوبەند دورستی کرد،خابور کە قوباد بنی فیروز ساسانی دورستی کرد، جەزیرە لە هەریمی چوارەم کە ئەردەشیر بابکان ساسانی سازیکرد، عەقرە کە کەیکاوس دورستی کرد، و هتد...(14). کرمانشا بارامی چوارەم کوڕی شاپووری دووەم(ذالاکتاف) دورستی کرد.

خاوەنی ئەم دێرانە نووسەری کتێبی حازر،دەیان کەڕەت لە سووریيە لە ئاڵمان لە گەڵ گەلێک لە کوردەکان سەری قسەم کردۆتەوە. هەموویان خۆیان بە ئیرانی دەزانی و زوربەیان جگە لە زوانی تورکی و عەڕەبی بە فارسییش کە زوانی بنەڕەتی و حەسلی خۆیانە قسەیان دەکرد. تایبەت زوربە لەوان لە منیان بە حەزو ئیلاقەوە سەبارەت بە کرمانشاە،پرسیار دەکرد کە چ جۆرە شارێکە و ئارەزوی بینینی کرمانشانیان هەبوو.

هەر وەک شیراز دایکی شارەکانی فارس بە حیساب دێ، و مەشەد، دایکی شاری خوڕاسانی مەزن و تەورێز دایکی شاری ئازەربایجان، هەر بەمجۆرەش کوردەکان چ لە ناو وڵات یان لە هەرشوێن دەرەوە، کرمانشاە بەدایکی شارەکانی کوردستان دەزانن.

لە هۆکاری ناولێنانی کرمانشاە: مێژوو نووسانی کۆن یەک لەوان "ابن بلخی" نوسیویە: (بارام بنی شاپوور ذی الاکتاف(بەر لە وەی ببی بە شاهنشای ئیران) ئەویان بە کرمانشا ناو دەبرد چونکە لە سەردەمی سەلتەنەتی باوکی و برای، ئەو لە کرمان بوو یانی (پاشای کرمان بوو) دەجاناوی وی(کرمانشاە) بوو، و ئەوشاری کرمانشای دورست کرد، و ناوی خۆی لەسەردانا،یان بڵێین بە ناوی خۆی کرد(15).

دەهخوداش وەکوو هاوچەرخانی دیکە لە وشەنامە، لە بن ناوی کرمانشا،ئەوهای نووسیوە، هەروا بۆ نموونە لە کتێبی کرمانشاهانی دیرین هاتووە: (بە جۆریک کە لە ناوی کرمانشاە دیاریدەدا، نیسبەت و پەیوەنداری بە بارامی چوارەم ناسراو بە کرمانشایە، کە لە ساڵی 399هەتا388ی زایینی لە سەر ئەمپەڕاتووری پان و بەرینی

ساسانیان فەرمانڕەوابوو. بارام لە سەردەمی پاڵشاییی باوکی وەک حوکمڕانێک بە سەر پاریزگای کرمان ڕادەگەیی بەم بۆنەوە لە قەبی بەشای کرمان (کرمانشا) ناو دەبردرا. هەر ئەویش لە دوایی شاپوور بوو بەمیراتگری تاج وتەختی ساسانیان(16).

بەلام ئاغای سیروس ئەیزەدی ناوی کرمانشای لە خوارەوەی لاپەڕەی 49ی کتێبی کوردەکانی گۆران بە وشەی فارسی کۆن نیسبەت داوە و دەنووسی: (ناوی کرمانشا دەبێ لە وشەیەکی دیکەبێت.ئەمڕۆ لە تورکیە تیرەیەک لە کوردەکان بەناوی"کورمیشان)دەژین. کورمیشان لە ناوەکانی دێرین و کۆن و کۆنتر لە فارسی دیرین خورمیش (خورمیتراست. ناوی میشان و ناوەکانی چاکراو بەرجەستە لە وی لە گەلیک لە شوێنەکانی رۆژئاوای ئیرانی ئەمڕۆش هەیە... هەروەک خەڵکی کرمانشا بە خۆیان (کورمیشان) دەلێن. و دەبی ناوی ئەوشارەی کۆن ودێرین کە عارەبان ئەویان بە(قورماسین نووسیوە، کورمیشان بێ... ناوی شوێنی لە دایک بوونی " پورسینا"ش لە نزیک بوخارا"خرمیشن" خورمیشن، بووە(17).

هەروەک ئامازەمان پێکرد کەکوردەکانی کرمانشای بەدایکی شاری کوردستان دەزانن وهەروا لەهۆکاری ناولێنانی ویش باسکرا،جێی خۆیەتی ئەم شارەی (تک نگاریەکی) کورت بکەین کە نموونەو گەلالەی تەواو بۆناسین شارەکانی دیکەی کوردنشین لەشوێنی دیکە دەتوانی ببێ.

لە" وشەنامەی دهخدا" نەلێگێڕانەوە لەگەرهەنگی جوخڕافیای ئێران. ج 5 هاتووە کرمانشا لەشارەکانی ڕۆژئاوای وڵاتە. لەسەردەمی پاشاکانی ساسانی دورست کرا وسازکەری وی بارامی چوارم لەقەب بەکرمانشا(شای کرمان لەسەردەمی ولیعهدی) بوو. لە وەرگێراوەی تەبەری داهاتووە بارام بنی شاپووریان پیدەگوت چونکە باوکی شاپوور،پاشایەتی شاری کرمانی دابوو بەوی هەربەمندالی بۆکرمانی نارد بوو. ئیبنی بەلخی لەفارسنامەدائەوهای نووسیوە وبە لێکۆڵینەوەی کریستن سن، لەکتیبی ئیران لەسەردەمی ساسانیەکان لاپەڕی 257سەرچاوەکانی دیکەی دیرین ونوێ ئەم مەتلەبە هاتووە وفیردەوسیش لەشانامەداهێناوەتی:

| | | | |
|---|---|---|---|
| (چو | بنشست | بهرام | بهرامیان |
| ببست | ازپی | دادوبخشش | میان |
| بە | تاجش | زبرجد | برافشاندند |
| همی نام کرمانشهش خوانند) | | | |

لە دەوروپشتی شار بەردنووسەکان و نەخش و نیگاری زۆرلە سەردەمی ساسانیەکان ماوە. ودیسان حمدالله مستوفی لە"نزهةالقلوب" نووسیویە: (بارام بنی شاپوورذوالاکتاف،کرمانشای دورست کرد و قوباد بنی فیروزی ساسانی نویی کردەوە یانی پینەوپەرۆی کردو بۆخوی عیمارەتێکی جوانی چاکرد و کورەکەی نەوشیروان لە ویش شوینکی سازدا، سەت گەز لە سەت گەز،لە جەشنێکی وی، فقفوری چین و خاقانی تورک و رایی هیندو قەیسەری ڕۆم هاتن و دەستی نەوشیرەوانیان ماچ کرد.

لە"حدودالعالم" داهاتووە: (کرمانشا شوێنی دانێشتنی خوسرەوپەرویز بوو. خانووبەرەکانی وێ هێشتا هەرلەسەرپێ ڕاوەستاون وحمدالله مستوفی نویویە: (شەبدیز) لەوچوارچیوەیە کەخوسرەوپەرویز دورستی کرد ولەسارای وێ باخێکی سازدا دوو فەرسەخ لەدوو فەرسەخ کە مێوەی گەرمێن و کویستانی پیوە دەهات.

لە جوغرافیای سیاسی کەیهان،لاپەڕە 453داهاتووە: (لە سەردەمی پاشاکانی ئەل بویە،گەلیک خانووبەرە دورست کراون و چونکە لە سەر ڕێگای رۆژهەلات بۆ ڕۆژئاواهەڵکەوتووە گرنگایتەی بووە، پادشاکانی سەفەوی بە تایبەت شاسمایل سەفەوی لە وێ دژ وقەلای موحکەمی سازدان. "تاق بوستان" لە عیماڕەتەکانی خوسرەو پەرویز لە نزیکەی ئەوشارە لە رەخ کانیەکی مەزن دورست کراوە. لە فەرهەنگی جوغرافیای ئێران ج . 5 نووسراوە: (ئەم شارە لە25دەرەجە و5دەقیقە درێژایی و24دەرجە و19دەقیقە پانایی هەڵکەوتوو1410لە ڕاستایی دەریا بەرزایی هەیە، لە عیماڕەتەکانی دێرین و شوێنی چاولێکردنی کرمانشا مزگەوتی عیمادالدولە،مزگەوتی حاجی مەممەد تەقی، مزگەوتی جامیع، مزگەوتی وکیل الدولە ناسراو بە مزگەوتی شەهبازخان، مزگەوتی شازادە، تەکیەوخانەقای معاون الملک و تەکیەی بیگلیربەگی دەکرێ ناوبەرین. بەپیی لێکۆلێنەوە مەعلووم بووە، دەڤەری کرمانشا ناوەندی قەومی ماد بووە و لە پاش ئەشکانیانیش گرینگایەتی هەبووە و لە سەردەمی ساسانیەکان بەو پاریزگایان ماە(ماد) ناودێرکرد(18).

ئایەتوولله شێخ محەممەد مردۆخ کوردستانی سەبارەت بە هۆزەکانی کرمانشایی یەک لەوان گۆرانەکان دەنووسێ: (گۆران نزیکەی شەش هەزار بنەماڵە دەبن کە لە رۆژئاوای کرمانشا دانیشتوون.بریتی لە شەش تیرەن: قلخانی،بی بیانی،نیریژی،گهوراەکانی، زنجیری،ریزگو.

ناوەندی قیبلە"گەهوارەیە". باشرفبیانی وباجەلان وسنجابی هاوسین. نزیکەی دوو هەزار بنەمەڵەش لەشاری سنەدژ(سنەندەج) و" ئەورامان" و"ژارود" وپلەنگان"ن

کەسەرجەم بەزوانی گۆرانی قسەدەکەن وهەموویان بەکشت وکاڵ وجۆتیاری سەرگەرمن بەپێچەوانەی عەشایەری کورد کەزۆرینەی کۆچەرو ئاژالداربوونە(19).

محەممەدعەباسی لە پێشەکی شەرفنامە دەنووسێ: (لە ڕەچەڵەناسان یەک لەوان Rich کوردەکانی بە دوو هۆز ئەژماردوون یەکێک خێڵاتی چادرنشین کە شوان و خاوەن مێگەل وشەرکەرن کە ئەوانی آسیرتاAssiretaناودیرکردوە ودەستەکەی دیکەی کە دانیشتووی گوندەکانن و کشت و کاڵ دەکەن بە ناوی گۆران ناو بردوە(20).

ڕەشیدیاسەمی دەنووسێ: (لە سەدەی بیستەم لێکۆلینەوەی توژەران گەیوەتە ئێرە کە لە نێو کوردەکان چینیکی ئێرانیش هەنە کە بە ناوی گۆران یان زازا دەنگینن(21).

لە قەولی مینورسکی نووسیویانە کە گۆرانەکانی کرمانشاهان بە لێکۆڵینەوەو بەڵگەی قەومی و زواننناسی کوردنین،بەلام هەنۆکە ئەوان بە کورد دەژمێرێن(22).

گ.ب. اگوپف نووسەری کتێبی کوردەکانی گۆران دەنووسێ: (ا.ب.سن. E.B.Souneتأکیددەکات کە(گورانەکان تیرەیەکەی دیرین و مەنشوورن، هەرچەند کە دەسەلات و هیزی پێشوویان نییە....ئەگەر خەرێکی لێکۆلێنەوەی ئینسانناسی بین،ڕەنگە ڕوون بێتەوە کە گۆرانەکان نەک کورد بەڵکوو لوڕ یان فارسی زوانن. تۆژەرانی ئالمانی لەوان"اومان" و"دیری" و بەر لەوانیش بازێک لە ڕۆژهەلاتناسانی ڕووسیش زوانی فارسی گۆرانانیان وەک زوانی فارسی چاولێکردوە. و.ف. مینورسکی لە گەڵ کۆ کردنەوەی بینینەکانی بەدواداچوون و شوێن پێ هەڵگرتنی بەرێ،نوسیویە کە فیکری بۆ ناچی بتوانین لە زوانی گۆرانان لەهجەی تایبەتی کوردی بدۆزینەوە.... لێتوژینەوەران ئەم بۆچوونەیان هەیانە. هەر وەک "ب.و.میلر."ئێرانناسی مەنشور- لە کاتی قسەکردن لە گۆرانەکان کە لە دواییین ئەوان بە کورددەزانێ وەبیرمان دێنێتەوە کە گۆرانەکان بەلێڕوانین و لە سیلەی چاوی مێژوویی،نەک بۆ لای زوانی کوردی- کرمانجی- بەڵکوو بو لەهجەکانی ئێرانی ناوەندی کە هاوسیەکانی باکووری و ڕۆژهەلاتین ڕوو تێکری هەیە. ئیدی کوردناسانی ئێمە لە گەڵ ئەوبۆچوونە هاو دەنگن(33).

بەشەکانی ڕۆژئاوای سەر زەمینەکانی کوردنشین لە سەردەمی سەفەویەکان و نادرشا و دوایی هەرکەڕەت لە دوایی هەر یەک لە شەڕەکانی یەک بە دوای یەکدا کە لە نێوان ئێران و تورکەکانی عوسمانی دەقەومان و دەست بە دەست دەبوون زۆربەی ڕۆژگارەکان هەتا لە سەردەمی قاجارەکان ئەو سەر زەمینانە لە دەستی ئێرانیەکان

بوو. بەڵام بە تایبەت لە شەڕی یەکەمی دونیاگری ئەوەڵ لە دابەشکردنی جوغرافیایی و جەماوەرەکانی کوردنشین گۆڕانکاریەکانی نویۆ هاتنە کایە. هەر وەک کە بەشێکی زۆرتری وی هەروا لە ئیران جوداکراوو ماوە و بە خەراپترین شێوەی سنوور بەندی کرا بە شێوەیەک کە ئینگلیزیەکان بەویBuffer Zone دەڵێن یانی مابینی بەتاڵ یان لە سەریەک ناوچەکانی داکۆکی تیدابۆ کزکردنی ئێران ودەڤەرەکانی کوردنشین لە حالێکدا کە هەنۆکە دەبینرێت.

لەم دابەشکردنەدا وڵاتە سەرکەتووەکەی شەڕی یەکەمی دونیاگر یانی ئینگلیز بەشەکانی لە سەرزەمینەکانی کوردنشین کە عوسمانی ڕوخاو دەستی بەسەرداگرتبوو وەکوو دەڤەرەکانی کەرکووک،موسڵ و ئەربیل(هەولێر)ی کە لە ناوچەکانی چاڵاوی نەوتین لە تورکیە جیاکردەوە هاویشتە سەر ئیراقی ژێرچاوەدێری خۆی ولێی هاوپێچی کرد.

داوید ادامسون، لەکتێبی"شەڕی کورد" نەخشەوخەریتەی ئەم تەقسیم بەندی ودابەشکردنی جەماوەری لەنێوان ئەم پێنج وڵات- ئێران،باکوری قەفقاز،تورکیە،ئیراق،سووریە- نیشان داوە:

دابەشکردنی جەماوەی کورد:

| | | |
|---|---|---|
| لەئێران | | 1/005/000 |
| لە | باکوورڕۆژئاوای | قەفقاز250/000 |
| لە | تورکیە | 4/500/000 |
| لەئیراق | | 500/000 |
| لەسوریە 250/000 | | |

هەرچەند لە بەشەکانی بەریۆ بە بۆنەی گەلێک تایبەتی بیروبۆچوونی جۆراوجوری خەڵک ناسی سەبارەت بە کوردەکان لە کتێبەکانی دەرهێناوە دیسان لە کۆتایی ئەم بەشەش- چونکە لە دابوشبوونی جوغرافیایی ئاپورەی کورد قسە هاتۆتە گۆڕ- هێندیک بیروبۆچوونیۆ دیکەش لەم بارەوە لە کتێبی دایرةالْمعارفی سەر زەمینەکان و جەماوەری کوردی ئێران و کتێبەکانی دیکەش دەگێڕینەوە:

" کوردەکان خەڵکی ئێرانن ولەحەسڵ ترین هۆزەکانی ئارایایی کەلەئێران وتورکیەو ئێراق هەتاگەردەنەی قەفقاز ژیان دەکەن. بەزوانی ئیرانی لەلکەکانی هندوئوروپایی دەپێڤن)

وەرگێڕاولەدایرةالمعارف ئەینترناشنال. چاپ 1973.

" سەرجەم کوردەکانی دانیشتووی ئێران ودەڤەرەکانی دەرەوەی سنووری ئێران لەبنەچەکەو ڕەچەڵەی خالیسی ئێرانین"

وەرگێڕاوە لەالموسوعەالمیسررالعربیە.

"کوردستان ناوچەیەکی زۆزان وشاخاوی لەباکووری ڕۆژئاوا ولەباکووری چیاکانی ئاگری(ئاراڕات) لەئیران وتورکیە وئیراق وخەڵکەکەی لەڕەچەڵەی ئێرانین"

وەرگێراولەدایرةالمعارف سەدەی بیستەم(چاپی پینجەم).

"کوردەکان لە ڕەچەڵەی ئێرانین و خەرێکی ئاژاڵداری و فەرش چنینن و خەڵکانێکی شەرکەرو جەنگاوەرو قارەمان و دلێرن"

لەدایرةالعارف کلمبیاوایکینگ وسک.چاپی 1996.

" کوردەکان لەڕەچەڵەی حەسلی ئێرانین وزبانی کوردی لەحەڵدافارسییە ومێژووی درێژو پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکان ومیللەتی ئیرانی هەیە لەسەرەتا هەتاسەدەی شازدەی زاییینی بەردەوام خەڵکی کورد لەسەرزەمینەکانی ئیران ژیانیان تێپەڕکردوە بەڵام لەدواییدا بەشێک لەوڵاتەکیان لەنیوان ئیران وعوسمانی دەست بەدەست کراوە"

المنجد چاپی 15.

"کوردەکان خەلکانی موسڵمانن کە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست ژیان دەکەن و دانیشتوون و لە ڕەچەڵەی حەسڵی ئێرانین. لە دوایی شەڕی دونیاگری یەکەم کوردەکانیان لە نیوان ئێران و ئیراق و تورکیە دابشکردوون"

کوردەکان خەڵکانی جندیوو جوان وبەهیزو ورەن. بەزوانی تایبەتی خۆیان قسەدەکەن کەلەلکێکی زبانەکانی ئێرانییە. کوردەکان لەهەرشوێنێک لەژێرچاوەدێری پارێزگاری خۆیان کەلەلایان(ناسرالدین شا)دادنرێ ژیان تێپەڕدەکەن. پلەوپایەی پارێزگاری لەبنەماڵەی پاریزگار میراتییە. کوردەکان شانازی بەمە دەکەن کە ڕەچەڵەیان دەگاتەوە ساسانیەکان. ئەوان لە کارەکانیان بە جوامێرو بە ئابڕو بە شەڕافەت دەنگینن. بەم بەڵگەوە شای هەنۆکە(ناسرالدین شا)پاراستنی کەسینی خۆی وبنەماڵەکەی بە نیزامیەکی کورد بەناوی عەزیزخان ئەسپاردوە چونکە ئیدی دەتوانێ

دلنیاومتمانەی تەواوپێ هەبێت کەئەولەهەرهەڵ ومەرج وبارودۆخ بێت ئەو لە رەخی دەبێت(25).

محەممەد عەباس لە پێشەکی لە سەرکتێبی شەرفنامە بدلیسی لە قەولی Richلەرەچەڵەناسان دەنووسێ: (لە ناو قەومەکانی ئێرانی کوردەکان زیدەتر لە هەموان سەر بەمۆرو دەست وێنەکەوتوو ماونەوە. چونکە شوێنی دانیشتنی ئەوان شاخاوی و چەخت وحاسێ وحاستەمە و کەمتر ڕیی هاتووچۆی ڕەچەڵەی هێرش هێنەر بووە،بەڵام نابی وافکربکەن کە شوێنی دانیشتنی کوردەکان تەنیا کوردستانی زاگروسە. ئەوان بۆ هەموو لایەک چوونە هەتا بەشێکی نێوەڕاست و سەرەوەی ڕۆباری دەجلە و سەرجەم خاکی ئاشۆڕی دێرین و بەشێک لە ئەرمەنستان دانیشتوو نیشتەجێ بوونە(26).

جەلال مەلکشاهی کورد،لە ڕۆژنامەی "نشاط" دەنووسێ: (ئەو سنوورانەی کە کوردەکانی لێک دابڕاندوەو بەش بەش کردوە تخووبی دەستکردن و بێگانە(استعمار) وەدیهێناوە. کوردستان زنجیرە سەرزەمێنیکی بەسەریەکەوەو نادابەشکەرە و لێک جیاناکراوەیە کە بێ لەیاقەتی پاڵشاکانی سەفەوی و قاجار هۆکاری دابەشکردن و پارچە پارچە بوونی ویوو جیا بوونەوەی لە ئێران بوو.

کورد ئێرانییە،ئێرانیتر لە هەموو ئێرانیەکان،کوردپێشکەوتوویی ئێرانی سازداوە دورست کردوە. کورد یەکەمین حکوومەتی لە سەرەتای مێژووی لە ئێران بە ناوی ئێران و بۆ ئێران سازکردوە... زۆرینەی پاریزگاران و فەرماندارانی پارێزگاکانی کوردنشین کورد بوونە. هەتا لە حکوومەتی پەهلەوی کوردەکان بە پایەو پلەی بەرز دەگەین و لە بازیک لە کابینەکانیش وەزیرەکان لە کوردەکان بوون و لە نیو باڵویزەکان کوردەکان بوونیان هەبوو. ڕوناکبیری کورد هیچ کات خۆی بە جیاو لاتەریک لە میللەتی مەزنی ئێران نازانێ... چونکە کوردئێرانییە و کوردەکانی دابەشکراوە و پارچە پارچە، دڵیان بۆ ئێران دەکوتێ(27).

سەرچاوەکان:

14-حمداللەمستوفی.نزهةالقلوب" ص 120تاص 130.
15-ابن بلخی. فارسنامە.ص 73.
16-کرمانشاهان.ازانتشارات باستان شناسی وزارت فرهنگ.ص 11.
17-سیروس ایزدی.درپاورقی ص 49. کوردان گوران.

18-دهخدا .لغت نامه. زیرلغت کرمانشاه.
19-آیةاللەشیخ محمدمردوخ. تاریخ مردوخ ص 108.
20-محمد عباسی .مقدمەشرفنامەبتلیسی .ص بیست وپنج.
21-رشیدیاسمی .کردوپیوستگی نژادی وتایخی او. ص 198.
22-فیروزان .ایلات وعشایر.ص 19.
23-گ.ب. آکوپف.کردان گوران.ترجمه سیروس ایزدی صص 40و 41.
24-عبالحسین سعیدیان .دایرةالمعارف سرزمین ومردم ایران.ص 1028.
25-ادواردپولاک. ایران شناس آلمانی. سفرنامه. ص 24.
26-محمدعباسی. مقدمه برکتاب شرفنامه بدلیسی. ص بیست وپنج.
27-جلال ملکشاهی.مقالەدرروزنامەنشاط 31خرداد 1378.سال اول.

## بەشی یازدەهەم

(یک کرد درترکیه یک کرد است
یک کرد درعراق یک کرد است
یک کرددرایران یک ایرانی است)

کوردەکان لەبیروبۆچوونی تورکەکان و عەرەبەکان

(شەڕی کوردەکان بۆ ئازادی لەکۆتی بێانیەکان)

لە بازیک کتێبەکانی دەرەکی وەکووThe Kurdish Warدەیانجار بەتێروتەسەلی لەشۆڕشەکانی کوردان لەبەرامبەر سێ دەولەتی تورک وعەرەب وایران – کەوڵاتەکەیان لەنیوان ئەوسێ یەدابەش کراوە- قسەی لەسەرکراوە.(کوردستان لەنێوان چواردەوڵەت دابەشکراوە کەبریتین لەئیران وتورکیە وئیراق و سورییە،وەرگێڕی کوردی) نووسەرەکانی ئەم کتێبانە ئاماژەیان پێنەکردوە کە ئامانج و مەسەلەی شۆڕش و راپەڕین و شەڕەکانی بەردەوامی کوردان لە تورکیە و ئیراق لە گەڵ ئەم بابەتانەی بەدەگمەن وهەڵکەوت بەئیران نیسبەت دەدەن لە بنەمادا تەوفیری هەیە. چونکە

بۆئەوانی ئاگر خۆشکەری ئەم شەڕانن و نێڵی دەدەن تێکترینجان و هەژمان لە ناوچە بۆ کەلک لێورگرتنی دەوڵەتەکانی وان گرینگایەتی هەیە.

ئەو نووسەران نیردراوی سیاسەتاکانی دەرەکی لەگەڵ ئەمە کە بابەتی هەست پێکەر لە نیوان دەستەو دەیارەی یەکیەتی کوردەکان لە گەڵ برایانی دیکەی ئێرانیان ئیکجار شک وشبهەو گەلاڵەی لێکترازان و تەفرەقە هاویشتۆتێ بەلام لە سەر ئەو حاڵەش بۆ شێکردنەوەی ئەو دۆزو دەهۆیانە لە کتێبەکانی خۆیان ئەم ڕاستییەی ئاشکراو حاشاهەڵنەگر نووسیون کە کوردەکان خەلکانێکن ئێرانی لە گەڵ فەرهەنگ و داب و نەریت وعادەت و ڕسووم و دین و زبانی ئیرانی و هەبووی ڕەچەڵە و مێژووی باو باپیرانی هاوبەشی ئیرانی و هەروا زۆرکەم ئەویش لێرو لە وێ،لە نێو ئەوەی لە کتێبەکانی خۆیان نووسیوە دەکرێ ئەمەی لێهەڵکرێنین کە کوردەکان چەند هەزارساڵە لە گەڵ ئیرانیەکانی دیکە یەک میللەت بوونە و ئێستاش هەن وپێکەوە لە وڵاتی خۆیان ئاگاداری کردوەو پاراستوویانە و بەرگریان لێکردوە بەلام نەبینراوە کە نووسیبیان کە هیچ کات ئەم فیکرە بە زینی کوردتێپەڕ نەبووە ڕیی نەکردۆتەوە کە لەوانیە ئیرانی نەبن و نەیاننوسیوە کە کوردەکان شانازی بەئیرانی بوونیان دەکەن.یانی بەمە شانازی دەکەن کە ئێرانین.

ڕێکەوتی دەست بە سەرداگرتنی بەشەکانی پان و بەرین لە سەر زەمینەکانی کوردنشین دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین کەڕەت لە ساڵی 920ی کۆچی کە تێشکانی چالدران قەوما. بۆ ئاگاداری لە هۆکاری وی دەبێ ئامازەیەک بە 68ساڵ پێشتر لەو شەڕی بکرێت کە قوستەنتەنیە (ئاستانبوۆلی هەنۆکە)بە دەستی سوڵتان محەممەد فاتح، فەتح کرا. ئەو کات ساڵی 857ی کۆچی کە سوڵتان محەمەد فاتح(دەستی بە سەر قوستەنتەنیەی داگرت)مللەتی ئێران بە تێکڕایی جەژنیان گرت. چونکە ئەوکات دونیای ئیسلام لە بەرچاو دەگیرا و موسڵمانەتی،ئیدی باسی تورک و ئێرانی لە گۆڕێ نەبوو.

ئورۆپایەکان بە لە دەست دانی قوستەنتەنیە و قایم کردنی گروی بسفەر ڕێگایان بۆئاسیا بڕی و خۆی لە بەرامبەر دنیای ئیسلام لە دەربڕینی مەترسی بینی لەم ڕووەوە بە تالۆکە پێکەوە یەکگرتوو بوون و دەستیان بە ناردنی دەست و پیی شوێن تێکەر بۆ بارەگای عوسمانیەکان کرد و هێور هێور لە ماوەی 68ساڵ (بالطایف الحیل) توانیان تۆی دووبەرەکی لە نیوان موسڵمانان بچێنن وبەکات وسات بەبەرو بووی بگەین و

سوڵتان سەلیم و تورکەکان بە دژی شێعە و ئیران دنە بدەن و ئاگری شەڕی شێعەو سوننەی هاودین نیوان موسڵمانان هەڵایسێنن.

سوڵتان سەلێم کە خەیاڵپڵاو یانی ئاواتی پروپوچی خەلیفایەتی لە دونیای ئیسلام لە مێشکدا بوو حازربە قبوڵی هەموو جۆرە کەڵکەڵە بو دەست وێڕاگەینی خۆی بۆ ئەم ئامانجە بوو. ئەو دەست و پیی و شوێنتێکەری نەناسی شێوە موسڵمان بە ڕەکێشی گەورە پیاوانی تورک وتەخشان پەخشانی پارە،دوژمنایەتی لە گەڵ شێعەی بەرفرەوان کردو سوڵتانی عوسمانی بۆ بەڕیوەبردنی مەبەستی خۆی وەروژاندن. هەر وەک لە نەکاو ئاگری فیتنە هەڵایسا و هاوکات لەگەڵ کوشتاری شێعەکان لە تورکیە،سوڵتان سەلیم بە پەلە سوپایەکی گەورەی بۆ شەڕ لە گەڵ ئێران کۆکردەوە بە هێرشێکی ناخافڵ بۆ سەرئێران هجومی کرد. شاسمایل فورسەتی کۆکردنەوی لەشکری پێویستی لە سەرجەم ئێران بۆ هەڵنەسووڕا بە سوپایەکی کەمتر لە سی هەزارکەس لە ئازەربایجانی و کورد بۆ شەڕی سەت و بیست هەزارکەسی پۆشتە بە تۆپخانەو چەك و چۆڵی ئاگرین تورکانی عوسمانی چوو، کە تێشکانی وی لە شەڕی چالدران لێکەوتەوە، و پارچەیەکی زۆر و بەرفرەوان لە سەرزەمینەکانی کوردستان لە لایان تورکان دەستی بە سەرداگیرا. پاشان شاعەباسی مەزن لە ماوەی شەڕەکانی دیکە تورکەکانی تێکشکاند و ئەو پانەگۆڕایانەی ئێرانی ئەستاندەوە. دوایی نزیکەی سەت وپ ەنجا ساڵ دیسان جارێکی دیکە تورکەکانی عوسمانی کاتی ئاژاوەو پشێوی ئەفغانیەکان بۆ سەرزەمینی کوردنشین هێرشیان کرد و شوێنەکانیان دەست بەسەرداگرت کە نادرشای ئەفشار سەری هەڵداو لە ماوەی هێندیک شەڕ سەرزەمینەکانی لێ ئەستاندنەوە.

لە سەردەمی فەتحعلی شای قاجار هێندیک شەڕ لە نیوان ئیران و تورکان قەومان کە بە سەرۆکایەتی و فەرماندەری عەباسی میزا وەلیعەهد و حەسەن خان ساری اسڵان، تورکیان بە توەندی تێکشکاندن و شارەکانی بایزیدو مەلازگرد و بدلیس و ئیخلات و ئەرجیسیان ئەستاندنەوە. لە شەڕێکی دیکە کە لە نزیکەموسڵ و بەغدا ڕوویدا سوپای ئیرانیەکان لەشکری تورکانی بە توەندی تیکشکاند و تەفروتونا کرد بەڵام لەو سەردەم نەخۆشی (وەبا) هات و شەڕەکە بەئاشتی گۆڕا.

دیسان لە ساڵی 1260 لە سەردەمی محەممەد شای قاجار، تورکان بۆ (کەربەلا) هێرشیان کرد و خەڵکیان کوشتارکرد و ئیران بەدژی لەشکر کێشی کرد و نزیک بوو ئاگری شەڕو کوشتار بڵیسەبدا کە بە خۆ تێهەڵقوتانی ڕووس و ئینگلیز ئاشتی کرا.

لەدوایی شەڕی یەکەمی دونیاگر کە ئێران لە لایان ئەرتەشەکانی هاوپێمان و یەکگرتوو (متفقین) دەستی بە سەرداگیرابوو لەو پەڕی کزی ژیانی چەند هەزارساڵەی خۆی دەپاراست، ئیگلیزەکان کە لە شەڕەکەدا فاتحیان بەدەست وەهاتبوو کوردستانیان بە پێنچ بەش دابەشکرد و زۆرینەی سەرزەمینی کوردستانیان بۆ کزی وڵاتی ئێمە لە ئیران جیاکردەوە هەر وەک کە پێشتربەم مەبەستە زورترین بەشی ڕۆژهەلاتی "بلوجستان" و "عتات" "عالیات" و دوایی (بەحرین)یان فراندو بەر لە مانەش لە ماوەی دوصدساڵ شەڕی بەردەوام و پیتاپیتا ئەفغانستان وقەفقاز و ئاسیای نێوەڕاستیان لە ئیران جیاکردبۆوە. هەر بەوشێوە کە ئێستا "کرە"ی باشووریان لە"کرە"ی باکوور جیاڕاگرتووە وهەتا چەندلەمەو بەر ئاڵمانی ڕۆژهەڵاتیان لە ژێرناوی ماوەی پەنجاساڵ لە خاکی حەسڵی ئاڵمان جودا کردوە، یان دابەشکردنی ویتنام بە باشوورو باکوور کە لە دوایی شەڕەکان بەبەڕیوان وبێ بەڕیوان پێکەوەسازاندویەکگرتوویان کردن وەکوو زوربەی وڵاتان لە (قارە)قورنەکانی دیکە...

بەم شێوەڕابردوی کزکردن وسیاسەتی داگیرکەری" دابەش بکە! حکومەت بکە Rule To divideە کەئەو نووسەرانەی دەرەکی وەکوو سیاسەتی دەوڵەتی خۆیان نانووسن شەڕی کوردەکان لەتورکیە وئیراق وەک دژی بیانی و بۆڕەزگاریلەدیلی وکویلەتی سەدەکانە کەهەرکەڕەت جیابوونەوەی کوردستان لەئیران لەوسەرزەمینان بەردەوامی هەیە،بەڵام ئەوجۆرەشەڕانەی بەردەواملەنیوان کوردەکان وتورکان کەلەسەردەمی سوڵتان سەلیم دەستی پێکرابوو لەئیران لەنێوکوردەکان کەخۆیان بەئیرانی دەزانن لەگەڵ دەولەتانی خۆیان رابردووی نەبووە ونییە. تەنیا دوو جارشوێنی بڕاوەوو بە پەلە،یەک شۆرشەکی سنووورداری خانێک بەناوی سمیتقۆ(سمکۆ) لەگەڵ عەشایرەکەی،لەکاتی شەڕی دونیاگری یەکەم کەوڵات لەلایان ئەرتەشەکانی دەرەکی دەستی بەسەرداگیرابوو ولەتارانیش دەوڵەتێکی بەهێزبوونی نەبوو. ودەولەتی داگیرکەرخانیان بۆ کزکردنی حکوومەتی ناوەندی دنەدابوو. ئەویش هیچ پێ نەدەکراجگەلەتالاڵن وکوشتاری خەلک کەبەدەرچوونی سوپاکانی داگیرکەرانی دەرەکی وهاتنی قوشەنی گچکە لەتاران ئەوهاڤالانی بەتیکڕایی هەڵاتن. بابەتی دووەم شورشیک بوو کەلەکوردستان فرقەی سیاسی بەمژگێنی جێگربوونی حاکمیەتی عەدالەتی کمونیستی وەموو فرقەدێموکراتی ئازەربایجان کە ئەمەو ئەوبەهێزی ئەرتەشی دەرەکی وڕینوێنی ودەسیسەی ڕووسەکان سەری گرت کەسالیک زێدەتردەوامی نەهێنا.

ئامانجی ڕووس لە پێکهێنانی هەر دوو شۆڕشە گروپ کوژی ئەو دوو پارێزگایە لە بەرامبەر وەرگرتنی زیدەپارو(امتیاز) نەوتی باشوور لە دەوڵەت بوو. بەڵام شاراوەی مەسەلەکە یان ئیخفال بوونەی ڕووسەکان سیاسەتێکی دیکە نەبوو. ڕاستیەکە ئەمە بوو کە ئامریکایەکانیش کاتی خزووری سوپای خۆیان لە ئیران وادەی زێدەپارووی نەوتی بلوجستانیان لە دەوڵەتی کاتی وەرگرتبوو. بەم هۆیەوە کە ئامریکا لە کمونیست بوونی ئێرانی ترسی هەبوو حازربوو بە هەرشیوەیەک پێشگیری لە پایەداری ئەوان بکات لە بەرئەمە لە سەرەتا لە دنەدانی ئەم دوو فرقەیە لە ئازەربایجان و کوردستان،ئەو نەخشەی پاشە ڕۆژ بینی بە ئامانج هەڵنابوو.

لەساڵی شۆڕشی نەوتی ئەو دوو فرقە،سەرۆک وەزیران بۆمەسکۆچوو وپەیماننامەی زێدە پاروی نەوتی باشووری لە گەڵ ڕووسەکان بەست. لە بەرامبەر ڕووسەکان سوپای خۆیان لە هەر دوو پارێزگا، کێشاوە،و مەسەلە کۆتایی پێهات... بەڵام ئامریکایەکان چونکە داوای قەرادادیکی ئەوهایان بۆ نەوتی بلوچستان کرد، مەجلیس قەرداردادی سەرۆک وەزیرانی پێشووی لەگەڵ رووسەکان بە ڕووداماڵاو ڕاگەیاند و ئەوی باتڵ کرد. لەو چاخدا خەبات و پرچەنگی خەڵک بۆ هەرخۆیی (ملی) بوونی نەوت لە سەرانسەری ئیران دەستی پێکردبوو. لە ئاکامدا لە بەرامبەر باتڵ بوونی ئیمتیازی نەوەتی ڕووسەکان ئامریکاش توانی زێدەپاوی نەوتی بلوچستان وەربگرێ.

ئامریکا ئەو جار بە ناردنی یەکێک لە گەورە پیاوانی بە دەسەلاتی خۆی بەناوی"ئەهریمەن" بۆ ئیران بەستنی قەراردادی نەوتی بلوچستانی لە دکتورموسەدیق داواکرد. لەو چاخ داخەباتی مللەت بۆ هەرخویی کردنی نەوت لەو پەڕی خۆی دابوو. لە تاران ئیعترازی خەلك لە مەڕداوای ئەهریمەن بەرز بۆوە و بە دورشمی مەرگ بۆ(ئەهریمەن)شۆڕشیان کرد. ژمارەیەکی زۆرکوژران دەنگی ڕەگباری گوللە لە ماڵی موسەدیق کە ئەهەریمەنیش لەوێ بووگوێبیس بوون. کمونیستەکان شۆڕشیان کرد. ئەهریمەن بە دڵ ئێشی ئیرانی بەجێهێشت.

لە سەردەمی دەوڵەتی موسەدیق چونکە شۆرش شیوەی دژی ئینگلیزی هەبوو لە قەراخ قوجاخی ولات هەتا لە تاران دنەدان لە گۆڕێبوو. مەسەلەن جوانڕۆ خانی گروهی لە کوردانی دنەدا کە سەربازەکان لە دوایی پێکهەڵاچونیکی کەم مەسەلەکەیان کۆتایی پێهێنا. ئەوەش یەکێک لە سیهەمین شورشەکان بوو.

لە قەدیم لە هەروڵاتێک لە سەردەمی کزولەڕی حکوومەت و ئاڵۆزی بارودۆخ یان مردنی پالشا،پشێویی و شورش ڕوویان دەدا. لە وڵاتی ئێمەش لەو ڕۆژانی دەگەمەن وەکوو

شەڕی یەکەمی دنیاگر،دەست بەسەربەسەرئیران داگرتن و ئەو سێ بابەتە سۆرشەی نێوەخۆی لێکەوتەوە.(مەبەستی نووسەرشورشی جەنگەڵ،وڕاپەڕینی سمکۆو،کۆماری مەهابادە کە وا بە بێزەوە باسیان لێدەکات دوایی بۆشوینەوەنکەباخوارپێچەخۆی لێدورەپەریزدەکات وقەوارەکان دەگۆڕێ، وەرگێڕی کوردی). مەسەلەن شورشی نایب حەسین کاشانی لەکاشان وشۆرشی دوست محەممەدخان لەبلوجستان،شورشی دلواری لەتنگستانی فارس، ڕاپەرینی میزاکوچەک زان لەگیلان،شۆڕشی کلنل محەمەدخان پسیان لەخوراسان....

ئاکامی ئەوشۆرشەی خانی کورد بەناوی سمیتقۆ(سمکۆ) وعەشیرەکەی بەشێوەی ڕیگری بۆقازانجی کەسینی خۆی بوو وشۆرشی دووەم فرقەی دێموکراتی کوردستان وەکووئازەربایجانی هاوزوان،لەبنەماداهەردوو دەپێشدابەمەبەستی بێ شوینکردنی زێدەپاروی گرێبەستی بەرامبەرلەلایان ڕووس وبەتایبەت ئامریکا گەڵاڵەکرابوو. ئەم دوو بابەتە دورستکراوەلەگەڵ شەرەکانی بەڕاستی ومجد وبەردەوامی کوردەکان لەسەرزەمینەکانی تورکیەوئیراق بەتەسدیقی(دەگەمەن ولەناوچوو)هێندەگچە وناڕاستە بۆشیکردنەوەنابێ.(نووسەرلێرەتەواوی دەمارگژی خۆی بەئیکجاری نیشانداوە کە کۆماری مەهاباد بەشتیکی ناواقع ودەستکردوگچکە کاویژدەکات و بەمەخۆی لەشیکردەوەکەی دەبوێرێ، وەرگێڕی کوردی).

لە وەڵامی داپۆشینی ڕاستیەکان و ناراستی نوسینی بازیک لە نووسەرانی دەرەکی بابەتێک لە دکتورکەماڵ مەزهەرئەحمەد دەگێڕێتەوە کە ئەمە دەسەلمێنێ: کە کوردەکان نەک تەنیا بزوتنەوەیان بە دژی هاووڵاتیانی ئیرانی خۆیان نەکردوەو ناکەن بەڵکوو لەگەڵ ئەوان بۆ وەدەست هینانی ئامانجەکان نەتەوەیی وەک لەتەواوی سەردەمەکان مێژوو هاکاریان وگیان خۆیان بەخت کردەوە و دەکەن.

دوکتۆرکەماڵ مەزهەر ئەحمەد دەنووسێ : کوردەکانی ئیران،چاخی شەڕی دنیاگری هەوەڵ بەدژی سەرڕۆیی قاجاریەکان و دوژمنانی دەرەکی کە دەستیان بەسەروڵات گرتبوو بەدەربڕینی گیان لە پێناودانێکی زور، پەیکاریان کردوە و لە شەڕەکانی شۆرشی جەنگەڵیش بەدژی سەرەڕۆیی و دەستدرێژی دەرەکی بەشداریان هەبووە.

بزوتنەوەی جەنگەڵ لەباشووری ئێران بەرێبەری میززاکوچک خان وبەئالیکاری دوکتورحیشمەت تاڵەقانی،حاجی ئەحمەدقاسمی تاجروهی وەک وی بوو. ناوی ئەم بزوتنەوە(یەکیەتی ئیسلامی) بوو.گەلێک کوردلەسەرانسەری ئیران بەشداریان تێداکرد. لەوانەکەسینی مەنشور وەکو کەریم خان،قەبەرخان،خاڵۆحشمەت،باباخان،

ولەپێشەوەی ئەوان دەکرێ لەخاڵۆقوربان ناوبێنین کەهەموویان لەنزیکانی میرزاکوچک خان بوون وشاعیربەناوبانگی کورد ئەبوالقاسم (لاهوتی)ش لەبزوتنەوەدابەشداری هەبوو.

وەبیرهێناوەی ئەم بابەتە لە کۆتایی ئەم پێشەکیەداپێویستە و ئەو ئەمەیە کە نووسەرانی ئەو کتیبانەی دەرەکی ئەوها دەنوێنن کە گۆیا کوردستان لە دوایی شەڕی چاڵدران بەردەوام لەبن دەستی تورکان بووە، بەلام هەر وەک لە لاپەڕەکانی پێشەوەدا خوێندمانەوە شاعەباسی مەزن دوایی شەڕی چالدران سەرجەمی زەمینەکانی لە تورکیە ئەستاندەوە هەتا سەت و پەنجاساڵ دوایی کە فیتنەی ئەفغان قەوما و وڵات پشیوی تیکەوت،تورکەکان جاریکی دیکە دەستیان بەسەرکوردستانداکرتەوە کە خێرانادر شا،هات دیسان وەریگرتەوە. هەتاکوردستان لە سەردەمی قاجارەکانیش زۆرینەی خاکی کوردستان لە بەردست ئیران دابوو. لە گەڵ ئەو هەمووش، ئەو نووسەرانی دەرەکی بە پیی سیاسەتی دەوڵەتانی خۆیان ئەم ڕاستیانەیان داپۆشیون هەتا جیابوونەوەی بەشەکانی بەرفرەوان لە کوردستان لە ئیران لە دوایی شەڕی یەکەمی دونیاگر بەم شیوەیە بە ڕاست نیشاندەن.

بەم لێکدانەوەو شیکردنەوە ئێستائێدی دەبینین کە نووسەران و کتیب نووسان سەبارەت بە کوردەکان لە بیروبۆچوونی عەرەبەکان و تورکەکان و شەرکانی کوردان بۆ ئازادی لە ژیرکۆتی دیلی بیانیەکان چ باباتیان نووسیوەن.

ئەمین زەکی سەبارەت بە ئاکاری سەلیم و براکەی لە دوایی شکانی شەڕی چالدڕان لەگەڵ سەرۆکانی کورد کە بەوانیان وادەی حکوومەتی(ملوک الّطوایفی) دابوو دەنووسێ: (لە سەریەک حکوومەتی عوسمانی توانی بە یارمەتی مەولانا بدلیسی ئامارات چل و شەشەمین(ملوک الطوایفی) کوردان لە عوسمانی لە ناوبرێ و سەرجەم ئەوان بۆ ژێرشوێن تێکەری خۆی بێنێ. سوڵتان سەلیم لە پاش ویش بەردەوام خەریکی سەرکوتی کوردەکان بوو هەتا ڕادەیەک لە پاشانیش سولتان سولەیمان(کوڕی سەلیم) ئەوندە زوڵم و زۆری لەگەڵ شەرفخان و بنەمالەکانی وی کرد کە ئەوانی مەجبوور بە شەڕ لەگەڵ تورکانی عوسمانی کردو شەرفخان دوایی شەڕێکی خوێناوی لە گەڵ سوپاکانی تورک و(اولانەبەگ)سەرداری عوسمانی،بدلیسی بەجێهێشت بۆ ئیران گەراوەو پەنابەری شا تەهماسب سەفەوی بوو(2).

ئەولیاچەڵەبی ڕاسپاردەو سەفەرنامەنووسی تورکانی عوسمانی سەبارەت بەشۆڕشی خەڵکی کوردی دیاربەکر بەداکۆکی لە ئێرانیان کاتی شەڕی چاڵدران دەنووسێ: (لە

سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم کە"سوڵتام موزەفەر" فەرمانڕەوای دیاربەکر بوو لە دوایی ڕۆینی "سەلیم خان" بۆ خەزا (جەهاد)!! چاڵدران، کوردەکانی دیاربەکر(دەستیان بەشۆڕش کرد بەقەولی چەڵەبی) دەستیان بە تالان و ڕێگری کرد و لە ڕێگاکانی"کماج" و"ترجان" و" بایبور" و قەڵای"خانیجە" زەرەرو زەیانێکی زۆریان بە لەشکری موسڵمان!! گەیاند.....سوڵتان سەلێم لە دوایی شەڕی چاڵدران" محەممەدبیقلی پاشا"ی لە ئەرزەڕۆم بە سەت هەزارسەرباز بۆ دیاربەکر نارد و ئەوێی گەمارۆ دا. حەفتاجار شەڕی قورس لە نیوان دوو لا ڕوویدا.... پاش ماوەیەک چل هەزار سەربازی دیکە لەلایان سەلیم بۆ یارمەتی تورکان بۆ شەڕ لەگەڵ کوردان ناردرا. لە ئاکامدا لە دوای شەڕی دەزۆر ئەم سەت و چل هەزار سەربازە لە بەرامبەر کوردەکان بە سەرلێشیواوی مانەوە هیچیان پێنەکراو ئاشتی و سولح کرا(3).

ئەولیاچەڵەبی لە کتێبی خویدا لە هەموو جیّ لە شۆڕشی کوردان بە دژی سولتان لە چاخی شەڕلەگەڵ ئیرانیەکان خەبەر دەدات. مەسەلەن لە ژێرناوی( لە دیاربەکر بۆ وان) دەنووسیّ: (سوڵتان سەلیم لە دوای گەڕانەوە لە شەڕی چاڵدڕان لە سەر ڕێگای خۆی لە هەموو شوێنێک بۆ شەڕی کوردان چوو. وهەرکات کە نەیدەتوانی کوردان شکەست بدا لە گەلیان پێکدەهات و گرێبەستی سولحی دەبەست(4).

چەڵەبی دیسان لە شوێنەکی دیکە لە ژێرناوی" هۆکاری لەشکرکێشی بۆسەرخان بدلیس" هەروا دەنگ و باسێک زۆر لە شەڕەکانی کوردان لە سەرانسەری زەمینەکانی کوردنشین لەگەڵ لەشکرەکانی عوسمانی لە کتێبی خۆی هێناوەتەوە(5).

توحدی کانیماڵ،سەبارەت بەئاکاری سەلیم لەگەڵ کوردەکان لەپاش شەڕی چاڵدران دەنووسیّ: (لەدوای شەڕی چالدران چونکە زۆرینەی عیل وتایفەو لەوڕگاو مەنزڵەکانی ڕۆستەم بەگی کورد لە فەرماندەرانی شاسمایل وەبەر دەستی سوڵتان سەلیم کەوتبوو،سوڵتان سەلێم بۆ ڕۆستەم بەگ پەیامێکی دۆستانەی نارد و ڕۆستەم بەگ و سەرۆکانی عیل و عەشیرەتی وی بۆ ئۆردوگای سەلتەنەتی خۆی بانگهێشتن کرد. کاتێک ڕۆستەم بەگ لە گەڵ ماقولانی کوردی چشمگزن پێیان لە ئۆردوگای سەلتەنەتی نا،بە پێچەوانەی ئەو هەموو وادەو قەول و بەڵێنەی کە دابووی فەرمانیدا هەموویان گرتن و سەریان بڕین،و جارێکی دیکە سەلماندی کوری چەنگیز و تەیموری لەنگە،هەرچەند کە خۆی بە خەلیفەی ئیسلام و ڕزگاریدەری موسڵمانان ڕاگەیاند بوو بە قەولی فیردەوسی: (زیان کسان از پیی سود خویش*** بجویند و دین اندرآرند پیش)

جمیزموریە بە لێگێڕانەوەی یەکێک لە ڕدێن سپی کورد کە"لە تورکیە" لە بەر زوڵمی تورکانی عوسمانی وەگیانهاتبوو دەنووسی: (بچمەوە ئێران،پەنا بەرخودا،هەرچ دەبێ بڵابێ. بۆچیاکانی باوباپیرانی خۆم دەڕۆم. بۆ بنەچەکەی خۆم دەگەڕێمەوە. حەسڵ و نەسەبی ئیمەئیرانییە. هەم ئیرانی بەڕاستی وخوداپەرست ئێمەین. کۆمەڵیکی دیکە لەم قسەدا لەگەڵ وی هاو زوان بوون(7).

ئەولیاچەڵەبی سەفەرنامەنووسی تورکانی عوسمانی دەنووسێ: (مەلیک ئەحمەدپاشا لە نامەیەکی تێکەڵاو بە نەسیحەت بۆ عەبداڵخانی کورد فەرمانڕەوای بدلیس وەبیری هێنایەوە: "ئەی عەبداڵخان ئەتۆ تالانچی و ڕێ ونکەرو سەرگەردانی،شەرم و حەیات وەلاناوەو،شەڕافەت و وێژدانت پێشێل کردوە...ئەتۆ لە گەڵ بێانیەکان عەجەمەکان،یەزیدیەکان هاو پیاڵە بوویە و لە دین وەرگەڕاوی.... لەعنەتی خودای لە تۆ بێت. ئەتۆ تەواوی "یەزیدیەکان" و"چکوانیەکان" و خالتیەکان" و روژوکیەکان"تان لە خۆ کۆکردۆتەوە....هەرکات کەسانی وەکوو ئێمە بۆ مەسڵەحەت ڕەخنەتان لێبگرن لە وەڵامی ئەوان دەلێی" ئێرە کوردستانە" بڕیارم داوە بە شێوەک تەمبێت کەن کە بۆخۆت و ژن و مناڵەکانت ببن بەغولامی زێرکڕی عوسمانیەکان(8).

ئەولیاچەڵەبی لەشوێنێکی دیکەی سەفەرنامەی خۆی لە فەسل" باری حەوت وشترکتێبەکانی پربایەخ موورکراو بەمووری خان)سەبارەت بەدواڕۆژی ئەوعەبداڵخانی دەنووسێ: (لەدوایی تاڵان وماڵ وژیانی عەبداڵخان،کتیبخانەی ئەویشی دەست بەسەرداگرت.... عەبداڵخان حەفتاوشەش جلدکتێبی بەفارسی وعەڕەبی وتورکی نووسیوە وهەروابێجگەلەوان سەت وپەنجا وتاری جۆراجۆری نووسیوە کەزوربەی وان بەزبانی فارسییە(9).

فاروق کەیخوسرەوی وەرگێڕی کتێبی ئەولیاچەڵەبی لە ژێرنووسی"نامەی تێکەڵاو بەنەسیحەتی مەلێک ئەحمەد پاشابۆ عەبداڵخان دەنووسێ: (بە تۆزاڵ بیرلێکردنەوەو باش لێڕوانین لەم نامەیە مەعلووم دەبێ کە عوسمانیەکان سەرجەم کوردەکانیان وەکوو دوژمن و ناموسڵمان چاولێدەکرد و ڕژانی خوێن و تاڵانی سامانەکانی ئەوانیان بە حەڵاڵ دەزانین(10).

ئەولیاچەڵەبی لە ژیرناوی کۆڵەرەوە دەوروەری کوردەکانی کەزی درێژ قەلای کێوی شەنگاری دیاربەکر دەنووسێ: (دانیشتوانی چیایی شەنگار وەکوو ژنان کەزی درێژیان هەیە. گەلیک چڵکن و پیسن. سەریان پڕ لە ئەپێوو ڕشکە).

چەڵەپی پاشانی کوردەکانی روخسارجوان وبژن بڵیند ئەوهاتاریف دەکات: "خەڵکی زوربەی قەد کوڵەن،سەریان خڕەوگەردنیان کورتە. دەڵیی کەلەی وان بەشانیان وەنووساوە.... جەستەیان وەک بزنی ڕەش مووابیە. زاریان ئەوەندەگەورەیە کە لینگە پێڵاوێ تییداجێ دەبێتەوە. دەدانەکانیان لەزەلامی وەکەڵپی سەگ دەچێت کاتیک ژنەکانیان منالیان دەبێت بەرلە هەموو شت شیری سەگی ڕەشیان بە دەم وەدەکەن ودەرخورددەدەن....کاتێک دەیانەوێ نان بخۆن لە پیشداغزاکەلەپێش سەگ دادەنین. سەگ کە تێربوون ئەوجارئەوان دەست بەچێشت خواردن دەکەن یانی بەرماوی سەگ دەخۆن. سەگەکانیان لە گەڵ خۆیان دەنوێنن.... سەیرە لە شەنگار کە سەرزەمینێکی ممبارەکە خەڵکی وێ ئەوها بێدینن....بەڵی لە سەر زەمینی ممبارەکی شامیش لە شاخاویەکانی، هۆزەکانی کوردی"ئەقلی" و"قەزەلی" و مەردانی"و"شیمانی" و"نەسیری" دەژین کە چ دین ومەزەبێکی ڕاست و دورستیان نییە.)

چەڵەبی دیسان دەنووسێ: (مستەفاپاشاسرداتورک کە پێشترلە شەرێک لە بەرامبەرکوردان خۆی پێرانەگیرابوو و هەڵات بوو،جارێکی دیکە لە دیاربەکر لە گەڵ لەشکریکی لە لایەکی قەلای شەنگار لە بەرامبەر دانیشتوانی قەلا خیوەتی هەڵدابوو. چل و پێنج هەزارکوردی یەزیدی(ایزدی)و(بابڕی) بی ئەمە زەڕەیەک شەرم و یان ترسێکیان ڕیبنێشێ هەتا پێشکێشیکی گچەشیان بۆ مستەفاپاشا نەهێنا. ئەم کوردانەی پرچ درێژ بەر لەمەش،ئەو کات کە مەلیک ئەحمەد پاشا بۆ ئێرە هاتبوو ڕێزیان لێنەگرتبوو.ئەو چاخ مستەفاپاشا لە دوایی ئەمە کە گوێبیس بوو کوردەکانی پرچ دریژ لە دەڤەرەکانی دیکە شۆرشیان کردوە، بڕیاری گرت تولە لە کوردانی کەزی دریژ بکاتەوە).

چەڵەبی لە سیاحەتنامەی خۆی بە غەرزو بوغزەکی زۆر لە کوردان و شەڕی ئەوان لەگەڵ محەممەئەمین پاشا،دەلێت لە کوژرانی"حەوت هەزارشەهیدمان" لە شەڕلەگەڵ کوردانی قەلای شەنگاربە زوان شڕی باس لێوە دەکات (11).

نیکیتین دەنووسێ: (عەبدولڕحمان پاشای(کورد)لە سالی( 1786)لە دوایی ئەمە کەحاکمی تورکی"کوی سنجاق)ی بە زەبری خەنجەر کوشت،بۆ ئێران چوو بەڵام سەر لە نوێ بۆ ناووڵاتی عوسمانی گەڕاوەو دەستی بە شەڕکرد. هەر چەند شای ئێران یارمەتی کرد بوو لە شەڕ لە گەڵ تورکان شکەستی خوارد و دیسان بۆ ئیران پەنای برد. تاریفی شەڕەکانی وی لە شێعرەکانی فۆلکلۆری کوردی(بەیتەکان) هاتووە(12)

لەکتێبی کوردەکان،نووسینی: کەندال، عیسمەت وانلی لە شۆڕش و شەڕەکانی کوردان لە ساڵەکانی 1826-1834- 1835- 1855- 1880ی زایینی لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی بە تیرو تەسەلی و دوورو دریژ، باسیکردوە.

کەندالْ لە شۆڕشی گرینگی کوردەکان لە تورکییەی عوسمانی لە ئاماڕاتی بابان بە ڕیبەری عەبدولڕحمان پاشا،خەبەردەدات و دەنووسیَ:(عەبدولڕحمان لە سالی 1808 شکەستی خوارد و پەنابەری ئیران بوو. هەروا لەم کتێبە لە شۆڕشەکانی بەدرخان بەگ لە سالەکانی 1821 و لە دوای وی لە ڕاپەڕینی یەزدانشیر لە ساڵی 1855 و شۆڕشی شیخ عەبەیدوڵلە لە سالی 1880ی زایینی کە بە دوای یەکدا قەومان لە مێژووداهاتووە. مەسەلەن نوسیویە: " میرمحەممەد لە سالی 1833 لە گەڵ هێزەکانی چەکداری خۆی سەلهالە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی شەرێکرد هەر وەک کە هەتا ساڵی 1837 خۆی راگرت و مقاوەمەتی کرد و هەروا ڕاپەڕینی ساڵی 1930ی ئاگری"ئاڕاڕات)بە فەرماندەری ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا، کە شەش ساڵ لە بەرامبەرئەرتەشی مستەفاکەماڵ دەوامی هەبوو.(کە لە ئاکام وکۆیایی بۆ ئیران هات و ماوە).

دیسان لەم کتێبەلە شۆڕشە و ڕاپەڕینەکانی سەردەمی هاتنە سەرکاری مستەفا کەمال و خۆ داسەپاندنی تورکانی نویَ نووسیوە، هەروا شۆڕشی شیخ مەحموود لە ساڵی 1919هەتا 1926 وهەروا ڕاپەڕینەکانی دیکە کە کوردەکان هەتا ساڵی 1939جەبگین و شۆڕشەکانی جەلالیەکان لە ساڵی 1925و شورشی سەیدڕەزا درسیم 1937 و شورش شیخ سەعید شەعبان لە سالی 1924هەتا 1925و ڕاپەڕینەکانی دیکە لە هەر سەردەم لە هەموو شوێن هاو کات ڕوویاندەدا(13).

ویلیام.اف. تاکر،دەنووسیَ: (سوپای تورکییە لە هیچ شوێنێکی تورکییە و هەتا لە دەرەوە،بە ڕادەی کوردستان تووشی عەمەلیاتی نیزامی نەبوو. گومان لەمەدا نییە شۆرشی شیخ سەعید پیران، میراتێک لە بێزاری و لەعنەت و تاڵی و نامتمانەیی لە تورکان لە خۆی بەجێهێشت. شۆڕشی شێخ سەعید هەنگاوی سەرکوتکەرانەی مستەفاکەماڵی بەدوای خۆیداهێنا. شیخ سەعید و ڕیبەرانی دیکەی شۆڕش ئیعدام کران. شۆرش بە بێبەزەیی سەرکوت کرا. بەڵام مەسەلە بەو سانایییە لە ناو نەچوو. شۆڕشەکانی دیکە لە کۆتایی دەیەی 1920 وسەرەتای دەیەی 1930 قەومان(14).

برایم یوونسی لە پێشەکی کتێبی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد(جنبش ملی کورد) دەنووسیَ: (کوردەکانی تورکیە کە بە پێی قانوون هەتامافی کورد بوونیان نییە...

هەموو ساڵە بە تاوانی بەڕێوەبردنی جەژنی نەورۆز، گروپ گروپ بۆ بەنیخانەکان و شوێنەکانی دوورخراوەیی باکوور لە سنووری ئیراق بەرێ دەکرێن(15).

سەرچاوەکان:

1-الدکتورکمال مظهراحمد.کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی.صص 205تا 208،
2-امین زکی. کوردوکوردستان.ج ا.صص 169تا 170،
3-اولیاچلبی. سیاحت نامه(کرد درتاریخ همسایگان).ترجمەفاروق کیخسرو.ص 35،
4-همان کتان. ازص 78 تا 87،
5-همان کتاب. از ص 191تا 230،
6-توحدی(کانیمال).حرکت تار

یخی کرد بەخراسان. ج ا. ص 11.
7-جمیزموریه. سرگذشت حاجی بابای اصفهانی. ترجمه میرزاحبیب خراسانی. ص 255.
8-اولیاچلبی.سیاحت نامه(کرددرتاریخ همسایگان).ترجمەفاروق کیخسرو.صص 195،194، 9-همان کتاب . 238تا 239.
10-فاروق کیخسرو.پاورقی سیاحت نامەاولیاچلبی ص 195.
11-اولیاچلبی.سیاحه نامه.ص 75 تا 77.
12-نیکیتین.کردوکردستان. ترجمەمحمدقاضی.ص 408.
13-کندالْ-عصمت شریف وانلی- مصطفی نازدار. کردها. ترجمه ابراهیم یونسی. از ص 43تاص 102،
14-ویلیام.اف.تاکر. مقدمه قیام شیخ سعیدپیران.ترجمه ابراهیم یونسی،ص 18.
15- مقدمه ابراهیم یونسی برکتاب جنبش ملی کرد.ص 18.

سیروس ئەیزەدی وەرگێڕی کتێبی کوردەکانی گۆران و مەسەلەی کورد لە تورکیە لە پێشەکی کتێبی دووەمی خۆی نووسینی م.ا. حصارف دەنووسێ: (سەر زەمینێک کە لە سەردەمی هەڵاخۆخانی مغول، بۆ ئەژماردن و حەساوکردنی باجی کوردستان ناو دێرکراوە بە پێی نووسینەکانی مێژوو نووسانی کورد"شەرفخان بدلیسی" و"ئەمین زەکی" شوێنی ژیانی برایانی هاو ڕەگەز ئێمە ئێرانیەکان- کوردەکان- لە سەر زەمینەکانی هەنۆکەی تورکیەو ئیراقە. کاریکمان بەمە نییە کەچۆن لێکتر جیاکراینەوەوە دوورکەوتوینەوە،بەڵام مەسەلە ئەمەیە کە لە ئیراق و تورکیە بەم ئیرانی ڕەگەزانە وەک خەڵکی ناهاووڵاتی و زڕ دەروانن.

هارەساتێکی خوێناوی کە چەند دەیەیە، لە باشووری ئیراق لە جەرەیاندایە و هەروا ڕووداوی خوێناوی سالەکانی پێشوو لە تورکیە،بەردەوامی پیلانەکانی داگیرکەران دژی ئەم ئیرانی زەگەزو ڕەچەڵانەیە، کە لە سەرزەمینەکانی پەیوند بە خۆیان دەژین و بەردەوامی سەر زەمینەکانی شوینی ژیانی مێژووی کوردەکان هەروا لە قەفقاز و سوورییەش هەن.

کوردەکانی تورکیە لە سەردەمی بە دەسەڵات گەیشتنی مستەفاکەماڵ لە تورکییە، لەگەڵ تەنگەژەو چارەڕەشی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتی ڕوو بەڕوو دەست بەیەخەن کە هێشتاش کۆتایەک لە وی چاوەڕوان ناکرێ.

نزیکەی هەشتاساڵ پێش هەتا کونفرانسی لۆزان کە لەدوایی یەکەمین شەڕی دنیاگر پێکهاتبوو- یانی لەو چاخی کە ئەمپەڕاتووری عوسمانی لە دوایی شەری یەکەمی دنیاگر لە بەریەک هەڵتەکاو تەفرو تونا بوو- کوردەکان بۆ چارەنووسی خۆیان کەوتنەکار. یەک لەوان شەریف پاشا،سەرۆکی لێژنەی نوینەرانی تورکییە کە لە کونفرانسی وەرسای،بە لە یەخە کردنەوەی بەرپرسایەتی لە خۆ، خۆی بەنوینەری کوردستان ناساند. ئەو کات لە گەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران سەبارەت بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەشەکانی کوردنشینی عوسمانی لە ژێر سەرپەرستی ئێران بۆ ڕاویژ و وتووێژ دانیشت(16).

م.ا.حسارف،دەنووسێ: (داخۆیانی کۆنگرەی سیواس لەڕیکەوتی 11ی سپتامبەری سالی 1919،بە تەواوی و سەرجەم تێکەل لە گیانی شووینیسمی تورک و حاشاکردن لە مافی نەتەوەییە کەمایەتیەکان یەک لەوان حاشاکردن لە مافی نەتەوەیی کوردەکان بوو.

تەواوی بڕیارەکانی کونگرەکانی ئەرزەڕۆم و سیواس و هەروا بڕگەکانی حەسڵی و بنەمایی"داخۆیانی نەتەوەیی" ئاشکرا دەکات کە لایانگرانی مستەفاکەماڵ مافی نەتەوەیی بۆ کوردەکان نەناسیوە، بەلکوو تێکۆشاون لە ئاغاکانی کوردبۆ ئامانجەکانی خۆیان بەرهەم وەرگرن و ئەم شۆڵە بە وتەی(یەکیەتی دینی و نەتەوەیی)پەردە بە سەرهەڵکێشن. دەجاجێگای سەرسوڕمان نییە کە بۆچ هێزەکانی کورد.... حازری بە دوادا چوونی ئەو پەیکاردەبن کە لە سەردەمی تورکانی لاو،دەستی پێکردبوو....شۆڕەشەکانی ساڵی 1919ی مەلاتییەی، دەبوایە بە یەکەمین بزوتنەوەی سەر هەڵداوی مجدی کوردەکان لەم دەورەیە بەحیساب بێ(17).

خولاسە ئەوەی کە کتێبی مەسەلەی کورد لە تورکییە سەرانسەر لە پەیکاروشەڕەکانی کوردان لەگەڵ سوپای تورکییە،لە کوشتارو تالان و ویرانی و خاپوربوونی گوندەکانی کوردنشین بە دەستی ئەو سوپای تورک، و لە هەژاری و بەلەنگازی و بێ دەرەتانی و ڕەنج و کوێرەوری لە بەشییەکانی بەتوندکردنی زەخت و فشارەکانی کۆمەلایەتی دەوڵەتی تورکیە لە گەڵ خەڵکی کورد حیکایەت دەکات. هەڵبەتە کتێبەکانی دیکەش لەم بارەوەهەن کە نووسەری کتێبی حازر،بە لێگێڕانەوەی ئەوهێندە کە نیشانەی بابەتەکانی دیکەش دەدتوانی ببێ وەک لوچێک لە خەرواری ئاماژە پێکردوە.

لەئیراق:

ئێراق کە ببوو بە ملکی عوسمانیان،لە دوایی شەڕی دنیاگری یەکەم و لە بەریەک هەڵتەکان و هەڵوەشانی ئەمپەڕاتووری عوسمانی، داگیرکەری ئینگلیز(فاتحی شەڕ) بوو. ئینگلیز ئەو سەر زەمینانەی کە (نەوتاوی کوردستانی)بوون جارێکی دیکە لە خاکی تورکیە جیاکردەوە بە خاکی ئیراقی لکاند. هەر وەک لە ئوڕوپا لە سەردەمی (قرون وسطا)وەرزیرەکان کە دەسەلاتی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان نەبوو بە شیوەی عەبد بە دەستی فئودالەکان مامەلەیان پێدەکرا یانی دەکڕان و دەفروشران، هەر بەمجۆرەش نەتەوەی کورد لە گەڵ پارچە ولاتەکەی لە تورکیە لە دەستی زەوتکەریک بە دەستی زەوتکەریکی دیکە بە بایی فەتح،مامەلەیان پێکراو بە خۆڕایی کڕان و دەستیان بە سەردا گیرا.

مەسعودگولزاری سەبارەت بەتەسلیم نەبوون وخۆبەدەستەوەنەدانی خەڵکی کورد بەم چارەنووسە دەنووسێ:( ئەوکوردانەی کەپێشتر لەئیران جیاکرابوونەوە وخاکەیان ببووبوشێک لەولاتی تورکیەوئیراق،لەدوایی ئەم دابشکردنەش خۆیان بەدەستەوەنەداو ئەوزلەتەیان قبوول نەکرد،بەڕێبەری شیخ مەحموود بەرزنجی لەسالی 1927شۆڕشەکەی بەرفرەوانیان دەست پێکرد هەروەک ئەم ڕاپەڕینە هەتاسالی 1939بەردەوام بوو. کوردەکان لەم دوو سەردەم هەردووکات بەماوەی 15سال لەگەڵ قوشەنی ئینگلیز وحکوومەتی ئیراق جەنگین. لەئاکامدا ئەم شۆڕشەی مەزن بەوهەموو تێکۆشانی وگیان بەختکەری بەتیشکان دوایی هات وشیخ مەحمود لەسەردەمی سەلتەنەتی ڕەزاشا پەنابەری ئیران بوو(18).

کریس کۆچرا،لە ژێرناوی کوردەکانی ئێرانی ڕەچەڵە لە ئێراق،سەبارەت بە لە بەین چوونی مافی ئەوان لە وێ دەنووسێ: (دەسەلاتدارانی بەغدا(لە دوایی پێکهێنای دەوڵەتەکەیان بە دەستی ئینگلیز)سیاسەتی عەڕەبی کردنی دەڤەرەکانی کوردنشینیان

گرتەبەر، بەڵام کوردەکانی ئیراقیش لەبەرامبەر داوای مافی هاووڵاتی بە کوردەکانی(دەرەکی ڕەچەڵە)بوون(19).

سەرچاوەکا:

16-سیروس ایزدی. مقدمه برکتاب مسالەکرد درترکیه تألیف حصارف.ص 101،
17-م.ا.حصارف. مسالەکرد درترکیه.ترجمەسیروس ایزدی.ص 109،
18-مسعودگلزاری.کرمانشاهان- کردستان.مقدمه.ص صدوشصت ویک.
19-کریس کوچرا. جنبش ملی کرد.ترجمه ابراهیم یونسی.ص 350.

لە کتێبی مێژووی سیاسی ئێراق نووسراوە: کوردەکان لە ئەساسنامەی حیزبی بەعسی ئێراق جێ پێیەکیان لە عارەب و مافی کۆمەڵایەتی لە مەڕ چارەنووسی خۆیان نییە. هەر وەک کە لە ئەساسنامەی وی پێێ لێخشاندراوە.

1-بنچینەکانی بنەڕەتی. بەندی ج. نیشتمانی عەرەبی مالی عارەبە وتەنیامافی بەرهەم لێوەرگرتن لەکاروباری سامانەکان وڕێنوینی چارەنووسی ئەویان هەیە(ص 162)

برگەی دەهەم- عەرب ئەوکەسەیە کەزوانی وی عەرەبی بێت ولەسەرزەمینی عارەب ژیان بکات(ص 165). خولاسە تەواوی برگەو ڕوونکردنەوە لەسەرخاڵەکان لەلاپەڕەی 162 هەتالاپەڕەی 173 نەک سەبارەت بەمافی کورد بەڵکوو سەبارەت بەعەرەبە.

دیسان لە ئەساسنامەی حیزبی بەعس(بڕگە یازدە) سەبارەت بە کەمایەتیەکان ئەوها هاتووە: " هەرکەس کە هەرجۆرە کۆمەڵگایەکی دژی عەرەبی پێکبێنێ یان لەو کۆمەڵگایەدائەندام بێ،دەبێت لە نیشتمانی عەرەبی دووربخرێتەوە" ...."چ گروپ یان دەستەیەکی نەتەوەیی لە وڵاتکەکەی تاقانەی بەعسی حەقی نییە کە لە جۆڵانەوەیەکی سیاسی کە پەیوەندی بە عارەبیت نەبێت تێشک باوێ(20).

بەم بۆنەوو هۆکارە نیکیتین نووسیویە: (ڕوناکبیرانی کورد لە ئیراق،حکوومەتی بەغدا تۆمەتبارو بیرو بۆچوونی خۆیان لە بەرامبەربەغدا ئەوها دەردەبڕن: " مەگین بەغدا بۆ ئێمەچێیە؟ شارێکی بیانی کە بەزوانی بیانی قسەدەکات(21).

تۆژەران و نووسەرانی مێژوو ناس، ئێراقی یەک لەوان سەرزەمینەکانی مادکان یان کوردەکان دەناسن و دەڵێن نای ئێراق مەسحەف(مصحف) ناو لەپزی "ئاراک" کە کۆی(ارک)ە. "ئاراک" ناوی گشتی دیکەی "تەیسەفوون" یان "مدائن" بووە کە لە هەریەک شارەکانی حەوتگانەی مداین (تیسفون)ارکی لە" ارک ها" یان "اراکەکان"ی پادشاکانی ساسانی سازدرا بوو.

هەموو دەزانن ناوەندی هەنۆکەی ئیراق یان"اراک"بەغدا" خالید بەرمکی بلخی نەخشەی داوەو دورست کردوە،و ناوی وی بە فارسی لێناوە"بغ+یانی خودا،دادیش مازی نەقڵی دادە بە مانای"خودا داد، یان خودادادە.

بەم بۆنەوە حەمیدڕەزاجەلالی پور دەنووسێ: " مێژووی ژیانی ئەم خەڵکە،یانی (کوردەکان) لە سەردەمی دیرین هەتا لەم سەردەمە بەشێک لە مێژووی ژیانی ئێرانیەکان و بەشێکی جودانەکراوە لەویە(22).

دیسان بەم هۆکارەوە ئیبراهیم یونسی لە پێشەکی کتێبی بزوتنەوەی نەتەوەی کرد، نووسینی کرس کۆچرا وەبیر دێنێتەوە: (ئەم گۆڕەپانانە،هەرئەو شوێنن کە لە سەردەمی هێرشی عارەب بۆ سەرئێرانی برایانی کوردی پەیکارجوو،خۆڕاگری و دەست کەرەوەیی شەڕکانی دوورو درێژیان لە گەڵ عارەب دەکرد، ئەو پێشمەرگانەی کە ڕۆژ چاخێک لە سوپاکانی دەستدرێژ کەریان زەبر دەوەشاند، بە شۆڕبۆنەوەی داوێنی بولێڵی شەوەزەنگ، لە حاشارگایەکانیاندا خۆیان وەدەشارد، وئولکەیان بۆ دوژمن بەجێدەهێشت. بەڵام سەیر ئەمە بوو عەرەبەکان سبحینان کاتێک چاویان لە خەو هەڵدینا، جەنگاوەرانی کوردیان بە بڕیک شوێن گۆڕین،دیسان لە بەرامبەر خۆیاندا دەبینی(23).

سەرچاوەکان:

20-شورای نویسندەگان.تاریخ سیاسی عراق. مؤسسەانتشاراتی نهضت جهانی اسلام.صص 162هەتا 173.
21-آلکسی نیکیتین.کردوکردستان. ترجمەمحمدقازی.ص 436.
22- حمیدرضاجلالی پور.کردستان وعلل تداوم بحران آن. ص 31.
23-ابراهیم یونسی.مقدمە برکتاب جنبش ملی کرد تألیف کریس کوچرا،صص 12و13.

ئەمجۆرە شەڕانەی کوردەکان لە بەرامبەرعاەرب و هەموو دستدرێژکەرانی دیکەی دەرەکی بۆ سەر زەمینەکانی کوردنشین لە هەر دەورەو سەردەمێکی مێژوویی لە گۆڕێ بووە، جێی سەرسوڕمانە کە ئێستاش لە دوایی چوارد سەدە بە شێوەی شەڕی پارتیزانی هەروا لەگەل عاڕەب بەردەوامە.

شۆڕشەکان و شەڕی کوردەکان لە ئیراق لە دوایی وی بە دەستی ئینگلیزیەکان لەکۆتایی شەری یەکەمی دنیاگری، بەم جۆرەیە: بزوتنەوەو شەڕەکانی کوردەکانی بە ڕێبەری شیخ مەحموود لە ساڵی 1925هەتا 1939 و بزوتنەوەکانی دیکە لە ساڵەکانی 1930 کە لە سولیمانیە دەستی پێکرد.شۆڕشەکانی و شەڕەکانی دوایی لە ساڵەکانی 1933و34 بە ڕێبەری شێخ یەحمەد بارزاانی کە پاشان شۆڕشی برای،یانی مەلامستەفابارزانی بە دواداهات و زنجیرەیەک خەبات وپەیکارو شەڕکانی سالەکانی 1943 هەتا ساڵەکانی 1945و1946هەتا 1947لێکەوتەوە، ئەم پرچەنگ وپەیکارەبەردەوام بوو هەتا ساڵی 1968 کە شۆرش بە ڕیبەری مەلامستەفابارزانی دەستی پێکرد. لەم ڕاپەڕینەدا هەموو کوردەکان بەشدیان کرد. پیلان بۆ تڕوری مەلامستەفا لە سالی 1971 بە بەردەوامی شەڕ،توندوتیژی بەخشی، هەتا ساڵی 1975 کە مەلامستەفا بۆ ئیران پاشەکشەی کرد و پەنابەربوو.

لەدوایی ئەم ڕێکەتەهەموو شەڕی کوردەکان لەگەڵ سوپای ئێراق بەشێوەیەکی دایم هەربەردەوامە وقەوماوانەکان وڕووداوەکانی ئەوان لەوەسایلی پویوەندی گشتی بریتی لەڕۆژنامەوگۆڤارو هاوالدەری دەبینین ودەخوێنینەوە وئیدی ئاتاج بەوەبیرهێنانەوەی زۆرترنییە.لەبەرامبەر لەکۆتایی نووسینەکانی ئەم بەشە تەنیاقسمەتیک لەوتاری نووسەریکی کورد دانیشتووی سووریيە بەناوی سەلاح بڕواری دێنینەوە کە شایەدی هەل و مەرج وبارودۆخ ژیانی کوردەکانی لە ئیراقە. ئەم وتارە کە لە ژێر ناوی(شیوەکانی مەترسیداری پاکسازی ڕەچەڵەیی وڕەگەزی لە کوردستانی ئیراق)ە. ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی توس چاپ کراوە کە لە خوارەوە دەیخوینیەوە:

(... لە کوردسیانی ئیراق مەسەلە ئاشکراتر بوو. ئیراق بەرنامەیەکی نیزامی حیساب لە سەرکراوی بۆ بەتاڵکردنی گوندەکانی کوردنشین هێناگۆڕ کە ئامانجی لە ناوبردنی ژین بناو بنچینەی دەڤەرەکانی کوردنشین بوو. سەدام دەسەڵاتێکی بێ سنووری بە کوڕی مامی عەلی حەسەن مەجید دا. ئەو یەکەمین هێرشی خۆی لەساڵی 1987 لەژێرناوی"ئەنفال" بەمانای غەنیمەت و تالان کردن دەست پێکرد.

ماوای هەر هێرشێک شەش مانگ بوو. لە دەڤەرەکانی سنوور(تخووب لەگەڵ تورکیەوئێران) بە قوڵایی 18هەتا30کیلۆمێتر ئەم بەرنامەیە بەڕیوەچوو. هەتاساڵی 1979ژمارەی گوندەکانی چۆل و بەتاڵ کراو گەییە هەزار. هیرشی دووەم لە ساڵی 1985هۆکاری دوورخستنەوەی دانیشتوان 360گوند بۆساراکانی" الرمادی" بوو. ساڵی 1987، 4500گوندی کوردنشێن خاپوورو وێران کرا.

خاپپوربوونی ئەو ئاواییانە لە گەڵ بۆمباردومانی ئاسمانی و موشکی یان بە دینامێت و پڕکردنەوەی بیرەکانی ئاو بە" بتوون ئارمە" و قەڵت وبڕی سەتان هەزار داری بەری و ئاگردانی باشماوەی گوندەکان و کشت و کاڵ و باغات و مێشە و جەنگڵەکانی بەرفرەوان بوو. و بۆ دوایین هەنگاو، کشت و کاڵ و ڕەزەکان بە مادەی کیمیاوی سوتاندران بە شێوەیەک کە ئیدی قەت نەتوانن چەقەرەبدەن و شین ببنەوە. هێندیک لە دانێشتوان ئیعدام و بەشێک بۆ ساراکانی چۆل وقاقرو ویشکارۆ، ناوندی یان باکووری ئیراق دوورخرانەوە و ئەوەی مابوونەوەش لە کۆمەڵگاییەکی دەستکرد کە دەوڵەت ئەوانی لەنزیک شارەکانی کوردنشین سازدابوو بەزۆرەملی نیشتەجێ کردن. کە جگە لە بەندیخانە نەدەکرا ناوی دیکە لە سەردابنرێت. ژمارەی کۆچەران لە خولەکانی سەرەتایی خۆی زێدە لە پەنجاههەزارکەس دا.

لەهەنگاوێکی کامڵ بوونی دیکە،حکوومەتی ئیراق لەچەك وچۆڵی مەرگ هینەری کیمیاوی کەلکی وەرگرت لەلەبیروبۆچوونی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی یاساخ بوو. بۆیەکەمین کەڕەت لەسالێ 1987 لەم چەکە لەپارێزگای هەولێر(ئەربیل) کەلکی وەرگرت. دانیشتوانی دەڤەرەکانی ئامازپێکراوە بریتی لە ژن وپیاوو مناڵ وهەتاگاوگۆل وپەز وباڵندە هەموو بەسەرجەم ناوچوون.

حکوومەتی ئێراق کەلک وەرگرتن لە گازەکانی کیمایی هیورهێور بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژی لەکارکرد. لە1988مەقەڕی فەرماندەری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان( بەڕێبەری جەلال تاڵەبانی) بە چەکەکانی شێمایی بۆمباردومان کرد. سەدام و حکوومەتی ئێراق خالێ بەرزی ئەم کارەساتەیان بە کوشتاری ترسناک و تۆقێنەری هەڵەبجە وەڕاست گەڕاند.

کوشتارێک کە هەموو ئەنجومەنی خەبەری و سیاسی دونیای وەلەرزەین خست. شاری کوردنشینی هەلەبجە لە ماوەی دوو ڕۆژ پەیتاپەیتا لە ساڵی 1988 بەگازی خردل

وساردین بۆمبادومان کرا. دەیان هەزار کەس کوژران یان سووتان. تەخمینی کۆمەلگای نێونەتەوەیی لەمەش زۆرتر بوو. (لە شۆرشی 1991 شۆڕشگێڕانی کورد، بەڵگەودیکۆمەند ئیستخباراتی ئیراقیان لەمەڕ کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە و شاری بادینان ودەڤەرەکانی دیکەی کوردستان وەدەست هێنا).

لە ساڵی 1988 ئێراق دوایین هێرشی شێمیایی بۆ سەردەڤەرەکانی کوردنشین واردکرد، بە ئیعدامی بە کۆمەڵ و گروپی و گرتنی لە نەکاوی عەمەلیاتی" ئەنفاڵ= تالآنی بە غەنیمت گرتوو"کافر)بێویجدانیەکان و پیاوخەراپییەکان و جینایەتکاریەکان و تاوانباریەکان و فاسقی بوونی خۆیان لەمەڵبەنی کوردنشین بەو پەڕی بێشەرمی و بێبەزەیی گەیاند. هەزاران کەس کوژران. چ بنەماڵەیەک کورد کە لەم پاکسازییەی ڕەگەزی پاراستراومابێت. لە سەریەک ئەم هێرشانەی بۆ سەرکورد کوژ و ژمارەی شرت و گۆمەکان (182)هەزارکەس بەرئاورد کراون.

یەکێک لە مەسەلەی سەرسوڕمان ئەوە بوو کە کوڕە مامی سەدام کارپێ ئەسێردراوی میری کە ئەنجامدەری ئەو هەموو جنایاتە، بە ناوی عەلی حەسەن مەجید یان بە قەوڵی کوردەکان(عەلی شیمیایی) لە سالی 1991 کاتێک لە مەڕچارنووسی ئەو(182)هەزارکەس بێ سەروشوێن وشرت وگۆم بوەی لێ پرسیاردەکەن،ئەو یانی "عەلێ شیمیایی" لە لەبزەکەی سەرکۆنەگەر وەلآمی داوە"چەندە درۆ دەکەن. ئەم ژمارەو حیساب و کتابەتان لە کوێرا هێناوە؟ ئەوەی بەڕاستی شوێن بزر کرابن زێدە لە (سەت هەزار)کەس نابێت(24).

سەبارەت بەگلەوگازندەوڕەخنەگرتن:

لە ڕۆژنامەی (نشاط) وتاریکی ڕەخنەگرانە لە ئاغای جەلال مەلیکشام خویندەوەو هەروا لە پێشەکی کتبی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد(جنبش ملی کورد) دیسان نوسراوەیەکی بە ڕەخنەم لە ئاغای برایم یونسی لە پەیوەندی بەم مەسەلە کە بۆچ ئێران بە یارمەتی کوردەکانی ئێمە کە لە تورکیە و ئیراق لە ئاگری شەڕی سەرکوتگەرانە دەسوتێن ناچێت.

مەسەلەن ئاغای مەلکشاە بەڕەخنە ئەوهای نووسیوە: "ئەمڕۆ بەم شێوەیەی کە یوگسلاویەکان لە"صروبەکانی" بوسنی بەرگری دەکەن،هەر بەو شێوە کە ئاڵبانیەکان،لە ئاڵبانی ڕەچەڵەکانی کوزوو داکۆکی و پشتیوانی دەکەن و و

و....ئێرانیش پیویستە ،لە ڕەگەوە دەبێ لەکوردەکانی ئێراق و تورکییە و سورییە و... بەرگری و دیفاع بکات).(ڕۆژنامەی "نشاط" 31ی جۆزەردانی 1378).

وئاغای برایم یونسی لەدوایی ئەوەی کەجنایاتی سەدام لەڕەواندز وهەڵەبجە وکوشتاری بەکۆمەڵی کوردەکان لەشارەکان وگوندەکان وهەروا ئیدی بێ ویبدانی تاوانکاریەکانی وی دەژمێرێ بەگلەوگازەندە دەنووسێ: (کوردەکان بەڕووتێکردن وئاوڕدانەوە لەهەل ومەرج وبارودۆخی جوغرافیایی خۆیان لەتەواوی درێژایی مێژووی ئێران قەڵخانی برایانی ئێرانی خۆیان بوونە. دایم ودەرهەم لەسەرەتای مێژووی سیاسی ئێران سەپەر وقەڵخانی ئەم برایانە بوونە،لەشەڕهاوشانی مادەکان لەگەڵ ئاشۆرییەکان وسەکاکان ولەشەڕەکانی هەخامەنیشنیەکان لەگەڵ ئەیووبیەکان هەمووچاخ مەسەلەن لەسەردەمی داریوشی دووەم کوردەکان دەبینین کەپاشەکشەی دەهەزاریۆنانیان لەڕۆژئاوای ئێران بەتێشکان دەگۆڕن ولەپەیکارەکانی سەردەمی ئەشکانیان وساسانیان لەگەڵ ڕۆمیەکان،هەرکات قوشەنی ڕۆم هێرشی دەکرد دەپێشدالەکوردستان تێدەپەڕی وکاتێک دەگەییە براکانی دیکەی ئێرانی هەموو هیزو وزەی بزوتنەوەی خۆی لەدەست دەدا وماوەتەوەو شکەستی خواردوە. (پێشەکەی برایم یونسی لەسەرکتێبی وەرگێراوەی (جنبش ملی کرد) لاپەڕەی 9هەتا13.

وئاغای دکتورعەزیزژیان هەروا لەو ڕەوانگەوە داواکاری یەکیەتی پەیکارنەتەوەی کرد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی هاووڵاتی ئێران بەدژی کۆنەپەرست بووە دەنووسێ: (جەنگین وپەیکاری میللەتی کورد لەجەنگین وپەیکاری نەتەوەکانی ئێران بۆسەد کردنی دەسەلاتی ئەمپەڕالیزم جیاناکرێتەوە. بەدەستەواژەیەکی دیکەئەرکی پەیکاربەدژی کۆنەپەرست بەناوی پێویستیەکی مێژوویی لەسەرسوکروشانی نەتەوەکانی ئێران یەک لەوان نەتەوەی کوردیشە(25).

موخلیس نووسەری ئەم کتێبە کە دەمەوێ بە کەوتنەشوێنی ئەم سکاڵایانەی ڕەخنەگرانەی ئەم برایانەی ئازیز بابەتێکی شێکردنەوەی بۆ لە ناو هەلگرتنی هەرشک و گومان ونامتمانەیەک زێدەبکەم،ئەمنیش لەو سەردەم و لەم سەردەمەش لە ئیشی نوسینی ئازاد بوومەو هەم. شوێنەوارو کتێبەکانم لە سەر ئەم ڕەوشتەم شایەدی دەدن و هیچ گرێبەستێم جگە لە هەق گوتن نییە و ئێستا عەرزتان دەکەم:

بۆئێران وئێرانی کوردستان وخوزستان وآزەربایجان وەکوو کوڕو برا تەوفیر ناکات. کامەئێرانییە کە ببینێ هاووڵاتیەکەی لە ئاگر دەسووتێنن و ئەزیەتی دەکەن ئەو خۆڕاگری بینینی ئەوی هەبێ.

مەگین میللەتی ئێران لەساڵی 1324دابەشکردنی ئازەربایجانی بەدەستی ڕووسیەکان پی قبوڵ کرا؟ کاتێک کەسوپای دەرەکی ڕۆیی هەتابەگاتە سنوور،خەڵکی ئازەربایجان دەست ودەیارەی ڕووسەکانیان دەرپەڕاندن وڕاونابوون. هەموو شایەت بوونچاخێک ئێراق بەهەموو سوپایەکانی وڵاتانی عەرەبی بۆخوزستان هجومی هێنا،خەڵکی سەرانسەری ئێران بۆئازادی ئەم پارێزکایە بە چ جۆشی دەروونی سەربازی ناردو و لە هەموو لایەک خوازیارانە بوو و هەموو بەگیان وماڵ حازر بوون و هەشت ساڵ جەنگین.

یان بۆچ میلەتێکی ئەوها ناتوانێ بە برایانی کورد بۆ سەرتورکیە وئیراق لەشکرکەشی بکات.وەڵامی ئەم بۆییەی ئاغای ملکشایی،کە ویستوویەتی ئێران لە برایانی کوردی خۆی لە تورکیەو ئیراق دیفاع وبەرگری بکات و لە وتاری خۆی نووسیویە: کە(ئەوسنوورونەی کە کوردستانیان دابەشکردوە داتاشراوو دەستکردەو داگیرکەران و بێگانە دورستی کردوە)

مەگین هەر یەک لە دوو کرەی باشووری و کرەی باکووری کە نەتەوەیەکن، دەتوانن ئەوسنوورەی کەبێیانی دایناون ببەزینن و بشکێنن؟ مەگین دیواری بێرلەن لە ناو ئاڵمان هەتا خەڵکی ئاڵمان توانیان بەرلە کاتی ئیجازەپێدراو هەڵگرن و وێران کەن؟ نە، ئەسلەن بشکێنن. لە سەرەوە (ئازادیان کرد) بۆ خۆی تێک تێپی و ڕووخا. چونکە سیاسەتی وەرێخستنی دنیا گوڕاوە و دابەشکردنی دنیا لە جیاتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە باشووری باشوورو باکووری باکوورگوڕاوە. و ئەمە بوشێک لە تەدارەکاتی پیشەکی لە مەڕ گۆڕانکاری ژئوپولیتیکی دنیا بۆ دوایی ساڵی دوو هەزار بوو.

دیسان پێکەوە لە سنوورەکانی داگیرکەر داتاشراو باخوین. کاتێک شووڕەی لە بەریەک هەڵوەشا هەڵتەکا وتەفروتونا بوو دانیشتوانی کۆماری ئازەربایجان شۆڕشیان کردو بەیداخی ئێرانیان هەڵدا،بینیمان چلۆن بازێک خۆیان بە چەمی بە هەیبەت و سامی ئاراس داکرد و دەیانەویست سنوور هەڵگرن و لە دوایی دوو سەت ساڵ جودایی بە دایکی بلەکێ. بەلام سنووردارانی نێو نەتەوەیی شۆرشەکەیان بە توندی سەرکوت کرد. ئەوێ زریاکانی نەوت لە هەردو، بن دەریای خزر زەخیرەیە، و چیاکانی زێڕی لە کانگاکانی هەیە. ئاخۆ دەوڵەت توانی هەرنەبێ دژ کردەوەکی لە بەداخ بوون یان سوپاس بۆ خەڵکی کۆماری ئازەربایجان نیشان بدات؟ ئەم سنوورو دیوارانە نابینرین کە زۆر لە دیواری چین و لە دیواری برلەنیش ناشوێن تێکەرترن چونکە "داگیرکەر دورستی کردوە" و پشتیشی بە ناتۆ قایم وبەستوە. دوورە دێمانەی هەشت ساڵ شەڕنیشتمان لەگەڵ ئیراق کە بەیارمەتی هاوهەنگاوی سوپاکانی عارەب بۆ سەرئێران

هێرشیان هێنا هێشتا له‌ به‌رچامانه‌ و بینیمان سه‌ربازان و پاسداران وبه‌سیچیانی ئێران له‌گه‌ڵ ئه‌وهێزی وردوخه‌راش که‌ری گیان به‌خت کردن و قاره‌مانیه‌کانی خۆیان که‌ بۆ به‌رگری ده‌چوون ئه‌گه‌ر داگیرکه‌ر له‌ پشتی سنووره‌کانی ده‌ستدرێژکه‌ر نه‌ده‌بوو به‌ سانایی له‌ خاکی ئیراقیش تێده‌په‌ڕین.

به‌سه‌رنج دان به‌جوغرافیایی دونیا ده‌بینین زورتاکه‌میلله‌ت،قوربانی سیاسه‌تی Divide to rule،لێک جیابکه‌وه‌و لێک دابه‌ش بکه‌و حکوومه‌ت بکه" بوونه‌. هه‌لالی خضیب،شاخی ئافریقا،لێواره‌کانی ئافریقای ڕۆژئاوا له‌که‌نداوی گینه‌،وڵاتانی گچکه‌،گچکه‌،له‌ نێوان مابه‌ینی ئامریکای باشووروئامریکای باکووری ولای باشوورڕۆژهه‌ڵاتی ئامریکای باکووری که‌هه‌رکام حه‌ساسترین بارودۆخی ژئوپولیتیکی هه‌یه‌ نموونه‌یا ئاشکرا له‌وێ دابه‌شکردنه‌کانیه‌تی.

هه‌موو وه‌دیاریکه‌وتن و خستنه‌ ڕوو ڕووکاره‌کان به‌ تێپه‌ڕینی ڕۆژگار گۆڕانکاریان به‌سه‌رداده‌ێ وه‌کوو دیواری برڵن تیک ده‌په‌ێ و ویران ده‌بێ. وه‌کوو قالبه‌کان و چوارپایه‌کانی ڕێژیمه‌کان تێکده‌شکێن.

له‌دوایی ئه‌وه‌ی که‌ئارمانی ئینقلابی فرانسه‌ له‌سه‌رانسه‌ری ئه‌ڕوپاشکه‌ستی خوارد وفئوداڵه‌کان سه‌رله‌نوێ بۆسه‌رملک ومال وسه‌روه‌ت وسامانی میراتیان گه‌ڕانه‌وه‌ که‌شێشه‌کانی لوکرس بورژیایی دیسان هیزو ده‌سه‌ڵاتیان په‌یداکرد. بوربونه‌کان له‌فرانسه‌ دیسان به‌سه‌لته‌نه‌ت گه‌ین،وابه‌نه‌زه‌رده‌گه‌یی ئه‌روپاجارێکی ترله‌ به‌ڵاتووشهاتنی بیرخه‌راپی(قرون وسطا ) ره‌تبردوه‌. وای لێهات که‌هه‌تابولێڵی ناهومێدی له‌هونه‌ر وشێعر ومۆسیقی وفه‌لسه‌فه‌ مه‌زنانی که‌نوێنه‌ری سه‌رده‌می خۆیان بوون سیبه‌ری له‌سه‌رکرد.

له‌ شێعرو شوێنی بایرون له‌ ئینگلیستان،دوموسه‌ له‌ فرانسه‌،هاینه‌ له‌ ئاڵمان،لئوپاردی له‌ ئیتالیا، پوشکین ولرمونتوف له‌ ڕوسیه‌،له‌ موسیقی شوبرت، شومان،شوپن ودرآثاری فه‌لاسفه‌یه‌کی وه‌ک شوپنهاور و نیچه‌ڕه‌شایی ناهومیدی و ڕه‌شبینی له‌ چاوی ده‌دا. وای ده‌نواند که‌ مفسوفلس سه‌رکه‌وتووه‌، فاوست شکه‌ستی خواردوه‌. به‌ڵام به‌ تێپه‌ڕبوونی زه‌مان و ڕۆژگار و به‌ به‌ره‌و پێشچوونی که‌ل و په‌لی به‌رهه‌م و پێشه‌، هه‌ل و مه‌رجێکی نوێ ئاماده‌ کرا فه‌رهه‌نگی مه‌ده‌نی و ئه‌فکاری گشتی له‌ سه‌ر ژیانی کۆمه‌ڵاتی حاکم بووه‌، ورده‌ ورده‌ ئارمانی ئینقلاب به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌و شه‌ڕه‌انه‌ی که‌ ئوڕوپا تیپه‌رکرد وه‌ڕاست گه‌ڕاند و دێموکڕاسی له‌ ئوڕوپا به‌رقه‌رارو نیشته‌ جێکرد.

دەڵێن کە سەبری خودای زۆرە و خۆراگری و سەبری ئینسانەکان کەم و هەروا کە ئینسان دایم و دەرهەم لە کارو تێکۆشان و پرچەنگ ڕاوەستانی نییە، دنیاش لە حالی بوون....دەجا لێێگەرێ بابێ. بە قەولی شاعیر بە ناوی شەپۆل:

" بە پێش ای غروربستە بە زنجیر*** بە پێش ای غریو موج خروشان"

**تەواوبوو ڕیکەوت 2008/9/4ی زایینی شاری سیدنی ئوستەڕالیا. حامیدڕەشیدی زەرزا.**

...

برای ئازیزوخۆشەویست کاک سالەنەڵۆسی لەماڵپەری www.peshmergekancom

،بەسەلامێکی کوردانە و برایانە،کاکەگیان ئەوە کتێبی(مێژووی سیاسی وجوغرافیایی میللەتی کورد)م بۆناردی کە لە سەرماڵپەڕی پێشمەرگەکان جێی بۆبکەیەوە،خوداوراستان ئەگەرتەمەن ئیجازەبدا کتیبەکانی دیکەش کە لە بەردەستن دوایی تەواو بوون بۆت دەنێرم وهەروا هەموو وتارەکانی کە هەتائیستا لە سەرماڵپەری پیشمەرگانن، دەمهەیٚ وەک پاشکویەک بۆت بەڕێکمەوە بەکۆمەل بخرینە سەرماڵپەرپیشمەرگەکان،هەروا دەمهەوێ بۆ چەندین جاردەست خۆشیتان لێبکەم لەوهەموو ماندوونەناسی و خزمەت بە گەلەکەتان و داوی لەش ساخی و تەمەنی دریژە و سەرکەوتنی زورترتان بۆبکەم. بە هیوای ڕۆژێک کە بە سەربەستی بۆ وڵاتەکمان بگەرینەوە. براتان حامیدڕەشیدی زەرزا ڕیکەوت 2008/9/4ی زایینی. شاری سیدنی ئەستەڕالیا.

..

سوپاس بۆ کاک حامید رەشید زەرزا و لوتفی هەیە.

ساڵە نەڵۆسی